
# کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی

## کێ بوو،

## ئامانجی چی بوو،

## چۆن گیانی بەختکرد؟

ژیاننامە، بیرەوەری، لێکدانەوە و گێڕانەوەی
دۆستان، هاوڕێیان و نزیکان




نووسین و کۆکردنەوەی:
مەلەکە، ڕەزا و حیشمەت مستەفا سوڵتانی

**کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی**

کێ بوو، ئامانجی چی بوو،چۆن گیانی بەختکرد؟

نووسین و کۆکردنەوەی:

مەلەکە، ڕەزا و حیشمەت مستەفا سوڵتانی

**ISBN 978-91-981324-0-3**

دیزاین: عەتا ناسر سەقزی

بەرگ: سەیوان سەعیدیان

چاپی دووهەم

هاوینی ١٣٩٣– مانگی ٨ی ٢٠١٥

سلێمانی

نرخ:

١٠٠٠٠ دینار (کوردستان)

١٥ یۆرۆ (ئوروپا)

# پێڕست

١- پێشەکی چاپی دووهەم ..... ٥
٢- پرۆژەی ئەم کتێبە ..... ٦
٣- پێشەکی چاپی یەکەم ..... ٨
٤- بیوگرافی ..... ١٩
٥- سەفەرێکی بێ گەڕانەوە ..... ٢٩
نەخشە ..... ٣٣
لێکدانەوەی شێخ عوسمان خالیدی؛ گێڕانەوەی سەفەرەکە ..... ٣٥
٦- گفتوگۆکان (بەپێی ڕیزبەندی ئەلفوبێ):
- ئیرەج فەرزاد ..... ٤٣
- برایم جەلال ..... ٧٣
- بەکر حاجی سەفەر ..... ٨٤
- تاهیر خالیدی ..... ٩٧
- ساعید وەتەندووست ..... ١١٥
- سالار عەزیز ..... ١٥١
- سەید برایم عەلیزادە ..... ١٦١
- شوعەیب زەکەریایی ..... ١٧٥
- عەبدوڵڵا دارابی ..... ٢٠٢
- عەبدوڵڵا کۆنەپۆشی و مەجید حوسەینی ..... ٢١٣
- عومەر ئیلخانیزادە ..... ٢٢٦
- فاتێح شێخولیسلامی ..... ٢٤٥
- محەممەد شافێعی ..... ٢٥٧
- مەلا بەختیار ..... ٢٦٦
- موحسین ڕەحیمی ..... ٢٧٦

- نەوشیروان مستەفا ........ ٢٨٦
- یەدوڵڵا بیگلەری ........ ٢٩١
- یۆسف ئەردەڵان ........ ٣٠٢
- باقی هاوڕێیان ........ ٢٠٨

٧- نامەی کاک فوئاد بۆ هاوڕێیانی ناوەندی کۆمەڵە ........ ٣١٣

٨- قسەکانی کاک فوئاد لە جەمعییەتی مەهاباد ........ ٣١٥

٩- کۆبەندی ئەنجامی کۆچی مەریوان؛

وتاری کاک فوئاد لە کانی میران ........ ٣٧٩

١٠- دەرەنجام ٣٨٧

١١- بەرخورد بە بنەماڵەی ئێمە [مستەفا سوڵتانی]

دوای ئەم هەموو کارەساتە ........ ٣٩٦

١٢- سپاس و پێزانین ٤٠٧

١٣- کورتەیەک لە مەراسمی سی ساڵەی یادی کاک فوئاد و

باسەکانی بەشداران ........ ٤٠٨

١٤- بیبلیۆگرافی ........ ٤١٣

# پێشەکی بۆ چاپی دووهەم

نزیکەی ساڵ ونیوێک لەمەوبەر چاپی یەکەمی ئەم کتێبە بڵاوکرایەوە. خۆشبەختانە کتێبەکە لەگەڵ پێشوازییەکی گەرمی خوێنەران بەرەڕوو بووەوە و ئەمەیش بۆ ئێمە جێگای شانازی و دڵگەرمی بووە. دوابەدوای بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەم، چەند دۆست و هاوڕێیەک پەیوەندییان لەگەڵ گرتین و سەرنج و تێبینی خۆیان سەبارەت بە چەند هەڵەیەکی چاپ و ڕێنووس پێ ڕاگەیاندین. هاوکات داوامان لێکرا کە ئەم کتێبە بە زمانی فارسیش بڵاوبکەینەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانێکی زۆرتر بتوانن کەڵک لە ناوەرۆکەکەی وەربگرن.

بۆ چاپی دووهەم، پێداچوونەوەیەکمان کردووە بە نووسراوەکاندا و هەوڵمانداوە هەڵەی چاپ و ڕینووس ڕاست بکەینەوە بەبێ ئەوەی هیچ ئاڵوگۆڕێک لە ناوەرۆکی وتار و گفتوگۆکاندا بکرێت. هەروەها تێبینییەکی بچووک لەسەر دەربڕینی ناوی کەسێک یان ڕووداوێک هەبوو کە بە پێویستمان زانی تەنها بۆ ڕێزگرتن لەو کەسە ناوەکەی نەهێنین هەرچەند پێشهاتەکە بەلامانەوە ئاسایی بوو.

بڕیاریشمان دا ئەم دەقەی کە بۆ چاپی دووهەم ئامادە کراوە لەسەر سایتی کاک فوئاد لە ئینترنێت دابنرێت بۆ ئەوەی کەسانێک — بەتایبەت لە ناوەوەی وڵات — کە ناتوانن کتێبەکە دەست بخەن، لەسەر ماڵپەڕەکە بیخوێننەوە یان ئەگەر بە پێویستیان زانی بتوانن چاپی بکەن.

کاری وەرگێڕانی نووسراوەکان بە زمانی فارسی دەستپێکردووە و هیوادارین بتوانین لە داهاتوویەکی نزیکدا چاپ و بڵاوبکەینەوە.

مەلەکە، ڕەزا و حیشمەت

٢٠١٥/٨/٣١ بەرامبەر بە ١٣٩٤/٦/٩

# پرۆژەی ئەم کتێبە

بە درێژایی سی و چوار ساڵی ڕابردوو پرسیارێک هەموو بنەماڵەی ئێمە (مستەفا سوڵتانی) بەخۆوە خەریک کردووە. ئایا گیانبەختکردنی کاک فوئاد بە ڕێکەوت بوو، یان ئەوەی پیلانێکی داڕێژراوی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو؟

لە پرۆسەی کارەکەماندا ئێمە دوو ئامانجمان هەبووە؛ یەکەم: دەرخستنی کەسایەتی و ئامانجی کاک فوئاد، هەروەها دەور و نەقشی لە کۆمەڵە و لە شۆڕشدا، دووهەم: چۆنییەتی گیانبەختکردنی.

پرسیارەکەی ئێمە بەردەوام ئەوە بوو کە چۆن ڕژیمێک کە سەقامی نەگرتووە، هێشتا نە پاسگای دامەزراندوەتەوە و نە توانیوویەتی ئاسایش بۆ دامەزراندنی پاسگاکان و هێمنایەتی ڕێگاکان بۆ هاتوچوو کردن و هێنان و بردنی هێز لە نێوان شارەکانی کوردستاندا دەستەبەر بکات، هێشتا لە ناو هەموو شارەکانی کوردستان و بەتایبەت مەریوان بەبێ وەڕێخستنی ژمارەی زۆری سەرباز و پاسدار بە چەک و چۆڵی قورسەوە ناتوانێت لەم سەر شارەکەوە بچێتە ئەوسەر، ئەوە چۆنە کە ڕێک لە کاتی گەڕانەوەی کاک فوئاد لە ناوچەی مەریوانەوە سەرەتا بە هێلیکۆپتەر و دواتر بە ماشینی ئەرتەشی نەک لە شوێنێکی ستراتیژیک و لە ناوەوەی کوردستان، بەڵکوو لە چەند گوندێکی نزیکی مەریوان دەکەونە جموجۆڵ و ڕێک لە چەند سەد میتری ئەو شوێنەی کە کاک فوئاد و هاوڕێیانی پێیدا تێپەڕ دەبن، دەست دەدەنە عەمەلییاتی شوێنهەڵگرتن و شاڵاو بردن؟!

دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە کاربەدەستانی رژیم لە مەریوان دوای ئێعدام کردنی براکانمان کاک حوسین و کاک ئەمین، لەوانەیە حیسابی ئەوەیان کردبێت کە زۆر ڕێی تێدەچێت فوئاد بۆ سەردانی بنەماڵە و هاوڕێکانی بگەڕێتەوە بۆ ئاوایی ئەڵمانە.

ئەم کتێبە بە سەرنجدانە سەر قسە و گێڕانەوەی کەسانێک کە خۆیان لەگەڵ کاک فوئاد لەو سەفەرە چارەنووس سازەدا هاوڕێ بوون و هەروەها بە گفتوگۆ کردن و هێنانە قسەی دۆستان، هاوڕێیان، کەسانی نزیکی کاک فوئاد، هەوڵی داوە وەڵامێکی شیاو بۆ پرسیارە سەرەکییەکەی بنەماڵەی ئێمە بدۆزێتەوە.

ئێمە پێمان وایە لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو بووین و لەگەڵ قورس بوونی خەمی ئێجگار گەورەی هەر پێنج براکانمان و باقی کارەسات و رووداوە جەرگبڕەکانی تری بنەماڵەکەمان، دەتوانین هەتا رادەیەکی زۆر خاتر جەم بین کە لانی کەم ئەو شتەی ئێمە لەم کتێبەدا پێیگەیشتووین زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە.
ئێمە بەباشی لامان روونە کە کۆمەڵێک پرسیار هەن کە قەت وەڵامی وەرناگرینەوە و پرسیارگەلێکیش دەمێنێتەوە کە وەڵامەکانیان لە ئارشیڤی دەزگا ئەمنی و سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندایە و ئاشکرا بوونیان دەمێنێتەوە بۆ دوای ڕووخانی ئەم ڕژیمە.
ئەم کتێبە نە خەیاڵی بەرپاکردنی دادگایەکی هەیە و نە مەبەستی ئەوەیە کە کەسێک، کەسانێک و یان لایەنێکی سیاسی بخاتە ژێر شک و گومان و لێپرسینەوەوە. هاوڕێیان و هاو سەفەرانی کاک فوئاد، ئەوانەی لەگەڵی بوون و ئەوانەی لە بانە و لە مەریوان سەبارەت بە پارێزگاری کردنی لە رەوتی سەفەرەکەدا قسەیان لەگەڵ کردووە و بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو هەوڵیان داوە، هەموویان جێگای ڕێزن و هیچ گومانێک نیە لەوەدا کە نەمانی کاک فوئاد لای ئەوانیش خەسارەتێکی گەورە بووە.
هیوادارین نووسینی ئەم کتێبە کە گێڕانەوەیەکی مێژوویی لایەنێک لە خەباتی کۆمەڵە و ڕەوتی چەپ و سوسیالیستی ڕادیکاڵی کوردستانە، بتوانێت خزمەتێک بکات بە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان و لە ڕێگای تیشک خستنە سەر ژیان و خەباتی کاک فوئادەوە، لە راستیدا روونکردنەوەی بەشێک لە مێژوویەک بێت کە هێشتا زۆر لایەنی بە شاردراوەیی ماوەتەوە. ئەرکی سەرشانی هەموو توێژەران، چالاکان و هەڵسووڕاوانی شۆڕشی کوردستانە کە قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵن و ئێستا کە بە خۆشییەوە بەشێکی زۆریان لە ژیاندا ماون و چالاکن، ئەم ئەرکە مێژووییە بە ئەنجام بگەیەنن و ڕووناکی بخەنە سەر ئەو ڕابردووە پڕ لە ئەزموون و خەبات و کارەساتە.

# پێشەکی بۆ چاپی یەکەم

**خوێنەری بەڕێز!**
مەبەستی ئەم کتێبە تیشک خستنە سەر ژیانی کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی و هەروەها روونکردنەوەی بەشێک لە مێژووی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و سێ تەوەری سەرەکی دەگرێتە خۆی:
**یەکەم**، کەسایەتی و ڕۆڵی کاک فوئاد وەکوو کەسێک کە بەردەوام خەریکی بەشداریکردن و خۆتێوەگلاندن بوو لە هەموو بزووتنەوەیەکی کرێکاری، جووتیاری، زەحمەتکێشی و جەماوەری لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. جێ پەنجەی ئەو لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا: لە ناوهاوڕێیانی سیاسی، لە زیندان، لەناو چەپی ئێران، لە بزووتنەوەی خەڵکی مەریوان، لە بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێرانەی کوردستان، لە ناو بزووتنەوەی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، لەناو بزووتنەوەی سوسیالیستی و کۆمونیستی لە کوردستان و لە ئێران.
کاک سەید برایم عەلیزادە ئەڵێ: "بە بڕوای من بەبێ کاک فوئاد، شەرت نەبوو کە کۆنگرەی یەکەم، بتوانێت یەکگرتوو بێتە دەرێ. زۆرتر بە بڕوای من ئیحتمالی ئەوە بوو، کە هەر کەسێک بە لایەکدا بڕوات و پەرتەوازە بین."[گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵە تیڤی بە بۆنەی سیهەمینساڵیادی گیانبەختکردنی کاک فوئادەوە].
سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لەم کۆنگرەیەدا – بەپێی هەموو گێڕانەوەکان لەم کتێبەدا و لە زمان کەسانی جیاوازەوە – کاتێک کە کاک فوئاد لە کۆبوونەوەکە دەچێتە دەر، بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە بزانێت ئایا ئامادەیە لەگەڵ ئەم کۆڕە و ئەم هاوڕێیانە پێکەوە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی درێژە پێ بدات یان ڕێکخراوەیەکیتر دابمەزرێنێت، ناوی هیچکەسیتر نیە کە دوای چوونە دەری ئەو هەستێت و بڵێ 'باشە، ئەگەر فوئاد نەیکرد خۆمان دەیکەین'! وادیارە یان فوئاد دەیکات و ئەم کۆڕە دەبێتە ڕێکخراوەیەک، یان پرژوبڵاو دەبنەوە.
**دووهەم**، چۆنییەتی گیانبەختکردنی کاک فوئاد و گێڕانەوەیەکی وردی سەفەرەکەی لە بانەوە بەرەو مەریوان، گەڕانەوەی و تێکهەڵچوون و گیان لەدەستدانی ئەو

و کاک تەهموورس ئەکبەری. چۆن چوو بۆ ئەو سەفەرە؟ بۆچی چوو؟ کێی لەگەڵدا چوو و لەگەڵ کێگەلدا گەڕایەوە؟ ئایا کوژرانی پیلانێکی داڕێژراو بوو لە لایەن کۆماری ئیسلامی و کۆنەپەرەستانی ناوچەکەوە یان ڕێکەوت وایکرد کە لە کاتێکی خراپدا بکەوێتە شوێنێکی ئاڵۆزەوە؟

**سێهەم**، لە ڕەوتی لێکدانەوە و بەدواداچوونی ئەو دوو تەوەرەدا تیشک خستنە سەر مێژووی کۆمەڵە و ڕوونکردنەوەی چەندین لایەن و بیر و بۆچوون و سیاسەت، کە لەلایەن خودی ڕێکخراوەی کۆمەڵەوە کارێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە، یان زۆر کەم و تەنها لە کەنارەوە سەیری کراوە.

کاک فوئاد تەمەنی ٣١ ساڵ بوو کە گیانی بەختکرد. لەو تەمەنە کورتەشی چوار ساڵی بە زیندان و ئازاری ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی شا تێپەڕ بوو. دوای ئازاد بوونی لە زیندان [پاییزی ١٣٥٧ واتە ١٩٧٨] و لە ماوەی ئەو یازدە مانگەدا کە بە ئازادی ژیا، ئەوەندە شۆڕش و سوسیالیسم و کرێکار و زەحمەتکێش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان مێشکی پڕ کردبوو کە دەرفەتێک بۆ دایک و باوک و خوشک و براکانی نەدەمایەوە کە بتوانن لەگەڵی بن و تاسەیان لێی بشکێت.

فوئاد ڕۆڵەی ئەو شۆڕشە و چالاکێکی ئەو خەباتە بوو. هەر بۆیە نەمانی فوئاد و شێوەی گیانبەختکردنەکەی دەبوو نەک هەر لەلای ئێمە بەڵکوو پێش هەموو کەس لای ڕێکخراوەی کۆمەڵە و هەر وەها لای شۆڕشگێران و تێکۆشەرانی دیکەیش پرسیارگەلێکی زۆر بورووژێنێت. هەر تەنها دەرکردنی ڕاگەیاندنێک و گێڕانەوەی بەشێک لە ژیان و تێکۆشانی کاک فوئاد بە بۆنەی ساڵیادی گیانبەختکردنییەوە بەس نییە.

کاک فوئاد بەپێی بیروباوەڕ و جیهانبینی و تێگەیشتنی خۆی لە جیهان و لە کۆمەڵگای چینایەتی و لە شۆڕشەکانی کوردستان دەستی دابووە خەبات. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بنەماڵەی مستەفا سوڵتانی مافی ئەوەمان هەیە بزانین بۆ چی کاک فوئاد بەو شێوەیە گیانی بەخت کرد. هەم بزووتنەوەی کوردستان بێ بەهرە بوو لە ڕێبەرێکی کاریزمایی و بیرمەند و ژیر، هەم بنەماڵەی ئێمە کوڕ و برا و هاوڕێیەکی ئازیز و گەورە و بەدەربەستمان لە کیس چوو.

ئایا نەدەکرا پێش بە سەفەری کاک فوئاد بۆ مەریوان بگیرێت؟ ئایا نەدەکرا ڕێگا نەدەن کاک فوئاد بەردەوام لە شوێنی خەتەردا بێت و مەترسی گیان

لەدەستدانی هەبێت؟ ئایا نەدەکرا سەرەڕای لەخۆبوردوویی و جاری وایە لاساری خۆی، نەهێڵن بەبێ پارێزگاری لە لایەن کۆمەڵەوە ئەو سەفەرە بکات؟ ئایا لە گەڕانەوەیدا لە مەریوانەوە نەدەکرا لانیکەم بە بڕیاری تەشکیلاتی دە کەس پارێزگاری لێبکەن و نەهێڵن بەو شێوەیە تەنها خۆی بڕواتەوە؟ کاک شێخ عوسمان خالیدی و کاک تەهموورس ئەکبەری و کاک ناسێح خالیدی بە ڕێکەوت بوونە هاوڕێی ئەو سەفەرە و تەنها کاک برایم جەلالی لەگەڵ بووە؛ ئەویش لەوە ناچێت وەکوو پارێزگاری کردن بووبێت بەڵکوو کاک برایم جەلال بۆ کارێک پێشمەرگەکانی لەوێ بەجێ دەهێڵێت و لە مەریوانەوە دەگەڕێتەوە بۆ بانە! ئەوە چۆنە کاک فوئادێک کە کۆنگرەی یەکی کۆمەڵەی ساخ کردووەتەوە و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا وەکوو بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵە دەرکەوتووە، سیمایەکی ناسراوە لەناو بزووتنەوەی چەپی رادیکاڵ و سوسیالیستی ئێراندا، نەک حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو تەنانەت برادەرانی یەکێتی نیشتمانی و کۆمەڵەی رەنجدەرانیش ئەو دەناسن و دەزانن چ پێگەیەکی هەیە، وەها کەسێک چۆن ڕێگا دەدرێت تاق و تەنیا خۆی لە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و تەم و مژاوییدا وەها سەفەرێک بکات؟

بۆ ئێمە بەردەوام جێگای سەرسووڕمان بووە کە ڕێکخراوەی کۆمەڵە — نەک هەر دوابەدوای گیانبەختکردنی کاک فوئاد — بەڵکوو ساڵەکانی دواتریش هیچ هەوڵێکی نەدا گۆشەیەکی پچووکی ئەم کارەی کە ئێمە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کردوومانە لانیکەم بخاتە بەر دیدی ئەندامانی ڕێکخراوەکەی خۆی. بە گوێرەی وتەی ئەو بەڕێزانەی کە لەم کتێبەدا دەدوێن، کاک فوئاد ڕۆڵێکی زۆر بەرجەستەی هەبووە تەنانەت لە ساخکردنەوە و پێکەوە لکاندنی لایەنەکانی کۆمەڵە لە سەرەتاوە؛ ئەوانە ئەڵێن ئەگەر کاک فوئاد نەبوایە مەعلووم نەبوو چارەنووسی کۆنگرەی یەک چی دەبوو.

ڕاستییەک هەیە؛ کاک فوئاد بەو هەموو تێگەیشتن و لێکدانەوە و تیژبینییەوە، بەو شناختەی لەسەر تەشکیلات هەیبوو، سەرنجی بۆ گرینگ بوونی ڕۆڵی خۆی و پاراستنی خۆی ڕا نەکێشرا و زۆر جار تووشی کەمتەرخەمی دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە وریاییەوە سەرنجی پارێزگاری لە هاوڕێیانی خۆی دەدا و لە شوێنی جۆراوجۆردا ئەوانی پاراست و لە هەلومەرجی دژوار و مەترسیدار دووری خستنەوە. چەندین نموونە هەیە کە لە گفتوگۆی چەند بەڕێزێکیش لەم کتێبەدا

بەباشی دەردەکەوێت.
کاتێک کە لە زیندانی سنە بووە لە بەرامبەر ئەشکەنجە و لێدانی پۆلیسدا دیفاعێکی گەرموگوڕی کردووە لە کاک عوسمان ڕەوشەن تووده؛ لە شوێنەکانی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەدا، لە نەغەدە و دواتر لەماڵی کاک ساعد لە سنە، زۆر بە وردی پرسیاری نەخشەی نهێنی پارێزگاری لە کەسەکانی بەشدار لە کۆنگرەدا کردووە و لە نزیکەوە شوێنی دەربازبوونی پشکنیوە بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێیان لەکاتی مەترسیدا؛ کاتێک کە کاک شوعەیب لە زیندانی شا ئازاد دەبێت و دەگەڕێتەوە شاری سنە، نەک هەر ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە داڕشتنی بەرنامەی پێشوازی کردنێکی شکۆدار، بەڵکوو پارێزگاری لە ماڵەکەی ئەوانیش هەر بە دەستپێشخەری کاک فوئاد بوو؛ شەوێکیان کە دەنگۆی گەمارۆ و هێرشی جاش و پاسدار بۆ ناو مەریوان زۆر بوو، لە لای زرێبارەوە پارێزگاری کردووە لە کاک تاهیر خالیدی؛ کاتی گفتوگۆکان لەگەڵ سەرانی کۆماری ئیسلامی لە سنە لە نەورۆزی ١٣٥٨دا، وەکوو پارێزگاری کاک سەدیق کەمانگەر دەردەکەوێت. لە کۆچی مەریواندا کاتێک کە کاک ئیرەجی فەرزاد دێتە مەریوان تا ڕادەیەکیش بە توورەییەوە دەینێرێتەوە بۆ سنە و ئەڵێ بۆچی هاتوویتە ئەم شوێنە کە مەترسی لەسەرە؟ تۆ پێویستە بگەڕێیتەوە شوێنەکەی خۆت! لە کاتی گیرانی کاک ساعد و هاوڕێکانیتر لە پادگانی مەریوان و هەروەها کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لە پادگانی سنە، پێداگیری و ئیسراری کاک فوئاد یارمەتیدەرێکی گەورە بوو بۆ ئازاد بوونیان. هەر وەها پێداگری و بە خەمەوە بوونی بۆ ڕزگار کردن و لە گەمارۆ دەرهێنانی کاک عومەر ئیلخانیزادە و کاک موحسین رەحیمی لە گێژاوی شەڕی نەغەدە.
کاتێک کە لە مەریوان بوو، هاوڕێی تێکۆشەروگیانبەختکردوکاک حوسەین پیرخزرانی وەکوو بەرپرسی سەرەکی یەکیەتی جووتیاران لە شاری مەریوان، بەبێ ڕاڕایی و لێبڕاوانە هەمیشە کەسانێکی بە چەکەوە لەگەڵ کاک فوئاد دەخست و نەیدەهێشت بە بێ پارێزگاریکردن دەرکەوێت.
ئایا ئەم نموونانە بەس نین بۆ ئەوەی لە ڕێکخراوەیەکدا — لانیکەم لە ئاستی ڕێبەراندا — بیری پارێزگاری کردن و ئاگالێبوون لە هاوڕێیانیان ببێتە نەریتێک و کەمتەرخەمی نەگاتە ئەو ئاستەی کە بینیمان؟
بەشێوەیەکی تایبەتی لەکاتی گەڕانەوەی لە مەریوانەوە بۆ بانە دوو شت هەن

کە جێگای سەرنجن:
١- ڕاستە کاتێک لە هانەشێخان و وشکەڵانی مەریوانەوە بەرەو بانە دەکەوێتە ڕێ، هاوڕێیانێک ئیسراریان کردووە لەگەڵی بکەون و پارێزگاری لێبکەن، بەڵام سەیر ئەوەیە هیچکەس بیری بەوە نەگەیشت کە ڕاستەوخۆ و وەکوو کارێکی پێویست و لەسەر بڕیارێکی تەشکیلاتی ئاگایان لێی بێت و چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵی بکەون و بیپارێزن!
٢ - لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامی زۆر بەباشی لە ڕێگای سەرانی ناوداری وەکوو چەمران و ئەوانیترەوە بۆی دەرکەوتبوو کە گرینگترین بەشی ڕێبەری کۆمەڵە و بیروبۆچوونی کۆمەڵە لە وجوودی کاک فوئاد دایە.
هەر لە دوای کۆچی مەریوانەوە ئەوان پیلانیان هەبووە و وتوویانە ئەم کەسە مەترسی گەورەیە بۆ داهاتووی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان. ئەمە لە ئاستی سەرەوەی فەرماندەگەلی ئەرتەش و سپای پاسداراندا بڵاو کراوەتەوە و دیارە هەموو زانیارییەکانی ساواکیش (دەزگای هەواڵگری و جاسووسی و پاراستنی حکوومەتی شای ئێران) کە بەشی زۆریان مابوون و بوونە هاوکاری دەزگا سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەوان بە وردی زانیارییان لە سەر فوئادی زیندانی سیاسی لە تاران و دواتر لە سنە و مانگرتنی قارەمانانەی لە خواردن بۆ ماوەی ٢٤ ڕۆژ، فوئادی بڕیارنامەی هەشت مادەیی مەهاباد و فوئاد لە گرتنی شارەبانی مەریوان و فوئاد لە دژایەتی مەکتەبی قورعان و قیادە و . . . هەموو ئەمانەیان ئەزانی. کە هەوری ڕەش عاسمان دابگرێت، چاوەڕوانی تۆفان و باران دەکرێت. دەبوو هەمووان — لە ئاستی ڕەهبەری کۆمەڵەدا چ ناوەندی و چ لە ناوچەی مەریوان — هوشیاربن و بیانزانیبا کە کاک فوئاد بۆ دوژمنانی گەلی کورد و نەیارانی کۆمەڵە ئامانج و نیشانەیەکی لەبارە بۆ ئەنگاوتن.
سەرەڕای ئەوانەش کەس ناتوانێت کەم ئەزموون بوون، کەمتەرخەمی و ڕۆحیەی شۆڕشگێرانە و لەخۆبوردوویی نەک هەر کاک فوئاد، بەڵکوو بەشی هەرە زۆری کادرەکانی کۆمەڵە فەرامۆش بکات. ئێمە پێمانوایە ئەمە دەسیسە و پیلانی بۆ داڕێژراوە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێت فاکتەری شانس بۆ کۆماری ئیسلامی و بەد شانسی و کارەسات بۆ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، بۆ کۆمەڵە و بنەماڵەی مستەفا سوڵتانی لەبەر چاو نەگرین.
ئێمە لە ماوەی شەش ڕۆژدا، واتە لە ٣ تا ٩ ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨

[١٩٧٩] سێ برا، سێ هاوڕێ، هاوبیر و هاوخەباتی سیاسیمان لە دەست دا. کاک حوسەین [باوکی فرمێسک] و کاک ئەمین کە لە گەڵ حەوت خەباتکاری تری خەڵکی مەریوان حوسەین و ئەحمەد پیرخزرانی، جەلال نەسیمی، دوکتور بەهمەن ئەخزەری، فایەق عەزیزی، عەلی داستانی و ئەحمەد قادرزادە لە پادگان تیرباران کران و کاک فوئادیش لە شەڕێکی لە ناکاو و زۆر گۆمانلێکراودا لە نزیک ئاوایی کانێعمەت لە سەر جادەی مەریوان بۆ سەقز و بانە گیانی بەخت کرد. گیان لە دەستدانی کاک فوئاد بێجگە لە هەست و سۆزو عاتفەی زۆری برایانە بۆشایەکی ئێجگار قووڵی رۆحی و فیکری لە دەروونماندا دروست کرد. دوژمنانی ئێمە باش تێگەیشتن کاک فوئاد کێیە و چەندە لێهاتووە. کاتی کۆچەکەی مەریوان و گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی رژیم زۆر باش بۆیان دەرکەوت کە کاک فوئاد مۆتۆڕی وەگەڕخستنی ئەو هەموو هێز و توانا جەماورییە بووە دژ بە سیاسەتە نگریسەکانی ئەوان و بەتایبەت بەزاندنی چەمران لە گفتوگۆدا. چەمران یەکێک لە مۆرە موهیمەکانی ڕژیم بوو و لە ماوەی ئەو حەوت هەشت مانگەی کە لە کوردستان بوو و بە گوتەی کاربەدستانی رژیم چەمران گرفتی کوردستانی لە چالاکبوونی چەپەکاندا دەبینی، نەک شتێکیتر. [دوکتور "صادق زیبا کلام" لە گفتگۆیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی 'عصر ایران' ئاوا ئەڵێت: "چمران آمریکایی ها را در مساله کردستان خیلی دخیل نمیدانست و قضیه کردستان را بیشتر ناشی از تعارض مارکسیست ها با انقلاب می دانست. . . چمران به شدت به مارکسیست ها بدبین و بی اعتماد بود و معتقد بود که مارکسیست ها هر وقت که فرصت پیدا کنند، از پشت با خنجر به مسلمانان ضربه خواهند زد." سایت عصر ایران، ١٣٩١/٤/١(٢٠١٢)] بەم چەشنە کاک فوئاد ببوو بە کۆسپی سەر ڕێگایان و هەوڵیاندا بۆ لە ناوبردنی و زۆر بەداخەوە لەوەدا سەرکەوتوویش بوون. بەڵام دۆستان و هاوڕێیان بەگەشتی جێگە و پێگەی کاک فوئادیان نەناسی؛ هەر بۆیە ئاوا کەمتەرخەم بوون لە کاتی هاتوچوو کردنی کاک فوئاددا.

**بۆچی دوای سیوسێ ساڵ ئێمە بیر لە بڵاوکردنەوەی وەها کتێبێک دەکەینەوە؟**

بەدرێژایی ئەم سی و چەند ساڵە گومانمان لە پیلانی کۆماری ئیسلامی هەبووە. ئەم پرسیارە هەمیشە مێشکی هەموو ئێمە کەس و کار و زۆر هاوڕێ و دۆستی کاک فوئادیشی داگرتبوو کە چۆن لە ماوەی ١١ ڕۆژ دوای فەرمانی هێرشی

خومەینی بۆ سەر کوردستان کە هێشتا کۆماری ئیسلامی بە تەواوی شارەکانی داگیر نەکردبوو، لە پڕێکدا هێزێکی تەیار لە چەکدارانی جاش و پاسدار لە بستام و کانێعمەت هەڵقوڵین و کاک فوئاد و هاوڕێ تەهموورس ئەکبەری لە شەڕێکی قارمانانە و نابەرابەر دا گیانیان لە دەستدا.

ئێمە هەمیشە و بە شێوازی جۆراو جۆر ئەم پرسیارانەمان لەگەڵ بەرپرسانی کۆمەڵە باس کردووە و بێ جواب ماوەتەوە. بەڵام شۆکی ئەو زەربە قورس و گورچک بڕانە کە یەک لە سەر یەک بە لە دەستدانی پێنج برا و دوکتور جەعفەر [هاوسەری مەلەکە وباوکی بەیان] و ژمارەیەکی زۆر هاوڕێ و خزم ئێمەی داگرتبوو. هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان و تاوان و خۆێنڕێژی و ماڵوێرانی لە ڕادە بەدەر لەلایەکەوە و ئەو لێکدانەوە و بۆچوونە کە ڕێکخراوەی کۆمەڵە هەموو شتە و هەموو کارێک بە دڵسۆزی ئەنجام ئەدات لەلایەکی ترەوە و هەروەها کەم تەمەن بوون و بێ ئەزموونی خۆمان مەجالی نەدا بە ئێمە کە جۆرێکیتر بڕوانینە گیروگرفتەکان. دەنا دەکرا هەر ئەو دەم بە پێی توانا و ئەوەندەی بگونجایە ئێمەی خوشک و براکانی کاک فوئاد بۆ ئەم پرسیارانە بەدواداچوونمان بکردایە.

کاک برایم جەلال کە لە بانەوە بۆ مەریوان و دواتر لە مەریوانەوە بۆ بانە یەکێک لە هاوسەفەرەکانی کاک فوئاد بوو، ساڵی ٢٠١١ کتێبیکی بڵاوکردەوە بە ناوی "چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە" [کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان]. لەو کتێبەدا باسی ئەو شەڕەی کردووە و ئەویش گومان ئەکات کە پیلان و دەسیسەی کۆماری ئیسلامی بۆ لە بەین بردنی کاک فوئاد لە ئارادا بووە. خوێندنەوی ئەو کتێبە بوو بە هۆیەکی تر بۆ ئێمە کە پەیگیری ئەو مەسەلە بکەین و بڕیارماندا: یەکەم، بە هەموو توانامانەوە تێبکۆشین بۆ بە دەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە سەفەرەکەی کاک فوئاد و چۆنییەتی شەڕەکە و گیانبەختکردنی، خۆ ئەگەر جوابێکی تەواو و کامڵمان بۆ پرسیارەکان دەست نەکەوێت، هەر هیچ نەبێ ئەم تێکۆشانە بۆ خۆمان بەجێ گەیاندنی ئەرکێکە ساڵەهایە لەبیر و مێشکماندا بووە. ئیمە بەم کارەمان لە ڕووداوێک دواوین کە کۆمەڵە هەتا ئێستا بە ڕەسمی و بە یەقین باسی بە هەڵکەوت بوونی کردووە و ئێمە بەپێچەوانە تا ڕادەیەکی زۆر بە مەنتیق و هەڵسەنگاندنی جێگای باوڕەوە شکمان خستوەتە سەری، ورووژاندوومانە و پرسیارەکە ئەکەین بە پرسیاری خوێنەری ئەم کتێبە. دووهەم،

بە بێ لە بەرچاو گرتنی بیر و بۆچوونی سیاسی و جێگە و پێگەی ڕێکخراوەیی ئێستایان، دیدار ڕێک بخەین لەگەڵ هەموو کادرەکانی ئەو سەردەمەی ناوەندی کۆمەڵە، ناوچەی مەریوان، کۆمەڵەی ڕەنجدەران، یەکێیتی نیشتمانی کوردستان و وتووێژیان لەگەڵدا بکەێن.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی بەرچاو و بەنرخ کتێب، وتار و نووسراوە سەبارەت بە کاک فوئاد بڵاوکراونەتەوە و هەروەها لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە چەندین بەرنامەی رادیۆ و تەلەڤیزیۆنیشدا باسی لە سەر کراوە. ئەرک و زەحمەتی هەموو ئەو بەڕێزانە جێگای سپاس و پێزانینە. لە هەمان کاتدا ئێمە پێمان وابوو بۆشاییەک هەر ماوە و کتێبێک پێویستە شیاوی کاک فوئاد کە ببێتە ئاوێنەیەکی باڵانوێن و بتوانێت کەسایەتی فرەلایەن و ژیان و خەبات و هەروەها چۆنییەتی گیان بەختکردنی ئەو بەرجەستە بکاتەوە.

**چۆن دەستمان بەم کارە کرد؟**

بەم بۆچوونەوە لە مانگی چواری ساڵی ٢٠١٢ ەوە دەست بەکار بووین. سەرەتا حشمەت و مەلەکە سەفەرێکی باشووری کوردستانیان کرد بۆ دیدار لەگەڵ کادرەکانی ئەو سەردەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و هەر چوار بەشەکەی کۆمەڵە. یەکیەتی نیشتمانی میوانداری ئەو سەفەرەیان کرد و زۆر بە دڵئاوەڵایی و هەست بە مەسئوولییەتەوە یارمەتیان دا بۆ جێ بە جێ کردنی کارەکان کە زۆر جێگای ڕێز و سپاسە.

هەر بۆ ئەو مەبەستە سەردانی هەر چوار لایەنەکەی کۆمەڵەمان کرد لە شاری سلێمانی و لە مەقەڕەکانی ناوەندی ئەوان. سەرەنجام لە ڕێگای دیداری ڕاستەوخۆ لە کوردستان و لە سوئێد، یان بە ناردنی ئیمەیل پرسیارمان ناردووە بۆ ژمارەیەک لە ڕێبەران و کادرەکانی ئەو کاتی کۆمەڵە و وەڵاممان دراوەتەوە. هەروەها هەوڵماندا بە ڕێکخستنی دیدار و یان بە ناردنی پرسیار لەگەڵ چەند کەسێکیتر پەیوەندی بگرین کە بە داخەوە جێبەجێ نەبوو، کە لە بەشێکی تایبەتی لەم کتێبەدا لەژێر سەردێری "باقی هاوڕێیان" باسکراوە. هەر لەو بەشەدا سەبارەت بە پەیوەندی گرتنی چەند جارەی ئێمە و هەڵوێستی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بە جیاواز باسێکمان کردووە. چەند بەڕێزێک زۆر بە وردەکارییەوە وەڵامی پرسیارەکان و داواکەی ئێمەیان دایەوە بەڵام هەرچەند

ناوەرۆکی قسەوباسەکانی ئەوان وەکوو بیرەوەری و گێڕانەوەی مێژوو گرینگی تایبەتی خۆیان هەیە، ئێمە تەنها ئەو بەشە لە قسەکانمان داناوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ناوەرۆکی ئەم کتێبە و ئامانجەکەی ئێمەوە هەبوو.
لێرەدا سپاس و پێزانینی زۆری خۆمان بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانە ڕادەگەیەنین کە کاتی خۆیانیان بۆ ئێمە تەرخان کرد و لەگەڵماندا ماندوو بوون.
هەموو وتووێژەکان لە گوتارییەوە کراون بە نووسراوەیی. ئێمە تێکۆشاوین بە ئەمانەتدارییەوە ناوەرۆکی قسەکان بنووسینەوە؛ قسەکان کورت کراونەتەوە بەڵام ئەو بەشە لە گفتوگۆ یان وەڵامی پرسیارەکان کە گوڵبژێر کراون و لێرەدا هاتوون، دەقاودەق (لە زۆربەیشیاندا بەبێ گۆڕینی زاراوە) هەر ئەوانەن کە ئەو بەڕێزانە گوتوویانە یان نووسیوویانە. ئێمە لەگەڵ ئەو بەڕێزانەدا نەکەوتووینەتە دیالۆگ و قسەو باس کردن، بەڵکوو پرسیارمان کردووە و هەر کەس ڕا و بۆچوونی خۆی دەربڕیوە.

## کەش و هەوای زاڵ بەسەر کارەکەدا

شیاوی باسە کە لێدوان و گێڕانەوە و بیرهێنانەوەی قسەوباس و بەسەرهاتێک کە سی و چەند ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری لێڵ بوونەوە و تێپەڕبوونی کات، فەرامۆش کردنی ڕووداوەکان، ڕۆژ و مانگەکان و هەروەها زیادبوونی تەمەنی کەسەکان. ئاشکرایشە گێڕانەوەی بیرەوەری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕدرێت؛ هی وا هەیە بیری تیژە و هی وایش هەیە ڕەوتی ڕووداوەکانی بە پرژوبڵاوی لەبیر دەمێنێت. یان لەوانەیە کەسێک شتەکانی وەکوو خۆی لە بیر نەمابێت؛ یان کەسانێک یەک ڕووداو بە دوو جۆر باس بکەن.
ئێمە هیچ دەستێوەردانێکمان نەکردووە و دەربڕین و بۆچوونی هەر کەس وەکوو خۆی لێرەدا هاتووە. هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنی ڕاو بۆچوونی جیاوازمان داناوە بۆ خوێنەری ئەم کتێبە.
لە ناو دێڕەکانی گفتوگۆکاندا ئاماژە بە ڕاو و بۆچوونی کاک فوئاد کراوە و بە وتەی زۆربەی هاوڕێیان، پێش گیران و زیندانی کردنی کاک فوئاد لە ساڵی ١٣٥٣ [١٩٧٤] دا زۆربەی نووسراوە و ڕاگەیاندنەکانی کۆمەڵە کاک فوئاد بۆ خۆی نووسیویەتی، یان بە چەشنێک دەستی لە نووسینیاندا هەبووە. وەک نامیلکەی "چرا پراکندەایم چگونە متحد شویم"[بۆ پرژوبڵاوین و چۆن یەکگرتوو

بین]، "توطئه جدید علیه خلق کرد"[پیلانێکی نوێ لە دژی گەلی کورد]، "بۆ پێشەوە بەرەو یەکگرتنی ئوسوولی کۆمونیستەکان" [سەرچاوە: کتێبی سێ ساڵ لە گەڵ ئیبراهیم عەلیزادە چاپی یەکەم ٢٠٠٩ لاپەڕەی ١٣٥]، نامیلکەیەکی ناوخۆیی بەناوی "سیاستها و رهنمودهای ما" [سیاسەت و ڕێنوێنییەکانی ئێمە]، "خلق کرد در بوته آزمایش"[گەلی کورد لە بواری تاقیکردنەوەدا] و هیتریش. زۆر هەوڵماندا بۆ پەیداکردن و وەدەست خستنی ئەو نووسراوانە. بە داخێکی زۆرەوە هیچمان دەست نەکەوت؛ جا یان نەماون، یان لەوانەیە کەسانێک بیانبێت و بە ئێمەی نەدەن.

کاک فوئاد ڕۆژی ٢١ /١٣٥٨/٤ [١٩٧٩/٧/١٢] لە جەمعیەتی مەهاباد لە سەر ئەزموونەکانی یەکیەتی جووتیارانی مەریوان، گرینگترین کێشەکانی ناو ڕێکخراوەی کۆمەڵە، بارودۆخی ئێران و کوردستان، پرسی یەکگرتن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر لە ئێران، پێکهێنانی حیزبی کۆمونیستی ئێران یان کوردستان و ... قسەوباسێکی چڕوپڕی کرد. چەند ساڵ لەمەوبەر ئەو قسە و باسانەمان نووسییەوە و لە دوو کتێبدا " کاک فوئاد ڕێبەر، سیاستمدار و زانایەکی سیاسی" لە نووسینی برای بەڕێزمان کاک ڕەشاد مستەفا سوڵتانی و هەر وەها "یاخی بوون لە تاریخی کۆمەڵە" لە نووسینی هاوڕێ ئەحمەد بەهرامی چاپ و بڵاوکرایەوە. بۆ ئەم کتێبەی لەبەردەستاندایە، پێداچوونەوەیەکمان کردووە بە قسەکانی کاک فوئاددا. بەتەواوی لە گوتارەوە هێناومانەتە سەر نووسراو؛ چەند بەشێکی کەمیشمان دەرهاویشتووە چونکوو تێگەیشتن لە مەبەستی کاک فوئاد بەهۆی خراپ بوونی چۆنایەتی کاسێتەکە و تێپەڕبوونی زەمانەوە کارێکی ئاسان نەبوو.

## پڕۆژەی ئەم کتێبە چۆن جێبەجێ کرا؟

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکرێت کە ئێمە خوشک و براکانی کاک فوئاد لە ئەورووپا ئەرکی بەڕێوەبردنی پڕۆژەی ئەم کتێبەمان بە تەواوەتی گرتووەتە ئەستۆ و بەرپرسیارەتی مادی و مەعنەوی ئەم ئەرکە لەسەر شانی ئێمەیە و هیچ کەس و لایەنێک لە پشتییەوە نییە. هەربەم مەبەستە ئەرکەکانی ئامادەکردنی ئەم کتێبە لەشێوە کاری پڕۆژەیەکدا بەڕێوەچوو. ئەندامانی جێبەجێکاری ئەم پڕۆژەیە بریتی بوون لە مەلەکە، ڕەزا و حشمـەت. هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی

کارەکانەوە لەگەڵ برای بەڕێز کاک ئەحمەد ئەسکەندەری پەیوەندیمان گرت بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەدا یارمەتیمان بدات کە بە خۆشییەوە قەبووڵی کرد. لەوە بەدوا کارەکانمان وەکوو کارێکی هاوبەش بەڕێوە بردووە و پێکەوە لە هەموو ئەرکەکان و هەنگاوەکانی ئەم پرۆژەیەدا هاوکاری زۆر نزیک و چڕوپڕمان هەبووە. ئێمە سەرەڕای کار و ژیانی ڕۆژانەی خۆمان، سەرەڕای موشکیلات و گیروگرفتی زۆری دونیای ئەمڕۆ و بەرەو ژوور چوونی تەمەنی هێندێکیشمان دەستمان داوەتە ئەم کارە. هەروەها بێجگە لە بەشی تەکنیکی و عەمەلی کارەکە، لە باری ڕۆحی و هەست و ئێحساسەوە بەڕاستی هەڵگرتنی ئەم ئەرکە بۆ ئێمە زۆر زۆر قورس و گران بووە. هەڵدانەوەی لاپەڕە پڕ لە ئێش و ئازارەکانی مێژووی بنەماڵەکەمان وچوونەوە ناو وردەکارییەکانی، جاری وابووە پشووبڕ بووە بۆمان. ڕاستە ساڵیانێکی زۆر لەو کارەساتە دڵتەزێنانە گوزەراوە، بەڵام ئەو برینانە هێشتایش هەر سەریان هەڵدراوەتەوە و ئێش و ئازاریان هەیە؛ بە تێپەربوونی ئەو هەموو ساڵە پەترۆیان نەبەستوە. لەم ماوەیەدا بێ وچان کارمان کردووە و هەڵسووڕاوین. زێدەڕوویی نییە بڵێین سەدان سەعات کار و شەو و شەونخوونیمان کێشاوە بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم ئەرکە. دیارە ئێمە ئەنجامدانی ئەم کارەمان بە ئەرکی سەرشانی خۆمان زانیوە.

# بیوگرافی کاک فوئاد

١٣٢٧ (١٩٤٨) حەوتی خاکەلێوە (فەروەردین) کاک فوئاد لە ئاوایی "ئەڵمانە"ی مەریوان لەدایکبوو؛ باوکی "حەمە ڕەشید مستەفا سوڵتانی" و دایکی "بەهیە کۆنەپۆشی" بوو.

١٣٣٣ (١٩٥٤) لە مەدرەسەی "قائانی" لە ئەڵمانە خوێندنی دەستپێکرد و تا چواری سەرەتایی لەوێ خوێندی.

١٣٣٧ (١٩٥٨) چوو بۆ شاری سنە (کە پێشتر چەند برایەکی لەوێ دەیانخوێند) و لە مەدرەسەی سەرەتایی "چواری ئابان" درێژەی بە خوێندندا.

١٣٣٩ (١٩٦٠) چووە ناوەندی لە دەبیرستانی "رازی" لە سنە.

١٣٤٢ (١٩٦٣) لە بەشی ماتێماتیکی دەبیرستانی"هیدایەت" درێژەی بە خوێندندا.

١٣٤٥ (١٩٦٦) ناوەندی تەواوکرد، دیپلۆمی وەرگرت؛ دواتر چەند مانگێک لە ئیدارەی دوخانیاتی شاری مەریوان کاری کرد.

١٣٤٦ (١٩٦٧) بەشداری کرد لە تاقیکردنەوەی سەرتاسەری (کونکوور) ی زانکۆکانی ئێران و لە دوازدە شوێن لە دانشگاکانی ئێران قەبووڵ بوو. خۆی زۆری پێخۆش بوو بچێتە دانشگای "نەوتی ئابادان". لە تاقیکردنەوەی نووسینەکەدا نمرەی زۆر باشی هێنا. کاتی تاقیکردنەوەی زارەکی (شفاهی) لێی ئەپرسن "ئەگەر ببیت بە سەرەک وەزیرانی ئێران چی دەکەیت؟" کاک فوئاد ئەڵێت یەکەم هەنگاوم ڕیفاه و ئاسایش دەبێت بۆ کوردستان و بەلووچستان و گەڕەکە فەقیر نشینەکانی تاران وهتد. لەسەر ئەو جوابدانەوەیە رەدیان کردەوە. ئیتر کاک فوئاد بڕیاریدا بچێتە دانشگای "سەنعەتی ئاریامێهر" بەشی موهەندیسی کارەبا لە تاران.

١٣٤٨ (١٩٦٩) کاک فوئاد شانبەشانی هاوڕێکانی لە هەڵسووڕان و خۆ ساخکردنەوەدان بۆ شێوازێکی نوێی خەبات، سەرەنجام بناغەی ڕێکخراوەی کۆمەڵەیان لە پاییزی ئەو ساڵەدا دانا.

١٣٥٠ (١٩٧١) زانکۆی "سەنعەتی ئاریامێهر" (شەریف)ی تەواو کرد و بوو بە موهەندیسی کارەبا.

١٣٥١ (١٩٧٢) لە دەورانی سەربازیدا وەکوو ئەفسەر لە کارخانەی بەرق (کارەبا) ی مەریوان کاری کرد. بە هۆی ڕاوەستان لە بەرانبەر ساواک و فەرمانداری مەریواندا، لەم شارە دوور خرایەوە.

١٣٥٢ (١٩٧٣) لە شاری "برووجێرد"ی لوڕستان درێژەی بە دەورەی ئەفسەریەکەی دا.

١٣٥٣ (١٩٧٤) بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ گەنجان و خوێندکاران بوو بە مامۆستا لە هونەرستان (ئەنستیتۆی) سەنعەتی شاری سنە.

١٣٥٣ (١٩٧٤/١٠/٢٠) ڕۆژی ٢٨ی ڕەزبەر دەستگیر کراو گوێزرایەوە بۆ زیندانی "کۆمیتەی هاوبەشی ساواک و شارەبانی" لە تاران و بە چوار ساڵ زیندان حوکم درا.

١٣٥٦ (١٩٧٧) لەسەر داخوازی خۆی گەڕایەوە زیندانی شاری سنە.

## ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨)

مانگی پووشپەڕ لەگەڵ زیندانییەکانیتر بۆ ماوەی ٢٤ ڕۆژ مانیان لە خواردن گرت و کاک فوئاد ڕێبەرایەتی کرد.

(١٩٧٨/٩/٢٩) ڕۆژی ٦ی ڕەزبەر لە زیندان ئازاد بوو. ڕۆژی دواتر لە سنەوە گەڕایەوە بۆ ئەڵمانە.

ڕۆژی ٢٠ی ڕەزبەر هەموو خزمان لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی خانەوادەگیدا پەیامێکی هاوبەشیان هەبوو بۆ کاک فوئاد: "تۆ چوار ساڵ زیندان و ئازار و ئەزیەتێکی زۆرت کێشاوە، ئیتر بەسە و بیر لە ژیانی داهاتووی خۆت بکەوە."
کاک فوئاد وەک هەمیشە لە سەرەخۆ و بەوپەڕی ڕێز و ئیحترامەوە گوێی لە قسەی هەموویان گرت و کورت و پوخت بۆی ڕوونکردنەوە کە هێشتا سەرەتای کار و خەباتە. ئەو ڕۆژە هەم شێلگیر بوونی خۆی لە خەباتدا بەوان سەلماند و هەم هێنانیە سەر ئەوە کە ئیتر باسی لێوە نەکەن.

ڕۆژی ٢٩ی ڕەزبەر لە ناو شاری مەریوان دیدار و چاو پێکەوتنی هەبوو لەگەڵ هاوڕێیان و کۆر و کۆمەڵی هەڵسووڕاوانی ناوشار. کاک فوئاد دوای زیندان تەنیا٢٢ ڕۆژ لە ماڵی خۆمان مایەوە و هیچکاممان تاسەمان لێی نەشکا.

ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەر لە گەڵ دۆستێکی خۆی، سوهراب کەیقوبادی (یادی ئازیزی بەخێر) چوو بۆ ڕامسەر لە شومالی ئێران و مەلەکەی برد بۆ لای دوکتورێکی

چینی. مەلەکە ماوەیەکی زۆر بوو بەدەست نەخۆشینێکەوە دەینالاند و کاک فوئاد زۆر بەلایەوە گرینگ بوو ئەم مداوایە بکرێت.
ڕۆژی ٥ی خەزەڵوەر کاک فوئاد چووە بەر دەرکی زیندانی "قەسر" لە تاران بە هیوای ئازاد بوونی کاک شوعەیب زەکەریایی. ئەوە ڕۆژێک بوو کە بەتەمەنترین و منداڵترین زیندانی لە زیندانی قەسر ئازاد کران. بە تەمەنترین "سەفەر قارەمانی" بوو کە٣٢ ساڵ لە زینداندا بوو. کاک فوئاد لەگەڵ سەفەر خان چووە دانشگا تاران و دواتر چوو بۆ ماڵیان.
مانگی سەرماوەز کاتێک کە بە دەست پێشخەری کاک فوئاد ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن لە کاک شوعەیب زەکەریایی (کە لە زیندان ئازاد کرابوو) لە شاری سنە ڕێکدەخرا، لایەنی ئایینی و موفتی‌زادە ڕاگەیەندراوێکیان بڵاوکردەوە لە ژێر سەردێڕی "او از مانیست" (ئەو لە ئێمە نییە)، (واتە خەڵکە پێشوازی لێ مەکەن!). پێشوازی گەرمی خەڵکی شاری سنە کە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو بە مانای بەرپەرچ دانەوەی ئەوان و پشتیوانی لە بەرەی چەپ و رادیکاڵ بوو لە سنە.
لە مانگی سەرماوەزدا کاک فوئاد ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەدا کە لە دوو شوێن، سنە و نەغەدە گیرا.
لە کاتی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەدا لە نەغەدە، لەسەر داوای کاک فوئاد کۆبوونەوەکان ڕادەگرن بۆ پشتیوانی لە تووتنەوانەکانی ناوچەی بانە.
لە پاییزدا لە شاری سنە کاک فوئاد لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی شارەکانی ئەهواز، برووجێرد و خوڕەم ئاباد دیداری کرد. یەک لەوانە موحسین نەهاوەندی ئەندامی "سازمان چریکهای فدایی" بوو، کە زیندانی ئەبەدی پێدرابوو. لە زیندان چووە ڕیزی کۆمەڵەوە و دوای ڕووخانی ڕژیمی شا بەرپرسی کۆمەڵە بوو لە خوڕەم ئاباد و ئەهواز. نەهاوەندی ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١) گیانی بەخت کرد. ئەویتریان بێهروز موعینی بوو. کەسی سێهەم پەرویز میری خەڵکی ئەهواز بوو کە ئەم دوو کەسە زۆر بەداخەوە لە وەرگێڕانی ماشیندا لە دوو شوێنی جیاواز گیانیان بەخت کرد. یەکێک لە کارە بە نرخەکانی ئەو هاوڕێیانە ئەوبوو کە بە یارمەتی "سازمان وحدت انقلابی" لە ئەهواز کتێبخانەیەکیان بە ناوی کاک فوئاد کردەوە و وێنەیەکی کاک فوئادیان لە سەر دانابوو.
مانگی خەزەڵوەر کاک فوئاد ڕۆڵی گرینگی هەبوو لە ڕێبەرایەتی کردنی مانگرتنی

خەڵکی ئاوایی بێلووی مەریوان بۆ وەرگرتنەوەی زەوییەکانیان لە ئاغەوات.
مانگی بەفرانبار "جامعە معلمان مریوان" (کۆمەڵەی مامۆستایانی مەریوان) وەکوو یەکەمین ڕێکخراوەی ئاشکرا و دێموکراتیک دامەزرا کە کاک فوئاد دەوری سەرەکی لە دامەزراندنیدا هەبوو.
ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندان کاک فوئاد لە مەریوان بوو کە هاوکاتە لە گەڵ هاتنەوەی خومەینی بۆ ئێران و مەرگی ڕزگار، کۆرپە چکۆلەکەی کاک حوسەینی برامان.
ڕۆژی ٢٢ ڕێبەندان (١٩٧٩/٢/١١) پەیکەرەی شا لە مەریوان هێنرایە خوارەوە، شارەبانیش گیرا. کاک فوئاد یەکەم کەس بوو لە سەر دیواری حەوشەکەوە چووە ناو شارەبانی. ئەو شەوە لەسەر پێشنیاری کاک فوئاد هەموو سەرۆکی ئیدارەکان گیران.
ڕۆژی ٢٣ی ڕێبەندان کاک فوئاد لە سەقز لە نەخۆشخانە سەردانی کاک حەمە حوسەین کەریمی کرد کە شەوی پێشتر لە کاتی گرتنی شارەبانی شاردا بریندار ببوو. ڕۆژانی ٢٤ تا ٢٦ لە بۆکان لەگەڵ باقی هاوڕێیانی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەدا بوون.
٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ و ١٩٧٩/٢/١٥کە کاک حەمە حوسەین کەریمی گیانی بەخت کرد وەکوو ڕۆژی ڕاگەیاندنی هەڵسووڕانی ئاشکرای کۆمەڵە ڕاگەیەندرا.
ڕۆژی ٢٧ی ڕێبەندان لە ڕێوڕەسمی ناشتنی کاک حەمە حوسەین کەریمی‌دا کاک فوئاد بەشدار بووە و هەر بەو بۆنەشەوە یەکەمین ڕاگەیاندنی ئاشکرابوونی کۆمەڵە بڵاو کرایەوە.
ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندان کاک فوئاد لە مەهاباد بەشداری کرد لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی خەڵکی شارەکانی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی تازەی ئێران؛ کاک فوئاد دەستی هەبوو لە نووسینی "بڕیارنامەی هەشت خاڵی مەهاباد"دا کە درایە نوێنەرانی حکوومەت.
ڕۆژی ١٦ی ڕەشەممە سێهەمین کۆبوونەوەی یەکیەتی جووتیاران بە بەشداری کاک فوئاد لە مەریوان گیرا.
ڕۆژی ١٧ی ڕەشەمە (هەشتی مارس ١٩٧٩) بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنە وە کاک فوئاد وتارێکی نووسی سەبارەت بە ڕۆژی ژن و جێگای ژن لە کۆمەڵگادا کە لەلایەن ناهید محەممەدی لە کۆمەڵەی مامۆستایانی مەریوان خوێندرایەوە.
ڕۆژەکانی ئاخری ڕەشەممە و شەڕی خوێناوی نەورۆز کاک فوئاد لە سنە بوو.

بۆ پێکهێنانی شورای شۆڕشی شاری سنه هاوفکری و بیروڕا گۆڕینەوەی هەبوو لەگەڵ ئەو هاورێیانەی بەشداری گفتوگۆ بوون لە گەڵ سەرانی کۆماری ئیسلامی کە هاتبوونە سنە. کاک سەدیق کەمانگەر وەک وتەبێژی شورا و نوێنەری کۆمەڵە بەشداری گفتوگۆکان ئەبێت.

**ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩)**

ڕۆژ ٩ی خاکەلێوە کاک فوئاد لە سنە بوو کە کارەساتە دڵتەزێنەکەی کاروانی کۆمەک بە "تورکمەن سەحرا" ڕوویدا و ٩ کەس لە هاوڕێیانی ئازیزمان بە ناوەکانی فەریدە و جەمیل زکەریایی، گوڵڕێز قوبادی، فایزە قوتبی، دوکتور فەتحوڵڵا لوتفوڵڵا نژادیان، جەمیل سەجادی، ئیسماعیل عەلیپەنا، دوکتور ئەسعەد وەرزێری و ڕەئووف کەمانگەر گیانیان بەختکرد.

ڕۆژی ١١ی خاکەلێوە کاک فوئاد لەگەڵ هاوڕێیان ڕاگەیاندنی کۆمەڵە بە بۆنەی ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە، ڕۆژی دەنگ نەدان بە کۆماری ئیسلامی دەنووسن.

ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە (١٩٧٩/٤/١) کاک فوئاد لە سنە لەگەڵ هاوڕێیانی خەریکی ڕێکخستنی خۆپیشاندانی گەورەی خەڵکی سنە بوون بۆ وتنی نا بە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی.

ڕۆژی ٣١ی خاکەلێوە (١٩٧٩/٤/٢٠) شەڕی نەغەدە دەستی پێکرد و کاک فوئاد لە مەهاباد لەگەڵ بەرێز مامۆستا شێخ عێزەدین خەریکی ڕاوێژ کردن بوو. بەردەوام لەگەڵ هاورێیانی کۆمەڵە کە لە نەغەدە گەمارۆ درابوون، لە پەیوەندیدا بوو.

ڕۆژی ١١ی گوڵان (یەکی ئەیار) کاک فوئاد لە مەریوان بوو کە بۆ یەکەم جار ڕێوڕەسمێکی زۆر شکۆدار بە بۆنەی ڕۆژی کریکارەوە بەڕێوە چوو.

ڕۆژی ١٦ی گوڵان کاک فوئاد دەوری سەرەکی هەبوو لە خۆپیشاندانە گەورەکەی شار و لادێی مەریوان کە بۆ پشتیوانی لە جووتیارەکانی سۆما برادۆست بەڕێوە چوو.

شەوی ٥ی جۆزەردان یەکەم دەستەی پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران بە سەرکردەیی کاک فوئاد چوونە دەرەوە لە شار.

ڕۆژی ٨ی جۆزەردان پێشمەرگەکانی یەکیەتی جووتیاران جەولەی ئاشکرای خۆیان دەست پێکرد. ڕۆژی دواتر کاک فوئاد نامەیەک سەبارەت بە کار و باری

ئەو دەستە پێشمەرگەیە بۆ هاوڕێیانی ناوەندی کۆمەڵە دەنووسێت.
ڕۆژی ٨ی پووشپەڕ شەڕی خانەگای جوجو (ناوچەی مەریوان) ڕوویدا کە یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی ئەو کاتەی ناوچەی مەریوان بوو.
ڕۆژی ١٢ی پووشپەڕ کۆبوونەوە گەورە و بە ناوبانگەکەی یەکیەتی جووتیاران و ڕووناکبیرانی مەریوان بە بەشداری نوێنەرانی ٦٦ دێ، لە ئاوایی "ولەژێر" بە بەشداری چالاکانەی کاک فوئاد بەڕێوەچوو.
ڕۆژی ٢٠ی پووشپەڕ کونفرانسی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە مەهاباد.
ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ کاک فوئاد سەبارەت بە ئەزموونەکانی یەکیەتی جووتیاران، گیرو گرفتەکانی ناو خۆی ڕێکخراوەی کۆمەڵە و هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە یەکگرتن و پێکهێنانی حیزبی کۆمونیست و چەندین بابەتی گرینگی‌تر لە جەمعیەتی مەهاباد قسەوباسی کرد و وەڵامی پرسیاری بەشدار بووانی دایەوە. ئەو قسەوباسانە لەم کتێبەدا هاتووە و بە دەنگی خۆیشی لەسەر سایتەکەی کاک فوئاد هەیە.
ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ کاک فوئاد و چەند هاوڕێیەک چوونە ناوچەی مەرگەوەر بۆ دیدار لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی کوردستانی تورکیا.
ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕ لە مەریوان خۆپیشاندانێک کرا کە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە شارەکەدا. بوو بە تەقە لە نێوان تێکۆشەران و هێزی شۆڕشگێڕ لەلایەک و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی ترەوە. ئەو ڕۆژە کاک فوئاد لە مەریوان نەبوو.
ڕۆژی ٢٦ی پووشپەڕ شورای شاری مەریوان پێکهات و کاک فوئاد ئەندامی شورا بوو.
ڕۆژەکانی ٢٤ تا ٢٦ی پووشپەڕ گفتوگۆی چڕوپڕی شورای شاری مەریوان کە کاک فوئاد بەڕێوەبەری بوو، لەگەڵ فەرماندەی پادگانی مەریوان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکان بەردەوام بوو. کاک فوئاد لە زۆر سەرچاوە و لەوانە لە چەند ئاشنایەک بۆ کۆ کردنەوی زانیاری و جموجۆڵی رژیم بۆ نموونە لە ناو پادگانی مەریوان کەڵکی وەر دەگرت.
٣١ی پووشپەڕ هەتا ١٤ی گەلاوێژ (٧/٢٢ هەتا ١٩٧٩/٨/٥) کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە هاتنە ناو شاری پاسداران. ئەو ماوەیە لێوان لێوە لە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی مەریوان، کوردستان

و زۆرێک لە تێکۆشەران و ئازادیخوازانی ئێران و کاک فوئادیش ئەستێرە پرشنگدارەکەی ئەو تاریخە بێ وێنەیە بوو.

ڕۆژی ٥ی گەلاوێژ ڕێپێوانی سەدان تێکۆشەری شاری سنە بەرەو مەریوان بۆ پشتیوانی لە کۆچی خەڵکی مەریوان و هەروەها بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە زیندانی کردنی ژمارەیەک لە هاوڕێیان لە پادگانی مەریوان، دەستی پێکرد.

ڕۆژی ٧ی گەلاوێژ ڕێپێوانی سەدان کەس لە شارەکانی سەقز، بانە و بۆکان هەر بەو مەبەستە بەرەو مەریوان دەستی پێکرد.

ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژ وتاری کاک فوئاد بۆ خەڵکی مەریوان لە کانی میران ؛ ئەم قسەو باسە بریتی بوو لە لێکدانەوەی کۆبەندی ئاکامەکانی کۆچ، قازانج و زەرەرەکانی، وتووێژەکان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی و ئەوەی کە کاتی کۆتایی هێنان بە کۆچ و گەڕانەوە بۆ ناوشاری مەریوان هاتووە.

ڕۆژی ١٥ی گەلاوێژ کاک فوئاد پێی خۆش ئەبێت لەگەڵ کەس و کار بێت. ئەو ڕۆژە ئاخرین دیداری بنەماڵەکەمان لەگەڵ کاک فوئاد بوو. دایکمان زۆر نیگەران بوو، وەک ئەوەی دڵی خەبەری دابێت کە کارەسات چاوەڕوانی خۆی و ڕۆڵە ئازیزەکانییەتی. بە کاک فوئادی گوت: "ڕۆڵە گیان زۆر ئەترسم و ترسەکەم تەنیا لە رژیم نییە، بەڵکوو دەست و پێوەندەکانیشی بە خوێنی تۆ تینوون. ئەترسم بەڵایەکت بە سەردا بێنن و وەک سمایلی شەریفزادە تەنیا عەکسەکەت بۆ من بمێنێتەوە"! کاک فوئاد زۆر ئارام و لە سەرەخۆ وەڵامی دایکمانی دایەوە و گوتی: "دایە گیان ڕێز و حورمەتم هەیە بۆ هەستی دایکانەت، بەڵام بیر لەوانە مەکەوە. مندالەکانی تر بە دەورتەوەن".

شەوی ١٥ی گەلاوێژ لە ئاوایی گوێزەکوێرە لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکیەتی جووتیاران کۆبوونەوە دەکات و باسی پەیوەندی خۆی و کۆمەڵەیان بۆ دەکا.

ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ کاک فوئاد لەگەڵ هاوڕێ عوسمان ڕەوشەن توودە بە سەفەر چوونە سنە. لەگەڵ ئەو کەسانە هاوسەفەر بوون (یەحیا دەوەنداری، ساڵە سەرداری، حەمید فەرشچی، حەسەن شەعبانی و . .) کە دەچوون بۆ یەکەم فێرگەی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە لە گوندی گۆڕەمەڕ لە ناوچەی سەردەشت.

ڕۆژی١٧ی گەلاوێژ کاک فوئاد سەفەری خڕی ناوزەنگ دەکات بۆ سەردانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مام جەلال.

ڕۆژی ١٩ی گەلاوێژ دەگەڕێتەوە گۆرەمەڕ.
ڕۆژەکانی ٢٠ و ٢١ سەردانی بۆکان و مەهاباد دەکات.
ڕۆژی ٢٢ی گەلاوێژ کاک فوئاد و هاوڕێ عوسمان ڕەوشەن توودە لە پاوە و لە مانگرتنەکەی "قۆری قەڵا" ئەبن. کاک فوئاد لەوێ قسە دەکا بۆ مانگرتووەکان.
ڕۆژی ٢٣ بە دوای ئاڵۆز بوونی دۆخی پاوە و چەند ناوچەیەکی‌تر، دیسانەوە سەردانی یەکیەتی نیشتمانی دەکات.
ڕۆژی ٢٤ کاک فوئاد لە گۆڕەمەڕ هاوڕێیانی کۆمەڵە ئەبینێت. هاوڕێیان رازی دەکات وەڵامی بانگهێشتنی حیزبی دێموکرات بدەنەوە و بەشداری بکەن لە ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ لە شارۆچکەی ڕەبەت. هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە لەوێ وتار دەخوێنێتەوە و کاک فوئادیش بەشداری دەکات.
کاک فوئاد و هاوڕێیان برایم عەلیزادە و حوسەین مورادبەیگی (حەمە سوور) یش لە گۆڕەمەڕ دەبن کە هەواڵی شەڕی کەرەفتووی ناوچەی دیواندەرە و گیانبەخت کردنی هاوڕێ یەحیا خاتوونی دەبیستن. خێرا کۆبوونەوەیەک دەکەن وباسی ئەوە دەکرێت کە جەمعییەتەکان چۆن بەشداری بکەن و کۆمەڵە چی بکات. قسەوباس زۆر کراوە و بۆچوونی جیاواز هەبووە؛ یەکێک لە هاوڕێیان پێشنیاری دەنگ دان دەکات. کاک فوئاد دێتە ناو قسەکە و ئەڵێ "ئەبێ ئێمە ڕاستەوخۆ وەکوو کۆمەڵە بەشداری بکەین و هیچ پێویست ناکات دەنگ بدەین. چەند کەسێک بێن منیش لەگەڵیان دەڕۆم." لەگەڵ چەند کەسێک ئەچنە شاری بانە؛ لەوێ بە هاوڕێ محەممەد موهتەدی (کوڕی کاک سەعد) ئەڵێ کە پێوەندی لەگەڵ مامۆستا شێخ جەلال حوسەینی بگرێت بۆ یارمەتی لە شەڕی کەرەفتوودا.
ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژ کاک فوئاد لە بانەوە ئەچێتە سەقز و کەرەفتوو کە شەڕ تەواو ببوو.
ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ لە جەمعییەتی سەقز کۆبوونەوە ئەبێت و کەسانێک باسی پشتیوانی کردن لە یەکیەتی جووتیاران دەکەن. لەوێ کاک فوئاد ئاخر کەسە کە قسە دەکات و ئەڵێ: یەکیەتی جووتیاران دەوری خۆی گێڕا و تەواو بوو، ئێستا ئەبێ خۆمان ئامادەکەین بۆ بەرەنگار بوونەوەی هێرشی رژیم بۆ سەر کوردستان.
ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژ بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە لە بۆکان کۆدەبنەوە و ڕاگەیاندنە بە ناوبانگەکەی کۆمەڵە "گەلی کورد لە بواری تاقیکردنەوەدا" (خلق کرد در بوتە آزمایش) دەنووسرێت کە بیرۆکەی کاک فوئاد بووە.


ارتش مواضع دموکراتها را درهم کوبید
فواد سلطانی
یکی از سران معروف
دموکراتها کشته شد
۱۲ صفحه
کیهان
امام: ما پیروز میشویم
جلال طالبانی
برای مهاجمان
سلاحهای سنگین
و آذوقه فرستاد
نظرات
آیت‌الله
العظمی
شریعتمداری
درباره
مسائل روز
طرح نهائی
استقلال
دانشگاهها
تهیه شد
شرکت
۴۵ حزب
و گروه
سیاسی در
راهپیمائی

**ڕۆژنامەی کەیهان لە هەواڵی سەرەکی خۆیدا باسی شەهیدبوونی کاک فوئاد دەکات**

ڕۆژی ٣٠ی گەلاوێژ کاک فوئاد دەچێتە بانە.
ڕۆژی ٣١ ی گەلاوێژ بەشداری دەکا لە کۆبوونەوەی جەمعییەتەکان لە شاری بانە. ئەو ڕۆژە تەلەفون ئەکات بۆ سنە بۆ ماڵێک کە مەلەکە و حیشمەت لەوێ دەبن. لەگەڵ مەلەکە بە پەرۆش بوونی خۆی بۆ زیندانییەکانی پادگانی مەریوان ڕادەگەیەنێت و ئیسرار دەکات هەر چی زووتر بچنەوە بۆ مەریوان و بە هەموو هێز و تواناوە بەشداری مانگرتنەکەی بەر دیژبان بکەن و تێبکۆشن بۆ ئازادی زیندانییەکان.
ڕۆژی ١ی خەرمانان کاک فوئاد بەشدار بووە لە کۆبوونەویەکدا لە شاری بانە سەبارەت بە هاوکاری هێزە سیاسییەکان کە مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.
ڕۆژی ٢ی خەرمانان کۆبوونەوەی هەموو هێزە سیاسیەکانی ئێران واتە کۆمەڵە، حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەی چریکە فداییەکان و هیتریش بوو لە سەر چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی هێرشی ڕژیم بۆ سەر کوردستان.
ڕۆژی ٣ی خەرمانان تیرباران کردنی ٩ تێکۆشەر لە پادگانی مەریوان بە ناوەکانی ئەحمەد و حوسەین پیرخزری، بەهمەن ئەخزەری، جەلال نەسیمی، فایەق عەزیزی، ئەحمەد قازیزادە، عەلی داستانی، ئەمین و حوسەین مستەفا سولتانی کە برامانن.
ڕۆژی ٤ی خەرمانان خەبەری ئێعدامەکانی مەریوان ئەدرێت بە کاک فوئاد.
ڕۆژی ٥ی خەرمانان کاک فوئاد لەگەڵ کاک برایم جەلال کە بەرپرسێکی یەکێتی

نیشتمانییە و لە نێوان ٢٠ تا ٣٠ پێشمەرگەی لەگەڵدایە، بە ماشین دەچنە ناوچەی مەریوان. لە لای ئاوایی وشکەڵان ئەگەن بە هاوڕێیانی یەکیەتی جووتیاران و تێکۆشەرانێک کە لە شاری مەریوان هاتبوونە دەر.
ڕۆژەکانی ٦ ـ ٧ی خەرمانان کاک فوئاد بەردەوام لە گەڵ ئەو هاوڕێیانە خەریکی کۆبوونەوە دەبێت و هێزی چەکدار سەر لە نوێ ڕێک دەخرێتەوە. هەروەها باسی نەقشە و پلانی گرتنی پادگانی مەریوانیان لەگەڵ دەکات.
ڕۆژی ٨ی خەرمانان کاک فوئاد، کاک برایم جەلال، کاک تەهموورس ئەکبەری (چریکی فیدایی)، بەڕێز شێخ عوسمان خالیدی و کاک ناسێح کوڕی لە وشکەڵانەوە بە سەر جادەکەدا بە نیازی چوون بۆ بانە دەکەونە ڕێ. بە هۆی ئاوەدان بوونەوەی پاسگای قەمچیان لە لایەن ڕژیمەوە، ڕێگاکەیان دەگۆڕن و درەنگانی شەو دەگەنە ئاوایی ئاگجە.
ڕۆژی ٩ی (١٩٧٩/٨/٣١) خەرمانان لە ئاگجە دەردەکەون بە نیازی ئەوە کە لە سەر جادەی مەریوان ـ سەقز ماشین بگرن و بەرەو بانە بڕۆن. دەوروبەری کاتژمێر ١٠ی بەیانی بە پیلانێکی گومان لێکراو لە لایەن ڕژیمەوە لە نێوان ئاواییەکانی بستام و کانێعمەتدا لەگەڵ هێزێکی زۆر لە جاش و پاسدار بە سەرکردەیی چەمران دەرگیر دەبن. کاک فوئاد و کاک تەهموورس دوای چەند سەعات شەڕ و بەرەنگار بوونەوە گیانیان بەخت کرد.
شایانی باسە ئەو ڕۆژانە و بە تایبەت ڕۆژی ٩ی خەرمانان وەزعی ناوچەکە زۆر نائاسایی و ئاڵۆز بوو. پەیتا پەیتا هێلیکۆپتەر بە سەر ئاوایی ئەڵمانەدا لە هات و چوودا بوون. ئەم هاتوو و چووە ئەوندە زەق و بەرچاو بوو کە دایکمان لە ناو شین و ڕۆی کاک حوسەین و کاک ئەمیندا زوو زوو ئەیگوت: "تەیارەی چەمران شانەو شان ئەکا، داوای جوانەکان مەریوان ئەکا".
ڕۆژی ١٠ی خەرمانان بەیانی تەرمەکان دێننەوە مەریوان. کاتژمێر یازدەی بەیانی تەرمی کاک فوئاد گەیشتەوە ئەڵمانە و لە ناو ڕێز و خۆشەویستی بنەماڵە و خەڵکێکی زۆردا لە گۆرستانی "تاڵەسوار" لە لای دوو برای ئازیزی ترمان کاک ئەمین و کاک حوسەین بە خاک سپێردرا. هەر ئەو ڕۆژە ڕادیو تاران لە دەنگوباسی کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆدا وەکوو هەواڵێکی گرینگ گیانبەخت کردنی کاک فوئادی ڕاگەیاند.

# سەفەرێکی بێ گەڕانەوە

لەم بەشەدا دەمانەوێت لە نزیکەوە سەرنجی ئەو سەفەرەی کاک فوئاد بدەین لە بانەوە بۆ مەریوان و دیسانەوە بەرەو بانە، کە نزیکەی شەش ڕۆژی خایاند و زۆر بەداخەوە لە ئاکامدا و پێش گەیشتنەوە بە بانە گیانی بەختکرد. ئێمە پێمان وایە ئەم ورد بوونەوەیە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی ئەو ناوچەیەی کاک فوئاد و هاوڕێیانی تێدا بوون و هەروەها بۆ ئەوەی باشتر بتوانین هەلومەرجی سیاسی و ئاسایشی شوێنەکان هەڵسەنگێنین و نیشانی بدەین کە ئەم کارەساتە ناتوانێت بە ڕێکەوت و تەنها ڕووداوێک بێت وەکوو ژمارەیەکی زۆری ڕووداوی هاوچەشن کە دواتر لە کوردستان هاتنە پێش.

<u>ڕۆژی ٣ی</u> خەرمانان "شەهریوەر" ١٣٥٨ (١٩٧٩/٨/٢٥) نۆ تێکۆشەر لە پادگانی مەریوان ئێعدام دەکرێن. ( لەوانە دوو برای ئێمە کاک حوسەین و کاک ئەمین).

<u>ڕۆژی ٤ی</u> خەرمانان خەبەری ئێعدامەکان دەگاتە شاری بانە کە کاک فوئاد لەوێیە. بە وتەی برایم جەلال (بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە کتێبەکەی خۆیدا "ئەو کەرتە پێشمەرگەیەی کە لەگەڵ مندابوو خەلیل و هاواری براشم لەگەڵ فوئادی سوڵتانی و نزیک بە دە پێشمەرگەی ئەوانیش لەسەر داوای کاک فوئاد بە سەیارە لە شاری بانەوە ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢٦ ڕێکەوتین بەرەومەریوان. . . "

کاک فوئاد لە گەڵ برایم جەلال و ژمارەیەک پێشمەرگە بە ماشین بەرەو دێهاتی ناوچەی سەرشیوی مەریوان دەکەونە ڕێ. لەلایەن کۆمەڵەوە کەسی لەگەڵ نابێت. برایم جەلال لە وتووێژەکەی لەم کتێبەدا ئەڵێ: "ئێمە بە ماشین ڕۆیشتین و دەوری ٢٥ تا ٣٠ پێشمەرگەی خۆمم لەگەڵدا هات".

<u>ڕۆژی ٥ی</u> خەرمانان کاک فوئاد لای پێشمەرگەکان و جەماعەتی مەریوانە کە لە شار هاتوونەتە دەر و لە شوێنێک سەربە ئاوایی وشکەڵان کۆبوونەتەوە.

ڕۆژەکانی دوای ئێعدامی ئەو ٩ خەباتکارە لە مەریوان، هێزی جاش و پاسدار وردە وردە و زۆر بە خۆپارێزییەوە دەچنە ناو شاری مەریوان و لە دەرەوەی شار و لەسەر جادەکان هیچ جموجۆڵێک بەدی ناکرێت. کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی مەریوان لە شار دەردەکەون و لە گەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە (یەکیەتی جووتیارانی مەریوان و هەورامان) لە شاخێک سەر بە ئاوایی وشکەڵان کۆدەبنەوە.

کاک فوئاد کە لە سەفەری بانە هاتووەتەوە لەگەڵ ئەوان یەکدەگرێتەوە. ئەمانە پێشمەرگە و کادر و چالاکانی سیاسی یەکیەتی جووتیاران و کۆمەڵە و کەسانی سەربەخۆن کە نزیکەی ٧٠ کەسێک ئەبن.
<u>ڕۆژی ٦ی</u> خەرمانان کاک فوئاد بەردەوام لە گەڵ هاوڕێیانی مەریوان چەندین کۆبۆونەوە دەکات و هێزی چەکدار سەر لە نوێ ڕێک دەخرێتەوە. دوای ئەنجامدانی کارەکان و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، کاک فوئاد بە شێخ عوسمان خالیدی پێشنیار دەکات لەگەڵ ئەو و برایم جەلال بچن بۆ بانە.
<u>ڕۆژی ٧ی</u> خەرمانان دوای جێبەجێکردنی کارەکان بەرەو گوندی قامیشلە دەکەونە ڕێ و شەو لە ماڵی عەبە کۆمەڵە ناوێک دەمێننەوە. بە شێخ عوسمان ڕادەگەیەنێت کە لەگەڵی بچێت لەبەر ئەوە کارێکی تایبەتی بۆ لەبەرچاو گرتووە.
<u>ڕۆژی ٨ی</u> خەرمانان کاک فوئاد و شێخ عوسمان و کاک برایم جەلال کە لە لایەن یەکێتی نیشتمانییەوە بۆ یارمەتی کاک فوئاد هەر لە بانەوە لە گەڵی هاتبوو بڕیار ئەدەن بچنە سەر جادەی مەریوان — بانە (ملەی قەمچیان) و لەوێ سواری ماشین بن بەرەو بانە. شێخ عوسمان دەگێڕێتەوە کە: "مەنتەقە بەتەواوی ئارام بوو و هیچ باسی هاتنی هێزی دوژمن لە ئارادا نەبوو. لە کاتی کەوتنەڕێدا کاک تەهموورس ئەکبەری کە پێشمەرگەی چریکە فیداییەکان بوو هاتە لامان و داوای کرد کە لەگەڵمان بێت تا بانە و هەروەها ناسێحی کوڕیشم داوای کرد لە گەڵ من بێت. ساحێب ماڵ یانی کاک عەبە کۆمەڵەمان لە گەڵ هات کە تا دۆزینەوەی جادەکە ڕێنوێنیمان بکات."
شێخ عوسمان لە گێڕانەوەکەیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێ: " لە درێژەی ڕێگەکەماندا گەیشتینە کانیئاوێک بە ناوی "کانیکون". لە پڕێکدا دوو هێلیکۆپتەر پەیدا بوون و لە سەر گەردەنەی قەمچیان کە کۆنە پاسگا بوو هێزیان دابەزاند . . . کەوابوو بەرنامەکەمان تێک چوو، بە خەیاڵیشماندا نەهات کە ئەم ئاوەدان کردنەوەی پاسگایە باری ئەمنی جادەکەی تێکداوە و ئاڵووگۆڕێک لە ڕێچکەی سەفەرەکەماندا پێویستە. بە پێچەوانەی ئەو فیکرانە هەر لە سەر بەرنامەی خۆمان کەوتینە ڕێ. بە زەحمەتێکی زۆر و دوای دوو سەعاتێک لە تێپەربوونی شەو گەیشتینە سەرجادەکە. بۆیە بووین بە دوو بەش و بە ئیحتیاتەوە و بە دوو شوێندا ڕۆیشتین و دوایی یەکمان گرتەوە و لێشمان مەعلووم بوو کە پاسگای ناو گوندی قەمچیان، چۆڵە و ئاوەدان نەکراوەتەوە. لاماندا بۆ ئاگجە، درەنگانێک لە شەو گەیشتینە

ئەوێ. خەبەر و باسمان پرسی کوێخا وتی : کەسێکمان ناردوە بۆ خەبەر بەیانی هەموو خەبەرێکمان بۆ دێتەوە. دوای نان و چای خواردن و بە بێ هیچ ئیحساسی خەتەرێک و بە بێ نیگابان هەر هەموومان تا بەیانی خەوتین."
لە هەموو ئەم ڕێگایەدا کە هاتوون بەپێی گێڕانەوەی برایم جەلالیش ماشین هاتوچووی نەکردووە نە لە مەریوانەوە و نە بەرەومەریوان! برایم جەلال ئەڵێ: "کە چووینە ئەوێ (ئاوایی ئاگجە) پرسیمان خەبەر و باس؟ وتیان هیچ نیە تەنیا هێزەکانی حیزبی دێموکرات هاتوون لەم ناوە بڵاو بوونەتەوە."
<u>ڕۆژی ٩ی</u> خەرمانان بەیانی کە لە ئاگجە لەخەو هەڵدەستن، چاوەڕوانی ئەو کەسە ناکەن کە کوێخا شەریف بۆ خەبەر ناردبووی بگەڕێتەوە و بە گوتەی شێخ عوسمان "بەیانی درەنگانێک" و بە واتای برایم جەلال "بەیانی زوو سەعات شەش" دەکەونە ڕێ. لە درێژەدا شێخ عوسمان دەڵێ: "لە خوارەوەی دێ گەیشتینە چەکدارێک بە ناوی سالح کە خۆی بە پێشمەرگەی دیموکرات ناساند و وتی هەموو جادە تا بانە بە دەست دێموکراتەوەیە و بەردەوام ماشینی پێشمەرگە هاتوچوو دەکات. ئەم خەبەرە زیاتر بێ خەمی کردین لە دوژمن و چووینە سەر جادە و بەرەو چایخانەی کانێعمەت ڕێکەوتین.
بە هیوای ئەوە کە تووشی ماشینێک ببین، تا نزیکەی چایخانە و کۆنە پاسگای کانێعمەت ڕۆیشتین. لەو ماوەدا جادە چۆڵ بوو و هاتوچووی هیچ جۆرە ماشینێکمان نەدەدی. لە نزیک پاسگاکەوە بە دیققەت و بە دووربین سەرنجی کۆنە پاسگامان دا بەڵام هیچ جووڵەیەکمان تێیدا نەدی." برایم جەلال ئەم بەشە بە جۆرێکیتر باسدەکات: " هەتا نزیک بووینەوە بە پاسگایەک. ئەو پاسگایە زۆر بە باشی لە بیرمە پاسگای کانێعمەتیان پێ ئەوت. من لە دوورەوە هەستم بە جووڵە لە پاسگاکەدا دەکرد دووربینم پێبوو. بە دووربینەکە سەیرم کرد وتم کاک فوئاد ئەمن حەرەکەت دەبینم بەڵام ناتوانم جیای کەمەوە لە یەک.. ئەویش تەماشای کرد وتی وایە، خەڵکی تێایە بەڵام ئەوان لە دێیەکە بە ئێمەیان گوت حیزبی دێموکرات لەو ناوە بڵاو بوونەتەوە ئیحتیماله ئەو حەرەکەتە هی ئەوان بێ. . . کابرایەک لە ناو چەمەکەوە بەرەوڕووی ئێمە هات گەیشتە من وتی کاکە ئەوە ئێوە چەند نەفەرن وتم ئێمە زۆرین بۆ؟ وتی هەر ئەوندەن؟ وتم نەخەیر قووەتەکەمان لە دواوەیە. کاک فوئاد پرسی کاکە چ هەیە لەم ناوەدا؟ هیچ خەبەرێک باسێک؟ وتی هیچ نییە بەڵام ئاگایشتان لە خۆتان بێت باشە." شێخ عوسمان هیچ باسێک

لەم کابرایە ناکات و بە سەرنجدانە ئەوەی کە تەنانەت شێوەی ڕۆیشتنەکە و ئەوەی کێ لە پێشەوە و کێ لە دواوە بووە بە دوو شێوەی جیاواز باسی دەکەن، وادیارە گێڕانەوەی شێخ عوسمان وردترە. بە گوتەی شێخ عوسمان ناسێح لە پێشەوە بووە و دواتر برایم جەلال، تەهمورس، کاک فوئاد و دوای هەمووشیان شێخ عوسمان خۆی بووە.
لێرە بەولاوە وردەکارییەکانی شەڕەکە لە گێڕانەوەکەی شێخ عوسماندا هاتووە لە ژێر سەردێڕی " گێڕانەوەی بەڕێز شێخ عوسمان خالیدی لە ڕووداوەکە".

بە واتای شێخ عوسمان دوای دوو سەعاتێک و بە قسەی برایم جەلال دوای زیاتر لە چوار سەعات تەقە کراوە. دواتر هێلیکۆپتەر دێن و لە شوێنی شەڕەکە دەنیشنەوە و دوای ماوەیەک دەڕۆن و ماشینەکانیش بەرەو سەقز ڕێدەکەون. کاک شێخ عوسمان دەڵێ کە تەرمەکانی کاک فوئاد و تەهموورس گوێزرابوونەوە لای چەمەکە. واتە هەر ئەو شوێنە کە هێلیکۆپتەر لێی نیشتووەتەوە.

. . .


ڕۆژی ١٠ی خەرمانان شێخ عوسمان دەچێتە ئاگجە. تەرمەکان گوێزراونەتەوە بۆ مەریوان. بنەماڵەی کاک تەهموورس کە لەوێ ئەژین تەرمەکەی وەردەگرن و کاک فوئادیش ئەبەنەوە بۆ ئەڵمانە . . . رادیۆ تاران لە دەنگ و باسی سەرەکی خۆیدا سەعات دووی دوای نیوەڕۆ هەواڵی گیانبەختکردنی کاک فوئاد ڕادەگەیەنێت.


**چەند تێبینی گرینگ:**

ئێمە کە ئەو ڕۆژە هەمووومان لە ئەڵمانە بووین ئاگاداری هاتنی چەند هێلیکۆپتەر بووین کە بەردەوام بە سەر ئەڵمانە و دەوروبەردا دەسووڕانەوە. ئێمە بە باشی لەبیرمانە کە دایکمان واتە دایە بەهیە لە ناو شیوەن و ڕۆڕۆی دوو براکەی ترمان واتە حوسەین و ئەمیندا بەردوام ئەمەی دەگوتەوە: "تەیارەی چەمران شانەو شان ئەکات، داوای جوانەکان مەریوان ئەکات" . . .
لە ٣ تا ٩ی خەرمانان ژمارەیەک ماشین لە نێوان ئەڵمانە و مەریواندا هاتوچوویان دەکرد و موسافیریان دەهێنا و دەبرد. بەڵام چەند ماشینێک ئەو ڕۆژانە زۆر نائاسایی و بە شێوەیەکی بەرچاو هاتوچووەکانیان زیاتر کردبوو.
لە ڕۆژەکانی ٤ تا ٩ خەرمانان سێ چوار جار هێزی چەکداری جاش و پاسدار

هێرشیان هێنا بۆ ئەڵمانە، وەزعەکە وابوو هیچ کام لە براکان بە شەو و بە ڕۆژ نەیاندەتوانی لە ماڵ بن. لە پەنای ئەم هێرشە نیزامییە بە ئاشکرایەدا سیخوڕ و جاسووسەکان چالاک بوون. هات و چووەکان ئەوندە زۆر بوون کە بۆ هەموو کەس ئاشکرا بوو ئەمانە خەبەر دێنن و دەبەن.

## نەخشە





عراق
IRAQ
ساوجی
SAVOJI
چناره
CHENAREH
مریوان
MARIVAN
سروآباد
SARVABAD
بسطام
کانعست
آگچه
گوکجه
قمچیان
برده‌رشه
وشکله
قامیشله
توت‌سرخان
تراق‌تپه
اسحاق‌آباد



# گێڕانەوەی بەڕێز شێخ عوسمان خالیدی لە ڕووداوەکە

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست**

بەڕێزان شێخ عوسمان خالیدی، برایم جەلال و ناسێح خالیدی تەنها کەسانێکن کە شایەتحاڵی ڕووداوەکە و هاوسەفەری کاک فوئاد بوون و خۆشبەختانە لەژیاندا ماون. ئێمە بەتایبەتی بۆ ئەم کتێبە پێمان خۆش بوو ڕاستەوخۆ لە زمان ئەوانەوە ڕەوتی ڕووداوەکان و لێکدانەوەیان ببیستین.

کاک برایم جەلال لە کتێبەکەی خۆیدا "چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە" (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) باسێکی کردووە. جگە لەوەش لە سلێمانی دیدارمان لەگەڵ سازدا و قسەکانی ئەو یەکێکە لە چاوپێکەوتنەکانمان لەم کتێبەدا.

بەداخەوە نە جەنابی شێخ عوسمان و نە کاک ناسێح ئامادە نەبوون بۆ

گفتوگۆیەک لەگەڵمان. بەڵام بەڕێز شێخ عوسمان سەرەتای ساڵی ٢٠١٠ وتارێکی لە سەر سایتی "هەڵوێست" بڵاوکردەوە کە وەڵامێک بوو بە کتێبەکەی کاک ڕەشاد مستەفا سولتانی. ئێمە لێرەدا دەقاودەق ئەو بەشەی وتارەکەمان داناوە کە بەڕێزیان بەوردی ڕەوتی ڕووداوەکە و چۆنییەتی سەفەرەکە لەگەڵ کاک فوئاد دا دەگێڕێتەوە:

عوسمان خالیدی

ڕەخنەی شایەدحاڵێک لە کتێبی "کاک فوئاد ڕێبەر، سیاسەتمەدار و زانایەکی سیاسی"

کاک ڕەشاد موستەفاسوڵتانی لە ساڵی ٢٠٠٧ ی زاینیدا کتێبێکی بەناوی "کاک فوئاد ڕێبەر، سیاسەتمەدارو زانایەکی سیاسی" لە باشووری کوردستان بۆ دووهەمجار چاپ کردووە. کاک ڕەشاد لەم کتێبەدا هەوڵی داوە کە گۆیا بیروبۆچوون، کەسایەتیی و چالاکییەکانی کاک فوئادی شەهید بە خەڵک بناسێنێت. من ئەم کتێبەم تا چەند مانگ پێش نووسینی ئەم نوسراوەیەم نەدیبوو و کاتێک کتێبەکەم دەستکەوت و هەندێک لە بەشەکانیم چاولێکرد و زیاتر و زیاتر لە سەر ئەو بابەتانەی، کە من بۆخۆم ئەو کاتە لە گەل کاک فوئاد بووم، و کاک رەشاد باسیان دەکات، دیقەتم کرد بە پێویستم زانی کە ئەم چەند دێرەی لە سەر بنووسم.

## کارەساتی دڵتەزێنی شەهیدبوونی کاک فوئاد

کاتێک کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەهریوەری ١٣٥٨ دا هەوڵیاندا شاری مەریوان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، ئێمە وەک کورد خاوەن هیچ نەخشە و بەرنامەیەکی ڕێکوپێک نەبووین. لەو ڕۆژانەدا هەرکەس ئیحساسی ئەمنییەتی نەکردایە شاری جێ دەهێشت. ئێمەش کۆمەڵێک پێشمەرگە لە شاخێک سەربە ئاوایی وشکەڵانی سەر بە شاری مەریوان کۆببوینەوە و لەوێش لە گەل کاک فوئاد کە لە سەفەری بانە هاتبووەوە یەکمان گرتبۆوە. ئەو ڕۆژانە زۆر سەخت و دژوار بوون. تەنیا چەند ڕۆژێک پێشتری بوو کە کۆمەڵێک مرۆڤی بێتاوانیان، لەوانە دوو لە براکانی کاک فوئاد، بێرەحمانە لە پادگانی مەریوان گوللەباران کردبوو. تەنانەت لەوەش گرنگتر کەس نەیدەزانی چارەنووسمان بەرەوکوێ دەچێت. هیچ ئەزموونێکی شاخ و کێو و شەڕمان نەبوو.

کاک فوئاد هێزە چەکدارەکەی ڕێکوپێک کرد و ئەوەندەی کرابێت بەرنامەیان بۆ خۆیان دانابوو کە چی بکەن. کە کارەکەی تەواو بوو لێم پرسی ئەی کاری من دەبێت بە چی؟ لە جوابمدا وتی پێتوایە کاری خۆم چیە؟ منیش وتم مەعلومە کاکە، هەرێمێک پێشمەرگەت دروست کردووە و بۆ خۆشت فەرماندەی هەرێمی. لە جوابمدا بە مەتانەتی هەمیشەییەوە وتی ئەگەر من فەرماندەی هەرێم بم تۆیش بەرپرسی سیاسیی هەرێمی.

دوای ئەم قسە و تەعارفانە بەرەو گوندی قامیشلە ڕێکەوتین[٧ی خەرمانان] و هەر بەدەم ڕێوە قسەی جیدی لە بەینماندا دەستی پێکرد و شەویش لە ماڵی عەبە کۆمەڵە ناوێک، درێژەمان بەقسەکاندا. پێشنیاری بۆ من ئەوە بوو کە لە گەلی بچم بۆ بانە و گوایە لەوێ کارێکی تایبەتی بۆم لە بەرچاو گرتبوو. لەسەر ئەو پێشنیارە قسەی زۆرمان کرد و سەرئەنجام منیش رازی بووم لەگەڵی بچم.

بەیانی کە لە خەو هەستاین[٨ی خەرمانان] پرسیاری چۆنییەتی سەفەرەکەم کرد. کاک فوئاد وتی من و تۆ و کاک ئیبراهیم جەلال، کە کادری یەکیەتی بوو و بۆ یارمەتی کاک فوئاد هەر لە بانەوە لە گەلی هاتبوو، دەچینە سەرجادەی مەریوان بانە (ملەی قەمچیان ) و لەوێ سواری ماشین دەبین بەرەو بانە. مەنتەقە بەتەواوی ئارام بوو و هیچ باسی هاتنی هێزی دوژمن لە ئارادا نەبوو. لەکاتی کەوتنەرێدا کاک تەهمورس ئەکبەری کە پێشمەرگەی چریکە فیدایەکان بوو هاتە لامان و داوای کرد کە لەگەلمان بێت تا بانە و هەروەها ناسیحی کوریشم داوای کرد کە بۆهەرکوێ دەچم،لە گەل من بێت. بەو شێوەیە لە سێ کەسەوە بووین بە پێنج کەس. لەو پێنج کەسە جگە لە کاک فوئاد خۆی، هیچ کەسی ترمان پێشمەرگەی کۆمەڵە نەبووین. جیاواز لەوەش غەیری ئیبراهیم جەلال هیچ کام لە ئێمە تا ئەو کات توشی شەر لە گەل حکومەت نەبوو بووین. بەهەر حال بەو وەزعەوە و بە خەیاڵی سەفەرێکی ساکاری چەند سەعاتە، بەرەو بانە رێکەوتین. ساحێب ماڵ یانی کاک عەبە کۆمەڵەمان لە گەل هات کە تا دۆزینەوەی جادەکە رێنوێنیمان بکات. کاتێک کە عەبە کۆمەڵە لە دوورەوە جادەکەی نیشاندابن ماڵئاوایمان لی کرد و ئەویش گەراوە بەرەوماڵی خۆی.

لە درێژەی رێگەکەمان گەیشتینە کانیئاوێک بە ناوی "کانیکون". خەریک حەساندنەوە لە دەوری کانییەکە بووین کە لە کوتووپردا دوو هەلیکۆپتر پەیدا بوون و لە سەر گەردەنەی قەمچیان کە کۆنە پاسگا بوو هێزیان دابەزاند بۆ

ئاوەدانکردنەوەی پاسگاکە، ئەو شوێنەی کە ئێمە بەتەمابووین بچینە ئەوێ و لەوێوە سواری ماشین ببین. کەوابوو بەرنامەکەمان تێک چوو بەڵام هیچ بیرمان لە گۆرانی مەسیر نەکرد و هیچمان بە خەیاڵێشماندا نەهات کە ئەم ئاوەدانکردنەوەی پاسگایە باری ئەمنی جادەکەی تێکداوە و ئاڵوگۆریک لە مەسیری سەفەرەکەماندا پێویستە. بە پێچەوانەی ئەو فیکرانە هەر لە سەر بەرنامەی خۆمان کەوتینە رێ کە بە شێوەیەک دەوری ئەو گەردەنەیە بدەینەوە و لە شوێنێکی تر بچینە سەر جادە و درێژە بە سەفەرەکەمان بدەین.

رێگاکە بەڵەد نەبووین، کاک فوئاد و ئیبرایم جەلال کەسێکیان بۆ شارەزایی پەیدا کرد کە هەندێک رێنوێنیکردین و گەراوە. بەهەرحاڵ بە زەحمەتێکی زۆر و دوای دوو سەعاتێک لە تێپەربوونی شەو گەیشتینە سەرجادەکە. ئەو شوێنە لە جادەکە تەنیا ٥٠ تا ٦٠ میتر دەبوو تا ناو گوندی قەمچیان کە پێشتریش پاسگای تێدا بوو. لەو شوێنە کەوتینە سەر خەیال کە ئایا ئەم پاسگایەش ئاوەدان نەکراوەتەوە؟ بۆیە بووین بە دوو بەش و بە ئیحتیاتەوە و بە دوو شوێندا رۆیشتین و دوایی یەکمان گرتەوە و لێشمان مەعلووم بوو کە پاسگای ناو گوندی قەمچیان چۆڵە و ئاوەدان نەکراوەتەوە.

بەو هیوایە کە دوای ماوەیەکی کورتی تر دەگەینە چایخانەی حەمەخان و لە وێ دوای ئیسراحەت سواری ماشینەکەی دەبین، درێژەمان بە رۆیشتندا. بەڵام بەداخەوە کە گەیشتینە ئەوێ چایخانە داخرابوو و ئاوەدانی لێ نەبوو. لە پێشدا ویستمان شیشەیەک بشکێنین و بچینە ژوور و خواردن بخۆین و پارەیان بۆ بەجێ بێڵین بەڵام لە بەر مەترسی ئەوەی کە تووشی هێزی گەرۆکی دوژمن ببین، ئەوکارەمان نەکرد.

چارەمان نەبوو جگە لە درێژەدان بە رویشتن و لەو مەسیرەدا نزیکترین گوند بە جادەکە ئاگجە بوو و دوای ماوەیەک لێ نزیک بووینەوە و لاماندا بۆ ئاگجە. درەنگانێک لە شەو گەیشتینە ئەوێ، خەڵک خەوتبوون و کوێخا شەریف کەمین بوو. دەنگی داین و دوای خۆناساندن چووینە ماڵی کوێخا شەریف. خەبەر و باسمان پرسی کوێخا وتی : کەسێکمان ناردوە بۆ خەبەر بەیانی هەموو خەبەرێکمان بۆ دێتەوە. دوای نان و چای خواردن و بە بێ هیچ ئیحساسی خەتەرێک و بە بێ نیگەبان هەر هەمووومان تا بەیانی خەوتین.

بەیانی درەنگانێک،[٩ی خەرمانان] هێشتا ئەو کەسەی کوێخا شەریف کە، بۆ

خەبەر ڕۆیشتبوو نەگەرابوەوە، لە ئاگجە هاتینە دەرو بەرەو جادە رێکەوتین. لە خوارەوەی دێ گەیشتینە چەکدارێک بە ناوی سالح کە خۆی بە پێشمەرگەی دیموکرات ناساند و وتی هەموو جادە تا بانە بە دەست دیموکراتەوەیە و بەردەوام ماشینی پێشمەرگە هاتوچوو دەکات. ئەم خەبەرە زیاتر بێ خەمی کردین لە دوژمن و، چووینە سەر جادە و بەرەو چایخانەی کانیعمەت رێکەوتین. لای هیچ کەسمان نەبووە پرسیار کە ئەگەر بەم رۆژە رووناکە و لە سەر ئەو جادە و بەو بێ تەجرەبەییە تووشی هێزێکی دوژمن بووین چیمان پێ دەکرێت؟ هیچمان نەمان دەپرسی کە ئەگەر سوار ماشین بووین و لەگەڵ هێزی دوژمن رووبەروو بووین چ دەکەێن؟ لە بەر بێ تەجرەبەیی یان هەر شتێکی تر بووبێت بە هەر حاڵ لەم شتانە بیرمان نەدەکردەوە.

بە هیوای ئەوە کە تووشی ماشینێک ببین، تا نزیکەی چایخانە و کۆنەپاسگای کانیعمەت رۆیشتین. لەو ماوەدا جادە چۆڵ بوو و هاتوچووی هیچ جۆرە ماشینێکمان نەدەدی. لە نزیکەی پاسگاکە بە دیقەت و بە دووربین سەرنجی کۆنە پاسگاماندا، بەڵام هیچ جوڵەیەکمان تێیدا نەدی. بۆ ئیحتیات و بە پێشنیاری کاک فوئاد، لەو پێچەی ئاخری پێش گەیشتن بە پاسگا و چایخانەی کانیعمەت، چووینە چەمەکە کە پێمان کەم خەتەر تر بوو، غافڵ بووین لەوەی کە سێ ماشین چەکداری دوژمن کە لە مەسیری مەریوانەوە بەرەو سەقز دەرۆن گەیشتوونەتە نزیکیمان. لە چەمەکەدا بە فاسیلەی ٢٠ میترێک لە یەک تر و بەم تەرتیبە ناسێح، برایم جەلال، تەهمورس، کاک فوئاد و منیش ئاخر کەس رێکەوتین. چەم و شیوەکە بە شێوەیەک بوو کە هەندێک جار دەکەوتینە پێش چاو و ژێر کونترۆڵی جادە و هەندێک جاریش ئەکەوتینە پەناو و لە ژێر سەیتەرەی جادەکەدا نەئەماین.

رێک لە لەحزەیەکدا کە تازە ناسیح و ئیبرایم جەلال لە تەختایی و ڕووتەنیک کە لە ژێر کونترۆڵی جادەکەدابوو، تێپەرببوون و هێشتا تەهمورس و کاک فوئاد و من لە ناو تەختاییەکەدابوین کە سێ ماشینە چەکدارەکەی دوژمنمان لە سەر جادە لێ پەیدا بوو. یەک جیب و دوو زیل کە رەنگە بەینی ٦٠ تا ٧٠ کەسێکی تێدا بووبێت. هەر لە جادەکەوە ئیستیان داین و کەوتینە بەر دەسرێژی چەکەکانیان. لەو شوێنە تەنیا دوو داری لێ بوو و ئێمەش لە پشتی ئەو دوو دارە سەنگەرمان گرت. کاک فوئاد و تەهمورس لە پشت دارێک و منیش

لە پشت ئەودارەکە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە چەکی من ویزیەک بوو بە ٣٠ فیشەکەوە. تەقەکردن لە هەر دوو لا تا نزیکەی دوو سەعاتێک بەردەوام بوو.
دوای دووسەعاتێک تەقەی تفەنگی کاک فوئاد و کاک تەهمورس نەما. نەمدەزانی چیان بەسەر هاتووە؟ شەهید بوون؟ بریندارن؟ تەقەمەنییان لێ براوە؟ منیش بۆخۆم تەنها ٤ فیشەکم پێ مابوو. چاویشم لێ بوو کە هێزەکانی دوژمن خەریکن بە ئیحتیاتەوە دێنە پێشەوە، رەنگە لە بەر ئەوەی کە هەستیان کردبوو کە دەنگی چەکەکانی ئێمە نەماوە. کات و ساتێکی زۆر هەستیارم هەبوو و دەبوا بریاری ئاخر و چارەنووس سازی خۆم لە یەک لەحزەدا بدایە. پێم وانییە هەموو کەس بە ئاسانی لەو هەلومەرجە حەساس و سامناکە و لە بریاردانەی من لەناو ئەو شەڕو گوللەبارانەدا تێبگات.
دەبوا بە گورجی بڕیاری خۆم لە سەر یەک لەم ئاڵتەرناتیڤانە بدایەت کە بریتیبوون لە یەک لەم حاڵەتانە: یەکەمیان ئەوەبوو کە خۆم بکوژم، کارێک کە هەم لەباری فیکری و هەم لەباری دینییەوە بە دروستم نەدەزانی. دووهەم ئەوەبوو کە خۆم تەسلیمی دووژمن کەم، کارێک کە جیاواز لە هەموو ئێش و دەردی خۆ تەسلیم کردن بە دوژمن، گومانیشم لەوەدا نەبوو کە لەماوەیەکی کورتدا و بە بێ حورمەتی تەواوەوە وەک ئەو بێ تاوانەکانی تری مەریوان گوللەبارانم دەکەن. تەنیا شتێک بە نەزەرم گەیشت ئەوە بوو کە ئەو جێگایەم بگۆرم بۆ یەک لە شوێنە نەدیویەکانی نزیکم. پێم وابوو یان لەو گۆرانی شوێنەدا دەکوژرێم یان فرسەتێک پەیدا دەکەم کە نەجاتم بدا. هەر کام لەم دوو حالەتەم پێ باشتر بوو لە خۆ کوشتن یان خۆ بە دەستەوەدان.
ئیتر لە دڵەراوکێ ساغ بوومەوە و بە هەموو هێزێک کە ئەمتوانی ٢٠ تا ٣٠ میتر بەرەو نەدیوییەک کشامەوە. لەو فاسیلەدا کەوتمە بەر گوللەباران بەڵام هیچم بەرنەکەوت. نەدیویەکە شۆڕەبی‌یەکی چڕو پڕی تێدا بوو و دوای ئەوەش ماوەیەک روتەنی بوو. لە ناچاری و بێ ماتڵ بوون چوومە سەر شۆڕەبییەکە و خۆم مات کرد. سێ کەس لە چەکدارەکانی دوژمن تا نزیکەی شۆرەبییەکەش هاتن بەڵام لە ناکاو دوو هەلیکۆپتەر پەیدا بوون کە راکیتبارانی شیوەکەیان دەکرد. بە دەنگی راکیتبارانی هەلیکۆپتەر چەکدارەکان کشانەوە. ئەمجارەش و لە راکیتبارانەکەشدا هیچم لێ نەهات. یەک لە هەلیکۆپتەرکان لای هێزەکانی دوژمن نیشتەوە و چەکدارەکانیان کۆ کردەوە. هەستم کرد رەنگە بۆ کۆکردنەوەی

بریندارو کوژراویان بێت. دوای ماوەیەکی کورت هەلیکۆپتەر هەستاو ئەو شوێنەی بەجێ هێشت و بەدوای ئەویشدا سێ ماشینەکە بەرەو سەقز ڕۆیشتن.
دوای ڕۆیشتنی دوژمن و لە گەڕانەوەم بەرەو شوێنی شەڕەکە تووشی کەسێک بووم کە بە گریانەوە لە باوکی دەگەرا. لە گەل ئەو برادەرە چووینە جێگای شەڕەکە و، بەداخێکی گرانەوە، تەرمی کاک فوئاد و کاک تەهمورسی لێ بوو کە گوێزابوونییانەوە بۆ نزیک چەمەکە و بەجێیان هێشتبوون.
گەرچی خۆم باوک بووم و کوڕێکی ١٩ ساڵەشم لەم شەڕەدا لە گەڵ بوو و نەم دەزانی ئایا کوژراوە، بریندارە یان بە دیل گیراوە و هەموو باوکێکیش هەست دەکات کە ئەبێت چ حاڵێکم بوو بێت بەڵام بەراستی بۆ ماوەیەک غەم و ئێشی کوژرانی کاک فوئاد وا تەزاندمی کە هەر لە بیرم چووەوە کە کورەکەم لە ناو ئەو هەموو گولەبارانەدا بێ سەروشوێنە. جیاواز لە ئێشی لە دەستدانی دوو هاوسەنگەرم، مەرگی کاک فوئاد زۆر تایبەتی بوو بۆم. تەواوی ئەو خاتراتانەی ئەو ماوەیە لە پێش چاومدا دەهات و دەرۆیشت. پێم وابوو هیچ کەسێکی تر و بە هاسانی ئەو جێگایە پر ناکاتەوە و وادیارە بە هەڵەشدا نەچووم. جیاوازلەوەش هەستم دەکرد لای من جێگایەکی زۆر تایبەتی هەبوو و بەم هاسانییە نابمەوە بە خاوەن دۆست و هاوکاری تر وەک کاک فوئاد.
دوای ماوەیەک گریان و شیوەن لەو برادەرە پارامەوە کە یارمەتیم بدات و لە سەر جادەکە راوەستێت، بەڵکوو بە ماشینێکدا جەنازەکان بنێرینەوە، بەڵام حازر نەبوو ئەو یارمەتیەم بدات. داوام لێ کرد کە بچیت و لە ناو دێ یارمەتیم بۆ بنێرێت، قەولی دا بەڵام هیچ کەس نەهات. هەندێک لە ناسێحی کوڕم گەڕام بەڵام هیچ ئاسارێکی دیار نەبوو. بەتەنیا و بەو وەزعە شپرزەوە و دوای ئەو شەرە نابەرابەرە و ئەو خەسارەتە گەورەیە، لای ئێوارە رووم لە ئاوایی کانیعمەت کرد کە بەڵکو یارمەتیم بدەن بۆ ناشتن یان ناردنەوەی جەنازەکان بەڵام ئەو شەر و تەقە و راکتبارانە و شایعەی هاتنی دوژمن وای لە خەڵک کردبوو کە یەک تاکە کەسیش حازر نەبوو یارمەتیم بدات.
لە گوندی کانیعمەت چەکدارێکیشم دیت کە خۆی وەک پێشمەرگە دەناساند. کارەساتەکەم بۆ باسکرد و داوای کۆمەکم کرد. کابرا وتی خەڵکی ئەودێیە وادەزانن ئەو شەرەی ئێوە دەبێتە هۆی هاتنی دوژمن و ئەوەتە هەموو هەڵدێن و بەو شیوەدا دەرۆن. شوێنیان کەوتم بە ناشارەزایی و بە مەینەت و بە تەنیا

تا درەنگێکی شەو لە دەوری کانیعمەت لە یارمەتی خەڵک گەڕام کە بە داخەوە هیچ فایدەی نەبوو. لە ئاخری ئەو شیوە و لە قلیشە بەردێکدا دانیشتم کە پشوویەک بدەم، بەڵام لە ماندوویدا خەوملێکەوت و بە دەنگی سەرلەبەیانی ئاڵفکەنەوە خەبەر بوومەوە. رێگای ئاگجەم لێ پرسین و بەرەو ئاگجە رێکەوتم بەو هیوایە کە بەڵکوو لەوێ یارمەتیم بدەن. بەداخەوە لەوێش هەرچی هەوڵمدا کە یارمەتیم بدەن بۆ ناشتنی تەرمەکان یان ناردنەوەیان بۆ مەریوان بەڵام هیچ کەس حازر بە یارمەتیدانم نەبوو. لای نیوەڕۆ ئاگادار کرام کە تەرمەکان گوێزراونەتەوە بۆ مەریوان.

بێگومان هەڵسەنگاندنی ڕووداوی لەو چەشنە پێویستی بە زانیاری و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی چڕوپڕە بەڵام ئەوەندەی کە من بیرم لێ کردوەتەوە، ئەم ڕووداوە جگە لە قەزاوقەدەر هیچ شتێکی تر نەبوو. ئەگەر سەبەب دەخیل بێت لە تەقدیردا هەڵە و نەزانینی خۆمان بۆ چاوپۆشی نابێت دیارە هەر کەس بە قەدەر بەرپرسایەتی خۆی. هەرچۆن بێ سەفەرێکی ناخۆش، کارەساتێکی دڵتەزێن و خەسارەتێکی گەورەبوو بە لای منەوە. هیوادارم رۆحی ئەو ئازیزانە شاد و جێگایان بەهەشتی بەرین بێت، ئینشائەڵا.

**ئوپسالای سوید، ٢٠١٠/١/١٦**



# گفتوگۆ لەگەڵ کاک ئیرەج فەرزاد

**یوتەبۆری- سوئێد ٢١٢/١١/١٦**

**پرسیار**: کاک ئیرەج تۆ کەی لەگەڵ کاک فوئاد ئاشنا بوویت؟

**ئیرەج فەرزاد**: ئاشنایی من لەگەڵ فوئادا بەر لە جەرەیانی سیاسی و فرە دێرینەترە . ئەو وەختە کە باوکم لە مەریوان کارمەند بوو، پەیوەندیی خانەوادەگیمان بوو. دوایە هاتینەوە سنە من کلاسی دوو بووم، فوئاد کلاس سێ بوو لە دەبستان 'چواری ئابان'. دواتر چووینە دەبیرستان [ناوەندی] کە ئەو ساڵێ بەرلەمن بوو، من ساڵی ١٣٤٦ دیپلۆمم سەند ئەو ساڵی ١٣٤٥ (١٩٦٦). فوئاد زۆر مەشهوور بوو بۆ زیرەکی لە دەرسدا، ئیتر هەمیشە موعەلیمەکان، لە کلاسەکاندا باسیان ئەکرد کە کەسێک هەیە بە ناوی فوئاد مستەفا سوڵتانی نابغەیە و

زۆر زیرەکە. وەختێکیش دیپلۆمی وەرگرت بوو بە شاگرد ئەوەڵی ئۆستانی کوردستان. کە ساڵی ئەوەڵ لە ئیمتحانی چوونە ژوورەوەی دانشگادا قەبووڵ نەبوو، وەک شۆکێک بوو بۆ ئێمە و گشت ئەو کەسانە کە دەرسمان ئەخوێند؛ پێمان سەیربوو کە فوئاد چۆن لە کۆنکور قەبووڵ نەبووە. بەهەرحاڵ ساڵێک هاتەوە ئاڵمانە دەرسی خوێندو ساڵی دوایی واتە ١٣٤٦ لەبیرم نییە بوو بە کەسی شەشەم یا هەشتەمی ئێران و لە دانشگای سەنعەتی تاران قەبوڵ بوو. منیش ئەو ساڵە قەبوڵ بووم و چوومە بەشی ئیقتسادی دانشگای تاران. لەو وەختەوە دەستمانکرد بە فەعالییەتی سیاسی کە دواتر تەشکیلاتێکمان دروست کرد لە پاییزی ساڵی ١٣٤٨ (١٩٦٩)دا، نزیکی و ئاشنایی دێرینەی هاوکلاسی و هاومەدرەسەیی ڕواڵەتی سیاسیشی پەیدا کرد.

**پرسیار:** پێش گیرانەکانی ١٣٥٣[١٩٧٤] ئایا چوونە زیندان چ تەئسیراتێکی بوو لەسەر ڕۆحیە و نەزەرات و بۆچوونی ئێوە لەناو زینداندا.

**ئیرەج فەرزاد:** حەقیقەت ئەوەیە تا بەر لە گیرانمان فوئاد ببوو بە ئۆتوریتەی ئێمە لە نەزەر ئەوەی کۆڕ و ڕەفیقەکان بە دەور یەکەوە ڕێکبخات و پەرەی پێبدات. ئەمە لە پرۆسەی هەڵبژاردنێکدا نەبوو، لەبەر سەرکوتی ڕژیم و یان لانیکەم بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە بە مەخفی بڕۆێن کۆنگرە بگرین و بەرنامە و ئەساسنامە، ئەندامگیری و ئۆرگانگەلی ڕەهبەریمان دیاری بکەین و فلانە کەسەکە دەبیری مەرکەزییەتی ئێمەبێت. ئەم ئۆتوریتە و هێژمونی سیاسی — ڕەهبەرییە لە پراکتیکی فەعالییەتەکانمان پێکهاتبوو؛ مەعلووم بوو کە فوئاد ڕەهبەری ئێمەیە. فوئاد یەکێک لەو کەسانەیە کە لە سەرەوەیە لە ڕێکخراوەدا بەکردەوە و بە نەریتیش.

هەر لەبەردی بناغەوە ئێمە بڕیارماندا، مەسەلەن ڕۆمان خوێندن و کتێب خوێندن و ئەمانە کەبوو، بەو نەتیجە گەیشتین لە پاییزی ساڵی ١٣٤٨دا، کەدەبێ ئێمە ڕێکخراوەێک دروست بکەین.

ئێمە هەر ئەو وەختە کە لە ساڵی ١٣٤٨ [١٩٦٩] دەستمان کرد بە فەعالییەتی ڕێکخراو، خۆمانمان بە ڕەوت و سازمانێکی مارکسیست، چەپ و کۆمونیست پێناسەکرد. بەشی ئەوەڵ فەعالترین دەورەی سیاسی ئێمە کە بریتی بوو لە دووبارە نووسینەوەی بەرهەمەکانی لێنین و بەوە دەستی پێکرد. هەر بۆیە فرە

شتمان بۆ روون بوو؛ مەسەلەن چینی کرێکار حیزبی گەرەکە، ئێمە کۆمونیستین، لایەنگری رێبازی لێنینین، رەخنەمان لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هەر ڕەخنەکەی لێنینە. من لە بیرمە کە لە زیندان کتێبێکی ئینگلیسی بوو چاپی پروگرێس، سەبارەت بە ئیقتساد و تەفاوەتی ئیقتسادی سوسیالیستی و سەرمایەداری. من و فوئاد ئەم کتێبەمان خوێندەوە. لە بیرمە فوئاد نەقدێکی کرد، ئەحساست دەکرد ئەگەرچی کتێبی کاپیتاڵی نەخوێندبووەوە، وەلی لە بەرهەمەکانی لێنین وەریگرتبوو. ئەو بووچوونی ڕەخنە دژ بە سەرمایەداری کە بە جۆرێک لە نەقدی مارکس ولێنین لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دەچوو، لای ئێمە هەبوو. حەتتا من لە بیرمە وەختێک فوئاد باسی کۆمەڵگای شوورەوی [سۆڤییەت] ئەو وەختەی ئەکرد، ڕەخنەکە هەر ئەوە نەبوو کە ئەمانە ڕێڤیزیونیستی خرۆشچۆفین وەک ئەوەی لە چین ئەیانکرد، لە بیرمە لە وەختێکا باسی ئەوەی ئەکرد کە کۆمەڵگای شوورەوی لەبەر ئەوە کە هێزی کار کاڵایە، خرید و فرۆش دەکرێت ( بە رێگای دەوڵەتەوە)، تەئسیرێک لە رابیتەی کار و سەرمایەدا ناکا. ئەم نەقدە بە نەزەری من نەقدێکی تیژ بوو و خودی ئەوە نیشان ئەدا هەم فوئاد وەک شەخس موتەعەلیق بەم ڕەگەی مارکسیستی و کۆمونیستیە و هەم ئەو تەشکیلاتەیش کە فوئاد لە رەئسیدا بوو.

لەو دەورانەدا، فوئاد یەکێک لەوانە بوو، دەی نووسی و نووسراوەکانی تەئسیری بوو، بەداخەوە هیچ ئەسەرێک لەوانە نەماوە، ئەم چەند ساڵەی بەسەردا هاتووە بەڵام کە چەند دێڕێکت دەخوێندەوە کاملەن مەعلووم بوو ئەمانە فوئاد نووسیویە.

تا ماوەیەک، شایەد ساڵەکانی پەنجا [حەفتاکان] کە ئیدی تەقریبەن شەڕ و بزووتنەوەی چریکی شاری دەستی پێکرد، بەوە گەیشتبووین کە مەرزبەندی لەگەڵ خەتی چریکدا بکەین. کە ئەمە حەرەکەتێکی جیا لە خەڵک و جیا لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی و شۆڕشی چینی کرێکار و ئەوانەیە. هەروەها ئەوەی کە لە باری تیئۆریشەوە، لەو نامیلکانەدا نووسیبومانەوە، گەیبووین بە ڕەددی خەتی چریکی. بەم جۆرە کە ئێمە خەریکی خوێندنەوە بووین، دەورانی شەڕی چریکی دەستی پێکرد. مەرزبەندییەکانمان ڕوون بوو، کە ئێمە تەرەفداری خەتی چریکی نین. شتەکە لە لای خۆمانەوە ئەوە بوو کە بەهۆی پەرەگرتنی خەت و خوێندنەوە و چالاکبوونمان، وردە وردە هەڵسوڕاوان و لایەنگرانێک، کە وەک ئێمە فکر دەکەنەوە، توێژی زەحمەتکێش و کرێکار و ئەمانە نزیک دەبنەوە؛ کار

گەیشتە پرسی حیزبێکی سەراسەری کومونیستی.

**پرسیار:** لە ناو خۆتاندا لەسەر ئەو بۆچوونە یەکدەست بوون؟

**ئیرەج فەرزاد:** یەکدەست بووین لەسەر ئەوە کە ئەمە خەتمانە. کە شۆڕشی چین لە ١٩٤٩دا سەردەکەوێت، هەڵسوڕانی ئێمە لە کاتێکدا بوو کە شەڕی لێک جیابوونەوەی کۆمونیسمی چین و ڕووسیەی خۆرۆشچۆف لەو پەڕی خۆیدا بوو. ئێمە حەتتا بەبێ ئەوە کە خۆمان بزانین هەر لە ئەوەڵەوە دوورنمایەکی سەربەخۆمان هەبوو. لە دوای ساڵەکانی ١٣٤٩و ١٣٥٠ [١٩٧١- ١٩٧٠] جۆرێک هاوتەریب بووین لەگەڵ کۆمونیسمی مائۆدا. ئێمە باسی ئەوەمان دەکرد، کە دەبێ لایەنگر و هاوفکرەکانمان لە ناو کەسانێکدا پەیدا بکەین، کە زەحمەتکێش و کرێکارن. ئەوکات بەر لە گیرانمان، باسی ئەوەمان کردبوو، کە دەبێ وردە وردە کارێکی وابکەین، کە ژیانی زەحمەتکێشی، بەتایبەت کار لە ناو کارخانەدا، وەک پرۆفێشناڵ هەڵبژێرین. وای لێهات کە لەم ئاخرانەدا، پێش ئەوەی بگیرێین، ئیرتیباتمان بوو لەگەڵ کۆڕگەلێک، کە هەم وەک ئێمە فکریان دەکردەوە، هەم ئاراستەی کرێکارییان بوو. سەعید یەزدیان زووتر ئیرتیباتی بوو لەگەڵ [بهروز نابت] بێهروز نابت؛ ئەو چریک بوو، گوتبوی هەرچییەکتان لێ گیرا، ڕەبتی بدەنەوە بەمن. ئەم بێهروز نابیتە لە ژێر کاریگەری ئەو گەرایشەدایە، عەقیدە بەوە پەیدا دەکات کە دەبێ لە ناو زەحمەتکێشدا بێت.

**پرسیار:** ئەگەر کەوتنە زیندان، هێشتایش هەر ئەو بۆچوونەتان بوو؟

**ئیرەج فەرزاد:** هەر ئەو بۆچوونەمان بوو. ئێمە کاتێک کەوتینە زیندان، ساڵی ١٣٥٣، من جاری سێهەمم بوو دەگیرام، بەڵام فوئاد دەفعەی ئەوەڵی بوو.

وەختێک ئێمەیان گرت، یەکێک لەو بەڵێنیانەی دابوومان بە یەکتر ئەوە بوو کە ئێمە هەوڵ بدەین دەستگیرییەکە بەربەست کەین و تەشەنە پەیدا نەکا. وەختێ ئەو کەسانە گیران و لەسەر ئێمە ئیقرار کرا و چووینە زیندان، باسەکەمان ئەوە بوو کە ئیتر لەوە نەترازێت. یانی ئەگەر مەسەڵەن ئیقرار لە سەر ئەوە کرا ڕەفێقێکم وتبووی فلانە کتێبم لە ئیرەج یان فوئاد وەرگرتووە، ئیتر لەو حەدە ئیقرارە تەجاوز نەکات و ئەمانزانی شکەنجە فرەتر لە ڕێگەماندایە وەلێ بەربەستمان دەکرد. بەهەر حاڵ ئێمە وەختێک شکەنجە ئەکریان من و فوئاد

دیوار بە دیوار بووین ئەو لەگەڵ کۆڕێکدا کە موعەلیمی هومایون کەتیرایی بوو، کە بەڕاستی مەقاوەمەتی باشی کرد پێکەوە بوون، بە مورس و عەلامەت قسەمان ئەکرد بەیەکەوە. لە کاتی شکەنجەکردندا لێیان ئەدابن و پامان ئەماسی. لە بەر ئەوە عوفوونەت نەکات و موشکڵیان بۆ دروس نەکات.. هەوڵیان ئەدا پانسمانی بکەن [برینەکان بپێچنەوە] هەم بۆ ئەوە کە شوێنەواری شکەنجەکان نەمێنێ هەم بۆ ئەوەی دیسانەوە ئەشکەنجە بکرێت. کە ئەیانبردین بۆ ئەو شوێنە، قسەمان ئەکرد، هەر چەند داپۆشرابووین، بەڵام ئەمانزانی ئەمە فوئادە ئەمە شوعەیبە، ئەمە تەییب عەباسی- ڕۆحوڵلاهی کە خەریکین ئەڕۆین بۆ ژووری پانسمان. لە ژێر داپۆشەکەمانەوە لەگەڵ فوئاد و شوعەیب قسەکانمان بەیەکەوە ئاڵ و گۆڕ ئەکرد. بۆ نموونە ئەو کتێبگەلەم داوە بە تۆ یان تۆ ئەو کتێبگەلەت داوە بە من، لەوێ قسەکانمان ئەکرد بەیەک، یان مەسەڵەن لەگەڵ سەعید یەزدیان. ئێمە وامان جۆر دەکرد کە دژایەتی لە قسەکانماندا نەدەهاتە پێش لە پرسیارکردنەکاندا. خودی ئەمە کۆمەکێ فرەی کرد بەوە کە باوەڕیان بە قسەکان ئەکرد. ئیتر ئەمە مەودای دەستگیرکردنەکانی زۆر مەحدوود کرد و باقی تەشکیلات ساخ مایەوە.

من و فوئاد بە فاسیلەی ڕۆژێک، پێموایە مانگی ڕەزبەر [مهر]ساڵی ١٣٥٣ [١٩٧٤] گیراین؛ ئەوەندەی لەبیرم بێت منیان لە سەقزەوە هێنا، فوئادیشیان لە سنەوە هێنا. کاتێک من چوومە لێپرسینەوە لە دادگادا، دیم فوئاد لە بەر درگای ژوورەکە دانیشتووە، پای باندپێچی کرابوو. دیار بوو ئەو هەر ئەو ڕۆژە هێنابوویان و ئەشکەنجەیان کردبوو، زۆریان لێدابوو. من چوومە ژوورەوە. فوئادیش لە ژوورەکە لە سەر کورسییەک دانیشتبوو، من کەوتمە لای فوئاد. من هێواش چپاندم بە گوێی فوئاددا، گوتم ئەرێ کەرە گیراوە؟ کەرە مەنزورمان سەدیق کەمانگەر بوو. فوئاد سەری بەرز کردەوە، گوتی نا.

کە ئێمە دەچووینە ژووری برین پێچ[پانسمان]، هەم چاوبەستیان لە سەر چاومان دادەنا، هەمیش ڕووپۆشەکەیان دەدا بە سەرماندا. دەستمانیان دەگرت و دەیان بردین. جاری وابوو لە ڕێگادا بەیەک دەگەیشتین، یانی مەسەلەن من دەستم دەنا سەرشانی فوئاد، یان فوئاد دەستی دەنا سەرشانی شوعەیب، دەچووین لەوێ دەماندی.

ڕۆژێک دیمان عەبدوڵڵا موهتەدی و تەییب و من و فوئاد و شوعەیب لەوێین.

منیش ئیدی دوو سێ جار گیرابووم، نیگابانێک کە ئێمەی دەبرد، وەیدەزانی هەر لە ئەوەڵ دەفعەوە کە من گیراوم، لە ژووری تاکە کەسیدام. نەوعە ئیحتیڕامێکی تایبەتی بۆ من هەبوو، من دەستمکرد بە قسەکردن، فوئاد لای دەستمەوە بوو. خۆلاسە قسەمان ڕەد و بەدەڵ دەکرد: "من ئەوەم نووسیەوە لەسەر تۆ"، ئەویش دەی گوت: "ئیرەج مەسەلەن لە زەماوەندێکدا لە گوێزە کوێرە یەکترمان دیوە، ئاشنایی خانەوادەگیمان هەیە"، ئاوا دەلیل ئاشنایمان نووسیوە. ئەو وەختە: "تۆ شوعەیب ناناسی، ئیرتیباتی موستەقیمت نەبووە".

نیگابانەکە زانی کە ئێمە قسە دەکەین، قسەکردنیش مەمنووع بوو. سەرپۆشەکەی فوئادی لابردو گوتی" تۆ قسەت کردوە، من خۆم گوێم لێ بووە و شاهیدبووم. فوئادیان برد بۆ ژووری لێکۆڵینەوە؛ ئەو نیگابانەی کە خەریک بوو فوئادی دەبرد، ئاشناییەکی لەگەڵ مندا هەبوو. منیش یەکسەر ڕوسەرییەکەم لە سەرم لابرد و گوتم" نا بابە هیچ نەبووە، ئێمە هاوشارین، قسەیەکمان نەکردوە، قسەی سیاسیمان نەکردوە، فەقەت سڵاو و ئەحواڵپرسیمان کردە وە. نیگابانەکە پێکەنی و گوتی "دەفعەیەکی تر وانەکەی".

لە ڕەوتی ناو ئەو ژووری لێپرسینەوەدا بوو کە بێهروز نابیتیان هێنابوو. پەیامی دابوو بە سەعید یەزدیان گوتبوی هەرشتێکتان نەتوانی بیانووی بۆ بدۆزنەوە، یان بۆتان نەشاردرایەوە، بۆئەوە کەسی تر پێوە نەبێت، بیخەنە ئەستۆی من.

**پرسیار:** ئەو بۆخۆی حوکمی درابوو؟

**ئیرەج فەرزاد:** ئەو خۆی حوکمی درابوو، زۆر مەحکەم بوو لە لێکۆڵینەوەکاندا؛ بێهروز نابیت بە ناوبانگ بوو کە ئەم کابرایە هیچ ناڵێت و هیچی لێ هەڵناوەرێ. ئەوە کۆمەکێکی زۆری کرد بە ئێمە، مەودای گیرانەکان بەربەست کرا. ئێمەش ئیقراری لەوە زیاترمان نەکردبوو، کەبڵێین بە کێمان داوە، هەر ئەوانەی گیراون. ئێمە کاتێک کەوتینە زیندان، ئەو فکرەمان بوو. بە دەرەجەیەکیش بڕێک لە کادرەکانمان بۆ نموونە، کەسێک وەک شوعەیب زەکەریایی، کە پێشتر لە کارخانەی تواندنەوەی ئاسندابوو، ڕاگەیاندنێکیان نووسیبوو، لەگەڵ هاوڕێیەکی تردا، لە دیفاع لە کرێکارانی ئەو کارخانەدا؛ کە گیرا و مەحکووم کرا بەساڵێک زیندان لە ئیسفەهان. کاتێک لە زیندان هاتە دەرێ، دوای ماوەیەک پێناسەکەی خۆی دەستکاریکرد و چوو لە کارخانەیەکدا بوو بە کرێکار، لە کارخانەی کەوشی

بلا.

**پرسیار:** لە ناو خۆتاندا وەکوو جەمعی کۆمەڵە. ئەو کاتەی لە زینداندا بوون، ئایا لەو وردەکاریەدا، لەشێوەکاردا یەک دەست و هاوڕا بوون، یان بۆچوونی جیاوازتان هەبوو؟

**ئیرەج فەرزاد:** ئێمە ساخ بووین لە سەر ئەوە، کە ڕێگایەک کە گرتومانەتە پێش، لە زیندان بێینە دەرەوە، ئیدامەی دەدەین. کە ئێمە هاتینە دەرەوە لەزیندان، باسێک هەبوو: هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگای ئێران. ئایا کۆمەڵگای سەرمایەداریە، ئایا کۆمەلگای نیوە کۆلۆنیال[مستعمره]، نیوە فیئۆداڵە، ئایا ڕێگای شۆڕش لە ئێراندا، ڕێگەی شۆڕشی چینی کرێکارە دژی سەرمایەداری؟

**پرسیار:** ئەوە لەناو زیندانیشدا مەترەح بوو؟

**ئیرەج فەرزاد:** بە دەرەجاتێک، نەک بڵێم زۆر تیئۆریک، بەڵام نەوعێک لایەنگری ئولگووی چین بووین. گەمارۆی شارەکان لە ڕێگای دێهاتەکانەوە، پێکهێنانی ئەرتەشی خەڵکی، شەڕی درێژ خایەن، جۆرێک لەوە بوو بە بۆچوونمان.
کاتێک نووسراوەی "کۆمیتەی ئینقیلابی حیزبی تودە" لە تاران گەیشتە دەستمان و خوێندمانەوە، خۆلاسەی شێعری توتنەوانی مەلا ئاوارەی تێدابوو؛ باسی بۆ پێشەوە بەرەو حیزبی نوێی چینی کرێکاریان کردبوو. جوان لە بیرمە لە ماڵێکدا بووین، من و عەبدوڵڵا و فوئاد دانیشتبووین، ئەو نووسراوەمان دەخوێندەوە، لە دەرەوە چاپ کرابوو، زۆر چاپێکی باش. لە بیرمە، کاک فوئاد گوتی: بەهەق خودا، بەهەق پێغەمبەر (ئەمە تەکیە کەلامی بوو)، لەگەڵ ئەمانە دەبین بە یەکێک، دیارە ئێمەش هەموو تەئیدمان دەکرد و شانازیشمان دەکرد. ئەوە بوو ئەوان گیران و چوونە سەر تەلەڤیزیۆن و ئەو بەسەرهاتەیان بوو کە دەزانن.
ئێمە ماینەوە خۆمان و بە پشت ئەستووری بەخۆمان و کارەکانی خۆمان. کاتێک لە زیندان هاتینە دەرەوە، لە بەر ئەو ڕێبازە سیاسیەمان، فکرێکی زاڵ کە بەسەر ئێمەدا حاکم بوو،ئەوەبوو کە بە شێوەی حیرفەیی [پرۆفێشناڵ] ژیانی زەحمەتکێشی بگرینە بەر. ئەوە کاکڵەی ئەساسی باسەکانی کۆنگرەی یەک بوو کە تەبیعییە دەیکێشا سەر تیئۆری، ئەگەر چی نەچووینە سەر باسی نەوعێک دوو قوتبی و هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگای ئێران؛ ئایا کۆمەڵگایەکی نیوە کۆلۆنیاڵ-

نیوە فیئۆداڵە، یان کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریە. بەڵکوو شتەکە ئەوە بوو کە تۆ لە ژیانی ڕووناکبیری وەردەگەڕێیت و ژیانی زەحمەتکێشی قەبووڵ دەکەی. بەڵام دیاربوو لە کۆنگرەی یەکدا، لێکدانەوەیەک کە باوەڕی بوو کۆمەڵگای ئێران سەرمایەداریە، ڕێگاکەی ئەوەیە لەگەڵ خەڵکدا پێوەندی بەرقەرارکەی و شەڕێکی تووڵانی بخەیتە ڕێ. ئەوە ڕێگایەک بوو بۆ هەڵاتن لەو هەڵبژاردنی ژیانی زەحمەتکێشیە.

**پرسیار:** یانی کاکڵەی باسەکە ئەوە بوو، ئایا ژیانی حیرفەیی هەڵدەبژێری، یان نایکەی؟ جا هەر کامێکی تیئۆریەکی بۆ دێنیتەوە؟

**ئیرەج فەرزاد:** دیار بوو ئەو تیئۆریە کە باوەڕی وا بوو، کۆمەڵگای ئێران نیوە کۆلۆنیال و نیوە فیئۆداڵە، بەو شێوە ژیانی زەحمەتکێشی هەڵدەبژێرێ و دەبێ جۆش بخوا لەگەڵ ژیانی خەڵکیدا؛ ئەوە مەقبووڵیەتی تیئۆریەکی زۆرتریشی بوو. بەڵام کەسێک کە ئەو کاتە بیگوتایە کۆمەڵگای ئێران سەرمایەدارییە، مەعنای ئەوەیە کە بۆ شۆڕشی چینایەتی لازم نییە تۆ ژیانی زەحمەتکێشی هەڵبژێری.

**پرسیار:** بەڵام ئەو کەسانەی وا ئەو بۆچوونەیان بوو، ئەو دوانەیان چۆن ڕەبت دەداوە بە یەک، یانی ئەوەی چونکە کۆمەڵگای ئێران سەرمایەداریە، لە بەر ئەوە ژیانی زەحمەتکێشی لازم نییە؟

**ئیرەج فەرزاد:** من لەبیرمە یەکێک لە هاوڕێکان کە ناوی نابەم، گوتبووی بە نەزەری من کۆمەڵگای ئێران سەرمایەدارییە. ئەو زۆر بە دوای کار و ژیانی زەحمەتکێشیەوە نەبوو، بەدوای کاری کارمەندیەوە بوو.

ئەگەر کەسەکە باوەڕی بەوە بوایە، کە نەخێر ئەمە کۆمەڵگای سەرمایەداریە و ئێمە لەم کاتەدا، شۆڕشەو خەڵک هاتوونە سەرشەقام و کرێکاران مانیان گرتوە، بۆ دەبێ ئێمە بڕۆین ژیانی زەحمەتکێشی بکەین. ئەگەر بەو شەهامەتەوە بوایە، دەیتوانی بڵێ تەحلیلەکەتان غەڵەتە؛ لەم جەنگەی شۆڕشەدا، لەم هەژانە کۆمەڵایەتیەدا، تۆ بڕۆی بە شێوەی ژیانی زەحمەتکێشی مەخفی بیت، ئەمە خزمەتێکیش ناکات بە پێکهێنانی حیزبێکی چینی کریکار. ئەگەر ڕابوەستایە لە پای قسەکەیدا، مومکین بوو باسەکانی کۆنگرە قوتبی بکاتەوە.

ئیتیفاقاتێک خاریج لەم جەمعەی کە لەکۆنگرەی یەکدا بووین لە کۆمەڵگادا

کەوت. ئەو جەماعەتە، هەر ئەو تێعدادە کەمە توانیان لە دۆخەکە تێبگەن. سەرەڕای هەر تەحلیلێک کە بوویان لەو ئاڵ و گۆڕانەدا کە لە ئێران و لە کوردستاندا بەتایبەت لە جەرەیاندا بوو، رۆڵێکی عەمەلی گەورەیان گێڕا.

هەرئەوکەسانە کە باوەڕیان بوو کۆمەڵگای ئێران سەرمایەداریە، دەبوو ماناکەی ئەوە بوایە کە، ئێستا بچێت لە ناو چینی کرێکاردا حیزبی چینی کرێکار دروست بکات. بەڵام بوونە ئەو کەسانەی کە هێزی چەکداری کۆمەڵەیان بار دەهێنا، یەکێک لە کەسانێک بوو کەفکری بەرەنگاربوونەوەی چەکداری لە کوردستان رێکخست.

ئێمە کە لە کۆنگرەی ئەوەڵی خۆماندا بووین، بەشی موهیمی *صورتجلسات* [ڕاپۆرتی قسەوباسەکان] من نووسیوومەتەوە، خەبەرمان پێگەیشت کە توتنەوانانی بانە مانیان گرتووە، کۆنگرە تەعتیل کرا؛ فوئاد وتی ئەبێ ئێمە ئێعلامیەیەک بنووسین بۆ خەڵک و زەحمەتکێشانی بانە، کوردستان و حەتتا سەراسەری ئێران. ئێمە ئەبێ دەخاڵەت بکەین؛ یان لە خەباتی جووتیارانی بێلو[مەریوان] بەر لە ئینقلاب، بەڕاستی بۆ فوئاد ئەم مەسەلە مەترەح نەبوو کە گوایە مەسەلەی جووتیار و مەسەلەی زەوی حەل نەکراوە و کەوابێت ئێمە بزووتنەوەی موسادرەی ئەرزی بخەینە ڕێگا. بەشداری کردن و نووسینی ئێعلامیەیەک بە لەهجەی مەریوانی کە هەر فوئاد خۆی نووسی (کە ئەو وەختە رەفێقەکانمان لە موکریان و مەهاباد و ئەوانە ئەیانوت ئەمە کوردی نییە ئێمە هەر حاڵی نابین، لە مەنتەقەی خۆماندا کەس حاڵی ناوێ ئەمە لەهجەی مەریوان و دێهاتی مەریوانە)، باش لە بیرمە ئەو وەختە سەید حوسەین پیرخزری کە ئەویش ئێعدام کرا کە زۆر خۆشەویست بوو لە ناو خەڵکدا، ئەو خوێندیەوە بە دەنگێکی فرە خۆش و لەهجەیەکی زۆر شیرین. یان پێکهاتنی یەکیەتی جووتیاران بوو بە بزووتنەوەیەک، ئەو وەختە فوئاد قسەیکرد ئەیوت یەکجار نەبێت، ئەویش مەسەلەی خانگای جوجو [مەریوان]، کە خودی فوئادیش وەختەبوو لە شەڕەکەدا بکوژرێت، تەقەیان لێکرد بەلای گوێیدا دەرچوو، ئەوە نەبێت کە کەمێک مەسەلەی زەوی مەترەح بوو، باقی حەرەکەتەکە سیاسی بوو بۆ ڕێکخستنی زەحمەتکێشان.

لە کۆنگرەی یەکدا، کە نزیکەی دوو حەوتوو زیاتری کێشا، لە نەغەدە و لە سنە، ئێمە لە دۆخی حکومەتی نیزامیدا کۆبوونەوەمان دەگرت، باسمان دەکرد، یەکترمان دادەماڵی لەسەر تەحلیلەکان، ڕەخنەمان لە یەک دەگرت. دروست هەر

لەو سەردەمە لە ناو کۆنگرەکەدا، ڕاگەیاندنمان دەرکرد. باسی دەخالەتکردن لە ڕێپێوانێکمان دەکرد، چ ڕاگەیاندنێک بنووسین! بەم جۆرە هەر ئەم جەمعە حوزووری بوو.
هەر لەو دەورانەدا جەرەیاناتێک بوون، باسەکانیان لە باری تیئۆریەوە، زۆر قوڵتربوو لە باسەکانی ناوخۆی ئێمە. زۆر تەحلیلی و تیئۆریکتربوون، زۆریش لە باری ڕێکخراوەیەوە یەکگرتووتر بوون. نووسراوەی ڕێکوپێکتریان دەردەکرد، بەڵام نەبوون بەهیچ!

**پرسیار:** ئیختلافەکە چی بوو کە ئێوە لەباری فیکریەوە کاری زۆرتان مابوو ئەنجامی بدەن. بەڵام ڕووداوەکان ناو کۆمەڵگا ڕۆژانە بەلافاو دەهات و زۆر بوو. چ شتێک بوو شادەماری ئیختیلافی فەرقی ئێوە و ئەوانە، کە ئێوە دوایە دەتوانن ببن بە جەرەیانێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوان نەیان توانی.
**ئیرەج فەرزاد:** حەقیقەتەکەیت دەوێت، جێگای کەسایەتییەکانی کۆمەلە، لەو مەوقەعییەتە بڕیاردەرەدا کە boooیان، ڕۆڵی هەیە لە پێگەی کۆمەڵەدا؛ ئەگەر کۆمەڵە فوئادی نەبوایە، سەدیق کەمانگەر و سەید ئەیوب نەبەوی نەبوایە، ئێستا من باسی خۆم ناکەم. لەو سەردەمە تۆفانی و پڕ لە هەڵدێر و پێچەدا، نە دەچووە پێش! مەسەلەن کەسێکی وەک سەدیق کەمانگەر، کە حەتتا ئەو کاتە ڕەسمەن ئەندامی ڕێکخراوەکە نییە، بە قەولی باسەکانی کۆنگرەی یەک، ئەو لەقەرەنتینە دایە. چونکوو لە جیهەت ژیانی زەحمەتکێشیەوە حەرەکەتی نەکردوە، ژیانی کارمەندی هەڵبژاردوە. بەڵام کەسێکە لە نەورۆزی خوێنین سنەدا[١٣٥٨ یان ١٩٧٩]، بە دەست پێشخەری خۆی، چونکە خۆی بە نەریتی ڕێکخراوەی ئێمە دەزانی، بەبێ ئەوە مەشوەرەت بکات، دەڕواتە پادگانی لەشکری ٢٨ی سنە، ستادی ئینقلاب (شۆڕش) پێکدێنێت، فەرماندەی لەشکر دێت لەوێ خۆی تەسلیم دەکات، نوێنەری ئەحزاب دەڵێن ئەوە شوڕای ئینقلابمان پێک هێناوە. یەکێک دەڵێ ئەوە نوێنەری چریکە، یەک نوێنەری حیزبی تودەیە، یەکێک دەڵێ من نوێنەری فلان ڕێکخراوەم. سەدیق دەڵێ (لەو گفتوگۆیەدا کە سی ساڵ لەمەو پێش لەگەڵ رادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران کردوویە، دەڵێ: "دانەیەکیش هات نازانم گوتی منیش نوێنەری فلان ڕێکخراوەم. منیش هەموو کارەکانم کردووە، هەستەی مقاومەت لە گەڕەکەکان، هەرچی هەیە هاوڕێیانی

ئێمە ڕێکیان خستوە"، (یانی مەنزوری هاوڕێکانی کۆمەڵەیە). ئەویش دەڵێ من کۆمەڵەم؟

سەدیق لە کەسە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە بووە، بەڵام لە کۆنگرەی یەکی کۆمەڵەدا نیە! ماوەیەکی کەم بەر لەوە ئێمە لە زیندان ئازاد بین، ئەو تا ئەندازەیەک لەگەڵ برێک لەو معیارانەی ئێمە بوومان، فاسیلە دەگرێت. هاوڕێیانێک کە لە دەرەوە بوون، دەیانگوت سەدیق چووە بە شوێن ژیانی شەخسیدا، ئەندام بوونی لە ژێر پرسیاردایە. بەڵام حەرەکاتێک کە سەدیق لە ڕەوتی شۆڕشدا کردی، ئەرزشی بۆ ئێمە یەکجار گرینگ بوو. فوئاد بەتایبەت زۆر تەکیەی لە سەر ئەوە دەکرد و دەیگوت سەدیق بۆ ئێمە گرینگە. حەتتا هاوڕێیانێکی تر، لە دەورەی ئەوەڵدا لەگەڵ ئێمە نەمابوون، مەرزبەندی لەگەڵیان کرابوو، دەیگوت ئێمە ئیشتیبامان بووە، هەڵەمان کردووە ڕەخنەمان گرتووە لە هاوڕێییەک کە سابیقەیەکی هەیە. کەسەکە توانای نووسینی هەیە، ناودارە، نفووزی هەیە. هاتووین بە بێ ئەوەی ڕەخنەکەمان بڵێین، دوورمان خستۆتەوە؛ ئەمە ڕەوشێکی سالم نیە.

**پرسیار:** لە ناو کۆنگرەدا ئەمانە باسکرا؟

**ئیرەج فەرزاد:** ئا، ئەوانە ڕێک وەها لە ناو کۆنگرە باسکرا. خودی سەدیق لەم پەیامە تێدەگات کە ئەم ڕێکخراوە، ئەم کەسانە ئەرزش بۆ ئەو دادەنێن و ڕێزی لێدەگرن. بۆیە کاتێک دەچێتە ناو لەشکری ٢٨ لە سنە، دەڵێ هاوڕێیانی ئێمە، هاوڕێیانی کۆمەڵە بوون هەموو شتیان ڕێکخست. سەدیق گوتی کاتێک دەڵێن شورای شار ئیعلام دەکەین، منیش رئیس شوراکە بووم؛ بەمشت دام بە مێزەکەدا و گوتم، منیش نوێنەری کۆمەڵەم. تەلەفون دەکا بۆ هاوڕێکان، بۆ ماڵی ساعد وەتەندووست. ئێمەش لەوێ کۆبوونەوەمان بوو. دەڵێن هاوڕێیان تەلەفون دەکەن؟ تەلەفونی چی؟! کۆبوونەوەیە! سەدیق دەڵێ" بابە کۆبوونەوەی چی، ئینقیلابە، شورای ئینقلاب دروست بووە، من ڕئیس شورای ئینقلابم، لەکوێن، هەستن وەرن. من خەریکم بە ناوی ئێوەوە کار دەکەم.

نموونەیەکی تر، کاتێک هەیئەتێکی زۆر بە دەسەڵات لەلایەن جمهوری ئیسلامی لە تارانەوە هات. کاتێک [کاک سەدیق] ویستی لە جەمعیەتەوە بکەوێتە ڕێگا بو دانشگای ڕازی، ئەوێ شوێنی وتووێژبوو. فوئاد بانگی من و ساعد وەتەندوستی کرد و گوتی وەرن، دەبێ ئێمە ڕەهبەری خۆمان بەرجەستە بکەینەوە. ئێمە

وەکوو گاردی ئەو دەبێ لەگەڵی بین و ئەم لا و ئەو لای بگرین، با خەڵک بزانن ئەمە ڕەهبەرمانە. مەنزورم ئەو تەشخیسەیە، کە تۆ دەرکی بکەی و ئەو وێنەیە لە خۆت بیدەی بە کۆمەڵگا.

لە ناو کۆبوونەوەکەدا، ڕەفسەنجانی و ئایەتوڵا تاڵەقانی و بەهەشتی و بەنیسەدر، هەموو لە سەرانی شواری ئینقلابی ئێران، بەشداریان دەبێت. ئایەتوڵا تاڵەقانی بە دەنگی بەرز دەڵێ سەدیق کەمانگەر کێیە ئەم هەڵڵایەی ڕێکخستووە. سەدیقیش هەڵدەستێت، دەنگی بەرز دەکاتەوە و دەڵێ منم دەڵێی چی؟ یەکێک لە هاوڕێکان کراسەکەی سەدیق دەکێشێت و دەڵێ" دانیشە، ئاوا نابێت!" فوئاد دەڵێ" لێیگەڕێ باقسەکەی خۆی بکات." سەدیق دەنەڕێنێت بەسەرتاڵەقانیداو تاڵەقانی بێدەنگ دەبێت.

بە نەزەری من ئەو ساتانە بڕیاردەرن لە ژیانی ڕێکخراوەیەکدا. خەڵک کەسانێک هەڵدەبژێرن بۆ ڕەهبەری سیاسی و حیزبێک هەڵدەبژێرن، کە ئەهلی خەتەر بێت. پێشیان بڵێن مومکینە بە دەسەڵات بگەین، دەتوانن بەیارمەتی ئێمە، ئێوە دەسەڵات بگرنە دەست.

**پرسیار:** باشە کاک ئیرەج، کاک سەدیق کەمانگەر و کەسانێکی تریش لە کادرەکانی ئەوەڵییەی کۆمەڵەن، بەڵام لەکۆنگرەی یەکدا بۆچی بەشدار نەبوون؟

**ئیرەج فەرزاد:** چوون ئێمە لەزیندان بووین، کۆنگرەی یەکیش زیاتر لە کەسانێک پێکهاتبوو، کە زۆر هەڵسوڕاو بوون، ئێمە کە لە زیندان هاتبووینە دەرێ، ئەو ئیتیهامە دووری لە تەشکیلات و چوون بە شوێن ژیانی کارمەندی و ئەمانەمان نەبوو.

حەمەحوسەین کەریمی یەکێک بوو مەسەلەن ڕەخنەی پێ واریدبوو، لەسەر ئەوە تەردیدی بووە لەوەدا، کە ئایا موهەندیسی کەشاوەرزی وێڵ بکات، یان نا. بەڵام کاتێک ئەمەی بیست، ئەو ئەوەڵ کەسێک بوو کە هیچ تەردیدێکی نەکرد، هەر چی شتە، موهەندیسی و ئەمانەی بەجێهێشت و چوو بوو بە وەستا ساڵە و لەدێهاتی ڕەبەت و سەردەشت و میراوێ ملی نا لە گیا دوورین و کارگەلی سەخت. لەو دەورەدا کەسێکی وەک حەمە حوسەین بەم هەموو لەخۆبوردوویی و سەداقەت و پاکییە، فوئاد مەسەلەن یەکێک لە کەسانێکە ناوی دەبات. دەڵێ ئەم ژیانی حیرفەییە، فەقەت حەمە حوسەین تا ئێستا بە تەواوی ئیجرای

کردووە. باقییەکەتان لە ژێر ڕەخنەدان، با بزانین ئەم کارە دەکەن یان نایکەن. یەکێک لە هاوڕێکان گوتی" برا من نایکەم، من دەرەقەتی ئەمانە نایەم."

**پرسیار:** هەر لەکۆنگرەدا؟

**ئیرەج فەرزاد:** ئا، هەر لە کۆنگرە گوتی "من دەرەقەتی ئەم شتانە نایەم. من ژیانی شەخسیم و خانەوادەم بۆ مەترەحە. بەڵام هەر ماوە، سەری بۆ جمهوری ئیسلامی دانەنەواند و لە ڕێکخراوەی تاراندا بوو. مەنزوورم ئەوەیە لە کۆنگرەی یەکدا کە تۆ پرسیارت کرد، بۆچی فلانە کەس نەبوو. من دەڵێم حەتتا حەمە حوسەین لە پێشترەوە، دوای دەورێک تاقیکردنەوە ئیجازەی ئەوەی پەیداکرد کە بێتە ناو کۆنگرە.

**پرسیار:** باشە ئێستا پرسیارێکیتر هەر لەسەر کۆنگرەی یەک. باسە سیاسیەکان ئەوە هیچ، کە نەزەرت لە سەرکۆمەڵگا چۆن بووە و ئەوانە. لایەنی موسبەت[ئەرێنی] ئەو باسانە و لایەنی مەنفیشی [نەرێنی] ئەگەر بووە، چیت بەنەزەر دەگات باسی بکەی. مەسەلەن زێدەڕۆیی کراوە، مەسەلەن چووبێتە ناو شەخسیەت و بەشی خوسوسی و ژیانی کەسێکەوە.

**ئیرەج فەرزاد**: ئەگەر باسی لایەنی نەرێنی بکەین، باسی زوڵمێک کە ئەو جەماعەتە لە خۆیان کرد بکەین، بە نەزەری من زیادەڕەوی تێدا بوو. ڕاستیەکەیت دەوێت، ئەوەڵین قوربانیەکانی ئەو زێدەڕۆییە، هەرخودی ئەو کەسانە خۆیان بوون. مەسەلەن فوئاد بگرە پێش چاو، خودی ئەو بە نەزەری من نەک هەر سەبارەت بە خۆی، بەڵکوو بۆ هاوڕێکانیشی، نەوعێک جەفای کرد بەخۆی.

**پرسیار:** چۆن یانی؟

**ئیرەج فەرزاد:** بەو مانایە، تەماشابکە، مەسەلەن کەسێک وەکوو فوئاد ئێستا کە سەیری پێگەی ئەو دەکەی، دەبینی چ پێگەیەکی بەرزی هەیە، مەسەلەن چ مەوقعیەتێکی لە مێژوو و لە ناو خەڵکدا پەیداکردوە. بەڵام بەو پێگەو کەسایەتییەی خۆی ئەوەندە ئەهمییەتی نەدەدا؟ حازر بوو لە ڕێگایەکدا کە باوەڕی پێیەتی، خۆی قوربانی بکات. مەسەلەن هەر نموونەی مەرگەکەی، هەم نموونەی مەسەلەن ئەو بڕیارانەی کە خۆی دەیدا. دوو نموونە دێنمەوە، بۆ ئەوە

کە بە نەزەری من بۆچی فوئاد سەبارەت بە پێگەی خۆی، لەخۆی سەختی گرت. زوڵمی کرد لەخۆی، زیادە لەحەد بوو بە فیدای زەحمەتکێش. هەم لە نەزەر ئەوەوە بەعزە ڕیسکێکی دەکرد، کە ئەو ڕیسکانە هەق بوو نەیکردایە.

**پرسیار:** وەکوو چی؟

**ئیرەج فەرزاد:** مەسەلەن ئەوەڵین ماجەرایەکی کە پای کەوت بۆ فوئاد شەڕی "خانەگای جوجو" بوو؛ لە راستیدا شانسی هەبوو کە بە سڵامەت دەرچوو ئەو کاتە. بە نەزەری من خانەگای جوجو بۆ کەسێکی وەک فوئاد، وەک مەسەلەیەکی زۆر کەم ئەهمییەت وەک مەسەلەی تەقسیمی زەوی، کە خودی خەڵکەکە زۆر تێیدا بەشداری ناکەن، مەسەلەیەکی ئەوەندە گرنگ نەبوو. فوئاد زیادە لە ئەندازەی پێویست مایەی بۆ دانا. لە خانەگای جوجو، بە بێ ئەوە لەباری نیزامییەوە تەجرەبەیەکی وای هەبێت، خۆی دەیگێڕایەوە، دەیگوت وەختە بوو بکوژرێم. بۆ کەسێک وەک فوئاد، بۆ کەسێکی وەکوو ئەو وەک فەرماندەیەکی بەرجەستە، خۆی بۆ شەڕێکی بەرجەستە دادەنێت.

مەسەلەن ئەوەی کە بۆ کاک سەدیق روویدا، یان بۆ کاک حەمەحوسەین کەریمی [لە شارەبانی سەقز] کە دەزانین چۆن بوو. بەڵام بەهەرحاڵ گوتم لایەنی مەنفی و جەفاکەیشی ئەوە بوو. کەسێکی وەک فوئاد بەنەزەری من، ئەهەمییەتی خۆی دەرک نەکرد.

**پرسیار:** ئاخر باشە، یەک پرسیار دێتەگۆڕێ لەوەدا. من دەڵێم وەزیفەی من پاراستنی تۆیە، وەزیفەی تۆش پاراستنی منە. خانەگای جووجوو؟ کە باس دەکەی، لە قسەکانی خۆیدا، لە کۆبوونەوەکەی مەهاباد باسیدەکات و وەک تەجرەبەی یەکیەتی جووتیاران دەیگێڕێتەوە. خۆ ئەوان بۆ شەڕ نەچوون! ئاغاواتەکان تەقە دەکەن! دەڵێ ئەوکاتە ئینتیخابێک دێتە پێش؟ بۆ فوئاد. یان ئەوە یەکیەتی جووتیاران کە ناوێکی دەرکردووە لە مەنتیقەدا، سەر دادەخا، چۆڵی دەکاو دێتەوە دواوە، کە زۆر بە زەرەریان تەواو دەبوو، لە باری ئوتۆریتە و مەعنەویەوە، یان دەبوو ڕاوەستن. یانی ئەو لەوێ ئەو ئینتیخابە دەکات، کە ڕاوەستن. بەڵام لەسەر دەوری خۆی، کە چەندە چووە پێش و خەریک بوو بکوژرێت، ئەوە ئیدی لە شەرایتی وادا، لە خۆ مایەدانان و لەخۆبردوویی، شەرتی

لازمی خۆشناوەتی و ئوتۆریتە و قبووڵکردنە. مەنزورم ئەوەیە، ئەو بەشەی تری دەکەوێتە سەر هاوڕێکانی تری. ئەوان نەیان توانیوە ئەو کارە بکەن.

**ئیرەج فەرزاد:** تۆ پرسیاری ئەوە دەکەی، کە ڕەخنەو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بووە. من باسی لایەنی موسبەتەکەیم [ئەرێنی] کرد. لایەنە مەنفیەکەیشی دەڵێم لە سەر خودی کەسەکانەوە ڕاستە؛ هەم لەگەڵ کەسەکان و لەگەڵ خۆشیاندا. دەڵێم ئەگەر ئەو جەفا کردنە بەخۆ، نەک تەنیا فوئاد بۆخۆی، بەڵکوو جەفای هەموومان بۆ ڕێکخراوەکە و بۆ یەکترینیش، ئەگەر ئەوەندە توند نەبوایە، ئەو کاتە دادەنیشتین لەسەر جێگایەکی وەک خانەگای جوجو، بڕیارێکی ترمان دەدا. ڕێکخراوەێک کە دەڵێ من دەمەوێت وەک ڕێکخراوە، لە مەسەلەی خانەگای جوجودا، بەشداری بکەم، مەسەلەیەکی فەردی نیە. بۆیەش لێرە خەتای ڕێکخراوەکەش دێتەپێش. دەڵێ ئەگەر من دەمەوێت یەکیەتی جووتیاران دامەزرێنم، شایەد لەم شتانەیش بێتە پێش، مومکینە لە جێگایەدا تەقەبکەین. لەم تەقەکردن و شەڕەدا کەس دەکوژرێت. تۆ ڕێکخراوەکەت چەند نەفەرە! کاتێک دادەنیشی دەڵێی ئەمە ئەرزشی هەیە؟ چونکوو مومکینە، ئیحتیمالی هەیە لەم شەڕەدا کەسێکی وەک فوئاد لەبەین بچێت. من قسەکەم ئەوەیە دەڵێم لە کۆمەڵگای بەشەری دا بەگشتی، هەمیشە نابیغە و ڕەهبەر بەرهەم ناهێنێت. یانی تۆ لە ناو ئەم ملیاردها جەمعییەتە کە هەیە، چەپ، ڕاست لە دنیادا، لە مەیدانی سیاسی، هونەری، وەرزشی، مووزیک، لە هەر بوارێکدا تۆ سەیر بکەی، ژمارەیەکی کەم بەرهەم دێن کە لە پێگەی ڕەهبەریدان، ڕۆڵێکی بەرجەستەیان دەبێت. لەبەر ئەوە بەشەر ناتوانێت بێ موبالات بێت، بۆ ئەم دەسکەوتانە.

بە بڕوای من ڕەهبەرانی سیاسی شۆڕش ناکەن، بۆ ئەوە کە بە شەهیدبوون، یان بە مردنی خۆیان، ئالاّ بەرز بکەنەوە. بەڵکوو ئەگەریش باسێک لە قوربانی بوون و لە خۆبردوویی هەیە، بۆ ئەوەیە ئامانجی گەورەی ئینسانی بڵاوبێتەوە.

من دەڵێم بابە فوئاد تۆ هەر ئەوەندە کە چوار ساڵت زیندان تەحەموول کردووە، ٢٤ ڕۆژ مانت گرت لە خواردن، تەعەهودی خۆتت سابیت کرد. خۆ ناکرێ خۆت مەحروم کەی؛ بۆچی ڕووت نەبێت بڵێی کاکە گیان من دەچم بۆ بانە دەمەوێت هەڵسەنگاندنی ئەوە بکەم، کە ئایا پادگانی مەریوانم بۆ دەگیرێ یان نا. ناتوانم بە تەنیا بۆ خۆم بچم، نابێت بە تەنیا بچم.

هەر وەکوو چۆن مەسەلەن لە مەریوان بەخۆتا دەپەرموای تەلەفوون بکەی بۆ

ئێمە لە سنە زەنگی لێداو تورە بوو لێمان، لە من و ئەیوب. گوتی" ئەوە ئێوە داگەنیون، ئەوە بۆ کارێک ناکەن، دەی بجووڵێنەوە کارێک بکەن! ئەو خەڵکە ڕێکخەن، ڕێپێوانێک بخەنە ڕێگا، فلانێک، هەرا و هورایەک بکەن. دەڵێم بۆچی لەو کاتەشدا، تۆ لە پێگەی ڕەئیسی وتووێژدا، خەریکی دادەخوری بە سەر ئێمەدا، تەوەقوع دەخەیە بەر پێی ئێمە. کەچی دەتەوێت برۆی پادگان مەهاباد بگری، مەریوان بگری، داناخوری بە سەر ڕێکخراوەکەدا، بڵێی بجووڵێنەوە ئاخەر، چل نەفەر لەگەڵم بخەنە ڕێ، دژی کەمینێک دەرکەن. ئێمە دەمانەوێت کارێکی گرنگ ئەنجام بدەین.

**پرسیار:** ئەوە دروستە بەڵام واش نەبوو، کە مەسەلەن ڕێکخراوەی کۆمەڵە بەو بڵێن بابە ئێمە ئەوەمان لە تۆ دەوێت! ئێمە دەمانەوێت تۆ ئەو دەورە بگێڕی. یان یەکێک بێت بڵێت، ئەسڵەن ئەوانە بە تۆ مەربووط نییە.

**ئیرەج فەرزاد:** ڕاستیەکەیت دەوێت، بە نەزەری من فوئاد لە مەورید شەخسی خۆیەوە زیادی لە خۆی سەختی دەگرت. مەسەلەن من لە جەرەیانی ڕێپێوانەکەی سنە بۆ مەریوان، چووم لە ناو سالۆنەکەدا دانیشتبوو، زۆر ماندوو و هیلاک بوو. خۆ هاوڕێ و کەسی تریش بوو لە هەوێڵدا، یوسف ئەردەڵان بوو، کاک عەتای ڕۆستەمی بوو، من لەوێوە چووم، کاک ساعد ئەڵبەتە ئەو کاتە لە زیندان بوو، بەڵام ئازادیان کرد. ئەیتوانی نۆبەی بکردایەت. زۆر نەقشی دادەنا بۆ جایگای فیداکاری شەخسی خۆی.

لە شەڕی کەرەفتوودا من دەچووم بۆ سەقز، لە ڕێگادا بە ڕێکەوت دیم یادی بەخێر فوئاد و ئەمین و تاهیر خالیدی و ئەوانە، وێستاون. دەیانەوێت برۆن بەروە کەرەفتوو. منیش دابەزیم و چووم؛ کەمێک درەنگ گەیشتنە ئەوێ. بەڵام بەو تەجرەبە کەمە کە لە کاری چەکداری بوویان، مومکین بوو بە جێگای یەحیا خاتوونی (کە زۆر بەداخەوە مفت و مەرحەبا لەوێ لەو شەڕەدا کوژرا، لەپشت چوار بەردەوە سەنگەری گرتبوو، ئەوانیش پێکابوویان)، ئەوانیش بکوژرێن. شەڕی کەرەفتوویش ئاوا بوو. مەنزورم ئەوەیە، کە بە نەزەری من، ئەو ڕابیتەی تۆ دەیڵێی، وەک ڕابیتەی فەرد و ڕێکخراوە، تەئسیر موتەقابلیان بوو بەسەر یەکتردا. یانی ڕەهبەر کاتێک خۆی دادەنێ وەک سمبول ڕەهبریەکە کە خۆی زۆرتر فیداکاری دەکات، ڕێکخراوەکەش هەوڵ نادات کە ڕەهبەرەکەی بپارێزێت.

**پرسیار:** من لەوانەیە لێت قبووڵ کەم، کە کاک فوئاد ڕەنگە لە مەواردێکدا، زیادەڕەوی کردبێت، بەڵام ئیدی مەوداکەی زۆر کەم بوو، یازدەمانگ هیچ نییە، ئەو دوای زیندان، یازدەمانگ ژیاوە . . .

ئێستا بگەڕێینەوە بۆ دەوروبەری ٢٨ی گەلاوێژ و فەرمانی جیهاد. هاوینی ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩) لە سەردەمی موزاکەرات و کۆچی مەریوان ئایا ئێوە دیدار گەلێکتان بوو لە گەڵ کاک فوئاد، قسەوباس پێش هات، بڕیارگەلێک درا، هەتا دوای کۆچەکە؛ ئەگەر لەو زەمینەدا شتێکت هەیە بفەرموون.

**ئیرەج فەرزاد:** وەختێک مەسەلەی مەریوان پێش هات ڕۆژ ٢٣ی مانگی تیر (١٣٥٨/٤/٢٣ واتە ١٩٧٩/٧/١٤) کە لەبیرتانە پێشمەرگەی کوردی سەر بە مەکتەب قورعان، جمهوری ئیسلامی کە هیچ نفوورێکی نەبوو لە مەریواندا هات بە پشتیوانی ئەم هێزگەلە و ئەوەلین مەقەڕیان دانا لە مەریوان. من لەو ڕۆژەدا یانی ٢٣ی تیرا لە تاران بووم. بە بۆنەی کاری تەشکیلات چووبووم لەگەڵ تەییب عەباسی ڕۆحەڵایی ئێمەیان نارد بڕۆێن لەگەڵ موجاهیدین و چریکی فیدایی خەڵک تەماس بگرین، ئەسڵەحەو شتیان لێ وەربگرین.

**پرسیار:** ببوورە، کۆبوونەوە کرا کە ئێوە چوون بۆ ئەوکارە یا چۆن بوو؟

**ئیرەج فەرزاد:** ئەرێ، لە سنە هەروا مەسەلەن بێژی دانیشتین کوبوونەوەمان کرد تەسمیم بگرین، وا نەبوو. ئەو وەختە فرە شتەکان لەسەر ئەساسی ڕەفاقەت بوو. لە جەلەسەیەکدا وتیان ئێمە ئەسلەحەمان نییە.

**پرسیار:** لە سنە بوو ئەو جەلەسەیە؟ کێ گەل بەشداربوون؟

**ئیرەج فەرزاد:** من بووم، فوئاد، کاک ساعد، عەبدوڵڵا موهتەدی، کاک تەییب. تەییب لەبەر ئەوە لە زینداندا ڕابیتەی فرە خۆش بوو لەگەڵ مەجمووعەی زیندانیەکاندا، ئێمەیش وەزعمان باش بوو لە ناو زیندانیەکاندا. ئێمە چووین چریک فدایی فرە ڕوویان خۆش نەبوو، مەقەڕێکیان بوو لە "خیابان مەیکەدە" لە تاران. وەلێ وەختێ چووین بۆ لای موجاهیدین، نەیاندەهێشت مەردوم فرە بڕۆنە ژوورەوە ئەترسیان، ئێمە چووینە پێشەوە نیگابانەکە هاوزیندانیمان بوو، هاتوو بردمانیانە بان. مەسئولەکانیان هاتن چاییان هاورد بۆمان و فرە بە ئێحترام بوون. وتیان ماجەرا چییە؟ وتمان کە بۆچی هاتووین؛ وتیان ئێوە

هێزێکی غەیرە مەزهەبین و ئێمە هێزێکی مەزهەبین، وەلێ بە هەر حاڵ ئێمە چەند ئەسڵەحەیەکتان پێ ئەدەین. لە بیرم نییە ٢٠ بوو یان ١٠ دانە بوو ئەوەم دەقیق لە بیر نییە بەهەر حاڵ ژمارەیەک ئەسڵەحەی یوزی و کلاشینکۆف و کۆڵتیان پێماندا.

کاک فوئاد بەر لە ماجەرای موسەلەح بوون و بەر لەم ماجەراگەلە هات ئەوەی باسکرد وتی ئێمە جەماعەت کۆ ئەکەینەوە و جەولە ئەکەین. ئەیوت هەدەفەکەمان، باسەکەمان ئەمەو ئەوەیە لەم کۆبۆنەوەگەلە. هەرچی ئەهاتەوە سنە گوزارشی ئەدا پێمان، ئەیوت مەسەلەن ئەم دەفعە لە باتی ١٥ ئاوایی بووین بە ٣٠ ئاوایی جاری دوایی بووین بە ٤٠ ئاوایی. کۆبوونەوەکان فرەتر ئەبوو، ئەسڵەن لایەنی موسەلەحانەی نەبوو. خودی فوئاد ئینسافەن هات وتی مەسەلەی جووتیار مەتەرح نییە، ڕێگەیەکی سیاسییە بۆ ڕێکخستنی خەڵک. مەردم کۆبکەینەوە و ئاگاهی سیاسیان بچێتە بان. ئەسڵەن خۆ دەرخستنەکەی لەپێشدا موسەلەحانە نەبوو، ئەو وەختە قیادە موەقەت و مەکتەب قورعان موزاحمەتیان پێکدەهێنا. حەتتا یەکیەتی جووتیاران تەسمیمی گرتبوو کۆمەک بکات بە فەلاکان و خەڵکی زەحمەتکێش لە سۆما و برادۆست. ئەحە گۆڵە و جەلال نەسیمی و ئەوان یادیان بەخێر گرتنیان، ئێمە لە شاری سەقز پێان گەیشتین. موزاحیمەتەکان بە ئەسڵەحەوە ئەکرا، ئەوە بوو بە باعیس کە مەسەلەی دەسترەسی ئێمە بە ئەسڵەحە بۆ دیفاع لە خۆمان هاتبووە پێش. یەک لە کەسانێک کە فرە هاندەر بوو فوئاد بوو؛ ئەیوت یا بە هیممەت یان بە قیمەت، کاک ساعد هەم لە ناو یەکێتی نیشتمانیدا بوو هەم موهەندسیش بوو پووڵی بوو. لە بیرمە ڕۆژیک فوئاد هات ئەسڵەحەی گەرەک بوو بۆ یەکیەتی جورتیاران وتی دەبێ ئەسڵەحەمان ببێت. وەختێک ئەچین ئەگەر دەسیان کردەوە بزانن ئێمە موسەلەحین ئیتر وەک جاران موزاحیم نابن، کەسەکانمان ناگرن لە فەعالییەتی سیاسی پەشیمانیان کەنەوە. ئێمەیش چووینە سەردەشت بە پووڵی تەشکیلات، لەو وەختەدا هەرکەس پووڵی بوایە خەرجی نەئەکرد ئەیدا بە تەشکیلات وەک کاک عەبدوڵڵا بابان و زۆر کەسیتر، پووڵێکمان کۆکردەوە لەگەڵ موزەفەر [لوتفوڵڵا] کەمانگەردا یادی بەخێر، چووین پەنج شەش کلاشینکۆفمان کڕی و هاوردمانەوە بۆ سنە دامان بە فوئاد بردی.

وەختێک یەکیەتی جووتیاران مەقەڕی دانا، فوئادیش عەقیدەی بەوە بوو ئەشێ

فەعالییەت عەلەنی بێت. مەقەڕت هەبێت و مەردم بێن بۆلات و بە ڕەسمییەتت بناسن. حەتتا لە دەورەی ڕاپەڕیندا فوئاد وتوویە بڕۆن هەرچی ڕەئیس ئیدارە و رەئیس شارەبانییە بیانگرن! ئێژن بۆچی خۆ ئەوانە تەسلیم بووگن؟ ئەویش ئێژێ هەدەفمان ئەوە نییە خۆ زیندانیان بکەین یا عەزیەتیان کەین، با ئەو خەڵکەی وا ساڵەها لە ژێر ستەمدا بوون بە دەست خۆیان حاکمییەت خۆیان بوینن. بەهۆی فەعالییەت یەکیەتی جووتیاران و دانانی مەقەڕ ئیتر یەکیەتی جووتیاران بوو بە هێزێکی سیاسی. دوای بەینێک رەفێقەکان خەبەریان پێ دەگا کە جەماعەتی مەکتەبی قورعان و ئەوانە مەقەڕیان داناوە؛ لە گۆشەیەکەوە تابلۆیەکی چکۆلەیان داناوە کە ئەمە مەقەڕی سپای پاسداران مەریوانە. وەختێک چبوون پێیان وتبوون کە ئێوە خەجاڵەت ناکێشن خۆ هەرچییەک بێت ئێوە کوردن، ئەوانیش تابلۆکەیان گۆڕیبوو کردبوویان بە مەقەڕی پێشمەرگانی کوردی موسوڵمان. بەڕێکەوت فوئاد ڕۆژی ٢٣ی تیر لە مەریوان نەبوو، ئێمە لە بۆکان کۆبوونەوەمان بوو.

ئەو مەسەلەی کۆکردنەوەی چەک و مەسەلەی موسەلەح کردنی پێشمەرگەی مەکتەب قورعانە بوو بە باعیس ئەوە لە ناو ئێمەدا فکرێک مەترەح بوو. کە ئەگەر ئەم ڕژیمە تازە، یەکەم خۆدەرخستنی چەکدارانەی لەم جێگەیە بکا کە ئێمە نفووزی جەماوەریمان هەیە، مەعنای ئەوەیە بردوویەتیەوە. ئەبێ ئێمە کارێک بکەین زەربەیەک بدەین لەم حەرەکەتە، مەنزوور زەربەی نیزامی نەبوو، وەلێ بەهەرحاڵ نابێ ئەوان دەست پێش بخەن. مەریوان سابقەیەکی هەیە لە دڵی شۆڕشیشدا چالاکیی زیاتر بوو؛ یەکیەتی جووتیاران و شتەکانیتر. ئەگەر نەتوانین لە هێزی خومان دیفاع بکەین دۆڕاوین.

من وتم ئەوەختە لە تاران بووم دیم سەرتاسەر تاران پڕ بوو لە پوستێری مەریوان؛ 'شەهیدی مەریوان' ، جەنگێکی هیستریکی بەربڵاویان لە شارە غەیرە کوردەکان بەتایبەت شارە موهیمەکانی ئێران خستە ڕێ دژی مەریوان. کەسێک کە لە مەریوان یا لە سنە بوایە ئەبعادی حەرەکەتەکەی نەئەدی. کە چۆن جەرەیاناتی ئیسلامی تەسمیمیان گرتبوو بە قودرەتەوە بێن مێخی خۆیان داکوتن لە مەریوان. دیار بوو سازماندەهی‌یان کردووە، پێشتر نەخشەی هەبووە. ئیتر من لە بیرمە وەختێک کە هاتین و لە جەلەسەدا قسەمان کرد، بەحسەکە لە سەر ئەوە بوو مەخسووسەن فوئاد ئەیوت ئێمە نابێ بێڵین تەجرەبەی نەغەدە تەکرار

بێتەوە. کەوابوو لە تەشەنەی شەڕ بۆ ناو شار ئەبێ بەرگیری بکەین. دەی چی بکەین و چی نەکەین، وتی ئێمە بە مەردم ئێژین شەڕی نەغەدە و نەتیجەکەیتان دیوە، پێشنیارتان پێدەکەین بڕۆنە دەرەوە لە شار. ئەسڵی ئەم پێشنیارە هی عەتا ڕۆستەمی بوو، فوئادیش فەوری گرتی. ئیتر نفووز کەلامیان بوو خولاسە مەردم کۆچیان کرد. فرەیەک لە رەفێقەکانی کۆمەڵە لەوێ بوون ئێمەش لە سنە بووین من و تەییب لە سنە بووین، مامۆستا برایم و ئەوان لە پادگان مەریوان گیرابوون. ئیتر من لە بیرمە فوئاد بە تەلەیفوون زەنگی لێدا بۆمان وتی ئەوە چی ئەکەن، ئەوە داگەنیوون؟ مەردم قەرار بوو لە سەقز و شارەکانیترەوە بکەونە ڕێگا. وتی ئەوە چی ئەکەن، دەی کارێک بکەن، لێرە شار چوڵ کراوە.

ئەو وەختە دروستە کۆمەڵەیش بوو و جەمعییەتیش بوو، وەلێ "اتحادیە کمونیستها" کە ئەو وەختە کاک ئەمیر حەسەنپور و جەمیل مەردۆخی ئەوانە لەوێ بوون، لە ناو جەمعییەتیشدا نفوزیان کەم نەبوو. ئەو وەختە کاک ئەمیر حەسەنپوریش ئینسانێکی جائوفتادە و سیاسی بوو، یانی بەڕاستی لە ڕێپێوانەکەدا ئەوان نەقشیان هەبوو. دواتر تەحەسون لە قۆڕی قەڵای پاوە کرا کە فوئاد ئەچێت بۆ ئەوێ و حەتتا، ئەسڵی ماجەراکە لە قۆڕی قەڵاوە دەست پێدەکا.

مەجمووعەی ئەمانە ئەبێتە هۆی ئەوە کە ئێژن کێشە لە کوردستان ئاوا نابێت ئەبێ بەهانەیەک بتاشین. ئیتر جەرەیانەکەی کەرەفتوو پێش هات. جەرەیانەکەی کەرەفتوو لەبیرم نییە ٢٤ یا ٢٥ی مرداد[گەلاوێژ] بوو. یەکیەتی جووتیارانێکیان دروست کردەبوو ئەوانیش لە سەقز، فرە فوڕماڵ، نائامادە. یەحیا خاتوونی لەوێ کوژرا. یەحیا یەکێک لە شەخسیەتگەل بەرجەستەی سەقز بوو، من خەریکبووم ئەچووم بۆ سەقز گەیشتمە ئەو سێ ڕێیانی کەرەفتوو دیم فوئاد و ئەوان لەوێ بوون کە بڕۆن بەرەو کەرەفتوو؛ ئەم کاک سەلاح موهتەدی و عەبدوڵڵایش بوون کە بچین بۆ کەرەفتوو. دیمان یەکیەتی جووتیاران مەریوان هاتن. بەهەرحاڵ چووین سەرێکی کەرەفتووماندا، لە کەرەفتوو دانەیەک لە قەومەکانی فیروزخان کوژرابوو، پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانیش کوژرا. هاتینەوە بۆ ناو شار، هێشتا نەگەیشتبووینە سەر جادەکە، سەلاح موهتەدی وتی خومەینی فەرمانی حەملە بە کوردستانی داوە. هاتین بۆ جەمعییەت سەقز وتمان ئەشێ کارێ بکەین. چووین بۆ بۆکان. ئەبێ مەقاوەمەتێ سازمان بدەین و هێزەکان کۆ کەینەوە. هەموو جەماعەت بەیەکەوە کە ئەکسەرەن کۆمەڵە بوون، وەک ئێئتلافێک نەبوو،

لە سەقزا کەمێک جیایی بوو جەماعەتێک کە پێشتر لە کۆمەڵەی یەکسانیدا بوون، شتێکیان دروست کردبوو بەناوی بنکەی بووژانەوەی فەرهەنگی کورد. مەلا سەید رەشیدێکیان بوو لە شەڕەکەدا کوژرا.

ئیتر جەمعییەتیش موسەلەح بوو. لەوێوە کەوتینە رێگا بەرەو بۆکان. کاک سەلاح چوو بۆ لای مامۆستا شێخ عێزەدین ئەوانەی کە لە بۆکانماینەوە من و عەبدوڵڵا موهتەدی و کاک فوئاد و دوکتور جەعفەر بووین. تا ئەو جێگای من لە بیرم بێت فوئاد بە عەبدوڵڵای وت، ئەم هێزانە بەم تێر و تەیارییە هاتوون هێرشی سەراسەریان هێناوە و هێلیکۆپتەریان خستووەتەگەڕ، ئەمە هەدفێکیان هەس. بە نەزەرم ئەگەر بتوانن بگەنە مەهاباد، یەکێک لە هەدەفەکانیان دەستگیر کردنی شەخسیەت گەلێکن کە ناودارن، (لە موزاکەراتی نەورۆزی سنە مەسەلەن کەسێک وەک مامۆستا شێخ عێزەدین هەڵگەڕایەوە بە ئایەتوڵڵا تاڵەقانی وتی دیکتاتۆری ئاخوندی لە دیکتاتۆری شا خراپترە، تاڵەقانی هەڵبەزییەوە ئەوەندەی پێناخۆش بوو.) بەهەر حاڵ مەعلووم بوو کە کەسێک وەک شێخ عێزەدین ئەتوانن بیگرن یان سووکایەتی پێبکەن. چون من لە بیرمە هەر ئەو وەختە ئایەتوڵڵا قومی دادستان ئینقلاب بوو، بە خەتی دروشت نووسیبووی شێخ عێزەدین بە ریش و عەینەک و قیافەوە بیگرن بیهێننە تاران بەردەستم جا ئەو وەختە پێی ئێژم خودموختاری چ مەعنایەکی هەیە. فوئاد وتی ئەگەر مامۆستا شێخ عێزەدین بگرن هەم نەوعێک پەست و بێ ئەرزش کردنی ئێمەیە و هەم سووکایەتی کردنی خەڵکی کوردە. فوئاد وتی بە عەبدوڵڵا ئێمە باقی کارەکان سازمان ئەدەین تۆ بە ماشینەکەت برۆ مامۆستا شێخ عێزەدین و کاک سەلاح ببە بەرەو سنوور. لە دانیشتنەکەماندا ئەمانزانی فوئاد وەختێک ئەکەوتە ناو فکرەوە و سترێسی بوایە چاوی ئەکەوتە لەرزە لەرز، فوئاد وتی با ئێعلامیەیەک بنووسین.

قسەمان کرد خاڵەکانی چی بێت؛ ویژدانەن فوئاد دیاری ئەکرد کە چ بێت و چ نەبێت. وتی بە بڕوای من ئەم خاڵانەی تێدا بێت؛ ئەوەی موهیم بوو: یەک، بێژین کۆمەڵە تەواو ئیمکاناتی  مادی و مەعنەوی و پشتیوانی خەڵک، گشتی ئەخاتە گەڕ بۆ ئەوە کە مەقاوەمەت سازمان بدات و تەسلیم نەبێت، دووهەم ئەوە کە ئێمە ئەبێ ئێعلامی بکەین کە ئومێدمان هەیە بەوە کە چینی کرێکار و خەباتی سەراسەری لە ئێراندا پشتگیری ئەم ئەمرە عادڵانەی ئێمە بکەن و ئینتیزارمان بێت لێیان و ئەوە مەترەح کەین لە ئێعلامیەکەماندا. حەتتا کەسانێک

لە ئەفرادی تەشکیلاتیمان کە بە هەر دەلیلێک ناتوانن لەم هەڵات هەڵات و خەباتی چەکدارانەدا بەشداربن، وەلێ زەرفییەت و تواناییان هەیە، بیاننێرین بۆ شارەکان. جەماعەتێکمان دەسچین کرد ناردمانن بۆ شارەکانی تەورێز و ئەسفەهان و ئەهواز و تاران. کەسانێک بوون کە نەتوانن کاری پێشمەرگایەتی بکەن وەلێ ئیستیعدادیان هەیە و ئەتوانن و مەیلیان هەیە بڕۆن لە ناو چەپ و کرێکاراندا کار بکەن کە نەوعێک حمایەت و هاوخەباتی ڕابکێشن بۆ ئەم بزووتنەوەیە. وتی جا ئێستا ئێوە بینووسن. من و دوکتور جەعفەر، ئێمەیش دوای ئەوە کە ئێعلامیەکەمان نووسی، فوئاد خوێندیەوە وتی باشە بە بڕوای من باشتان دەرهاوردە وەلێ وتی پێمخوشە ناوی بنێن " خلق کرد در بوتەی آزمایش" [خەڵکی کورد لە بواری تاقیکردنەوەدا]؛ وتی لە مێشکی خۆمدا پێموایە خەڵکی کوردستان هان لە بواری تاقیکردنەوەدا، بزانین سەربڵند دێنە دەر یان نا. ئێعلامیە نووسرا و تەئسیری فرەبوو. ئێعلامییەی ئاشکراکردنی ڕۆڵی سیاسی کۆمەڵە بوو.

**پرسیار:** تۆ ئەو ئێعلامییە لەلات هەیە؟

**ئیرەج فەزاد:** بەداخەوە نەما، نازانم لە سەید برایمیشم پرسی.

پرسیار: ئەوە زۆر باش بوو کە تۆ ناوەڕۆکەکەیت بۆمان باسکرد کە چی بوو.

ئیرەج فەزاد : جوان لە بیرمە چۆن قسەمان لێکرد حەتتا لە دەورەیەکدا وای لێهات لە جێگەیەکدا بوو بە کێشە کە ئەم جوملە چۆن بنووسین، چۆن نەینووسین، فوئاد تووڕە بوو لێمان وتی بابە ئەسڵەن ئێعلامییەمان ناوێ، لێگەڕێن کارێکیتر ئەکەین، وتمان نا هەر ئەینووسین. وتی باشە بینووسن، ئێستا وەختی ڕەوشەنفکر بازی نییە. فوئاد وتی ئەچم بە کۆمەک خۆمان و نیروگەلێک کە مەوجوودن و یەکێتی نیشتمانی. . . بەڵکوو بتوانین کارێک بکەین.

بڕیارەکە ئەوە بوو، فوئاد گوتی من دەچم ئیمکان ئەوە بەرڕەسی دەکەین،کە بزانین پادگان مەریوانمان بۆ دەگیرێ، یان نا.

من هاتمە سەقز، لەوێوە کە ئامادە بم بڕۆمەوە بۆ سنە. ئیدی لەوێ هەواڵ مەرگی فوئادم لە ڕۆژنامەی "انقلاب اسلامی"دا دی. لەوێ خەبەرەکەم خوێندەوە، هەم ڕابیتەی شەخسیم لە گەڵ فوئادا زۆر نزیک بوو، هەم سابیقەی هاوڕێیەتیمان

زۆر دێرین بوو. هەمیش زۆر شەخسەن لە ژێر کاریگەری ئەودا بووم، بێ ئەندازە ناڕەحەت بووم. جۆرێک وەک کەسێک دەڵێ، ئیدی ژیان مانایەکی نییە بۆی، واقیعەن. کەسێک نەترسێت، ژیان ئەهەمیەتێکی نەبوو، ئیدی هەر لەوێ سواری ئۆتوبووس بووم، لە ناو ئەو هەموو پایەگا و شتانەوە، چوومەوە بۆ سنە. لە وروودی شاردا، جاشێک، پێشمەرگەی موسڵمانیان پێ دەگوتن، هات و تەماشای دەکرد بزانێ کێ دەناسێت خۆشبەختانە منی نەناسییەوە.

بەهەرحاڵ چوومەوە شاری سنە، ئیدی لەوە دواوە کراسی ڕەشم دەکردە بەرم. من ئەوەڵین شتێک کە لەوێ نووسیم، لە سەر مەرگی فوئاد بوو. سەردێڕەکەیم لەبیرە، 'ئەوانەی با دەچێنن، تۆفان دەدروونەوە'. ئەوکاتە وێنەیەکی فوئاد لە سەری بوو، ئارمێکی ئەوکاتی کۆمەڵەبوو. لە چاپخانەی خۆمان، چاپمان کرد. فوئاد نەک تەنها بۆ من کە هاوڕێیەکی نزیک بوو. بەڵکوو سێبەری خەمێکی نابووە سەر هەر کەسێک، کە خۆی بە لایەنگری کۆمەڵە و ئەو ڕێکخراوە دەزانی. ئیحساسم دەکرد مەسەلەن کورد لە کوردستان، خەمبارو عەزادارە. ئەوە شتێک بوو دەتبینی. ئیدی بڕیارمدا، حەتمەن بچم بۆ ئەڵمانە. حەتمەن دەبێ کێلەکەش من دروستی بکەم. وەستا داوود ناوێک، باوکی بێهروز سلێمانی [بەرپرسی چریک فدایی لە کوردستان کە شەهیدبوو]. پێمگوت شتێکی ئاوا هەیە، برا چکۆلەکەشی لەوێ بوو، بێهروز بە دڵێکی کراوەوە گوتی "من دروستی دەکەم، دەیهێنم، جنێوێکیشی دا،.... هەرچی پێشهات پێش بێت." خۆی دروستی کردبوو، دوو شێعری هەورامی خۆی نووسیبوی، ئەوەی لەبیرم بێت، لە سەری نووسی و حەکی کرد، خۆی بە تاکسیبارەکەی هێنایە ئەڵمانە. منیش لەگەڵ هاوڕێیەکی کچدا چووم، لەسێ ڕای بیەکەڕە و لەوێوە هاتین چووین بۆ ئەڵمانە. چوومە سەر قەبرەکەی فوئاد. دایە بەهیە و خۆلاسە. . . لەو کاتەش ئیتیفاقەن شەوێک لەوێ بووین، دەستەیەک پێشمەرگەی هەورامان هاتن، بەڵەدێک لەگەڵیان کەوت. بەڵام بەهەرحاڵ مەنزوورم ئەوەیە، لەو فاسیلەیەدا کە دەچووی، ئێحساست دەکرد ئەم دەرو دەشت و، ئەم خەڵکە، ئەو کەسانە خەمبارن. ئێحساست دەکرد کەسێکی مەسەلەن گەورە نەماوە. بەهەرحاڵ زۆر سەخت بوو، تەئسیرەکەی، شەخسەن بۆ من زۆر سەخت بوو.

**پرسیار:** بەڵێ، دوای ئەوە وەکوو بڵێی هیچ تەجدید سازمان، ئاڵوگۆڕ و

ڕێکخستنەوەی ریزەکان، یان ئارایشێکی تر بەخۆتان بدەن.

**ئیرەج فەرزاد:** بەو مانایە کە دابنیشیت و گۆڕانێک بکەی نا، بەڵام ئینسان ئێحساسی دەکرد، کە ڕێگایەک تائێستا هاتۆتە پێش، بە ئیبتکاری شەخسییەتگەلێک هاتووەتە پێش. فوئاد یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەم جەرەیانە بوو، یەکیەتی جووتیاران سەرەڕای هەر تەحلیلێک بوو لە ناو کۆمەڵەدا، لەسەر شانی ئەوبوو، بە لەخۆبردووی ئەو چووە پێش. شورای شاری مەریوان، ڕێپێوانەکان، کۆچی مەریوان، وتووێژی سنە، شەڕی سنە حەتتا وتووێژی مەهاباد کە دەورەی ئەوەڵ لەگەڵ "داریوش فروهر" کرا، بڕیارنامەی هەشت خاڵی.

نەمانی فوئاد خێرا بە ریزێک بۆشایی سیاسی، کۆمەڵایەتی، شۆڕشگێڕی و سیاسیەوە تەداعی دەبووەوە؛ ئێحساست دەکرد ئەمە لە نەبوونی فوئاد دایە، بە بێ ئەو سەختە. کۆمەڵە لەو کاتەدا لە مەرحەلەیەکدا بوو، کەوتبووە قەیرانێک و چەپ لە ئێراندا دەتوانم بڵێم تووشی نەوعێک رووخان ببوو. لە مەیدانی چەپدا، تەنیا جێگایەک کە مابوو، کوردستان بوو، کە هێزی چەکداری هەبوو. ماوەیەک دوای مەرگی فوئاد، دوای چەند مانگێک، دوو بارە شارەکان دەکەونەوە دەست هێزی پێشمەرگە. بنکەکان دروست دەبن، جموجۆڵێکی عەزیم دروست دەبێ.

لەو کاتەدا قەیرانێک لە چەپدا بوو، لەحاڵێکدا دەبینی لە کوردستان چەپ گەشەی کردوە، بەڵام ئایندەی سیاسی ئەم ڕێکخراوەیە مەعلووم نییە؟ مەعلووم نییە کە چی لێدێت، بەرەو کوێ دەچێ، ئایا دەبێتە ئیدامەی بزووتنەوەیەک، کە تەنیا بە کوردستان مەربووتە؟ ئایا بەرەو ئەوە ئەڕوات حیزبی کۆمونیستی ئێران پێکبێنێت، یان حیزبێک سیاسیتر؟ بەرانبەر بەم شەڕی ئێران و ئیراقە چ تاکتیکێک هەڵدەبژێرێت.

من لەبیرمە دوو نامەی ناوخۆیی هات، لەواقیعدا دوو بۆچوونیش بوو، دوو دیدگا بەرامبەر بەم شەڕە. یەکێک ئیمزای شێرکۆی پێوەبوو، (عەبدوڵڵاموهتەدی) دەیگوت ئێمە دەبێ مەوزعمان وەک مەوزعی لینین بێت بەرانبەر بە شەڕی ئەوەڵی جیهانی. کە دەیگوت دەبێ لولەی تەفەنگەکانمان لەدژی بورژوازی خودی هەڵگەڕێنینەوە. دەبێ زۆرتر دژ بە جمهوری ئیسلامی بین، لە بەرامبەر ئێراقدا بێلایەن بین، بەهەرحاڵ لەگەڵ ئەودا دوژمنی دروست نەکەین. بۆچوونێکی تریش بە ئیمزای نهێنی شوعەیب زەکەریایی بوو؛ ئەوە کە ئێران کەوتۆتە بەر هێرشی خاریجی، ئێستا ئێمە بەپێچەوانە دەبێ هاو تەریب بین لەگەڵ جمهوری

ئیسلامی، بۆ دەفعی دوژمن.
بەر لە کۆنگرەی دوو، داواکرا لە من و سەعید یەزدیان کە نەزەری خۆمان لەسەر کۆمەڵگا، وەکوو ئامادەگی بۆ کۆنگرە، بۆ کۆنفرانسێک کە لەوانەیە بگیرێت، بنووسین. لە سنە لە گەڵ سەعید یەزدیان هەروا نووسراوەیەکمان نووسی، لێکدانەوەی کۆمەڵگای ئێران؛ ئەوەی تێدابوو، کە هێشتا کۆمەڵگای ئێران، پاشماوەی فیئۆدالّی تێداماوە. باسی دیدگای یەک و شت نەکرابوو.
ئەوە چووە کۆنگرە! لە کۆنگرە بە ناوی دیدگای یەک، کە باوەڕی بە بوونی پاشماوەی فیئۆدالّی هەیە دانرا! دیدگای دوویش باوەڕی ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئێران سەرمایەدارییە، ئیختیلافەکە ئیختیلافی کرێکارو سەرمایەدارە. ئیدامەی ئەوە حەتتا وای لێهات، لەکۆنگرەی دوودا، کە گوتی مەسەلەی میللی مەسەلەیەکی بورژوازیە. بوو بە بڕیارنامە، کە مەسەلەی میللی سەرمایەداریە، پرۆلّتاریا نابێ خۆی تێدا دەخالەت بدات، ئێمە دەخالەت ناکەین. ئیتیحاد موبارزان رەخنەی گرت لەو بۆچوونە، هەر چەند ئەوکات بەو جۆرە ڕابیتە لە نێوان کۆمەڵە و ئیتیحاد موبارزان نەبوو، بەڵام ئەو قەتعنامە دەکەوێتە دەست هاوڕێیانی ئیتیحاد موبارزان، ئەوان دەی خوێننەوە و ڕەخنەی لێدەگرن. من لەبیرمە هەم بە کاسێت هاتبوو، بە دەنگی مەنسور حیکمەت، هەم بە نووسین. کە ئەمە مەوزعێکی تروتیسکیستیە، ئەگەر ئێوە خۆتان لە مەسەلەی میللی گێل بکەن، مەعنای ئەوەیە جەرەیانێکی کومونسیتی ناتوانێ نیسبەت بە مەسەلەی میللی کە مەترەحە، بێ تەفاوەت بێت.

**پرسیار:** جەرەیانێکی تریش بوو لە ئێراندا، بە ناوی "وحدت کمونیستی". ئەوانیش ڕەخنەیان گرت لە بڕیارنامەی کۆنگرەی دووی کۆمەڵە لە سەر مەسەلەی میللی. پێیان وایە کۆمەڵە لە کۆمەڵگای کوردستاندا، یەکێک لە هۆکانی ئەوەی کە نفووز و ئیعتیبارێکی هەیە، بوونی ستەمی میللییە، و ئەمە نابێ لەدەستی بدات.
**ئیرەج فەرزاد:** ئەمانە یەکێک لە باسەکانی کۆنگرەی دوو بوو. بەڵام لە ژێرەوەش، ئینسان شەڕی ئوتۆریتەشی دەدەی! ئێستا واقیعەن من باسەکەم نوستالّژی فوئاد نییە، بەڵام ئێحساست دەکرد فوئاد قسەی ئاخری دەکرد لەو ڕێکخراوەدا، بەڵام وا ئێحساس دەکەم، کە خودی چوونە پاڵ ئەم تەحلیلەوە، ڕێکخراوەیەک وەک ئیتیحاد موبارزان و مەنسوور حیکمەت، کە ئەو کاتە ڕێکخراوەیەک بوو زەربەی

نەخواردبوو، نفووزی پەیدا کردبوو، ئەوانە قبووڵ بکەی، لە ژێر ئوتۆریتیەی تیئۆریەکی قووڵدا بێت، هەدەفێکی تریش بوو، نەوعێک شەڕە ئوتۆریتەیەش بوو. من ئاوا ئێحساس دەکەم. چونکە من کاتێک لە شاری سنەبووم یەکێک لە هاوڕێکان، کە ناوی نابەم، هاتە لای من و گوتی ئێحساس دەکەم ڕێبازی کۆمەڵە خەریکن دەگۆڕن، ڕێبازی فوئاد خەریکن دەگۆڕن. مەنزوورم ئەوەیە، ئەم شەڕی تیئۆریکە لەوەدا دەبێتە مایە کە بۆ تەسفیە حەساب بۆ رابردوو، ئەمە بە نەزەری من ناتەندروستە. مەنزوورم ئەوەیە سەداقەتی کەم تێدایە. ئەو کاتەی فوئاد وجودی هەبوو، باسێکی دوو جەمسەری بۆ ئەوان مەترەح نەبوو! کە بڵێی ئێمە دیدگای یەکین، تۆش دیدگای دووهەمی، ئەم دووانە بە یەکەوە شەڕیانە.

**پرسیار:** بۆ تەئیدی ئەو قسەیەت، کاک فوئاد لە۲۳/۲۲ ی مانگی تیری ۱۳۵۸دا، یانی رێک مانگێک پێش فەرمانی جیهاد، لە مەهاباد سوخەنڕانی دەکات. زۆر بەئاشکرا دەڵێ ناڕوونیمان هەیە، دامان ناوە قسەی لەسەر بکەین. بەڵام کاری عەمەلی زۆر ڕژاوە بە سەرماندا. بەڵام لەسەر زۆر شت ناڕوونی هەیە. مەسەلەن لەسەر پێکهێنانی حیزبی کۆمونیستی ئێران، کە ئایا کوردستانی بێت، یان ئێرانی، دوو بۆچوون هەیە، باس دەکات. بەڵام باسی ئەوە ناکات لەسەر سیستمی تەحلیل و لێکدانەوەی باری سیاسی، کۆمەڵایەتی دوو دیدگامان هەیە.

**ئیرەج فەرزاد:** ئەو ناڕوونیە، یان مەسەلەن مەحدوودیەتی عەمەلی، کە کۆمەڵە فرسەتی پەیدا نەکرد بۆ کاری تیئۆریک، بوو بە باعیس ئەوە تا کۆنگرەی دوو، هێشتا لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێکخراوەی هەیە، بەڵام بەرنامەیەکی نییە. حەتتا ئەساسنامەی نییە! هەرچی شتە بە سوننەت و بە پەیوەندی ڕەفیقانە دەچێتە بەرەوە. هیچ شتێکی نووسراوی نییە، تا بڵێ لە سەر ئەو دوو شتە نووسراوە ئەو دوو خەتەی هەیە.

ئاستەنگەکانی ئەو کاتە، مەشغووڵیەتەکانی ڕەهبەری کۆمەڵە، بوو بە باعیس ئەوە کە بەبێ بەرنامە و بەبێ پێڕەو بچێتە ناو پرۆسەی ڕەهبەری سیاسی.

**پرسیار:** من پێموایە کۆمەڵە بەرنامەی سیاسی بوو، بەڵام نەنووسرابوو. لەگەڵ ئەوە بەرنامەی نەبوو فەرقی هەیە.

**ئیرەج فەرزاد:** دروستە، باسەکەی من ئەوەیە، دەڵیم مەحدوودیەتی عەمەلی

ئیجازەی نەدا، ئەو شتانە و تەجرەبەی خۆیشی مەکتوب بکات! مەسەلەن ئێعلامییەکانی پێشتر کە ئێمە دەماندا، مەسەلەن لەساڵی١٣٥٠ بەبۆنەی جەژنی ٢٥٠٠ ساڵەوە، من و فوئاد و عەتا و سەدیق و ساعد و جەمیل زەکەریایی و جەماعەتی کە، ڕاگەیاندنێکمان بڵاوکردەوە. حەتتا مەسەلەن ئەو کاتە ئێمە نامیلکەیەکمان نووسی بەناوی بۆ پرژ و بڵاوین! [چرا پراکندەایم؟] ڕاگەیاندنێکمان لەساڵی ١٣٤٨ لەتاران دەرکرد. هەر لەگەڵ فوئاد و عەتای ڕۆستەمیدا چووین لە جنووبی تاران بڵاومان کردەوە. فوئاد کوتی کوڕە بابە ئێرە جێگای نییە ئێعلامەی تێدا بڵاو کەینەوە، دەبێ ئێعلامییەکان ببەینە ناو ئەهلی فیکردا بڵاوی کەینەوە. ئێرە برەوی نیە، ئێرە کوا جێگای ئێعلامیە بڵاوکردنەوەیە. بەڵام زێهنییەت وابوو ئێعلامیە لە ناو خەڵکی جنووبی شاردا برەوی هەیە.

یان مەسەلەن سەبارەت بە کرێکارانی "ذوب آهن" [تواندنەوەی ئاسن] شوعەیب زەکریایی نووسراوەیەکی نووسی، دیارنییە! لە سەر شیرکەت سەهامی زەراعی، نووسراوە. خودی فوئاد سەبارەت بە مەسەلەی سەرمایەداری لە شوورەوی، لەبیرمە نووسراوەی هەیە! کە دەڵێ ئەو وڵاتە سەرمایەداریە، لەوێ کاری کرێ هەیە، لەوێ کار کاڵایە.

مەبەستم ئەوەیە کاتێک دواتر باسی مەسەلەی تیئۆریک و کۆمەڵگای ئێران و مەسەلەی حیزب چینی کرێکار و دەوری حیزبی کۆمونیستی و ڕابیتە لەگەڵ بزووتنەوەی میللی و ئەمانە مەترەح دەبێت، لە دەورەی پێشتردا وجوودی نەبووە، ئێستا من بڵێم فڵانە کەسێک کە نەماوە مونتەسەب بەو دیدگایەی بکەی. چونکوو ئەم دیدگایە شانسی زۆرترە، یا نووسراوەی زۆرترە، یان لەبابەت تیئۆریکەوە برەوی زۆرترە. ناتوانی بڵێی لە ناو کۆمەڵەدا دیدگایەک بووە، کە فڵانە کەسە گوتویە من نوێنەرایەتی ئەم دیدگایە دەکەم.

بەهەرحاڵ ئەوەش بوو، هەستت دەکرد شەڕی ئوتۆریتەش بوو، فوئاد ئوتۆریتەیەک بوو. کە هەم ئوتۆریتەی بەسەر بەعزێ کەسدا قورسایی دەکرد، دەیدی ڕێگرە، ئێحساسی دەکرد بەرگیری دەکات لە برێک بەئارەزوو گەیشتینی، بۆ پێگەی شەخسی سیاسی، یان تەوەهوماتی سیاسی، هەرچیەک ناوی بنێت. ئێحساست دەکرد شەڕە شمشێرە لەگەڵ تارماییدا، بەڵام بۆ شتێکی واقعی تر. بەڵام لە ئیدامەکەیدا مەعلووم بوو، کەسێک کە خۆی ئاوا هەڵدەخات دەڵێ من موخالیفی مەسەلەن دیدگای یەک بووم و فوئادیش مونتەسەب دەبێ بەوە. تەبیعییەکەی

ئەوەبوو، کە دەبوو بەقەول و ئەقیدەکەی خۆی وەفادار بوایە. کەچی ئێستا هەڵدەگەڕێتەوە دەڵێ "شۆڕش بەبێ بیری فوئاد سەرناکەوێت"! لێرەدا کەمێک ئێحساس دەکەی سەداقەتەکەی کەمە.

**پرسیار:** ئێستا پرسیارێکی ترم هەیە. دیارە تۆزێک سەختە جوابی ئەم پرسیارە: لەو ئەوزاع و ئەحواڵەدا، کە چەپ تێک شکاوە، گیراون، ئێعدامکراون یان خۆیان شاردۆتەوە و هەڵاتوون بۆ وڵاتانی دەرەوە. لە کاتێکی ئاوادا چەندە پڕۆژەی تەشکیلی حیزبی کۆمونیست لەو سەردەمەدا، بەنەزەری تۆ لەگەڵ ئەوزاع و ئەحواڵەکەدا، هەڵبژاردنێکی سیاسی، موناسب و گونجاو بوو.
**ئیرەج فەرزاد:** بەنەزەری من ئەو کاتە ڕەهبەری کۆمەڵە، لەسەر پڕاگماتیسمەوە بەوە گەیشت. نەک بە نیازێکی ئاگاهانەی لەپێشدا دیاریکراو. پێش پێکهێنانی حیزبی کۆمونیست نامەگەلێک هاتوچوو. عەبدوڵڵا موهتەدی، مەسەلەن نامەیەک دەنووسێت بۆ کومیتەی ئامادەکاری حیزبی کۆمونیست باسی ئەوە دەکات، دەڵێ "ئەوە حیزبی دێموکڕات لە شووڕای میللی مقاومەتدایە [لەگەڵ موجاهیدین]، خەریکە دەبێتە ئەکسەریەت، ئێمە هیچ موتەحیدێکی سەراسەریمان نییە. بە نەزەری من ئەگەر حیزبی کۆمونیست پێک نەهێنین، تەریک دەکەوینەوە. ئێمە مەجبوورین ئەم کارەبکەین".
دەنا بە نەزەری من ڕەهبەری کۆمەڵە زۆر موشتاق نەبوو، ڕاستیەکەیت دەوێت. حەتتا لە کۆنگرەی سێهەمدا، بەرنامەی موشتەرەکی ئیتیحاد موبارزان و کۆمەڵە لەو کۆنگرەدا پەسند دەکرێت، عەبدوڵڵای موهتەدی یەک لەو کەسانەیە، دەڵی "بە نەزەری من لێبگەڕێن با شانازی پێکهێنانی حیزبی کۆمونیستی ئێران بە کۆمەڵە ببڕدرێت."
باشە لەجێگایەکیش کە مەسەلەی میللی تێدایە، منیش دەچم و دەخالەت دەکەم. بەڵام هەدەفەکەم ئەوەیە حیزبێکی کۆمونیست دروست بکەم. گرینگ نییە خەڵک چ هەڵسەنگاندنێک لە سەر رابردووی من دەکەن. بەڵام ئێحساس ناکەی ڕەهبەری کۆمەڵە، بەپێی گەڵاڵە و بە مەیلێکی وشیارانەوە چوون بەرەو پێکهێنانی حیزبی کۆمونیست.

**پرسیار:** باشە، یەک شت بۆم جێگای پرسیارە. لە ئەوەڵەوە کۆمەڵە دەڵێت

بچێتەوە ناو کرێکاران و زەحمەتکێشان، نفووزی کۆمەڵایەتی پەیدابکەی، ڕێکی بخەی، لە زیمنی فەعالییەتی هاوبەشیدا، ئەگەر تووشی کەسانێک بووین ئەوانیش وەک ئێمەبوون، وەک ئێمە خاراوی شۆڕش بوون، لەگەڵ ئەوانیشدا دەتوانین وەحدەت بکەین. بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ڕەهبەران تەوافق بکەن و بەیانییە دەربکەن، حیزبێک دروست بێت، دوو خەت، دوو شێوەی جیاوازە.

**ئیرەج فەرزاد:** ئەرقەزا لە دەورەی تەداروکی حیزبی کۆمونیستی ئێراندا، ئەو مەسەلەیە مەترەح بوو. هاوڕێیانی ئیتیحاد موبارزان دەیانگوت دەبێ حیزبێکی کۆمونیستی کاتێک پێک بێت کە لانیکەم بەشێک لە هەڵسووڕاوان و کرێکارانی لەگەڵدا بن. کاتێک باس هاتە سەر ئەوە، گوتیان باشە، ئێستا ڕێکخراوەیکی هەڵسووڕاوی دەخالەتگەر لە بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی خەڵکیدا، هاتووەتە پێش ... کەوابوو چاوپۆشی لە مەسەلەی پێوەند لەگەڵ چینی کرێکار دەکەم و حازرم مادام کۆمەڵە قەبووڵی بەرنامەکەی کردووە.

لەو لاشەوە عەبدوڵڵا موهتەدی، جوابی ئەو مەسەلە دەداتەوە، نامە دەنووسێ بۆ هاوڕێیانی، دەڵێ: بابە گیان جوابی ئەم باسە مەدەنەوە، ئەمە باسێکی پۆپۆلیستی و وردە کارانەیە، ئیکۆنۆمیستیە، پەیوەند یانی چی؟ من گەیشتووم بە زەرورەتی پێکهێنانی حیزبی کۆمونیستی ئێران و پێکی دێنم، با دە نەفەریش بم.

**پرسیار:** یانی جەماعەتی ئیتیحاد موبارزان نیگەرانی ئەوەیان دەربڕیوە کە پەیوەند نییە؟

**ئیرەج فەرزاد:** ئەرێ! لەو کاتەدا نامەیەک هەیە خودی عەبدوڵڵا موهتەدی ئەو نامەی بۆ جەواد مشکی و عومەر ئیلخانیزادە نووسیوە ئەو کاتە ئەوان لە تەورێز بوون. کۆپییەکیشی ناردبوو بۆ من. کە من ئەوکات مەسئولی ڕێکخستنەکانی شاری سنە بووم.

**پرسیار:** نامەکەیت ماوە؟

**ئیرەج فەرزاد:** نەمماوە بە داخەوە. ئەو کاتە دەورەی کاری نهێنی بوو. لە نامەکەدا، باسەکە ئەوە بوو، کە شەڕێک هەیە، شەڕی پۆپۆلیزمێکی قوڵ، ئیکۆنیمزێکی قووڵ، ئەگەر من دوورنمای چوونە دەری ئینشعابێکی سالم لە

ناو ئەم ڕێکخراوەدا نەبینم، خۆم بە ئالأی ئیتیحاد موبارزانەوە، لەگەڵ سەد پێشمەرگەدا جیا دەبینەوە، خۆمان حیزبی خۆمان دروست دەکەین. من حازرم لەگەڵ سەد پێشمەرگەدا کە ئەم خەتەیان قەبووڵ بێت، ئینشعاب بکەم. خێری خەڵکیبوون و نەبوونی کۆمەڵە ببەخشم و بڕۆم.

**پرسیار:** ئەریٚ وایە، بۆ تەئیدی ئەو قسەیەت، کاک حەمەسور [حوسەین مورادبەیگی] لە کتێبەکەیدا دەڵیٚ لە تەداروکی کۆنگرەدا، ئێمە خۆمان ئامادە کردبوو، کە ئەگەر دیدگای ئێمە نەیباتەوە، ئینشیعاب بکەین.

**ئیرەج فەرزاد:** نازانم ئەو کاتە لەگەڵ حەمەسوریشدا مەشوەرەتی کردبێت، چون ئەو کاتە ئەو مەسئوولی نیزامی کۆمەڵە بوو، ناوێکی بوو. ئەو کاتەش حەمە سوور لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی لە بۆچوون و نەزەراتدا زۆر نزیک بوو.

**پرسیار:** زۆر سپاس کاک ئیرەج ، ئەوە باسەکانی پێشومان تەکمیل بوو، دەستت خۆش.

**ئیرەج فەرزاد:** دەی باشە دەستی تۆیش خۆش بێت.

❊❊❊❊

ئەم گفتوگۆیە بەشێکی لە دیداری ٢٠١٢/٢/٢٦ دا لەگەڵ کاک ئیرەج لە شاری یوتەبۆری تۆمارکراوە کە بەداخەوە بە هۆی تەکنیکییەوە بەشێک لە قسەکانی نەمابوو، ناچار بووین دیسانەوە لە زستاندا گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین. حیشمەت و ڕەزا ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.

بەشێکیتریش چەند برگەیەکە لە گفتوگۆی کاک ئیرەج لە گەڵ کۆمەڵە تی ڤی لە یادی سی ساڵەی گیانبەختکردنی کاک فوئاد لە مانگی گەلاویژی ١٣٨٩ (مانگی هەشتی ٢٠٠٩) دا.



# گفتوگۆ لەگەڵ کاک برایم جەلال

**سلێمانی ٢٠١٢/٤/١٩**

**مەلەکە:** بە سپاسەوە بۆ ئەم دیدارە کاک برایم. لە ماوەی ئەم سی و سێ ساڵەدا پاش ئەو حادیسەیە، مەرگی کاک فوئاد جێی شک و گومانی ئێمە بووە کە چۆن ئاوا کوتوپڕ کارەساتی وا قەوما؟ ئەم هێزە سەربازییە چۆن گەیشتە ئەو شوێنە و ئەو کارەساتە ڕوویدا و کاک فوئاد و کاک تەهموورس گیانیان بەختکرد. درۆ نییە ئەگەر ئەڵێم باوک و دایکم بەو مەراقەوە سەریان نایەوە. کاتێک کتێبەکەی جەنابت هات و ئێمە خوێندمانەوە بەوە گەیشتین کە لە نزیکەوە بتانبینین. هەر ئەو کاتە کە کاک فوئاد گیانی بەختکرد خەبەرمان

پێگەیشت و ناوی کەسێکیان پێگوتین کە لەوانەیە لە گەڵ جمهوری ئیسلامی هاوکاری کردبێت و ڕاپۆرتی دابێت. کتێبەکەی ئێوە هاندەربوو کە ئێمە زیاتر دوای ئەم مەسەلە بکەوین. تکایە بەوردی کارەساتەکەمان بۆ باس بکە.

حیشمەت: من خاڵێکی لێ زیاد ئەکەم؛ شتێک کە بەبڕوای ئێمە جەنابت لەو کتێبەدا زۆر بە دروستی ئیشارەت پێکردووە، باسی پیلانی داڕێژراوی جمهوری ئیسلامییە. ئەو پیلانە چۆن بووبێت ئەوە باسێکیترە؛ تا ئێستا وێنەکە ئەوە بووە کە ئەو کارەساتە ڕووداوێکی بەهەڵکەوت بووە. بەڵام تۆ لە کتێبەکەدا وەکوو پیلانی جمهوری ئیسلامی باسی دەکەیت.

**برایم جەلال:** لە پێشدا زۆر زۆر خۆشحاڵم کە بە خزمەتی جەنابتان گەیشتم. چونکوو من بەڕاستی ئیتر بۆنی کاک فوئاد بە ئێوە ئەکەم. کاک فوئاد بۆ من برا، هاوڕێ، هاوفکر بوو. کاک فوئاد ئەو کەسە بوو لە سەرکردایەتی کۆمەڵەدا ڕەوتی کوردستانی گرتبوە بەر، بە پێچەوانەی هەندێ لە هەڤاڵانیتر. دیارە من هەموو سەرکردایەتی ئەوکاتی کۆمەڵەم دەناسی بە حوکمی ئەوەی نزیک بە ساڵێک لەگەڵ ئەوان کارم کرد. دێ بەدێ و گوند بەگوند دەڕۆیشتین، تەمرینی نیزامیمان ئەکرد لەگەڵ پێشمەرگەکان.

ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢٥ جەنابی مام جەلال ناردی بە دوامدا، ئەو کاتە بارگاکەم لە "شێنێ" بوو. وتی برادەرانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە داوایان کردوە هەندێ کادری سیاسی و پێشمەرگانەیان بۆ بنێرین کاریان لەگەڵدا بکەن. من ئەزانم کە تۆ زیاتر حەز ئەکەیت لەگەل کۆمەڵە کار بکەیت. پێمباشە لەگەڵ کاک برایمی عەلیزادە بچیت بۆ لای برادەرانی کۆمەڵە.

من چووم ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی کارەکانمان بوو لەگەڵ یەکتر. من بە ڕاستی دوکتور جەعفەری شەفیعی و کاک ساعدی وەتەندووستم پێشتر دەناسی. ئەوان زۆر زووتر هاتبوون، ئەوانم هەر لە قەندیل کە کاریان دەکرد ئەناسی. دیارە ئەرکەکانیان دوو شت بوو دوکتور جەعفەر کاری پزیشکی دەکرد و چارەسەری نەخۆشیەکانی دەکردو هاوکاری دەکردین. کاک ساعد بەڕاستی ئەویش ئاڵقەی وەسڵ بوو لە بەینی ئێمە و برادەرانیتری ناو ئێراندا. ئێمە ئەو کاتە لە ژیانێکی زۆر سەختدا دەژیاین یەعنی ئێمە گوزەرانێکی زۆر خراپمان هەبوو.

ئەو کاتە کۆمەڵەی ئێران زۆر هاوکاری کردین، هەم بە پارە کە لە ئێرانەوە

بۆیان دەهێناین. هەم بە شتی پزیشکی بە دەوا و دەرمان. بەڕاستی بۆ من خەبەرێکی خۆش بوو کە بچم لەگەڵ ئەو هاورێیانە لەو دیوی ئێران کار بکەم. ئێمە ئەو ماوە دوور و درێژە کارمان کرد لەوێ پێکەوە هەتاوەکوو ئەوکاتەی هێرش و هجوومی حکوومەتی ئێرانی دەستی پێکرد کە بە قیادەی مستەفا چەمران هاتن.

من گەڕامەوە هاتمەوە دیوی کوردستانی عێراق. برادەرانی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات داوایان کرد لە یەکیەتی کۆبوونەوەیەک ساز بکرێت. لە گەڵ خۆیان، کۆمەڵەی ئێمە،حیزبی شیوعی، حیزبی سوسیالیستی کوردستان و حەتتا پارتی دیموکراتی بارزانی بۆ ئەوەی کارێک بکرێت بۆ هاوکاری کوردستانی ئێران لە ڕێگرتن لە پێشڕەوی هێرشەکەی جمهوری ئیسلامی. لەو کاتەدا سێ چوار کەس لە فەرماندەکان کاک بەکری حاجی سەفەر بوو، شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتان، قادر خەبات و منیش. مام جەلال وتی لەگەڵیان بڕۆ لە بەر ئەوە تۆ شارەزای لەگەڵ برادەرانی کۆمەڵە. تەقریبەن دەوری سی چل کەسەێکم لەگەڵ بوو لە گەڵ ئەوانەدا و هەر دوو برا شەهیدەکەم چووین بۆ بانە.

لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار وابوو کە هێزیکی ١٥٠٠ چەکداری ئامادە بکرێ نەک بۆ بەرگریکردن لە هێرشی چەمران، چونکوو ئەو کاتەی هێشتا هێرشەکەی لە سنەوە دەست پێنەکردبوو، بەڵکوو بۆ گرتنی پادگانی مەریوان. ئەم ١٥٠٠ چەکدارە ئاوا دابشکرابوو کە یەکیەتی ٤٥٠ پێشمەرگە ئامادە بکات کە فیعلەن ئامادەی کرد. حسک ٣٠٠ پێشمەرگە ئامادە بکات کە ئەوانیش بەشێکی باشیان لێ ئامادەکردبوو بە لێپرسراوەتی ئەنوەری مەجید سۆڵتان. حیزبی شیوعی ٢٥٠ پێشمەرگە ئامادە بکات کە نەیکرد. حیزبی دیموکرات قەرار وابوو ٣٥٠ پێشمەرگە و تۆپەکانیشی بێنێت کە ئەویش نەیکرد و نەیهێنا. حیزبی زەحمەتکێشان ئەوانیش بڕیار وابوو ١٥٠ پێشمەرگە ئامادە بکەن. کۆمەڵەی خۆشمان.

ئەو کاتەی کە ئێمە لە بانە بووین کاک فوئاد وتی بۆ ئێمە نەڕۆین یانی من و کاک فوئاد، هەتا نزیکی مەریوان لەوێ تەعقیب بکەین بزانین قواتی حکوومەت لە کوێ هەیە لە کوێ نییە. پلانەکە حازر بکەین. لە گەڵ برادەرانیتردا کۆبوونەوەمان کرد وتیان ئێمەیش پێمان باشە لە پێشەوە ئێوە بڕۆن ئەو کارە بکەن. ئێمە بە ماشین ڕۆیشتین و دەوری ٣٠ تا ٣٥ پێشمەرگەی خۆمم لەگەڵ دا هات. پێنج پێشمەرگەیشم لای کاک بەکری حاجی سەفەر هێشتەوە. گەیشتینە

دێیەک ناوی دێکەم لە بیر نییە، برادەرانی کۆمەڵەی لێبوو؛ نزیک بە ٥٠ تا ٧٠ پێشمەرگەیەک ئەبوون. ئێمەیش دەوری ٣٠ تا ٣٥ پێشمەرگە بووین، عەدەدێکی خراپ نەبووین لەو ناوە.
ڕۆژی یەکەم و دووهەم ماینەوە، ئێمە لەماڵێک دەماینەوە لەگەڵ کاک فوئاد. یەک لە پێشمەرگەکانی کاک فوئاد هات بە منی گوت ئەو ماڵەی ئێوەی لێن دوو کوڕی جاشیان هەیە. منیش بە کاک فوئادم گوت پێم باش نییە ئێمە لێرە بین چونکوو ئەوان دوو کوڕی جاشیان هەبێت یانی ئێمە هەر شتێک بڵێین قسەکانمان دەڕوات. کاک فوئاد وتی نا، مەترسیت نەبێت هەر دوو کوڕەکان پێوەندییان بە خۆمانەوە هەیە.
بەهەرحاڵ ئێمە چاوەڕێمان ئەکردهێزەکە بێت. ڕۆژی یەکەم و دووهەم چاوەڕێمان کرد هێز نەهات. لە ڕۆژی سێهەم دا بە کاک فوئادم گوت ئێمە چی بکەین لێرە دانیشتووین؟ یا ئەوەتا بچین هەندێ چالاکی بکەین و لە ربایەکان (پایگاکان) و شوێنەکانیان بدەین، یان ئەوەتا جەولەیەک بکەین ناکرێت ئاوا. کاک فوئاد وتی با ئەمرۆیش چاوەڕێ بکەین شەو قسە ئەکەین. ئەو ڕۆژەیش چاوەڕێمان کرد، شەوێ دانیشتن و کۆبوونەوەمان کرد. کاک فوئاد وتی من پێمباشە سبەینێ من و تۆ بگەڕێینەوە بۆ بانە بزانین ئەو قووەتانە بۆ نەهاتن. وتم تۆ پێت باشە وا ئەکەین. بەڵام لەو ماڵە من ناوم مامۆستا برایم یا مەلا برایم بوو.
بەیانی زوو هەستاین. من و کاک فوئاد و دوو کەسی دیکەش خەڵکی مەریوان بوون. باوک و کوڕێ بوون لەگەڵ پێشمەرگەیەکی چریکی فیدایی ناوی تەهموورس بوو. ئەو لەگەڵ کۆمەڵە نەبوو دەیەویست لەگەڵ ئێمە بێت بۆ بانە و تێکەڵ بێت بە هێزەکەی خۆیان. ئەو شێخ عوسمان و کوڕەکەشی دەیانەویست بچن بۆ بانە. وتیان ئێمەیش لەگەڵتان دێین. یانی بووین بە پێنج کەس. کەوتینە ڕێ و ڕۆیشتین بە حسابی ئێمە ئەو ڕێگایە ئازادە و ئەمنە و هیچ قووەتی حکوومەت نەهاتووە بەوێدا بڕوات. نە دێیەک لە سەر ڕێگاکە بوو نە خەبەرێکی واش هەبوو بەڵام هەستمان کرد هیج ماشین نەهات نە لە بانەوە و نە لە مەریوانەوە. ئێمە بە جادەکە دا پیادە دەڕۆیشتین تا تەقریبەن نزیکی ئێوارە. کاک فوئاد وتی دەچینە ئەو دێیە، لەوێ ماڵی برادەری خۆمانی لێیە. یەعنی ڕێکخراوەیی. چووینە ئەوێ پرسیمان خەبەر باس؟ وتیان هیچ نییە تەنیا هیزەکانی حیزبی دیموکرات هاتوون لەم ناوە بڵاو بوونەتەوە. بەیانی زوو سەعات شەش هەستاین

هاتینەوە سەر جادە و لە سەرجادەوە ڕۆیشتین نزیکی چوار پێنج کیلومەترێ هەر ئەوندە ڕۆیشتبووین هەستمان کرد هێلیکۆپتەر هات. خواری جادەکە وەک چەم وایە، چەمیش نییە ئاو نییە داریشی لێ نییە تەنیا ئەو دارانەی لێیە زۆر کورتە بالاّ. وتم کاک فوئاد هیچ نەبێ بچینە چەمەکەوە با لە سەر جادەکە نەڕۆین. وتی باشە وابکەین. هاتینە خوارەوە وتم با مەسافە وەرگرین تەقریبەن هەر یەکە بەینی دە تا پازدە مەترێک لە بەینمان دا هەبێ، بۆ ئەوەی ئەگەر دەستڕێژیش بکات تەیارەکە، تۆزێک پارێزراوتر بین تا ئەوەی کە بە کۆمەڵ بین. هەتا نزیک بووینەوە بە پاسگایەک. ئەو پاسگایە زۆر بە باشی لە بیرمە پاسگای کانێعمەتیان پێ ئەوت. من لە دوورەوە هەستم بە جووڵە لە پاسگاکەدا دەکرد دووربینم پێبوو. بە دووربینەکە سەیرم کرد وتم کاک فوئاد ئەمن حەرەکەت دەبینم بەڵام ناتوانم جێای کەمەوە لە یەک.. ئەویش تەماشای کرد وتی وایە، خەڵکی تێدایە بەڵام ئەوان لە دێیەکە بە ئێمەیان گوت حیزبی دیموکرات لەو ناوە بڵاو بوونەتەوە ئیحتیمالە ئەو حەرەکەتە هی ئەوان بێ. هێلیکۆپتەر هکان کوبرا بوون هەر دەهاتن و دەڕۆیشتن. سێ چوار هێلیکۆپتەر دەهاتن و دەڕۆیشتن. تەقریبەن نزیک بووینەوە و زانیمان کە ئەوە شتێک هەیە. کابرایەک لە ناو چەمەکەوە بەرەو ڕووی ئێمە هات گەیشتە من وتی کاکە ئەوە ئێوە چەند نەفەرن وتم ئێمە زۆرین بۆ؟ وتی هەر ئەوندەن؟ وتم نەخەیر قووەتەکەمان لە دواوەیە. کاک فوئاد پرسی کاکە چ هەیە لەم ناوەدا؟ هیچ خەبەرێک باسێک؟ وتی هیچ نییە بەڵام ئاگایشتان لە خۆتان بێت باشە.

ئەو شوێنە وەکوو دۆڵێک وابوو تەقریبەن نەدیوی بوو ئێمە دەمانەویست وا بڕۆین، لە دۆڵەکەوە ئیستیان لێ کردین. بەڵام لە مەسافەی تەقریبەن ١٥٠ بۆ ٢٠٠ مەترێک. ئەوان لە سەرجادەکەوە وئێمە لە چەمەکە دا. کە ئیستیان لێ کردین. ئەمە حەقیقەتە بۆتان باس دەکەم چونکوو کاک فوئاد لە دوای منەوە بوو لە دوای کاک فوئاد کاک تەهموورس بوو، لە دوای تەهموورس شێخ عوسمان بوو لە دوای شێخ عوسمان کوڕەکەی بوو. بە کاک فوئادم وت یا ئەوەتە پێ هەڵگرن بە پەلە بچینە خوارەوە بۆ ناو چەمەکە بۆ قووڵاییەکە تۆزێ بە سورعەت بڕۆین، یا ئەبێ دابەزێین چارمان نییە. کاک فوئاد وتی ناتوانم بڕۆم، وتم کاک فوئاد گیان ڕەجات لێ دەکەم ئەمە حەیاتی پێشمەرگایەتییە مەفروزە بیر لەوە بکەینەوە ئەم قووەتە زۆرە و ئێمەیش کەمین. وتی ناتوانم.

وەلحاسڵ ئێمە کە کەوتینە شەڕەوە نزیکەی دەور و بەری سەعات یازدە و ئەو ناوە بوو، ئیتر هەتاوەکوو تەقە کرا، هەتا شەڕ کرا، شەڕ کرا بەڵام من هەستم بەوە ئەکرد تەرەفی ئێمە تەقەکانمان کزە یانی من شعوورم بەوە دەکرد بە باشیش کە تەقەکە لە ئێمەوە کەمە بەتایبەتی لە دوای سەعات سێ و ئەوانەوە.

**مەلەکە:** ئەوندەی خایاند؟
**برایم جەلال:** بەڵێ، بەڵێ هەتا سەعات پێنجی خایاند. بەڵام من کە دەڵێم تەقەکان کەم بووەوە لە سەعات سێ بە دواوە تەقەکانی ئێمە کەم بووەوە. ئیتر دوای ئەوە تەقریبەن تەقە وەستا؛ نە ئەوان هاتن بێنە سەر ئێمە، نە ئێمەیش بیرمان لەوە دەکردەوە. من دەمەویست بانگی کەم نەشمدەتوانی لە بەر پاسدارەکان بانگی کەم. تۆمەس ئەو هێلیکۆپتەر کە هاتوچووی دەکرد ئەوە هەمووی قوات بوو دایدەبەزاند لەوێ و لە پاسگاکانی دیکە. من ڕۆیشتمە خوارەوە بۆ چەمەکە دوایە تاریک داهات. گەڕامەوە هاتمەوە شوێنەکەی خۆمان چوومە سەر شوێنەکەی کاک فوئاد، کاک فوئادی لێ نەبوو بەڵام خوێنی لێ بوو. سێ چوار بانگم کرد بۆ ئەوانی دیکە هیچ جواب نەبوو. دەنگی نەبوو، خۆیشی دیار نەبوو، فکری ئەوەم کردەوە بە تەسەوری خۆم وتم ئیحتیماله بە بریندار دەرچووبێ و ڕۆیشتبێ.
من ئەمە یەکەم جارە ئەو ڕێگایە دەبینم و پێیدا دەڕۆم، لە حەیاتمدا. هاتمە خوارەوە بە چەمەکەدا شۆربوومەوە مەسافەیەکی زۆر ڕۆیشتم تەقریبەن سەعاتێ سەعات و نیوێک. هەر بە چەمەکەدا دوایی بەو شاخەداسەرکەوتم. بڕواتان هەبێ ئەو شەوە هەتا نزیکی بەرەوبەیان من ڕۆیشتم! لە نزیکی بەرەوبەیاندا هاتمە خوارەوە بچمەوە سەر جادەکە، تەماشام کردوە بە مەسافەی دوو کیلومەتر دوور نەکەوتوومەتەوە لەو مەعەسکەرە[پاسگاکە!]. تومەس هەر بەو گرد و شاخەدا هەر بە دەوری خۆمدا خولاومەتەوە. حادیسەکە بەوجۆرە بووە.
ئەو برادەرانە و براکانی خۆم و مام جەلال باسیان کرد، ئیزگەی کرماشان باسیکردبوو، دەڵێ: لە زیدی ئینقلابەکانمان دا دوو مەسئولمان کوشت، یەکێکیان بە ناوی فوئادی سوڵتانی یەکێکیشیان بە ناوی ملا برایم کادری قیادی "اتحادیه میهنی کوردستان". تەهموورس هەویەی پێنەبووە بەڵام ئەو ماڵەی کە ئێمەی لێوە ڕۆیشتوین ئەخباریەکەیان واداوە کە من و ئەوین. چونکوو شەو کە ئێمە

کۆبوونەوەمان کرد، تەنیا من و کاک فوئاد بڕیار بوو بڕۆین دوایە کە کەوتینە ڕێ لە دێیەکە ئەوانە وتیان ئەبینە هاوڕێتان و لەگەڵتان دێین. ئەمە حەقیقەتی حادیسەکە بەم شکڵە و بەم شێوەیە بوو. بەڵام بۆ من کارەسات بوو ئەوە، زۆر ناخۆش بوو ئینسان کە خوا نەیکوژێ بە زۆر نییە، ئەجەل بە دەس کەس نییە. من لە ساڵی ١٩٦٢وە پێشمەرگەم یعنی من لەگەڵ مام جەلال دا هەمەدانم کردوە، ئێران و توورانم کردوە، پێشمەرگایەتیم کردوە هەتاوەکوو ساڵی ١٩٨٧ ژیانی من بەس ژیانی پێشمەرگایەتی بووە. من لەگەڵ برای خۆمدا بووم کە براکەم شەهید بووە و من بریندار بووم.

بە هەرحاڵ تەبعەن لەناو حیزبێکدا خۆتان دەزانن خیلافات هەر هەیە. من لە دوای دوو ڕۆژ و دوو شەو شتێکی وابوو گەیشتمەوە بانە، کە گەیشتمەوە بانە، کاک بەکری حاجی سەفەر بە ئەمری مام جەلال قەراری بۆ دەرکردبوو وتبووی دەبێ کێومالّی بۆ بکەن و بیدۆزنەوە ئەگەر نە ئاگادارمان کەنەوە. کە من گەیشتمەوە لای ئەوان تەبعەن بە تایبەتی براکانی خۆم زۆر خۆشحاڵ بوون.

ئیتر دوای ئەوە کە من گەڕامەوە و هاتمەوە سەرکردایەتی ئەوانەی کە مونافیسی [رەقیب] من بوون وایان باسکرد کە گوایە من کاک فوئادم بەجێهێشتووە و ڕامکردووە. من تاقمەکانم شایەت بوون تەقریبەن یەک مەخزەن[خەشاب]، لە یەک مەخزنەکەیشدا نیوەی زیاتر تەقیبوونەوەم پێمابوو. بێجگە لەوە من داوام لە عەبدوڵڵا موهتەدی، برایمی عەلیزادە و عومەری ئیلخانیزادە کرد وتم کاکە بە حوکمی ئەوە من لەگەڵ ئەو شەهیدانەدا بووم و برادەرانیش ئاوام لەگەڵ ئەکەن، من داوا لە ئێوە ئەکەم، ئێوە زیاتر تەحقیق لە مەسئەلەکەدا بکەن بۆ ئێوە باشترە. ئێوە تەحقیق بکەن بزانن لەو ماڵەی کە لێی بووین چۆن چۆنی بووە؟ دوای ئەوە تەعقیبیش لەو دوو برادەرە بکەن شێخ عوسمان و کوڕەکەی هەر دووکیان ماون دەتوانن لەوانیش بپرسن. وتیان ئێمە گومانمان لە ڕاستگۆیی تۆ نییە. وتم نە کاکە، حەقی خۆتانە چوونکە من ئیشم پێیەتی من پێویستم پێیەتی. ئەوان ڕۆیشتن و تەحقیق و شتی خۆیان کردو جوابی مام جەلالیشیان داوە کە ئەو حادیسەیە برایم جەلال چۆنی وتووە وایە، ئێمە تەحقیقمان کردوە هەر بەوجۆرە بووە؛ ئێمە پێویستیمان بە برایم جەلال هەیە، جارێکیتریش داواتان لێدەکین بماندەنەوە با بێت کارمان لەگەڵدا بکات. ئەمە حەقیقەتەکانە؛ ئەمجا، ئیتر ئێوە هەر پرسیارێکیترتان هەیە ئەتوانن بپرسن.

**مەلەکە:** کاتێک لە ناوزەنگەوە بەرەو بانە هاتن لەگەل کاک سید برایم پێکەوە هاتن؟

**برایم جەلال:** نە، من و سەید برایم بەیەکەوە نەهاتین بۆ بانە. ئێمە هێزەکەمان هاتینە سەردەشت لەوێ کاک سەید برایم لەگەڵماندا هات.

مەلەکە: فەرمووت لە کۆبوونەوەیەکدا ئەو بڕیارەدرا کە جەنابت لەگەڵ کاک فوئاددا بڕۆیت بۆ مەریوان کێ لەوێ بوو ئەو بڕیارتانە دا؟

برایم جەلال: ئەو کۆبوونەوە کاک بەکری حاجی سەفەر، کاک سالار عەزیز، کاک ئەنوەری مەجید سوڵتان، من وکاک فوئاد خۆی بووین. لە سەر خواستی کاک فوئاد بوو. ئەو داوای کرد وتی با ئێمە بچین لە پێشدا ڕێگا و شوێنەکە ببینین. با مەعلووماتمان هەبێ لە سەر چۆنییەتی جێگاکان و ڕۆیشتنی هێزەکان. چونکوو قەرار وابوو هەر بۆ سبەینێ ئەوان بێن. ئیتر ئەوان هەر نەهاتن و ڕۆژی سێهەم ئێمە گەڕاینەوە. کاک فوئاد وتی با بگەڕێینەوە بۆ لایان بزانین بۆ هێزەکە نەهات. تەنانەت من دوو براکانی خۆمم لەگەڵ خۆمدا نەبردبوو چونکوو وتی با هەر هەردووکمان بڕۆین. هەتا کەم بین باشترە بۆ ئەوەی زووتر بڕۆین.

مەلەکە: لەو کۆبوونەوەدا کەس لە کۆمەڵەی ئامۆزا بەشدار بوو؟

برایم جەلال: نایەتە فکرم. بەڵام ئیحتیماله کاک سید برایم لەگەڵ بووبێت. بەس دڵنیا نیم.

**مەلەکە:** چ ڕۆژێک کەوتنە ڕێ بۆ مەریوان؟

**برایم جەلال**: ڕۆژی ٢٩ی مانگی هەشت[٧ی خەرمانان] بڕیار وابوو کە پەلاماری پادگانی مەریوان بدرێت. بەڵام ئەو ڕۆژەش هێزەکان هیچیان نەهاتن. ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢٨ من و کاک فوئاد و دوو لە فەرماندەکانی خۆیشیان ناویان نازانم. ئەوان لەگەڵمدا دانیشتبوون لە ماڵەکەدا و هەر یەکێکیش لەوان پێیگوتم حەقە وریا بین ئێمە. ڕۆژی ٣٠ی هەشت[٨ی خەرمانان] لەگەل کاک فوئاد پێکەوە گەڕاینەوە. ئەو ڕۆژە هیچ بۆ بەیانییەکەی کەوتینە ڕێ، لە چێشتەنگاودا شەڕەکە دەستی پێکرد.

**مەلەکە:** ئەو ماشینە کە ئێوەی برد نەوەستا لەسەرتان کە ئێوە بەو ماشینە بگەڕێنەوە؟

**برایم جەلال:** خۆمان داوامان نەکرد ئەو بوەستێ. چونکوو ئەوە زۆری پێدەچوو. سێ ڕۆژی پێچوو ئێمە ئەو سێ ڕۆژە ئەو ماشینەمان بۆ چی بوو جگەلەوە ڕێگا باز بوو. ئەو بەیانییە کە هاتینە سەر جادە ئەوەمان بەلاوە سەیر بوو و جێ سەرسووڕمان بوو کە بۆ ماشین نایە. نە لە بانەوە نە لە مەریوانەوە.

**مەلەکە:** وەختێ کە ئێوە لە بانەوە گەڕانەوە بۆ مەریوان جەنابتان بوون و کاک فوئاد و دوو کەسی تری کۆمەڵە؟
**برایم جەلال:** نا نا، کەسی کۆمەڵەمان لەگەڵ نەبوو چونکوو هێزەکەی کاک فوئاد [پێشمەرگەکانی یەکیەتی جووتیاران] لە دێیەکە چاوەڕێیان دەکرد.

**مەلەکە:** بەڵام بە عەکسەوە تۆ خۆێشت ئەڵێی ژمارەیەک پێشمەرگەی یەکێتیت لەگەڵ بووە. ئەگەر باش لە بیرم بێت لە کتێبەکەدا ئەڵێیت ١٠ کەس، بۆ ئەوان لەگەڵ ئێوە نەگەڕانە وە؟
**برایم جەلال:** کاک فوئاد نەیهێشت! ناڵێم حەتتا دوو برای خۆمم لەگەڵ بوو شەهید خەلیل و شەهید هاوار کە لە دوای ئەو حادیسەیە هەر دووکیان شەهید بوون. ئەوانم لەگەڵ بوو کاک فوئاد وتی با نەیەن هەر خۆمان ئەڕۆین.

**مەلەکە:** ئەوان لە مەریوان مانەوە؟
**برایم جەلال:** نەخێر لەو دێیە مانەوە. لە نزیکی مەریوانە، بە ڕاستی ناوەکەیم لە بیر چووە. کاک بەکری حاجی سەفەر ئاگادارە کە شەهیدخەلیل و شەهید هاواری برام و پێشمەرگەکانی من و ئەو پێکەوە کێوماڵیان ئەکرد. پاش ئەوەی گوێیان لە خەبەرەکەی کرماشان بووە.

**مەلەکە:** شەش ڕۆژ پێشتر، یانی ٢٥ی هەشت لە مەریوان ٩ کەس تیرباران کران کە دوویان براکانی ئێمە بوون. کاک فوئاد هیچ باسی ئەو حادیسەی نکرد؟ کە براکانم تیرباران کراون.
**برایم جەلال:** با باسی بۆ کردین.

**مەلەکە:** شتێکی تایبەتیت لە بیر نایەت؟

**برایم جەلال:** باسی ئەوەی کرد کە قسەیان لە سەر کراوە. یەعنی زمانیان (ڕاپۆرتیان) لێداون.

**مەلەکە:** یەکێک لە پرسیارە هەرە گرینگەکانی ئێمە ئەوە بوو کە خۆت لێرە ئیشارەت پێکرد. کە گوایە برایم عەلیزادە، عەبدوڵڵا موهتەدی و عومەر ئیلخانیزادە ئەو سێ کەسە دڵنیابوونی خۆیان لە تۆ ڕاگەیاندوە بە مام جەلال و هەر ئەوان داوایان کردووە بگەڕێیتەوە لایان بۆ هاوکاری.
**برایم جەلال:** بەڵێ مام جەلالیش ماوە.

**مەلەکە:** نەتیجەگیریەکەی خۆت ئەوەیە کە ئەو ماڵە بە نەوعێک ڕاپۆرتیان لە ئێوە دابێت؟
**برایم جەلال:** من دڵنیام لە سەدا هەزار چوونکە ئەو ماڵە کاک فوئادیان وەکوو خۆیان ئەناسی. من دڵنیام کە ئەو ماڵە ئەخباریان کردووە لە ڕۆیشتنی ئێمە. ئەمە یەک. دوو، ئەوەی کە گومانی بۆ ئێمە دروس کرد و بەو ڕێگەدا ڕۆیشتین ئەو ماڵە بوو لە دێکەیتر، بە ئێمەیان وت هیچ جمووجوڵێکی حکوومی نییە و وتی حیزبی دیموکرات لەم ناوەن، ئێمە بەوە پشت ئەستوور بووین. هیچ شتێکیش بە سەیارە و ئەوانە نەبوو، هەمووی بەس بە دابەزینی هێلیکۆپتەر بوو. بەڕاستی کە نزیکی پاسگاکە بووینەوە تەسەورمان کرد حیزبی دیموکراتی تێدابێ. ئێجگار بەوە پشت ئەستوور بووین. ئەگیناخۆ ئەگەر وانەبوایە، بیگوتایە مەسەلەن پاسگاکە ئەرتەشی تێدایە خۆ ئێمە بەوێدا نەدەڕۆیشتین و بە لایەکیتردا دەڕۆیشتین. بەڵام من دڵنیام ئەو ماڵە ئەخبارییەکەیان کردبوو. ئەخبارییەکەیشیان بە پلان کردبوو و ئەو قووەتەیش لەوێ دابەزی؛ بە پلانی ئەو ماڵە دابەزی. نەیانویستبوو کە بە جادەکەدا بێن بۆ ئەوەی ئاگادار نەکرێین. با وریا نەبینەوە، پێشمان لێبگرن، لەبەر ئەوە من هیچ گومانێکم نییە کە ئەو ماڵە موسەببی سەرەکی ئەو حاڵەتە بوون.

**حیشمەت:** خومەینی لە ١٩٧٩/٨/١٩دا[٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨] فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان ئەدا. ئەوکات هێشتا شارەکان بە تەواوی نەگیرابوونەوە. پاسدار هێشتا ئەوندە ئەرخایەن نەبوون و دڵنیا نەبوون؛ بە دۆشکاوە بە ناو

شاردا ئەگەڕان، ئەترسان و هیچ پاسگایەک دانەنرابوو. ئەوە یەکەم حەرەکە بوو کە بێن بۆ ئەو پاسگا.

**برایم جەلال:** هەتا شەهید بوونی کاک فوئاد یەک سەیارە هاتووچووی نەکردووە هی حکوومەت. تەبعەن قووەتەکەیشی لە پێشەوە کە داناوە بەو ئەخبارییە بووە. بۆ ئەوەی مەعلوومات و خەبەر نەیەت بۆ پێشمەرگە. بە دڵنیایی خۆمەوە ئەڵێم خۆ فوئادی سوڵتانی پێشمەرگەیەکی سادە نەبوو، سکرتێری کۆمەڵە بوو. سکرتێرێکی سادە کە کەس نەیدەزانی حەتتا ئامر مەفرەزەشە، ئەوندە بەسیت و سادە بوو لە جل لەبەرکردن، لە خواردن، لە هەڵسوکەوت کردن، لە تەعامول کردن لەگەڵ خەڵکدا.

من خۆم زۆر دەرسی لێ فێر بووم. کاک فوئاد پیاوێکی مەند بوو. من زۆر دەمێک لە پێش ئەوەوە کۆمەڵە بووم و سیاسەتم کردووە و کارم کردوە بەڵام بەڕاستی لەڕووی شتی شەعبیەوە یەعنی کۆمەڵایەتییەوە زۆر شت لەو فێر بووم.

****

کاک برایم جەلال لە کتێبەکەی دا "کۆمەڵە ی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" بە "کۆمەڵەی ئامۆزا" ناو لێ ئەبا.

مەلەکە و حیشمەت ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.



# گفتوگۆ لە گەڵ کاک بەکر حاجی سەفەر

**سلێمانی ٢٠١٢/٤/٢٩**

**مەلەکە:** زۆر سپاس بۆ ئەم دیدارە بەڕێز کاک بەکر. پێمان خۆشە دیدارمان هەبێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە سەردەمی شەهیدبوونی کاک فوئاد لە سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدران و یەکیەتی نیشتمانیدا بوون.

**حیشمەت:** کاک مەلابەختیار زۆر تەئکیدی کرد لە سەر ئەوە ئێمە بێن جەنابت ببینین. وتی ئەو زۆر لە جەرەیانەکاندا بووە ئەگەر کەسێ مەنبەعێکی باش بێ یەکەم کەس کاک بەکرە. ئێمە کاک مەلا بەختیار، کاک سالار، کاک نەوشیروان و کاک برایم جەلال و هەروەها لە کۆمەڵەی ئێرانیش کاک عەبدوڵڵا لێرە نییە،

کاک سەید برایم، کاک عومەر و کاک ساعد و کاک حەمەی شافیعی‌مان دیوە.
**مەلەکە:** گەورەیی ئێوەیە کە بە نەخۆشیەوە ئەم دەرفەتت بۆ ئێمە ڕەخساندووە.
**کاک بەکر:** من داوای لێبوردن ئەکەم. ئێستا وەزعی سیاسی و ئیجتماعی زۆر گۆرانی تیایە، قەت لە دنیادا ناچێت بەعەقڵمدا و مەعقوول نییە ئێوە بێنە سلێمانی بچنە هوتێل و ماڵی من لێرە بێت. دیارە ئەوە گۆڕانێکە. یەعنی، خوشک و برای کاک فوئاد بێنە سلێمانی، لە سلێمانی ماڵی منی لێبێت ئەوان بچنە هوتێل بەلای منەوە سەختە. من چۆن پێی گەوەرە نابم خێزانی دوکتور جەعفەر و خۆشک و برای کاک فوئاد مێوانی من بن.

**مەلەکە:** بە خۆشەویستی تۆ و بە مەرگی کاک فوئاد ئێمە زۆرتر دوو شتمان لەبەر چاو بوو؛ یەکێکی نەخۆشینی جەنابت و دووهەم ئەم موسیبەتە، واتە فەوتی کافیە خان تازە بە سەر ئێوەدا هاتووە. ئەزانین مناڵەکان هێشتا خەمبارن و ئازیەتبارن حەتمەن خەڵکی زۆر دێنەلاتان. کاک بەکر، با یەک شتت عەرز کەم. بەڕاستی بۆ ئێمە برای گەورە، زۆر خۆشەویست و جێی ڕێز و ئیحترامیت و جێگای تایبەتیت لە دڵ هەمووماندا هەیە. جگە لەوە ئێمە لێرە میوانی یەکێتی نیشتمانین.
**کاک بەکر:** دڵی پڕە و فرمێسکەکانی پاک ئەکاتەوە)

**مەلەکە:** وەک ئەزانی ناکۆکی زۆرە لە نێوان کۆمەڵەکاندا، ئێمە مولاحەزەی ئەوەمان بوو کە نەکا ئەگەر بچینە لای هەر یەک، لایەنەکانی‌تری کۆمەڵە، بەجۆرێک تەفسیری بکەن. لە بەر ئەوەی کارەکەمان بۆ جێبەجێ بێت ئەوەمان نەکرد و لە هەمان کاتیشدا ئێمە بۆ هەموو لایەک ڕێز و ئیحترامەمان هەیە؛ لای هەموویان چووین و سەردانی هەر چوار بەشەکەی کۆمەڵەمان کردووە و ئەوانیش سەردانیان کردووین.
**کاک بەکر:** چاکتان کردووە.

**مەلەکە:** پرسیارێکمان ئەوەیە ئەو هاوکاریەی نێوان کۆمەڵە و یەکێتی چۆن پێکهات؟ چۆن بوو ئەو پەیوەندییە گەرم و گوڕە پێش هات؟

**کاک بەکر:** ئەوە تاریخێکی کۆنتری هەیە، بنەمایەکی دوورتری هەیە. کاتی خۆی ئێمە عیلاقەمان لە گەڵ کوردی ئێراندا هەر هەبووە؛ کاتی خۆی لە شەستەکاندا پارتی دێموکراتی کوردستان بوو بە دوو پارچە. ئەو پارچەیە کە سەر بە مەکتەبی سیاسی بوو بەردەوام لە گەڵ تێکۆشەرەکانی کوردستانی ئێراندا عیلاقەیان هەبووە. ئەوە هەموومانی گرتبووەوە. ئێمەماڵمان لە پێنجوێن بوو. تێکۆشەرەکانی ئێران کە ئەهاتن بۆ ماڵی ئێمە. شەهید ڕەحمانی قاسملوی تێهاتووە، کە لەوێوە ڕەوانەکراوە بۆ بانە و مەنیەقەی مەهاباد. وەختی خۆی قادر شەریف و ئەوسا چەند تێکۆشەریتر ئەحمەد تەوفیق لە حیزبی دێموکرات بوو کادیرێکی هەڵکەوتوویان بوو. ئەوانە بەش بە حاڵی خۆم زۆر جار هاتوونە ماڵی خۆمان. بە ڕەحمەت بێت من برایەکی گەورەم هەبوو کاک حەمە ئەوسا ئەو پارتی بوو بە هۆی ئەوە هاتووچۆیان ئەکرد. ئەهاتن و ئەچوون لە بارەگاکانی ئێرەشدا، لە بەکرەجۆ مەسەلەن سازمانی ئینقلابی ئێران کە لە حیزبی توودە جیا بووبوونەوە لەوێ بوون. بە زۆری، لە دەوروبەری بەکرەجۆ و مام جەلال ئەوانە بوون. تێکۆشەرەکانیتری ئێرانیش راستە لێرە هەندێک عەزیەت دراون بەڵام لە لایەن بەشێکی زۆری ئەوانەی کە بیری شۆڕشگێڕانەیان هەبوو دائێمەن هاوکاری کراون.

شەخسی مام جەلال لە گەڵ هەموو کەسایەتیە سیاسیەکانی کە ئەو سەردەمە دژایەتی حکوومەتی شایان ئەکرد پێوەندی زۆری هەبووە. کە شۆڕشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، شۆڕشی کوردی دامەزراندەوە، کە دەسپێکردنەوەیەکی یەکیەتی نیشتمانی بوو. (من ئەمەی کە ئێستا ئەیلێم، من ئێستا نیگەرانم لە یەکیەتی؛ من ئێستا وازم لە یەکیەتی هێناوە بەڵام وەکوو مێژوو ئەمە حەقیقەتێکە ئەیلێم) ڕاستییەکان چیم دیوە ئەوانە ئەڵێم. یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو سەردەمە، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دۆستایەتی زۆری لە گەڵ کادرەکانی کۆمەڵەی ئێراندا هەبوو. هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە مەجمووعەیەک کادرەکانی ناو کۆمەڵە کە لە ئێران کەشف ئەبوون ئەهاتن پێوەندییان بە مەفرەزە سەرەتاییەکانی ئێمەوە ئەکرد. لە هەورامانداا ئەوەی کە لەبیرم بێت عوسمان ڕەوشەنتوودە لەوێ بوو، لە سەرکردایەتیدا شەهید دوکتور جەعفەر کە لای ئێمە ناوی دوکتور عەزیز بوو. دوکتوری سەرکردایەتی ئێمە بوو لە خڕەی ناوزەنگ، ساعید وەتەندوست لای ئێمە ناوی مامۆستا برایم بوو، ئامر هێزی

پارێزگاری سەرکردایەتی ئێمە بوو. پەیوەندی زۆر بوو کەسایەتی وەک کاک سەلاحی موهتەدی عێلاقاتی لە گەڵ سەرکردایەتی ئێمەدا هەبوو و هاوکاریشیان ئەکردین. کادری لێهاتووی وەکوو خانە موعینی هاتبوو لە گەڵ کادرەکان ئێمەدا لە مەنتەقەی ماوەتدا مەفرەزەیەکمان تووشیان بوو بە تووشی هێزێکی زۆری حکوومەتەوە کە لە گەڵ ئەحمەد فەتحوڵڵا و ئەوانە شەش کەسیان شەهید بوون یەکێکیان خانەی موعینی بوو. شۆڕشی ئێرانیش لە دژی شا دەستی پێکرد ئەو هێزانەی ئەوندەی کە ئێمە لە تواناماندا هەبوو من زۆر ئاگاداری ئەوانەم بە هۆی ئەوەی کە من لە حدودی بانە و سەقز و مەریوان بووم. زۆر کەس ڕووی ئەکردە ئێمە ئەوندەی کە ئێمە توانیمان هاوکاریمان کردن و هاوکاریەکانمان توندوتۆڵ بوون و سەرکردایەتیەکانمان وای لێهاتبوو ئەیانگوت کۆمەڵەی ئامۆزا، یانی کۆمەڵەی ئێران ئامۆزای کۆمەڵەی ئێمەیە. تێکڵاوییەکی زۆر بوو لە ناو کادرە سیاسیەکانمان و پێشمەرگەکانماندا.

**مەلەکە:** کاکە بەکر مانگی هەشتی ساڵی ١٩٧٩ ئێوە تەشریفتان لە بانە بوو؟ دوای بڕیارەکەی خومەینی بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان.

**کاک بەکر:** پێش ئەوەش ئێمە لە بانە و مەریوان و ئەوانە بووین. لە مەریوان بووین تا شەڕی پادگانی مەریوان کۆتایی هات و پێشمەرگەیەکمان لەوێ شەهید بوو ناوی عەلی بوو. دوای ئەوە ئێمە چووین بۆ مەنتەقەی بانە. ڕۆژێک لە پشتی مەریوان و ئەوانەوە چووین، ئەرتەشی ئێران مەریوانی گرتبوو، شەهید فوئاد لە گەڵ ئێمە هات هەتا چنارە. لە چنارە سەیارەمان گرت و بەرەو بانە ڕۆیشتین لەوێ خواحافیزیمان لە شەهید فوئاد کرد. لە گەڵ هێندێک برادەریتری مەریواندا بوو. لەو سەردەمانەدا شەهید فوئاد کادر و سەرکردەیەکی دیار و دەرکەوتوو و بەتوانای خۆشەویست بوو لەناو خەڵکدا. کە شەهید بوو زۆربەی سوێندەکان بە گۆڕی شەهید فوئاد بوو، شەهید فوئاد کادرێکی زۆر سەرکەوتوو و لێهاتوو بوو بەڕاستی. ئێمە وەکوو چۆن من بەشبە حاڵی خۆم وەکوو چۆن حەزم بەوە ئەکرد کە تێکڵاویم لە گەڵ کۆمەڵەدا هەبێت و سەرکەوتنی کۆمەڵەم چەند بە زەروور ئەزانی ئەوندەش حەزم بە تێکڵاویی شەهید فوئاد ئەکرد. ئەوندەش وەک سەرکەوتنێک لەناو ئیشەکانیدا؛ چوونکا من ڕەئیم وابوو ئەو سەردەمە و ڕەئیەکانم ماوەتەوە بۆ ئێستاش کە شەهید فوئاد بە سەرکردەیەکی داهاتووم

ئەزانی و هەموو جارەکان ئەمشوبهاند بە شەهید ئارامی خۆمان.
ئەو سەردەمە من لە مانگی هەشتدا لە بانە بووم ، ئێمە لە بانە بووین و جار جار ئەچووین بەملاوئەولادا. هەر لە بانە جێگیر نەدەبووین. هەرچەند ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان ئەکرد کە ئەرتەش چبووە مەریوان و هەندێک شوێن گیرابوونەوە. ئەوسا "چمران" خۆی قیادەی ئەو شەڕانەی ئەکرد کە وەزیری بەرگری بوو لە ئێران. جار جار ئێمە لە بانە ئەچووینە دەرەوە و ئەهاتینەوە ناو بانە. من ئەو وەختە ئامر هەرێمی ٣ی شارباژێڕ بووم. وەختێ وا بوو ئەهاتمەوە شارباژێر و ئەگەرامەوە بۆ ئەوێ چونکوو سەرکردایەتی یەکێتی بە تایبەتی جەنابی مام جەلال کە سکرتێری یەکێتی بوو بەمنیان سپاردبوو کە من وەکوو کادرێک و بەرپرسیارێکی یەکێتی هاوکاری هێزەکانی کوردستانی ئێران بکەم. بەڵام نزیکیەکەمان لە کۆمەڵە زیاتر بوو؛ هەرچەند کە من لە بانە بووم لە گەڵ هەموویاندا تێکلاویمان هەبوو، بەردەوام چۆن پێوەندیم لە گەڵ لێپرسراوەکانی کۆمەڵە لە بانە لە گەڵ شەهید فوئاد و برادەرانیتردا هەبوو، ئاوەهایش پێوەندیم لە گەڵ کاک هاشمی کەریمی (حیزبی دیمکرات)، یادی بەخێر لە گەڵ مامۆستا شێخ جەلال کە هێشتا سازمانی خەبات دانەمەزرابوو بەڵام سەرکردەیەک بوو جێگای تایبەتی خۆی هەبوو، مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی لەوێ بوو. لە هەموو لایەکەوە تەکبیری ئەوە ئەکرا کە چی بکەین؟ ئەوندەی کە من لەبیرم بێت هەندێک قسە هی هەموویان بوو و بەرنامەی هەموویان بوو. جار و باریش بەجیا لە گەڵ شەهید فوئادا قسەمان ئەکرد کەڵکی زۆرم وەرگرت.

**مەلەکە:** هاوینی ئەو ساڵە مەنزوورم هەر ساڵی ١٩٧٩یە لە مەریواندا ئەوە بوو کە ئەو کۆچە پێش هات. ئەودەم هاوکاری ئێجگار زۆر بوو؛ ئێوە خۆتان تەشریفتان لە مەریوان بوو تا ئەوجێگەی لەبیرم بێ کاک مەلا بەختیار و کاک جەماڵی حەمەی خواکەرەم لە مەریوان بوون، چۆن بوو کاتێک لە بانە کاک فوئاد ئەیەویست بگەڕێتەوە بۆ مەریوان، کاک برایم جەلال لە گەڵی کەوت؟
**کاک بە کر:** ئێمە لە مەریوان بووین من ئەو ڕۆژەی کە جەماوەرێک لە سنەوە هاتن و گەیشتنە مەریوان ئێمە چووین پێشوازیمان لێکردن، بەڵام ئەو ئوردووگای کە لە کانی میران بوو ئیتر وردە وردە ئوردووگاکە گیرابوو حکومەتی ئێران سەیتەرەی کردبوو لە مەریواندا. ئێمە چووینە بانە من سەردانی مەهاباد و

سەردەشتم کرد. ئەچووین بۆ سەرکردایەتی بە سەردەشتدا، کاک برایم جەلال ئەو سەردەمە مەسئوولی لقی دوو بوو لە مەنتەقەی قەراخ. کاک برایم جەلال کە لەوێوە هاتبووەوە ئێمە کادرەکانمان ئەو هێزەی بۆمان ئەکرا هەموومان حەزمان ئەکرد کە بەتایبەتی هاوکاری لە گەڵ کوردەکاندا، لە گەڵ کۆمەڵە و دێموکرات بکەین. بە تایبەتی‌تر ئێمە تێکلاویمان لە گەڵ کۆمەڵەدا هەبوو. بەداخەوە کۆمەڵە ئەوا پارچە پارچە بووە ئەوسا کۆمەڵە زۆر یەکگرتوو بوو. کەسایەتی زۆر مەعقوول و زۆر ڕێکوپێکیشیان تێدا بوو. ئێمە حەزمان ئەکرد تێکلاوییان بکەین. هەم ئەوان ئیستفادە لە ئێمە بکەن و هەم ئێمە ئیستفادە لەوان بکەین هەم بەدیلێکیش بێ بۆ ئەوەی کە حەرەکەی کوردی دەستی پێکرد هەر هەموو هاوئامانجن، داخوازی هاوبەشیان هەیە لە گەڵ هەندێک بیر و بۆچوونی جیا و تایبەتیدا. ئێمە ئەوانەمان زۆر لێک ئەداوە ئێستایش ئەگەر پێمان بکرێت نزیکی ئەکەین لە ئەوکەسانەی وا هەست بە مەسئوولییەت بکات و مەسڵەحەتی کورد لە پێش هەموو شتێکی‌تردا بێت.

برایم جەلالیش یەکێک لەو کادرانە بوو کە هاتوچۆی ناو هێزەکانی ئێرانی کردووە من لە بانە کاک برایم جەلالم بینیەوە بەڵام لەو وەختەدا کە ڕۆیشتووە بۆ مەریوان و ئەوانە من سەفەرێکم کردبوو بۆ شارباژێڕ، کە هاتمەوە شەهید فوئادی لێ نەبوو. کاک برایمیشی لێنەبوو. بەڵام تەبیعی بوو کاک برایم ڕەنگە چووبێتەوە بۆ سەرکردایەتی ڕەنگە چووبێ بۆ قەراخ، ڕەنگە بە ئیشێکی‌تر ڕۆیشتبێت من نەمزانیبێت. کە پرسیارم کرد وتیان شەهید فوئاد چووەتەوە بۆ مەریوان و کاک برایم جەلالیش لە گەڵ ئەودا چووە بۆ مەریوان. من پرسیاری هێز و شتی وام کرد زۆر کەسی مەریوان و ئەوانەم ئەبینی لە بانە بوون وتیان هێزێکی‌تریان لە گەڵدایە. من زۆر مەعلووماتم نەبوو بەڕاسی چۆن ڕۆیشتوون و چییان کردووە و چییان نەکردووە. ئەو وەختە نە من لەوێ بووم پرسم پێبکەن و نە جوابێکیشیان بۆ دانابووم، نە شەهید فوئاد نە کاک برایم هیچیان. چونکوو لەو ڕۆژانەدا ئەوان ڕۆیشتبوون من لە بانە نەبووم.

**مەلەکە:** ئێوە چۆن خەبەر مەرگی کاک فوئادتان بیست؟

**کاک بەکر:** ئێمە لە بانە بووین من پێموایە بەیانییەک بوو مقۆ مقۆ بڵاو بووبوو و کزییەک بە دەم وچاوی خەڵکەکەوە دیار بوو. هاتن وتیان کاک بەکر خەبەرێک

هەیە بیستووتە؟ وتم چی تازە هەیە؟ وتیان کاک فوئاد شەهید بووە و ئەڵێن خەڵکیتریش شەهید بوون. وەلحاسڵ ئیتر من چووم لەگەڵ برادەرانی کۆمەڵە قسەم کرد وتم شتێکی ئاوا هەیە سەبارەت بە کاک فوئاد بۆ بە منتان نەوتووە؟ وتیان هەر ئێستا بیستوومانە. جارێ مەعلووماتەکەمان تەواو نییە چۆنە و چۆن نییە. وتم ئەڵێن خەڵک زۆر شەهید بووە وتیان هەر یەکە بە جۆرێک ئەیگێڕێتەوە. بەڵام ئێمە ئەمڕۆ خەبەرەکانمان بۆ دێت. دوایە کە خەبەرەکان هات ئەوە بوو کە برایم جەلالیان لەگەڵ بووە، وتم برایم جەلال شەهید بووە؟ وتیان نا، کاک فوئاد شەهید بووە، شێخ عوسمانی خالدییان لە گەڵ بووە. وتم شێخ عوسمان چی ئەکا لە گەڵ ئەواندا، وتیان لە مەریوان بووە و کاک فوئاد ویستوویەتی شێخ عوسمانیش بهێنێ بۆ بانە. دوایی کاک برایم مەوزووعەکانی گێڕایەوە کە ئاوا بووە ئێمە لە مەریوانەوە هاتووین. ئەو باسی ئەوەی ئەکرد کە پێنج کەس بوون یەکێکیان شێخ عوسمان بووە، دواتر کاک شێخ عوسمانم بینی و ئەویش هەر ئاوا مەوزووعەکانی گێڕایەوە. و زەرەرێکی گەورە تەنیا لە کۆمەڵە نەکەوت لە حەرەکەی کوردی کەوت. بە ڕاستی لە بزووتنەوەی چەپیش ئەو زیانە گەورەیە کەوت لە دوایشدا ڕۆژ بە ڕۆژ مەعلووم ئەبوو بەتایبەتی ئێستا دەرکەوتووە کە زیانەکە چەند گەورەیە.

**مەلەکە:** لەو کاتەدا هیچ مەسەلەن تەسەورێکی ئاوا هاتە پێشەوە کە ئەمە پیلانی جمهوری ئیسلامی بێت یا زۆرتر هەر وەک کارەساتێک بە هەڵکەوت چاو لە رووداوەکە ئەکرا؟

**کاک بەکر:** من حەزەکەم یەک شت بە سەراحەت بە ئێوە بڵێم شتێکی ئاوا کوتوپڕ شتێکی ئاوا مەسەلەن یەکێک لەوانە کاک برایم جەلال بووە، کە کاک برایم نە خەڵکی مەریوانە نە خەڵکی بانەیە نە پێشمەرگەی ئەوێیە، کادرێکی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و هیچ جۆرە شارەزاییەکی لەو مەنتەقانەدا نییە و لە تێکۆشەرەکانی ناو کۆمەڵەیش بەملاوە کەسیتر ناناسێت؛ لە بەر ئەوە لە ملیاردا هەر نابێ بیر لەوە بکەنەوە. بە نیسبەت ئەو سێ کەسەیترووە لە رۆژێکی ئاوادا من با تۆزێک بە سەراحەت قسە بکەم حکوومەتی ئێرانی، حکومەتی ئێراقی هەرچی جۆرە دوژمنێک کە ئەو سەردەمانە هەیانبووە بەردەوام خەریکی پیلانگێڕان بوون. بەلام پیلان ئەبێ بەرنامەی بۆ دابرێژێت؛ لە ڕۆژێکی ئاوادا

ئەوان شەوێ لەوێوە هاتوون لە کوێ توانیویانە ئەم پیلانە بگێڕن؟ ئەگەر ئەو دوو پێشمەرگەی کە دەرچون ئەوانە شەهید بوونایە ئەکرا بڵێین ئەمان مەعامەلەیان لە سەر کردوون؟ یا ئەگەر کاک برایم جەلال شەهید بوایە ئەوان شەهید نەبوونایە، ئەکرا ئێمە بڵێین ئەوە پێشمەرگەی ئێمە بوو ئەوان شەهیدیان کرد؟ ئەی ئەو هەموو قسەیە کە من لە گەڵ کۆمەڵەدا هەمبوو، بۆ نەک هەر نەیانەکوشتم حەزیان ئەکرد ئەو پاروە نانەی خۆیان ئەیخۆن بیدەن بە من. مەعلووم ئەوەشیان لەگەڵ برایم جەلالدا کردووە. من رەئیم ئاوایە. دوای ئەوە، باسی ئەوە ئەکرا بەخوا رەنگە ئەمان لێنەزان بوون و تەقەیان نەکردووە و ئەبوایە شەهید فوئاد زیاتر بپارێزرێت، ئەبوا لەو شاخەوە نەڕۆیشتنایە، لەویترەوە بڕۆیشتنایە. ئەبوا ئەو شەوە نەهاتنایە و سبەی شەو بهاتنایە و ئەمانە هەمووی ئەگوترێت. بەڵام ئەو پێنج کەسە خۆیان لەناو واقیعەکەدا بوون و خۆیان لە من باشتریان زانیوە کە چۆن بێن و چی بکەن. بە تایبەتی کاک برایم گوێی بۆ ئەوان گرتووە چوونکا ئەوان شارەزا بوون ئەو هەر شوێنیان کەوتووە. ئەوە یەکەم، دووهەمیش ئەو چوارەیتر هەر چواریان گوێیان بۆ شەهید فوئاد گرتووە، مەسئولی هەموویان بووە. شەهید فوئاد خەڵکی مەنتەقەکە بووە رەنگە ئەو خەتە زۆر باش شارەزا نەبووبێت، بەڵام مەعلووماتی لە هەموویان زیاتر بووە لە بەر ئەوە ئەو سەردەمانە مەلەکە خانم ئەوی کە ناسۆر بوو لە دڵی ئێمەدا تەنیا بیرمان لەوە ئەکردەوە خوزگا ئەمە نەبوایەت. بە هیچ جۆرێک هیچ شتێکیتر نەهاتووە بە خەیاڵی ئێمە و برادەرانی کۆمەڵەدا. زۆر تێکەڵ بووین زۆر نهێنیمان بۆ یەکتر باس کردووە. یەکێکیان ئەو مەوزووعەی باس نەکردووە قەت نەچووە بەلای شتی وادا. من چەن برایەکی ئێوەم دیوە هیچیان ئەوانەیان نەوتووە. کتێبەکەی رەشادم لە لایە؛ رەشاد رەنگە نووسەر و شتی وانەبێت، بەڵام هیچ ئیشارەتی بەو شتانە نەداوە. رەنگە وایان گوتبێت ئیمشەو لە ماڵێکا بوون و ساحێب ماڵەکە چووبن شکاتیان کردبێت ئەویش خۆیان کاک برایم و شێخ عوسمان ئەمە ئەڵێن. من ئەمە تەئکید ئەکەمەوە ئەو سەردەمانە نە کەسمان بیرمان لەوە کردوەتەوە کە ئەمە پیلانێک بێت، نە کەسمان شکمان لە یەکێک لەو برادەرانە هەبووە کە ئەمە چۆنە.

تەنیا شک و گۆمانم لە جمهوری ئیسلامی هەیە کە مەحاوەلەی بۆ تاکە بە تاکە پێشمەرگەی نەک هەر کۆمەڵە هەموو لایەنەکانیتر کردووە. لای ئەوان عەقڵ

وابووە کە بە کوشتن ئەو مەوزووعە چارە سەر بکەن.

**مەلەکە:** ئەو شک و گومانە کە ئێمە باسی ئەکەین، ئێمە نە مەنزوورمان کاک برایم جەلال بووە نە مەنزورمان هیچ کام لە هاوڕێکانیتری بووە. ئێمە ڕاستیەکەی ئەوەی کە ئەم شک و گومانەی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە تا ئێستا بۆ ئێمە بەوجوود هێناوە ئەوەیە کەکاتی کۆچی خەڵکی مەریوان بۆ ئوردووگای کانی میران، زۆر لە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران لەوانە مستەفا چەمران هاتن بۆ مەریوان بۆ وتووێژ؛ چەمران ئەیزانی کە کاک فوئاد کێیە و چ پێگە و دەورێکی گەورە و بەر چاوی هەیە. ئەیزانی بوونی کاک فوئاد ئەو شۆڕش و حەرەکەیە بەرەو کوێ ئەبات و نەبوونی ئەو چ زەربەیەک ئەدات. ئەمە بۆچوونی ئێمەیە؛ ئەو خوشک و برایانەی کاک فوئاد کە پێشمەرگە و چالاکی سیاسی بوون شکەکە لە سەر تەوتیئەی جمهوری ئیسلامییە نەک ئەو سێ کەسە کە لەگەڵ کاک فوئاد بوون و ئەوان بە خۆشییەوە ماون و هیچیان لێنەهاتووە و نەجاتیان بووە. ئەگەرنا هەرکام لە ئـێمە پێشمەرگە بووین و ئەزانین لە شەڕێکدا مومکینە دە کەس بکوژرێت و دوو کەس بە سڵامەت نەجاتی بێت. ئێمە شکەکەمان لە توتەئەیەکی جمهوری ئیسلامی لە دژی کاک فوئاد و حەرەکەی کورد لە کوردستان بوو.

**حیشمەت:** ئەوەی کە زۆرتر شکەکەی ئێمەی بەرچاوتر ئەکرد ئەوە بوو کە ڕژیم هەر ئەو دەم بە دۆشکا و کالیبر پەنجاوە بە ناو شاردا ئەگەڕان. واتە زۆر ئەرخەیان نەبوون ئەوان، هێشتا سەقام گیر نەببوون؛ ئەوکات هێلیکۆپتەر ئەم ستوونە رێدەخەن و بە هێلیکۆپتەر دێنە سەریان ریزێک عەمەلیات ئەکەن و ئەگەڕێنە دواوە. دواتر وایاندەکرد کە هەنگاو بەهەنگاو شوێنان ئەگرت و پاسگایان دادەنا. بەڵام ئەو کات هاتن یەک عەمەلیاتیان کرد و گەڕانەوە ماوەی چەندین ڕۆژ دوای ئەوە نزیکەی مانگێکی پێچوو هەتا جادەکە بەتەواوی گیراوە.. ئایا ڕاپۆرتێک بووە خەبەرێک دراوە؟ کاک برایم جەلال زۆر بەوە ئیشارە دەکا کە کەس گوزارشی لێداوین.

**کاک بەکر:** دوور نییە. ئەمەی مەلەکە خانم باسی ئەکات مەسەلەی ئەوە کە کاک فوئاد ئەهمییەتی بووبێت لای حکوومەتی ئێرانی، جا حکوومەتی ئێرانی دەبێ هیچ شتێکی نەزانیبێت و زۆر بێ ئاگابن ئەگەر ئیهتیمام بە قائیدی وەکوو ئەو نەدەن؛ بە تەئکید نەک هەر شەهید فوئاد لە هەموو دونیا ئاوایە کە شۆڕشێکی

چەکداری و سیاسی دەست پێدەکا بەرانبەرەکەت دائێمەن هەوڵ ئەدات لە سەرکردەکانەوە دەست پێبکا. ئێستا زەربەیەک لە یەکێکی وەکوو مام جەلال بدرێت زەربەیەکی گەورەیە لە هەموو کورد، چەندین پێشمەرگە شەهید ئەبێت کە هەرکام ئەهمییەتی خۆیان هەیە. بەڵام شەهید فوئاد لە گەڵ خەڵکیتردا فەرقی زۆر زۆرە. تۆ مەسەلەن ئەو شەهید ئەکەی کۆمەڵێک خەڵکی زۆری پێ ئەترسێنێت و پەکی ئیشێکی زۆر ئەخەیت. ئێمە جاران ئەچووین لە ماڵێک نانمان ئەخوارد بۆ سبەینێ ئەهاتنە سەر ماڵەکە. خۆ ئەوان غەیبیان پێ نییە ئەوە یەکێک ئەڕوات و خەبەر ئەدا و ئەڵێ ئەو شەو مەفرەزەیەک هاتبوو. دیارە ئەگەر زانیبێتیان شەهید فوئادیشە، بڵێن شەهید فوئادە و هێزێکی زۆری لە گەڵ نییە ئەڵێن با بڕۆین فریا کەوین. ئێمەش لە گەڵ حکوومەتا وامان کردووە. شۆڕشی چەکداری ئاوایە. تازە شەڕەکانی ئێران و کوردستان دەستی پێدەکرد، ئەوان بتوانن زەربە لە سەرکردەیەکی وەکوو شەهید فوئاد بدەن سەرکەوتنێکی باشە بۆ ئەوان. من تەنیا ئەوە تەئکید ئەکەمەوە کە ئەو دەنگوباسانە لە ناو ئەو رەفێقانەدا زەربەیەک بووە کە لە هەموویان بدرێت. ڕەنگە نەشیان زانیبێت کاک فوئاد شەهید بووە تاکوو دوایی کە چوونە سەری و بینیویانە. من داوی لێبوردن ئەکەم بەڵام ئێوە نموونەن. قوربانیدانی ئێوە لەبەرچاوی هەموو خەڵکە. نە هەر ناسیاوەکان، نەناسیاوەکانیش ئەزانن ئێوە لە حەقی کورددا چیتان کردووە. لە بەر ئەوە ئەبێ تەحەمولیشتان بە قەد ئەو گەورەییەی خۆتان بێت.

**مەلەکە:** کاک برایم جەلال لە کتێبەکەیدا ئەڵێ بەدوای شەهید بوونی کاک فوئادا من گەڕامەوە کاک سالار عەزیز بەرخوردی لە گەڵم خۆش نەبوو. بوو بە باعیس کە من نەمەتوانی لە کۆبوونەوە و کونفرانس و شتەکاندا بەشداربم. ئێوە هیچ ئاگاداری ئەوە هەن کە دوای شەهید بوونی کاک فوئاد چۆناچۆن بوو، ئایا لێ پرسینەوەیەک هاتە پێشەوە؟ ئایا شتێک کرا لە ناو یەکیەتیدا کە کاک برایم جەلال لە کتێبەکەیدا ئاوا باسی ئەکات؟

**کاک بەکر:** ئەزانی من کاک سالار و کاک برایم رەفیقمن کاک سالار ئێستا "گۆڕان"ە و کاک برایم هەر لە ناو یەکێتیدا ماوەتەوە. هەر دووکیان ئەو تەمەنەی تا ئێستا هێناویانە لە کوردایەتیا سەرفیان کردووە. پێمناخۆشە ئاوا ئەڵێم چونکوو هەر دووکیان دوو پیاوی تێکۆشەر بوون. ئەو دوانە بەردەوام

ناکۆک بوون، و نەگونجاون لەگەڵ یەکتریدا. ناکۆکی کاک برایم و کاک سالار لە دوای شەهید بوونی شەهید فوئادەوە نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٥ ـەوە ئەوان ناکۆک بوون لە گەڵ یەکتر. پێش ئەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ دابمەزرێ ئەوان ناکۆک بوون. کە هاتووشنە دەرەوە هەر کەسێک لە ناو ئێمەدا کە تۆزیک لێیان نزیک بووبێت زانیویەتی کە ئەم دوانە ناکۆکن. هەر دوکیشیان برادەر بوون و لە تەنگانەیشدا فریای یەکتر کەوتوون. جا هەر کاک برایم و کاک سالار نەبووە. خەلکیتریش زۆر بوون لەوانە ئێستا ئاوا رەنگی داوەتەوە لە بەینی مەلابەختیار و کاک برایم جەلال کە کتێبیان لە سەر یەکتر نووسیوە. من وەکوو خۆم هەموویم پێناخۆشە؛ بە کاک برایمم گوتووە وا نەکەی باشە و بە مەلا بەختیار لەم ماڵی خۆمدا پێمگوت خۆزگا ئێوە جوابتان نەئەدایەوە. ئەو ناکۆکییەی ئەوان پاش شەهید بوونی کاک فوئاد نەبووە. پێش ئەوەی شۆڕشی ئێران دەستپێبکات ئەوان هەر ناکۆک بوون.

**مەلەکە:** کاک برایم جەلال لە کتێبەکەدا ئەڵێ ئەو ناکۆکییە ئەوەندە ئیدامەی بوو کە کۆمەڵەی ئامۆزا نامەی بەرائەتی بۆ کاک برایم جەلال نووسیوە بۆ یەکیەتی. دوایە ئەو توانیویەتی لە کۆبوونەوە و کونفرانسەکاندا بەشداری بکات. ئێوە هیچ ئاگادار شتێکی واهەن؟

**کاک بەکر:** من ئەو نامەیەم نەدیوە لەو سەردەماندا ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتیش بووم. شەرت نییە من بینیبێتم نازانم کە کاک برایم خۆی ئەوە ئەنووسێ لای ئێمەدا هیچ کەس شکی لە برایم جەلال نەبووە. لەوانەیە من وتبێتم ئەبوایە لەوێوە نەڕۆیشتبایەن؛ ئەبوایە پێنج کەس نەبوونایە و بیست کەس بوونایە. کەس شکی لە سەر برایم جەلال نەبووە.

**حیشمەت:** کاک برایم جەلال و وائەزانم کاک جەماڵ حەمەی خۆاکەرم لە شوێنێکیتر باسی ئەوەی کردووە. کە لە بانە جەنابتان لە کۆبوونەوەیەکدا بوون لە گەڵ حیزبەکانیتردا گەلاڵەی گرتنی پادەگان مەریوانتان بووبێ؛ ئەو لە کتێبەکەدا باسی ژمارەی هێزەکانیش ئەکات و ئەڵێ چەندی کۆمەڵە و چەندی بزووتنەوە و حیزبی دێموکرات. هیچ شتی وا لەگۆڕێدا بوو؟

**کاک بەکر:** ئەزانی ئەو سەردەمە سەر پەرەستی شەڕەکان ئەوەی پێوەندی بە یەکیەتییەوە بووبێت من کردوومە؛ ئێمە هاتین شەڕی پادگانی مەریوانمان کرد کە شوێنێکی لاواز و زەعیفە بچین لێیدەین. ئەوەم لە بیر نییە. یانی ئاوا بە دیققەت لەبیرمە چەند جار لە گەڵ شەهید فوئادا تەکبیرمان کردبێت لە گەڵ کاک ساعیدی وەتەندووستدا، لە گەڵ برایمی عەلیزادەدا، ئەوانە سەرکردەی کۆمەڵە بوون. بەڵام ئەو ڕۆژانە ئێمە زۆرتر بەوەوە مەشغوول بووین کە ڕژیم هجووم دێنێ بۆ بانە، ئێمە چی بکەین؟ مەگەر شتێک بووبێت من لەوێ نەبووبێتم. چونکوو من وەکوو لە پێشدا عەرزم کردن جار جار ئەڕۆیشتم و ئەهاتمەوە. یانی وا نەبوو من بیست ڕۆژ لە سەر یەک، دە ڕۆژ لە سەر یەک من لە ناو بانەدا بم. نەبووە ئەو سێ چوار ڕۆژەی ئەخیر نەبێت کە ئەرتەشەکە نزیک ببوو ئەهاتمەوە بۆ شاربازێر ئەچوومەوە بۆ سەرکردایەتی.

**مەلەکە:** ئەگەر جەنابتان شتێکی تایبەتی، بیرەوەریەک لە پێوەند لە گەڵ کاک فوئادا هەتانبێت، بفەرمووبت، دەنا پرسیارەکانم تەواو بوو.

**کاک بەکر:** من یەکەم جار کە هاتم بۆ مەریوان بە هێزێکەوە ئەوە شەڕەکەی دزڵی بوو؛ شەو چووین لە سەر زرێبار نووستین. ئێستا ئەو شوێنانە تۆزێک تەرتیب کراون پێرار چووم سەرێکمدا، بەڵام کۆنکرێت و خانووی بچووک و ئەوانەی تێدا بوو. من لە بیرمە نان و شتیان بۆ هێناین لە ژێر کەپر و شتدا ئەنووستین. ئێمە پێشمەرگەیەکی زۆر بووین کاک سالار عەزیزیش بوو. ئێمە زۆر هیلاک بووین شەو لە یەکەوە نزیک بووین و هەستم کرد پاڵم پێوە ئەنێن. لە ناو خەوەکەدا وامدەزانی ئەو پێشمەرگەیە کە لە تەنیشتمەوە خەوتووە. بەیانی هەستام دیتم کاک فوئادە هاتووە. ئەو درەنگتر هاتبوو؛ وتبویان بەکر و ئەوانە هێزێکیان لە گەڵە و لەوێن، هاتبوو لەوانی پرسیبوو کامە بەکرە، کوا بەکر لەکوێدا نووستووە؟ حەرەسەکانیش نیشانیاندابوو ئەویش خۆی کردبوو بە ژێر بەتانیەکەی[پەتووەکە] مندا. وتم ئەوە لەکوێوە هاتووی؟ وتی بە ئەسپایی هاتم بۆ ئەوەی خەبەرت نەبێتەوە. وتم وەڵڵا خەبەرم بووەوە نەمزانی تۆی، وەمزانی کەسی تەنیشتمە پاڵم پیوە ئەنێت. وتی هەر حەزم کردووە لە گەڵ تۆدا بم. ئەوە یەکەم ئەو جارەی کە ئێمە لە مەریوانەوە هێزەکەمان بردەوە بۆ بانە پێموایە لە ساوجی و ئەوانە بووین لەوێوە هاتینەوە و چووینە چنارە. ئەو

چنارەیە ئێستا ئەیانەوێت بێکەن بە سەد. پادگانێکی لێبوو، چایخانەیەکی لێبوو بۆ خۆمان لەوێ چاوەڕێمان دەکرد شەهید فوئاد ناردبووی دووسێ سەیارەمان بۆ بێت؛ کە پێیان بچینەوە بۆ بانە. چاوەڕێمان دەکرد لەوبەر چەمەکەوە لە بەینی پادگانەکەو و چایخانەکەدا. پێرار پێیدا ڕۆیشتم، بیرم کەوتەوە لە بەرەوە پادگانەکە بوو؛ گردێک هەبوو لە سەری گردەکەدا زیلێکی عەسکەری وەستابوو. کاتێکمان زانی زیلەکە هاتەخوارەوە بۆ ناو چۆمەکە زۆر بەرزیش بوو؛ من و شەهید فوئاد بەیەکەوە بووین وتمان کاک فوئاد ئەوە چییە؟ چۆن لەوێوە دێن و ئەڕۆن ئیتر هەموو بوو بە دەنگە دەنگ. زیلەکە کەسی تێدا نەبوو. هاتە خوارەوە تا ناو چەمەکە. نە کەسی تێدابوو نە وەرگەڕا هەموومان پێئەکەنین و هاوار هاوار بوو. شەهید فوئاد وتی حکوومەتی ئێران شتی ئاواشی هەیە ئێستا مەلایەک لێرە بوایەت ئەیگوت دۆعامان کرددووە!
خاتراتمان زۆرە.

**مەلەکە:** کاکە گیان زۆر زۆر سپاس و مەمنوون بۆ گەورەییت کە ئەو کاتەت دا بە ئێمە.
**کاک بەکر:** شانازیم بەمەوە کرد و زۆر سپاستان ئەکەم. ئێوە لە هەر کوێ بن سەروەری ئێمەن. ئێوە تاجی سەرمانن پێمخۆشە جار جار ئاوا لە دوورەوە بۆنی شەهید فوئادتان لێدێت بۆنی براکانی ترتان لێدێت. بەخێر بێن سەر چاو و زۆر سپاستان ئەکەم.

❊❊❊❊

مەلەکە و حیشمەت ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.



# گفتوگۆ لەگەڵ کاک تاهیر خالیدی

٢٠١٢/٧/٦

**مەلەکە:** زۆر سپاس کە وەختت پێداین پرسیارەکانمان سەبارەت بە کاک فوئاد مەترەح بکەین. ئێمە هەم خزم بووین و هەم هاوشاری و ئەوانە لە جێگای خۆی، بەڵام کاری سیاسی تۆ لەگەڵ کاک فوئاد کەی دەستیپێکرد؟

**تاهیر:** لە دەورانی شادا بە هۆی دیکتاتۆری و خەفەقان کاری سیاسی ئاشکرا نەدەکرا بەڵکوو زۆرتر ئەو کەسانەی نزیک لەیەک بوون وەک گرووهێک پێکەوە کاری سیاسیان ئەکرد ناسراوی یەکتر بوون و کارەکان زۆرتر کاری فکری بوو تا کاری عەلەنی. ڕاستە من و کاک فوئاد خزمین و خەڵکی یەک دێ بووین بەڵام فاسڵەی تەمەن وایکردبوو پێکەوە نەبووین. جار جار ئەو ئەهاتەوە ئەڵمانە؛

دواتر من لە مەریوان بووم ئەو لە تاران بوو لە بەر ئەوە پێوەندییەکی ئاوا نەبوو لە سەرەتادا. من هەژدە ساڵان بووم کاک فوئاد چووە زیندان.
پێش ئازاد بوونی کاک فوئاد لە زیندان من لەگەڵ کاک ئەمین براتان و کاک حوسەین پیرخزری، ئەوان پێکەوە کارمان ئەکرد؛ ئێمە گرووپێک بووین کە فکر و بۆچوونمان لە یەکتر نزیک بوو. کە کاک فوئاد لە زیندان ئازاد بوو، غەیری هاورێیانی خۆی لە مەریوان نزیکترین گرووپ بە ئەو ئێمە بووین و ئەوە سەرەتای کاری سیاسی هاوبەشمان بوو.

**مەلەکە:** ئازادی کاک فوئاد لە زیندان هاوکاتە لەگەڵ خەبات و ئیعترازاتی خەڵکی ئێران دژی رژیمی شا لە مەریوانیش ئەو جووڵانەوە دەستی پێکرد، موشەخسەن ئێوە چیتان ئەکرد؟
**تاهیر:** لەو کاتەدا هیچ بەرنامە و پەلانێکی دارێژراو نەبوو، بەڵام ئێمە کۆڕێک بووین کە زۆرتر لە سەر شتی عمومی توافقمان بوو. ئازادی کاک فوئاد لە زیندان و رووداوەکانی ئێران ئەم دوو فاکتۆرە دەستی دابوو بەدەست یەکەوە بۆ ئێمە لە مەریوان. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کاک فوئاد ئەوە بوو کە بەدەربەست بوو بۆ کارێک کە نابێ دەقیقە و سەعاتی وەختەکەیشی لەدەستبدا. ئەوی ئەکرێت با بیکەین مەحتەلی چین بۆ نایکەین؟ خۆی ئەچوو بە شوێن کارەکاندا. زۆر هاندەرێکی گەورە بوو بۆ ئێمە ئەو کارەی کە ئەیکەین بە کەم رازی نەبین و چیمان پێئەکرێت با بیکەین.

**مەلەکە:** بۆ جووڵانەوەی خەڵکی ناو شار لە بیرتە پێکەوە کارتان بۆ کردبێت؟ ئەو خاڵە گشتیانە چی بوون؟
**تاهیر:** وەختێک کاک فوئاد هاتەوە مەریوان و دەستیکرد بە فەعالیەت، نەبوو بە مەرجەعێک کەس بڕوات و پرسی پێبکات؛ ڕۆژانە بۆ خۆی ئەچوو کاری ئەکرد و کاتێکیش کە باسمان لە سەر مەسەلەکان ئەکرد زانیاری ئەو زۆر زیاتر بوو. لە لایەکەوە بۆ خۆی وەک تەکبیرکار و ڕاوێژکار لە هەموو ئێمە سەر و گەردنێک بەرزتر بوو، شتی زیاتری ئەزانی جوانتر و قووڵتر فکری ئەکردەوە. کاتێک ئەهاتە سەر کارە عەمەلیەکە لە هەموومان فەعالتر و لە پێشتر بوو.

**مەلەکە:** پاییزی ١٣٥٧ (١٩٧٨) ، جووڵانەویەکی خەڵکی لە مەریواندا بوو خەڵکی "بێلوو" (تحصن) مانی دانیشتنیان گرت. ئێوە هەڵسووڕاوی ئەو جووڵانەوەیە بوون. ئەزمونەکان و دەور و ڕۆڵی کاک فوئاد چی بوو؟

**تاهیر:** من بە وردی لە مەسەلەی بێلوودا نەبووم. کاک فوئاد و کاک حوسەین پیرخزری وتیان خەڵکی بێلوو لە سەر مەسەلەی زەوی و زار مانی دانیشتنیان گرتووە، ئێمەیش یارمەتیان بدەین. من و کاک حوسەین لە نێو "تحصن"ەکەدا بووین هەتا ئاخری وئیعتسابی خواردنمان کرد. باقی هاورێیان لە شارو دێهاتدا کاریان ئەکرد کە خەڵک پشتیوانی ئەو حەرەکەتە بکەن.

خاترەیەکی خۆشم هەیە؛ دوو ڕۆژی ئاخر بوو، کاک فوئاد من و کاک حوسەین پیرخزرانی بانگ کرد، وتی ئەم جەرەیانە سەرکەوت و ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە دەبێ خەڵکی شار و دێ کۆبکەینەوە؛ لەو شتانەدا کاک فوئاد لێهاتوویی زۆر بوو. تێدەکۆشا ئەوە بکەین بە دەسکەوتێکی گشتی بۆ خەڵکی مەریوان، بۆ هاوکاری خەڵکی شار و دێ. وتی ئێوە دوو نەفەر کە لە هەموو کارەکە دا بەشدار بوون بڕۆن ڕاپۆرتێک بنووسن و یەکێکتان لە کۆبوونەوەکەدا بیخوێنێتەوە. ئێمەیش هەرچەند خەریک بووین نەمانتوانی. کاک فوئاد پرسی نووسیتان؟ وتمان نازانین بنووسین! وتی باشە ئیمشەو پێکەوە ئەینووسین. کاتی نووسینی ڕاپۆرتەکە یەک بە یەک ئەیپرسی ڕۆژی ئەوەڵ چۆن دەستیپێکرد؟ من ئەمگێراوە ئەو ئەینووسی، هەروەها پرسیاری لە کاک حوسەین ئەکرد و خۆی ئەینووسی. بەم شێوە بوو بە دوو سێ لاپەڕە. کاتێک خوێندیەوە زۆرمان پێخۆشبوو. وتی ئەمە قسەکانی ئێوەیە نووسیومە و بەڕاستی بەبێ ئێمە کاری لە سەر نەکرد. کاک فوئاد هەموو کەسێکی بەشدار ئەکرد لە کاردا.

**مەلەکە:** شتێکم بیستووە سەبارەت بە گرتنی ڕەئیس ئیدارەکانی مەریوان؛ ئەو ڕووداوانە هەندێ تایبەتمەندی هەبووە. چی ئەزانیت؟

**تاهیر:** لە کۆبوونەویەکدا کاک فوئاد وتی ئەبێ ئێمە نەوعێک دەسەڵات لە خۆمان نیشانبدەین. پرسیان چۆن؟ وتی جەماعەتێک لە مەسئوولەکان و کاربەدەستەکانی حکوومەت بگرین. قسەی زۆر کرا چۆن بیکەین؛ پێشنیار بوو بەوە کۆمەڵێک ڕووناکبیری ناو شار کۆبکەینەوە و قانعیان بکەین کە ئەم کارە بکەین باشە. لە هەموو تیپێک خەڵکمان کۆ کردەوە؛ گرووپی ئێمە، گرووپی

کاک فاتێح و ئەوان، چریکەکان، تاکەکەسەکان. ئەو کاتە لە مەریوان حیزبی دیموکرات نەبوو. لە ئێوارەوە هەتا نیمەشەو قسەکرا. بووین بە دوو بەرە؛ لە لایەک گرووپی ئێمە کە لە واقیعدا کاک فوئاد زۆرتر قسەی ئەکرد. تەرەفی بەرامبەر باسەکەی ئەوە بوو کە ئەمە ئەبێت بە پشێوی و ماجەراجویی. لەسەر قسەی کاک فوئاد وتمان ئەو کارە ئەکەین. شەرایتەکە وا تەئسیری دائەنا کە لەوانیش هێزی وەرئەگرت. کە هاتینە دەرەوە بووین بە دە دوازدە کەس. لە ناو شاریش چەند رەفیقمان بوو. لە ڕووالەتدا بڕیارێک نەبوو چون کاک فوئاد مەسئوولی شوورای شار بوو. من لەوێ ڕامگەیاند ئەمە بە مەسئولیەتی خۆمانەوە ئەو کارە ئەکەین. نزیکەی بیست سی کەسێکمان گرت. جەماعەتە گیراوەکەمان تەحویلی ستاددا. خەبەرەکە ئەدرێت بە شوورای شار. باوکم (شێخ عوسمان خالیدی) و دوو کەسیتر لە شوورای شار ئیعتراز ئەکەن کە بۆچی پرسیان پێنەکراوە. کاتێک شوورای شار هاتن و ئیعترازیان کرد کاک فوئاد لەوێ بوو. لە سەر ئەو مەسەلە قسەیان کرد و کاک فوئاد بە سەلاحی زانی ئازادیان بکەن. هەر ئەو حەرکەتە وایکرد کە خەڵک باوەڕیان هێنا کە ئەمانە کاریان پێ ئەکرێت؛ لە عەینی حاڵدا ئەیانزانی یەک خەت و یەک بۆچوون نین.

**مەلەکە:** پێمخۆشە سەبارەت بە پێکهاتنی یەکیەتی جووتیاران کە خۆت یەکێک لە فەعالان و پێشمەرگەکانی بوویت باسمان بۆ بکەیت.
**تاهیر:** لەو سەردەمەدا هەر ڕووناکبیرێک هەوڵیئەدا رووبکاتە دێهات و کاری سیاسی بکات. زۆر لە هاورێیانی ئێمە موعەلیم بوون لە دێهاتدا و ئەمە زەمینەیەکی باش بوو. کاتێک رژیمی شا ڕووخا هەموو تاقم و گرووپەکان کەوتنە جمو جووڵ؛ گرووپی ئاغەوات یەک کەوتن. ئەم کارە ئێحساس خەتەرێکی جیددی بۆ خەڵکی دێهاتی مەریوان پێکهێنا. دەستمان کرد بە کار لەناو جووتیاراندا کە بتوانین بەر بەم خەیاڵە خاوەی دەرەبەگ بگرین. ئەمە زەمینەی پێکهاتنی یەکیەتی جووتیاران بوو.

**مەلەکە:** هیچ باسێکی وا هەبوو کە زەوی دابەش بکرێت لە بەین جووتیار دا یا مەسەلەکە هەر ئەوە بوو کە باسی ئەکەیت؟
**تاهیر:** ئەسڵەن باسی دابەش کردنی زەوی نەبوو. ستاد مەجمووعەیەک چەکی

بوو، لە وتووێژێک کە لە نێوان ستاد و پادگاندا کرا قەرار بوو ستادی شار تەحویلی ژاندارمەری بدرێت و ئێمە بگوێزینەوە بۆ بنکەی یەکیەتی جووتیاران. من چووم لەگەڵ مەسئولی تەسلیحاتی ستاد قسەم کرد وتم با ئەسلەحەکان لەگەڵ خۆمان ببەین، وتی باشە. کەریمی و کاک عەتا موافق بوون، بەڵام کاک فاتێح هات وموخالەفەتی کرد. تەسمیم گۆڕا وتیان نا چەکمان ناوێت. . .
لە سەر ئەوە باسێکی جیددی سیاسی لە نێوان کاک عەتا و کاک فوئاد پێشهات. کاک عەتا ئیسراری ئەکرد کە وەزعێکی تایبەتی سیاسی پێشهاتووە، خەڵک بەشدار و فەعالن؛ ئەم خەڵکە پشتیوانمان بێت ئێمە هەموو کارێکمان پێ ئەکرێت و ئیحتیاجمان بە ئەسڵەحە نابێت. کاک فوئاد ئیستدلالی ئەکرد کە ئەم شەرایتە پایدار نیە، ئەم وەزعە ئەگۆڕێت ئێمە هێرشمان پێ ئەکرێت. لەو کاتەدا ئەبێ بتوانین لە خۆمان دیفاع بکەین.

**مەلەکە:** ئەو کەسانە کە ئەوەڵین دەستەی پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران بوون کێ بوون؟
**تاهیر:** هەموویانم لە بیر نییە؛ کاک فوئاد، ئەمین و ماجید براتان، عەبدوڵڵا کۆنەپۆشی (شێخ عەزیز) و خۆم. شەوی ئەوەڵ ١٢ نەفەر بووین ئەوانیترم لەبیر نییە.

**مەلەکە:** چەرەیانی ٢٣ی تیر (١٣٥٨/٤/٢٣ واتە ١٩٧٩/٧/١٤) و کۆچی مەریوانمان بۆ باس بکە.
**تاهیر:** بۆ ٢٣ ی تیر شوورای شار، چریکە فداییەکان، کۆمیتەی ژنان، کۆمیتەی خوێندکاران لە کۆبوونەویەکدا بڕیار ئەدەن خۆپیشاندان بکەن و لە بەر رادیۆ مەریواندا قەتعنامەیەک بخوێننەوە. پێشنیار ئەکەن بە هاورێیانی کۆمەڵە لە ناو شاردا کە یەکیەتی جووتیاران دەعوەت بکەن بۆ پارێزگاری لەم خۆپیشاندانە؟ ئێمەیش قەبووڵمان کرد. کە هاتینەوە ناو شار هەموو هێزە چەکدارەکانی ناو شاریش خرانە ژێر فەرماندەیی ئێمەوە. خۆپیشاندانەکە بەرەو رادیۆ تەلەڤیزیۆن چوون، لە مەیدانی پێش رادیۆ تەلەڤیزیۆن و لە ساختمانی پێشوی ساواک دا هێزی چەکداری مەکتەبی قورعانی تێدا بوو. ئەوان ڕەسمەن لەگەڵ حکوومەت نەبوون بەڵام سیاسەتیان دیفاع لە جەمهوری ئیسلامی بوو و دوژمنییەکی

تەواو لەگەڵ ئێمە و بەرەی چەپدا زۆر زەق و ئاشکرا بوو. ئەوان لە سەر بان سەنگەریان گرتبوو. ئێمە مەجمووعەیەک لە هێزە چەکدارەکە نەچووین و لەوێ ماینەوە تاکوو ئاگامان لێبێت شتێک پێش نەیەت. پێشمان بە خەڵکەکە گرتبوو کە روو بە ئەوان نەچن. کاتێک خەڵکەکە هاتنەوە جەماعتێک ئێحساساتی ببوون و شعارەکان ئەمجارە توندتر بوو و ژمارەیەکی کەم لە خەڵکەکە ترازان لە جۆگەلەی خیابانەکە بەرەو مەقەرەکە. ئەوان تەقەیانکرد، رێک لە پەنای ئێمەدا کاک رەئوف کۆنەپۆشی گیانی بەخت کرد. ئیتر وەزعێک پێش هاتبوو دەبوا جوابێک بەو حەرەکەتە بدرایەتەوە. ئێمە دەور ئەو ستادەمان گرت. جەماعەتێکی یەکجار زۆر کۆمەکمانیان کرد بە هەموو شێوەیەک. ئێمە توانیمان ئەو مەقەڕە بگرین. دوای ئەو شەڕە ململانێی بەین خەڵک و دەوڵەت قورستر بوو. مەکتەب قورعان لە ناو شار نەمان و دەسەڵات بە تەواوی کەوتە دەست ئێمە. هەموو شتێک ئێمە بڕیارمان ئەدا. ململانێکە قووڵتر بووەوە.
دوای ئەو شەرە لە لایەکەوە ئێمەی بووینە دەسەڵات و حسێبیان لە سەرمان ئەکرد، لە لایەکیترەوە ترس بڵاو بووەوە کە حکوومەت ئاوا قبووڵی ناکات، ئەوە خەڵک کوژرا و خوێن ڕژا، ئەمە شتیتری بە شوێنەوەیە.
ڕۆژی دوایی کاک فوئاد لە سنەوە هاتەوە و ئەوەڵین کۆبوونەوەمان بوو. کاک فوئاد وتی من لە شەڕەکەدا نەبووم بەڵام خەڵکی مەریوان کە ئەبینن تۆ چەکت لە شاندایە و ئەڵێیت ئەتپارێزم و کەس لەوێدا کوژراوە، ئەگەر ئەم مەسئوولە پێشمەرگەکانی لەوێ لابردایە، ئیتر تۆ ڕووت بوو بڵێیت من پێشمەرگەم و بڵێی من دیفاع لەو خەڵکە دەکەم. وەختێک لە بەرچاو خۆتدا بەبێ تاوان کەسێک کوژرابێت؟
کاک فوئاد وتی "ئەگەر لە من بپرسن ئەم کارە کارێکی دروست بوو؟ ئەڵێم نا، ئەم کارە دەبوا فکری لێ بکرایەتەوە دەبوا ئەم خۆپیشاندانە نەچوایەتە ئەو شوێنە. ئیحتیمالی ئەو شەڕە هەبوو. ئەو شەڕە بە قازانجی ئێمە نەبوو. ئەو کەسانەی ئەم خۆپیشاندانەیان سازماندا دەبوا بیریان لەوە بکردایەتەوە."

**ڕەزا:** تۆ پێتوایە گرتنی ئەو مەقەڕە بە پلانێکی دارێژراو بوو؟
**تاهیر:** من ئێستایش پێموایە هیچ پلانێک بۆ ئەو شەڕە نەبوو. سیاسەتی شوورای شاری مەریوان و ڕێکخراوەکان و خەڵک هەموو ئەوە بوو کە ئەم شەڕە

نەکەین و بە قازانجمان نییە. وەختێک ئێمە پارێزگاری شارمان بەدەستەوە بوو و نیگابانی شاری مەریوانمان ئەدا زۆر بە سەراحەت کاک فوئاد سەد جار تیکراری ئەکردەوە "تەقە نەکەن! شەڕی پادگان بە ئێمە ناکرێت! ئێوە فەقەت کارتان ئەوەیە نیگابانی بدەن. . ."

ئێمە وەک گرووپێک فەعال بووین بەڵام ئەو دوو گرووپەیتریش بە تەواو هێز و تواناوە کاریان ئەکرد و دەوریان بوو. کاک فوئاد ئۆتۆریتەیەکی مەعنەوی و واقیعی خۆی هەبوو کە هەموومانی لە دەوری یەک کۆ دەکردەوە. لە هیچ کۆبوونەویەکدا من لە بیرم نیە یەک جاریش کاک فوئاد وتبێتی ئەبێ وابکەین؛ کۆبوونەوەکان ئازاد بوو و هەموومان قسەمان ئەکرد. هەموو شت بە تەفاهوم بوو بەڵام کە ئەهاتە سەر لێکدانەوەکان ئۆتۆریتەی مەعنەوی ئەو لە جەرەیانی کاردا چەسپا بوو. خراپییەکەی ئەوە بوو وەک ڕێکخراوە کۆمیتەمان نەبوو. کاتێک کاک فوئاد ئەچوو بۆ سەفەر مەعلووم نەبوو کێ دوای ئەو مەسئولی کارەکانە. وەختێک کە خۆیشی بوو، خۆی بڕیاری نەئەدا لە سەر شتێک، قسەی لەگەڵ ئەکردین و ئەبوو بە بڕیار و دەستبەکار ئەبووین بۆ ئەنجامدانی.

**مەلەکە:** کاتی کۆچەکە چەند هەیئەتی دەوڵەت هاتن بۆ گفتوگۆ، تۆ هیچ بیرەوەرییەکی تایبەتیت لە کاک فوئاد هەیە لەو سەردەمەدا؟

**تاهیر:** وەک خاڵی زۆر موسبەت لە کاک فوئاد ئەوە بوو من لە باوکی خۆمم پرسیوە ئەڵێ ئەوەی کە دوای ئەوەی گفتوگۆکان ئەکرا ئەی گواستەوە بۆ ناو خەڵکەکە، بە دەست پێشخەری شوورا نەبوو بەڵکوو هی خۆی بوو. ئێمە کارمان فەقەت نیگابانیدان بوو، بەڵام ئاگامان لە جوزئیاتی ڕووداوەکان بوو؛ ئەمە بەلای ئێمەوە زۆر موهیم بوو کە کاک فوئاد ئەیپرسی بە نەزەر ئێوە چیبکەین؟ کاک فوئاد ئاژاوە گێرییەکان و پیلانەکانی حکوومەت و هاوکاتیش توانایەکانی ئێمەی باس ئەکرد. یەکەم لە تواناییەکانی خۆمان تەردیدی نەبوو، دووهەم پیلان و نەقشەکانی رژیمی باسدەکرد، سێهەم هەرچی بوایە و نەبوایە لە گفتوگۆکاندا تێدەکۆشا بیباتەوە ناو خەڵک.

**مەلەکە:** ڕۆژی ٣ی خەرمانان – شهریور ١٣٥٨ (١٩٧٩/٨/٢٥) نەفەرێک لە بانەوە هاتە مەریوان و دوو نامەی کاک فوئادی پێبوو، یەکیان بۆ من و رەزا و

ئەویتریان بۆ ئێوە پێشمەرگەکان. ئێمە ئەو کەسە و نامەکەمان بەڕێکرد بۆ لای ئێوە، کاک فوئاد چی نووسیبوو بۆتان؟
**تاهیر:** لە بیرم نیە کام نامە بوو و ناوەڕۆکەکەی چی بوو.

**مەلەکە:** لە نێوان ٣ تا ٩ی خەرمانان "شهریور" (٢٥ تا ١٩٧٩/٨/٣١) خەبەرتان لە کاک فوئاد بوو؟
**تاهیر:** پەیوەندیمان نەبوو؛ وەزعەکە زۆر شپرزە بوو. ئەوندە ئەزانم ئەو وەختە ئێمە ئەچووین لە پشت "گاگڵ"ەوە بەرەو "وشکەڵان" خەبەر هاتبوو کە کاک فوئاد دێتەوە و ئەچین ئەیبینین. پێش ئەوە بکەوینە ڕێ ئەمانزانی کاک فوئاد ئەبینین.

**مەلەکە:** کەی کاک فوئاد گەڕاوە بۆ مەریوان؟
**تاهیر:** لە بیرم نیە لەو مەسیرەدا کە ئێمە ئەڕۆیشتین بە شەوێک نەگەیشتین. ڕۆژی دووهەم لە عەسرێکدا لە سەر کانیو ئاوێک لاماندابوو ئەویش بە جەماعتێک پێشمەرگەوە هات.

**مەلەکە:** چەندە پێشمەرگەی لەگەڵ بوو؟
**تاهیر:** دەستەیەک پێشمەرگەی لەگەڵ بوو، زۆرتر لە ٩ کەس ئەبوون دەوروبەری نۆ تا یازدە کەس.

**مەلەکە:** کاک فوئاد چەندە لای ئێوە لە مەریوان مایەوە؟
**تاهیر:** دەقیق نازانم ئێمە خەڵکێکی زۆر بووین جەماعەتی حیزبی دیموکرات و عەلی مەریوانی و جەماعەتێک زۆر لە شار هاتبوونە دەرەوە. ئەم خەڵکە هەم سەرەخۆشیان ئەکرد لە کاک فوئاد و هەم پرس و مەشوەرەتیان ئەکرد. ئەو کات مەسایلی حیزبی زۆر مەترەح نەبوو و خەڵکانێکی زۆر بوون ئەیانویست بە شەخسی لەگەڵی قسە بکەن. لە بیرم نیە چەند ڕۆژ بوو کۆبوونەوە تەواو بوو و دوای کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵک، کۆبوونەوەی ناوخۆمانمان کرد. چەند کۆبوونەوی خوسووسی لە گەڵ ئێمە کرد و کاک عەتا و ئەوان تەسمیمیان گرتبوو بێنە ناو هێزێ پێشمەرگە، لەگەڵ ئەوان کۆبوونەوەی کرد.

**مەلەکە:** ئەو دەستە پێشمەرگە کە لەگەڵ کاک فوئاد و کاک برایم جەلال هاتنە مەریوان، بۆچی لەگەڵ کاک فوئاد نەگەڕانەوە بۆ بانە؟

**تاهیر:** کاتێک کاک فوئاد هاتەوە وتی پادگان مەریوان نوقتە زەعفە، ئێمە نەزەرمان ئەوەیە کە ئەکرێت بیگرین. بەڵام نەک بەم هێزە بەڵکوو بە هێزی یەکیەتی و ئەوانیش بێرین بەشداری بکەن. جا ئەمان هاتبوون کە ئەم هێزەی مەریوان ڕێک و پێککەن و سازمانی بدەن و ئامادەی کەن کە ئەو هێزەکەیتر بگات. بەڵام هێزەکە نەهات. ڕۆژێک کاک فوئاد وتی من ئەچمەوە، ئەزانم ئەگەر نەچم ئەم هێزە وا زوو ناگات. ئێمەیش لەگەڵ ئەوە کە بچێ هێز بێنێت موافق بووین و هیچ کەس موخالەفەتی نەکرد. وتیان چۆن ئەچیت وتی ئەوە من و کاک برایم جەلال ئەچین. من لە بیرم نییە واقعەن چەند نەفەر بووین وەختێ ئەو قسانەمان ئەکرد، بەڵام دەقیق لە بیرمە خۆم پێم گوت باشە تۆ بە چ ئەمنیەتێکەوە ئەچیت. تەردیدمان نەبوو کە ئەم جادە چۆڵە، بەڵام من لە خەڵکیتر ئەترسام. ئەو وەختە هیچ زانیاریمان نەبوو کە ئەم پشت سەرمانە شلێرە و چۆڵە بەوێدا ڕەحەت ئەچیت بۆ بانە بە ڕۆژ یان بە شەو. وتی جادە چۆڵە کەسی تێدانییە من لەوێوە بە ماشین هاتووم؛ وتم خۆ ناڵێم دەوڵەت، وەلی کەسی ناحەز دوو نەفەری رەحەت ئەتوانن بتانکوژن. وتی ئێمە بە ماشین سەریع ئەچین. وتم باشە بۆ ئێمە ٢٠ نەفەر نەیەین لەگەڵتا؟ وتی کاکە گیان ئەم ٢٠ نەفەرە بۆ شەڕ هەڵئەبژێریت، ئەگەر ٢٠ نەفەر شەڕکەر لە ناو ئەم هێزەدا بێنیتە دەرەوە، باقیەکەیت بۆ ٢٤ سەعات بۆ ڕاناگیرێت. ئەو ٢٠ نەفەرە کۆڵەکەی ئەم هێزەن کە ئێستا ٧٠ ـ ٨٠ نەفەرن. باشترە و مەسڵەحەت ئەوەیە سووک و سۆڵ دوو نەفەری سوار ماشینێک ئەبین وئەچین. کەسەکە خۆ کەسێکی غەریبە نییە، خۆی مەسئوولتە. ئەمەیشم لە بیرە وتی ئەم جەماعەتە با دوژمن نەزانی لێرەن. وتم خۆ مریشک نین بیان شارمەوە. من ئەشێ بچم نانیان بۆ بێرم لە دێهاتەکاندا. ئەم ئیستیدلالە پاشەکشەی کردبە من.

باوکم ئەڵێ شەو لەگەڵ کاک فوئاد بووە و تەسمیمیان گرتوە کە باوکیشم لەگەڵیاندا بڕوا، کاتی ڕۆیشتن ناسێح برایشم وتی منیش ئەچم کاک تەهمورس کە خەبەری زانی وتی منیش لە لایەن چریکەکانەوە کۆبوونەوەمان هەیە ئەگەر ئیمکانی هەیە منیش لەگەڵتاندا بێم.

**مەلەکە:** کاک برایم جەلال ئەڵێت خۆی و کاک فوئاد و دوو سێ کەس لە کادری نیزامی کۆمەڵە لە ماڵێکدا بوون کۆبوونەوەیان بووە و قسە و باسی گرتنی پادگان بووە کە ئەم ماڵە دوو کوڕیان جاش بوون؛ ئەڵێ من لەو ماڵە مەشکووک بووم و هەر ئەو وەختەیش بە کاک فوئادی وتووە شکی لەو ماڵەیە کە ڕاپۆرتی لە سەر دابێت. تۆ ئەوەت لە بیرە؟ لە بیرتە کام دێ بوو؟

**تاهیر:** بە دەقیقی لە بیرم نییە ئێمە لە سێ چوار دێ بووین. مەجمووعەیەک چەک و تەقەمەنیمان پێبوو کە لەو دەور و بەرەدا خەریک بووین ئەمانشاردەوە. لە دەرەوە ئەخەوتین هەوا خۆش بوو.

**مەلەکە:** کاک برایم جەلال ئەڵێ لە سەدا سەد موتمەئینم ڕاپۆرتمان لێدراوە و ئەمە پیلانی جمهوری ئیسلامی بوو کە هاتنە سەرمان. ئەڵێ ئەو شەوە کە ئێمە چووینە ئەو دێ (باوکت ئەڵێ لە ئاگجە بووین)، پرسیمان خەبەر جادە چیە؟ وتوویانە دوو ڕۆژە ماشین نەهاتووە. ئەڵێ وەختێک ماشین هات کە ئەو هێزە هاتنە سەر ئێمە و دەرگیر بوون لەگەڵمان. تۆ چ خەبەرێکت لەم مەسئەلە هەیە؟

**تاهیر:** کاتێک ئەو لاپەرانە لە کتێبەکەی برایم جەلالم خوێندەوە، ئەوەی کە باوکم باسی ئەکات، ئەوەی لە ناسێح برامم بیستووە و ئەیگێڕێتەوە و بە پێی تەجرەبەی خۆم لەو چەند ساڵەی بە شاخەوە بووم لە حەرکەتێکی سازماندراو ناچێت. دەلیلەکەم ئەوەیە کە ئەوەڵەن ئاگام لەوە نیە لە ئەو ماڵە جاشیان بووە یان نا، من هیچ خەبەرێکم لەو ماڵە نیە.

**مەلەکە:** وابوو ئێوە چەند نەفەر لەگەڵ کاک فوئاد و کاک برایم جەلال لە ماڵێک بووبن و کۆبوونەوەتان بووبێت؟

**تاهیر:** لە بیرم نییە بەڵام من و کاک فوئاد و کاک عوسمان و کاک عەبە دارابی ئەو دوو سێ ڕۆژە چەندین جار دانیشتین. شوێنەکانیم لە بیر نیە.

**مەلەکە:** باسەکانتان چی بوو؟

**تاهیر:** باسەکان ئەوە بوو کە ئەوزاعەکە چی لێدێ؟ ئێمە پادگان ئەگرین و بۆ چی خۆمان ئامادە ئەکەین؟ مەجمووعەیەکی زۆر وردە کاری ناو خۆ و لە

شارەکانی تر وەزعمان چۆنە؟ حیزبی دیموکرات؟  هەزاران پرسیار بوون کە پەلەپەل نیوەیشی جواب نەدراوە لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا، هەموو ئەمانە بە دوور و درێژی باسکران.

**مەلەکە:** لە بیرتە کاک فوئاد و ئیوە کادرەکان و کاک برایم جەلال لە ماڵێک بووبن؟

**تاهیر:** بۆ مەسئەلەی گەڕانەوەی تا ئەو جێگای لە بیرمە دانیشتنمان بوو، بەڵام شوێنەکەیم لە بیر نەماوە. ئەگەر بتەوێ پلان و بەرنامەیەکی دەقیق تەحقیق و لێکۆلینەوەی لەسەر بکەیت، ئەبێ لە ناو ئەو هێزەدا کە پلانەکەی داڕشتووە پرسیار بکەیت. نەک لە ناو خەڵکێکدا کە هیچ زانیارییەکی نییە. وەختێ تەماشا ئەکەم ئەم ڕێگایە لە کەس شاراوە نییە؛ ئەمان چوونەتە "گۆگجە"، لە سەر جادەکەدا کاک فوئاد ئەڵێ ئێمە خۆمان بە ماشین هاتووینەتەوە؛ ئەم مەسیرە چۆڵ بووە و هێزی رژیم نەبووە. ئەمان وەختێک ئەچنە سەر جادەکە عەبە قامیشڵە شارەزا بووە و لەگەڵیان ئەچێت. کاتێک لە دواییدا ئێمە چووین و لەگەڵی قسەمانکرد. وتی من تا نزیک جادەکە بردوومن و حەرەکەتیان کردوە و کەس شکی بۆ عەبە قامیشڵە نەئەچوو کە پەیوەندی بووبێت لەگەڵ رژیمدا. ئەمان چوونەتە سەر جادەکە بەڵام لە سەرجادەکە دا هەم باوکم و هەم ناسێح باسی ئەوە ئەکەن کە لەبەر چاو ئێمەوە هەلیکۆپتەر هات و پایگای " کانی کون"ی دامەزراند.

**مەلەکە:** مەوقەعییەتەکەی چۆنە؟ ئەڵێ عەبە قامیشڵە تا مەسیرێک هات.

**تاهیر:** لە قامیشڵەوە ماوەیەک ئەچن تا ئەگەنە  کانیکون.

**مەلەکە:** باوکت ئاوا باسیکرد کە عەبە قامیشڵە ماوەیەک لەگەڵماندا هاتووە، لەوە دوا ئەو نەهات نەماندەزانی بەرەو کوێ بچین؛ ئەڵێ کابرایەک کۆکەنی ئەکرد. چووین ئەومان بە کرێ هێنا کە شارەزامان بێت.

**تاهیر:** ئەو جادەکەیان پێ نیشان ئەدا، ئەمان دێن بۆ سەر جادەکە، لە سەر جادەکە تەماشا ئەکەن ئەوە هێلیکۆپتەر هاتووە. وەختێک هێلیکۆپتەرەکە ئەبینن مەجبوور ئەبن مەسیر بگۆرن. بەڵام ئەمان هیچ تەردیدێک ناکەن .

ئەگەر ڕژیم کانیکونی گرت مومکینە بستامیش بگرێت، مومکینە ئەو پایگاکەی تریش بگرێت. ئەمە تەغیرێک لە سەفەرەکەیاندا نادات. وا ئەزانم وەک شتێکی بەڕێکەوت چاوی لێ ئەکەن؛ ئێستا بە کانیکوندا ناتوانین بچین دەورێک بدەینەوە. دەوری کانیکون ئەدەنەوە، ئەچنە" ئاگجە". ئەگەر ئەمە تەرح بێت، ئەگەر ئەمە بەرنامە بێت، دەوڵەتێک بەو هەمووە پادگان و ئیمکاناتەتە وە ئەبێ لە ٣ ـ ٤ جێگا کەمینێک دابنێ کە ئەمانە حەرەکەت ئەکەن لە چ مەسیرگەلێکەوە ئەچن. ئەمان چوونەتە ئاگجە لەوێ یەک نەفەریان دەقیقەیەک نیگابانی نەداوە. هەموویان ئەوندە هیلاک بوون خەوتوون تا بەیانی سەعات هەشت، کەسێک نەهاتووەتە ناو ئاگجە.
برایم جەلال لە خەڵک ئەپرسێ باوکیشم ئەڵێ لە خەڵکمان ئەپرسی، ئەڵێ ماشینەکانی حیزبی دیموکرات نەبێ هیچ کەسیترمان نەدیوە. یانی خەڵکی عادی نەبوون ماشینی حیزبی دموکرت بوون بەو سەر جادەدا هاتوو و چوویان کردوە. لە ناو دێیش وەختێ دێنە دەرەوە دووبارە ئەگەن بە کابرایەک ئەو کابرایشە ئەڵێ ماشینی حیزب دیموکرات نەبێت هیچ کەس نییە. تۆ وەختێک تی بۆ سەر ئەم جادە ئەمەت لێرەوە دیوە، دوێنێ لێرەوە دێیتەوە سەر ئەم جادە، لە سەر ئەم جادە دا حەرەکەت ئەکەیت. ئەبێ ئەو لات لێگیرابێ لەو لاوە دوژمن هاتبێ ئەم دوو یان سێ ماشینە لە مەریوانەوە حەرەکەت ئەکەن. چۆن مەنتیقی دێتە بەر چاو کە کانی کونی ئیمڕۆ داناوە، بەیانی بچێت بستام دابمەزرێنیت.

**مەلەکە:** دوو جار هێلیکۆپتەر بووە، باوکت باسیکرد ڕۆژی پێش دەرگیریەکە لە نزیک کانی و ئاوێک بوون، هێلیکۆپتەر هاتووە هێزی هێناوە بۆ پایگای کانیکون ئەوانیش خۆیان ئەدەنە کەنارەوە. ئەوان لە پێشدا ئەچنە قەمچیان چایخانەکە داخراوە، حەتتا باوکت ئەڵێ یەکێکیان پێشنیاری کردوە کە شیشەی پەنجەرەکە بشکێنن و بڕۆنە ناو چایخانەکە نان بخۆن و پووڵی نان و شیشەکە دابنێنن. کەسێکیتر موخالفەت ئەکا. لەوێوە دەکەونە ڕێ بۆ ئاگجە. ئەو شەوە لە ئاگجە ئەبن و ڕۆژی دوایی دەرگیر ئەبن. کاک برایم جەلال ئەڵێ هێلیکۆپتەر هات و هێزی پیادە کرد و تەقەی لێ کردین. باوکت ئەڵێ ماشین هات و هێزی پیادە کرد. کاک برایم جەلال ئەڵێ لە دوورەوە چاومان لە جموجۆڵی ناو پایگای

کانێعمەت بووە و بە دووربین چاومان لێکردن. ئەڵێ پێمان وابوو جەماعتی حیزبی دیموکراتن، بەڵام هاتنە سەر جادەکە و ئێمەیان ئیستدا.
**تاهیر:** منیش وەک تۆ ئاگادارم. بەڵام ئەوەندەی کە باوکم باسی کردووە و نووسیویەتی هیچ شتێک نابینم کە شکم تێدا بەوجوود بێنێت بڵێم ئەمە بەرنامە رێژیکراو بووە. زۆرتر بە ڕووداوێکی تەسادووفی دێتە بەر چاوم.

**رەزا:** تۆزێ بگرێینەوە دواوە؛ ئەو وەختە کە باسی مەسئەلەی گرتنی پادگانی مەریوان مەترەح ئەبوو کاک عەبەی شێخ عەزیز ئەڵێت پێنج کەس دیاریکراون کە ئەو خۆی یەکێکیان بووە بۆ ئەوەی کە بچنە دێهاتی دەور و بەری پادگان لە نێو دۆست و لایەنگراندا تەدارک ببینن شتی وا هەبوو؟
**تاهیر:** من بە ناموکمینی نازانم کە کاک فوئاد کەسێکی ناردبێت یا دەیان کەسی ناردبێت بە شوێن دەیان کاری جۆربە جۆر دا، بە بێ ئەوی بە ئێمەی وتبێت. ئەگەر کاک فوئاد ناردبێتێ مومکینە.

**رەزا:** ئێستایش و ئەو وەختەیش ئەگەر بیری لێ ئەکەیتەوە، لەو بشێوییەدا کە خەڵک زۆر هاتبوونە دەرەوە، ئەوزاعەکە ڕۆشن نەبوو، وەزعێکی زۆر تاریک و ناخۆش بوو، کەسانی غەیرە دۆست و نزیک و لایەنگر ئەندامی کۆمەڵە و حەتتا سازمانە سیاسیەکان هاتبن بەدوای خەبەردا؟ یان حەتتا بێجگە لەوە تۆزێ ئەولاتر برۆین مەسەلەن کۆنە چریک ژاندارمەری، کۆنە ساواکی، دەرەبەگێک لەو دەور و بەرە دوور و نزیک تەعقیبتان بکەن کە ئێوە چی ئەکەن؟ لە کوێن؟ شتی وا ئەو کات بۆتان مەسئەلە بوو یان نا؟
**تاهیر:** هەموو وەختێ ئیمکانی ئەوە بوو کە کەسێک تەماس بگرێت. لە سەختترین شەرایتەکاندا هەمیشە ئێحساس ئەومانە ئەکرد کە مومکینە ئەو زانیاریانەی ئێمە بدرکێت. بەڵام برێک زانیاری بوو زۆر کەم تەردیدمان بوو؛ بۆ نموونە کاک فوئاد خەریک بوو بڕوات من تەردیدم هەیە غەیری ئەو دوو سێ نەفەرە، کەسێکیتر زانیبێتی. ئەو وەختە ئەو دوو سێ کەسەیش من یەکێکیان بووم. ئەگەر ئەو کەسە کاک فوئادیشی دیبێت وایزانیوە ئیمشەو ئەچن بۆ دێیەکیتر نەک ئەو قەرارە بچێ بۆ بانە. زۆرێک لەو هێزەی خۆمان نەیانئەزانی کوا کاک فوئاد. کاتێک گیانی بەختکرد و رادیو باسی کرد زۆر کەس ئەیوت

ئەوە خۆ پێشمەرگەکان! ئەی کەی کاک فوئاد لەمانە جیا بووتەوە؟

**مەلەکە:** خۆی هاتەوە ڕۆحیەی چۆن بوو؟
**تاهیر:** خۆی ڕۆحیەی عەجایب بوو، حەز ناکەم قارەمان لە هیچ کەس دروست بکەم. بەڵام ئێجگار لە سەرەخۆ بوو، مەتین بوو. من وەختێک باوشم پێداکرد خۆم پێنەگیرا زۆر گریام. لە بیرمە کە تەوفیق عەلی مەریوانی وتی من دڵم پڕ بووە لە گریان وەختێک ئەوم دیوە ئیتر شەرمم هاتووە بگریم. کاک فوئاد زەربەیەکی دیوە لەوەی من زۆر قورستر بوو چاوم کەوت بە ئەو ئیتر خەجاڵەتم ئەکێشا بگریم. زۆر بە ڕۆحیە بوو وەزعی باش بوو. زیاتر هەوڵی ئەدا کە هەموومان وابیر بکەینەوە ئەگەر ئەوانەمان لە دەستداوە ئەرک و وەزیفەمان قورسترە و ئەبێ جێگایان بگرینەوە. بەڵام ئیتر تەبێعەتەن هەناسەی خۆێشی هەڵئەکێشا و کزە لە دڵیشیەوە ئەهات.

**مەلەکە:** لەو سەردەمەدا هیچ وابووە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بپرسێ کە ئەم جەرەیانە چۆن بووە؟
**تاهیر:** تا ئێستا لە یەک کۆمەڵەیم نەبیستووە بپرسێ بڵێت چۆن بووە.

**ڕەزا** : یەکێک لەو شتانە کە من بۆم پرسیار بوو ئەو شک و گومانەی لە 'حەمە نەجیم' هەبووە و حەتتا دەستەیەک پێشمەرگەی کۆمەڵە ئەچن دەستگیری بکەن وەلێ هەڵدێت و قەت ناگەڕێتەوە تا مرد. ئاگاداری ئەم باسە هەیت؟ پرسیارەکەم ئەوەیە ئەگەر ئاوەها لێی مەشکووک بوون، چۆنە ئەو ئەتوانێت دەرچێ؟ وادیارە لە پێشدا خەبەری بووە کە ئەمان ئەچن بۆی و ئەو دەرئەچێ.
**تاهیر:** نازانم مومکینە کەسیان ناردبێ. من نەمبیستووە.

**مەلەکە:** کاک برایم جەلال ئەڵێت دوای مەرگی کاک فوئاد لە ناو یەکێتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا بەرخوردی خراپی پێکراوە و تەنانەت نەیتوانیوە لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری بکا. تا کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە نامەی بەرائەتی پێداوە ئەڵێ عەبدوڵڵا موهتەدی، برایم عەلیزادە و عومەر ئیلخانیزادە ئەو نامەیان بۆم نووسیوە. تۆ ئاگاداری ئەم نامە هەیت؟

**تاهیر:** نەمبیستووە نامەی وایان پێدابێت. برایم جەلال زۆرتر مەسئول بوو. ئەو تەجرەبەدار بوو ئەو قەرار بوو یارمەتی ئێمە بدات، بەڕاستی عەیبە ئەو ئێستا بڵێت لە کەسێک مەشکووک بوو. ئەی بۆ ئەوکاتە نەتگوت ئەو کەسە وایە. ئێمە لێرە کۆبوونەوە نەکەین با بچینە شوێنێکیتر. ئەگەر لەو کەسە مەشکووک بوویت و لەو ماڵەدا بە کاک فوئادت گوت دوای ئەوە هاتیتە دەرەوە لە ماڵەکە، ڕێگاکەت بگۆڕییایە. ئەگەر مشکووک بوویت هاتیتە سەر جادەکە بە بەرچاو تۆوە خەریکن پایگا دائەنێن. تۆ بۆ نەتگوت بە کاک فوئاد قەرار بوو ئێمە بە ماشین بچین کە پایگا دانرا با هەڵگەرینەوە لە شوێنێکی ترەوە بچین. ئێمە نەماندەزانی شلێر لە کوێوەیە؛ یەکیەتی نیشتمانی پێشمەرگەی نەبوو نەزانێت شلێر چۆنە، تۆ چۆن بەم سەر جادەدا ئەڕۆیشتی؟

**رەزا:** من پێمخۆشە بە کورتی شتێک بڵێم؛ ئێمە هەمووان هەر وا بیر ئەکەینەوە. ئێمە بە دوای ئەوەدا ناگەرێین کەسێک پەیدا بکەین و بڵێین ئەوە خەتای ئەو کەسە بوو. وەلێ هەر لەو وەختەوە هەتا ئێستایش کەم و زۆر خولیای مێشکمانە کە ئایا ئەم ڕووداوە بە هەڵکەوت بوو؟ یا پیلان بوو؟ هیچ بەڵگەیشم نییە. وەلێ لێکدانەوەی خۆم ئاوایە. ئەو سەردەمە، لەو شەرایت و ئەوزاع وئەحواڵەدا کە ٢٨ی گەلاوێژ خومەینی فەرمانی جیهاد و هێرش بۆ سەر کوردستان ئەدا، جەرەیانی پاوە، مەریوان، سنە و سەقز خەڵک ئێعدام ئەکرێت تا ٩ی شەهریوەر یازدە ڕۆژە. ڕۆژی ٣ی شەهریوەر کە لە پادگانی مەریوان ئێعدامەکانیان کرد من و جەعفەر لە ناو شاردا بووین، ئێمەیان دانابوو کە خەبەر و ئەوزاع ناو شار بزانین. جاشەکان و مەکتەب قورعانی هاتنە ناو شار خۆپیشاندانیان کرد؛ ماشینی بە کالیبر ٥٠ وە لە پێشەوە بوو؛ تا ماوەیەک دواتریش وانەبوو کە مەسەلەن کووچە و کۆڵانیش بڕۆن لە هەموو شارەکاندا. جادەکان نەگیرابوون، پایگا دانەنرابوو، پاسگاکانی دەورانی رژیمی شا چەک کرابوون یا نەمابوون. لە وەزعێکی ئاوا ئاشوفتەدا، راستە جمهوری ئیسلامی هێرشی کردبوو، لەباری نیزامییەوە قەویتر و ئیمکاناتی نیزامی زیاتر بوو وەلێ ئینسیجامی نەبوو، بە تایبەت لە کوردستان. ئەوەی کە ئەم هێلیکۆپتەر و هێزە نیزامییە دێتە ئەوێ و عەمەلیاتێک ئەکرێت. لە مێشکی مندا زۆر ئەو پرسیارە مەترەح ئەکات؛ بەتایبەت لە جەرەیاناتی مەریواندا کاک فوئاد کەسێک بوو ناسراو بوو و زانیویانە دەور و

نەقشی هەیە. لە مەریوان وەک خۆت ئیشارەت دایە هێزی چەپ و ڕادیکاڵ بەهێز بوون. ڕێک لە ناو شاری مەریواندا ئەوەڵین مەقەر جا با ناوی نەنێین سپای پاسداران وەلێ سەر بە ئەوان دائەنێن. لە شارەکانیتردا ئەو کارەیان نەکردبوو. جمهوری ئیسلامیش کۆڵێک ئەرتەش و دامودەزگای کە هەر وەک پێشتر دەستی نەخواردووە و ئەوانەی وا سەر بە رژیمی شا بوون و جاشن هەموو لەگەڵین، ئاغاواتی ئەو مەنتەقە لەسەر مەسئەلەی زەوی و دیفاع لە جووتیار و هەموو ئەو شتانە تووڕەن و هاوکاریکردن و زانیاریدان و هەموو ئەمانە. بەنەزەری من هەر کافییە ئەو شەوی ئەوەڵە کە ئەوان ئەچن لاقیان ئەخەنە ناو ئاوەکەوە و ئەچنە ناو دێ، هەر ئەو شەوە کەسێک چووبێت و ڕاپۆرتی دابێ. نامەیەکی بردبێت بۆ ناو شار بڵێ ئەوە سێ چوار کەس چەکدارن، ئەوە دوو ئەندامی شوورای شار مەریوان لەوێن. مەنزوورم ئەویە شتەکە لە باری عەمەلییەوە زۆر زۆر دوور نییە. مەودای زەمانی لە ئاگجە و گۆگجەوە زۆر نییە؛ ماشینێک بە نیو سەعات ٤٠ دەقیقە ئەڕوات بۆ پادگانی مەریوان. ئەو وەختە بێت کارێکی وابکات. ئەم نەوعە شتانە لە ڕابردووی تەواوی بزووتنەوەکانی دونیا و لە هەموو جێگایەک ڕوویداوە. چاو لە حیزبی دیموکرات بکە؛ ئەوەڵ لە قاسملووە دەست پی ئەکات. یەکێک لە سەرەوە لێ ئەدات کە خوارەوە پرژوبڵاو بکات. دوایە شەرەفکەندی لێ ئەدات، کەسانێک کە بزانێت دەور و نەقشێکیان هەیە. مەبەستم ئەوە نییە دەور و نەقشی کەسیتر نادیدە بگرم، بەڵام مەنتەقەیەکی دواکەوتوو، جاشی دووسەرەی ئێران و عێراق و دەورانی ساواک و ئەوانە زۆر موحتەمیلە کە هاوکاریگەلێک کرابێت، خەبەر درابێت.

**تاهیر:** ڕووداوێک هاتووەتە بەرەوە و ئەبێ بە جێی شک و گومان، ئەمە شتێکی تەبیعیە. من و تۆ دوو ئینسانی جیاوازین بە کۆمەڵێک ئیتلاعاتی موشتەرەک و شێوەی لێکدانەوەمان لە مەسەلەکە. من بە نەتیجەیەک ئەگەم و تۆ بە نەتیجەیەکیتر.

**رەزا:** من مەبەستم ئەوەیە ئێستا ئێمە زانیاری زۆرمان بە دەستەوە نییە، وەلێ حەتتا لەوانەیە زانیاریشمان بە دەستەوە بێت من وتۆ بە دوو نەتیجەگیری تەواو جیاواز بگەین. ئەبینی لە دادگایەکدا ئەوەندە پەروەندەیان کۆکردووەتەوە بۆ کابرا، دادوەرێک ئەڵێ ئەوە وایە و ئەوی دیکە ئەڵێ وا نییە.

**مەلەکە:** بیرەوەریەکی تایبەت بە ئەو دەورانەت هەیە باسی بکەیت؟
**تاهیر:** کاک فوئاد هەمیشە تەئکیدی لە سەر ئەوە بوو کە ئێمە خۆمان دەرگیری شەڕ نەکەین چونکوو ئێمە شەڕمان پێناکرێت. ئەیوت ئەو دەستە پێشمەرگە کە ئیستراحەت ئەکا، لە ناو شار نەخەون بچنە دێهاتی دەورو بەر با ئەگەر خەتەرێک بوو ئەمان دووچاری نەبن. جا ئێمە دوو شەو چووینە دەروەی شار، خەڵک لە ناو شار نەبوو بەڵام ژمارەیەک جەوان لە ناو شار بوون و چونکوو ئێمە پێشمەرگە بووین جەوانەکان پێیان عەیب بوو ئەیانوت پێشمەرگە لە سەنگەر دایە من زاتم نەبێت لە ناو شاردا بخەوم. کاتێک ئێمە هاتینەوە ناو شار منداڵان چەپڵەرێزانیان ئەکرد و ئەیانوت پێشمەرگەکان شەو چوونەتە دەرەوی شار خەوتوون، ئەمە زۆر زۆر بە غروری ئێمە بەریخوارد. شەوەکەی نەچووینە دەروە تێکڕا بڕیارماندا لە دارسێران بخەوین. قەرارماندا لای کەس باسی نەکەین چونکوو بڕیار بوو، دەبوا بەڕیوەی بەرین. نازانم کاک فوئاد چۆن ئاگادار ببوو، پێیوابوو ئێمە لە بیرمان چووە؛ کەسێکی نارد کە ئێمە بڕۆینە دەروەی شار بۆ ئیستراحەت کردن. من وتم ناچین، دیسان کەسێکیتری نارد، هاتە لای من و وتی کاک فوئاد ئەڵێت مەگەر قەرارمان نەبوو کە بچنە دەرەوە؟ ئەویش لە سەر قەرار زۆر حەساس بوو ئەیوت کاتێک بڕیارێک ئەدەین، وەختی بڕیاردانەکە بڵێن هەڵەیە و نایکەم، بەڵام کاتێک دەنگی پێدرا دەبێ دەستەبەر بیت بە بڕیارەکە. منیش وتم پێی بڵێ ناچمە دەرەوە لە بەر ئەوە حەیامان چوو. نەفەر سێهەمی نارد کە بچم بۆلای. وتی چییە؟ ماجەراکەم بۆ باس کرد و پرسیم بۆ ئاوا فشارت هێناوە کە بچینە دەرەوە؟ کاک فوئاد وتی نیگابانی فڵانە سەنگەر هەواڵی داوە کە لە لای زرێبارەوە دەوری شار گیراوە. گویا لە پێچەکەی زرێبارەوە تا سەر شاخەکە و دەکەڵەکە هێزی رژیم هاتوون و دامەزراون. بۆم بوو بە پرسیار کە شتی وا چۆن ئەبێت؟ و ئەگەر وابێت رژیم هێزێکی یەکجار زۆری هێناوە. وتم لەگەڵ دەستە پێشمەرگەکەم ئەچم بۆ لای نیگابانەکان و پرسیاریان لێ ئەکەم. کاتێک چووم وتیان هێزێکی زۆر هالە سەر ئەم شاخەوە وجار جارسیگار ئەکێشن، زیاتر لە ٢٠ دەقیقە ڕاوەستام هیچم نەدی. لە ئاخردا لە بەر ئەوە دڵنیا بم چوار پێشمەرگەم هەڵبژارد و دووان لەم لام و دوان لەو لام، ئەمە لەگەڵ هیچ ئوسووڵێکی نیزامی نایەتەوە و منیش نیزامی کار نەبووم. بڕیارماندا بڕۆین و ڕوویان تێبکەین. بە نیگابانەکانمان وت ئەگەر بوو بە تەقە خەبەر بدەنەوە و

بلّێن ئەملا گیراوە. بەرەو زرێبار دەست بە تفەنگ ئەچووین زۆریش تاریک بوو لە نزیک یەکەوە ئەچوین کە دەنگی یەک ببیستین. دوای ماوەیەک کە چووین زۆر هێواش خشەیەک هات، بە تفنگەکەمەوە هەڵگەڕامەوە و دڵم داخورپا وەک ئەوە کە کەوتووینەتە ناو کەمینی دوژمن. تۆزێکی مابوو کە تەقە بکەم، فیشەک لە لوولەی تفنگ دا و بەڵام سپیایی جامانەکەی دیار بوو. خێرا کەوتمە شکەوە و وتم کێی؟ وتی خۆمم، کاک فوئاد بوو. لە لایەکەوە زۆر نارەحەت بووم ئەی هاوار خۆ تۆزێکی مابوو تەقە لە کاک فوئاد بکەم و لەو لایشەوە وتی دەی خۆ ئێمە هاتووین بۆ کارێکی زۆر خەتەر ئەی تۆ بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟ وتی لە من ئەپرسی؟ ئەی تۆ بۆ چی هاتووی؟ یەکێک لە خۆشترین خاترەکانمە بەو لەحازەوە ئەڵێم لەگەڵ کەسێکدا کارم ئەکرد کە ئیحساسم ئەکرد لە سەر هەموو ساتەکانی گیان و ژیانی ئێمەیش بیر ئەکاتەوە. وانییە کە خەڵک بخاتە ئەو مەیدانە و با چەند کەسێک گیانی لە دەست بدات و بۆ ئەوەی سبەی ڕۆژ خۆی ناو دەر بێنێت.

**مەلەکە:** زۆر زۆر سپاس کاک تاهیر زۆر ماندوومان کردیت دەست خۆش.

**تاهیر:** هەر قسەیەک بوو لازم بە ڕۆشن بوونەوە بێت هەر چەند سەعاتیش ببات من لە خزمەت دام.

❊❊❊❊

مەلەکە و ڕەزا ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.



# گفتوگۆ لەگەڵ کاک ساعد وەتەندووست (مامۆستا برایم)

**٢٠١٢/٦/٢٧**

**مەلەکە:** سپاس و پێزانین بۆ ئەو وەختە داوتە بە ئێمە. ئەم دیدارەمان لە پەیوەندی لەگەڵ سەفەرەکەی کاک فوئاد و چۆنیەتی ئەو سەفەرەدایە. هەروەها پێمان خۆشە لە زانیارییەکانی تۆ سەبارەت بە کاک فوئاد زۆرتر کەڵک وەربگرین. تۆ و کاک فوئاد چۆن یەکترتان ناسی و کاری سیاسیتان پێکەوە دەست پێکرد؟

**کاک ساعد:** یەکەم، من بە ئەرکی سەرشانی خۆمی ئەزانم سەبارەت بە کاک فوئاد هەر زانیارییەکم هەبێت هەر وەک پێشتر لێرە و لەوێ باسم کردووە،

وەکوو ئەرکێک لەگەڵ ئێوە باسی بکەم.
دووهەم، ئەوە من پێم باشە و زۆر کارێکی گرنگ ئەکەن ئەم زانیاریانە کۆدەکەنەوە بەشکم ڕۆژێک لە ڕۆژان مەجمووعەی ئەم زانیاریانە بتوانێت تەواو شەخسیەتی کاک فوئاد دەربخات. نازانم چەندە موەفەق ئەبین لەوەدا بەڵام ئەزانم هەر کەسێک لە گۆشەیەکەوە ئەگەر دەورەیەک لە حەیاتی خۆی، ئەگەر بۆ سەعاتێکیش لەگەڵ کاک فوئاد بووبێت حەتمەن خاترەیەکی هەیە. حەتمەن شتێکی هەیە بۆ باس کردن. کۆکردنەووی ئەمانە کارێکی گەورەیە. دەستخۆشیتان لێئەکەم و حەقیقەتەن جێگای پێزانینیشە. ئەمە کارێکە بە داخەوە هەموو ئەوانە کە بە ناو کۆمەڵەوە کار ئەکەن تا ئێستا نەچوونەتە پای شتێکی ئاوەها؛ کە تەواوی مەعلوومات و ئەو شتانەی ئەم ئینسانە گەورە کە لە ماوەیەکی کورتی حەیاتی سیاسی دوای زیندان لێی دەرکەوت، بیخەنە ڕوو تا نەوەکانی داهاتوومان ئەو تاریخەی کە بە دەستی کاک فوئاد نەخشی گرتووە و دەستی پێکردووە بیناسن.
کەی لەگەڵ کاک فوئاد ئاشنا بووم، دوور بە دوور ئەمزانی کە کەسێک هەیە بە ناوی فوئادی مستەفا سوڵتانی لە باشترین خوێندکارانی شاری سنە بوو، ناوبانگم بیستبوو. بە تەمەن دوو ساڵ زیاتریش لە من چکۆلەتر بوو. ئەڵبەتە بەرلەوە ئێمە هاتووچووی خانەوادەگیمان بوو، باوکتان مەرحوومی حەمە ڕەشید بەگ هاتووچووی ماڵی ئێمەی ئەکرد لەگەڵ باوکم ئاشنا بوو. ناوی کاک فوئاد و چەند خوێندکارێکیتر وەک کاک شوعەیب زەکەریایی زۆر مەشهور بوون. ئەوان ئەو وەختە ناوبانگیان زۆر بوو وەکوو خوێندکاری زیرەک و نایاب لە شاری سنە. ئێمە چووینە دانشگا ودەستمان کرد بە کاری سیاسی کە پێکەوە ئاشنا بووین کاک فوئاد وتی: من پێشووتر هاتووم بۆ لای تۆ مەشوەرەتم لەگەڵ کردویت کام ڕشتە بخوێنم. ئەمە کەی بووە؟ من لە بیرم نییە.
کاتێک کە ئێمە خەریک فەعالیەتی سیاسی بووین گروهێکمان بوو بەر لە کۆمەڵە. دوای ئەوە من ساڵی ١٣٤٩ (١٩٧٠) گەڕامەوە بۆ سنە لەوێ دەستمکرد بە کارکردن. ئەو وەختە هەموو ئەو کەسانە کە خەریکی فەعالیەتی سیاسی بوون، تەقریبەن ناسراو بوون. وەختێک ئیشارەیان ئەکرد بە ڕەفێقێک کە ئێمە هەمانە چونکوو ئێمە گوزارشمان ئەدا بە یەکتر، ئاشنا بووین وەلێ یەکترمان نەئەدی. ئەو سەردەمە لە بەر پاراستنی ڕەفێقەکانمان تێدەکۆشاین کەمتر یەکتر بناسین.

بەڵام ژمارەیەک یەکترمان ئەناسی. مەسەلەن من و کاک ئیرەجی فەرزاد، کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، کاک سەدیقی کەمانگەر (یادی بە خێر) بووین. دوایەش کۆمەڵێکیتر بوون پێکەوە بەڵام کە گوزارشەکان ئەهاتەوە بە حەدسی خۆم ئەمزانی کە ئەمە ئەو کەسەیە. دوای ئەوە وردە وردە گوزارش ئەهات کێ لە کوێە و چۆنە. ناوی نەهێنیەکەی لە تەشکیلات دا پێیان ئەوت "لەرزۆک".

من با ئەوەیشی لێ زیاد بکەم لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩ دا ئێمە چەند کۆبوونەوەمان بوو کە ئەم کۆبوونەوانە ئەتوانم بڵێم یەکەم کۆبوونەوی گشتی بوو کە کردمان. ئێمە چەند کۆبوونەوەمان لە تاران بە دوو گرووپ گرت. لە گرووپی ئەوەڵدا من بووم لەو گرووپەکەیتردا کاک یەدێ بیگلەری رابیت بوو. هاتوچووی بەین دوو گرووپەکەی ئەکرد و قسە و باسەکانی ئەگواستەوە. قسە و باسەکان ئەو زەمانە لە دوو ئاستدا بوون؛ یەکیان ئامانج خوازیەکە بوو ئەویتر ژیانی خۆمان بوو، واتە مونتەبیق کردنی ئەم دووانە پێکەوە. ئەوەی کە ئەو کاتە ئەمانگوت ڕەخنە لە خۆ و ئێستا زۆر کەس لی ناڕازیە بۆچی باسی مەسائلی شەخسیمان ئەکرد. ئەوانە لە واقیعدا خۆ بار هێنان و بە جۆرێک تەزکیە نەفسێکی تیدا بوو مومکینە بەعزە کەسێک بڵێت ئەوە خراپە.

من ئەو وەختە کارمەند بووم. لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ دوو سێ کەس لە هاورێیان لە سەر گوزارشێکی خۆم قسەمان ئەکرد، لە کارەکەی خۆم و کارمەند بوونی دەوڵەت نارازی بووم. ئەم گوزارشە گەیشتبوو بە رەفێقەکان کە یەکێک لەوانە کاک فوئاد بوو، بە ئیحتماڵی زۆر ئەو ئەیزانی من کێم. ئەوان واتە کاک فوئاد، کاک حەمە حوسەین و هەندێ لە هاورێیان ئەیانزانی من کێم. لە کۆبوونەوەکەدا باسکرا کە کاک فوئاد سفارشی ناردبوو و خۆشحاڵی دەربڕیبوو کە من بڕیارمداوە لە کاری دەوڵەتی دەس هەڵگرم. ئەمانە سەرەتای ئاشنایمان بوو.

من لە کاری دەوڵەتی دەستم هەڵگرت و دەستم کرد بە کاری شەخسی، بەڵام هەر لە رشتەی تەخەسووسی خۆم دا. ڕۆژ بە ڕۆژ کاری سیاسی و تەشکیلاتیم زۆرتر ئەبوو و کاری ترم کەمتر، ئەمە پرۆسەیەک بوو.

ڕۆژێک ئاخر وئۆخری هاوین و ئەوەڵی پاییز بوو لە تاران لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا موهتەدی ئەم مەوزووعەم مەترەح کردو وتم ئێمە تەشکیلاتێکین ناکرێت مەرکەزییەتێکمان نەبێت. ئەم مەوزووعە بۆ هەوەڵین جار لە لایەن منەوە

مەترەح بوو. ئەگەر کەسێکیتر هەیە و ئیدیعا ئەکات زووتر مەرکەزییەت بووە حەتمەن ڕاست ئەڵێت. بەڵام ئەوەی کە من لە بیرم بێت لەو کاتە دا من پیشنیاری ئەوەم کرد. پرسی: تۆ پێتوایە ئێمە چی بکەین؟ وتم پێموایە ئەبێ مەرکەزیەتێک هەڵبژێرین. تەبعەن مەرکەزییەت هەڵبژاردنی ئەو وەختە نەدەکرا بەئاشکرا بیکەیت.

دوای ماوەیەک ئاگاداریان کردم کە سێ نەفەر دانراون بۆ مەرکەزییەت کە بریتی بوون لە کاک فوئاد یادی بە خێر، کاک حوسەینی موراد بەیگی ( حەمە سوور) و من. ئەم سێ نەفەرە بۆ یەکەم جار پاییزی ساڵی ١٣٥٢ (١٩٧٣) لە تاقەوسانی کرماشان یەکترمان دی و کۆبوونەومان کرد. لە بیرمە لەو جەلەسە دا مەجموعەیەک قسە و باس کرا و تەنانەت هەندێک ڕەخنە مەترەح بوو. ئەو سەردەمە ڕەسم بوو لە هەندێ ڕەفتار و کردار و حەتتا ئەخلاقیاتی یەکتر ڕەخنە بگرین. ئەو کاتە کاک فوئاد لە شاری "بروجرد" بوو لە کارخانەی بەرق لەوێ کاری ئەکرد.

**مەلەکە:** تۆ لە غیابی خۆتدا هەڵبژێردرابوویت بۆ ئەو مەرکەزییەتە؟

**کاک ساعد:** بەڵێ. هۆکەی ئەوە بوو خۆ من ئەوانیترم نەدەناسی. دیارە ئێمە لە جنووبی کوردستان و لە سنە بە تایبەت کۆمەڵێک کار و چالاکیمان بوو. من خۆم ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی کە لە ڕێگای ئەو فیکر و ئامانجەی کە هەمبوو، هەموو توانا و ژیانم لەو ڕێگادا فیدا بکەم. تەبعەن دیارە دوایی بۆم دەرکەوت زووترکاک فوئاد مەترەحی کردبوو کە ئەبێ ئێمە ژیانی حیرفەیمان هەبێت، بەو ڕهنموودە بەو نەتیجە گەیشتم و لە ئاکامی کار و چالاکیمدا ئەو مسئولیتەیان بە من سپارد.

**مەلەکە:** دوای ئەوە بوون بە مەرکەزییەت کارەکانتان چۆن بوو؟

**کاک ساعد:** دوای ئەوە گوزارشاتی هەموو ئەو هاوڕێیانە کە ئەو وەختە لەگەڵ تەشکیلات بوون ئەهاتەوە لای ئێمە. هەر کەس لە مەیدانی فەعالییەتی خۆیەوە، چ لە کوردستان و چ لە باقی شارەکانیتری ئێران وەک تاران و کرماشان و هتد. لە بیرمە هاتوو چووی "بروجرد"م ئەکرد بۆ لای کاک فوئاد و لەوێ کۆبوونەومان ئەکرد. دوو نەفەری گەلاڵەیەکمان بوو، کاک فوئاد نووسراوەیەک بە دەستیەوە

بوو تایپی بکات. پێموایە نامیلکەی "چرا پراکندەایم و چگونە متحد شویم" بوو. ئێحتیاجی بە ماشین تایپ بوو، ئەو وەختە کەسێک ماشین تایپی بۆایە لە باری ئەمنیەتیەوە (ئاسایش) تووشی موشکل ئەبوو. ماڵەکەی کاک فوئاد بەشێک بوو لە ئیدارەی بەرق. کاتێک تایپی ئەکرد تەقە تەقی ئەهات و ئەگەر کەس گوێی لێبووایە خەتەر بوو. دەبوا فیکرێکمان بۆ ئەوە بکردبایە.
ڕۆژێک لە سنە لە بەر دوکان براتیانی گەورە تێدەپەڕیم کەسێک بانگمی کرد ئاغای موهەندس ئەوە تایپێکمان هەیە بەشکم لێمان بسێنیت. خۆم لە هەوڵدابووم ماشین تایپێک بسێنم، بەڵام بۆ ئەو کارە دەبوا ئیجازە وەربگریت. کە ئەوەم بیست هەوڵ نەبووم و وتم من تایپم بۆ چیە؟ تایپی چی؟ وتی تۆخوا بیسێنە ئەوە دەمێکە لەو دووکانە دانریاوە. هەرچی ئەکەین کەس نایسێنێت. منیش زۆر ئاسایی وتم بە چەندە؟ وتی سەد تمەن، وتم سەد تمەن زۆرە. ئەو کاتە سەد تمەن زۆر بوو مەعاشی کارمەندێک بوو. وتم باشە من ٩٠ تمەنت پێئەدەم، وتی چونکوو مشتەریم نییە باشە بیبە. منیش لە دڵەوە لە خۆشیدا نەمدەزانی چی بکەم، تایپم کڕی لە بیرمە لەم پچووکانە بوو. زۆر باش بوو هەم حەجمەکەی کەم بوو و هەم دەنگی کەم بوو.
خێرا بردم بۆ کاک فوئاد. دەی چیبکەین هێشتا ئەمەیش هەر تەقەی دێ. من کاری پەیمانکاریم دەست پێکردبوو؛ لولەکەشی دێهات و ئەم نوعە کارانەمان ئەکرد. لەو کارەدا کوڕێک هاوڕێ و هاوکارم بوو یادی بە خێر زۆر ئینسانێکی باشە، ئەو کوڕە لولەکێش بوو. پێمگوت سەندووقێکم بۆ دروس بکە بەرزیەکەی یەک متر و شەست تا حەفتا سانتیمتر بێت و تیکە تیکە بیخەمە یەک و لە یەک بازی بکەم و بێشکەیەکی تێدا دابنێم. هاوکات لێفەیەکم دا بە دوورین کە ڕێک قاڵبی ئەو سەندووقە بێت. وام دروست کرد کە کەسێک بتوانێت تێیدا دابنیشێ و هەناسەی سوار نەبێت. ئەو سەندووق و لێفەم برد بۆ کاک فوئاد وتم بچۆ ناوی تایپەکەت بکە. زۆر ئیستفادەی بوو. کاک فوئاد کارەکەی لە ناو ئەو سندووقە ئەنجام ئەدا و چەند شتی لەوێدا نووسی، یەکێکیان نامیلکەی"چرا پراکندەایم و چگونە متحد شویم" بوو. ئەویتر نووسراوەیەک بوو بەناوی "جنایت دیگر علیە خلق کرد" ئەویش هەر کاک فوئاد نووسی.

**مەلەکە:** کۆبوونەوەکانتان چۆن ئەکرد؟

**کاک ساعد:** ئەوە موهیم بوو کە لە یەک شوێن دانەنیشین و پۆلیس بێت و دەورمان بگرێت. بۆ ئەوەی کە چۆن کۆبینەوە من ماشینێکم بوو؛ شەوێکیان کاک فوئاد، کاک ئیرەج فەرزاد، کاک سەدیق کەمانگەر و من هەرچوارمان سوار بووین لە کرماشانەوە کەوتینە رێ بۆ تەورێز تا بەیانی لە ناو ماشینەکە دا کۆبوونەوەمان بوو و قسە و باسمان ئەکرد چی بکەین؟ چی نەکەین. کارێکمان لە تەورێز نەبوو تەنیا بۆ کۆبوونەوەکەی خۆمان ئەو هەمووە ڕێگا چووین. من لە ناو ئەو ڕەفێقانەدا تا ئەم ساعەتەیش هیچ کەسێکم نەدیوە بە قەد کاک فوئاد لەو زەمینەدا لێبڕاو و ڕۆشن قسەی کردبێت. لە ناو رەفێقەکانی ئەو وەختە دا وشەگەلێک بوون کە باوەڕمان پێیبوو وەک سوسیالیسم، کومونیزم، خەباتی چینایەتی، کرێکار و خەڵکی مەحرووم؛ ئەمانە بۆمان موقەدەس بوو، ئەوانە لەو شتانە بوون کە ئێمە بەردەوام فیکرمان لێ ئەکردەوە. کەسانێک پێیانوایە ئێمە خەریک بووین خۆمان ئامادە بکەین خەباتی چەکداری بکەین؛ نا، خەباتی چەکداری بەشێک بوو لەوە. کێ ئەیزانی ساڵی ١٣٥٧ لە ئێران شۆڕش ئەکرێت و پێشمەرگایەتی دێتە پێش. بەڵام ئێمە کۆمەڵێک ئینسان بووین کە بیرمان لە هەموو شتێک ئەکردەوە و خۆمان ئامادە ئەکرد کە لە ژیان و هەموو مەسایلی شەخسی و خوسووسی بگوزەرێین.

لە بیرمە ڕۆژێکیان لەگەڵ کاک فوئاد بووین ئەزانم لە بان هەوەتوو (جادەی سنە- سەقز) بوو، کاک فوئاد پرسی تۆ ئارەزووت چیە؟ بە ڕێکەوت لە نزیک دێیەک بووین دێهاتێکی وێران و بێ ئیمکانات. وتم ئارەزووم ئەوەیە کە ڕۆژێک ئێمە قودرەتمان بە دەست بێ، لە جێگای هەموو ئەو دێهاتە وێرانە ئیمکاناتی ئینسانی و خۆش بۆ ئەم خەڵکە و فەقیر و هەژارەکانی ئەم وڵاتە دروست بکەین.

**مەلەکە:** پەیوەندیتان لەگەڵ خەڵکی غەیرە کورد چۆن بوو؟

**کاک ساعد:** ئێمە کەسیترمان ئەناسی و کاک فوئاد رەفیقی زۆری بوو بەتایبەت خەڵکی غەیرە کورد. مەسەلەن لە لۆرستان رەفیقی زۆر بوو کە لە دواییدا سازمانێکیان پێکهێنا و کەسیان لێ ئێعدام کرا. لە شاری "دزفول" یادی بە خێر کاک تەیبب عەباسی ڕۆحوڵڵاهی لێبوو. مەحموود فارس من نەمدیبوو بەڵام ئەمزانی کە لە مەنتەقەی ئەسەدئاباد و کەنگاوەر. ئەو وەختە گوزارشی ئەو

دووانە ئەهات. کاک تەییب و مەحموود پێکەوە فەعالییەتیان ئەکرد.

**مەلەکە:** ئێوە کە خوێندەواربوون و کاری باشتان هەبوو چۆن ئەو کارەتان ئەکرد؟

**کاک ساعد:** ئەو کارە بۆ هەموومان کە دەرسمان خوێندبوو و کار و پلە و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتیمان هەبوو ئاسان نەبوو و زۆر زەحمەت بوو. بەڵام ئەو بیر و فیکرە کە ئەو وەختە کاک فوئاد باسی کرد و بە بڕوای من فیکرێکی زۆر دروست بوو، ئەوە بوو کە ئێمە ژیانی خۆمان لەگەڵ ژیانی خەڵکی هەژار و فەقیر تێکەڵ کەین تا باوەڕیان بێ وەرمان بگرن. من تەجرەبەی شەخسی خۆم هەیە لەم زەمینەدا. کاتێک گۆڕانکاری لە ژیانی خۆماندا پێک هات، ئەو ئیمکانەی بە من دا کە نزیک ببمەوە لە کەسانێک کە ژیانیان پڕ لە دەرد و ڕەنج بوو، ئێعتمادم پێبکەن.

من شەخسەن زۆر خاترەم هەیە لەوە کە بۆچی ئەسڵەن دەستم هەڵگرت لە ئیدارە و لە موهەندسی ئەمە خۆ بە خۆڕایی نەبوو. ئەمە بە تەعریف لە خۆی مەزانن، هاورێکانی من لەم ڕێگایەدا گیانیان لەدەستداوە. هەمیشە ئەڵێم من تۆزی ڕێگاکەم لێ نیشتووە من کارێکم نەکردووە. هەموو ژیانمان بەرەو ئەوە ئەچوو کە تووشی موشکلاتی جیددی بین و بووین. ڕەفیقەکانی ئێمە زیندانیان کێشا. فوئاد مستەفا سوڵتانی ٢٤ ڕۆژ مانی گرت لە خواردن. ئەمانە ئاسان نییە، ئەشکەنجە تەحەموڵ کردنی شوعەیب زەکەریایی و فوئاد مستەفا سوڵتانی و کێ و کێ لە زینداندا، ئەم ژیانە ئاگاهانە هەڵبژێردراوە و ئێمە لەو جەهەتە دا هەنگاومان هەڵگرت. هەڵسەنگاندنەکە ئەوە بوو کە نیسبەت بە ژیانی خەڵکی هەژار و فەقیر ناو کۆمەڵگا تۆ لە کوێدایت.

**مەلەکە:** ئەتوانین دەورانێک لە عومری کۆمەڵە لە سەرەتاوە تا ساڵەکانی ١٣٥١ و ١٣٥٢ (١٩٧٢-٧٣) ناو بنێین دەورانێک کە خەریکی خۆ تەیار کردن بوون لەباری شێوەکار و سیاسی و فیکرییەوە. واتە شەفافیەت دان بە بیر و بۆچوونەکەتان لەگەڵ ئەوەداکە لەو سەردەمەدا حیزبی "تودە" هەبووە و ماهییەتی ئەو حیزبە بۆ ئێوە دەرکەوتووە. ڕێبازی چریکی بۆ ئێوە قابلی قبووڵ نەبووە. حیزبی دێموکراتتان قبووڵ نەبووە، ئەکرێت بڵێین ئەو دەورە دەوری

شەفافیەت بووە بۆ ئێوە؟

**کاک ساعد:** ناچار بووین ئەو شەفافیەتە وەرگرین لەبەر ئەوە ئێمە لە دەورەیەکی گواستنەوەوە تێپەڕمان ئەکرد. بەڵێ ئێمە لە ساڵ ١٣٤٨ تا ١٣٥٣ (١٩٧٤-١٩٦٩)، تەسەورم ئەوەیە کە ئەو قسە دروستە کە ئێمە تێکۆشاین و کارمان کرد کە خۆمان شەفاف کەینەوە. باسی زۆرمان بوو لە سەر مەسەلەی چین و شۆرەوی. شۆڕشی چین بە نەتیجە گەیشتبوو لە ساڵی ١٩٤٩ کە بیست ساڵ بوو، چین وردە وردە بەرەو دونیایەکی تازە هاتبوو. یورۆ کومونیسم پەیدا ببوو. دواجار، ئەحزابی کۆمونیستی گەورە گەورە لە ئورووپا دروست ببوون. بەڵگە بۆ ئەو قسەی تۆ مەلەکە، ئەمەیە کە ئێمە ساڵی ١٣٤٩ کۆبوونەوەی گەورەمان کرد. گۆڤارێک بوو بەناوی " تودە" کە سازمانی ئینقلابی حیزبی تودە چاپیان ئەکرد. کەسانێک بوون کە لە حیزب تودە جیا ببوونەوە و شتی تازەیان مەترەح کردبوو و خەتی چینیان تەعقیب ئەکرد. بێجگە لەوە مەسایلیتریش لە کوردستان هەبوون. سەرەڕای ئەوانە وەزعی ئێران و دونیا و هەروەها ساڵ ١٩٦١ شۆڕشێک لە کوردستانی عێراق دەستی پێکرد و حەوت هەشت ساڵ بوو ئەو شۆڕشە ئیدامەی بوو. ئەوەی کە ئیشارەمان پێکرد ئەو "جنایت دیگر علیە خلق کرد" ئەوە حاسڵی فیکرێکە هاتووەتە دەرەوە. ئەم سێ چوار ساڵە ئەتوانم بڵێم کە شەفافتر بووینەوە حەتتا لە خەباتی دەرونی خۆماندا. ئاگادارن کە ئێمە لەو سەردەمە دا تووشی وەزعێک بووین کە چەند نەفەرێک لە هاوڕێیانی ئەو وەختە بێجگە لە دەستەی ئەوەڵ کە نەهاتن لەگەڵمان. کەسانێک هاتنە ناو بەحسەکانی تەشکیلاتەکە، بوون بە ئەندامی تەشکیلاتەکە بەڵام لە گێژاوێکدا خۆیان جیا کردەوە. زیاتر بە بۆچوون خۆیان جیا کردەوە. ئەوانیش شەرافەتمەندانە ژیانیان کرد لە دوایدا هەر پێوەست بوونەوە بە کۆمەڵەوە. ئەم دەورانە هاوکاتە لەگەڵ جەهەتگیریمان بەرەو جەماوەری خەڵک. لە هەمان کاتدا خەریکی خەباتی ئیدئولۆژی لە ناو خۆماندا بووین کە بوو بەوە کە ژمارەیەک مانەوە و کەسانێک نەمانەوە.

**مەلەکە:** ئەگەر خۆت بەباشی بزانی تۆزێک روونتر باسی ئەوانە بکەیت. ئێمە قسەمان کردوە لەگەڵ کەسانیتر ئەوان باسی کەسەکان ئەکەن و ئەڵێن بۆچوونی واهەبوو کەسێک تەسمیمی ئەگرت لەگەڵ نەبێت. باسی ئەو کێشمەکێشە

دەرونیانە بکە تا پێش ساڵی ١٣٥٣ و دەستگیری ژمارەیەک لە هاورێیان.

**کاک ساعد:** لەو ماوەدا ئەو شتانە ڕوویدا لەناو ئێمەدا. بەرەوڕوو ئەبوین لە گەڵ کۆمەڵێک مەسایل کە بریتی بوو لە ژیانی شەخسی خۆمان؛ نەدەکرا من موهەندسێک بم و مانگانە هەزاران تمەنی ئەو زەمانە بێتە دەستم بەڵام رەفێقەکەم کە کرێکارە جۆرێکیتر ژیان بکات و من دەربەست نەبم. لە هەمان کاتدا ئێمە بەرەوڕوو بووین لەگەڵ پۆلیسێکی دڕندەو ڕژیمێکی دیکتاتۆر. یەک دووانێک لە هاورێکانمان زیندانی کران بۆ ئەوەڵ جار، کاک موسلیح لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بوو دەستگیرکرا؛ شەرایتێکی بۆ پێشهات کە هاتە دەرەوە خۆی تووشی وەزعییەتێکی تایبەتی بوو. من خۆم زیندانی ئەو دەورانە نەبووم بەڵام فەقەت ئەتوانم تەسەوری بکەم کە چەندە ئەتوانێت سەخت بێت.

کاک فاتێحیش بێگومان یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەم تەشکیلاتە بوو و رۆڵی موسبەتی بوو لە پێکهاتنیدا. مەجمووعەیەک نەزەراتی پەیدا کرد چون ئەو زۆرتر جەنبەی نەزەری قەزیەکە بوو، کە لەگەڵ بیر و بۆچوونی ئەو وەختەی ئەو جەمعە نەدەگونجا. بێجگە لەوە نووسراوەیەکی کاک فاتێح بوو، ناوی " آنک سپیده دمید" بوو. دیار بوو ساواک فشاری بۆ هێنابوو تەبعەن بەدڵی خۆی نەبووە ئەو کارە، بەڵام زۆر کەسیش بوون کە ساواک فشاری هێنا بۆیان و هەر مقاومەتیان کرد. ئەگەر لەژێر فشاردا بوو، ئەیتوانی خەبەر بدات بە رەفێقەکان بڵێت من مەجبوور کراوم بەوە شتێک بنووسم هاوڕێیانی ئێمەیش دڵنیام کە ئەوندە واقیعبین بوون کە ڕێنوێنی بکەن یان بەهەر حاڵ مانعی ئەو کارە بن، یا هەر شتێکیتر. تۆ مەترەحی نەکەیت لەگەڵ هاوڕێکانتدا ئەمە خۆی موشکیل دروس ئەکات. بڕیاردرا کە ئیتر ناتوانین لەگەڵی بمێنین و پیشنهادم کرد کە بیخەینە لاوە. وتمان کە ئێمە ئیتر فەعالیەتی سیاسی ناکەین و لە نەتیجەدا پەیوەندی خۆمان لەگەڵ ئەودا بڕی.

کاک فوئاد لە کۆبوونەوەکەی ڕێبەندانی ساڵی١٣٤٩دا ئەو نووسراوە لە گیرفانیدا بوو بەڵام نیشان ئێمەی نەدا. بۆ ئەوە تەسمیمی ئاوا گرتبوو کە هاوڕێیان بۆ خۆیان قانع بن بەوە کە ئەمە بۆچوونێکی سیاسی لە پشتەوەیە. کاک فوئاد سێ مانگ دوای ئەوە نیشانی منیدا. بۆ ئەوە من لەم دوو سێ مانگەدا ئەوەندە گوزارش و شت ببیستمەوە کە بەو نەتیجە بگەم. ئەگەر هەر من بە نەتیجە نەگەییم هەر وەک بەشێک لە رەفیقەکان بەو نەتیجە نەگەیین، ئەلێت ئەمەیش

مەدرەکێکە بۆ ئەمە چی ئەڵێیت؟ ئەمە قەزیەکەی حەل کرد.
دوای ئەوە کە کاک موسلیح لە زیندان ئازاد بوو و چۆنیەتی هەڵوێستی ئەو لە زیندان و ئەوانە ڕۆشنتر بووەوە. بەو نەتیجە گەیشتین کە کاک موسلیح ناتوانێت لەگەڵ ئەو جەمعەدا فەعالییەت بکات. دوای ئەویش کەسانێک بوون کە بە دەرجەیەک ئەو خەتەی ئەوانیان گرتە بەر، تەبعەن دیفاعیان لە ئەوان کرد لە بەرامبەر ئەو خەتەوە کە کاک فوئاد ڕەهبەری ئەکرد. لە ناو ئەوانە دا یادی بەخێر کاک عەتای ڕۆستەمی بوو. دوای ئەوە پەیوەندی تەشکیلاتی خۆمان لەگەڵ ئەوان بڕی.
کاک فوئاد کە تازە هاتبووە سنە خۆمان ئاشکرا نەکردبوو بەڵام ئەو بە نهێنی هاتووچووی ماڵ منی ئەکردو یەکترمان ئەدیت. ئەو ڕۆژە، واتە ١٣٥٣/٧/٢٨ کە گیرا[١٩٧٤/١٠/٢٠] قەرارێکمان دانابوو یەکتر ببینین. دوای ئەوە کە دەستگیرکرا ئیتر نەمدیەوە.

**مەلەکە:** چۆن بوو لە پڕێکدا جەماعتێکی زۆر لە هاوڕێیانی کۆمەڵە گیران؟
**کاک ساعد:** تێوەگلانەکە لە لایەن خۆمانەوە نەبوو، بەڵکوو لە دەرەوەی ئێمە بوو. من تەنیا شت کە پاراستمی ئەوە بوو کەم تێکەڵاوی ڕەوشنفیکران ئەبووم زۆرتر تێکەڵاوی خەڵکێک ئەبووم کە لە ریزی وەزیفەکانم بوو . کرێکار و زەحمەتکێش وایاندەزانی من خەریکی کاری خۆم و موهەندسی کردنم. کەسێک نووسراوەیەکی لێ دەرئەکەوت، دەیان کەسیتریان پێوە ئەگرت. شوعەیب ئەو وەختە لە زینداندا بوو، ئیرەج فەرزاد دوو جار گیرا. فاتێح و موسلیح، سیدبرایم، حوسەینی مورادبەیگی، حەمە حوسەین و مەجمووعەیەک گیران و هەر کامەیان بۆ ماوەیەک لە زیندان دا بوون. تەنیا من و کاک سەدیق ماینەوە.

**مەلەکە:** چۆن زانیت کاک فوئاد گیراوە ئەو ڕۆژە؟
**کاک ساعد:** نەهاتە سەر قەرارەکە. پێموایە کاک سەدیق ئاگاداری کردم کە کاک فوئاد گیراوە. پێشتر ئێمە خۆمان ئامادە کردبوو بۆ شاردنەوەی شتەکانمان. ماڵەکەی من میچەکەی پڕ بوو لە نووسراوە بەڵام جۆرێک دامدەنا هیچ کەس پێیەئەزانی. نووسراوەکانم بە دەزوویەکەوە ئەبەستەوە ئەمخستە ناو سەقفەکە. هەر وەخت لازم بۆایە ئەمکێشا و دەستم بە شتەکان ئەگەیشت.

**مەلەکە:** کاتێک ئەوان گیران هیچ پەیوەندییەک هەبوو لە نێوان دەرەوە و ناوی زیندان دا؟ ئەگەر بوو چۆن بوو؟
**کاک ساعد:** یەک دوو ساڵی هەوەڵ نەبوو بەڵام دواتر هەبوو. من و کاک سەدیق کەمانگەر و کاک جەمیل زەکەریایی پێکەوە سێ بە سێ فەعالییەتی خۆمان ئەکرد. مەسەلەن بەینی ئێمە و موکریان پەیوەندییەک بەرقەرار بوو. ڕۆژێک کەسێک هاتەماڵی ئێمە، ئەو کەسە کاک حەمە حوسەین بوو؛ ئاشنا بووین بەڵام ئەوە هەوەڵ جار بوو یەکترمان ئەدیت. ئەمزانی هاوڕێیەکمان هەیە لە سەقز و ناوە نەهێنیەکەی "ئەیزەن" بوو. من ئەوم نەئەناسی بەڵام ئەوان ئەوندە گوزارشیان سەبارەت بە من بیستبوو. ئەو منی ئەناسی.

**مەلەکە:** ئەو دەورانە کاک فوئاد لە زیندان دا بوو ئێوە توانیتان پەیوەندیتان هەبێت؟
**کاک ساعد:** سەرەتا نەمانتوانی، بەڵام وردە وردە لەڕێگای براکانتەوە و کاک جەمیل زەکەریاییەوە پەیوەندیمان هەبوو، ئەو وەختە کاک شوعەیب لە زیندان بوو. کاتێک کاک فوئاد هاتەوە سنە پەیوەندییەکەمان زۆر نزیک بوو، بەڵام پێش ئەوە زۆر مەحدود بوو. شەهید ئەمین زۆرتر هاتووچووی ئەکرد. ئەو خەبەری سڵامەتی و ئەگەر سفارشێک، بەحسێک بوایە، ئەیگەیاند. ئەوان ئەیاننارد بۆ ئێمە و ئێمە بۆ ئەوان.

**مەلەکە:** دوای ئازاد بوونی کاک فوئاد لە زیندان، چۆن یەکتریتان بینیەوە؟ بەسەرهاتی شەهید خانە "سەعید موعینی" و سەفەرەکی باسمان بۆ بکە.
**کاک ساعد:** ئەوەی کە مەربووت بە شەهید خانە بێت وەکوو تەسمیمی گشتی نەبوو یانێ وەکوو ماموریت نەبوو. چوونی شەهید خانە لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا بوو. لە مەهاباد دا ئەو خانەوادە بەناوبانگ بوون. شەهید سولەیمان و شەهید عەبدوڵڵا موعینی لەوان بوون. کاک سەعید هەژدە مانگ لە زینداندا بوو، کە ئازاد کرا ماوەیەک لە دەرەوە بوو بەڵام ساواک وازی لێنەهاورد. وەک ئێستا چۆن ئیتلاعات بەردەوام خەڵک بانگ ئەکەن و ئەزیەت ئەکەن ساواکیش وابوون. هاوڕێیانی موکریان تەشخیسی ئەوەیان دابوو کە شەهید خانە بچێتە ناو پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی. دلیلەکەیان ئەوە بوو کە لەوێ ئەمنییەتی گیانی

ئەبێت. وردەکارییەکانی نازانم بەڵام ئەو جۆرەی کە پێویست بێت بۆ پاراستنی ئەو کار نەکرا بوو کە بیناسێنن ئەمە کێیە؟ ئەمە لە چ خانەوادەیەکە؟ شەهید خانە خۆیشی بەو نەتیجە گەیشتبوو کە لەوێ ناتوانێت بمێنێتەوە. تەبعەن بە تەوافقی هەموو لایەک چوو لە واقێعدا وەک شوێنێکی هێمن کە بمێنێتەوە بۆ دوا ڕۆژ. لە ڕۆژی ٣١ خورداد (١٩٧٨/٦/٢١) لەوێ لە شەڕێکدا شەهید بوو. من کەسێکم دیت کە لەگەڵی دا بوو زۆر تاریفی ئەکرد زۆر بە ئینسانێکی باشی ئەزانی، ئەیگوت لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بووین بە ڕەفێق. شەهید بوونی خانە وەکوو یەکەم کەس کە لە تەشکیلاتی ئەو وەختەی کۆمەڵە دا گیانی لە دەستدا، تەئسیری زۆری دانا لە سەر هەمووومان. من نەمدیبوو بەڵام پەیوەندی عاتفیم بوو بۆی.

بە شەهید بوونی ئەو ئیتر بەحسێک کرابوو لە مەنتەقەی موکریان هاوڕێیان پێشنیاریان کرد با جێگاکەی خاڵی نەبێت یەکێک بڕوات. من داوتەڵەب بووم و هاوڕێیانیش تەئیدیان کرد.

**مەلەکە:** هەر هاوڕێیانی دەرەوە پیانباشبوو یا هاوڕێیانی ناو زیندانیش؟

**کاک ساعد:** ئەوانیش کە لە زینداندا بوون بەشداری ئەو بەحس و بڕیاردانە بوون. لە ساڵی ١٣٥٧[١٩٧٨] فەزا هەندێ کراوە. چوونی منیان بە کاک فوئاد گوزارش دابوو؛ نەک لە جەهەت موخالفەت دا، وتبووی ئایا من کارێکی ترم پێناکرێت؟ چونکوو کۆمەڵێک کار بوو من ئەمکرد.

**ڕەزا:** ئەکرێت بڵێین بە نەوعێک موخالیف بووە.

**کاک ساعد:** ناتوانم بڵێم موخالیف بووە، بەڵام پرسیارێکی مەترەح کردبوو. پرسیارەکەشی مەنتیقیە. ئایا مەسەلەن من کارێکی ترم نیە؟ ئایا کەسێکتر هەیە ئەو کارانە بکات؟ من لەسەر بڕیارەکە چووم و چەند مانگێک لەوێ بووم. لەو فاسڵەدا کە قەرار بوو من بچم ڕۆژێک کەسێکیان بە من ناساند کە ئەم کەسەش دێ بۆ ئەوێ، ئەویش یادی بە خێر هەزار جار دوکتور جەعفەر شەفیعی بوو. من بۆ یەکەم جار چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی حەرەکەت بکەین لە سنە لەگەڵی ئاشنا بووم. بردم بۆ ماڵ شەهید حەمید فەرشچی داوام لێ کرد وتم ماڵێکمان ئەوێ کەسێکی تیا بێت کە کەس هاتوچووی نەکات. دیارە دوکتور جەعفەر شار

سنەی ئەناسی و هاتوچووی کردبوو و زۆر کەسی ئەناسی، بەڵام نەمانەویست ئاشکرا بێت. جار و بار ئەچووین سەرمان لێ ئەدا و حەمید بە دەمیەوە بوو بۆ هەموو شتێک. دوایە پێکەوە حەرەکەتمان کرد چووینە کوردستانی عێراق و لەوێوە چووینە قەندیل و پێشمەرگایەتیمان کرد. کارمان کرد و فەعالییەتمان کرد و ئەوەی لە دەستمان هات ئەنجامان دا. لەو فاسڵە دا چەند کەسێک هاتن سەردانی من و دوکتور جەعفەریان کرد، یەکێکیان حوسەین موراد بەیگی (حەمە سوور) بوو هاتبووە سوئێد. لە سوئێدوە گەڕاوە هاتە لای ئێمە و لەوێوە گەڕاوە بۆ ئێران و مەخفی بوو. ئەوە بڕیار بوو کە ئێمە مەخفی بینەوە؛ مەخفی بوونەوەکەی من ئاوای لە هات. لەو بەینەدا کاک ئیبرایم عەلیزادە هات کە من هەر نەمەناسی پێشتر ئەمزانی ڕەفیقێکمان هەیە لە مەهاباد پەیوەندی تەلەفوونیمان بوو بەڵام یەکترمان نەئەدیت. وەک خاترەیەک باسی بکەم ئێمە بە تەلەفوون پەیوەندیمان بوو پێکەوە قسەمان ئەکرد، گوزارش و هەموو شتێک بوو. کاک سەید برایم دوکانێکی دانا؛ سەرمایەی دووکانەکەی هاوڕێیانی لای ئێمە بۆیان دابین کردبوو. ڕۆژێک چووم بۆ مەهاباد هێشتا نەمدەزانی ئەمە کێیە لە شوێنێکەوە نووسیبووی "دەفتەر یا شیرکەت ئیبراهیم عەلیزادە". پاساژێک بوو، دواجار کە پرسیم بەڵێ خۆی بوو. هات بۆ دیتنی ئێمە بۆلای یەکێتی.

لەو ماوە دا مەسەلەی ئازاد بوونی ڕەفێقەکان لە زیندان زۆر مەترەح بوو. ئەو داستانەیش کە مام جەلال باسی ئەکات ئەوە ڕاستە کە من وەختی خۆی زۆر عەلاقەمەند بووم بە چارەنووسی کاک شوعەیب و کاک فوئاد. کاک شوعەیبم وەک ڕەفێقی تەشکیلاتی نەئەناسی بەڵام وەک نەفەر ئەمناسی زۆر بە ناو بانگ بوو.

ئەوان کە لە زیندان ئازاد بوون بە ئیبتکاری کاک فوئاد بڕیاریاندا لە دەوری یەک کۆببینەوە، بزانین چیمان کردوە؟ دەورێکیتر قسە بکەین و خۆمان سازمان بدەین. سفارشیان نارد بۆ من هاتمەوە. ئەوەی کە بیستم و کاک فوئادخۆیشی دواجار باسی کرد، کاتێک ئەو لە زیندان بوو و من لە دەرەوە بووم. شتێکی زۆر بۆ موهیم بوو کە من دەستم لە ژیانی عادی خۆم هەڵگرتبوو. لە سنە وتبووم "ئەچم بۆ سوئێد". ئەمە زۆر تەئسیری کردبووە سەر کاک فوئاد.

ئازەر مانگی (سەرماوەز) ساڵی ۱۳۵۷ (نۆڤامبری ۱۹۷۸) لە قەندیل هاتمە خوارەوە، هاتمە نەغەدە لە ماڵی کاک موحسن ڕەحیمی بووم. ئەوەندەمزانی

کاک فوئاد لە ژوورێکەوە هاتە دەر؛ کە منی دی دەستی کرد بە گریان ئەو لەحزەیە قەت لە بیر نابەمەوە. باوەشمان بە یەکتریدا کرد. ئەوە یەکەم جار بوو دوای زیندان ئەمبینی. ئەو ئێحساسە کە دەریبڕی زۆر کاری تێکردم. بۆ من موهیم بوو ئەو شتەی کە ئەیکەم ئەو تەئیدی بکات. کاک فوئادم پێ ئینسانێک بوو کە لە ناو هەمووماندا بێجگە لەوە کە سەر و گەردنێک باڵاتر بوو زۆر جێگای ئێعتماد بوو؛ تۆ ئەتزانی کە لەگەڵی بیت هەنگاوی دواتر چییە. هیچ شتێکی نەبوو لێت بشارێتەوە، هیچ شتێکی شەخسی نەبوو لەگەڵ کەسێک دا، ئێحساست نەئەکرد ئەو بۆ مەقام و مەنزەڵەت ئەیکا. زۆر جار وتوومە زۆر شانازی ئەکەم بەوە شاگردێکی بەر دەستی بووبم. لە نەغەدە ماوەی تەقریبەن شازدە حەڤدە ڕۆژ کۆبوونەومان کرد و لەسەر هەموو شتێک بە وردی قسەمان کرد. صورتجلسات [کۆنووس یان ڕاپۆرتی قسەوباسەکان] کۆنگرەی یەکی کۆمەڵە هەیە لە هەموو شتێکەوە قسەمان کرد؛ لە ژیانی خوسووسی خۆمانەوە، چارەنووسی ئەو جەمعەوە کە ناومان نابوو تەشکیلات. دوو بە دوو قسەمان ئەکرد بە جەمعی قسەمان ئەکرد. ئێحساسم ئەکرد کە کاک فوئادیش بێجگە لەوە لوتفی بوو، ئەتوانم ئەو ئیدیعا بکەم کە ئێعتمادی پێمبوو.

زۆر جار بانگی ئەکردم و ئەیگوت ئەو کارە بکەین. دوو نموونەتان بۆ باس ئەکەم دوای ئەوە کۆنگەری یەک تەواو بوو. جارێکیان ببوو بە پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران و تەلەفوونی کرد وتی یەکێکتان بێن بۆ مەریوان. منیش وتم من حازرم وتی باشە بێ. بە بێ ئەوەی بزانم بۆ چیمی ئەوێت. وتی با تەنیا نەبم لێرە لە بڕیارداندا. کاک فوئاد بەو زیرەکییەوە کە بووی هەمیشە بیری لەوە ئەکردەوە کە کەسێک لە پاڵدەستیەوە بێت پێکەوە تەسمیم بگرن. بۆ خۆتان ئەزانن یەکیەتی جووتیاران کە دروس بوو ئیختلاف بۆچوونمان بوو لە سەر ئەوانە بەڵام ئەو بە منی وت بێ پێکەوە قسە بکەین و منیش چووم بۆ مەریوان. جارێکیتر ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵی ١٣٥٨ [١٩٧٩/٨/١٩] لە سەقزەوە تەلەفوونی کرد وتی بۆ خۆت بێ و کاک ئیرەج فەرزاد لە ناو شاردا بمێنێتەوە. منیش بە بێ چوون و چەرا ڕۆیشتم. ئەوندە باوەڕم پێبوو خۆ ئەوە نەبوو بڵێم منت بۆ چی ئەوێت، بەرنامەکەت چییە؟ ئەمزانی کاک فوئاد بۆ کوێ ئەچێت و خەریکی چییە. بۆ زۆرێک لە کادرەکانی کۆمەڵە وابوو.

کەسانێکیش کە زۆر موخالفیان بوو، قینی شەخسی نەبوو. ئەگەر ئینتقادی

بوو، یان دوو دڵ بوو لە کەس یا کەسانێک، ئەوە موهیم بوو دەخاڵەتی نەئەدا لە کارە سیاسیەکەدا. چونکوو هونەرەکەی ئەوە بوو بە تایبەت لە کۆنگرەی یەکەمدا کە دانیشتین بوو بە مێحوەر؛ جێگایەکی گرتبوو کە هەموو کەس لایان ئەکردەوە بزانن فوئاد ئەڵێت چی.

تازە هاتبوومە خوارەوە لە قەندیل، من بە کوردی ئەمنووسی حەزم ئەکرد بە کوردی بنووسم، زۆر حەزی لەوە بوو. زۆرجار لەو یازدە مانگە دا کە ئێمە پێکەوە سەفەرمان ئەکرد بۆ لای مام جەلال، سەفەرمان کرد بۆ لای کاربەدەستانی یەکیەتی و زۆر تەئسیری دادەنا لە سەریان. ئەو وەختێک باسی مەسەلەی کوردی ئەکرد یا مەسەلەی چینی کرێکار و یا هەر شتێکی‌تر، ئەچووە ناو بابەتەکەوە، ئێحساست ئەکرد لەگەڵ کەسێک قسەدەکەی کە قەزیەکە هی خۆیەتی و لە کەنارەو بەرخوردی پێناکات.

**مەلەکە:** ئێوە کەی چوون بۆ لای یەکێتی نیشتمانی؟

**کاک ساعد:** کاک فوئاد تازە لە زیندان هاتبووە دەرەوە دوای قیام لە بیرمە کە چووین بۆ لای مام جەلال ڕەنگە ئاخر و ئۆخری بەهاری ۱۳۵۸ بووبێت. من و کاک فوئاد و کاک عەبدوڵڵا پێکەوە چووین. کاک فوئاد زۆر زیرەکانە بەرخوردی کرد زۆر زیرەک بوو لە کۆبوونەوەیەکدا لە بیرم نیە ئەوان کێ و کێ بوون بەڵام ئێمە ئەو سێ نەفەرە بووین لەگەڵ مام جەلال لە سەر هەلومەرجی کوردستان باسمان ئەکرد. کاک فوئاد وتی بە مام جەلال بۆ شتێک نەنووسین و هەر دوو لامان ئیمزای بکەین لە سەر ئایندەی کوردستان. ئەوە یەکەم جار بوو شتی‌وا مەترەح دەبوو.

مام جەلال پێشتر منی ئەناسی و کاک عەبدوڵڵای بە بۆنەی کاک سەلاحی برایەوە ئەناسی بەڵام کاک فوئادی بۆ هەوەڵ جار ئەدیت و ناویشمان نابوو کاک عەلی. کە هاتینە دەرەوە مام جەلال وتی ئەم کاک عەلییە زۆر بلیمەتە نەشیزانی کە ئەمە کاک فوئادی مستەفا سوڵتانی یە. کاتێک کە کاک فوئاد شەهید بوو پێمان وت زانی ئەوە کاک فوئاد بوو. زۆرجار بە منی وتووە سوڵتانی زۆر زیرەک و بلیمەت بوو، ئەگەر ئەو بمایە کۆمەڵە چارەنووسێکیتری پەیدا ئەکرد.

**مەلەکە:** لە نێوان پاییزی ساڵی ۱۳۵۷ کە کۆنگرەی یەک گیرا تا نەورۆزی ۱۳۵۸

ئەو ماوە هاوکاتە لەگەڵ ڕاپەڕین لە ئێران و کەش و هەوایەکی دیموکراتیک لە ئێران و کوردستان ، هاوکاتە لەگەڵ پێکهێنانی ڕێکخراوە دیموکراتیکەکان تا نەورۆزی خوێناوی سنە (١٣٥٨ یان ١٩٧٩)، کاری هاوبەش وبیرەوەریەکانی خۆت چیە؟

**کاک ساعد:** ئەو ماوە زۆر پێکەوە بووین، زۆر هاتووچوومان بوو، لە زۆر شتدا پێکەوە بڕیارمان ئەدا. پێمخۆشە شتێک باس بکەم قەیناکا بەرەو دوواوە بێت. پێش ئەوەی بیگرن، زۆرجار ئەهات بۆ لای من ئەیوت هاتووم بۆ شتێک منیش ئەمزانی بۆ چی هاتووە. ئەهات بۆ پووڵ مەسەلەن کاری تەشکیلاتی بوو و یا ڕەفێقێک ئیحتیاجی بوو یا شتێک.

لە دوای ڕاپەڕین ئێمە پێنج کەس بووین بە کۆمیتەی ئیجرایی تەشکیلات کاک فوئاد، کاک موحسنی ڕەحیمی، کاک سەید ئیبرایم عەلیزادە، کاک عەبدوڵڵا وخۆم.

کۆنگرەی یەک زۆر شتی تێا بوو ئەو بەحسانەی کە کردمان هاوکات بوو لەگەڵ دەورانی پێش ئینقلاب و لە ئێراندا ڕۆژانە زۆر ئاڵوگۆر ڕووی ئەدا. بە ڕێنوێنی و لێزانی کاک فوئاد هیچ وەخت لە بیرمان نەئەچوو کە لە دەرەوە چی خەریکە ڕووئەدات و نابێت ئێمە هەر خەریکی کاری کۆنگرەی خۆمان بین. من لە بیرمە لە چەند مەوریددا وەک تووتنەوانەکانی بانە، ئەو حادیسەی بێلوو، هاتنی بەختیار [شاپور بختیار دوایین سەرەکوەزیری شا]، کە ئەیزانی ماجەرایەکی ئاوا ڕوویداوە خێرا جەلەسەکەمان تەعتیل ئەکرد و کۆمەڵێک کاری سیاسی وەک نووسینی ئیتلاعیە و بڕیاردان و کارکردن لە سەر ئەوانە ئەخرایە بەردەست. لە بیرمە کاک فوئاد شێوەکارێکی بوو زۆر جالب بوو ئێستایش هەر خاترەکەی لە بیرمدا ماوە. کاتی نووسینی ڕاگەیاندن مەسەلەن لە کۆنگرەی یەکی کۆمەڵە دە نەفەر بووین، ئەمانزانی ئاخرەکەی ئەشێ هەر ئەو بینووسێت بەڵام هیچ وەخت ئەو وا بەرخوردی نەئەکرد. ئەیوت هەرکەس هەرچییەکی بە فیکر ئەگا بینووسێت. ئێمەیش هەمووەمان شتێکمان ئەنووسی کۆی ئەکردەوە و ئەیکردبە نووسراوەیەک. هەر کەسێک کە لەوێ بوو ڕۆڵی خۆی تێا ئەدیت. ئەوە زۆر موهیم بوو فێر ئەبووین بنووسین و ئەو نەوعە کارانە بکەین.

ئەو ڕەخنانەی کە بووی چ لە ڕابردووی هاوڕێیان، چ لە دەورانی زیندان، چ لە دوای زیندان و چاوەڕووانییەکانی زۆر سەریح و سەمیمانە بوو. ئێمە دەورانی

گواستنەوەمان تێدەپەڕاند و دوایەش خۆ تەجرەبە نیشانیدا دوای شەش مانگ لە ڕاگەیاندنی " خلق کرد در بوته آزمایش" [گەلی کورد لە بواری تاقیکردنەوەدا]، ساڵێک دوای ئەوە نیشانیدا کە ئێمە جیددی بووین بەرانبەر بە چارەنووسی کۆمەڵگا.

**مەلەکە:** لە مەهاباد لە قسەوباسەکانیدا کاک فوئاد لە بەشی پرسیار و جوابدا باسی ئەوە ئەکات کە جەماعتێک گیراون و لە زینداندا بوون و جەماعتێکیش لە دەرەوە بوون. ئەڵێ ئەوانەی دەرەوە هێندێکیان زۆر هەڵسووڕاو بوون و کاری خۆیانیان کردووە مەعلوومە مەبەستی چ کەسانێکە. بەڵام باسی نەوعێک لە ڕووخان و ئەو شتانە ئەکات لە ژمارەیەک لە ڕەفێقەکاندا. حەتتا ئەڵێ شتێکیان وتووە بە قسە و بە شیعار، بەڵام بە کردەوە نەچوون بە شوێنیدا ئەوە لە کۆنگرەی یەکدا چ ڕەنگدانەوەیەکی بوو؟

**کاک ساعد:** لە کۆنگرەی یەکدا هەموو کەس ئینتقادی لە خۆی کرد و کەوتەبەر ئینتقادی یەک یەکی ئەو کەسانەی کە لەوێبوون. هەموو کەس ئەیزانی کە ئیشتباهی کردووە، کەمتەرخەمی کردووە. کاک فوئاد زۆر جار کەلیمەی ئینحیتات بەکار ئەبات لە زۆر جێگادا. مەبەستی ڕووخانی فیکرییە، یانی لە ئامانجێک کە بوویەتی لایداوە. لە ئەساسی مەسەلەکە دا بۆ ئەوە بووە کە ئێمە دەورانێکمان لە سەر گوزراندبووە و ژمارەیەک لە ڕەفیقەکان لە زینداندا بوون. لە ناو زیندانیش تووشی ئیختلاف نەزەر ببوون؛ لە دەرەوەیش بوو. ئەم ئیختلاف بۆچوونانە ریشەی بوو. ناکرێت تۆ ئیدعایەک بکەیت و بەڵام خەریکی شتێکیتر بێت کە ڕەبتی نەبێت بە ئامانجەکەتەوە. ئەگەر کەسێک سووک دەستی ئەدایە، ئەوە لە باری فیکریەوە دەبێ ڕیشەی بووبێت. ئێمە قەرارمان دابوو حیرفەیی بین بەڵام هیچکامان تەقریبەن حیرفەیی نەبووینەوە. هەر یەکە و هۆکارێکی بوو.

**ڕەزا:** وانیە. بۆ خۆت و کاک حەمە حوسەین و ژمارەیەکیتر حیرفەیی[پرۆفێشناڵ] بوون.

**مەلەکە:** نەورۆزی خوێناوی سنە ڕووداوێکی تازە بوو لە کوردستان. دەوڵەت بە هەموو شێوەیەک هجوومی هێنا و خەڵک مقاومەتیان کرد و نوێنەرانی دەوڵەت

مەجبوور بوون بێنە کوردستان و گفتوگۆ بکەن. کۆمەڵە ڕۆڵی زۆر بەرچاوی بوو، کاک سەدیق کەمانگەر وتووێژی تەلەڤیزیۆنی کرد، ئەو دەورە کاک فوئاد لە سنە بوو چیت لە بیرە؟

**کاک ساعد:** لە سەروبەندی نەورۆزی خوێناویدا کاک فوئاد لە سنە بوو ئێمە هەمیشە لە کۆبوونەوەکاندا پێکەوە بووین. چەند جارێکم زۆر بە باشی لە بیرە کە لەگەڵ کاک فوئاد و سەعید یەزدیان کۆبوونەوەمان بوو و لە سەر چەند شتێک بڕیارمان ئەدا، قسەمان ئەکرد و ڕاگەیاندن ئەنووسرا؛ لە سەر مەسائیلێک کە لە ئێران یا کوردستاندا ڕووی ئەدا ئەنووسران لە هەموو کوردستان و زۆر شاری گەورەی ئێران وەک تاران و تەورێز بڵاوئەبوونەوە. بۆ نموونە بڵاکراوەیەکمان لە سەر بەرخوردگەلێک لە نێوان چەپ و ڕاست، چەپ و مەزهەبی لە سنە پێش ئەهات کە پێیان ئەوت موفتیزادەیی و کۆمونیستەکان بوو.

ماوەیەکی لە بۆکان بووین پێکەوە. ڕۆژی ٢٦ ی بەهمەن[ڕێبەندان] کە کاک حەمە حوسەین کەریمی شەهید بوو ئێمە لە بۆکان کۆبوونەوەمان بوو. لەوێ ماڵێکی نهێنیمان بوو لەو ماڵەی خۆماندا لە سەر مەسایلی مەربووت بە هەموو کوردستان کۆبوونەوەمان بوو و بەیاننامەمان ئەنووسی. لە سەر ناودانان بۆ کۆمەڵە " کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" زۆر قسەمان لێکرد و هاوفیکر بووین. دانە دانەی ئەو کەلیماتە چۆن هەڵبژێردران.

لە نەورۆز دا کاک فوئاد لە سنە بوو کە شەڕەکە دەستی پێکرد، کاک عەبدوڵڵا موهتەدی و جەمعێکیتر لە هاوڕێیان کە لە شوێنەکانیترەوە هاتبوون لەوێ بوون. ئێمە چووین بۆ بەر ستادی ئەرتەش. من ئەوەڵین کەس بووم کە بە چەکەوە چوومە ناو ستادی ئەرتش لیباسی پێشمەرگانەم لە بەر دا بوو. تازە لە قەندیل هاتبوومەوە کەواوپانتۆڵ، فەرنجی و کلاشینکۆفێەکی زۆر ڕێک و پێکم پێبوو. دواجار ئەو کلاشینکۆفە کاک فوئاد بردی.

کاک فوئاد لە جەرەیانی هەموو ئەو شتانەدا بوو حەتتا ئەوەی کە کاک سەدیق چوو قسە و سوخەنڕانی کرد. پێشتر قسەیان نەکردبوو پێکەوە بەڵام دواجار کاک فوئاد تەئیدی کرد. لە بیرمە کە کاک سەدیق دوای ئەوە کە قسەو باسەکان ئەکات، بە کاک فوئاد ئەڵێت کارێکم کردووە بۆچوونت چیە؟ کاک فوئاد ئەڵێت زۆر کارێکی باشت کردووە.

لە جەرەیانی پادگان دا ئێمە زۆر هەوڵمان دا کە کاک فوئاد نەچێت بۆ ناو

پادگان بەڵام فایدەی نەبوو هەر چوو؛ ئێمەیش چووین. لە بیرمە زۆریشم ئیسرار لە کاک عەبدوڵڵا کرد وتم با هەموومان نەچین و چەند کەسێکمان بمێنێنەوە چونکوو شەڕ بوو شۆخی پێنەدەکرا. ئەویش تاقەتی نەهێنا و هات. هەموومان چووین بۆ ناو پادگان، ئێمەیش چووینە ناو خەڵکەکە. کە هاتینەوە باش لە بیرمە بیستم کە کاک فوئاد دیار نییە بەڵام نەماندەزانی کاک عەبدوڵڵا گیراوە. وەلێ کاتێک کاک فوئاد لە پادگان دێتە دەرەوە، بۆ خۆتان ئەزانن چاوی زەعیف بوو بە لایەکی‌تردا ئەچێت. لە ناو شاردا زۆر گەڕاین بە شوێنیدا، کەس نەیئەزانی لە کوێیە، ئاخری لە ماڵێکدا دییانەوە.
لە مەسایلی شار سنە و شوورای شار بەردەوام لە جەرەیاندا بوو، لە بیرمە شەوانە پێکەوە بەچەکەوە ئەگەڕاین بە ناو شاردا. ئەڵبەتە ئێمە تا ڕادەیەک کاری خۆمانمان سازمان دابوو و خودی مەسئەلەی "جەمعییەت ئازادی و ئینقلاب" و بوونی ژمارەیەک لە ڕەفێقەکانی ڕەهبەری کۆمەڵە لە سنە ئەو تەئسیرەی دانابوو کە کارەکانمان تا ڕادەیەک باش پێش بچێت.

**مەلەکە:** لە هاتنی نوێنەرانی دەوڵەت بۆ سنە چیت لە بیرە؟
**کاک ساعد:** کاک فوئاد ئەو سەردەمە منی وەک مەسئولی نیزامی دانابوو لە جەمعییەت بۆ ئەو کارانە. لەو ماوەدا پێشمەرگایەتیم کردبوو پێ وابوو من زۆری لێ ئەزانم و موناسبترین کەسم بۆ ئەو کارانە. منیش خەریکی ئەو کارانە بووم و هەمیشە چەکدار بووم. جاری وابوو لە جەمعییەتدا ڕێگامیان نەئەدا و ئەیانوت ئەمانە کێن؟ بەڵام کاک فوئاد بانگی کردم. ئەو وەختە هێشتا کاک سەدیق نەببوو بە ئەندامی کۆمەڵە، خەریکی فەعالییەت بوو. کاک سەدیق تەئسیری زۆر بوو. من زۆر جار باسم کردووە کە کاک سەدیق زۆر بوێرانە هەستا و خۆی وەک کۆمەڵە ناساند و کەسیش پێش ئەوە پێی نەگوتبوو؛ جا ئا لەوەدا بوو کە پرسی بە کاک فوئاد کرد و وتی هەستاوم و خۆم وەک کۆمەڵە ناساندووە. کاک فوئاد وتی کارێکی زۆر باشت کردووە. ئیتر لەوێدا کاک فوئاد بە منی گوت ئێستا و لەم موقعیتەدا کە کاک سەدیق هەیەتی، ئەندام بێت یا ئەندام نەبێت، چووتە پێگەیەکی ترەوە ئەبێ هۆشمان پێوە بێ و بیپارێزین؛ من و تۆ بچین و ببین بە نیگابانی. لە بیرمە چووین ئەملا و ئەولای کاک سەدیقمان گرت. بە پا چووین بۆ دانشگای ڕازی. کاک سەدیق و کاک فوئاد چوونە ناو کۆبوونەوەکە.

منیش وەک سەربازێک نیگابانی ئەوانم ئەدا. خولاسە من و حەمە سوور بووین بە نیگابان و کەسانێک ئەهاتن ئێمە بازدیدمان ئەکردن.
ئەو کردەوەی کاک فوئاد هەمیشە لە بیرمدا ماوە لە بەر ئەوە کاک فوئاد بێجگە لە هەر ئینتقادێک کە لە هەموومانی و هەروەها لە کاک سەدیقیش بووی، بەڵام ئەوەی دەخاڵەت نەدا. چونکوو بەرژەوندی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە و خەباتی سیاسی و ئەوانە و چارەنووسی ئەو شۆڕشە بەلایەوە زۆر موهیمتر بوو لەوە کە کێ لە چ شەرایتێکدا چی وتووە و چیکردووە. موهیم ئەوە بوو کە ئەو ساتە من خەریک چ کارێکم کە بۆ شۆڕش ئەیکەم. کاک فوئاد لەو ماوەی یازدە مانگەدا شەو و ڕۆژی نەبوو. زۆر زۆر زەحمەتی کێشا، چ ئەو وەختەی یەکیەتی جووتیاران، چ ئەو وەختەی کە لە نووسینی قەتعنامەی هەشت مادەیی مەهاباد وەکوو نمایەندەی شووړای شاری مەریوان بەشداری کرد و زۆر شتی تر. مەجمووعەیەک کاری کرد کە ئینسان بیری لێ‌ئەکاتەوە بێ وێنەیە.

**مەلەکە:** لە تەدارکی ئازاد بوونی کاک شوعەیب لە زیندان چی؟
**کاک ساعد:** من لە قەندیل بووم بەڵام لە ڕۆژنامەی کەیهان دا خوێندمەوە کە کاک شوعەیب ئازاد بووە. وتم پێیان ئەوە ڕەفیقی منە.
ڕەزا: وەک نموونە کاک ڕەشادم ماڵێکی لە چوارباخدا بوو، لەوێ جەلەسە بوو بۆ تەدارکی ئیستقباڵ لە کاک شوعەیب. منیش لەوێ بووم (دیارە من منداڵ بووم) لەو کۆبوونەوە دا کاک سەدیق، کاک موسلیح، کاک فوئاد، کاک حوسەینی پیرخزری، کاک ئەیوب نەبەوی، کاک ماجید و جەماعتێکی‌تر بوون. نووسراوەیەک نووسرا لە تایلە ماجید خوێندیەوە. لەوێ باسی ئەوە بوو کە کاک موسلیح شێعری "گەشتێک لە کوردستان" بخوێنێتەوە و کەسانێک باسی ئەویان کردبوو ئەو بۆ؟! وەک ئەوە بڵێن ئەو لەگەڵ نییە. بەڵام کاک فوئاد وتی کێ لەو باشترە؛ کاک موسلیح ئەو شێعرە باشەی وتووە دەبێ هەر بۆ خۆی بیخوینێتەوە. بێگومان وایە کاک فوئاد خەسلەتی ئاوا بوو.

**مەلەکە:** ڕۆژی ٢٦ی بەهمەن [ڕێبەندان] و شەهید بوونی کاک حەمە حوسەین چۆن بوو ئەو ڕۆژە بوو بە ڕۆژی کۆمەڵە؟
**کاک ساعد:** پێش ڕاپەڕین واتە ڕۆژی ٢٢ ی بەهمەن ئێمە لە بۆکان کۆبوونەوەمان

بوو. هەر لەو ڕۆژانە دا برایەکی کاک حەمە حوسەین (ڕەئووف کەریمی) لە تاران شەهید بوو. کاتێک خەبەرەکەی بیست، بۆ سەرەخۆشی براکەی گەڕاوە سەقز. بەشداری کردنی کاک حەمە حوسەین لە گرتنی شارەبانی سەقز دا بە بڕیاری لەپێشدا نەبوو. بە داخەوە لە زۆر جێگا ئێمە تووشی ئەو موشکیلە بووین لە ئاکامدا چەندین کەس لە باشترین کادرەکانی خۆمان لە دەس دا. ئێمە چووین بۆ سەقز ببینین بەداخەوە ئێمە گەیشتینە سەقز ئەو گیانی لە دەست دابوو. دوای ئەوە بە بۆنەی گیان لە دەستدانی ئەو کە یەکێک بوو لە کادرە سەرەکییەکانی کۆمەڵە، ناوی کۆمەڵەمان ئاشکرا کرد وتمان "کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" . ئەوەی کە ڕۆژی ٢٦ ی بەهمەن بە ڕۆژی کۆمەڵە دانرا ئەوە باسێکی‌ترە و مەربووت بەمە نییە. ئێمە ئەو وەختە هێشتا پێشمەرگەمان نەبوو. ئەگەر هەڵە نەکەم لە دواییدا من پێشنیارم کرد کە ڕۆژی گیان لە دەستدانی کاک حەمە حوسەین بکرێت بە ڕۆژی کۆمەڵە. دەلیلەکەیشم لە بیرە. دیارە ئێمە زۆر کەسیترمان لە دەستداوە بەڵام ئێمە ئەو ڕۆژە ئێعلام مەوجودیتمان کرد بەو دەلیلە ئەو ڕۆژەمان دانا بە ناو ڕۆژ کۆمەڵە.

**مەلەکە:** وتت کاک فوئاد تەلەفوونی کردووە و وتوویەتی بێ بۆ مەریوان لە سەر یەکیەتی جووتیاران پێکەوە قسە بکەین ئەوە چۆن بوو؟

**کاک ساعد:** دروس بوونی یەکیەتی جووتیاران ئەسڵەن دەستپێشخەری کاک فوئاد بوو. کاک فوئاد زۆر باوەڕی بەوە بوو ئێمە ئەبێ لە بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا دەخاڵەت بکەین. خۆتان ئەزانن خەباتی جووتیاران پێشینەیەکی کۆنی بوو لە مەریوان. کاک فوئاد پێیوابوو ئەو هێزە لە کۆمەڵگادا هەیە دەبێ سازمان بدرێت بەرانبەر بە دەستدرێژی مالیکەکان. دیمان هەوەڵ کەسانێک خۆیان چەکدار کرد ئاغاکان بوون، ئێمە نەبووین. دەرەبەگەکان شورای عەشایریان بوو. کاک فوئادیش ئەم بیرۆکەیەی مەترەح کرد و لە ناو کۆمەڵەدا قەبووڵکرا، بەڵام نەک لە لایەن هەموو کەسێکەوە. بۆچوونێکیش بوو لەبەرامبەردا کە ئەوە کارێکی نادروستە، ئاڵاهەڵگری ئەو بۆچوونە کاک عەبدوڵڵا بوو کە پێیوابوو ئەو کارە کارێکی نادروستە. لە بیرمە من و کاک عەبدوڵڵا چووین بۆ مەریوان کۆبوونەوەمان بوو سێ نەفەری بە دوور و درێژی باسی ئەو مەسەلەمان کرد. ڕەنگە کەسی‌تریش بووبێت لە بیرم نییە.

**مەلەکە:** بۆچوونی موخالیفی پێکهێنانی یەکیەتی جووتیاران چ بوو؟
**کاک ساعد:** ئەو بۆچوونە ئەو کارەی پێ زەرووری نەبوو. دواجار هەر ئەم بۆچوونە ئەیوت جامیعەی ئێران جامیعەیەکی سەرمایەدارییە و خۆی وافورمولە ئەکرد. چونکوو لە کۆنگرەی یەکدا باسی کۆمەڵگای نیوە موستەعمەرە و نیوە فیئودالی بە تەقلید لە لێکدانەوەی حیزبی رەنجبەران مەترەح بوو. ئەساسی مەسەلەکە کە ئینسان دواجار بیری لێئەکاتەوە و دێتەوە بیری ئەگەڕێتەوە سەر دوو بۆچوونی جیاواز. بۆچوونێک تەکیە ئەکات سەر ئەو واقیعییەتە کە لە ناو جامیعەکەدا ڕوویداوە ئێستا ئەمە فیئودالە، سەرمایەدارە هەرچی هەیە خەباتگەلێکی واقیعی هەیە ئێمە بین و ئەم خەباتە واقیعییە سازمان بدەین و کاری بۆ بکەین. کاک شوعەیبی زەکەریایی هەمیشە وەک دەوڵەتێک ناوی لێ ئەبات ئەڵێت لە مەریوان دەوڵەتێک دروست بوو. ڕاست ئەڵێت چونکوو ئەقشار و تەبەقاتی جۆربەجۆر لە شووراکەیدا هەبوون و ڕۆڵیان بوو. ئەوە حەقیقەتێکە کە کەس ناتوانی بیشارێتەوە.
لە قەزیەی کامیاران و ئەڵک و ئاسنگەران، خۆ لەوێ دەرەبەگ نەبوو؛ لەوی ئەشرافی شاری بوو کە زەویەکانی داگیر کردبوو. یا خانگای جووجوو و سۆما و برادۆست. مەنزوورم ئەوەیە ئەمە دیاردەیەک نەبوو لە پەنایدا تێپەڕبیت. دەبوو دەخاڵەتی تێدا بکەیت.

**مەلەکە:** لە پەیوەند لەگەڵ دوو بۆچوونەکەی ناو کۆمەڵە دا ئایا ئەتوانین بڵێین بۆچوونێک ئەڵێت واقیعیەتی جامیعەکە چیە، بڕوێن بەدەم ئەو واقیعیەتەوە عەمەڵ بکەین. بۆچوونێکیش زۆرتر خۆی مەشغوڵ ئەکات بە قسە و شیعارەوە. ئایا ئەم باسانە ئەبرێتەوە سەر بۆچوونی یەک و دوو لە نێو کۆمەڵە دا؟
**کاک ساعد:** بێگومان دیدگای یەک و دووی ناو کۆمەڵە لەوەوە سەرچاوەی ئەگرت. ئێمە لە دوای ئەوە کە کاک فوئادمان لە دەستدا تووشی بوحرانێک بووین، سەرمان نەما. ئەو کەسەی کە توانی ئەو دەورانە ئێمە سەرەڕای ئێختلاف و هەڵەگەلێک کە کردبوومان، لە دەور کۆمەڵێک شت کۆمانکاتەوە، هەر کاک فوئاد بوو. بۆچی تێکنەچووین؟ بۆ ئەوە ئێمە بەرەوڕوو بووین لەگەڵ دوژمنێکی غەدار و سەرکوتگەر وەک جمهوری ئیسلامی و لە سەر زەمینەیەکی واقیعی کە لە جامیعەی کوردستان دا بوو. دیدگای یەک و دوو کە زۆر جار

قسەی لێکراوە بیرەوەریم زۆرە لەو بابەتەوە و دواجار بە ئێمە چۆن بەرخورد کرا. من خۆم یەکێک لەوانە بووم. دوای کاک فوئاد قەرارمان ئەوە بوو بیستی شەهریوری ساڵی۱۳۵۸ [۱۹۷۹/۹/۱۱] لە" بێژوێ" یەکتری ببینین. کاک فوئاد نۆی شەهریور [خەرمانان] شەهید بوو. لە " بێژوێ" هەشت نۆ نەفەر بووین وەک کۆنفرانسێک کۆبوونەوەمان بوو لە سەر ئەم مەوزوعاتە قسەمان کرد. پێش ئەوە بچینە ناو کۆنفرانسەکە من پێموابوو خەتەکەی ئێمەیە دەستی باڵای هەیە، بەڵام کە چووینە ناو کۆنفرانسەکە زانیم کە ژمارەیەک لە رەفێقەکان لەو بۆچوونەی کە ئەو وەختە بوومان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە.

**ڕەزا :** ئەکرێت ناویان بەری؟

**کاک ساعد:** بەڵێ لە کۆنگرەی یەکدا دوو بۆچوونەکە لایەکی کاک فوئاد بوو، لایەکی کاک عەبدوڵڵا بوو. ژمارەیەک لە ڕەفیقەکان پیانوابوو کە جامیعەی ئێران بە تەواوی سەرمایەداریە و ژمارەیەک لە ڕەفێقەکان پیانوابوو کە پاشماوەی دەرەبەگایەتی لە ئێران و کوردستان ماوە. لەو فاسڵەدا باسی زۆر کرا. ئێمە ئەم کەسانە بووین سەعید یزدیان، عەبدوڵڵا، موحسن رەحیمی، ئەحمەد خورشیدی، شوعەیب، سەیدبرایم و من ئەزانم کەسێکتر بوو بەڵام لە بیرم نییە کێ بوو؟ من تەسەورم ئەوە بوو کە بۆچوونی ئێمە دەستی باڵای هەیە بەڵام لەو کۆبوونەوەدا بۆم دەرکەوت کە شوعەیب و سەید برایم بۆچوونیان گۆڕابوو. دیارە خۆیان ئەتوانن لەو بابەتەوە قسە بکەن بەڵام بۆچوونیان شتێکیتر بوو. ئیتر لەوە بەدوا بە هەر حاڵ ئێمە هاوکاریی خۆمان ئیدامەدا و کاری خۆمانمان هەر کرد وەلێ ئەم دوو بۆچوونە عەمەڵی کرد لە ناوماندا. ئەم دوو بۆچوونە چووە ناو کۆنگرەی دوو.

**مەلەکە:** کاتێک باسی فیکری و بۆچوون ئەکرێت بە جێگای خۆی، بەڵام کاتێک وەک تەشکیلات ئەرک و کارتان بۆ خۆتان دیاری ئەکرد ئەو دوو دیدگا چ فەرقگەلێکی بوو لە دیاریکردنی ئەرکەکاندا؟

**کاک ساعد:** تا دەورەیەک زۆر دەرنەدەکەوت لە کۆنگرەی یەکدا تەقسیم کارێکمان کردبوو.

**ڕەزا:** ئەولەویەت ڕێکخستن لە نێو کریکاراندابوو لە ئێران، یان پێشمەرگە لە کوردستان. بەسەرنجدان بەوە کە ئەو دیدگا ئەیگوت ئێران تەواو سەرمایەداریە و هیچ پاشماوەی دەرەبەگایەتی نەماوە. ئایا لە ئینتخابی ئەولەوییەتگەلی سیاسی، تەشکیلاتی و تاکتیکی و ئەو شتانەدا ئێختلافێک بەوجود ئەهات؟ فەزای هێرشی جمهوری ئیسلامی ئەوندە غاڵب بوو کە مەجالی ئەوەی نەئەدا؟

**کاک ساعد:** ئەو هێرشە کە جمهوری ئیسلامی کردبووی بە کوردستان و ئێمە لە بەیاننامەی "خەڵکی کورد لە بواری تاقیکردنەوە دا" "خلق کرد در بوته آزمایش"دا تەعەهودێکمان سپاردبوو کە ئەوە بە ئیبتکاری کاک فوئاد و بەبەشداری یادی بە خێر دوکتور جەعفەر و کاک ئیرەجی فەرزاد نووسرابوو، منیش لەوێ بووم. ئەمە تەعەهودێکی بۆ ئێمە دروستکردبوو کە ئێمە بانگەوازمان دابوو کە خەڵک مقاومەت بکەن و مقاومەتمان پێ کارێکی دروس بوو و خۆیشمان تێیدا بەشدار بین. ئەم تەعەهودو هێرشی جمهوری ئیسلامی کارێکی کردبوو کە ئێمە ئەساسیترین مەسەلەمان ببوو بەوە و لەوەدا یەکگرتوو بووین و ئێختلاف بۆچوونمان نەبوو. بەڵام ئینسان کە ئێستا بیر لە ڕابردوو ئەکاتەوە تێدەگا کە فڵان حەرکەتەکە چیبوو و بۆ ڕوویدا؟ نموونەیەک باس ئەکەم. کاتێک هاتینەوە ناو شارەکان ئێمە خەبەرنامەیەکمان بوو خەبەرنامەی مەرکەزی کۆمەڵە زۆر موفەسەڵ و زۆر موهیم بوو. من کە چوومەوە شار سنە لەو ماوەدا واتێگەیشتبووم کە ڕووداوگەلێک لە شار سنە دێتەپێش. شتەکان زۆر بەرجەستە و موهیم بوون. ئیدەیەکم لا دروستبوو؛ ڕۆژنامەیەک بنووسین و بڵاوی بکەینەوە لەسەر مەسایلی ڕۆژانەی شار. جا بە کەم سەوادی و کەم ئیمکاناتی خۆمانەوە دەستمان پێکرد ئەوە بوو وا نەتیجەکەی خۆتان دیوتانە. "خبرنامە ویژە سنە" لەوێدا مەعلوومی کرد ئێمە دوو بۆچوونمان هەیە. یەکێکیان بەوە ئیکتیفای ئەکرد و دەخاڵەتی نەبوو. تەماشای خەبەرنامەی سنە بکەن یەک مەقالە و یان یەک دێری بۆ نەهاتووە لە ناوەندی کۆمەڵە وە. بەڵام ئەبینیت ڕووداوگەلێک کەوتووە ئێستا کە تەماشای خبرنامەی ویژە سنە ئەکەیت. شتگەلێکی مونعەکیس کردوەتەوە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بووە. جارێک لە بیرمە کە من مەترەحم کرد لەگەڵ هاوڕێیان لە شار سنە ئەوانیش زۆر پێیان باش بوو. یادیان بەخێر شەهید ناسێح، شەهید ڕەزا ڕەشیدیان، کامبیز زۆر زۆر زەحمەتیان کێشا. کاتێک ئەو ڕۆژنامە کەوتە کار کۆمەڵێک خەڵکی لە دەور خۆی کۆکردەوە. لەگەڵ ڕێزم بۆ

هەموویان گشت ناوەکانم لە بیر نەماوە. جۆرێک مخالیفەت لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو ڕۆژنامە کرا کە ئەمە هەیە ئەوە بۆ چیە؟ کاتێک ئەوەم بیست داچڵەکام و زۆر بە توندی قسەم کرد لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێیان بە تەلفوون، وتم چۆن موخالفەت ئەکەن لەگەڵ ئەو ڕۆژنامە لە حاڵێکدا ئەمە ئاوایە و ئاوایە. بە کەسێک دا سفارشیان ناردبوو خێرا وتیان نا ئێمە مەنزوورمان ئەوە نەبوو.
ئێختلافی سیاسی، بۆچوون، شێوەی کار لە شەرایتی ئاوادا هەرچی ناو ئەنیت لەوەدا دیاریئەدا کە ئەمە واقیعییاتێکە لێرە ڕوو ئەدات. منی کۆمونیستی، سوسیالیستی کۆمەڵە چۆن ئەتوانم بەرانبەر بەوە بێدەنگ بم لە حاڵێک دا خەبەرنامەیەکیتر بوو ئەفرادێکی زۆر باسوادتر لە من وەکوو کاک عەبدوڵڵا، کاک سەید برایم و کاک شوعەیب لەوێ خەریک بوون و زۆر شتەکانی با ئەرزش بوو. بەڵام کە ئێمە ئەمەمان کرد خێرا کۆمەڵەی تایبەتی شارەکانیتری کوردستان دەرهات. قەزییەکە تەفاوەتی پەیدا کرد.

**مەلەکە:** مەسەلەی دوو بۆچوونەکە [دو دیدگاه] چەندە ئەتوانین شتێکی وای تێدا ببینین کە کاریگەری بووبێت لە بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ئەم حیزبە. یان سێبەری خستبێتە سەر ئەوەی کە لە شتگەلی ئاوایشدا خۆی نیشان بدات؟
**کاک ساعد:** من لە کۆنگرەی دوو خۆم کاندید نەکرد بۆ کومیتەی مەرکەزی؛ تەبعەن لەو زاویەوە خۆم کاندید نەکرد ئێحساسی تەنیایی زۆرم ئەکرد، هەرچەند ژمارەیەک لە هاوڕێیان بوون کە ئەو وەختە پێکەوە هاوبۆچوون بووین. ئەوانەی کە لە بیرم ماوە کاک ئیرەج فەرزاد، دوکتور سەعید یەزدیان، کاک تەییب عەباسی ڕۆحوڵڵاهی و کۆمەڵێکیتر. بەڵام هیچکام لە ئێمەمانان نەمانتوانی لە بەرانبەر ئەو بۆچوونەوە بووەستین و ئەو شتانە کۆبکەینەوە.

**ڕەزا:** ئایا لەم ماوە و دوای ئەم هەمووە بەسەرهاتە ئەو هاوڕێیانە کە لە کۆبوونەوەی "بێژۆێ" بۆچوونیان گۆڕدرا پێتوایە دواتر بۆیان دەرکەوت کە بۆچوون و لێکدانەوەیتریان هەیە یا پێیانوایە هەروا دروس بوو؟
**کاک ساعد:** من نەمبیستووە کە ڕەخنەیان لە خۆیان گرتبێت. تەبعەن من لەگەڵ کاک شوعەیب پەیوەندی نزیکم هەیە و هاوڕێ نزیکمە لەو بابەتەوە قسەم کردووە، ئیحساسم نەکردووە کە ئێستایش هەر ئەو هەڵوێستەی هەیە،

لە سەریشی نەچووم چونکوو هیچ ناگۆڕێت و ٣٣ساڵی لێگوزەراوە. بەڵام بۆ خەڵکیتر نەمبیستووە کە گۆرانکاری لە بۆچوونیان دا بەوجوود هاتبێت.

**مەلەکە:** کۆچی مەریوان و هاتنت بۆ ئەوی و هاوکاریتان چۆن بوو؟

**کاک ساعد:** بۆ هەموو شتێک ئێمە پەیوەندیمان بوو بە تەلەفوون و بە هاتوچوو. کاتی کۆچی مەریوان هاتم کە بەدەم کارەکانەوە بم. ئێوارەیەک قەرار بوو سەفەرێک بکەین بۆ سنە و بگەڕێنەوە بۆ مەریوان. لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا دارابی قسەمان کرد و ئەو وتی لە گاڕانەوە بچن. من موخالف بووم و وتم جادەی هەورامان باشە. ئەو وتی نە ئەمن نییە. ئێمە هەشت کەس بووین بە ماشینێکی تۆیوتای دوو کابین کەوتینە ڕێ بۆ سنە بەڵام من بە نابەدڵی ڕێکەوتم و پێموابوو ڕەدبوون لە بەر پادگانەوە کارێکی ئاسان نییە؛ چونکوو شار مەریوان شلووق بوو، ئەوە خەڵک کۆچی کردبوو و وەزعەکە نائاسایی بوو. لە بەر پادگانەوە ڕێگەمان بڕی و ماوەیەک چووین یەکێک لە ڕەفێقەکان وتی بگەرینەوە لە بیرم نیە بۆ چی؟ کە گەراینەوە لە بەر پادگاندا کەوتینە ناو کەمینێکەوە کە دایانمەزراندبوو. وەزعێکی زۆر وەحشتناک بوو، مەنزوورم ئەوەیە ئەگەر تەقەیان بکردایە کەسمان دەرنەئەچوو. چونکوو ئێمە ڕێک چووبووینە ناو کەمینەکە. ئێمەیان گرت چەکەکانمانیان برد. چەند وەرەقەمان پێبوو ناوی ئەو کەسانە کە ئەسڵەحەمان لە لایان شاردبووە وە لە ناوچەی مەریوان دابوویان بە من. لەو فاسڵە دا کە ئێمەیان لە ژوورێکدا دانا هەر لە بەرێکەوە هەر هەشت نەفەرەکەمان کاغەزمان ورد کرد و جاویمان و قووتمان دا. یانی هەشت لاپەڕەی ئاچوار مان قووت دا. ئەوە خۆی ئیحساس مەسئولیەت بوو بەرانبەر بەو کەسانە.

چەند ڕۆژێک لە زیندان دا بووین و دوایی ئازاد بووین. هەر ئەو کاتە لە زیندان ئازاد بووین وتم ئەوەی کە ئێمە بە سڵامەت نەجاتمان بوو منەتی لە چەند کەسێک بوو. یەکەم کاک فوئاد بوو کە زۆر موهیم بوو بۆی کە ئێمە هیچمان لێنەیەت. دووهەم کاک یەدێ بیگلەری بوو کە دادستانی کوردستان بوو و سێهەم کاک یوسف ئەردەڵان کە لە شوورای شاری سنە بوو. ئێمە بیستمان خەڵک لە سنەوە کەوتوونەتە ڕێ و ڕێپێوان ئەکەن و خەڵکی مەریوان ئاوا ئیعتراز ئەکەن، دڵگەرمیمان پەیدا کرد.

شەوێک لە زیندان دا خەوتبووین سەعاتی سێ و چواری بەیانی بوو. کەسێک

بانگی کرد ساعد. دەنگەکە بە گوێم ئاشنابوو بەڵام لە دڵخۆمدا وتم بەو کاتە لە شەو ئەمانبەن ئیعداممان بکەن. کە چووم کاک یەدیٚ بوو وتی ئازاد بوون بێنە دەرەوە. بۆ خۆی لە پشت دەرگای زیندانەکەوە وەستابوو. هەموومان هاتینە دەرەوە و ئازاد بووین. ئێمەیان بردە لای مەسئوولێک وتم ئەی دەمانچەکە وتی ئاغە گیان دەمانچەی چی. بڕۆ لێرە ئەگەر نیم سەعاتتری پێبچوایەت ئیعدام ئەکران. کابرا کورد بوو و برای ڕەفێقەکی خۆمان بوو. چووین بۆ ناو ڕێپێوانەکە و لەویٚ من قسەم کرد. هەر ئەو دەمانچەمە هاورێیانی مەریوان بە دەست جاشێکەوە گرتبوویان و ناردیانەوە بۆم.

**مەلەکە:** دوای شەڕی کەرەفتوو هاورێیانی کۆمەڵە لە سەقز کۆبوونەوەیان بوو تۆ بەشداری ئەو کۆبوونەوە بوویت؟

**کاک ساعد:** من لە سەقز نەبووم. ڕۆژی ٢٨ ی گەلاوێژ لەگەڵ کاک فایەق حەسەنی چووین بۆ بۆکان لەویٚ هێشتا جەرەیانی کەرەفتوو تەواو نەببوو. کاک فوئاد بە تەلەفوون وتی تۆ بیٚ بۆ ئێرە و کاک ئیرەج لە شار بمێنێتەوە.

**مەلەکە:** چ وەخت چوون بۆ بانە؟

**کاک ساعد:** بە دەستپێشخەری کاک فوئاد جەمعییەتەکانی کوردستان لە بانە کۆبوونەوە. هەمووما‌ن چووین بۆ بانە لەویٚ کۆبوونەوەی جەمعییەتەکان بوو. من لە ناو کۆبوونەوەکەدا نەبووم. خەڵکێکی یەکجار زۆر کۆببوونەوە قەرارمان ئەوە بوو ئەو کۆبوونەوە بکەین و سەر و سامانێک بدەین بە خۆمان. دوای ئەو بەیاننامەی "خلق کرد در بوتە آزمایش". من توانیم لە ئاخرین کۆبوونەوەدا بەشداری بکەم. لەویٚ کاک فوئاد ڕۆڵی ئەساسی بوو لە سەر ئەوە کە ئێمە هەوڵبدەین بۆ یەکانگیر کردنی مەجموعەی ئەو کەسانە کە مقاومەت ئەکەن. دیارە ئێختلاف بۆچوون هەبوو.

**مەلەکە:** لە بیرتە بۆچوونەکەیان چی بوو؟

**کاک ساعد:** نا لە بیرم نییە. بەڵام لەو جەهەتەدا نەبوو کە مەبەستی کاک فوئاد بوو. بەهەر حاڵ ئەو کۆبوونەوە، کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوو بوو لە سەر ئەوە کە ئێمە سازمانێکی پێشمەرگایەتی دروست بکەین و گشتمان لەویٚ

بین چونکوو دوای کۆمەڵێک لەوانە پێکەوە کەوتینە ڕێ و چووین بۆ "بێژوێ".
ئەوانە کە کۆبوونەوە لە دەور ئەو مەسەلە هەموویان کۆمەڵە نەبوون بەڵکوو جەمعییەتەکان بوون.

**پرسیار:** وەک کۆمەڵە خۆتان کۆبوونەوەتان بوو؟
**کاک ساعد:** بەڵێ بوومان، ئەو وەختە کاک فوئاد، کاک عەبدوڵڵا و من و باقی هاوڕێیان لەوێ بووین بەڵام بە وردی لە بیرم نەماوە.

**مەلەکە:** لە بیرتە کەی خەبەری ئیعدامەکان مەریوان هاتە بانە؟ کاک فوئاد لە بانە ئەو خەبەرەی بیست؟ چۆن بیستی؟
**کاک ساعد:** ڕۆژێک یا دوو ڕۆژ بەرلەوە کە بڕواتەوە بۆ مەریوان خەبەرەکەی بیست. تەبعەن بەو خەبەرە زۆر ناڕەحەت بوو. ناڕەحەتیەکەی لە دوو بواردا خۆی نیشان ئەدا؛ یەکێکی ئەوە بوو کە دوو برا و هاوڕێکانی شەهید کرابوون. ئەو شتەکەیتر کە ئەوی زۆر ناڕەحەت ئەکرد ئەوە بوو کە هاوڕێیانی مەریوان چیان بە سەردێت. ئەو وەختە ئەوان یەکیەتی جووتیاران بوون. دوای ئەو وەزعە کە لە مەریوان پێش هاتبوو تووشی موشکیلە ببوون. ئەو کەسانەی کە لە مەریوان بوون نەیانتوانیبوو کارەکە سازمان بدەن و ڕەهبەریەکەی بگرن بە دەستەوە. زۆر زۆر ناڕەحەتی ئەمانە بوو وتی ئەبێ بچمەوە بۆ مەریوان.

**پرسیار:** چوونەوەی کاک فوئاد بۆ مەریوان بڕیاری خۆی بۆ یا تەشکیلات؟
**کاک ساعد:** بڕیاری کاک فوئاد بوو. من وەختی خۆی ئەوەم باسکردووە بە بۆچوونی من کاک فوئاد لەوەدا تووشی هەڵە بوو. کاتێک پێکەوە باسمان کرد تەبعەن ئەو کاتە ئێمە وەک پێشمەرگەی کۆمەڵە هێزمان نەبوو. بەڵام داوامان کرد لە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە کاک بەکری حاجی سەفەر بوو لەوێ مەفرەزەیەکی تەرتیبدا وتی لەگەڵ ئەودا بە ماشین بڕۆن. لە بەر ماشینەکە دا دووبارە تەکرارم کردەوە و بە کاک فوئادم گوت مەڕۆ بۆ مەریوان وتی ئەبێ بچم، وتم ئیشتباه ئەکەیت، وتی مەریوانمان لە دەس دەرئەچێ، وتم نامانەوێت ئێمە کوردستان بە بێ مەریوانیش بە دەست دێنین. بەڵام تۆ بڕۆیت ئەگەر ئیتفاقێک کەوت چی بکەین؟ زۆر بە داخەوە لە کاتی ڕۆیشتنیشی دا هەر

دووکمان عاجز بووین. من لەوە کە نیگەرانی چارەنووسی ئەو بووم. ئەویش دیار بوو زۆر ناڕەحەت بوو لەو وەزعە. لە بیرم دێت دەرگای ماشینەکەی توند پێوەدا. زۆر نیگەران و پەرێشانی چارەنووسی ئەو ڕەفێقانە بوو کە لە مەریوان بوون.

**مەلەکە:** لە ناو ئەو کەسانەی یەکیتی دا کە لەو ماوەدا هاوکاریی کۆمەڵەیان ئەکرد و زۆر کاری موشتەرەکیان ئەکرد مەسەلەن لە جەرەیانی کۆچی مەریواندا بەڕێزان بەکر حاجی سەفەر، مەلا بەختیار، سالار عەزیز، جەماڵ حەمەی خواکەرم ئەمانە بوون. کاک فوئاد پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کاک برایم جەلال نەبوو. چۆن بوو کە ئەو لەو سەفەرەدا چوو لەگەڵ کاک فوئاد؟
**کاک ساعد:** بە بڕیاری مەسئولی هەرێم کە کاک بەکری حاجی سەفەر بوو. کاک برایم جەلالیش یەکێک لە کادرەکانی ئەو مەنتەقە بوو و ئەویش کەسێکی کەم نەبوو لە ناو یەکیەتیدا. ئێمەیش نەماندەزانی کێ ئینتخاب بکەین. ئێمە ئەسڵەن سەرمان لەوە دەرنەئەچوو. لە بەر ئەوە هیچ رەبتی بە ئاشنایی و نائاشنایی نەبوو. ئەوان کەسێکیان هەڵبژاردبوو بۆ پارێزگاری کاک فوئاد.

**مەلەکە:** کەی ئێوە خەبەر مەرگ کاک فوئادتان بیست؟
**کاک ساعد:** سەعات دووی دوانیوەڕۆی ڕۆژی نۆی شەهریوەر هەر ئەو ڕۆژە لە پای ڕادیودا دانیشتبووین وەک یەکەم خەبەر باسی کرد. من دانیشتبووم ڕادیوەکە لە لای دەستمەوە بوو کاک عەبدوڵڵایش لەو بەرەوە دانیشتبوو. کۆمەڵێکتریش لەوێ بوون لە مەدرەسەیەک بووین لە بانە. خەبەرکە بڵاو بووەوە. لەوێ زانیمان.

**مەلەکە:** خەبەرکە باس تەنیا کاک فوئادی کرد یا ناو کەسیتری بەرد؟
**کاک ساعد:** فەقەت باس کاک فوئادی کرد.

**مەلەکە:** ئێمەیش ڕاستە سەرەخۆشیمان بوو بە بۆنەی ئیعدامی کاک حوسەین و کاک ئەمینەوە بەڵام هەمیشە گوێمان لە خەبەر ئەگرت. ئەمما کاک برایم جەلال ئەڵێ ڕادیو باسی ئەویشی کردووە کە لەو شەڕەدا شەهید بووە.

**کاک ساعد:** ئەسەڵەن خەبەرکەی بەوەوە دەست پێکرد فوئاد مستەفا سوڵتانی ڕەهبر دژی ئینقلاب لە کوردستان.

**مەلەکە:** ئەو کاتە کە خەبەرەکەت بیست وەک ڕووداوی بەهەڵکەوتت زانی یان وەک پیلانێکی ڕژیم؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وەزعە کە لە مەریوان پێشهاتبوو مەسەلەی کۆچ و ڕێپێوان و ئەوانە. دیارە من قسەکەم ئەوە نییە کە دەور و کاریگەری هەموو ئەو کەسانە کە لەو سەردەمەدا هەڵئەسووران کەم بایەخ نیشان بدەم، بەڵام دەور و ڕۆڵی کاک فوئاد زۆر زۆر زیاتر و بەرچاو بوو. لە موزاکەرە لەگەڵ هەیئەتگەلی جۆراوجۆری ڕژیم دا وەک گولستانی، لاهوتی، چەمران لە مەریوان. شووراى شاری مەریوان و باقی هاوڕێیان دەوریان بوو بەڵام گوڵی سەرتۆپی ئەو جووڵانەوە کاک فوئاد بوو؛ وەک ڕووداوی بەهەڵکەوت هاتە بەرچاو یا وەک پیلانی ڕژیم؟

**کاک ساعد:** بیرم نایت ئەو وەختە بیرم لە پیلانی ڕژیم کردبیتەوە. ئەو لەحزە موهیمترین مەسەلە لە مێشکمدا ئەوە بوو کە ئێمە موهیمترین کەسی خۆمان لە دەستدا. چ لە باری عاتفیەوە چ لە باری سیاسیەوە بە زەربەیەکی زۆر گەورەم ئەزانی لە کۆمەڵە و لە بزووتنەوەی کوردستان. بیرم لەوە نەکردەوە ئەمە چۆن شەهید کراوە، لەمەودوا ئینسان فرسەت پەیدا ئەکا و بیر لەوە ئەکاتەوە ڕووداوەکە چۆن بووە. من ئەو وەختە ئەسڵەن بیرم لەوە نەئەکردەوە. موهیمترین مەسەلەیەک کە لە بیرمدا بوو ئەوە بوو کە فوئاد نەما. ئەم نەمانە بۆ خۆم ئاوام ئیحساس ئەکرد چۆن ئینسان تەکیە ئەکاتە سەر ستونێک، ئێحساسم کرد کەوتم. ڕاستییەکیەشی هەروابوو. یانی بۆ من هەم لەباری شەخسییەوە هەم لە باری سیاسییەوە زەربەیەکی زۆر قورس بوو. قەزیەکە ئەوە نەبوو من بیر لەوە بکەمەوە کێ ئەو کارەی کرد. کاتێک ئەو قسانەم کرد لەگەڵ کاک فوئاد دا زۆر زۆر نیگەرانی ئەوە بووم کە بەڵایەک بە سەریدا بێت. لە بیرمە ئەو زۆر کەم ئەهمییەتی ئەدا بە ئەمنیەتی شەخسی خۆی. لە بیرمە ڕۆژێکیان لە شاری سنەوە کەوتە ڕێگا زستانێک بوو، بچێتەوە بۆ مەریوان من هاوارم لێ بەرزەوە بوو. من فێری ئەوانە ببووم لە ناو یەکیەتیدا کە نابێت ئاوەها هیچکەس بە تەنها بێت، نابێت بکەویتە شەرایتی نالەبار. من وتم مەیەڵن تەنیا بچێت؛ ئەوەبوو کەسیان لەگەڵی نارد. هەمیشە نیگەرانی ئەمنیەتی ئەو

بووین حەتتا لە ناو شاردا. کە لە شاردا ئەگەڕا من زۆر جار ئەمگوت بە تەنیا مەگەڕێ. وەلێ ئەهمییەتی نەئەدا.

**مەلەکە:** لە ناو شار مەریوان دا کاک حوسەین پیرخزری بەرنامەیەکی دانابوو و نەیدەهێشت بە تەنیا بۆ هیچ شوێنێک بڕوات. خۆی و کاک تاهیر خالدی و کاک عەبە و کاک ئەمین برام بۆ هەر شوێنێک بڕۆیشتایە یەکێک لەوانی لەگەڵ ئەبوو. بۆ نموونە جارێک کاک فوئاد لە ماڵ کاک حوسەین برام ئەیەویست بخەوێ، ژوورەکە لە دوو لاوە پەنجەرەی بوو ئەو شەوە کاک حوسەین و کاک عەتا نەیانهێشت کاک فوئاد لەو ژوورەدابخەوێ.
**کاک ساعد:** دڵنیام یەکێک لە هەڵەکانی کاک فوئاد ئەوە بوو کە ئەهمییەتی بە مەوجوودیەتی خۆی نەئەدا. تەنها ئەکەوتە ڕێ بەم لاو ئەو لا ئەچوو. ئێمەیش نگران بووین ئێمەیش هەمیشە هەوڵمان ئەدا دوو کەس لەگەڵی ئەم لا و ئەو لا بڕوات.

**ڕەزا:** بۆچوونەکە ئەوە بوو؛ ئەوە نیە هەر لە شەهید بوونی کاک سەعید موعینیەوە تا کاک حەمە حوسەین کەریمی و کاک فوئاد لە دوایش دا هەوەڵ شەهیدەکانی کۆمەڵە لە ناوچەکاندا چاو لێبکە. بە تایبەت سنە و مەریوان گشتی ئەڵێیت گوڵبژێرت کردووە. کادر و ئەندامی زۆر چاک مەسەلەن کاک ئەیوب نەبەوی،کاک حەمید فەرشچی، کاک عەبەی مەولەوی ئەمانە گشتیان کەسانێک بوون ئەیانتوانی وڵاتێک ئیدارە بکەن. باسەکە ئەوەیە لە وڵاتی دیکتاتۆری ئاوا ئەبێت. مەسەلەن لە سوئێد سیاسەت بکە ئەتوانیت ئاو لە ئاو تەکان نەخوات. ئەوپەڕەکەی دەنگ ئەدەیت بە بودجەیەک دوو ملوێن بەملا و ئەولادا ئەچێت. وەلێ لە وڵاتانی خۆمان و وڵاتە دیکتاتۆریەکان قیمەتی سیاستکردن گیانی ئینسانە. ئەویش فیداکاری ئەوێت. ئەو فیداکاریشە ئەگەر نەکرێت ئەو کەسانە پەرورده نابن. دەبووا شتێک بوایت بۆ ئەوەی کە بە جەمعی ئاگایان لە یەکتر بوایەت. مەسەلەن هەر ئەوەی خۆت. تۆ لە پادگان مەریوان دا گیرای دەی ئەمە چی بوو؟ ئەگەر نیم سەعات دێر ئازاد بوایەن کەس نازانێت چی ئەقەوما؟
**کاک ساعد:** لەو کارانەمان زۆر بووە؛ نەورۆزی خوێناوی هەمووومان چووین بۆ ناو پادگان. حەتتا من خاترەیەکیترم هەیە: گشتمان کۆمەڵێک کادری کۆمەڵە

هەستاین پێکەوە چووین بۆ شوێنێک کارێکمان کرد، چەک و تەقەمەنیمان هێنا بۆ یەکیەتی. زۆر شتمان کردوە ئێمە ئەهمییەتمان بەوە نەداوە هەڵبەت خودی ئیدەکە، ئیدەیەکی باشە کە ئینسان فیداکارانە بەرخورد بکات لە پێناو هەدەفێکدا هەنگاو هەڵگرێت و دیارە لە خۆبوردوویی لازمە. بەڵام موشکلەکە ئەوە بوو نەخشە ڕێگایەکمان نەبوو؛ کابرا شەترەنجێک ئەکات، بە نەخشە عەمەڵەوە حەرەکەتێک ئەکا. سەربازی ئەدا بەکوشت، وەزیرێک بگرێت، ئێمە وەزیرەکانمان لەدەست ئەدا بە بێ ئەوە سەربازێکیش بگرین.

**مەلەکە:** من ئاوا بیر ئەکەمەوە ئەمە ئیحساس نییە و ئیحساسی بەرخورد ناکەم. کاک فوئاد زۆر هۆشی بوو و ئاگای لە هاوڕێیان بوو. لە نەورۆزی خوێناوی سنەدا کاک فوئاد بە تۆ کاک ساعد کە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بوویت، ئێژێ با من و تۆ پارێزگاری لە کاک سەدیق کەمانگەر بکەین. کاک ئیرەج فەرزاد ئەڵێ کاتی کۆچەکە هاتبووم بۆ مەریوان. کاک فوئاد پێیگوتووە بۆ هاتووی، لازم ناکات لێرە بیت. ئێرە ئەمنیەتی نییە، نەکا موشکلێکت بۆ پێش بێت. ئەوی کە ڕەزا ئەڵێت ئەو فداکارییە لازمە، بەڵێ بەڵام دەبوا ئەوەشی لەگەڵدا بوایە کە جەمعەکە ئاگایان لە یەکتری بێت؛ جەمعەکە ئەو پارێزگارییە لە یەکتر بکەن کە بە داخەوە لەو وەختە دا کۆمەڵە ئاوابووە (مەنزوورم ئەوە نییە عەمدێک بووبێت) بەڵام بێ تەجرەبەیی و نەزانین بووە. کاک فوئاد لە بانەوە ئەکەوێتە ڕێ یەک کەسی کۆمەڵەی لەگەڵدا نییە نە لە بانەوە بۆ مەریوان و نە لە مەریوانەوە بۆ بانە.

**کاک ساعد:** لە کۆنگرەی یەکی کۆمەڵە دا کاک فوئاد یەکێک لەو کەسانە بوو کە زۆر ئەهمییەتی ئەدا بەوە کە ئەمنیەتی ڕەفێقەکان بپارێزرێت. لەو ماڵەی مندا بە جوزئیاتەوە لە منی ئەپرسی ڕێگای دەرچوون کامەیە لە کوێوە بۆ کوێ ئەچێت نەخشەکە کامەیە، لە چ سەعاتێکدا کێ چی بکات تا حەدی ئیفرات. تا حەدی وەسواس بە دروستی بە بۆچوونی من، نەکا ئێمە زەربەیەک بخۆین. بەڵام من ناتوانم ئەوە قەبووڵ کەم کە ئەو جۆرەی کە پێویستە لانیکەم لە مەورد خۆمەوە وانەبووە بەرانبەر بە کاک فوئاد. چەندجارێک ئەزانم، دوو جاریان کاملەن دیارە یەکێکیان ئەوە بوو کە ئەچوو بۆ مەریوان، نەمهێشت بچێت وتم ئەبێ کەست لەگەڵ بێت و دوو نەفەر لە ڕەفێقەکانمان لەگەڵی چوون، حەمید

فرشچی و ئەدیب چوون لەگەڵی. دووهەم ئەوە کە وەختێک ئەچوو بۆ مەریوان ئێمە هیچ کەسێکمان وەک پێشمەرگەی کۆمەڵە نەبوو هێشتا پێشمەرگایەتی سازمان نەدرابوو. وەلێ ئەوندە ئێحساس مەسئوولییەتمان بوو کە داوامان کرد لە یەکیتی یەک دەستە پێشمەرگە لەگەڵی بنێرن. ئەوە کە کێ لە گەڵیدا چوو ئایا ئێحساس مسئولیەتی کرد یا نە؟ ئەوە مەوزووعێکیترە. بەڵام لەم بارەوە ئەو کێشەیە من لەگەڵ کاک فوئاد بووم دروست بە پێچەوانەیە یانی من زۆر ئەهمییەتم پێئەدا کە گیانی ئەو چەندە ئەهمییەتی هەیە. حەتتا ئەو جێگا کە کۆبوونەوی تێدا ئەکرد زۆر جار ئێمە ئەچووین و ئاگامان لە دەرگا و پەنجەرە ئەبوو. لە بانە بەتایبەت کاتی کۆبوونەوەی جەمعییەتەکان. یانی ئەم ئێحساسەی کە تۆ هەتە کە ئەهمییەت نەدراوە ئەوە ئیسباتی ئاسان نیە بە بۆچوون من.

**ڕەزا:** من ئەمەوێ بڵێم شتەکە ئەوە نییە کە بڵێی فەلانە کەس ئەسڵەن لە فیکری ئەوەدا نەبووە، وەلێ ئەم بەفیکربوونە ئەگەریش بووبێت کەم و زۆر لە لای کەسەکان بووە و نەبووەتە دستورالعمل، تەوافوقێک کە لە ناو ئەو جەمعەدا ئێمە ئەبێ خۆمان بپارێزین. مەسەلەن لە کاری نیزامیدا کەسەکە کە فەرماندەی پەلێکە خۆ نابێت هەمیشە یەک کەس لە پێشەوە دابنێت ئاگای لێیان بێت.

**مەلەکە:** من ئاوا بیر ئەکەمەوە: ئەو کەمتەرخەمییە تەنیا بەرانبەر بە کاک فوئاد نەبووە. بەگشتی ئاوا بووە بیر لە کاک سەعید موعینی بکەوە خۆت لە قسەکاندا ئیشارەت بە شتێکی باش کرد، ئەو سەردەمە لە کوردستان خانەوادەی ئەوان گەورەترین زەربەی لێکەوتبوو بەو حاڵەوە کاک سەعید تەک و تەنیا ئەکەوێتەڕێ. بە بڕوای من نەوعێک کەمتەرخەمی تێدایە.

**کاک ساعد:** ئەگەر ئەمە وەکوو بۆچوونێک تۆ ڕەخنەی لێبگریت من فاکتم زۆرە و تەئیدت ئەکەم. بەڵام ئەگەر تەنیا بیبەیتە سەر کاک فوئاد ئەڵێم وانییە. بە تایبەت بۆ کاک فوئاد ئێمە ئەو جۆرەی کە بۆمان کراوە هەوڵمان داوە. وەختێ ئێمە چووینە "بێژوێ" و لەوێ کۆبوونەوەمان کرد، بۆ ئاگاداریت لە بانەوە تا ئەوێ بە پا چووین. شەست حەفتا نەفەرمان بردبوو و ڕۆژی سەد جار یەخەی منیان ئەگرت. بەرنامەتان چیە؟ نەخشەتان چیە؟ بۆ کوێ ئەچین؟ وەختێ چووینە " بێژوێ" من، شوعەیب ، عەبدوڵڵا، سەعید یەزدیان خۆمان شەوانە نیگابانی خۆمان بووین. ئەسڵەن کەس نەبوو بڵێت نیگابانیمان

بۆ بدات. کۆمەڵێک لە هاوڕێیان بوون، بەڵام هێشتا سازمانێک نەبوو. لەو بەرەوە لە ناو بەردان، کاک شوعەیب شەوانە لەوێ ئەخەوت. خۆ نەماندەتوانی بە کەسێک بڵێین بێ نیگابانیمان بدە. ڕووداوەکان بەسەردا دێن. ئێمە لەبەر هێرشی جمهوری ئیسلامی دابووین و خودی کۆکردنەوەی ئەم هەمووە هێزە لە ناو شارەکاندا و کۆکردنەوەی ئەمان لە سازمانێکدا کە بتوانین ئەرکیان بۆدیاری بکەین کە فلان و فیسار بکەیت ئاسان نیە.

**مەلەکە:** من باسەکەم ئەوە نییە بڵێم تەنیا بۆ کاک فوئاد وابووە. سەرنج بدە هەموو زەربە گورچک بڕەکان کۆمەڵە لە گیانلەدەستدانی کاک حەمە حوسەینەوە لە کاک فوئادە وە لە کاک سەدیقەوە لە گوردان شوانەوە شتێکی موشتەرەکی تێدایە کە لە هەر کامەیاندا نەوعێک هەڵەی کۆمەڵەی تێدابووە. کادرەکانی‌تر و مەسئوولینی‌تر هەروەها. لە هەوەڵەوە بەتایبەت هەر کەسێک گیانی لە دەستئەدا لە ریزی ئەندام و کادرە بە ئەزموونەکانی کۆمەڵە بوو کە سابقەی دە پازدە ساڵ خەباتی هەبوو. من مەنزوورم ئەوەیە هەزار جار بە خۆشیەوە کە تۆ نەجاتت بوو. بەڵام چی تەزمینی ئەکرد لە پادگان مەریوان ڕووداوێکی دڵتەزێن‌تر نەقەومێ. کاک یەدێ زۆر باس ئەکات ئەڵێت ئوستانداری سنە زۆر یارمەتی داوە بۆ خۆی هاتووەتە پادگان مەریوان. کاک یەدێ ئەڵێ نیگەران بووم ئازاد بوونیان بکەوتایەتە ڕۆژ دوو جاش بهاتایەن و بیان ناسیایەت کار لە کار ئەترازا.

**کاک ساعد:** شۆڕش ئەم شتانەی هەیە.

**مەلەکە:** ئەوە وایە بەڵام ڕووداوە ناخۆشەکانی ناو کۆمەڵە یەکجار زۆر بوون.

**ڕەزا:** جێی داخەکە ئەوەیە کە دواتریش هەر ئیدامەی هەبوو و تەجرەبەی لێوەرنەگیرا.

**کاک ساعد:** من فەقەت ئەمەوێ یەک شت دوور خەمەوە لە قەزیەکە. سەرجەم لێکدانەوەی کۆمەڵە و گیان لە دەستدانی ژمارەیەکی زۆر لە ئینسانگەلێک کە سەدهەزار جار لەمن باڵاتر بوون، ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ سەر بۆچوونیک، ناگەڕێتەوە سەر تاکەکەس. ئەمەیە قسەکەی من، بۆچوونێک کە هێشتا بە بڕوای من لەو نەوعە بۆچوونە کە لە ناو چریکدا بە تەواوی نەبڕیاوە. فیداکاری،

خۆ بە کوشتدان، خۆ فیداکردن بە بێ هەدەف.

**مەلەکە:** من مەنزوورم ئەوە نەبووە وەک مەسەلەی فەردی باسی بکەم. حەتتا ئەگەر لە هەوەڵ قسەکانمدا مەنزوورەکەم باش نەگەیاندبێت داوای لێبوردن ئەکەم. بۆ نموونە کێ تەزمینی ئەکرد کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بە سلامەت لە پادگانی سنە دێتە دەر.

**کاک ساعد:** ئەو شەوە سەد جار پێموت لازم ناکا تۆ بێیت بۆ ناو پادگان ئەیگوت تاقەت ناگرم چۆن نەیەم؟

**مەلەکە:** من ئەڵێم ئەم ئیشکاڵە تا کۆمەڵە لەو عەزەمەتە کەوت هەر ئیدامەی بوو. نموونەیەکی‌تر؛ هەموو کومیتە مەرکەزی کۆمەڵە ئاگادار بوون دوکتور جەعفەر لە ناو یەکیەتیدا بووە. ئەم مەسەلە لە دەوڵەتی بەعس شاردراوە نەبوو. هیچ شکێک لەوەدا نییە هەمیشە دەوڵەتی بەعس ئاگاداری پەیوەندی کۆمەڵە و یەکیەتی بووە. دەی دوکتور جەعفەر بە ماشینێک بەڕێ ئەکرێت کە خەڵک بۆ شتفرۆشتن لە ماشینی وا ئیستفادە ئەکەن.

**ڕەزا:** موخابەراتی بەعس بە مەسئولینی کۆمەڵە لە سلیمانی یان وتبوو کە کۆمەڵە چەک و نان و ئازوقەیان داوە بە یەکیەتی.

**مەلەکە:** لە ناو کومیتە مەرکەزی کۆمەڵە، لە سەر ئەوە کە کاک فوئاد ئاوا گیانیبەخت کرد هیچ قسە و باسێک هەبوو؟

**کاک ساعد:** وەک تەحقیق هیچ نەبووە، لە بیرم نییە هیچ شتێک بووبێت. ئەو وەختە کۆمیتە مەرکەزی من و کاک سەید برایم و کاک عەبدوڵڵا بووین. سەید برایم لە مەنتەقەی سیسێر بوو، هەر نەئەهات ئەو ئەندامی کومیتەی ئیجراییش بوو. من و کاک عەبدوڵڵا لەوێ بووین. بۆ هەموو کارێک مەربووت بە کۆمەڵە ئەهاتنە لای من. کاک عەبدوڵڵا ئەینووسی منیش ڕۆژی جواب پەنجا کەسم ئەداوە. ئەحزابی سیاسی تەنگیان پێ هەڵچنیبووین. هاوڕێیان حیزب دروست کەین و فلان و بەهەمان بکەین. بەو مەعنا کومیتە مەرکەزییەک وجوودی نەبوو.

**مەلەکە:** وەک کومیتەی مەرکەزی کۆمەڵە هیچ وەخت لە برایم جەلال پرسیارتان کرد ڕووداوەکە چۆن بوو؟

**کاک ساعد:** من هەرگیز نەمدیوە و نەمبیستووە کومیتە مەرکەزی لەگەڵی دانیشتبێت. ئەگەر کەسێک کردبێتی چ وەک خۆی و چ وەک کومیتەی مەرکەزی من نەمبیستووە.

**مەلەکە:** کاک برایم جەلال لە کتیبەکەیدا ئەڵێ دوای مەرگی کاک فوئاد، یەکیتی و ناو ئەبات ئەڵێ کاک سالار عەزیز ئەوندە بەرخوردی خەراپیان پێکردم. لە لایەن کومیتە مەرکەزی کومەڵەوە نامەی بەرائەتم پێدرا بۆ یەکیەتی تا بتوانێت لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بێت. ئەو نامەی بەرائەتە کێ داویەتی؟
**کاک ساعد:** نەمبیستووە! ئەگەر نامەیەک بووبێت چ وەخت بووە چە ساڵێک؟

**ڕەزا:** ڕەنگە ساڵی ١٣٥٩ بووبێت.
**کاک ساعد:** ئەگەر کاری واکرابێت دەبێ کاک عەبدوڵڵا و کاک سەید برایم ئاگادار بن.

****

مەلەکە و ڕەزا ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.



# گفتوگۆ لەگەڵ کاک سالار عەزیز

**سلێمانی ٢٠١٢/٤/١٨**

**مەلەکە:** زۆر سپاس و پێزانین، بۆ ئەو کاتەی پێتداوین. دەمانەوێت سەبارەت بە شەهید بوونی کاک فوئاد و ئەو کارەساتە چەند پرسیارێکتان لێبکەین، ئەوەندەی مومکین بێت.
**سالار:** منیش لە خزمەتدام و زۆر بەخێر بێن، هەر شتێک بێت هەر وەک برای خۆتان، هەر چییەکی بە ئێمە بکرێت، ئەوە شتێکی زۆرکەمە بۆئێمە؟

**مەلەکە:** مانگی هەشتی ساڵی ١٩٧٩، ئێوە لە بانە بوون؟

**سالار:** ئەو وەختە نەوەڵڵا، نازانم. لە بیرم نەماوە، پێموایە لەسەرکردایەتی بووم.

**مەلەکە:** ئەوەم بۆیە پرسی، لەمانگی هەشتی ١٩٧٩، کە بە مانگی ئێمە دەبێت بە گەلاوێژ، لە ٢٨ی گەلاوێژدا ڕژیمی جمهوری ئیسلامی فەرمانی هێرشیدا بۆ سەر کوردستان، سەرکردایەتی هەموو حیزبە سیاسیە کوردیەکانی ئۆپۆزیسیۆنی جمهوری ئیسلامی، هەموو لە بانە کۆبوونەوە قسەوباس بکرێت بۆئەوەی چی بکرێت. مامۆستا شێخ عێزەدین و تا ئەو جێگەی ئێمە خەبەرمان هەیە، جەنابی مامجەلال و بەشێک لەکادرەکانی یەکێتی و کۆمەڵەش لەوێ بوون، بۆیە ئەو پرسیارەم کرد، گوتم بزانم تۆیش لەوێ بووی؟
**سالار:** ناوەڵڵا، دەزانی بۆ؟ لە بیرمە لە مانگی چواردا بوو، ئێمە لە نەورۆزدا، ڕۆژی پێش ئەوە، من لای مەریوان و ئەوانە بووم، بە هێزێکی گەورەوە کە کاک بەکری حاجیسەفەر، کاک جەلال حوسێن، عوسمانی قالەمنەوەر، حەمەی حاجیمەحموو، شەوکەتی حاجی موشیر، هەموو پێکەوە بووین، من قیادەی ئەوەم دەکرد. هاتینە مەریوان، لەوێ ئەوە بوو ئەو برادەرانەی شوورا، هاتن لەگەڵ کاک ئەنوەری مەجیدسوڵتان، (شەهیدبووە) گوتیان، ئێمە دەچین بۆ پاسگاکەی دزڵی، دەمانەوێت بیگرین، شتی لەم بابەتە، دەمانەوێت یارمەتیمان بدەی و ئەمانە.
منیش گوتم باشە قەیناکە قووەتێکی زۆربەرن. گوتیان، هەرسی چل کەسێکمان بەسە. دوایە خەبەریان هێنا گوتیان ئێمە چواردەورمان گیراوە، فریامان کەوە. ناچار ئێمەش بەیانی چووین حەملەمان کرد و دەرمانکردن. شەوی نەورۆز لەوێ ئاوری نەورۆزمان کردەوە، یانی لە مەنتیقەکە دەرمانکردن، ئیدی دوای چەند ڕۆژێک لەو ناوە ماینەوە، من هاتمەوە بۆ سەرکردایەتی، لە بیرمە من لەوێ بووم، بۆیە دەڵێم.

**مەلەکە:** لەو سەردەمەدا، ئەو هاوکاریەی لەنێوان کۆمەڵەی ئێران، کۆمەڵەی ئەم دیوو ئەودیو و یەکێتی نێشتمانی چۆن بوو؟
**سالار:** زۆر زۆر باش بوو، ئێمە پێوەندیمان زیاتریش لەوەوە دروست بوو، کەشەهید دوکتور جەعفەر، لەگەڵ کاک برایم [کاک ساعید] لەوێ بوون،

لەگەڵمان بوون. ئەو کاتە کە لە ئێران و ئێراقیشەوە پەلاماریان دەدایـن، ئەوانە لەوێ بوون. ئەوە بوو دوکتور جەعفەر لەوێ نەخۆشخانەی کردبۆوە، یانی وەکوو هاوڕێ بووین، هاوڕێ لەبڕیارڕدا، هاوڕێ لە هەمووشتێکدا، زۆر نزیک بووین. لەبەر ئەوە هاوکاریمان زۆربوو، بۆیە ئێمە هەمیشە هەوڵی ئەوەماندەدا، بۆئەوە ئەوان خۆیان دروست کەن و بێنە پێشەوە و دیاربن.

**مەلەکە:** ئێوە دیاریتان کردبوو، کامە واحیدی چەکداری ئێوە لەگەڵ کۆمەڵە هاوکاری بکات؟

**سالار:** ئێمە دیاریمان نەکردبوو، بەڵام ئەو کاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەش بووم. بڵێین دەستەیەکمان دیاری کردبێت، بۆ ئەوەی کە تایبەتی بێت و ڕابیتەی تایبەتی هەبێ لەگەڵ کۆمەڵەدا، لەڕاستیدا وانەبوو. ئێمە هەر هەموومان پێوەندیمان هەبوو. وەک گوتم چ لەڕووی شەخسی، چ وەکوو مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پێوەندیمان هەبوو.

**مەلەکە:** من ئەو دەورانە لە مەریوان بووم، جا نازانم جەنابتم نایەتە بیر، بەڵام بەڕێزان بەکری حاجی سەفەر، مەلابەختیار، حەمەی حاجی مەحموود و شەوکەتی حاجی موشیرم لەبیرە. ئەمانە زۆرتر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بەشەی کۆمەڵەدا لە مەریوان بوون. کاک فوئاد ئاشنایی و تێکەڵ بوونی زۆرتری لەگەڵ ئەواندا بوو، بە سەرنجدانی ئەو تێکەڵییەی کە کاک فوئاد لەگەڵ ئەوان بووی، چۆن بوو برایم جەلال دەستنیشان کرا کە لەو سەفەرەدا لەگەڵ کاک فوئاد لە بانەوە بچێت بۆ مەریوان؟

**سالار:** لەڕاستیدا من ئاگاداری ئەوە نیم. بەڵام هەر ئەوەندە دەزانم جاری وا هەبووە دەستەیەکی پێشمەرگەی لای ئێمە، ڕابیتەکە وابوو، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە بڵێین لە ئێران کە ئینقلاب ببوو، خەڵکێکی زۆری پێشمەرگەی ئێمە ڕوویکردبووە ئەو دیوو. ئیدی وەک بڵێین ئەو پێشمەرگەیە تۆزێک ئازادی وەرگرتبوو، کە بۆخۆی دەیتوانی لە شوێنێکەوە بڕوات بۆ شوێنێک، بۆ خۆشی دەیتوانی بڕوات هاوکاری هەر لایەک بکات، لە هەرشوێنێکەوە بیکات. هێندێکیشی ئێمە خۆمان پێمان دەگوتن ئێوە بڕۆن هاوکاری ئەو برادەرانە بکەن، فێری ئەوەیان کەن چۆن چەک بەکاردێنن، فێری ئەوەیان کەن چۆن

شەڕەدەکەن، چۆن پێشمەرگایەتی دەکەن، چۆن شەڕی پارتیزانی دەکەن، زۆر لەو دەستانەش ئێمە خۆمان دەمان ناردن. جا لە زیمنی ئەوانەشدا کاک برایم جەلال وەک کەسێک کە پێشمەرگە بوو، لە بەری قەراخ بوو، واحیسابکرا ئەویش شارەزایە، نەک ئەوە دەستەکان کەم بوویێت، تۆ گەڕابی کێ باشترینە ئەوە بنێری. نەخێر، دەستەکان زۆر زۆر بوون، نێردرابوون، یان خۆیان چووبوون. لەڕاستیدا، ئیدی من ئاگاداری ئەوە نیم لەوەی کێ ئەوی هەڵبژاردووە، وە چۆن بووە. ئەوە من نازانم.

**حیشمەت:** یەک پرسیار کاک سالار، تۆ خۆت کتێبەکەی برایم جەلالت خوێندۆتەوە؟
**سالار:** نەخێر من کتێبەکەی ئەوم نەخوێندۆتەوە، نەمویستووە بیخوێنمەوە.

**حیشمەت:** وەختێک باسی ئەم مەوزووعە دەکات، باسی گەڕانەوەی لە لقی دووی کەرکوک دەکات، کە گۆیا لەوێ موشکیلە پێشهاتووە و شەهید سیروان تاڵەبانی شەهید دەبێت، کە ئامر هەرێم دەبێت. ئەوکات ئەو خۆی سامان گەرمیانی دادەنێ بە ئامرهەرێم، ئەوە دەبێ بەموشکیلە لەناو جەماعەتدا. لەگەڵ کەسێک بەناوی کاک سۆران کە بەرپرسی سیاسی بووە، دێنەوە بۆ ئەوە کە حەلوفەسڵی ئەم موشکیلە لە ناوەندی بکەن. کەسێک بەناوی ئەنوەر کە لە قەراخ دەبێت، نامەیەک بۆ مام جەلال دەنووسێت، شکایەت لە برایم جەلال دەکات، کە کردەوەکانی زۆرخراپ و ناشیرین بووە. گۆیا ئەو نامە بە جەنابت دراوە و تۆ ئەو نامە دەبەیە لای مام جەلال، لە بەر ئەوە ئەو بەجۆرێک دەسبەسەرکراوە و دەڵێن دەبێ لێکۆڵینەوە بکرێ. ئەویش دەڵێ من لەوێ بووم و بێکاربووم، بۆیە مامجەلال بانگی کردم و منی نارد بۆ یارمەتی هاوڕێیانی کوردی ئێران.
**سالار:** وەڵڵاهی من ئەوەندە دەزانم برایم جەلال لە بەری قەراخ بوو، پیاوێکی ناسەرکەوتوو بوو. ئەو نامەیە، ئەو برادەرانەش هەموو گلەییان لێبوو، خوا لێخۆش بێت، مامۆستا ئەنوەرمان پێدەگوت، خۆی ناوی ڕەشیدە، مامۆستا ئەنوەریش یەکێک بوو لەوانەی شتی لەسەر نووسیبوو. هەموویان شتیان لەسەر نووسیبوو، کە ئەم پیاوە بە کەڵکی ئەو ناوە نایەت. هاتبۆوە ئەوێ و ئێمە وەک مەسئولی ئەو هەقی ئەوەمان بوو بانگی بکەین و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەین.

من لە ڕاستیدا کتێب زۆر دەخوێنمەوە، بەڵام کتێبی ئەو ناخوێنمەوە، چوونکە دەزانم کتێبەکانی هەموو ناڕاستن، یانی حەتتا لەسەر ئەو حادیسەیە بنووسێت، کە لەگەڵ شەهید فوئاد بووە، من بڕوای پێناکەم. بەڵام ئەوەندەی ئێمە دەزانین و خەبەرمان هەیە، وەختی خۆی ئێمە لە ناو ڕووداوەکاندا بووین و تەحقیمان کردووە، ئەمە ئاوابوو. ئیدی لەگەڵ کاک فوئادا بووە و شەهید فوئاد ئەمانەت بووە لای ئەم پیاوە. ئەم بە حیساب شارەزایە بۆیە شەهید فوئاد لەگەڵیدا ڕۆیشتووە و مەفرووزە پارێزگاری لێبکات. لە کاتێکدا تووشی ئەو موشکیلەیە بوون، کەمینیان بۆداناون، شەڕیان بووە، شەهید فوئادی بەجێهێشتوە. لەبەر ئەوە هەموو خەڵک و پێشمەرگەو سەرکردایەتی هەموو دەیانزانی برایم جەلال وەکوو جەوهەرەکەی خۆی، پیاوێکە لەهەموو شوێنەکان ناسەرکەوتوو بووە، لەمەشدا ناسەرکەوتوو بوو و نەیتوانی کاک فوئاد بپارێزێت. وەکوو چۆن توانی خۆی دەرباز بکات، دەشیتوانی کاک فوئاد دەرباز بکات.
لەبەر ئەوە وەک کەسێکی مەرمووز تەماشا دەکرا دوای ئەوە. وەک کەسێکی بێزار تەماشا دەکرا. وەک ئەوەی کە ئەمە پیاوێکی ترسەنۆکە، ئەمە نەیتوانی کە کاک فوئاد بپارێزێت. بەڕاستیش وابوو، دەیتوانی، با هەردووکیان لەگەڵ ئەو شەهید بوونایە. دەیتوانی، بەڵام بەداخەوە کاک فوئاد ئەو پیاوەی بۆ دەرچوو کە لەگەڵی بکەوێت.

**مەلەکە:** من لەگەڵ شێخ عوسمان قسەم کردووە، دەڵێ ئاوا بووە، کە برایم جەلال یان ناسێح (کوڕی شێخ عوسمان) یەکێک لەو دوانە لەپێشەوە بووە، دوایە کاک فوئاد، تەهموورس (کە ئەویش لەوێ شەهیدبوو) و دوایەش شێخ عوسمان بووە. دەڵێ تەقە بەرزبووەوە، ئیدی برایم جەلال و ناسیح نەمان. هەر ڕۆیشتن، دەڵێن ئیدی هەر ڕۆیشت! ناسێح پێشمەرگە نەبووە، لاوێک بووە، بەڵام تۆ کە مەسئولییەتی نیزامیت هەیە، ئەوە ئیدی...؟
**سالار:** ئێمەش وامان بیستووە ئەو پیاوە بەوە ناسراوە، بۆیە هاتووە ئەوان فێربکات، کەچی خۆی لەپێش هەموو کەسەکان هەڵاتووە؟! مەعلووماتی ئەو کاتی ئێمە لەسەر شەهیدبوونی کاک فوئاد هەر ئەوە بوو.

**حیشمەت:** جا بەبڕوای من یەکێک لە بەد شانسیەکان ئەوە بوو، بەڕاستی هەر

یەکێک لە پرسیارەکانمان ئەوە بوو، کە چۆن بوو برایم جەلال ناردرا؟! چونکوو مەسەلەن ئێمە دەمانزانی، کاک بەکری حاجی سەفەر ئێمە دڵنیابووین ئەو ئاوا وێڵی ناکات، مەلابەختیار ئاوا وێڵی ناکات، (سالار" هیچ کەسێک")، یان جەماڵی حەمەی خواکەرەم کە بە باشی دەیناسی و زۆریش دۆستایەتی هەبوو، دەیزانی ئەم کابرایە کێیە، ئاوا وێڵی نەدەکرد. لەم چەند ڕۆژەدا بۆم دەرکەوت، کە ئەو کاتەی کاک فوئاد دەگەڕێتەوە بۆ مەریوان، بۆ بەدشانسی کاک بەکر لەوێ نابێت. دەنا من دڵنیام کە مەفرەزەیەکی تری لەگەڵ بوایە، کەسێکی تری لەگەڵ بوایە، جۆرێکی تر بیردەکراوە. جابۆیە پرسیارەکەم ئەوە بوو، کە ئایا شتێکی تایبەتی بوو، کە برایم جەلال هەڵبژێردرابوو. یان ئەوە هەر بەڕێکەوت.
**سالار:** ڕەنگە هەر بەڕێکەوت بووبێت، چوونکە ئینسان زۆر جار پێشبینی ئەوەش ناکات چی ئەبێت، لە پڕێکدا ئەوە ڕوویداوە، مەعلووماتیان هەبووایە، بیان گوتایە وەڵا ئەوە لەوێیە ئاگادارین، ڕەنگە شتێکی تر بوایە، ڕەنگە هەر نەڕۆیشتنایە.

**مەلەکە:** ئێوە دوای چەندێک بیستان کاک فوئاد شەهید بووە؟
**سالار:** حادیسەکە پاش نیوەڕۆبوو، وانیە؟

**مەلەکە:** ئەوە یەک لەشتەکانە کە فەرقی هەیە، برایم جەلال دەڵێ "عەسربوو ئەم حادیسە پێش هاتووە"، شێخ عوسمان خالیدی دەڵێ" دەوروبەری سەعات دەی بەیانی".
**سالار:** ئێمە بیستوومانە پاش نیوەڕۆ ئەم وەختانەبوو.

**مەلەکە:** لە ئێران سەعات دووی دوای نیوەڕۆ، هەواڵی ڕادیۆی تارانە. ئەو کاتە خەبەری شەهید بوونی کاک فوئادی بڵاوکردەوە، ڕادیۆی تاران. ئێمە خەبەری ئەو ڕۆژەمان بەدەنگ هەیە.
**سالار:** دیارە بەیانیەکەی بووە.

**مەلەکە:** پرسیارێکیترمان ئەوەیە، کە ئایا ئێوە ئەمەتان وەک پیلانێکی جمهوری ئیسلامی هاتە بەرچاو، یان وەک ڕووداوێکی بە هەڵکەوت؟

**سالار:** ئەو کاتە، تا ئەم لەحزەیەش کە من ئەم شتانەم لە خەیاڵدایە، وەک هەڵکەوت، نەک بڵێی وەک لایەنێک (پلانی بۆ دانابێت). وامان بیستبوو لەڕاستیدا.

**حیشمەت:** دەزانی ئەو پرسیارە بۆ ئێمە زۆر جێگەی سەرنجە کاکە. لە دوای بڕیارەکەی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژ، کە دەکاتە ١٩ی مانگی هەشتی ١٩٧٩. لە ڕۆژی ١٩ەوە تا ٣١ی مانگی هەشت (ڕۆژی شەهیدبوونی کاک فوئاد)، فاسلەیەکی وا نییە؛ دە دوازدە ڕۆژە، هێزەکانی جمهوری ئیسلامی حەتتا لە ناو شارەکاندا بەدۆشکاوە دەگەڕان، یانی هەستیان بە ئەمنییەت نەدەکرد، جادەکان هێشتا نەگیرابوونەوە. پایەگا و مەقەڕەکان هێشتا دانەندرابوونەوە، بەڵام لە کتوپڕێکدا ستوونێکی ئەرتەش دێت و دەچێ بەرەو پاسگای بستام، چەند جار هاتوچۆ دەکەن، هێلیکۆپتێڕ لەوێ هێز دادەبەزێنێت. لەوە دوا ئەو شەڕەیان تووش دەبێت، ئەوەیە کە ئێمە لەو بڕوایەدا نین، کە ئەوە لە کتوپڕێکدا ئاوا بووبێت. چۆن ڕژیم بەوەی زانیبێت، ئەوەی نازانم، هەر ئەو جارەش بوو، خۆ دوای ئەوان ئەو جادە نەگیراوە، وانەبوو موستەقەڕ ببن لەوێ، یانی عەمەلیاتێک کرا، تەنها ئەو کارەیان کرد لەوێ و گەڕانەوە.

**سالار:** بەڕاستی من ئەوەی کە دەیزانم هەر ئەوەندە بوو، ئەو کاتە کە لەوێ بووین، تەسەورمان کرد ئەمە شتێک بووە. کە کەمینێک هەبووە لە سەرجادەکە داندراوە، باشە بە ڕێکەوت ئەو پێوە بووە، ئێمە وامان دەزانی. بەڵام مومکینە وەک خۆت دەزانی ئەو کاتە کوردیش بوو لە ژێرەوە پێوەندی بەوانەوە هەبوو. باشە هەشبوون کاکە، بەخوا ئێمە چووینە ئەو مەریوانە خەریکبوو چاویان دەردێنایین، ئەوەندەیان ڕق لە ئێمەبوو، بەتایبەت بەعزێکیان سەربە سپا بوون، بەعزێکیان پارتی بوون، مومکینە ئەوانە خەبەریان دابێت، قیادەی موەقەتەبوو.

**مەلەکە:** هەر ئەوە نییە کە دەرگیریەکە چۆن پێشهاتووە، بە دوو جۆر باس دەکرێت. مەسەلەن برایم جەلال لە کتێبەکەیدا دەڵێت "هێلیکۆپتەڕ هاتووە هێزی دابەزاندووە". شێخ عوسمان دەڵی"ماشینەکان هاتن، ڕۆیشتن، دوای تۆزێک گەڕانەوە"؟

**حیشمەت:** شێخ عوسمان دەڵێ چەند ماشێن ڕۆیشتنە پاسگاکە، دوایە

دەگەڕێنەوە، لەو شوێنەی پێشمەرگەکانی لێیە، دەوەستن و تەقە دەستپێدەکات. دوای کارەساتەکە کوڕەکانی کۆمەڵە لەو ناوچەیە، لە کابرایەک مەشکوک دەبن، چوون بیگرن. دەرچوو ئیدی نەهاتەوە کوردستان؟ ئەو کابرا سەردەمی شا چریکی ژاندارمەری بووە، هەروەک جاشی ئێرە وابوون، چەکداربوون، ئەوانە سەد ڕژیم و حکوومەت بگۆڕییایە، هەر لەگەڵ حکوومەت دەبوون. ئەم کابرا بە کاک فوئاد و ئەوانی زانیبوو. ئەوە خۆی دەتوانێت بەڵگەیەک بێت.

**سالار:** پاسگاکەش نزیک بوو، پاسگاکە خۆی لەودیوەوە بوو، بۆ خەبەردان و ئەوانە ئاسان بوو، زۆر ئاسان بوو، پیاوی خراپی زۆر تێدابوو مەریوان، ئەو ماوەیەی ئێمە لەوێ بووین، چەند ڕۆژێک لە ڕاستیدا، یانی ئێمە وامان لێهاتبوو نەمان دەهێشت پێشمەرگەکانمان بچنە ناوشار، ئەوەندە دژایەتیان دەکردین، بۆیە زۆر واریدە ئەوەش بووبێت.

**مەلەکە:** سەرکرادایەتی ئەو دەمی یەکێتی و کۆمەڵە هیچ شتێکتان لە برایم جەلال پرسی دوای ئەوە کە هاتەوە.

**سالار:** شتمان لێ پرسی، بەڕاستی لەسەر ئەو شتانە کەس موحاسبە (لێپرسینەوە) نەکراوە، تۆ ناتوانی کابرایەک، باشە لەسەر ئەوەی ترسەنۆکی، لەسەر ئەوەی شەڕێک بووە شتی پێ بڵێی، ئەویش موبادراتی خۆی دێنێتەوە. شتەکە لەپڕ بوو. ئاوا بوو، کەس ئاگای لە کەس نەمابوو. تەقەیان لێدەکردین، ئێمەش کەم بووین، نەماندەزانی و ئاوا ئیدی خۆ چی لێدەکەی. بە تەکید لێمان کۆڵیوەتەوە، کاک فوئاد بێجگە لەوەی وەک ڕەفێق، هەموو زۆر زۆر خۆشمان دەویست، ئیدی بەڵام چی لەگەڵدا بکەی؟!

**حیشمەت:** جا ئەو خۆی لەو کتێبەدا باس دەکا، دیارە زۆر تووڕەیە، دەڵی کاک سالار لە من مەشکوک بووە، یانی لەوە کە نەقش ودەوری ئەو چی بووە. بەڵام موهیمترین شت ئەوەیە کە ئەو دەڵێ سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و لە ڕەئسیەوە تۆ، دەڵێ کاک سالار بوو کەوت بەڕقدا لێم لەسەرئەم مەسەلە، منیان لە هیچ شتێکدا بەشداری نەدەدا.

**سالار:** ڕاستە هەمووشتێک ئێمەبووین. ڕاستە.

**حیشمەت:** بەڵام لێرەدا یەک مەسەلەی عومدە باس دەکات، کە ئەوە بۆئێمە زۆرگرینگە؛ دەڵێ سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتی لە من وەها عاجزبوون، بووە هۆی ئەوە کە ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ نامەیەکی تەبرەئە بۆمن بنووسن. بڵێن کە ئەم لە هیچ ڕووداویکدا دەور و نەقشی خراپی نەبووە و زۆر جێگای باوەڕی ئێمەیە، شتی وا ئەسڵەن بووە؟

**سالار:** نەخێر، قەت قەت. دوای ئەوە ئەو پیاوە خۆی نەگرتەوە، بوو بە پیاوێکی ڕەزاقورس لای هەموو کەسێک لەناو پێشمەرگەدا، جا ئەم پیاوە کە کاک فوئادی بەکوشتدا، پیاوێکی ترسەنۆکە.

**حیشمەت:** بەڵام ئەسڵی مەوزوع، نامەی وا، یان شتی وا هەبووە؟

**سالار:** نەخێر. کاک بەختیار بیری باشترە، دەکرێ لەویش بپرسن، من شتی وام نەبیستووە.

**مەلەکە:** ئێمە هەوەل جاربوو بیستمان، لەو کتێبەی ئەوەوە. ئەو باسی جەنابت دەکا، دەڵی کاک سالار عەزیز ئەوەندە بەرخوردی لەگەڵ من کرد و منی نەدەدواند و عەزیەتی دەکردم، بووبە باعیس ئەوە ناوەندی کۆمەڵە، نامەی بەرائەتیان دا بە من. دەڵێ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ داوای کردۆتەوە، چوونکە من ئەوەندە باشم و ساحەب سەڵاحییەتم، داوایان کرد من بڕۆمەوە یارمەتیان بدەم. دیسان بۆ کار و تێکۆشان.

**سالار:** ڕاست ناکات.

**حیشمەت:** دوایین پرسیار، بەگشتی تۆخۆت کاک فوئادت دی، دانیشتن و ئاشناییت بوو لەگەڵی؟ ئەگەر شتێکت لەبیر بێت، هەر حەز دەکەم باسی بکەیت.

**سالار:** کاک فوئاد، تەبعەن ئەو برادەرانەی دیکەمان لە پێشدا دەیان ناسی، وەک شەهید جەعفەر (دوکتور عەزین)، وەک کاک ساعد و دواییش برادەرانیتر، کاک عەبدوڵڵا. لەڕاستیدا من کاک فوئادم بینی یەکسەر کاک ئارامم [شەهید ئارام] بیرکەوتەوە. کاک فوئادم بینی بەجامانەیەکەوە، کە نەشیدەزانی چۆنی دەبەستێت، باشە ئاوا بینیم. زۆر پیاوێکی بەسیت و سادە؛ یانی تەسەورم


نەدەکرد پیاوێکی ئاوا، ئەم پیاوە سکرتێری کۆمەڵەیە، بەڕاستی ئەوەندە خاکی و بەسیت بوو.

زوو زوو یەکترمان دەبینی، دانیشتن و قسەمان کردووە، بیروڕامان گۆڕیوەتەوە، باسی دنیا و باسی کۆمەڵەی ئێمە و ئەوان و چیان دەوێ و ئەوانە. لەوانە هاوکاری و دانیشتن و ئەوانەمان زۆر بووە. ئەو کاتانە بە تایبەتی یا ئەوان دەهاتن، یان ئێمە دەچووین بۆ لایان، لەو شتانەمان زۆربووە.

**مەلەکەو حیشمەت:** دەی زۆر باشە، زۆر مەمنون، زۆر سپاس.

❊❊❊❊

مەلەکە و حیشمەت ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.



# وەڵامی کاک سەید برایم عەلیزادە
# بە چەند پرسیاری مەلەکە مستەفا سوڵتانی

**(مانگی شەش ٢٠١٣)**

**پرسیار:** کەی لەگەڵ کاک فوئاد ئاشنا بوویت و دەستپێکی کاری سیاسیتان پێکەوە چۆن بوو؟

**وەڵام:** کاری سیاسی هاوبەشی کاک فوئاد و من دەمێک پێش ئاشنابوونمان لەگەڵ یەکتر دەستیپێکردبوو. من لە هاوینی ساڵی ١٣٥٢[١٩٧٣] بووم بە ئەندامی کۆمەڵە. هەر لەو کاتەوە دەمزانی کە هاوڕێیەکمان هەیە دەوری گرینگی لە رێکخراوەکەماندا لە ئەستۆیە. ئەو کات کاک فوئادم بە ناوی نهێنی "لەرزۆک"

دهناسی. کاتێک کاک فوئاد ساڵێک دواتر کەوتە زیندانی شا، من کە دەمزانی ژمارەیەک لە هاوڕێیانمان گیراون و گیرانەکەی کاک فوئادیش لە سنە و مەریوان دەنگی دابووەوە، بە قەرینە دەمزانی کە "لەرزۆکی" هاوڕێم هەر دەبێ "فوئادی موستەفا سوڵتانی" بێت کە گیراوە. لە ڕەوتی مانگرتنی زیندانیانی شاری سنە لە خواردندا کە کاک فوئاد ڕێبەرایەتی دەکرد، بە یەقین زانیم کە فوئادی موستەفا سوڵتانی لە دامەزرێنەران و ڕێبەرانی ریزی یەکەمی کۆمەڵەیە. ئاشنابوون و دیداری من لەگەڵ کاک فوئاد لە کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵە لە شاری نەغەدە، پاییزی ساڵی ١٣٥٧ [١٩٧٨]دا بوو. هەر لە یەکەم سەعاتی ئاشنابوونمان کاک فوئاد بۆ من وەکوو هاوڕێیەک بوو کە دەمێک ساڵ بوو دەمناسی. ئەویش بێ سێ و دوو، پێوەندیەکەی لەگەڵ من و باقی هاوڕێیانی دیکەش کە تازە لەگەڵیان ئاشنا ببوو، وەها سەمیمانە کردەوە کە هیچ کاممان هەستمان بە هیچ چەشنە نامۆییەک لەگەڵی نەدەکرد. لە یەکەم دەقیقەی ئاشناییماندا زۆرانی لەگەڵ گرتم و لە ماوەی کەمتر لە دەقیقەیەکدا پشتی لە عەرزدام. هەڵبەت ئەوە زۆر هونەر نەبوو، چونکە ئەوکات من تەنیا ٤٩ کیلۆ کێشم هەبوو. کاری سیاسی هاوبەشی کاک فوئاد و من لەم کۆنگەرە بە دواوە چووە قۆناغێکی دیکە. لەو کۆنگەرەیەدا هەردووکمان وەکوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردراین و بەم بۆنەوە پێوەندییەکەمان بەردەوامتر بوو.

**پرسیار:** لە کۆنگرەی یەک دا بێجگە لە بەحسی نەزەری و تەحلیلی لە سەر کۆمەڵگای ئێران و کوردستان، کاتێکی زۆر لە سەر چەند و چۆنی کاری ریکخراوەیی و بەکردەوە دەرهێنانی ڕێبازی سیاسی ئەوکاتی کۆمەڵە، تەرخان کرا. ئایا ئەو کارە پێویست بوو؟ ئایا کۆنگرەی یەک لەو بوارەدا سەرکەوتوو بوو؟

**وەڵام:** ڕێکخستنی کۆمەڵە لە ساڵی ١٣٥٣[١٩٧٤] ەوە کە بەشی هەرە زۆری سەرکردایەتییەکەی کەوتە زیندان، بەکردەوە بەسەر دوو بواردا دابەش کرابوو. بورای فەعالییەت لە ناو زیندان و فەعالییەت لە دەرەوەی زیندان. هاوڕێیانی ئێمە لە زیندان دوای ئەوەی بە موقاومەتێکی قارەمانانە ڕۆژانی سەختی ئەشکەنجە و لێپرسینەوەیان لە زیندانی "کومیتەی هاوبەش"ی ساواک و شارەبانی تێپەڕ کرد، بردیاننە زیندانی قەسر. لە زیندان ئەولەوییەتی هاوڕێیان ببوو بە ساغ

کردنەوەی فکری و سیاسی و تەشکیلاتی خۆیان لە ناوەوەی زیندان و هەروەها ناردنی پەیام و راپۆرت لە سەر وەزعی خۆیان بۆ دەرەوەی زیندان. ئەم هاورێیانە بە رێبەری کاک فوئاد کاتی زیندانی بوونیان بە فیرۆ نەدەدا و بۆ ئەو مەبەستانە دەورەیەکی هەڵسووڕاویان تێپەڕ کرد. کاتێک کە دەرگای زیندانەکان لە ژێر فشاری خەباتی جەماوەردا کرانەوە، هاورێیانی ئێمەش ئازاد بوون و لە یەکەم دەرفەتدا هەوڵی بەرێوەبردنی یەکەم کۆبوونەوەی گشتی کادرەکان درا کە دواجار ناوی لێنرا "کۆنگرەی یەکەم". کۆڕی هاورێیانی زیندان کەم و زۆر بەگشتی و لەسەرووی هەمووشیانەوە کاک فوئاد لە رادەی چالاکی هاورێیانی دەرەوەی زیندان ناڕازی بوون. ناڕازی بوونەکە بە تایبەت دوو بواری هەڵسووڕانی ئێمەی دەگرتەوە. یەکیان دواکەوتنی ئەندامانی سەرەوەی کۆمەڵە لە بوون بە کرێکار و بە هەڵبژاردنی ژیانی پیشەیی سیاسی؛ دووهەم، کەم کاری لە بواری خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخێکی نوێی سیاسی کە لە ئێراندا هاتبووە کایەوە، مەترسی ئەوە دەکرا کە کۆمەڵگای کوردستان کە ببوو بە مەکۆی سەرەکی فەعالییەتی ئێمە لە بزووتنەوەی سەراسەری دژبە رژیمی شا، وەدواکەوێت. کۆنگرەی یەکەم زۆر لەسەر هۆکارەکانی کەم کاری و وەستانێک کە لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٣ تا ١٣٥٦ [١٩٧٦-١٩٧٤] لە ریزەکانی کۆمەڵەدا پێکهاتبوو، پێداگری کرد و لە رەخنە و کەم و کووڕی یەکە بە یەکەی هاورێیانی بەشدار لە کۆنگرە بە تایبەت هاورێیانی دەرەوەی زیندانی کۆڵییەوە.

هێشتا کۆنگرەی یەکەم لە شاری نەغەدە تەواو نەببوو کە هەواڵمان پێ گەیشت تووتن کارانی شاری بانە ئەو ساڵە بڕیاریان داوە، توتنەکەیان بە دەوڵەت نەفرۆشن. ئەوە سەرەتای موقاوەمەتێک بوو لەو ناوچەیە. کاک فوئاد داوای کرد کە کۆنگرە دوابخەین و هەوڵ بدەین ئەو حەرەکەتە بە سەرکەوتن بگەیەنین و بۆ ئەو پێشنیارە هەموومانی بە قەناعەت گەیاند. کاک فوئاد بەو دووربینییەی کە هەیبوو، دەیزانی کە رێکخراوەی ئێمە دوای ئەو هەموو رەخنە و رە-خنە لەخۆیە، تەنیا کاتێک بڕوا بەخۆی بەدەست دێنێتەوە و دەبووژێتەوە کە راستەوخۆ دەوری هەبێ لە بەرەوپێش بردنی حەرەکەتگەلێکی خەباتکارانەی دیاریکراو. لە راستیدا کاک فوئاد خۆی هەر لە دوایین رۆژەکانی زیندانی سنەوە و دوای ئازادبوونی لە زیندانی تا گەڕانەوەی بۆ "ئاڵمانە" و تا کاتی گیانبەخت کردنی هەر ئەو جیهەتەی تەعقیب دەکرد. بەهەر حاڵ، کۆنگرەی یەکەم بۆ ماوەی ١٥

ڕۆژ دواخرا و ئامانجی دواکەوتنەکەش وەدی هات. درێژەی کۆبوونەوەکە ١٥ ڕۆژ دواتر لە شاری سنە بەڕێوەچوو. ڕەخنەکان لەم و لەو بەردەوام قووڵتر دەبوونەوە و لە ناوەڕاستی کۆبوونەوەکاندا بووین کە کاک فوئاد داوای کرد بۆ ماوەی ٢٤ سەعات پشوو بدەین. کاک فوئاد دواجار وەکوو ڕەخنە لە خۆ پێی گوتین کە لە ئاکامی ئەو ڕەخنانەی کە تا ئەوکات هاتبوونە گۆڕێ، تووشی جۆرێک لە بێ هیوایی بۆ کار کردن لەگەڵ ئەو جەمعە هاتووە و بیری لەوە کردووەتەوە کە بچێتەوە مەریوان و لەوێوە لەگەڵ کۆڕێک لە هاوڕێیانی تازە کە هەیبوو، بناغەی کارێکی تەشکیلاتی تازە دابمەزرێنێتەوە. هەروەها ووتی کە ئەم ٢٤ سەعاتەی بۆ بیرکردنەوە لەم دوو دڵییەی کە بەسەریدا هاتبوو، تەرخان کردووە. بەڵام لە ئاکامدا، بەوە گەیشتووە کە ئەگەر وەها بڕیارێکی دابا، تووشی هەڵە دەبوو و ئەو جەمعەی کە ئێستا لە دەوری یەکتر کۆبوونەتەوە، ئیمکانی بووژاندنەوە و سەرهەڵدانەوەیان هەیە و دەتوانن خۆیان لەگەڵ بارودۆخی تازەی کۆمەڵگا بگونجێنن. کاک فوئاد ڕەخنەی لە خۆی گرت کە حەق وانەبوو تا ئەو ڕادەیە بە هاوڕێیانی بێباوەڕبێت. ئەوە هەستیارترین کاتی کۆنگەرەی یەکەم بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەیەک لە هاوڕێیان بە پێی ڕەخنەکان سزا درابون، سەرجەمی کۆنگرە شوور و شەوقێکی تازە پێکهێنا و هەمووان ئامادەیی خۆیان بۆ کاری جیددی و پڕاوپڕ بە یەکگرتوویی‌یەکی نوێوە ڕاگەیاند.

بوارێکی دیکەی گرینگی کاری کۆنگرە بریتی بوو لە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی تازەی ئێران. هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم باسەوە ئاشکرا بوو کە مەعلوومات و ئامادەیی پێویست بۆ بە سەرئەنجام گەیاندنی ئەم باسە لە ناو ئەندامانی کۆنگرەدا پێک نەهاتووە و لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرەتاکانی جۆرێک لە جیاوازی بۆچوونەکان دیاربوون، کۆنگرە نەیدەتوانی بڕیارێکی نیهایی لەم بارەوە بدات. کاک فوئاد پێشنیاری کرد کە ئەم باسە بە کراوەیی بمێنێتەوە و لای وابوو کە جارێ ئەولەویەت بریتیە لە بەشداری ئاگاهانە و ڕێبەری کردنی دروستی ئەم خەباتە جەماوەرییەی کە دژی ڕژیمی شا لە ئارادا بوو.

بەم روون کردنەوەیە کە باسکرا، دەتوانم بڵێم کە ئامانجی سەرەکی کۆنگرەی یەک، دانی ئینسیجامێکی نوێی تەشکیلاتی بە ریزەکانی کۆمەڵە، پێکهێنانی وەحدەت و بووژاندنەوەی بڕوا بەخۆ و بڕوا بەیەکتر لە ناو کادرەکاندا بوو کە

تێیدا سەرکەوتوو بوو. هەر لێرە ئەوەش بڵێم کاک فوئاد کە خۆی تیژترین ڕەخنەکانی ئاراستەی ژمارەیەک لە هاوڕێیان کردبوو و تەنانەت هەر خۆی داوای سزای تەشکیلاتیشی بۆ کردبوون، هەر خۆیشی یەکەم کەس بوو بۆ یارمەتیدانیان لە پێناوی دور نەکەوتنەوە، هەستانەوە سەر پێ و بووژاندنەوەدا. هەڵسووکەوتی کاک فوئاد لەم بارەوە لام وایە بۆ هەمووان لانیکەم لەوانە بۆ من گەلێک دەرسی تێدا بوو.

**پرسیار:** بەهار و هاوینی سالی ١٣٥٨ [١٩٧٩] لە مەهاباد کونفرانسی ڕێکخراوەکەتان هەبووە (ئەڵێن کۆبوونەوەکە لە ماڵی ئێوە بووە) باسەکانی ئەو کونفرانسە چیبوو؟ لە بەر چی لە هیچ شوێنێک بەڵگەنامەی ئەو کونفرانسە بڵاو نەکراونەتەوە؟ پێتوایە هۆکاری چی بوو کە نەواری قسەکانی کاک فوئاد لە 'جەمعییەتی مەهاباد' بڵاو نەکرایەوە لە ناو تەشکیلات دا؟

**وەڵام:** قسەوباسەکانی ناو ئەو کۆنفرانسە دیاریکراوە و هەموو کۆبوونەوەکانی ئەو ماوەیەی ڕەهبەری و کادرەکانی کۆمەڵە لە ماوەی ئەو یازدە مانگەی کە کاک فوئاد لە ژیاندابوو، لە دەوروبەری ڕاپەڕاندنی ئەرک و گیروگرفتە عەمەلییەکانی بزووتنەوەی جەماوەری بوو. بە تایبەت کە دوای هاتنەسەرکاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە ڕۆژانی هەوەڵەوە هەست بە مەترسی گەورە دەکرا و ئەولەویەتی هەموو کۆمەڵە ببوو بە ئامادەکاری بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە پێشبینی دەکرا لەڕێدا بن. بۆ نمونە لەو کۆبوونەوەیەدا بوو کە کاک فوئاد ووتی ئامادەگییەک لە ئاستی جەماوەریدا لە نیو خەڵکی شاری مەریوان و سنە بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ تەحریکاتی پاسداران پێکهاتوە کە پێویستە بەباشی ڕێکبخرێت. لەبیرمە چەند پەیامێک کە لەم بابەتەوە لە مەریوانەوە گەیشت، وایکرد کە کاک فوئاد ئیجازە لە کۆبوونەوەکە بخوازێت و بەخێرایی بەرەو ناوچەکە بگەڕێتەوە.

هیچ بەڵگەنامەیەک سەبارەت بەم کۆنفرانسە لە ئارشیوی ئێمەدا نییە. لەوانەیە لە جێگایەک هەبێت کە من ئاگاداری نیم. بەڵام دەزانم کە بابەتگەلێکی وەکوو: داهاتوو و ئیدامەکاری ڕێکخراوەکانی یەکیەتی جووتیاران، جەمعییەتەکان، هەڵوێست بەرانبەر بە حیزبی دێموکرات، چەک پەیداکردن و ئامادەکاری بۆ موقاوەمەتی چەکدارانە باسیان لێکرا. هەروەها دەزانم کە لە ماوەی ئەو یازدە

مانگەدا کە باسمان کرد، هیچ بابەتێک سەبارەت بە کێشەو ناکۆکی ناوخۆیی جیددی نەهاتە گۆڕێ و سەرجەم ئەم دەورەیە کۆمەڵە لە لایەکەوە لە ژێر کاریگەری بارودۆخی سیاسی لە وڵاتدا بوو و لە لایەکی دیکەوە لە ژێر کاریگەری ئۆتۆریتەی مەعنەوەی کاک فوئاد دا.

سەبارەت بە بڵاونەکردنەوەی نەوارەکانی کاک فوئاد لە جەمعییەتی مەهاباد، پێشداوەریەک هەیە کە ئەمڕۆکە لە لایەن کەسانێکەوە کە بەداخەوە لە ڕێبازی کاک فوئاد لایان داوە، پەرەی پێدەدرێت. بە بڕوای من هیچ عەمد و ئەنگیزەیەک لە کاردا نەبووە. ئەو بابەتانەی کە لەو کۆبوونەوەیەدا کاک فوئاد ئاماژەیان پێ دەکات سێ تەوەرەی سەرەکییان هەیە: یەکەم، کاک فوئاد هەوڵ دەدات دەرس و ئەزموونەکانی تا ئەو کاتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە تایبەت سەبارەت بە یەکیەتی جووتیارانی مەریوان و هێندێک بورای دیکە بە تێر و تەسەلی بۆ بەشداربووانی کۆبوونەوەکە باس بکات. واتە راپۆرتێکی عەینییە لەوەی کە روویداوە. دووهەم، دیاریکردنی سیاسەت و تاکتیک بەرانبەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سێهەم، پرسیار و وەڵام سەبارەت بە هێندێک مەسەلەی رێکخراوەیی کە لە ناویاندا پرسیاری "حیزبی کۆمونیستی ئیران" یان "حیزبی کۆمونیستی کوردستان" بەرجەستەتر بوو. تەوەرەی یەکەمیان جێگای قسە نییە. تەوەرەی دووهەمیان بوو بە مەبنای سیاسەتی عەمەلی ئێمە بەرانبەر بە حیزبی دێموکرات لە هەموو کوردستان. لە سەر مەسەلە رێکخراوەییەکان ئەوەی کە لەم ساڵانەی دواییدا وەکوو بۆچوونی جیاوازی کاک فوئاد قسەی لێدەکرێ، بەداخەوە بووەتە هۆی ئەوە کە کەسانێک بۆ هەڵوێست و بۆچوونی ئەمڕۆی خۆیان- کە لادانێکی ئاشکرایە لە ڕێبازی کۆمەڵەیەک کە کاک فوئاد مەبەستی بوو- لەم وتانەی کاک فوئاد بە قازانجی ڕێبازی ئەمڕۆی خۆیان کەڵکی ناڕەوا وەربگرن.

"کاک فوئاد هیچ چەشنە تەعەسوبێکی سیکتاریستی بو کۆمەڵە نەبوو و بەرژەوەندی کۆمەڵەی بە بانتر لە بەرژەوەندی چینی چەوساوە و ستەملێکراو دانەدەنا. کۆمەڵە ئیرانی بایە یان کوردستانی بۆ کاک فوئاد وەک شۆڕشگێڕێکی کومونیست ئامرازێک بوو بۆ بەرەوپێش بردن و بە سەرکەوتن گەیاندنی خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. لە سەر ئەساسی ئەو بۆچوونەیە کە کاک فوئاد لە کۆبوونەوەکەی جەمعییەتی مەهاباددا دەڵێ: "عەقیدەم ئەوەسە کە ئەساسەن

ئەشێ حیزبی کومۆنیستی ئێران بەوجوود بێت. مونتەها حەقی موسەلەمی خەڵکی کوردیشە کە حیزبی کومونیستی کوردستانی هەبێ و ئەوە تەحەولات و شەرایەتی تاریخی تەعینی ئەکا کە حیزبی کومونیستی کوردستان دروست بکا یان نەیکا." ئێمە بە پێی لێکدانەوە لە "تەحەولات و شەرایەتی تاریخی" بەوە گەیشتین کە هەر وەکوو کاک فوئاد تەئکیدی کردووە کە "ئەساسەن ئەشێ حیزبی کومۆنیستی ئێران بەوجوود" بێنین. من لاموایە لە ناو ئەو لایەنانەی کە ئەمڕۆکە بە ناوی کۆمەڵەوە فەعالییەت دەکەن ئەوە تەنیا کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)ە کە دەتوانیین بڵێین لە سەر ڕەچەڵەکی ڕێبازی کاک فوئاد ڕوواوە.

بەڵام ڕێبازی کاک فوئاد چی بوو؟ سەبارەت بە ڕێبازێک کە کاک فوئاد لە ناوەرۆکی خۆیدا لە کۆمەڵەداجێی خست، قسەیەکی زیاترم نییە لە پاراگرافێک لە وەسیەتنامەکەی هاوڕێی گیانبەختکردوو ماجید موستەفاسوڵتانی برای قارەمانی کاک فوئاد کە ڕوو لە هاوڕێیانی دەرەوەی زیندان پێش ئیعدام کردنی نووسیویەتی:

"کاک فوئاد فێری کردم کە چ بکەم لە هەستی دڵی پڕ لە جۆش و خرۆشم، کە ئوستادم لە ڕاوەستاویی و دیفاع لە ئامانجی بەرزی چینی کرێکار، شتێکیتری فێر نەکردم!

ئەمڕۆ و سبەی کە ڕەگباری گوللەی دوژمن دوور لە چاوی ئازیزان خەڵتانی خوێنم دەکا و لەش و قامەتی چنارئاسام دەدارێنێتەوە و لە خوێنی خۆم دەمگەوزێنێ، لەم ئاخرین کاتانەی ژیانم تەنیا راسپاردەم بە هاوڕێیان خەباتی نەپساوە و سەخت لە پێناوی پێکهێنانی ریزی سەربەخۆی چینی کرێکار بەشێوەیەکی رێک و پێک، پۆڵایین و دوور لە هەر چەشنە لادان بۆ رووخاندنی سیستمی سەرمایەداری و بونیادنان و بەردەوام بوونی سوسیالیزمە. بێگومان ئەم خەباتە لە ناوەرۆکدا خەباتێکە کە راستەوخۆ دژی لادانەکان و دابڕانەکان لە بنەما سەرەکیەکانی ناو رێکخراوەکەیە."

**پرسیار:** کاک فوئاد کۆمەڵێک پەیوەندی لەگەڵ حیزب و گرووهە ئێرانی و کوردستانییەکان هەبوو. ئەو پەیوەندییانە چۆن بوو؟

**وەڵام :** پێوەندیەکانی کاک فوئاد لەگەڵ حیزب و گرووپە ئێرانی و کوردستانیەکان

هیچکامیان پێوەندی شەخسی نەبوون. ئەوانە لە چوارچێوەی پێوەندیەکانی کۆمەڵەدا دارێژرابوون. کاک فوئاد لە زیندان بە هۆی موقاومەتیەوە چ ئەو کات کە لە زیندانی کومیتە بوو و چ ئەو کات کە لەگەڵ هاورێیانی تر بردیانن بۆ زیندانی قەسر، لە ناو هەڵسووڕاوانی چەپ و کومۆنیستی ئێرانیدا خاوەن ئۆتۆریتەیەکی مەعنەوەی بوو. هەر ئەو کات ئیسلامیەکانی کە لە گەلی لە زیندان بوون و دواجار لە رژیمی تازەدا بوون بە کاربەدەست، وەکوو کۆمونیستیکی بەتوانا شناسایی یان کردبوو و کینەیان لێ هەڵگرتبوو و هەر بۆیە کەسایەتی و لایەنە چەپەکانی ئێران دەور و ڕۆڵی ئەویان لە کوردستان و لە ناو بزوتنەوەی کۆمونیستیدا باش دەناسی و رێزیان لێدەگرت. لە شاری سنە چەند گرووپی خەباتکار چالاکییان هەبوو کە هەوڵی سەرکەوتووانەی کاک فوئاد بوو بە هۆی ئەوەی کە بێنە ناو ریزەکانی کۆمەڵەوە.

پێوەندی کۆمەڵەی ئێمە لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی عێراق و لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی بەگشتی پێش ئازادبوونی کاک فوئاد لە زیندان دامەزرابوو. دوای رووخانی رژیمی شا ئەوەندەی لەبیرم بێت، کاک فوئاد یەک جار سەرپەرستی هەیئەتێکی کۆمەڵە بوو کە لەگەڵ رێبەرانی کۆمەڵەی رەنجدەران و یەکێتی نیشتمانی لە "تووژەڵە" دیداری کرد. هەر ئەو کات چاوی بە رێبەرانی حیزبی شیوعی عێراقیش کەوتبوو.

**پرسیار:** رۆژەکانی دوای هێرشی رژیم بۆ کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ [١٩٧٩/٨/١٩] لە بانە کۆبوونەوەی هەموو حیزبەکانی کوردستانی ئێران و عێراق بووە؛ ئەو کۆبوونەوە لەسەر چی بوو؟ بە چ نەتیجەیەک گەیشتن؟

**وەڵام:** من لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار نەبووم، بەڵام لە راپۆرتی هاورێیاندا ئاگادار بووم کە مەبەستی سەرەکی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوە بووە کە یەککگرتوویەک بە مەبەستی موقاومەت بەرانبەر بە هێرشی جمهوری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە نێو هێزە سیاسیەکانی چالاکدا پێک بێت. سەبارەت بە بەشداری هەڵسووڕاوانی کوردستانی عێراق کە ئەساسەن مەبەست یەکێتی نیشتمانییە، پێویستە بڵێم کە ئەو کات بە هۆی ئازادبوونی کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی سەرکردایەتی یەکیتی نیشتمانی بە ئازادی هاتوچۆی کوردستانی ئێرانیان دەکرد. وە بە تایبەتیش پێوەندییەکی دۆستانە لە نێوان کۆمەڵە و

یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا دامەزرابوو. تا جێگایەک کە یەکێتی چەند کادرێکی خۆی بۆ یارمەتیدان بە ئاموزشی پێشمەرگانە ناردبوو بۆ لای ئێمە. ئەگەر ئەو کاتە کەسانێک لە یەکێتی نیشتمانی لە کۆبوونەوەکانی شاری بانەدا، بەشدار بوبن، لە چوارچێوەی ئەو پێوەندی و هاوکاریەدا بووە. کۆبوونەوەکەی بانە بە هیچ ئاکامێکی دیاریکراو نەگەیشت. بەڵام ئەوەندەی لە بیرم مابێت بڕیار درا کە ئەو کۆبوونەوانە بە مەبەستی گەیشتن بە رێککەوتنێکی کارا درێژەی هەبێت. ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو کە کۆبوونەوەکان درێژەیان پەیدا کرد و سەرئەنجام کاتێک کە جمهوری ئیسلامی لە رووی نیزامیەوە لە کوردستان شکستی خوارد و ئاگربەسی قەبووڵ کرد، "هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد"ی لێکەوتەوە.
پرسیار: ئایا دەستبەجێ دوای گیانبەختکردنی کاک فوئاد کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیتان گرت؟ ئەودەم بۆ خۆت لەکوێ بوویت و چۆن خەبەرەکەت زانی؟
وەڵام : کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی دەستبەجێ نەگیرا. چونکە هاوڕێیان لێرەو لەوێ بوون و دوای چەند رۆژێک توانیمان لە ئاوایی بێژوێ لە ناوچەی ئالانی سەردەشت کۆببینەوە.
کاتێک کە سەعات ٢ی دوانیوەڕۆی رۆژی ٩ی خەرمانان هەواڵی گیانبەختکردنی کاک فوئادم لە رادیۆ تارانەوە بیست، لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە لە یەکێک لە ئاواییەکانی دەوروبەری رەبەتەوە بەرەو شارۆچکەی رەبەت دەڕۆیشتین. هەواڵەکە یەکجێ منی لەپێ خست. نەمتوانی هەنگاو هەڵبگرم. هاوڕێیانی پێشمەرگە لە دەورم کۆبوونەوە. نەمتوانی هەواڵەکە بە ئەوان رابگەیەنم. یارمەتیان دام رێ کەوتین تا سەیارەیەک هات و هەمووومانی گواستەوە بۆ مقەڕی کۆمەڵە لە رەبەت. ئەو کات هەواڵەکە لەوێش بڵاوببووەوە و کەش و هەوایەکی قورسی ماتەمین هەمووانی داگرتبوو.

**پرسیار:** ئایا کومیتە ناوەندی کۆمەڵە لە سەر رووداوی گیانبەختکردنی کاک فوئاد هیچ لێکۆلینەوەیەکی کرد؟ ئەگەر کرا بە چی گەیشتن؟ ئایا پێتان وابوو رووداوەکە بە هەڵکەوت بوو یان پیلانێک بوو؟ لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانی و کاک برایم جەلال لەو بابەتەوە هیچ وتووێژێکتان هەبووە؟ کەی و لەگەڵ کی؟ کاک برایم جەلال ئەڵێت کۆمەڵە (کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، کاک ئیبرایم عەلیزادە و کاک عومەر ئیلخانی زادە) نامەی بەرائەتیان بۆ من نووسیوە.

**وەڵام:** بیرم نایەت کە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی کرابێت. هەمووان لامان وابوو کە رووداوەکە بە هەڵکەوت بووە. سەبارەت بە چوونەوەی کاک فوئاد بۆ ناوچەی مەریوان ئەگەرچی چوونی کەسێک بۆ مەریوان ئەو کات کە کارەساتی گیانبەختکردنی هاوڕێیانمان بەسەردا هاتبوو، گەلێک گرینگ و زەرووری بوو، بەڵام ئەوەندە زەروری نەبوو کە کاک فوئاد خۆی لەو بارودۆخە هەستیارەدا بەرەو ئەو شوێنە رێ بکەوێت. من لە هاوڕێیانی ئەو کاتی خۆمان کە لە بانە بوون، بیستوومە کە ئەوکات بە کاک فوئادیان وتووە ئەو سەفەرە نەکات. دواتر وردەکارییەکانی مەیدانی ئەو شەڕەی کە کاک فوئاد تێیدا گیانی بەختکرد زیاتر روون بونەوە و ئێمە هیچ نیشانەیەک لە بوونی پیلانێکمان بەدی نەکرد.
ئاگاداری هیچ چەشنە وتووێژێک وە یان لێکۆڵینەوەیەک لەگەڵ کاک برایم جەلال نیم. ئەوەندە نەبێ کە تا ماوەیەکی زۆریش دوای رووداوەکە هەر کاتێک کە چاومان بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کەوتبێت، بەرانبەر بەو رووداوە جگە لە دەربڕینی حەسرەت و بەیان کردنی بۆشایی جێگای کاک فوئاد قسەیەکی کۆنکرێتی لە سەر نەکراوە. ئەگەر رەخنەیەک لە کاک برایم جەلال بوبێ ئەوە بووە کە ئەو وەکوو تەنها کەسێکی بە ئەزموونی ناو واحیدەکە کە پێشتر بەشداری شەڕی لەو چەشنەی کردبوو، نەیتوانیوە لە مەیدانی شەڕەکەدا ئەرکی خۆی بو دەرباز کردنی کاک فوئاد بەباشی بەجێ بگەیەنێت.

**پرسیار:** نامەی بەرائەت بۆ برایم جەلال کێ نووسیویەتی و ناوەرۆکی نامەکە چ بووە؟
**وەڵام:** ئاگاداری نووسینی هیچ نامەیەکی بەرائەت بۆ کاک برایم جەلال نیم. ئەگەر کاک برایم جەلال وەها نامەیەکی پێ گەیشتووە، دەکرێ لە خۆی بپرسین کە کێ ئیمزای کردووە و ناوەرۆکەکەی چی بووە؟

**پرسیار:** لە نەزەر ئێوەوە لە کۆنگری یەک بۆ کۆنگرەی دوو چ ئاڵوگۆڕێکی فیکری، سیاسی و رێکخراوەیی بە سەر کۆمەڵەدا هات؟
**وەڵام:** دوای کۆنگرەی یەک قسەوباس لەسەر ئەو قۆناغەی کە کۆمەڵگای ئەو کاتی ئێران پێیدا تێپەڕ دەبێت، بە گەرم و گوڕی دەستیپێکرد. ئەمە لە راستیدا هەر ئەو باسە بوو کە لە کۆنگرەی یەکدا بە هۆی ناکامڵ بوون و بەهۆی ئامادە

نەبوونی بەشداربووانی کۆنگرە وەدوا کەوتبوو. لە کۆنگرەی یەکەمدا باسی ئەوە کرا کە پێویستە مەعلوماتی ورد لەسەر وەزعی ئابووری ئێران و ریزبەستنی چینایەتی کۆبکرێتەوە و باسەکانی داهاتوومان لەم بابەتەوە پشتی بە زانیاری کۆنکرێت ببەستبێت. تا کاتێک کە کاک فوئاد گیانی بەخت نەکردبوو، مەجالێک بۆ لێکۆڵینەوە لەم باسانە نەرەخسا. جاروبارێک کە کاک فوئاد فورسەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسا شتێک بنووسێت یان لێکۆڵینەوەیەک بکات، ئەوەندەی من لەبیرم بێ خەریکی نووسینی بابەتێک لە ڕەتکردنەوەی نەزەریەی سێ جیهان بوو. چەند جار لە کاک فوئادم بیستووە کە دەیگوت زۆربەی تێز و بۆچوونەکانی "مائوتسە دۆنگ" لەگەڵ بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێستای ئێران گونجاو نییە. بەڵام کاک فوئاد نەچووە سەر ناوەرۆکی ئەو باسەی کە سەبارەت بە بارودۆخی ئابووری کۆمەڵگای ئێران دەستیپێکردبوو.

دوای گیانبەختکردنی کاک فوئاد و تا کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی دووهەم لە بەهاری ١٣٦٠[١٩٨١] دا باسەکانی ناوخۆی کۆمەڵە لە دوو تەوەرەی جیاوازدا کۆبوونەوە، کە بە دیدگای یەک و دیدگای دوو دەناسرانەوە. دوو نامێلکەی ناوخۆییش سەبارەت بەو باسانە بڵاوبوونەوە. دیدگای یەک لای وابوو کە پاشماوەی دەرەبەگایەتی هێشتا لە ئێران بەهێزە و گۆڕانکاری کۆمەڵگای ئێران لە فێئۆدالیەوە بۆ سەرمایەداری هێشتا بە ئەنجامی نیهایی خۆی نەگەیشتووە. دیارە بەم پێیە، ئەرک و بەرنامەی جیاواز دەبوایە دیاریکرابایە. دیدگای دوو لای وابوو کۆمەڵگای ئێران بە تەواوی پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەدارییەوە و ناکۆکی سەرەکی ئەو کۆمەڵگایە بریتییە لە ناکۆکی کار و سەرمایە و بەو پێیە دەبێ ڕەوتی حەرەکەتی دوارۆژمان دیاری بکرێت.

ئەم دوو بۆچوونە هاتنە ناو کۆنگرەی دووهەم و لەو کۆنگرەیەدا دیدگای یەک بەرەبەرە پاشەکشەی کرد و سەرئەنجام دوای چەند ڕۆژ قسەوباسی ڕاستەوخۆ، هاوڕێیانی هەڵگری دیدگای یەک یان بە تەواوی بۆچوونەکانی دیدگای دوویان قەبووڵ کرد، یان بەهۆی ئەوە کە لەم بارەوە تووشی تەردید و دوودڵی ببوون، بێ دەنگەیان لێکرد و دیدگای دوو بە ڕەسمی بوو بە بۆچوونی کۆمەڵە. بەو پێیە کۆمەڵێک بڕیارنامە پەسەند کرا.

لە رووی ڕێکخراوەییەوە بڕیارنامەیەک پەسەند کرا کە ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی ڕادەسپارد بۆ ئەوەی هەوڵ بدات لە پرۆسەیەکی دیاریکراودا لە ڕێکخراوە چەپ

و کومونیستیەکانی ئێران نزیک بێتەوە و بوار بۆ پێکهاتنی حیزبی کومونیستی ئێران بڕەخسێنێت.

**پرسیار:** کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟
**وەڵام:** سەرجەم بە بڕوای من کۆنگرەی دووهەم، کۆنگرەیەکی پێشڕەو بوو و ڕەوتی حەرەکەتی دوارۆژی کۆمەڵەی لەسەر ڕێبازێکی ئوسووڵی و کومونیستی دیاریکرد. ئەگەرچی هەڵە و کەم و کووڕیشی هەبوو، بەڵام کەم و کووڕییەکانی و هەڵەکانی لە گرینگی جێگاوشوێنی ئەو کۆنگرەیە ، کەم ناکەنەوە.
ماوەیەکی کورت دوای بەڕێوەچوونی کۆنگرەی دووهەم، هاوڕێیانی تەشکیلاتی تاران لە گەڵ هاوڕێیانی ئیتحادی موبارزانی کۆمونیست دانیشتنیان بوو. کاسێتی کۆبوونەوەکەیان بو هەیئەتی تەحریریەی کۆمەڵە (کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، کاک شوعەیب زەکەریایی و من) نارد. لەم کۆبوونەویەدا لە لایەن ڕێکخراوی "ئیتحادی موبارزانی کومونیستەوە رەخنە لە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی دووهەم گیرابوو. ڕەخنەکان بە جیددی وەرگیران. کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بڕیاری پێداچوونەوەی دا و بەم مەبەستە نزیکەی شەش مانگ دوای کۆنگرەی دووهەم کونفڕانسی شەشی کۆمەڵە لە ئاوایی عیلم ئاباد[ناوچەی بۆکان] بەڕێوەچوو. لەو کونفڕانسەدا، هەڵەکان ڕاست کرانەوە. تەوەرەی سەرەکی ڕەخنەکان بریتی بوون لە:
یەکەم، کەم بایەخدانی کۆنگرە بە دەوری ڕێبەرایەتی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بۆ دیاریکردنی ئاسۆی سەرکەوتنی؛
دووهەم، لە بەرچاو نەگرتنی پاشماوەکانی چارەسەرنەکراوی کێشەی زەوی و زار لە کوردستان و بەم پێیە دانەڕشتنی پلانی ڕێک و پێک بۆ ڕامالینی پاشماوەی دەرەبەگایەتی لە کوردستان؛ لەم بابەتەوە وترا کە ئەگەرچی کۆمەڵگای ئێران بە تەواوی پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداریەوە بەڵام مەسەلەی جوتیاران لە کوردستان هێشتا زەرفیەتگەلێکی تێدایە کە پێویستە بۆ بەهێزتر کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان کەڵکی لێوەربگرێت.

**پرسیار:** ئایا دوای کاک فوئاد ڕێبازی سیاسی کۆمەڵە گۆڕدرا؟ ئەگەر وەڵام موسبەتە لە چیەوە بۆ چی و گۆڕانکاریەکان لە سیاسەت، تاکتیک، ڕێکخستن،

پێوەندی لەگەڵ هێزە سیاسییە ئیرانی و کوردستانییەکان چۆن خۆی نیشان ئەدا؟

**وەڵام:** من لام وایە ڕێبازی سیاسی کۆمەڵە دوای کاک فوئاد نەک هەر نەگۆڕا، بەڵکوو بە شەفافیەتێکی زۆرترەوە هەر ئەو ڕێبازەی ڕەچاو کرد کە کاک فوئاد بەردی بناغەکەی دانابوو. کۆمەڵە ئەم ڕێبازەی کاک فوئادی لەگەڵ پێویستیەکانی زەمانە گونجاند و بەرەوپێشی برد. گومان لەوەدا نییە کە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی ئێران و جیهان گەلێک جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو کاتەی کە کاک فوئاد لە ژیاندا بوو، بەڵام کاک فوئاد تێکۆشەرێکی نەسرەوتووی خەباتی چینایەتی بوو. کاک فوئاد بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی خەباتی دەکرد. کومۆنیزم چرای ڕێگای کاک فوئاد بوو. کاک فوئاد لە پێناوی پێکهێنانی ریزی سەربەخۆی چینی کرێکاردا، لێبڕاو و لە سازش نەهاتوو بوو. ئەوانە جەوهەری بیروبۆچوونی کاک فوئاد بوون. نازانم کەسانێک کە لە نزیکەوە کاک فوئادیان ناسیوە، چۆن لە ڕوویان هەڵدێ ئەو هەڵوێست و بۆچوون و ڕێبازەی کە ئەمڕۆ دەیگرنەبەر، بە ناوی کاک فوئادەوە سەبتی بکەن؟ لەم بابەتەوە ئەگەر نەمانهەوێ تووشی خەیاڵ پەردازی بین، پێویستە چاوێک لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی کاک فوئاد بکەین. کاک فوئاد بناغە داڕێژەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بوو. کۆمەڵە تا ئێستا لەم ڕێبازە لای نەداوە و ئەرکەکانی خوی لەو بزووتنەویەدا دەناسێت و بەڕێوەی دەبات. کاک فوئاد هەر وەکوو لە کۆتایی نامیلکەی "توطئە جدید علیە خلق کرد"دا نووسیوویەتی خولیای پێکهێنانی حیزبی کومونیستی ئێران بووە و لای وابوو کە پێکهاتنی ئەو حیزبەیە کە بزووتنەوەی خەڵکی کوردیش لە بن بەستی ناسیونالیستەکان رزگار دەکات. هەر وەها کاک فوئاد ئەم بۆچوونەی خۆی لە کۆبوونەوەکەی جەمعییەتی شاری مەهابادیش تەئکیدی کردەوە، کاتێک لە وەڵامی یەکێک لە هاوڕێیاندا وتی : "ئەساسەن ئەشێ حیزبی کومۆنیستی ئێران بەوجوود" بێنین. کۆمەڵە لەم بابەتەشەوە هەر ڕێبازی کاک فوئادی ڕەچاو کردووە.

**پرسیار:** بە کورتی کاک فوئاد چۆن بە خوێنەر ئەناسێنیت؟

**وەڵام:** چەند دێڕێکی سێحرئامیز کە بتوانێ قووڵایی کەسایەتی کاک فوئاد

بناسێنێ وجوودی نییە. فوئاد لە ژیانی سیاسی و لە ژیانی ئاساییدا مرۆڤێکی گەلێک جیددی بوو. لە یەکەم ئاشناییدا لەگەڵی هەستت بە هەبوونی ئۆتۆریتەیەکی مەعنەوی تێدا دەکرد، کە ناچاری دەکردی تۆش جیددی بی. فوئاد مرۆڤێکی نائارام بوو، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی هەر کارێک کە باوەڕی پێی بوایە بە شێوەیەکی تەنانەت نائاسایی پەلەی دەکرد، فوئاد کاتی بەفیڕۆ نەدەدا. بۆ فوئاد ئەوە گەلێک گرینگ بوو کە تا کاتێک خۆی لە ژیاندا ماوە، کارێک بکات. فوئاد گەلێک بە بروا بەخۆیی و بە تێڕادیوی و بە شێوەیەکی ئاگرین و لە هەمان کاتدا بە ئیستدلال دیفاعی لە بۆچوون و هەڵوێستی خۆی دەکرد. کاتێک کە دەیزانی هەڵەی کردووە، لەوپەڕی خۆبەزل نەزانیندا و گەلێک جار بە پێکەنینەوە هەڵەکەی قبووڵ دەکرد. کاک فوئاد لە ژیانی تەشکیلاتیدا، گەلێک دیموکرات بوو و هیچ کەس هیچ نموونەیەکی نییە کە نیشان بدات کاک فوئاد لە هەوڵی بەدەستهێنانی پێگە و مەقامدا بووە. کاک فوئاد لە ڕووداوەکانی شاری سنە بە شانازیەوە بادیگاردی کاک سەدیقی کەمانگەر بوو.

**پرسیار:** هۆی دواخستنی کۆمەلە لە گۆڕینەوەی ماجید و ئەمجەدی براماندا لە گەڵ دیلەکانی جمهوری ئیسلامی چی بوو؟ چ کەسانێک لیستی کۆتایی گۆرینەوەی دیلەکانیان لە کۆمەڵەدا دیاری ئەکرد؟

**وەڵام:** من وردەکاریەکانی گۆڕینەوەی دیلەکانی مەیدانی شەڕ لەگەڵ هاوڕێیانی زیندانیمان لە بیر نەماوە، بەڵام چەند شت دەزانم. یەکەم، ئەوەیکە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە ئەو کات گەلێک بە پەلە بوو لە گۆڕینەوەی دیلەکان و بێگومان ئەگەر دواخستنێک بووبێت لە لایەن کۆمەڵەوە نەبوو، بەڵکوو لە لایەن رژیمەوە بووە. دووهەم، هاوڕێیانی گیانبەختکردوو ئەمجەد و ماجید لە خۆشەویستترین کەسەکانی کۆمەڵە بوون. ئەساسەن بۆ پاراستنی گیانیان بوو کە بە بڕیاری تەشکیلاتی لە کوردستان کە ببوو بە مەیدانی شەڕێکی خوێناوی، دوور خرابوونەوە. کەوایە، ناکرێ هیچ چەشنە تەئخیرێکی ئاگاهانە روویدابێت و دەشزانم کە ئەوان قاعیدەتەن دەبێ لە سەروی هەموو لیستێکدا بووبن.



# گفتوگۆ لەگەڵ کاک شوعەیب زەکەریایی

٢٠١٣/٣/١٧

زۆر سپاس و پێزانین کاک شوعەیب گیان بۆ ئەم کاتەی بە ئێمەت داوە.

**پرسیار:** تۆ و کاک فوئاد پێکەوە ڕەفێق و هاوکلاس بوون، پێمخۆشە سەرەتای ئاشنایی و ڕەفاقەتەکەتان باس بکەیت.

**کاک شوعەیب:** ئێمە لە دەبیرستان و لە کلاس دەوە پێکەوە ئاشنا بووین. لە دەبیرستانی 'هیدایەت' دەبیرێکمان بوو زۆر دڵسۆز و باش بوو، مووسایی بوو ناوی ئاغای کیمیا بوو کە بە ئەنواع و ئەقسام شێوە خوێندکارەکانی تەشویق ئەکرد بۆ ئەوە کە دەرس بخوێنن.ساڵی پێشتر کە من لە دەبیرستانی ڕازی

بووم، ئاغای کیمیا بە منی وت تۆ لە گەڵ فوئاد مستەفا سوڵتانیدا مسابقە بدەن. من خۆم لە بیرم نییە نمرەکانم بەڵام بە یەقین کاک فوئاد بەرەندە بوو. ئەوە ئەوەڵ جار بوو ناویم بیست بەڵام هێشتا خۆیم نەدیبوو.
کە بووین بە هاوکلاس ئەو لە پێش منەوە دائەنیشت. وردە وردە جۆرێک پەیوەندی لە بەینماندا پێک هات. من لە یادی سیساڵەگی کاک فوئادیشدا ئیشارەم کرد بەوە کە ئەگەر دەرونناسێک منی تاقی کردایەتەوە لەو دەورە دا، بۆی دەردەکەوت کە ونبووی خۆمم پەیدا کردبوو. ئەو وەختە ئاگاداری ئەم شتە نەبووم بەڵام کاتێک ئێستا ئەگەڕێمە دواوە واقعەن کاک فوئاد ئەو کەسە بوو وەک بە شوێنیا گەڕیابم و وردە وردە پێوەندی عاتیفی لە بەینماندا پێکهاتبوو. ئیتر دواتر هاتوو چووی خانەوادەگیش دەستی پێکرد.
هەستم ئەکرد ئینسانێکی بە فکرە، هۆشیارە بۆ خۆی ئێحترامی پێکدەهێنا لە لای هەموو کەس. وردە وردە مەسئەلەی کوردستان مەترەح بوو، جار و بار ئەو قسەگەلێکی ئەکرد و بە عەقلی ئەو وەختەمان باسی مەزهەب و ئەو شتانەمان ئەکرد. دوای خوێندنی ناوەندی نزیکەی ساڵێک پێوەندیمان قەتع بوو چوون من لە دانشگای سەنعەتی ئاریامێهر بەشداریم کرد و بە کەسی بیست و چوارەم قبووڵ بووم. سەیر ئەوە بوو کە کاک فوئاد ساڵی دواتر بەشداری کرد بە بیست و سێهەم قبووڵ بوو. یانی لەوێیش دایە بەرمەوە!
فوئاد هات و بووین بە هاو ژوور. ئیتر ژیان و سیاسەت و دەرس و هەموو شتێکمان تێکەڵ بوو.

**پرسیار:** کەی بیرۆکەی کار و باری سیاسی هاتە مێشکتان؟
**کاک شوعەیب:** لە دەبیرستان شتگەلێک لە مێشکماندا بوو؛ من ناوی کومونیسم و ئەوە کە کۆمەڵگایەک هەبێت کە فەقیر و دەوڵەمەندی نەبێت و هەمووی پێکەوە بەرابەر بن و ... ئەمدیت کاک فوئادیش قسەگەلی خۆش ئەکات مەسەلەن لە سەر مەسەلەی کورد قسە ئەکات و بە مەسائیلی کۆمەڵایەتی حەساسە. گۆڤاری " خاک و خون" کەسێک ئەیهاورد، دەس بە دەس ئەمان گەڕاند بزانین قسەی شەڕی کوردستانی تێدایە یان نا. کە چوومە دانشگا ئەو فکرانەم بوو لەگەڵ بەعزێک خوێندکاری تورک و... ئاشنایی‌م بوو و قسەگەلێکمان ئەکرد. بەڵام نەمتوانی کتێب دەست بخەم هەتا کاک فوئاد هات. من پەیوەندیم لەگەڵ

کوردەکاندا ئەو جۆرە نەبوو کە کاک فوئاد هەبووی. کاتێک ئەو هات نووسراوە و کتێب گەلی قاچاخمان دەستکەوت سەبارەت بە شۆڕش و هتد.
لە دانشگا ئیتر پەیوەندییەکەمان سیاسیش بوو. وەختێک زانیم کاک فوئاد کتێبی قاچاخی پەیدا کردووە. ئەمدیت جار و بار تەک ئەم و ئەو دا قسە ئەکات کاک فوئاد زۆر بە حەوسەڵە بوو بۆ قسەوباس کردن لەگەڵ ئەم و ئەو دا من وا نەبووم. ڕۆژێک دیتم کاک فوئاد لەگەڵ کەسێکدا باسی ماتریالیزم و ئیدەئالیزم و ئەمانە ئەکات وتم ئەمانە لە کوێ فێر بووە جاران ئەمانەی نەئەزانی. فوئاد کتێبی" ئوسووڵی موقەدەماتی فەلسەفە"ی گیر هێنابوو دای بە من.
ئەو چەند ساڵە زۆر خەریکی قسە و باس کردن بووین، پێکەوە و لەگەڵ باقی هاوڕێیان. تا وای لێهات منیش تێکەڵاوی ئەو موناسەباتە بووم. نامیلکە نووسین و نووسینەوەی کتێبەکان؛ جارێک من ئەمخوێندەوە و کاک فوئاد ئەینووسی و جارێک پێچەوانەکەی. قسەی پێکهێنانی تەشکیلات هاتەپێش. من لە قسەوباسی تایبەتی ڕۆژەکەیدا نەبووم بەڵام هەر کاک فوئاد بوو لەگەڵ من قسەی کرد. وتی ئێمە رەفێقەکان قسەمان کردوە کە سازمانێک دروست بکەین و ئەبێ ئیدامە کاریمان هەبێت. قەرارە شانەگەلی سێ نەفەری دروست بکەین. وتی تۆ چی ئەڵێیت؟ وتم مەعلوومە منیش لەگەڵم.
دواتر لەگەڵ کاک فوئاد پەیوەندییەکان زۆرتر ببوو، چووین لە نزیکی دانشگاوە ماڵێکمان گرت کە ئەو ماڵە بوو بە مەکۆی بەشێکی زۆر لە چەپە کوردەکان و هەمیشە کۆبوونەوە و قسەوباس بوو. کاک فوئادیش لەهەموویدا بەشدار بوو.

**پرسیار:** خەبەرت لە پەیوەندی کاک فوئاد و ئەحمەدزادەکان کە چریکی فیدایی بوون هەبوو؟

**کاک شوعەیب:** پێم وانییە کاک فوئاد لەگەڵ براگەورەکە واتە مەسعود ئەحمەدزادە پەیوەندی بووبێت، بەڵام لەگەڵ مەجید ئەحمەدزادە هاو دانشگا بوون. ئەمدیت هەمیشە قسە و باسیان بوو جار و بار منیش لەگەڵیان ئەبووم. ئەمزانی ئەو لایەنگری ڕێبازی چریکی‌یە. هەموو باسەکان بە جزئیات نازانم، وەلێ دڵنیام کە ئێمە و ئەم تەشکیلاتە لەگەڵ ڕێبازی چریکی دا مەرزبەندیمان کرد. کاک فوئاد لەگەڵ مەجید ئەحمەدزادە دا باس و جەدەلی ئەکرد و پێوەندی دۆستانەیان بوو، متمانەیان بە یەکتر هەبوو. بەڵام دیار بوو هەر کامیان فکرێکی‌تری هەیە

و ئیتر لە قۆناغێکدا ئەوە یەکێک لە لایەنە دیارەکانی ئێمە بوو. ئەزانم کاک فوئاد و مەجید زۆر قسە و باسیان بوو وەلێ ئێتر ئەو بە ڕێگای خۆیداچوو و گیانیبەخت کرد.

**پرسیار:** دەگوترێ ساڵی ١٣٤٩ [١٩٧٠] ئەم جەمعەی کە بوون بە دامەزرێنەری کۆمەڵە کۆبوونەوەیەکی گەورەتان لە تاران بووە. کە لە دوو بەش پێک هاتبوو و بەشەکان بەوپێیە دابەشکراوە کە کێگەل یەکتر ئەناسن. چیت لەو کۆبوونەوە لە بیرە و باسەکان چی بوو؟

**کاک شوعەیب:** جەلەسەی وا بەرین پێم وانییە بووبێت. یا نەمبیستووە کە مەسەلەن ژمارەیەک لە ڕەفێقەکان زۆرتر یەکتریان ناسیووە و جەمعێک تێکەڵییان زۆرتر بووە. من ئەوەم نە بەلاوە موهیم بووە، نە ئاگادار بووم. لەو وەختەوە کە قسەی ئەوە بوو ئیتر ئێمە ببین بە تەشکیلات پەیوەندییەکان لەو حاڵەتی بەرێکەوت و ئەو جۆرە شتانە دەرهات. یانی هەر چەند نەفەر شانە شانە کرابوو کێ لەگەڵ کێگەلدا پەیوەندی هەبێت. کتێبخانە ساکێکی دەستی بوو لای کێوە بێت، باقیتر لازم ناکات بزانن. لە بەر ئەوە حسابی ئەوە کرابوو کە ئەگەر بگیرێین مەحکەم کاریمان کردبێت. ئەوەی کە کەسانێک کۆبووبێتنەوە من نازانم و پێم وانییە نەقشێکی وای بووبێت. ئەگەر شتێکی وابووبێت من لە بیرم نییە.

**پرسیار:** باس ئەکرێت لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەوە کەسانێک وەلا نراون؛ وەک کاک فاتێح و کاک موسلێح. وا نیشان ئەدرێت کە ئەگەر کەسانێک تووشی خزانێکی سیاسی بووبن ئێوە و کاک فوئاد برێک سەختگیر بوون. ئەو ئیختلافانە چی بوون؟ سیاسی بوو؟ ئەمنیەتی بوو؟ خۆت لە نووسراوەکەتدا ئیشارەت کردبوو بە نووسراوەکەی کاک فاتێح. ئەو مەسئەلە چی بوو؟

**کاک شوعەیب:** ئەساسەکەی ئەوەیە کە لەو نووسراوەدا باسم کرد. کاک فاتێح لای گشتمان ڕێزی هەبوو. تەردیدێک نەبوو کە هیچ کەسمان بەئەنقەست کارێک بکات. وەلێ شتێک بوو کە ئیشارەت پێکرد مەسئەلەی ئەمنییەتی و مەسئەلەی سیاسی کە لەگەڵ دوژمنی ئاوا گەورەدا شۆخی بەردار نییە. یەکێک ئەبێ مەحکەم بێت و بتوانێت کاری نهێنی بە دروستی بەڕێوە ببات. وانەبووە کە

شتێک ناعادڵانە هاتبێتە پێش و کەسێک بیەوێت بە ناحەق بەرامبەر بە کەسێک کارێک بکات. وەختێک من لە زیندان ئازاد بووم و وتم کاک عەبدوڵڵا بابان زۆر کەسێکی باشە. کاک فوئاد بە خۆشحاڵیەوە وتی هەزارانی وا هەن و بە شادیەوە ئەیگوت. فوئاد کۆکەرەوە بوو فرێدەر نەبوو؛ بە تەواوی توانایەوە کەسی کۆ ئەکردەووە بەو دڵسۆزییەوە لەگەڵ مەجید ئەحمەدزادە ئەوەندە قسەی ئەکرد کە تەئسیری دانابووە سەری و نموونەیم هەیە. یانی وانەبوو هەروا سادە لە کەسەکان چاوپۆشی بکات یا بیەوێ دڵیان بێشێنێ . فرە ڕەفێقگەل لە ژێر فشاردا بوون کە بۆ ساواک کارێک بکەن. من خۆم بەرەوڕوو بووم لەگەڵ ئەو مەسئەلەدا لە بانە. ئەو وەختە ئەو هاتووە وتارێکی ئاوای نووسیوە. ئەو کارە شۆخی بەردار نییە تۆ ئەندامی ئەو تەشکیلاتە بوویت و کارێک وابکەیت ناتوانیت جێگای متمانە بیت . براکەیشی کە ئاوابوو. ئەوە کاک فوئاد بۆ منی گێراوە دیارە ئەو ڕاپۆرتەکانی لەسەر هەر دووکیان ئەدیت و پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبوو لەگەڵیان. سەرەنجام تەگبیر کرا پی بگوترێت برادەری خۆشەویست ئەو تەشکیلاتە نەماوە. تۆ بۆ دیفاع لە خۆت لە بەرامبەر دوژمندا ئێژی ئەو کەسە مومکینە بکەوێتە گیر با زانیاری وای نەبێت کە تەشکیلاتێک هەبووە.

ئەوە زۆر موهیم بوو کە وەختێک ساڵی ۱۳۵۳ [۱۹۷٤] گیراین، تاقە بەشەرێک لە ئێمە قسەی نەکرد کە بێژێت ڕێکخراوەمان هەیە. خۆ ئەگەر یەکێک لە ژێر ئەشکەنجە دا بیگوتایە ئێمە سازمانین و منیش لە مەرکەزیەت دا بووم چیمان بە سەر ئەهات. نە قینێک بووە لە کەسێک و نە هیچێک؛ دواجاریش هاتنەوە ناو خەبات و مەعلووم بوو کاک فوئاد چۆن بەرخورد ئەکات. لە سەر مەسئەلەی یەکیەتی جووتیاران و چەکداربوون ئەوان موخالف بوون. ئەمە نیشان ئەدا خەتێکی سیاسی هەیە و دڵ ئێشان و ئیرادەیەکی لەحزەیی نییە. ئەگەر کاک فوئاد زووتر تەشخیسی داوە و من تەشخیسم نەداوە ئەوە تیژهۆشی ئەوە. ئەگەر خەتایە، خەتای گشتمانە وەلێ من بە خەتای نازانم.

ئەوان دواتر پەشیمانەوە بوون. کاک فوئاد پێیانی گوت ئێوە پەشیمانەوە بوون خۆ کۆڵێک تەبلیغاتتان کردووە دژبە یەکیەتی جووتیاران لەملا و ئەولا. لای من ڕەخنە بگرن فایدەی چیە؟ بڕۆن لەگەڵ ئەو خەڵکەدا قسە بکەن وا تەبلیغ مەنفیتان کرد. وەلێ فرە جالب نییە بۆ شەخسیەت خۆیشیان بۆ ئەمە خۆیان بکەنە درێژەدەری خەتێک کە 'مورشیدی مەزن' هاوردوویە بۆیان بێژن

لەو وەختەوە ئێمە هەر ئەو خەتمانە بووە. ئەگەر ئاوا بۆ قەزیە ئەچن لێتان موبارەک بێت. من هەر دوژمنەکە بە تاوانبار ئەزانم هاتووە شەخسیەتی ئەو کەسەیان شکاندووە. من لە نووسراوەکەمدا بە دڵ بەداخەوە بووم و وتوومە حەزناکەم هاوەدەنگی دوژمنەکەم بم بۆ شەخسیەت شکێنی تۆ، وەلێ تۆ خەریکی شەخسیەتی کەسێکیتر ئەشکێنی من ناچار ئەکەیت.

**پرسیار:** بۆ ئاگاداریت کاک یەدێ بیگلەری ئەڵێ لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەدا بەحسی ئەوە کراوە. کە کاک موسلێح وتارەکە دێنێ بۆ جەماعەت و ئەڵێ کاکم وایکردووە. وتارەکە لە گیرفان کاک فوئادا بووە نیشانی یەک کەسی نەدا تا هەموو بەحسەکان کراووە . ئەڵێ لە کۆبوونەوەیەکیشدا کاک فاتێح باسی ئەوە ناکات کە من کارێکی وام کردووە لەژێر فشاردا بووم، هەڵەم کرد، هیچ ناڵێت. دوای ئەو کۆبوونەوە کاک فوئاد ئەڵێ بەرخوردی ئەم ڕەفێقە بە ئێمە سادقانە نییە. ئەگەر حەتتا لەژێرِ فشاردا بووایە ئەیگوت هاوڕێیان چۆن بکەین. کاک یەدێ ئەڵێ دوای ئەوە بوو وتارەکەی دا بە من. وتبووی با جەماعەت خۆیان تەسمیمی خۆیان بگرن.
**کاک شوعەیب:** دڵنیام کاک فوئاد بمایە ئێستایش ئەچوو کاک فاتێحی ماچ ئەکرد و ئەیگوت تۆ خەباتت کردووە من قەدری تۆ ئەزانم، ئەمەیشت وتووە قەیناکا، وەلێ نەتگوتایە باشتر بوو. فوئاد شەخسییەتێک ئاوا بوو ئینسانگەلێ کە خۆیان هەڵۆن، نیازیان نییە بە کسانیتر بێژن ئێمە بەرز بووین.

**پرسیار:** کاک فاتێح وتی کاک فوئاد ئەو وەختە کە هاتەوە بۆ ناوچەی مەریوان وتوویەتی ئێمە پێمان باشە دەفتەرێک بۆ مامۆستا دابنرێت حەز ئەکەین تۆ لەوێ بیت؛ واتە خاڵی بەهێزی کەسەکانی ئەناسی.
**کاک شوعەیب:** ئەو هەڵوێستەی کاک فوئاد دەرسی فرەی تێدایە. باوەڕی بەوە بوو هەر کەسێک مسقاڵێک خەباتکاری و زەڕڕەیەک بۆنی ئازادیخوازی هەیە، ئەبێ بایەخی بۆ دابنێیت و نەهێڵیت بە فیرۆ بچێت.

**پرسیار:** سەبارت بە گیرانی خۆت باسمان بۆ بکە؟
**کاک شوعەیب:** ماجەرای دەستگیری و فەعالییەت لە ئەسفەهان تا ئێستا ڕوو بە

دەروە باسم نەکردوە؛ لەبەر ئەو ڕەفێقانەم کە ماون، هەمیشە نیگەرانم کە قسە کردنی من ببێتە باعیس ئەوە کە ئەوان موشکیلیان بۆ پێش بێت. بەڵام ئەوە خۆی داستانێکی درێژە، من بە چەند خاڵ ئیشارە ئەکەم. من چوومە ئەسفەهان موحیتی کرێکاری بوو؛ بڕیاربوو کە بەرەو چینی کرێکار بچین و منیش "ذوب آهن اصفهان" [کارخانەی تاواندنەوەی ئاسن لە شاری ئەسفەهان]م هەڵبژارد. وەکوو خزمەتی سەربازی حیساب ئەبوو بە پلەی ئەفسەری بەڵام بە جلی شەخسیەوە کارمان ئەکرد. ڕەفێقێکمان زووتر چووبوو ئەڵبەتە ئەندام نەبوو پێکەوەماڵمان گرت و ئەویش لە "ذوبآهن" کاری ئەکرد. ریزێک پەیوەندی لەوێ پەیدا کردبوو کە کورد و ئەسفەهانیی تێدا بوو. ئەوانیش خۆیان پەیوەندیان بوو؛ لە هەرچی جۆرە تێیدابوو. منیش چووم، دیم ئەو ئاشنایەتییە هەیە و وردە وردە زۆرتر ئەبوو. کوڕگەلێکی سەمیمی ، باش و دڵسۆز بوون بەڵام بەرەو ڕێبازی چریکی بوون. لە ناو ئەواندا من بەپێی بۆچوونی خۆمان کاری ئەسڵیم ئەوە بوو کە لە بەرامبەر ئەو ڕێبازەدا بووەستم. کەسانێک بوون هیچیان بۆ نەمابووەوە هەر دەیانگوت با بڕۆین جێگایەک بتەقێنینەوە! ئاخرەکەی قبووڵیان کرد کە ئەمە دروست نییە. کەسانێک هەن دەست ئەبەن بۆ شتە گەورەکە با شتە چکۆلەکە نەکەن، ئەو کەسە وابوو. بەڵام کەسانێکیتر وانەبوون و پەیوەندیمان ئیدامەی هەبوو. من لەگەڵ چەند کرێکارێکی مەزهەبی ڕەفاقەتمان پەیدا کرد و کتێبیان ئەهاورد بۆ من کە بیخوێنمەوە. ، منیش بە جۆرگەلێک جوابم ئەداوە. ئەم پەیوەندییە خەریک بوو پەرە بستێنێت هەم لە لایەن ئەم ڕەفێقەمەوە هەم لە لایەن دوو ڕەفێقی ترەوە کە تێکنیسییەن بوون ئەوان زۆر تێکەڵی خەڵک ئەبوون. مەسئەلەی دەرکردنی کرێکاران هاتە پێش ئێمە ڕاگەیاندنێکی باشمان نووسی، پێش ئەویش نامیلکەیەکمان نووسیبوو. ماوەیەک پێش ئەوە من کتێبداری تەشکیلات بووم یەک دو ساک کتێب و نووسراوە لای من بوو. ماڵێکمان گرتبوو جیاواز، شتەکان لەوێ بوون، کە ئەگەر هات و شتێک قەوما ئەوانە نەکەونە بەر دەست ساواک. من یەک ساڵ لە "ذوبآهن" کارم کرد. دوای ساڵەکە گیرام. لەو بەینەدا کاک فوئاد یەک یا دوو جار هات بۆ لام ئێمەیش گوزارشی کارەکانمان پێدا.

من لەڕێگای ئەو کرێکارە مەزهەبییەوە لەگەڵ کۆڕێکی لایەنگری خومەینی ئاشنا بووم. چوومە جەلسەکەیان؛ ئەوندە ئیعتمادیان بە من پەیدا کردبوو کە بمبەنە

ناو خۆیان. ماوەیەک دوای ئەو جەلەسە، کاک فوئاد هات بۆ ئەسفەهان قسە و باسمان کرد و گوزارشی ئەویشم دا. وتی بە نەزەری من باش نییە و نەچیت بۆ جەلەسەی ئەوانە. خەتەرە، ئەمانە موتەعەسیب و مەزهەبین. هۆی سەرەکی چوونی من ئەوە بوو کە لە قسەکانی ئەو کرێکارە مەزهەبیە حاڵی بووم کە ژمارەیەک کرێکار هەن زۆر مەزهەبی نین، ئەوە زۆرتر منی هاندا کە بچم. کە چووم دیتم وایش نییە و زۆرتر دوکاندار و کارمەند و ئەو جۆرە کەسانەن.

کاک فوئاد هات بۆ کارخانەی "ذوب آهن". هەڵبەت سەخت بوو هاتنە ناوەوە، لە بیرم نییە چیمان کرد کە ئەو بتوانێ بێتە ژوور. بەڵام هات و پێکەوە گەڕاین و کرێکارێکی غەیرە مەزهەبی بوو چاویان بە یەک کەوت. کرێکارەکە بە مەعناوە چاوی لە من ئەکرد، واتە ئەمە تەشکیلاتێکە و ئەم شتانە. دەرکردنی کرێکارەکان مەسئەلەیەکی موهیم بوو، ڕاگەیاندنێکی زۆر باشم نووسی. نووسراوەکە بە زانیاری هەموومان نووسرابوو. دەزگای چاپەکە (پۆلیکۆپی) بە ئەنواعی فێڵ کڕیبوومان و لە ماڵە نهێنیەکە دامانانابوو. نووسراوەکەم نیشان کاریگەرە مەزهەبیەکەدا وتی ئەبێ بگاتە دەست کرێکارەکان. ئەوەمان کە بڵاو کردەوە ئەو ڕەفێقانەمان کە هاتن و یەکترمان دی زانیمان زۆر دەنگی داوەتەوە. کەسێک وتبووی ئەوانەی کە ئەمەیان نووسیوە کرێکاریان تێدا بووە بەڵام موهەندیس و تێکنیسیەنیشیان لەگەڵ بووە.

قەرار بوو هەر کەسێک بچێت بۆ گەڕەکێک و لە ناو شاریش بڵاوی بکەینەوە. ئێمە دوو نەفەریش دوای سەعات یازدەی شەو لەم کارخانە و لەو کارخانە ڕاگەیاندنەکانمان دەچەسپاند. نزیکی ماڵی خۆمان بووینەوە چۆڵ بوو هیچ کەسمان نەدی وتمان چونکوو کاریگەرەکان لێرەوە ئەگەڕێنەوە بە شەودا با لێرەیش بیچەسپێنین. ئەم کارەمان کرد، کەچی پاسەوانێک لە گۆشەیەکەوە چاوی لێمان ببوو. ئێمە نزیک ماڵەکەی خۆمان بووین. دوو نەفەر پەڕینە بان سەرمان من دەرچووم کابرا تەقەی کرد بە شوێنمدا نەپێکرام. شەو دێروەخت بوو بەڵام هەوا خۆش بوو و خەڵک لە دەرەوە بوون. ژمارەیەک جەوان بوون، خۆم خستە ناو ئەوان. پاسبانەکە هات دوای چەند لەحزە تەماشای کرد نەمیناسی. چەکەکەی دەرهێنا و وتی بێن هەمووتان ئەگرم! ئەوانیش وتیان ئەوە بوو. ئێمەیان سواری تاکسی کرد بردیانین. ڕۆژی دواتر لە ساواک ئەشکەنجە دراین. لە ڕێگای نامەیەک بۆ کرێکارێک و ئەشکەنجە و ئازاری زۆر، شتەکانمان وردە

وردە ئاشکرا بوون.

بڵاوکراوەیەکی حیزبی دێموکرات بوو هێشتا نەمانخوێندبووەوە پرسیان لە کوێ هێناوتە. داستانێکم دروس کرد کە ئەم نووسراوە عەتر فروشێک لە بانە پێیداوم. دیسان جارێکیتر منیان برد بۆ ساواک. هەر جۆرێک بوو نەمانهێشت پەرە بستێنێت و ڕەفێقەکانیتر تووشی موشکیل بن. من و ئەو ڕەفێقمە یەکی بە یەک ساڵ حوکم دراین؛ ئەوە ساڵی ١٣٥١ [١٩٧٢] بوو، ئەگەر تۆزێک دواتر بووایەت لانیکەم ئەبەدیان پێ ئەداین. دوای زیندان هەر کامەمان سێ مانگ سەربازیمان مابوو منیان تەبعید کرد بە کرمان و بووم بە سەربازی سیفر(ئاسایی). دواتر وەک موهەندیس نەمدەتوانی کار بکەم چونکوو پێشینەی زیندانم هەبوو. لەو وەختە دا زۆرتر جیددی ببوو کە بچین بۆ کرێکاری. چووم لە کارخانەی کەوشی بیللا وەک کرێکاری سادە کارم کردو لەگەڵ شەهید سەعید یەزدیان ئاشنا بووم. کاک عەبدوڵڵا لە تاران بوو، کاک فوئاد بەردەوام هاتووچووی ئەکرد و یەکترمان ئەدیت. لەگەڵ کاک فوئاد لە تاران ئیعلامیەیەکمان نووسی سەبارەت بە کرێکارانی کارخانەی "جهان چیت". کۆپیمان کرد و بردمان لە جنووبی تاران بڵاومان کردەوە. عەبە تاران لەو پەیوەندییەدا بوو، ئینسانێکی خەباتکار و سەمیمی؛ زۆر تێکەڵی کرێکاران بووین ژمارەیەکمان لوڕ بوون و لە کارخانە کاریان ئەکرد.

وردە وردە گیران دەستی پێکرد. ماڵێکم بوو لە جنووبی تاران لەگەڵ کاک فوئاد. لەو ماڵە دانیشتبووین قسەمان کرد. وتمان نابێت ئێمە لە سەر ئەم پەیوەندییانە ئاوا بگیرێین و ئەبێ فکرێک بە حاڵی ئەم مەسئەلە بکەینەوە. من پرسیم چۆنە ئێمە لەملا و ئەولا کار ئەکەین، دایبنێین شەش مانگ جارێک یەکتر ببینین، لە ناو خەڵک دا چالاک بین، شتێک شکڵ پێبدەین جا ئەو وەختە پەیوەندی بگرینەوە لە سەر ئەم شتانە. خولاسە هەردووکمان باسێکی زۆر تولانی و جیددی و موهیممان کرد. کاک فوئادیش وەک من بیری ئەکردەوە و شەوقمان بوو لە سەر ئەو بۆچوونە و ئەمانزانی شتێکی موهیممە. ئەمە بۆ ئەوە باس ئەکەم مەنسوور حیکمەت و ئەوانە کە دواجار ئەهاتن قسەگەلێکیان لەم چەشنە وەک ئیکتشافات، کە پەیوەندی ئەبێ ئاوابێت لە کارخانەدا بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێن و فلان. ئێمە ساڵەها بەر لەوە تۆ [مەنسوور حیکمەت] واریدی کاری سیاسی بیت، ئەمانەمان وتووە. بەداخەوە پێش ئەوە فرسەت بکەین ئەم

چاکسازی و تەغییراتە بدەین، بەکۆمەڵ گیراین. ئاوا بوو کە شەهید سەعید یەزدیان ڕەفێقێکی زۆر باش، سەمیمی و دڵسۆز بوو. ئەویش ڕەوابیتی زۆر بوو ژمارەیەک گیرابوون و ناوی ئەمیان بردبوو. لە ژێر ئەشکەنجەی زۆردا هەر مقاوومەت ئەکات تا سەرەنجام بەرەوڕووی ئەکەنەوە. دوای گیرانی سەعید من یەک دوانێک لە ڕەفێقەکانی هاوپەیوەند لەگەڵ ئەوم هاوردبووە ماڵەکەی خۆم. ڕۆژێک بڕیار بوو بچم بۆ مەشهەد یەکێکتر لە ڕەفیقەکانی سەعید یەزدیان ببینم کە پێشووتر یەکمان دیبوو. لە ناو ژوورەکەمدا دانیشتبووم هەوایش فرە گەرم بوو. لەپڕ هاتنە سەرم و لەشکرێک هاتنە ناوە. لە ڕێوە پرسیان "اسلحەت کجاست" [کوا چەکەکەت] . بردمیان بۆ کۆمیتە و وەک هەمیشە بردمیانە ژێر ئەشکەنجە؛ وام لێهاتبوو نەمدەتوانی بچمە ڕێگا، بە پەتوو ئەیانهێنام و ئەیانبردم هیچم نەوت.

نازانم چەند ڕۆژی کێشا لەپڕێکدا لە ژووری بازجوویيەکە دا چاوبەستەکەمیان لابرد وتیان ئەمە ئەناسی؟ سەعید ناوی هەموو ئەو ڕەوابیتە کە پێکەوە بوومان بردی. ناوی کاک فوئادیش. فەقەت ناوی کەسێکی نەبرد کرێکارێک بوو کە لە پەیوەندی خۆیدا بوو. من پەیوەندیم بەرقەرار کردبوو ئەوی نەوت، من ئەوم نەنووسی.

١٢ ساڵ زیندانیان بڕییەوە بۆ من لەبەر ئەوە کە دوو جار گیرابووم. ئەوانیتر کەمتریان پێدرا. لە بیرمە کە لە دادگا بووین لەگەڵ کاک فوئاد و ڕەفێقەکانیتر زۆرمان کۆبووینەوە، لەوێ هەموو کەس ئەیان دیت ئێمە چەند نەفەر، چەند نەفەر هەر خەریکی پیاسە کردنین، گشتی ئێحساسی ئەکرد ئەمە ڕەوتێکی سیاسییە. لە بیرمە دوای ئێعدامی بیژن جزنی و ئەوان، وتمان ئێمە یا لەم زیندانە دا ئەکوژرێن یا ئەم ڕژیمە نامێنێت!

ئەو کسانە کە کۆمەڵە بووین بەو حاڵەوە بەو زەربە قورسەوە، بە بێ ئەوە تەوافوقمان کردبێت وەک یەک قسەمان کردبوو! کەس باسی ئەوەی نەکرد کە ئێمە جەرەیانێکی ڕێکخراوین. ئەماندیت کەسانێک لە زینداندا ئەگریان و لە ژێر ئەشکەنجەدا کۆڵێک ئیعترافیان ئەکرد؛ ئەگەر وامان بکردایە هەر نەفەرێک سی چل نەفەرمان ئەدا بە گرتن. ئەوەبوو هیچ کەس ناوی کاک سەدیق کەمانگەر و کاک ساعدی نەبرد. بەلام کاک فوئاد ڕۆڵی مەرکەزی هەبوو.

لە بیرمە وەختێک کاک فوئادیان هاورد من لە ژووری لێپرسینەوەدا بووم؛

بردیان بۆ ئەشکەنجە زۆر ناڕەحەت بووم بەڵام تا بەرەوڕوو نەکرا هیچی نەگوت. گشتمان وا بووین. لە منیان پرسی کاک فوئاد لە کوێ کار ئەکات. نازانم لە کەسی‌تریان پرسیبوو یان نا، منیش ئیمکانی ئەوەم نەبوو کاک فوئاد ئاگادار بکەم کە دەرچێت یا کارێک بکات پێموابوو ئەمە فۆرمالیتەیە لە من ئەپرسن منیش وتم لە هونەرستان سەنعەتی کار ئەکات.

پرسیار: دوو شت هەیە یەکەم ئێوە هەمووتان کە گیران ئیعترافتان لە سەر کراوە بەڵام ئێوە بە فیداکاری و مقاوەمەتی خۆتان بەرتان گرت لەوە کە گیرانەکان پەرە بستێنێ. ئەڵێن نەوعێک ئیختلاف لە ناو هاوڕێیانی زیندان دا بوو بۆ بەشداری کردن لە مەراسمی حکوومەتی. چەند ئاگاداری ئەو ئیختلافانە هەیت؟

کاک شوعەیب: ئەو وەختە وا ژمارەیەکی فرەمان کۆ ببووینەوە لە یەک جێگەدا، لە زیندانی قەسر بووین. دوای سێ مانگ منیان لە کۆمیتەوە نارد بۆ زیندانی قەسر. کاتێک کە چووم زۆربەی ڕەفێقەکان لەوێ بوون. کاک فوئادیش لەوێ بوو ئیتر چاو پێکەوتنی ئەوان دونیایەک بوو. لە زیندانەکەدا مەئموریان دانابوو بەردەوام خەریکی ئەزیەت کردن بوون و مەمنووع بوو تەنانەت پێکەوە دەس بدەینەوە و یەکتر ماچ بکەین.

هۆکەی ئەوە بوو وتیان وەختێ "بیژن جزنی" [جەزەنی] و ئەوان لەوێ بوون وەزعی زیندان فرە باش بووە؛ هەموو شت بەدەست زیندانییەکانەوە بووە، سروود خوێندن و ئەم شتانەیش بووە. ڕۆژێک کاربەدەستانی سەرەوە ئەیانەوێت لە زیندانەکان بازدید بکەن. سەرۆکی زیندان و ئەو بەشە سیاسییە ئێژێت ئیمڕۆ داواتان لێدەکەم سروود مەخوێنن، با نەوێتە باعیس ئەزییەت و دەردی سەر لە زیندان. لایەنگرانی ڕێبازی چریکی و فیدایی ئێژن جا چۆن، زیندان ناوچەی ئازادکراوە! ئاوەها تەوەهوماتێکیان هەبوو. خۆلاسە بەدەنگی بەرز سروود ئەخوێنن. بەرپرسانی سەرەوەی ساواک ئێژن ئەمە چ خەبەرە؟ دەستور ئەدەن بڕژێنە ناویان و ئەکەونە لێدانیان. دوای ئەوە زیندان بوو بە ئەشکەنجەگا.

جارێک من و کەسێک خەریکی خواردنی چێشتێک بووین، گۆشتەکەمان ئەکوتا پاسەوانێک هات و ئێمەی برد. وتی ئەمە کۆمونیستیە، دوو کەس گۆشتەکەیان لە ناو یەک کاسەدا کوتاوە! وتمان ئاوی چێشتەکەمان کردوەتە ناو کاسەیەک و لەو کاسەکەی تردا گۆشتەکەمان کوتاوە!

ئەو وەختە کە ئێمە لەوێ بووین ئیختیلاف و قسەو باسێکی ئاوا نەبوو. من شتێکی وام لە بیر نایە، بەڵام من لە ڕەفێقەکانم دابڕام چونکوو حوکمی من ١٢ ساڵ و حوکمی ئەوان ٣ ساڵ و ٤ ساڵ بوو. بەوپێیە دابەش کرابووین. من ئەوەی وا پرسیارتان کرد دواجار وەختێک لە زیندان هاتمە دەر بیستم کە کاک فوئاد پێ وابووە قەیناکا با بچین با شتگەلی دەست و پاگیرمان نەبێت و بڕوێن کاری ڕوو بە دەرەوە بکەین. بەمەبەستی خزمەت بەو ڕێگایە وا باوەڕی پێی بووە.

**پرسیار:** کاتێک شۆڕش لە ئێران دەستی پێکرد و فەزا گۆڕدرا، مەراسمی بەرەوپیری چوونی زیندانییە سیاسییە ئازادکراوەکان لە کوردستان زۆر بوو. خۆیشت یەکێک لەوانە بوویت. بیرەوەرییەکانی ئەو کاتەت بەو پەیوەندییە نزیک و دۆستانەی کە تۆ و کاک فوئاد بووتان بگێڕەوە. یەکەم جار لە کوێ و چۆن کاک فوئادت بینی؟

**کاک شوعەیب:** لە زینداندا ناوەکانیان ئەخوێندەوە لە بلیندگۆوە و ئیمە ئامادە ئەبووین. هەر ڕۆژێک و لیستێکیان ئەخوێندەوە. بە مینیبووس هاوردمانیانە دەرەوەی زیندانی قەسر و لەوێ جەمیلی برام و ڕەئوف ڕۆحانی هاتبوون. خەبەریان بوو مومکینە کە ئازاد بین. من لە جەمیلم پرسی کەی ئەچینەوە؟ وتی خۆ هەروا سادە نییە، وتم چۆن؟ وتی مەراسمیان داناوە و دێن بەرەوپیرتان. سەرەتا چووینە کرماشان، کاک فوئادیش لەوێ بوو ئیتر دیار بوو قەرار و مەداریان ئاوا بوو. دوای زیندان یەکەم جار لەوێ یەکترمان دیت. کاک فوئاد باسی کرد مەراسمی ئیستیقباڵمان داناوە، تۆیش پەیامێک بخوێنەوە بۆ خەڵکەکە. منیش تازە هاتبوومەوە هەر خەریک ئەبووم بنووسم و هەر هیچم بۆ نەدەنووسرا. لە بیرمە پرسی چیت کرد، شتێکت نووسی؟ وتم نەهێشتا! ئاخری کاک فوئاد خۆی پەیامەکەی بۆم نووسی بە کوردی. منیش تەماشایەکم کردو وتم دەستت خۆش بێت و پێکەوە ڕۆیشتین لە یەک ماشیندا بووین. کاک عەبدوڵلا بابان لەگەڵمان بوو. بەو ماشینە ئەچووین و قسەمان ئەکرد. وتم کاک فوئاد ئەم کاک عەبدوڵلا کوڕێکی باشە، وتی هەزاران کەسی باشی وەکوو ئەو پەیدا بوون ئەوە ئێستا تۆ خەبەرت نییە. هاتین لە ناو شاردا گەڕاین و چووینە سەر گۆڕی چەند شەهیدێک و من نووسراوەکەم خوێندەوە. ئیتر ئەوە بوو حەملەیان کرد و گازی فرمێسک

ڕێژیان بڵاو کردەوە و تەقەیان کرد. سەرەنجام چووینە ماڵەوە. کاک فوئاد تەدارەکی زۆری چنیبوو ئەمزانی ئەوە کاری ئەوە؛ مەسەلەن لە سەر بان و دیوار ڕەفێقەکان هۆشیار بن لە باری ئەمنیەتییەوە. ئەو هەمیشە پەیگیر بوو لەو شتانەدا و ئەچووە ناو وردەکارییەکانەوە، کەسی‌تر بەو جۆرە نەبوو. کاک فوئاد باسی کرد بۆم کە [ئەحمەد] موفتی زادە موخالەفەتی کردووە ڕاگەیاندنێکی دابوو وتبووی " لە ئێمە نییە" (از ما نیست). کاک سەدیق کەمانگەریش بانگەوازێکی بڵاو کردبووەوە. من لە سەدا سەد ئەزانم ئەمە کاری کاک فوئاد و کارێکی بێ ئەندازە موهیم بوو. فوئاد ئا لەم شوێنانەدا نیشانی ئەدا کە فوئادە. ئەو تەشخیسی دابوو کەسێک وەک سەدیق کەمانگەر نفووزی پەیدا کردووە و خەڵک گوێی پێ ئەدەن. ئەگەر وای نەکردایە جەرەیانی مەزهەبی لەوانەبوو یەکسەرە زاڵ بێت بە سەرماندا، وەلێ ئەو کارە بووە باعیس ئەوە ئەوان پاشەکەشیان پێکرا. موفتی‌زادە شەو هات بۆ ماڵی ئێمە بۆ بە خێرهێنان. منیش هەر دۆستانە قسەم لەگەڵ کرد، ئەزانن کە لە دایکەوە خزمین.

بەهەر حاڵ ئەو خەتی کۆنەپەرستانەی گرتبووە بەر و کاک فوئاد لە تەواو سیاسەت و تاکتیکی خۆیدا هەمیشە هۆشی بووە کە کەسێک توندڕەوی و چەپڕەوی نەکات. ئەوە تەنیا لەبەر من نەبوو، خۆ کەس منی نەدەناسی لە سنە یەک دووجار شیعاریان دابوو فلانە کەس ئەبێ ئازاد بکرێت. وەلێ ئەمە نیشانەگەلی ئەو خەتە چەپ، شۆڕشگێڕ، سێکولار، عەداڵەتخواز و ڕادیکاڵە بوو کە لەو شارەدا هەبوو. وەلێ ئەبێ ناوەندێک هەبێت کە ئەوە بخاتە گەڕ. بوونی کاک فوئاد و باقی ڕەفێقەکان پێکەوە بوو بەهۆی ئەوە کە ئەو سەرکەوتنە بە دەست بێت.

**پرسیار:** هەرچەند هەموومان ئەزانین کاتێک کۆنگرەی یەکەم گیرا تازە لە زیندان ئازاد ببویت لەوانەیە نەت توانیبێت بەشداری ئەو کۆنگرە بکەیت. تا چەندە لە جەرەیانی ئەم باسانەدا بوویت؟ چۆنی ئەبینیت؟ و یا بە نەزەری خۆت کۆنگرەی یەکەم چەندە تەئسیری دانا لەسەر ئەوە کە چەند مانگ دوای ئەو کۆنگرەیە کۆمەڵە بوو بە جەرەیانێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستان دا.

**کاک شوعەیب:** من وەختێ لە زیندان هاتمە دەر تا ماوەیەک بە دەم میوانەوە

بووم. هاوڕێکانی خۆیشمان ئەهاتن، کاک فوئاد، کاک حەمە حوسەین، کاک عومەر مەسەلەن کاک عومەرم هەر نەدیبوو لەوێ دیتم. کاک فوئاد وتی ئەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕەفێقەکان لێرە کۆبوونەوەیەکمان هەیە. نەیانگوت تۆ بێ و بەشدار ببە. لە ماڵەکەی کاک ساعد بوو؛ وەختێک تەواو بوو. جارێک منیشیان بانگ کرد و چووم بۆ ئەوێ و هەر وا کەمێک قسەو باسمان کرد. وەلێ لە جەرەیانی قسە و باسەکاندا نەبووم. دواجار دەورێک سورەت جەلەسەکانم دیت. دیارە وەک تەشکیلاتێک ڕێک و پێک کە ڕاپۆرتی سیاسی و چی و چی بێت ئاوا نەبوو. من ئەوندە عەقیدەم نەبوو بەوە فلانە هاوڕێ لەو چەند ساڵەدا کە ئێمە لە زیندان بووین چۆن بووە و چۆن نەبووە. ئەو وەختە کە من هاتم ئەو مەسئەلە حەل ببوو. دیارە لە ناو ژمارەیەک لە ڕەفێقەکاندا ڕاڕایی یان کەم کاری و سستی هەبووە و دەبوو ئەوە ساخ ببێتەوە. کاک فوئاد لەوەدا ڕۆڵی سەرەکی بووە کە ئەم جەمعە ساخ ببنەوە. بە نەزەرم کاک فوئاد بەو شەخسییەتەوە کە بووی، سەقامگیری و پایەداری لە گرووپدا ڕێکخست و توانی ئەو کەسانەی کە جیددی و ئامادە بەکارن کۆبکاتەوە. ئەو ڕۆڵی هەبوو لەو کۆنگرە دا.

ئەم کۆنگرە کەم و کووڕی مێژوویی خۆیشی هەبووە. ئاخەر تۆ حەساوی ئەوەیش بکە ژمارەیەک جەوان بوون؛ تەماشای ئەم برادەرانە بکە لەم عومرەدا مەسئوولییەتی گەورە هاتووەتە سەرشانیان. ڕژیمێکی دیکتاتۆری کە تۆ شانسی دەرباز بوونت هەبووە و نەیانکوشتوویت. کتێبگەلێک عادی کە بوو لەوێ هەر جارێک حەملەیان ئەکرد ئەم کتێبانەیشیان لێ داگیر ئەکردی. لە ناو زیندانیشدا قسە و باست ئەکرد جاسوسیان دانابوو. کە دێیت لەگەڵ دەریایەک مەسائیلی جۆراوجۆردا بەرەوڕوو ئەبیت. وەختێک کاک فوئاد لە دەس چوو زانیت چی بوو. زانیت ئەو کۆنگرە چی بوو، ئەو تەشکیلاتە چی بوو وەلێ تا وەختێک هەیە نایزانیت.

لە سەر ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێران چییە و چی نییە لەو کۆنگرەدا باسکراوە. دەی لەم چ کردەنەدا تەواوی چەپ موشکیلی هەبوو. وەلێ ئێمە هەر لێکدانەوەیەکمان هەبووە، دواجار لە بەرامبەر ئەم ڕژیمەدا ڕاوەستاوین. ئەو کەسە وا ئەیگوت سەرمایەدارییە و چی و چی، بزانە چ کارەساتێکی لێ کەوتەوە! تۆ قەزاوەتت ئەبێ لە سەر ئەوە بکەیت دەنا ئەگەر تەواوی کتێبەکانی مارکسیشت لەبەر بێت وەلێ جەمهووری ئیسلامیت پێ دژ بە ئەمپریالیست بێت، هەموو قسە زلەکانت

پووچە. وەلێ ئەزانم کەم و کەسریش هەبوو. تووشی وردەکاری بووین فرەیەک لەمانە ئیراد بوو، وەلێ خەتی ئەسڵی و کارکردی ئەسڵی ئەم تەشکیلاتە شۆڕشگێرانە بوو، بە هەموو کەم و کووڕییەکانیشیەوە.

**پرسیار:** دوای ڕاپەڕین فەزایەکی دیموکراتیک لە ئێران و کوردستان هاتە ئاراوە. هەر ڕۆژە جووڵانەویەک و شتێکی تازە ئەهاتە پێش. بیرەوەریەکانی خۆت لەگەڵ کاک فوئاد لەو سەردمەدا تا نەورۆزی خوێناوی سنە چیە؟

**کاک شوعەیب:** پێش ۲۲ ی ڕێبەندان و ڕووخانی ڕژیمی شا، لەگەڵ ڕەفێقەکاندا بەم لا و ئەو لا چوون و قسە و باس و ئەمجۆرە شتگەلە بوو. کاک ساعد لە ماڵەکەی خۆیدا چاڵێکی هەڵکەندبوو شتەکانمان لەوێدا ئەشاردەوە. لەبەر ئەوە هەر کەس بۆ خۆی لە شارەکەی خۆی خەریکی هەڵسووڕان بوو، فرسەتی ئەوە نەبوو کۆبوونەوەمان ببێت. بەڵام کاک فوئاد لەبەر خەسڵەتی خۆی لە هەموو جێگەیەکدا تێدەکۆشا بە جۆرێک بزانێت ئەوزاعەکە چۆنە و هەستی بە مەسئوولیەت دەکرد. من پێموایە هیچ کام لە ئێمە وانەبووین. سەیر بکە من لە شاری سنەم و ئەوەندە سەرم قاڵە کەی ئەتوانم بچم بۆ سەقز یان بۆ مەریوان وەلێ کاک فوئاد وانەبوو. سەرەڕای ئەوەی کە لە مەریوان خەریکی کار بوو، هەمیشە سەری شارەکانیتریشی ئەدا و ئەهاتە سنەیش. شەڕەکەی سنە کە هاتە پێش بە هۆی ڕەقابەت گەلی موفتی زادە و سەفدەری، ئەوە وەختە کومیتەی ئێنقلابی مەوەقەت دروست بوو کە کاک سەدیق کەمانگەر و من وەکوو نوێنەری کۆمەڵە بەشدار بووین.
ئەمە خۆ بڕیار نەبوو. لە پڕ تەقە دەستیپێکرد، تەلەفونیان کرد وتیان بێ بۆ ستاد ئەوە کاک سەدیق لەوێیە. کە چووم دیتم کاک سەدیق و ژمارەیەک چریک و خەڵکیتر لەوێ حازر بوون؛ وتبوویان کۆمیتەیەکی ئینقلابی دروست بکەین لە هەر رێکخراوەێک دوو کەس بێت، لە کۆمەڵە کێ دێت؟ کاک سەدیق گوتبووی من کۆمەڵەم وتبوویان ئێوە ئەبێ دوو نەفەر بن وتبووی شوعەیبیش. ئاوا بوو منیش چووم بۆ ئەوێ. ئەو بڕیارە بەشێوەی دێموکراتیک نەدراوە و چی و چی. کە چووم دیتم کاک فوئادیش لەوێیە. کاک وەحید عابدی باسی ئەکات ئێژێت لەپڕ دیتم کاک سەدیق و کاک فوئاد لەوێن و بە یەکەوە چپە چپێکیان کرد. کاک فوئاد لەوێ بوو وەلێ نەدەهاتە ناو جەلسەکەمان. نوێنەری

هەموو لایەنەکان بوون و ئێمەیش نمایەندەی کۆمەڵە بووین. خەریکی ئەوە بووین بەشکوو ئەفسەرەکان لە پادگانەوە بێن سەرهەنگ سەفدەری دەعوەتی لێکردن و ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە. بەڵام کاک فوئاد بە خۆی و تفنگەکەیەوە لە ناو ڕاڕەوەکە دانیشتبوو و چاوەدێری دەکرد بزانێت ئەگەر قسەیەک باسێک بوو قسە بکات. ئەزانم کە شەوەکە و ڕۆژەکەی دواتریش لەوێ بوو، بەڵام دواجار نازانم لە چ وەختێکدا دیار نەما و نازانم بۆ کوێ چوو. ئەمزانی حەتمەن چووە لەگەڵ هاوڕێکانیتردا خەریکی شتێکە. دواجار دیتم ڕاگەیاندنێک لە سەر ئەم قەزیە لە لایەن کۆمەڵەوە دەرچوو بە ناوی "هم میهنان مبارز" [هاونیشتمانانی تێکۆشەر] کە فرە ڕێک و پێک بوو، زانیم ئەمە دەستی فوئادی تێدایە. باشترین ڕاگەیاندنێک بوو کە لەو کاتەدا درا. کە خوێندمەوە خەیاڵم ڕاحەت بوو بەتایبەت کە جەماعەتی موفتی زادە هەوڵیان ئەدا کە خەتاکە بخەنە سەر سەدیق کەمانگەر و چەپەکان و خۆیان بپەڕێنەوە. لە بیرم نیە کەی دواتر کاک فوئادم دیت. وەلێ دوای ئەوەی کە ڕووداوەکانی نەورۆز تەواو بوو و شورا دامەزرا، ئیتر کاک فوئاد کار سەرەکی خستبوە سەر مەریوان و بەین بەین بە نامە یا ئەهات پێکەوە قسەو باسمان ئەکرد.

**پرسیار:** عەکسێکی تۆ و کاک فوئادم هەیە لەو جەلەسەی موزاکەرەی هەیئەتی دەوڵەت وەک تاڵەقانی، بەهەشتی، ڕەفسەنجانی و ئەوانیتر کە لە نەورۆزی خوێناوی سنەدا هاتبوون. چیت لەو بارەوە لە بیرە؟

**کاک شوعەیب:** وێنەکەم تەماشا کردووە، وەلێ لە بیرم نییە لە کوێ بووە. ئەزانی چیە بە داخەوە ئێمە ئەهلی عەکس گرتن و ئەمانە نەبووین و زەرەری زۆرمان کرد. بەڵام ئەو سەردەمە فشارێکی زۆرمان لە سەر بوو. ئەوە کاک عەبدوڵڵا چبووە پادگان گیرابوو زۆر نیگەران بووین داخۆا چیان بەسەردێت. مەسەلەن من هەوڵم ئەوە بوو وەختێ ئەو موزاکەرە بوو لیستی زیندانیەکان زووتر ئامادە کەین و تاڵەقانی ئیمزای بکات؛ بەهەشتی نەیهێشت. خولاسە ماجراگەلێکی زۆر. یا مەسەلەن مامۆستا شێخ عێزەدین هاتبوو لە بیرمە جەلەسەیەک لە ماڵی داداشپوور بوو من و سەید ئەیوب نەبەوی لەوێ بووین قسە و باس هاتە سەر ئەوە کە ئێمە ژمارەیەکمان لەگەڵ ئەو سەرگورد کولیجییەدا بڕۆین بۆ پادگان قسە و باسیان لەگەڵدا بکەین و بێژین ئیحتماڵ ئاگر بەس هەیە. ئێمە

بە ئامبوڵانس چووین بۆ پادگان لەژێر ئەم تەقە و گوللەبارانەدا. یادی بە خێر سەید ئەیوب هەر ئیسرارمان ئەکرد ئەمگوت من پارچە سپییەکە ئەگرم. قەرار بوو ئەو پارچەمان پێ بێت دانەیەکی لای ڕاننده و دانەیەکی لەم دەستەوە. سەید ئەیوب قبووڵی نەکرد و خۆی پارچەکەی گرت و من و سەرگوردەکە چووینە پشتەوە لە بەین کیسە خۆڵەکاندا ڕاکشاین تا پادگان. لەو جەلەسەی تاڵەقانی و ئەوانە نازانم خەریکی چ کارێک بووم لەپڕ وتیان ئەوە لە کوێیت؟ چووم بە زۆر خۆمم خستە ناوەوە . ئەو کەسانەی لە بەر درگا بوون نەیاندەزانی من تێدام. کە چوومە ئەوێ جەلەسەکە تازە دەستی پێکردبوو ڕەفسەنجانی، بەنی سەدر، موفتی زادە و کاک سەدیق. نیگەرانیش بووم موفتی زادە و ئەوانە بیکەن بە کارێک شەڕەکە بخەنە گەردن چەپەکان و هەر خەریک بوون. بە پەلە بووم بچمە لای کاک سەدیق و مەسئەلەی زیندانیەکان باس بکەین کە هەرچی زووتر کارێکیان بۆ بکرێت.

لە بیرمە دوای شەڕەکەی سنە لەگەڵ کاک فوئاد لە دەرەوە یەکترمان دیت وتی ئێوە بۆ چی نایەن شتێک ڕێکبخەن. هاتوو ئەرتەش حەملەی کرد. ئەوندە ماندوو بووین گشتمان هەر نەچووینە سەری. منیش ڕاستیەکەی ئێحساسم ئەکرد مومکینە کەس قبووڵی نەکات. وتم ئەو جیددی بوونەی کاک فوئاد بۆ هەر چی شتە بیری ئەکردەووە، بەڕاستی لە هەر چی جێگایە دیاربوو. ئەگەر لە هەموو جێگایەک بەو شێوە عەمەڵمان بکردایە، جۆرێکیتر ئەبوو.

**پرسیار:** دوای نەورۆزی خۆێناوی کاک فوئاد کار و فەعالییەتی زۆرتر چڕ بوو لە مەریوان؛ یەکیەتی جووتیاران، ئەوەڵین دەستە پێشمەرگە، دواتر کۆچی ناڕەزایەتی خەڵکی مەریوان بەرانبەر بە هاتنە ناو شاری پاسدار . لەوانە چ خاترە و بیرەوەرییەکت هەیە باسی بکەیت؟

**کاک شوعەیب:** لە بیرمە وەختێک ئێمە لە سنە بووین و بیستمان، ئەیانگوت مەسئەلەی پێکهێنانی هێزی چەکدار چەپڕەوییە. ئێمە پەیوەندیمان بوو لە سەر ئەوە قسەمان کرد و لایەنگری پێکهێنانی یەکیەتی جووتیاران بووین. ئەمە پێشنیاری کاک فوئاد بوو و ئێمەیش پێداگیریمان کرد. جارێکیان لە کاک ساعدم پرسی ئەیگوت لە بیریەتی فلانە کەس (ناوی ناوم) وتوویەتی ئەو کارە دروست نییە. وەلێ بە هەر حاڵ بەگشتی هاوڕێیانی ئەم بەرە ساخ بووین کە

ئەو کارە دروستە. لە بیرمە نامەیەکم نووسی بۆ کاک فوئاد بۆ تەئیدی ئەوە تا قەزیەی دەرگیری لەگەڵ پادگان و کۆچی خەڵکی مەریوان و دواتر دەستگیری کاک ساعد و ژمارەیەک لە ڕەفێقەکان. لە بیرمە لە بەر جەمعییەتدا بووین چی بکەین و چی نەکەین، لەگەڵ کاک ئەمیر حەسەنپوور لەو کاتەدا پێکەوە بووین. وتم کاک ئەمیر بە نەزەری تۆ چی بکەین؟ وتی ڕاهپەیمایی بکەین، وتم ڕاست ئەکەیت. چووین و لەگەڵ باقی کەسەکان لە جەمعییەت باسمان کرد و موافق بوون لەگەڵ چریکەکان قسەمان کرد موافق بوون و ڕۆژی دوایی ڕێکەوتین. لە کەوانەدا بێژم (کاک ئەمیر حەسەنپوور یەک دوو ساڵێکە لە سەر ئەم قەزیە قسە ئەکات. من وتوومە کاک ئەمیر حەسەنپوور ئەو پێشنیارەی داو منیش خێرا قبووڵم کردو چووین ڕاهپەیمایمان کرد. بەڵام ئەو فرە حەماسی کردووەتەوە. لە گفتوگۆدا لێی ئەپرسن تۆ چۆن بوو ئەم پێشنیارەت کرد، ئایا لەبەر ئەوە بوو تۆ تەجرەبەی چین و مەسئەلەی شەڕی درێژخایەن و ئەمانەت لە بەر چاو بوو؟ ئەڵێت بەڵێ . ئەوە وانییە، و مەسئەلەکە وانەبوو چونکوو گشتی خێرا قبووڵی کرد. هیچ کەس هیچی نەگوت و جەدەلێک نەبوو لە سەر ئەوە کە نەیکەین.
بڕیار درا و ڕاگەیەندرا کە ڕاهپەیمایی ئەکەین و خەبەرەکە بڵاو بووەوە. لە شارەکانتریش دەستیان پێ کرد حدود ٣٠ ـ ٤٠ هەزار نەفەرێک هاتن لە ناو شاردا خۆپیشاندانیان کرد. ئەوانەی کە چوونە دەر لە شار سێ چوار هەزار کەسێک ئەبوون کە زۆربەیان هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە بوون لە ژنان و پیاوان. کاک شوان و ژمارەیەکیتر خۆیان سەربەخۆ هێزی چەکداریان دانابوو بۆ پارێزگاری لە ڕێپێوانەکە. بەپێچەوانەی قسەی کاک ئەمیر حەسەنپوور، ئێمە وتبوومان ئەسڵەن لە بەر پادگانەوە نابێ ڕەد بین لە نەتیجەدا لە گاڕانەوە نەچووین؛ لە چەم شامیانەوە چووین. ڕێپێوانەکە هەیئەتی مەرکەزی هەبوو بۆ ئیدارەی کارەکان کە منیش بووم و کەسی چریکیشی تێدا بوو. دووانیان هاتن و تووڕە و نارەحەت بۆ چی ئەم مەسیرەتان هەڵبژاردووە، لەبەر ئەوەیە نفووزی کۆمەڵە زۆرتر لێروەیە. وتم ئێمە ئەسڵەن مەنزوورمان ئەوە نییە. ڕێگای گاڕان دێهاتی کەمتری لە سەرە و خەڵک کەمتر ئەتوانن لە جەرەیاندابن و هەروەها لە بەر پادگانەوە ڕەد ئەبێت نەکا موشکلێک بۆ ئەم خەڵکە پێش بێت. لە ڕێگادا بووین زیندانیەکان ئازاد کران. ئەوکات پێمان وابوو ئەمە نەتیجەی تەنیا ئەم ڕێپێوانەیە بەڵام وانەبوو هەم کاک یۆسف ئەردەڵان وەک شورای شاری سنە

ڕۆڵی هەبوو هەم کاک یەدێ بیگلەری وەکوو دادستانی کوردستان. بزووتنەوەی جەماوەری وەهایە. کاک یۆسف و کاک یەدێ نەبووایەن، مومکین بوو ئەم زیندانیانە ئێعدام بکەن. ئێمەیش نەبووایەین کاک یەدێ و کاک یۆسف بە تەنیا بێ فایدە ئەبوو. یەکتریمان تەکمیل کرد. ئەم دووانە پێکەوە تەئسیری هەبوو کە چەمران ئەوە قبووڵ بکات. کاک ساعد هات لە ڕێگادا قسەی کرد و سپاسی کرد لە خەڵک. بە شوێن ئەوەدا کاک فوئاد بەو گشتە کار و ئەرکەوە هات لە شوێنێک ئۆردوومان لێدابوو، قسەی کرد و باسی موزاکەرەی کرد. لە بیرمە باسی بەدرۆ خستنەوەی ئەوانی کرد؛ وتی وەختێک من قسەم کردووە وتوومە ئێمە ئەو داوامانە هەیە ئەبێ جواب بدەنەوە.  تەرەف چووە دوای چەند دەقیقە هاتەوە وتی تەلەفونم کردووە ئێژن ناوێت. کاک فوئاد پێیان ئێژێت خۆ تەلەفوون کار ناکات. ئاوەها بە جوزئیاتەوە دیقەتی کردبوو لە بەرخوردەکانی ئەم دوژمنانە. کە ئێمە گەیشتینە مەریوان من چوومە ئەو شوێنە کە موزاکەرەی لێ بوو. کاک فوئاد نارنجەک و خەشاب و تفەنگی پێوەبوو، ماندوویەتی لێ ئەباری. خەمی دونیا دایگرتبووم، بەم چەک و شتانەوە، ئەمە بۆ چی ئاوایە. فیکرم ئەکردەوە ئەمانەی پێنەبوایە کەمتر ماندوو ئەبێت. قسەم نەکرد چون هێندێک شت تابوو بوو. شەوەکەی قرار بوو تەوافوقنامەیەک ئیمزا بکرێت چووین، شێخ عوسمان خالیدی، بێهروز سلێمانی، کاک فوئاد و منیش بووم، ئەوانیترم لە بیر نییە. چووینە ئۆردووگای کانی میران لەوێ نەتیجەی موزاکەراتی باسکرد. کەسانێک دەستیان کرد بە وڕەوڕ کە ئەم جۆرە شت گەلە ئەمە بە هیچ نەبوو و هەروا و بێ دەسکەوت ئەچینەوە. کاک فوئاد بە بلیندگۆکە بە جوانی هەموو شتێکی باسکرد ولێکی دایەوە. زۆر زۆر خۆشحاڵ بووم لە قسە کردنەکەی چەندە بە جێگا و باش بوو قەت لە بیرم ناچیتەوە. بەڕاستی هەمیشە جێگای خاڵییە. دوای ئەوە ئێمە هاتینەوە چەند ڕۆژی پێ نەچوو کە فەرمان هێرش بۆ سەر کوردستان درا.

دروستە کارگەلێکمان کردبوو لە گۆڕەمەڕ هێزی پێشمەرگەمان بوو دەورە ببینێت، بەڵام ئەوە کە بایەد و شایەد بێت ئێمە ئامادەگی ئەو هێرشمانە نەبوو. کەسەکانی جەمعییەت هەمووی کۆمەڵە نەبوون. جەماعەتمان کۆکردەوە. ئیتر دەبووا وەک کۆمەڵە دەرکەوین کە نەکرا. لە سنە ئەگەر ئێمە هێزێکمان هەبووایە و ساخ بوایەین دەستکەوتی گەورەمان ئەبوو. لە بیرم نیە کاک سەدیق لە کوێ

بوو. کاتی خۆی دامەزراندنی جەمعییەت بە پێشنیاری کاک سەدیق بوو وتی ئەشێ کارێکی عەلەنی بکەین و جەمعییەتێک دابنێین، پێکەوە ڕاگەیاندنەکەمان نووسی.

**پرسیار:** لە نێوان کۆنگرەی یەک تا کۆنگرەی دووهەمدا باسی پێنج کۆنفرانس ئەکرێت. شەش مانگ دوای کۆنگرەی دوو لە خەرمانانی ساڵی ١٣٦٠ (سپتامبر ١٩٨١) دا کۆنفرانسێک لە عیلم ئابادی بۆکان گیرا بۆ چاککردنەوەی پەسندکراوەکانی ئەو کۆنگرە، واتە پێنج کۆنفرانس پێش ئەوە هەبووە. چەندە بەشداری ئەو کونفەرانسانە بوویت؟ باس لە کۆنفرانسێکی کۆمەڵە ئەکرێت لە بەهار یا هاوینی ساڵی ١٣٥٨ دا لە مەهاباد، ئایا لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوویت یان نا؟

**کاک شوعەیب:** ئەو ژمارە کۆنفرانسانە وەکوو شتێکی تۆمارکراوی بەر چاو، ئاوام لە بیر نییە. لە مەهاباد لە بیرمە کاک فوئاد و منیش بووم. ئەوەی وا من فرەتر لە بیرمە لە سەر مەسئەلەی دۆخی ئیجتماعی ئێران و کوردستان بوو کە ئیسڵاحات ئەرزی چ تەئسیرێکی هەبووە، ئایا کۆمەڵگای ئێران بەرەو سەرمایەداری چووە یان نا؟ وەلێ ساخ نەبووینەوە لە سەر شتێک؛ کاک فوئادیش وانەبوو بێژێت نەبووە بە سەرمایەداری، ئەوندەی کە لە بیرم بێت هەر وەک باسێکی کراوە بوو کە هیچ کەس تەعەسوبی لە سەر هیچ شتێک نەبوو، کە بووبێت بە دوو باسی جیاواز. لە کۆنگرەی یەکیشدا کەسێک باسی ئەوەی کردبوو کە ئێران بووە بە سرمایەداری وەلێ پشت باسەکەی نەگرتبوو کە وەک دوو بۆچوونی بەرامبەر بەیەک باس و جەدەل بکەن. لەوێ شتی وام لە بیر نایەت. لەوێ سەید برایم، کاک عەبدوڵڵا، دوکتور جەعفەر بوون، دەقیق لە بیرم نییە کێیتر.

وەلێ لە بێژوێ دوای حەملەی جەمهووری ئیسلامی ئێمە کۆبوونەوەیەکمان بوو. لەوێ کاک ساعد، من، کاک عەبدوڵڵا، سەید ئەیوب و ئەحمەد خورشیدی، موحسن رەحیمی، سەید برایم بووین. بەعزێک قسە وباس و تەسمیم گیریمان کرد. باقییەکەم لە بیر نییە.

**پرسیار:** بۆچی بەڵگەی ئەو کۆنفرانسانە یان کاک فوئاد لە جەمعییەتی مەهاباد

قسە و باسی کردووە، دوای ئەو هەموو ساڵە ئێستایش زۆر شتی موهیمی تێدایە. بۆ ئەمانە بڵاو نەکرانەوە؟

**کاک شوعەیب:** دەلیلەکەی بێ سازمانی بوو. لە ڕاستیدا وا نەبوو کەسێک نووسەر بێت و ئەوە لەبەرچاو بگرین و ئەوندە موهیم بێت کە دواجار بچینەوە سەری. گرنگیدان بە بەڵگەنامە ڕاگرتن نەبوو. . دوای کۆنگرەی دوو بوو ئەم کارەمان کرد و ئەوانە نین. بە داخەوە کەس تۆماری نەکردووە مەگەر کەسێک بۆ خۆی یادداشتی هەڵگرتبێت. قسەکانی کاک فوئادیش من لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا گوێم لێ بووە. زۆر کەس نەیدەزانی. دڵنیام بە ئەنقەست نەبووە کە ئەم قسانە بڵاو نەبێتەوە. وەلێ لە بارێکی تریەوە ئەو سەهلەنگاری و شتانە بوو بە داخەوە لە ناو کۆمەڵە دا. من خۆم لە کۆبوونەوە و ئەملا و ئەولا یادداشتم هەبوو قەدری ئەوانەم نەزانی وەختێک هاتم بۆ ئێرە هەموویم لە ناو برد. بەڕاستی زۆر شتگەل تاریخی بوو لە ناو نووسراوەکانی خۆم دا هی چەند ساڵ دوای کۆنگرەی دوو، نووسراوەی زۆرم بوو هەروا تێیا چوو. مەسەلەن کامێرامان نەبوو وێنە بگرین. لەو ڕووەوە لە باقی حیزبەکان لە دواوە بووین. مەسئەلەی ئەو کاسێتانە ئاوا بوو بە نەزەری من، زۆر جێگای داخە.

**پرسیار:** دوای هێرشی جەمهووری ئیسلامی لە ٢٨ی گەلاوێژ ساڵی ١٣٥٨ دا [مانگی هەشتی ١٩٧٩] بۆ سەر کوردستان، باس لەوە دەکرێت کە لە بانە کۆبوونەوەی هەموو حیزبە کوردەکانی ئێران و عێراق بووە تا چەند ئاگاداریت؟ ئەگەر لەوێ بوویت، باسەکان چی بوون؟ بە چ نەتیجەیەک گەیشتن؟

**کاک شوعەیب:** پێشتر بڕیارمان دابوو بڕۆین بۆ بانە. دواتر بەرەو تووژەڵە لە مقەڕەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەک بگرینەوە و بۆ سازماندانی شەڕ و خەبات لە تەجرەبەی ئەوان ئیستفادە بکەین. لەوەدا زەرەمان کرد و وەک ڕێکخراوەێک بە مانای واقیعی بە جوزئییاتەوە نەچووینە ناو کارەکەوە.

ئێمە نزیکەی سی کەسێک بووین بە شاخ و کێودا چووین بۆ بانە. کاک فوئاد لە بانە بوو باسی ئەوە بوو چی بکەین و چی نەکەین. جەلەسەی کۆمەڵە بەو شێوە نەبوو لەگەڵ باقی حیزبەکان، وەلێ من لە بیرمە دواجار لەگەڵ مەسئوولەکان یەکیەتی و کۆمەڵەی ڕەنجدران بۆ کار وبار نیزامی و ئەو شتانە کۆبووینەوە. لە جەلەسەکەدا کاک یۆسف و من بووین بەڵام دوای گیانبختکردنی کاک فوئاد

بوو یا پێش ئەوە باش لە بیرم نیە. هەروەها باسی چارەنووسی جەمعییەتەکان بوو لەو جەلەسەدا کاک فوئاد حازر بوو. قسەمان کرد بە ناوی کۆمەڵەوە شەڕ ڕابگەیەنین. جا لە جەمعییەتەکان هەر کەس هات بەخێر بێت. دیارە هەموو کۆمەڵە و لەوانەیش کاک فوئاد بەو نەتیجە گەیبووین.
جەلەسەیەکیش لە سالۆنێک گیرا کاک فوئاد لای مام جەلالەوە بوو و مام جەلال قسەی کرد. کاک فوئاد منی بە مام جەلال ناساندبوو. وەلێ کۆبوونەوەی لەو نەوعە هی حیزبەکانم لە بیر نییە.
ئەوە بوو خەبەرەکەی مەریوانمان بیست کە هاورێکان ئیعدام کرابوون. کاک فوئاد خۆی فکری کردبووەوە کە ئەبێ حەتمەن بڕواتەوە بۆ مەریوان. من دواجار بیستم کە کاک فوئاد قسە و باس ئەوەیە کردووە کە ئەبێ ئێمە پادگان مەریوان بگرین. بەهەر حاڵ قسە و باس ئاوا بوو. ئەزانم ئەساسەن بە خاتر ئەوە کە ئێحساسی نیگەرانی کردبوو کە مومکینە لە مەریوان ناهەماهەنگی و موشکلاتێک بێتە پێشەوە. وەلێ ئێمە فرە ئیسرارمان کرد وانەکات. چونکوو ئەمانزانی وەزع ناجۆرە و خەتەر بوو. لەو وەختەدا هەر کاممان خەریک کارێکیش بووین وایش نەبوو بێژین ئێمەیش دێین. لە بیرمە پاڕامەوە و خواهیشم کرد نەچێت، کاک ساعد پاڕایەوە کە نەچێت وەلێ ئیتر ئەو تواناییەمان نەبوو کە ئەو قانیع بکەین و پەشیمانی کەینەوە. لە لایەکەوە وەختێک ڕەفێقێک ئێژێت من ئەچم تۆ ئیتر ناتوانی زیادی لە سەر بچیت. ئەو تەشخیسی داوە حەتمەن شتێک حەیاتییە. دواجارەکە وەختێ فاجیعەکە پێشهات ئێژێت خۆزگا خۆم خستایەتە بەر ماشینەکە و نەمهێشتایە بڕوات. ئاوابوو ئەو چوو بەڵام خەم و دڵەڕاوکێم زۆر بوو. من لە ڕادیو بیستم کاک فوئاد گیانی بەخت کردووە. کارەساتەکە فرە گەورە بوو. پەرێشان بووم گریان دامیگرتبوو وەلێ لە بیرمە بەو حاڵەوە دەبووا جەلەسەیەکمان بگرتایە. خەمێکی قورس و عەزیمی خستە دڵمەوە، ساڵەهایە هەر بەو جۆرەیە.

پرسیار: کاک فوئاد لە بەر ئەوە گەڕاوەتەوە مەریوان کە بۆ دیفاع لە خۆ لە بەرامبەر بەو هێرشە بۆ سەر کوردستان، دەبێ هێرش بکرێت و بە هێزی حیزبەکانی کوردی ئێران و عێراق پادگانی مەریوان بگیرێت. چونکوو مەریوان لەباری جوغرافیا و پێگەی جەماوەری کۆمەڵەوە جێگەیەکی موناسیبە بۆ

دامەزراندنی مەرکەزییەتی کۆمەڵە لەوێ. چەندە لە جەرەیانی ئەو باسانەدا بوویت؟ چیت لە بیرە؟

**کاک شوعەیب:** من ئاگام لەم باسانە نییە. هەر ئەوەم بیستووە کە کاک فوئاد چووە لە مەریوان قسە و باسی وایکردووە. کە هێز کۆبکرێتەوە و پادگان مەریوان بگرن. وەلێ من خەبەرم لەو قسەو باسە نییە. بەڵام جەلەسەیش نەگیرابێت ئەزانم شتگەلی ئاوا لە فکری کاک فوئاددا هەبووە. بەتایبەت مەریوان ڕۆڵی فرە موهیمی بوو، جێگەیەکی بەرجەستە و تیپیکی بوو بۆ کۆمەڵە. لە کوردستان. مەقاوەمەت لە شارەکان، لە ناو شارەکانیشدا جێگەیەکی کە خەسڵەت نمای تەواو کوردستانە لە باری چەپ بوون و شۆڕشگێڕییەوە، مەریوانە. کۆشش بۆ یەک خستنی هێزەکان لە سەدا سەد لە بۆچوونەکانی کاک فوئادە. وەلێ من ئاگادار نیم.

دوای بانە ئیتر کاک فوئاد شەهید ببوو، چووین بەرەو سەردشت وتیان قەرارە هێزەکان لەوێ کۆببینەوە باسێک بکەین بۆ هاوکاری. من و حەمە سوور نوێنەری کۆمەڵە بووین، شێخ جەلال لەلایەن مامۆستا شێخ عێزەدینەوە، لە حیزبی دیموکرات دوکتور قاسملوو، مەلا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و عەزیز ماملێ. قسەو باس کرا کە چی بکەین. قاسملوو بە سێ شەرت حازر بە هاوکاری بوو هەر سێکیان یەکێک بوو کە ڕەهبەر ئەبێ حیزبی دیموکرات بێت. چونکوو حیزبی دیموکرات حیزبی ئەسڵییە و زۆرینەیە، ڕەهبەری ئەبێ بە ئەوان بێت. ماوەیەک باس و جەدەلمان کرد لەسەر ئەوە کە نەخێر وانییە و ئەمە ئیتیحاد نییە و قبووڵمان نەکرد. دواجار لە توژەڵە لەگەڵ مام جەلال و مامۆستا شێخ عێزەدین و چریکی فیدایی هەر ئەم کۆبوونەوانە کرا کە ئەویش هەر حیزبی دیموکرات شێواندی.

**پرسیار:** دوای گیانبەختکردنی کاک فوئاد وەک ناوەندی کۆمەڵە کۆبوونەوە کرا کە ئەمە چی بوو؟ بۆ چی وا پێشهات؟

**کاک شوعەیب:** نەخێر کۆبوونەوی وامان نەبوو.

**پرسیار:** ئەم ڕووداوە کە پێش هات و کاک فوئاد گیانی بەخت کرد وەک شتێکی بەهەڵکەوت هاتە بەر چاو یان وەک پیلانی جەمهوری ئیسلامی؟

**کاک شوعەیب:** ئێمە ئەو وەختە کۆبوونەوەمان نەکرد ئاوا بیر کەینەوە، و ئەسڵەن فرسەتی ئەوەیش نەبوو. هێشتا بە باشی خۆمانمان نەگرتبووەوە کە خەریک بین چی بکەین و چی نەکەین. باسێکی ئاوا لە سەری نەکرا. وەلێ ئەوەی کە ئایا پیلانی جەمهووری ئیسلامی بوو یان نا؟ ئەمە دواجار بوو ئەم قسە و باسە هاتە بەرەوە و زۆرتر لە لایەن ئێوە وەک کەس و کاری کاک فوئاد و هەڵبەت بەجێگە بوو تەرح کردنی ئەم پرسیارە. من وەک شەخسی خۆم بیرم لێ نەکردبووەوە کە مومکینە نەخشەیان کێشابێت نەک ئەوەی کە هەر وا بە رێکەوت تووش بووبن. واتە ئێحتماڵ فرەی هەس بەو شناختەی کە دوژمن لە کاک فوئاد بوویەتی و کەسانی خائین و جاش لەملا و ئەولا خەبەریان دابێت. ئەو ئەندازە دوژمن کاک فوئادی ناسی شایەد دۆستەکان لە ئاستێکی بەریندا نەیانناسی! ئێحتماڵی ئەمە هەیە وەلێ ڕاستەکەی ئێمە لە سەر ئەمانە بیرمان نەکردەوە. ئەمێنێتەوە سەر ئەوە ئینسان بۆ تۆمار کردن لە مێژوودا دەقیق بزانێت چی بووە بۆ دەرس وەرگرتن.

**پرسیار:** ئاگادار هەیت ناوەندی کۆمەڵە سەبارت بەم مەسئەلە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی قسە و باسی بووبێت؟

**کاک شوعەیب:** نەخێر من ئاگادار نەبووم. ئەگەر کەسانێک وەکوو تاکەکەس کردبێتیان من خەبرم نییە.

**پرسیار:** ئێمە کاک برایم جەلالمان دیوە و گفتوگۆمان لەگەڵ کردووە ئەڵێ دوای مەرگی کاک فوئاد لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا خراپ بەرخوردی پێکراوە. ئەو داوای لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ کردووە کە دەخاڵەت بکەن و ئەڵێ کۆمەڵە نامەی بەرائەتیان پێداوە و ئەڵێ نامەکە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، کاک برایم عەلیزادە و کاک عومەر ئیلخانی زادە نووسیویانە. سەبارەت بەم نامە چ ئاگادارییەکت هەیە؟

**کاک شوعەیب:** من ئەسڵەن ئاگاداری شتی وا نیم. من کاک برایم جەلالم دیوە سەرەتای شۆڕش. قسەم لەگەڵ نەکردووە وەلێ ئەگەر کەسیتر کردبێتی هیچ ئاگادار نیم.

**پرسیار:** کۆنگرەی یەکەم ڕۆڵی گرینگی بوو لە خستنەوە ڕێی کۆمەڵە، پێتوایە کۆنگرەی دوو ئاڵوگۆڕی فکری، سیاسی پێکهێنا لە ڕەوت و ڕێبازی کۆمەڵەدا؟

**کاک شوعەیب:** ئەمە پرسیارێکی سەختە. هیچ مەسڵەحەتگراییم نییە کە جواب نەدەمەوە وەلێ ناتوانم بەو شکڵە بێژم گەڕانەوەیەک لە ڕێبازی پێشوودا بووە. وەلێ دڵنیام بوونی کاک فوئاد حەتمەن تەئسیری ئەبوو. ئەوە سەد در سەدە ئەگەر کاک فوئاد بمایە ئێمە لەو کۆبوونەوەدا و لە کۆنگرەی دوودا قەتعەن فرە فرە باشتر و ژیرانەتر و ڕێک و پێکتر ئەهاتینە دەرەوە. ئەو زەربە کە لێمان کەوت بە لە دەستچوونی کاک فوئاد هەر لەو وەختەوە تەئسیراتی خۆی دانا کۆنگرەیەک بووایە یان نەبووایە. من خۆم سەرنج ئەدەم یا ڕەفێقەکانی ئێمە هەر وەک جەرەیانێک خاکی بووین؛ هەر لە خەتی بەرژەوەندی کرێکار و زەحمەتکێشدا وەک کەسانێک کە خۆمان بە پەیرەوی مارکس و ئێنگێلس و ئەو شۆڕشگێرانە ئەزانی، واتە لە شتە بنەڕەتیەکاندا پێموایە هیج گۆڕانێک نەدەدرا بە بوون یا نەبوونی کاک فوئاد وەلێ لەوەدا کە تۆ سیاسەتگەلی عەمەڵی و پراکتیکی واقیعی و بیر و بۆچوونەکانت مونتەبیق بێت لە سەر کۆمەڵگا، هەر لەکاتی لەدەستچوونی کاک فوئادەوە دەستی پێکرد. پێویست نەبوو لە کۆنگرەیەکەوە ئەوە ئەرزیابی بکەیت. هەر کەس بە جێی خۆی و هەر کام لە هاوڕێیانی گیانبەختکردوو دەور و ڕۆڵی خۆیان هەبوو، بەڵام کاک فوئاد لەم ناوەدا گوڵی سەر سەبەد بوو؛ ئەو ڕۆڵی فرە گەورەی هەبوو.

وەختێ دواجار تەماشای کارەکەی خۆمان ئەکەین هەڵەی وای هەبوو ئەم کۆنگرەی دووە کە من ئەتوانم بێژم ئەو ئەرزشە کە بایەد و شایەد ئەبێ بە جووڵانەوەیەک کە خۆمان تێیدا بەشداری بووین بیدەین و تیئۆرییەکەمان لەسەر ئەساسی ئەوە چاو لێ بکەین، ئەوە کەمڕەنگ بوو. نەوعێک ئیشکاڵی تێدا پێشهات. بەڵام ئەوە نەبوو بەر لە کۆنگرەی دوو ئێمە ئەو ئیشکاڵمان نەبووبێت. ئێمە گیر و گرفتی فرەمان بوو و شوێنەواری ئەو کەم و کووڕییە تاریخییە بە ئێمە هەمووماەنەوە هەر بوو. لەو دۆخە تاریخییەدا تەماشا ئەکەیت بوونی کەسانێک وادەکا ئەو زەعف گەلە و ئەو کەم و کووڕی گەلە تەئسیری خراپی کەمترە، زۆر خێراتر ئەتوانیت ڕەخنەی لێ بگریت و ئیسڵاحی بکەیت و فرە باشتر و قووڵتر بیبەیتە پێش. کە ئەو کەسایەتییە نەما، دێیت عەیبەکانت لە لایەکەوە لاببەی، ئەبینیت ئەکەوێت بە بارێکیتردا! ئەوانە گشتی پێشهات؛

مەسەلەن سەبارەت بە پێکهێنانی حیزبی کۆمونیست وەختێ بیر ئەکەمەوە کاک فوئاد بوایە جۆرێکی ترمان ئەکرد. جا بۆ وائێژم، وانییە کە مەسەلەن کاک فوئاد لە قەدیمەوە ڕێبازێکی پێ ئیلهام بووبێت. هەر خۆدی پێکهاتنی ئەو حیزبە خۆ وانییە هەموو کەس ساخ بووبێت و هیچ تەردیداتێک نەبوو. من خۆم هەر تەردیدم هەبوو. هەڵبەت لەملا و ئەولا فرە باس نەکرا دەنا هەر لە بناغەی ئەوەڵییەوە من هەر تەردیدم هەبوو. وەلێ لە لایەکی تریشەوە ئوسوولێک هەبوو. کاک فوئادیش لایەنگری حیزبی کمونیستی ئێران بوو. بەگشتی ڕێباز و بۆچوونەکەمان موشتەرەک بوو، گشتمان عەقیدەمان پێبوو. دۆخە سیاسییەکەیش تەئسیری دانا. هەروەک چۆن ئێستا بەردەوام ئێژن ئەوە بۆچی کۆمەڵەکان یەک ناگرن، ئەو وەختەیش ئەیانگوت بۆچی چەپەکان یەک ناگرن! وەلێ دڵنیام ئەگەر کاک فوئاد بوایە ئێمە دروستتر هەڵس وکەوتمان ئەکرد. مەنزوورم بەعزە تەحلیلێک هەیە کە ئەوە ئینحرافی عەزیم بوو، بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمونیست کڵاویان نا سەرمان، بەو شکڵە نابێت. ئەبێ ئێمە لەوەیشدا کە ئیشتبامان کردووە ئینسافمان هەبێت و وەک کاک فوئاد هەیبوو و دەقیق کاری دەکرد. لاوازی چەپ و فرەیەک لەم شتانە بوو لە کارەکاندا، وەلێ من تەحلیلم ئەوەیە کە کاک فوئاد بمایە هەم ئەو ڕوشدی زۆرتری ئەکرد و هەم زەمینەی گەشەی بۆ کۆمەڵە فەراهم ئەکرد. بەڵام ئەو حاڵەتە بۆ من قابیلی دەرک نییە کە کەوتووین بە بارێکیتردا، بەو جۆرە ڕەش و چەرمگ نایبینم. وەلا ئەزانم نەبوونی کاک فوئاد زەربەیەکی گەورە بوو لێمان و بە تەواوی وجوودمەوە دەرکی ئەکەم. نازانم کاک فوئاد مومکین بوو چ کاردانەوەیەک نیشان بدا، وەلێ بەو شناختەوە کە لەوم هەیە، دڵنیاتر، قورستر، مەحکەمتر و بە دیقەتێکی فرەترەوە هەنگاوەکانمان هەڵئەگرت.

**پرسیار:** لە پەیوەندی تۆ و کاک فوئاددا هەمیشە هەستم کردووە کە تۆ لە ڕیزی خۆشەویسترین دۆستەکانی کاک فوئاد بوویت. کاتێک ئەوەم زۆرتر بۆ دەرکەوت ئەو شەوە بوو کە لە زیندان ئازاد بووی. هەزار جار یادی هەموویان بە خێر کاک جەمیل، نەسرین، فەریدە، عەبە و جەلیل لە ئەڵمانە بوون ئەو باوشە گەرمەی کاک فوئاد بۆ ئەوان و ئەو گریانەی دیار بوو کە چ سۆز و خۆشەویستییەکی بۆ تۆ هەیە. بە کورتی کاک فوئاد چۆن ئەناسێنی بە خوێنەر؟

**کاک شوعەیب:** ئەگەر بتوانم! دیارە کاک فوئاد لەڕیزی خۆشەویست ترینەکانم بووە، ئەگەر خۆشەویست ترین نەبووبێت. ئێمە ڕەفاقەتمان هەم پەیوەندی عاتفی و هاوڕێیانە بوو، هەم کاری سیاسی بوو. ئەو وەک کۆڵەکەیەکی قایم و مەحکەم، ئینسانێک جێگای متمانە، چ وەختێک قسەیەکی ئەکرد، چ لە کار و هەڵسووڕاندا تۆ دەتزانی ئەمە کەسێکە کە ئەتوانیت دایمە ئیعتمادی پێ بکەیت. هیچ مەقام و پێگە تەڵەبییەک، هیچ خۆ گرتن و خۆ بە زل زانینێکی تێدا نییە. لە ئینسانییەت و عەداڵەت و ئازادی دایمە دیفاع ئەکات و بەڕاستیەتی. کۆڵەکەیەک کە ئەتتوانی پاڵی پێوەبدەیت. لە کارێکدا ئەبینیت هەموو دادەنیشن و قسەی باش دەکەن لە ئاخرەوە کێ بڕوا کارەکە بکات، تۆ ئەتزانی هەمیشە ئەو کەسە هەیە و خەیاڵت تەختە کە چی ئەکات. وەک شەخسی خۆم بە ڕاستی تەنیا پاڵپشتم کاک فوئاد بوو لە ناو ئەم تەشکیلاتەدا. کەسانی ترم لە نزیکەوە بەو جۆرە نەدەناسی، کەسانی با ئەرزش زۆر بوون وەلێ راست و پاکی هەرگیز کەسم وەک فوئاد نەدیووە. هەمیشە ئێحساسم کردووە کە برایەکمە، هاوڕێی سیاسیمە. پێکەنینی پێکەنینە ڕواڵەتی نییە.
لە شوێنێک بە نووسراوە باسم کردووە کە ڕەهبەرێکی کۆمونیست، عەداڵەت و ئازادیخواز، ئینسانێکی لێزان، دڵسۆز، هاوڕێی کۆمەڵانی خەڵک. ئێستا ئەگەر بمایە، بەڕاستی یەکێک لە ئینسانە هەرە سەرشناسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو. بەداخەوە نما و جێگەی بۆ هەمیشە خاڵیە.

کاکە گیان زۆر سپاس زۆر مەمنون زۆر ماندوومان کردی.
**کاک شوعەیب:** لوتفتان کرد بەڕاستی جێی شانازییە بۆ من قسە وباسی ئاوەها. کاک فوئاد برایەکی ئازیز و گەورەمە. لە دڵما ماوە. ڕوواڵەت و قیافەکەی نییە، وەلێ بیرەوەری و ئیمان و ڕاوەستاوییەکەی ئەو هەمیشە سەرمەشقە و هیوادارم درێژەدەری شایستەی ڕێگاکەی بین.

****

مەلەکە و حیشمەت ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.



# گفتوگۆ لە گەڵ کاک عەبدوڵڵا دارابی

٢٠١٢/١١/١٧

**ڕەزا:** سەرەتای ئاشناییت لە گەڵ کاک فوئاد کەی دەستی پێکرد؟ چۆن ئاشنا بوون؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** بەر لە هەموو شتێک خۆشحاڵم بە هاتنت و بە بڕوای من ئەو کارەی ئێوە پڕۆژەیەکی موهیمە، خۆزگە منیش ئێستا نووسراوەیەکم بوایە لەو زەمینەیەدا. کاتێک فوئادم ناسی لە ماڵی خۆتان لە ئاڵمانە بوو. وەختێک ئازاد بوو لە زیندان من لە گەڵ جەماعەتێک دۆست و ئاشنا و خەڵکی دارسێران ڕۆیشتین بۆ ئاڵمانە، خەڵکێکی زۆر بووین پێکەوە ڕۆیشتین. ئەوە ئەوەڵ جار

بوو کە فوئادم لە نزیکەوە دیت. پەراکەندە ناوم بیستبوو، بەڵام نەمدیبوو و لە گەڵی کارم نەکردبوو.
بەڵام وەختێک لەوێ خۆمان موعەرەفی کرد هەر دووکمان ناوی یەکترمان بیستبوو. ئەوەڵ قسەی ئەوە بوو کە من تا ئەم چوار پێنج ڕۆژەی کە میوان دێن و وەزعەکە ئارام دەبێتەوە دێم و تۆ ئەبینم.
پێشتر ئەمبیست ئینسانێکی سیاسی و موبارزە، ئەو سەردەمە ئێمە ئیحتیاجمان بوو بەو کەسانە بەڵام بە داخەوە ئەو وەختە ئەو لە زیندان بوو. ئێمە لە ساڵی ۱۳۵۰ [۱۹۷۱] جەرەیانێک بە ناوی جووتیارانی دارسێران دژ بە ڕژیمی شا لە سەر مەسایلی زەوی و زار دەستی پێکردبوو. ڕاستەوخۆ لە گەڵ حکوومەتی شا دەرگیر بووین. من خۆم پێم خۆش بوو کەسانێک وەک فوئاد لەو جەرەیانەدا بوونایە. ئەگەرچی دەیان و سەدان ئینسانی موبارز ئەو کاتە لە سەتحی شاری مەریوان و هەورامان و سنە بەشدارییان کرد.
دوای چوار پێنج ڕۆژ لەو وەعدەی کە خۆی داینابوو دانیشتین و زۆری پرسیار کرد. ئەو تازە لە زیندان ئازاد ببوو وتی حەز دەکەم بزانم ئەوزاع چۆنە؟ من ئەوەم بۆ فوئاد گێڕایەوە کە جەوانان، کرێکار و زەحمەتکێش لە موبارزەدا پەروەردە و خاراو بوون. فوئاد وتی: من زۆر خۆشحاڵم. بەو مانا کە من لە گەڵ نەسڵێکدا خەریکە دەست بە کار ئەبم کە بڕوام پێیانە و ئەزانم کە خەریکن چی دەکەن.
فوئاد لە لایەکەوە و ئێمەش لە لایەکەوە، جەمعێک بە زاهیر پێکەوە وەک کۆڕێک دەستمان بە کار کرد. ئەو کۆڕە بریتی بوون لە سەید حوسەین پیرخزری، ئەمین، عەبدوڵڵا و فوئاد مستەفا سوڵتانی، عەبدوڵڵا دارابی، حەمە ئەمین مورادی، عوسمان ڕەوشەنتوودە، عەبدوڵڵا کۆنە پۆشی ( عەبەی شێخ عەزین) و تاهیر خالیدی.

**ڕەزا:** کە دیداری ئەوەڵتان کرد و قەرار بوو پێکەوە هاوکاری بکەن، ئیدامە کارییەکە بە چ شێوەیەک بوو؟
**عەبدوڵڵا دارابی:** ئێمە شوێنێکمان هەبوو، ژوورێک بوو نازانم هی کێ بوو، زوو زوو لەوێ جەلەسەمان دەگرت.
ئەو سەردەمانە لە گەڵ فوئاددا پێکەو بووین و کارمان دەکرد، ئەو وەختە

زانیمان کە ئەوانیش جەماعەتێک بوون و فوئاد باسی کرد کە زۆر کۆڕ و کۆمەڵ لە ئێراندا بوو خۆیان بە چەپ دەزانی. مونتەها فوئاد و ئەوان کۆمەڵەیان دروست کرد. ئێمە شانسی گەورەمان هەبوو کە یەکەم، ئامادە بووین (لە شاری سنە و مەریوان ئامادەگی زۆرتر بوو)، دووهەم ئامادەگی فیکری و عەمەلی ئینسانەکان کە ئاڵ و گۆڕێکدا بە قازانجی کرێکار و زەحمەتکێش پێک بێنن و هەروەها خەڵک هاتبوونە سەر شەقامەکان و مەرگ بەر شایان دەگوت. ئەوە بوو دوای ماوەیەک فوئاد هاتەوە دەستمان پێکرد. یانی دەست پێکرابوو ئەمجار تەلاشمان دەکرد کاناڵیزەی بکەین و شکڵێکی پێ بدەین.

**ڕەزا:** بۆ ئەوەی کە کاری سیاسی خۆتان لە مەریواندا دوای ئەو ڕێکەوتنە زیاتر سازماندراو و ڕێک و پێکتر بێت چیتان کرد؟ ئاستی ڕێکخستن و تەشکیلاتییەکەی چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** ئێمە لە گەڵ ئیرتیجاعی مەحەللی بەرەو ڕوو بووین کە ئێمەی تەهدید دەکرد. ئێمە خەڵکمان دەبزواند. هێشتا هیچ ڕێکخستنێکمان نەبوو، کادرەکانمان و ڕەهبەرانی سەر شناسمان هەبوو کە خەڵک دەیاناسین. جەمعییەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلاب لە مەریوان، سنە و لە شارەکانیتر دروست بوون. خەڵکێکی زۆر لە دەوری جەمعییەتەکان کۆ ببوونەوە. هاوکات ئێمە هاتین ڕێکخراوی کرێکاریمان پێکهێنا. کرێکار خۆی هاتبووە مەیدان ئێمەی کۆمونیست لە پشتی تەواوی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی کوردستانەوە بووین.

**ڕەزا:** ئەی مەعەلیم و خوێندکار و ئەوانە چی؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** ڕێکخستنی خوێندکاران لە گەڕەکەکان و بنکەکانمان پێک هێنا هێشتا جوابگۆ نەبوو. تەهدیدی کوشتن لە سەرمان بوو، کرێکار دەهات خۆپیشاندانی دەکرد بۆ خواستەکانی خۆی.

لە ئەسفەند (ڕەشەممە)ی ١٣٥٧ [١٩٧٩]دا ئەو بیرۆکە هاتەپێش کە چۆن لە خۆمان دیفاع بکەین؟ زۆر قسە کرا باشترین قسە ئەوە بوو هێزێک دروست بکەین. فیئوداڵە چەکدارەکان، هێزی قیادە مەوەقەت و ئیرتیجاعی چەکدار، ئەمانە یەکیان گرتبوو. ئێمە ناچار بووین بۆ تەزمینی سەلامەتی ڕەهبەران و خەڵک هێزی چەکدار پێک بێنین. ئیدەی یەکیەتی جووتیاران بناغەکەی

مەوجود بوو.

**ڕەزا:** لە چەند شوێنێک باسکراوە کە گوایە ئێوە ویستووتانە کە مەسئەلەی زەوی حەل بکەن و دابەشی کەن. ئایا لە سەر ئەوە بوو یان بۆ پاراستنی خۆ و ئیدامەدان بە هەڵسووڕانی سیاسی خۆتان؟ کامەیان قورسایی دەکرد؟
**عەبدوڵڵا دارابی:** ئەوەڵەن سەنەدێک نییە کە دیفاع لە جووتیاران بێت. بەڵام واقعییەت ئەوەیە هێزی کرێکار و زەحمەتکێش و چەپ و کۆمونیستی ئەو سەردەمەی کوردستان ئیحتیاجی بە هێزێک بوو کە لە خۆی و دەستکەوتەکانی شۆڕش دیفاع بکات. ناچار کراین، ئەتیان کوشت ئەگەر ئەو هێزە نەبوایە ڕەهبەران نەیاندەتوانی لە سەر چوار پایە و لەپشت بلیندگۆ لە شەقامەکان و کۆڵانەکان بۆ خەڵک قسە بکەن. تەقەیان کرد و هاوڕێ مەحموود سولەیمانی‌یان کوشت. ئەو کاتە مالیکەکان و لایەنگرانی موفتی زادە و ئیرتجاعی محەللی دژی جووتیاران چەکدار بوون. لە چەندین شوێن زەوییان لە جووتیاران سەندبووەوە. خەڵکیان دەسگیر کردبوو. ئێمە لەو کاتەدا، بیرمان لەوە دەکردەوە کە چی بکەین بیگرێت؟ جووتیاران ئێمەیان دەناسی و لە مافی خۆیان دیفاعیان دەکرد و یەکێتی جووتیارانمان هەڵبژارد و پێمان وانەبوو کە ئەم یەکیەتی جووتیارانە تا ئاخر دەمێنێت. یەک دوو ساڵ ئەم یەکیەتییە بڕ دەکات. ئێمە هەدفمان ئەوە نەبوو کە چەکدار دەبین و دیفاع لە قازانجی جووتیاران دەکەین.

**ڕەزا:** ئەگەر ئەو جۆرە بوو، بۆ چی بەوە نەگەیشتن کە ناوەکەی شتێکی‌تر بێت؟ مەسەلەن هێزی پێشمەرگەی دیفاع لە ئازادی و یا پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش.
**عەبدوڵڵا دارابی:** قسە لەسەر ناو نەبوو. قسە لە سەر ناوەڕۆک بوو. ئێمە ئیحتیاجمان بە شتێک لەو کاتەدا بوو، کە زوو جواب بداتەوە. ئەگەر لە یەک مانگدا دروست نەبوایە، نابوودیان دەکردین، لە دەستی ئێمەدا نەبوو، و هیچ دروست نەدەبوو. شتێک کە ئامادە بوو لە مەیداندا و خارج لە ئیرادەی ئێمە شەڕێک هەبوو لە گەڵ مورتەجیعی محەللی کە نوێنەرایەتی جومهووری ئیسلامییان دەکرد.

**ڕەزا:** واتە هەلومەرجەکە ئامادە بووە و ئێوە بە دەستانەوە گرتووە و خێرا سازمانتان داوە!
**عەبدوڵڵا دارابی:** نوقتە قوەتی ئێمە لە باری سیاسییەوە، تیژبینی کەسێک وەک فوئاد ئەوە بوو کە ئەو کارە بکەین و ئەو کارە بە دەستمانەوە ئاسان بوو. خەڵکەکە خۆیان ئیستقباڵیان لێکرد و وتیان بابە ئێمە دەستمان پێکردووە، خوا خوامان بوو ئێوە بێن ئەم کارە بکەن.
لە بیرمە جەرەیانێک لەو ئەحزابە چەپانەی ئەو سەردەمە، نامەیەکی بۆ نووسیبووین ناوەکەیم لە بیر نییە. کە ئێوە کرێکارتان وێڵ کردووە و پاڵتان بە جووتیارەوە داوە. ئەمە پۆپۆلیستییە، ئا لەم جۆرە شتانە. ئێمە دەربەستی ئەو جۆرە شتانە نەبووین. ئێمە دەمانزانی چی بکەین و چی دەیگرێت و تەنها بە خۆپیشاندان ڕازی نەبووین. ئەو خۆپیشاندانانە کە کرێکار و زەحمەتکێش و ڕێکخستنەکانیان دەیبەن بەڕێوە دەبێ زەمینەی ماددی و واقیعی لە پشت بێت کە ئەمانە لێیان نەدەن و دوو ڕێبەری کرێکاری بکوژن. ئەو کاتە هەمووی پەراکەندە دەبوون، شتێکی سادە نەبوو.

**ڕەزا:** شەڕ لە خانەگای جووجوو بۆ دەستی پێکرد؟ جەرەیانەکەی چی بوو؟
**عەبدوڵڵا دارابی:** مالیکین و مورتەجیعینی خانەگای جووجوو نەیانهێشت ڕەفیقەکانی ئێمە بچنە ناو ئاوایی و تەقەیان کرد و سەنگەریان گرت. ڕەفیقەکانی ئێمەیش لە خۆیان دیفاعیان کرد. مالیکەکان یەکێکیان لێ کوژرا. بۆ شەڕ نەچووین. ئەوان ئەوەڵین مالیکانی دڕ بوون کە نەیاندەهێشت [بچینە ئاواییەکەیان]. من لە شەڕەکە دا نەبووم. دوایی چووینە ئاوایی میانە کە ئاواییەکی گەورەیە. قسەمان کرد بۆ خەڵک وتیان ئەگەر ئێوە شەریکی سەدیقی کەمانگەر بن یارمەتی ئێوە دەکەین.
خەلک بە هەموو هێز و توانایانەوە هاتنە پشت ئەم حەرەکەتە و یەکیەتی جووتیاران چەسپا.

**ڕەزا:** هێرشی جەمهوری ئیسلامی بۆ کوردستان و گرتن و ئێعدام کردنی ئەو نۆ کەسەکە لە مەریوان چۆن بوو؟
**عەبدوڵڵا دارابی:** دوای کۆچەکە ڕژیم هەوڵیدا کە هێرش بە کوردستان بکات

و ئەگەر بۆی بکرێت مەریوان سەرکوت بکات. دەمانزانی کە حەملە دەکات بۆیە دەستوورمان دا هەموو دەفتەری یەکیەتی جووتیاران و هەموو ڕێکخستنە مەدەنیەکان بەشە ئاشکراکانی لاچێت. بەشی هەرە زۆری نەهێنی بوو و بەشێکی لە گەڵمان هاتە دەرەوە. هاتینە دارسێران کە بەیانی زوو بچینە دەرەوە. پاسدار لە جنووبی شار دامەزرابوون. لە ناو جەماعەتەکەدا حوسەین پیرخزری چووە دەرەوە. پێمان گوت مەچۆ بەهانەی هێنایەوە و ڕۆیشت. ئێتر نەگەڕایەوە. کەسمان نارد کە ئاگاداری کاتەوە و بێتە دەرەوە بەڵام سوودی نەبوو. ئێمە ئامادە بووین کە ئەگەر حەملە بکەن تەقەیان لێ بکەین ئێمە حەفتا هەشتا کەس دەبووین و هەموو چەکمان پێ بوو. ڕۆژی دوایی هەواڵمان بیست کە حوسەین پیرخزری و ئەحمەد پیرخزری گیراون. ئەوەڵین کەسانێک کە گیران ئەمین و حوسەین براتان بوون کە لە ناو ماشێنێکدا بوون. ئەو کاتە ڕژیم هاتبوو لە پشتی زرێبار دامەزرابوو. لە کونترۆڵ کردنی ماشینەکاندا ئەوانیان ناسیبوو و هێنابوونیانە خوارەوە. دوایە فایەق عەزیزی بوو کە یەکێک لە هەڵسووڕاوانی شار و ئەندامی شورا و زۆر خۆشەویست بوو، ئەویش گیرا. بە داخەوە دوای چەند ڕۆژ ئەوانە ئەوەڵین قوربانیانێک بوون کە دامان و ئێعدامیان کردن.

**ڕەزا:** منیش لە بیرم دێت کاک فوئاد لە مەریوان نەبوو ئایا بە ئێوەی گوت بۆ کوێ ئەچێت؟ و چی ئەکات؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** بەر لەوە لە ناو شاردا تەسمیمێکمان بوو بۆ گرتنی پادگانی مەریوان لەبەر ئەوەی چەکی قورسمان نەبوو، حەتتا داوامان لە حیزبی دیموکرات کرد وەرن شەریک بن. ئەوان نەهاتن لە گەڵمان، دەیانزانی لە مەریوان پادگان چەک بکرێت کۆمونیستەکان، کرێکار و زەحمەتکێش و بەرەی ئینقلابی پێ بەهێز دەبێت. بەڵام ئیدەکە هەر بەردەوام بوو، ئێمە ئیمکاناتی گرتنی پادگانمان نەبوو. ئەو کاتە فوئاد دەیگوت بڕۆین لەو هێزانە کە بەرەو بانە و سەر سنوور ڕۆیشتوون، یەکێتی نیشتمانیش کە هاتبووە ئەم دیو و کۆمەکی دەکرد، هێزێک کۆ کەینەوە بۆ گرتنی پادگانی مەریوان. ئێمە لە تەداروکی ئەمەدا بووین کە ئەویش بڕوات ئەو هێزە بێنێت لە بانەوە. سەرشیو تا بانە و سەقز جومهووری ئیسلامی تێدا نەبوو و حەملەکەی نەکردبوو. قسەکە ئەوە بوو، ئەو پەڕەکەی شەش حەوت ڕۆژی پێدەچێت ئەو بەینە خاڵی بوو ئێمەیش بڕۆینە ئەو بەر. ئەو

نەیهێشت کە کەس لە گەڵی بچێت. ئێمە واحیدی تایبەتمان هەبوو، شەڕکەر، لێهاتوو و ئامادە و دەورە دیدە بوون. موخالیفەتی کرد ئەو لە گەڵ [شێخ] عوسمان خالیدی و کوڕەکەی و تەهموورس ئەکبەری کە چریک بوو ڕۆیشتن.

**ڕەزا:** ئەو وەختە کاک فوئاد لە بانەوە تەلەفونێکی کرد بۆ مەریوان لە گەڵ من و مەلەکە قسەی کرد. ئێستا ئەوەندەی لە بیرت بێت کاتێک کە هاتەوە ئەو مەنتەقەی قامیشلە و بەردەڕەشە ئێوە یەکترتان بینی چۆناوچۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** پێم وایە ئەو قسەی تۆ واقیعی‌ترە. ئەو هەڵگری پەیامێک بوو. دیدارگەلێکی کردبوو هات لە پشت گاگل پەیوەست بوو بە ئێمە. ئەم ڕێگایەی کە ئێمە هاتبووین فوئاد دەیزانی پایەگایەکی توودەیی و واقیعی بوو و یەکیەتی جووتیارانیش لەوێ دەستی پێکرد. فوئادیش لە بانە گەڕایەوە هاتەوە ئەو جێگایانە. بەرلەوە ئەو واقیعە بە سەریدا بێت لە پشت گاگل، لە قامیشلە بەحسمان بوو.

**ڕەزا:** ئایا کاک فوئاد و ئێوە وەک تەشکیلات بوون؟ کێ و کێ بوون ئەگەر لە بیرت بێت؟ باسەکانتان چی بوو؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** ئێمە هەر ئەو کۆڕە پێشووە عەلەنییەکە بووین. بەشی هەرە زۆری تەشکیلات نەمانهێشت بێتە دەرەوە. ئەو بەشەی کە ئێحساسی خەتەرمان کرد هێنامانە دەرەوە.

**ڕەزا:** دوای ئەوە کە گەڕانەوە، کۆبوونەوەیەکی تایبەتی‌تر و خوسووسی ترتان نەبوو ئێوە خۆتان لە ناو خۆتاندا؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** بەڵێ ئێمە ئەو جەمعەی خۆمان کۆبوونەوەی خوسووسیمان کرد. تەداروکی گرتنی پادگانی مەریوان بە عوهدەی ئێمە بوو و تەواوی ئیمکاناتەکەمان لە مەریوان بوو، ئەویش قەرار بوو بڕوات بۆ بانە بە شوێن ئەوە کە هێزێک بێنێت. ئەو هێزە یەکێتی نیشتمانی بوو کە قەولیان دابوو بە ئەو کە ئێمە ئەم جارە بتوانین و حەملە بکەین و پادگان بگرین. چونکوو ئەو کاتە جومهووری ئیسلامی زەعیف بوو ئەکرا هێرش کەیتە سەری. هێرشمان کردە سەر پادگان خومپارە بارانمان کرد بۆمان نە گیرا. چووینە ناو سیم خاردارەکان

و تەقەمان لێ کردن حەتتا بە ئەسلحەی سووک زۆریشمان لێ کوشتن ئەو کاتە ئەفسەر و دەرجەدار و سەربازانی زۆرمان بوو کە لە ناو پادگانەوە یارمەتییان دەدایین. وەلێ ئەم حەرەکەتەی بانە کە ڕۆیشت و فوئاد نەگەڕایەوە ئەوە لە ئاوایی قامیشڵە بوو.

**ڕەزا:** کادرێکی یەکیەتی نیشتمانی بە ناوی برایم جەلال کتێبێکی نووسیوە و باسی ئەو ڕێگایە و بەسەرهاتە دەکات کە گوایە ئەوان چەند پێشمەرگەی یەکێتی لە بانەوە لە گەڵ کاک فوئاد دێنەوە و کاک برایم جەلالیش بەرپرسیان بووە. ئەوەت لە بیرە؟
**عەبدوڵڵا دارابی:** ئەوەم لە بیرە یەکێک لە وانە [لە کۆبوونەوەکەماندا] قسەی کرد هەر ئەو برایم جەلالە بوو کە فوئاد هەستا و حەتتا نەوعێک ئیعترازی پێ کرد.

**ڕەزا:** باشە کاکە عەبە ئەوە کاک فوئاد لەو مەنتەقەی قامیشڵە دەگەڕێتەوە بەرەو بانە و ڕۆژی دوایی دەرگیر دەبێ لای بستام و لە گەڵ تەهموورس گیانبەخت دەکەن. خوشبەختانە برایم جەلال و شێخ عوسمان و ناسێحیش کە هاوسەفەر بوون نەجاتیان دەبێت و دەڕۆن. ئێوە کەی و چۆن ئەو خەبەرەتان بیست؟
**عەبدوڵڵا دارابی:** ئێمە ئەو کاتە گەرەکمان بوو لە شلێر بکەینە ئەو بەرەوە وگوێمان لە ئەخبار بوو. یەکێک لە ڕەفیقەکان قیژاندی، ئەخبار وتی: مەسئوولی یەکیەتی جووتیاران فوئاد مستەفا سوڵتانی لە نزیک ئاوایی بستام کوژرا.

**ڕەزا:** ئایا باوەڕتان بە خەبەرەکە کرد؟
**عەبدوڵڵا دارابی:** قەرار نەبوو ئەو لەو مەسیرەوە بڕوات قەرار بوو ڕێگایەکی کورتتر بڕوات و لە ئاوایی حەوتاشەوە بڕوات. ئەو چووبووە یەک دوو ئاوایی و لە سەر جادەوە ڕویشتبوو. بەڵام ئێمە مەشکووک بووین ئەو چیدەکات لە بستام؟

**ڕەزا:** مەگەر ئەو جادەیە تا ئەو کاتە ئازاد نەبوو؟ ئەی چۆن ئەو هێزە لەوێدا

پەیدا دەبێت؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** جادەکە ئازاد بوو. ئەوەڵین حەملە کە ئەوان کردیان ئەوە بوو کە جادەکە بگرن ودڵنیا بوون و دەیانزانی جادەکە بە دەست ئێمەوە نییە. جادەکە خاڵی بوو دەیانویست سەقز، بانە و مەریوان بە یەکەوە گرێ بدەن.

**ڕەزا:** ئەی ئەو هەلیکۆپتەر و شتە چی بوو؟ کە هێزیان پێ هێناوە و ئەو پایگایە دایان ناوە؟ ئەو پاسگایە کە لەوێدا تەقە و دەرگیری لە گەڵ کاک فوئاد و تەهموورس دەست پێدەکات! ئایا پێشتر پاسگا لەوێ بوو؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** پاسگا نەبوو، هیچی تێدا نەبوو. ئەو هێزە دەچوو جادەکە بکاتەوە. بەشی هەرە زۆری بە هەلیکۆپتەر دایانبەزاندبوو و خودی چەمرانی لە گەڵ بوو. دوو سێ سەعات مەقاوەمەت دەکەن و هێرش دەکەنە سەریان و دەیانکوژن. چەمران تێدەگات کە ئەمە فوئادە. برایم جەلال، شێخ عوسمان و ناسێح بە سڵامەت و خوشبەختانە نەجاتیان دەبێت. بەڵام ئەو هێزە کە لە سەر جادەکە دەڕۆیشت هەلیکۆپتەری بە سەرەوە بووە.

**ڕەزا:** ئیتر دوای ئەوە کە کاک فوئاد گیانی بەختکرد بەرنامەی گرتنی پادگانی مەریوان چی لێ بەسەر هات؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** ئێمە کاتێک خەبەرەکەمان بیست ڕۆیشتین بەرەو بانە. یەک شەو لە بانە بووین. حەملەیان کرد بە بانە ئەو هێزە کە من لە گەڵیان بووم لە شلێرەوە زوو گەڕاینەوە بەرەو مەریوان.

**ڕەزا:** باشە کاکە عەبە دوای گیانبەختکردنی کاک فوئاد ئایا لە ناو ئێوەدا هیچ فیکریکی وا هەبوو کە لەوانەیە پیلانێک بووبێت، یان مەسەلەن کەسێک هاوکاری کردبێت و گوزارشی دابێت. گۆیا کەسیک لە بەردەڕەشە بە ناوی عەبە نەجیم یان حەمە نەجیم کە ئەو هاوکاری ڕژیم بووە و مشکوک بووە و کەستان ناردوە کە بیگرن. ئەو هەڵاتووە و چووەتەوە ناو شار و هەر نەهاتووەتەوە؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** لەو دێهاتانە جاسوس بوو خەڵک بە ئێمەیان ناساندبوون ئێمە نیگەرانیمان ئەوە بوو کە ئەو جەمعە دەبوا بە یەکەوە یا شەڕیان بکردایە و یا ڕایان کردبایە. بەڵام فوئاد شتێکی بوو تەسمیمێک کە بیزانیبایە بۆ خۆی

دروستە ئەیکرد. نیگەرانیمان ئەوە بوو بۆ تەسلیمی بووین. من یەکێک لەوانە بووم کە شەڕیشم کرد دەبوا ئێمە تەسلیمی فوئاد نەبوایەین. ئێمە لەو زەمینەدا لەو بە تەجرەبەتر بووین. ئەویش ئیستدلالی ئەوە بوو کە مەنتەقەکە چۆڵە ئێمە خەریکی تەداروکاتی خۆمان بووین.

**ڕەزا:** ئێوە لەو مەنتەقە حوزوورتان بووە هەمووتان، چۆن خەبەرتان نەبووە کە ڕژیم ئەوێ دەگرێتەوە؟ ئەگەر ئەو خەبەرەتان بیست نابێ وابکەن کە ئەوان دەستبەجێ لەو جادەیە دوور بکەونەوە؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** کە ڕژیم جادەکەی گرت، ئێمە خەبەرمان نەبوو! ئەسڵەن قەرار نەبوو ئەوان لە سەر جادەوە بڕۆن. قەرار بوو لە کەنارەوە بڕۆن کاتێک بیستمان ئاوا ڕۆیشتوون سەرمان سووڕما.

**ڕەزا:** پێکهاتەی ڕێکخستن و کومیتەکانتان چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا دارابی**: پێش هەموو شتێک ئێمە کومیتەمان بوو. ناوی کومیتەی مەنتەقەی مەریوان بوو. کومیتەکە بریتی بوو لە من و عەتا ڕۆستەمی و عوسمان ڕەوشەن تووده. زۆرتر ئەم سێ کەسە بووین. ئەو کاتە عوسمان ئەندام بوو لە زیندان لە گەڵ فوئاد بوو و کرابوو بە ئەندام. ئێمە ئەندام نەبووین.

**ڕەزا:** پێم خۆشە ئیشارەیەک بەوە بکەیت. ئایا لەو ماوەیەدا بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵێک کە بوویەتی، ئایا پێتوایە کۆمەلە ئەو جۆرە لازم بێت حەقی داوە بەو دەورەی کە کاک فوئاد گێڕاویەتی؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** لە نەزەر منەوە بە شەهادەتی دە مانگ پراکتیک، لە کونگەرەی دوودا ئەگەر فوئاد بوایە پەرچەمەکە بە دەست ئەوەوە دەبوو. لەو نەقدانەدا پەرچەم بە دەست فوئادەوە بوو. چون فوئاد لە خۆوە نەبوو کە بێتە ناو پڕاکتیکێکی تەبەقاتییەوە. شەممێکی سیاسی فەوقولعادە تیژی هەبوو. لە لەحاز سیاسییەوە شەممێکی تیژی تەبەقاتی هەبوو. بە کردار دیفاعی واقیعی لە کرێکار و زەحمەتکێش دەکرد و ئەوانی خۆش دەویست. بە نەزەرم پەرچەمداری ئاڵ و گۆڕی بونیادی کونگەرەی دوویش ئەو دەبوو.

**ڕەزا:** بە نەزەری تۆ دەلیلی ئەوە چییە کە کۆمەڵە دوایی دەبێت بە حیزبی کۆمونیست و دواتر ئینشعاباتی تێدا پێکدێت و ڕەوت و ئەحزابی سیاسی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە، وەلێ بە نەوعێک هەموویان پێیانخۆشە بڵێن فوئاد لە ئێمە بووە؟ دەلیلەکەی چییە؟

**عەبدوڵڵا دارابی:** ئەڵبەتە هەموو پێیان خۆشە. لە باری تەبەقاتییەوە فوئاد بە کردەوە سابیتی کرد کە ئینسانێکی لایەنگری کرێکار و زەحمەتکێش، پارێزەری ئازادی، بەرابەری ژن و پیاو بوو. بەو گێڕانەوە و وێنەی کە ئێمە لەو سەردەمەدا بوومان فوئاد وا بوو. ئەلحەق ئەو پەرچەمەی بەدەستەوە بوو. ئەم ئینسانە لە نێو جامیعەدا بەو ئەندازە کە جامیعە فوئادی ناسی تەشکیلاتەکەی نەیناسی. فوئاد دەنگی خۆی لە پێشدا لە نێو جامیعەدا بیست. فوئاد لە ناو تەشکیلاتدا ئەو دەنگەی نەبیست. بە نەزەرم بەو ئەندازەی خەڵک ئیعتباری دا بە فوئاد، ئەو تەشکیلاتە پێی نەدا. جا بۆیە تۆ بتهەوێ و نەتهەوێ ئینشعابت کردبێت و نەتکردبێت، ئەو ئیعتبارە تەبەقاتییە، باشە، موسبەتە لە فوئاددا هەبوو. لەنێو جامیعەدا سەبت بوو بەر لەوەی تەشکیلاتەکەی یەک کەلیمە لە مەوریدی ئەودا بڵێت. [ڕەزا: کەسیش ناتوانێت لێی وەر گرێتەوە] بە نەزەری منیش کەس ناتوانێت لێی وەر گرێتەوە. ئەگەر فوئاد و ئەو جەمعە ئینسانە نەبوایەن کۆمەڵە قەت دروست نەدەبوو. کارگەلێک دەکرێت ئێستا دژ بە فوئاد کە تاریخەن نە ڕەوایە و نە خەڵک قەبووڵی دەکەن. بە نەزەری من دەبێ کۆمونیستەکان جارێکیتر بە خەڵک بڵێن کە فوئاد لەو مورتجیعانە نەبوو کە ئێستا هەن و لە منافیعی سەرمایەداری کوردستان و ئێران دیفاع دەکەن. فوئاد بۆ ئەمە هەوڵی نەدا و نەچووە مەیدان و خۆی نە داوە بە کوشت. جارێکیتر دەبێ کۆمونیستەکان ئەمە بە خەڵک بڵێنەوە.

**ڕەزا:** ماندوو نەبیت و زۆر سپاست دەکەم

****

ڕەزا ئەم گفتوگۆیەی ئەنجام داوە.



# گفتوگۆ لەگەڵ مەجید حوسەینی و عەبدوڵڵا کۆنەپۆشی

٢٠١٢/٢/٢٥

**ڕەزا:** لەخزمەت کاک مەجید حوسێنی و کاک عەبدوڵڵای کۆنەپۆشی (عەبدوڵڵای شێخ عەزیز) دانیشتووین، دیارە ئەم باسە دەگەڕێتەوە بۆ ٣٢ ساڵ لەمەوپێش. وەلێ پێمان خۆش بوو بیرەوەری ئەم دوو خۆشەویستە ببیستین. هەر لە ئەوەڵی ئاشناییەوە، لەگەڵ کاک فوئادا، چۆن ئاشنا بوون، دەورانی پێش ڕووخانی شا، ئەو وەختانە تا دەورانی ڕاپەڕین دژی شا.
**سەید مەجید:** ئاشنایەتی من هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەورانە کە کاک فوئاد

هاتەوە بۆمەریوان، لەوێ مەسئوولی ئیدارەی بەرق بوو. پێشتر ئێمە لەگەڵ جەمعێکدا بووین، فەعال بووین و کارمان دەکرد، بەڵام دەمانزانی فوئاد هەیە و سیاسیە، هەر ئەوەمان دەزانی. پێشتر لەگەڵ ئەمین براتان ئاشنابووین، وەک کۆڕێکی سیاسی کارمان دەکرد. ئەمین ئێمەی ناساند بەکاک فوئاد. ئەو وەختە لەگەڵ کاک فوئاد ئاشنابووین، وردە وردە کەوتینە ناو کار، ئەوەندە دەمانزانی تەشکیلاتێک هەیە، هەر ئەم جەمعە نییە، هەرکاک فوئاد نییە.

بەپێی سابقەیەک کە لە نێوان فاتێح و فوئاددا بوو، فاتێح لەو کۆڕەی ئێمەدا بوو، زانیمان ئیختیلافێک لەبەین ئەم دووانەدا هەیە. من و ڕەئوف لەعەینی حاڵدا لەگەڵ ئەو کۆڕە قەدیمەدا بووین، لەگەڵ کاک فوئادیش وەک کۆڕێک کارمان دەکرد.

دوایە کە کاک فوئاد چووە سنە، ئێمە چووین سەری کاک فوئاد بدەین، ژنێک گوتی گرتویانە.

**ڕەزا:** کەوایە، زیندانی سیاسی ئازاد دەکرێ، یەکێک لەوانە کاک فوئاد دەبێت. ئا لەوێ چی هەیە باس بکرێ، ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨) مانگی مێهر (خەزەڵوەر) ئەو ئازادبوو، لەمانگی بەهمن (ڕێبەندان)دا شا دەڕووخێ و ڕاپەڕین دەکرێ.

**عەبدوڵڵا:** ئێمە کۆڕێکی سیاسی بووین لەگەڵ ئەمین و دوکتور جەعفەر یەکمان دەدی، کۆبوونەوە و هاتوچۆی تەورێز بۆلای دوکتور جەعفەر. ئەمین خەبەری هێنا کە کاک فوئاد لەزیندانی سنە، مانیان لە خواردن گرتووە [اعتصاب غذا]. کە کاک فوئاد حاڵی خراپ بوو، ئێمە بیرمان لەوە دەکردەوە چیبکەین. ئیدی ئەو وەختە تەگبیرمان هاتەسەر ئەوە، کە ئێمەش لە دەرەوە فشارێک بێنین موشکلێکیان بۆپێش نەیەت.

لە مەریوانەوە بە دوو مینی بووس چووین بۆسنە، لەگەڵ خانەوادەی خۆتان و جەماعەتی ڕووناکبیر تێکەڵ بووین. یەکسەرچووین بۆ دادگوستەری، لەوێ دانیشتین، گوتمان ئێمە ناڕۆین تا ئەم ئێعتیساب غەزای ئەوان کۆتایی پێ نەیەت. ئەوانیش گوتیان تا خواستەکانمان بەراورد نەبێ، ئێعتیسابەکە ناشکێنن. لای نیوەڕۆ، هێزی زۆر و پۆلیسیان هێنا. هەرچی ئۆلتیماتۆمیدا و گوتی چۆڵی کەن، چۆڵمان نەکرد، بۆمان هاتنە ژوور کەچۆڵی کەین، ئێمەش کەوتینە دەرگیری لەگەڵ پۆلیسدا. ویستیان دەرگاکان دابخەن و هەموومان

دەستگیر بکەن، ئێمەش هەدەفمان ئەوە بوو، دەرگا بکەینەوەو ڕێپێوانەکە بەرینە سەرخیابان، کە خەڵکی تریش بین و پێمان پەیوەست بن. ئیدی دەرگاکەمان کردەوە، پاشەکشەمان پێکردن و ڕژاینە دەرەوە، بووبە ڕێپێوانی خیابانی. دەستمان کرد بە ماشینی پۆلیس شکاندن، شوشەی بانگمان شکاند؛ دەستیان کرد بەتەقە؛ ئێمە بڵاوەمان کرد بۆ کۆڵانەکان، خەڵکی سنەیش دەرگایماڵەکانیان بۆکردینەوە.

کە کاک فوئاد لە زیندان ئازاد بوو، ئێمە کۆڕێک بووین وەسڵ ببووین بە کۆمەڵەوە. بەرەو پیری چووین بۆ ئاڵمانە، لە سنەو هەمووشارەکانەوە هاتبوون؛ کاک فوئاد سەمبوڵیک بوو، لە زینداندا موقاوەمەتێکی باشی کردبوو، بیست و چوار ڕۆژ ئێعتیساب غەزای کردبوو. دواتر لەگەڵ ئەمین چووین بۆلای؛ گوتی ئێوە لەگەڵ ئەم کوڕانە لەگەڵ کێ ڕابیتەتان هەیە. باسمان کرد. ئەویش گوتی باشە، ئێمەش دەبێ کارێک بکەین. من و ڕەئوف زۆرتر ڕابیتەمان بوو لەگەڵ کاک فوئاد.

کە ڕاپەڕین کرا، ئەو ڕۆژانە بوو بە شایەعە و گوتیان ئەرتەش دەیەوێت بێتە خوارێ و بێنە ناو خەڵکەوە. ئێمە لەگەڵ کاک فوئادا کۆبوونەوەیەکمان کرد، وتمان چی بکەین؟ کاک فوئاد گوتی مەکتەب قورعان و ئیسلامیەکان لەگەڵ مورتەجعین ئەیانەوێت ئەرتەش هەروا بمێنێتەوە و بێتە خوارێ و گوڵبارانی کەن. ئەرتەشێک کە لەتاران تەقەی کردووە، گوڵبارانی کەن! ئێمەش بڕۆین چەکیان بکەین و ئەسڵەحەیان لێبستێنین؛ ڕێگا حەلێک بدۆزینەوە بۆ چەککردنیان؛ وتمان باشە.

ڕۆیشتین و تێکەڵاو بووین لەگەڵ خۆپیشاندان و بەرەو پادگان چووین. ئیسلامی و مەکتەب قورعانی زانیان کە نەخێر شتەکە لە کۆنترۆڵ ئەواندا نەماوە، پەیامیان نارد بۆ ئەرتەش نەیەنە خوار لەپادگان. گوتیان ئەرتەش ئەڵێ ئەمڕۆ وەختمان نییە و بەرنامە هەڵوەشاوەتەوە. کە خۆپیشاندانەکە بەرەو شار گەڕاوە، کاک فوئاد هات چپاندی بەگوێماندا، گوتی نەهێڵین ئەم هێزە بەخاڵی بڕواتەوە، کارێکی پێبکەین. گوتمان چی بکەین؟ گوتی بیبەین شارەبانی پێ چەک کەین. وتمان باشە بەهانەکەمان چی بێت، ئەم خەڵکە بەرینە بەرەو شارەبانی؟ گوتی بڵێن قیام کراوە، زیندانیەکان لێرە ئێستا لە دەستی شارەبانیدان. ئێمەش بڵاومان کردەوە بەناو جەماعەتدا، کە با بڕۆین بۆ شارەبانی لەوێ زیندانیەکانمان

ئازاد کەین. خەڵکمان بەرەو شارەبانی وەڕێخست. دیمان ئەوان سەربان و شتیان گرتبوو، ئامادەی تەقەن. ئەفسەری شارەبانیەکە هاتە بەر دەرگای شارەبانی و گوتی کەس پێ نەنێتە ئەم بەر، فەرمانی تەقەم داوە. تکاتان لێدەکەم، بۆ ئەوە کارەسات ڕوونەدات، مەیەن.
گوتمان باشە، ئێمە هاتووین مولاقاتی زیندانیەکان بکەین، دەبێ ئەم زیندانیانە ببینین. ئەفسەرەکە وتی دەی باشە، نوێنەر ئینتیخاب کەن بابێت. کاک فوئاد و سێ چوار نەفەری دیکەش گوتیان، ئێمەش دەچین. ڕەئیسی شارەبانی کەوتە بەینی کاک فوئاد و ئەو چوار کەسە، ئێمە هوجوممان کردو خۆمان خستە ناو شارەبانیەوە. وەختێک چووینە ناو شارەبانی ئیدی فەرماندە کەوتە ناو ئێمە، عەمەلەن ئەو ئەسیر بوو، ئیدی نەیەتوانی هیچ فەرمانێک بدات. حەوشەکە پڕبوو لە خەڵک. کاک فوئاد چووە سەر پیلکانەکە و گوتی ئەسڵەحە هی میللەتە، ئیدی دەست کرا بەچککردن.
ئەو دەورە کۆنەپەرستەکان زۆریان بۆهات. دوای ڕاپەڕین ئیدی بینییان چەپەکان هەمەکارەن، شاریان بەدەستەوەیە، دیارە ئەوانیش وردەوردە کەوتنە خۆیان. لەو کاتەدا بوو کاک فوئاد هاتەوە.

**ڕەزا:** لەکوێی بوو؟
مەجید: لەبیرم نیە، لەمەریوان نەبوو. وتی باشە قیام کراوە، بۆچی ئەم هەموو ڕەئیس و بەرپرسانی شارەبانی، سەرۆکی زیندان و فەرماندەی ئەرتەش، هەمووی لەوێن ئێمە نایانگرین. وتی بۆ یەک سەعاتیش بیانگرین وەک بیرەوەری لە مێشکی خەڵکدا دەمێنێتەوە، دەڵێن کاتێک دەسەڵات لە دەست خەڵکدابوو، کێ لە زینداندا بوو، کاتێکیش قودرەت بەدەست کۆنەپەرستانەوە بوو، کێ لە زیندان دایە.
ئیدی لێرەوە ئەوەڵین ئیختیلاف نەزەر هاتەپێش، لەگەڵ جەماعەتی شیرین بەهارە و چەپ، کە جەماعەتێک موخالیف بوون؛ دەیان گوت شار دەشێوێت. کاک فوئاد وتی نا، ئەگەر ئەو کارە بکەین پێچەوانەکەی دەبێت. خۆلاسە هەموو ڕەئیس و بەرپرسان، هەرچی دەستمان کەوت گرتمان و زیندانمان کردن؛ کە بەیانی خەڵکی شار زانییان، تەقریبەن نزیک بە تەواویان دەرکەوت ئیعتمادمان پێدەکەن. ئەو کارە بوو بەوە کە سەدها نەفەر خەڵکی چەکدار هاتن بۆ دیفاع

لە ستاد، شار فەزا و جەوێکی تری بوو، دووبارە دەسەڵاتمان پەیداکردەوە بەسەرشاردا. لێرەشدا کاک فوئاد دەوری بەرجەستەی هەبوو.
یەکیەتی جووتیاران، بەنەزەری من ئەهمیەتێکی تایبەتی بوو. یەکێک بەرامبەر بەقیادە مەوەقەت، دەترسان ئیرتیجاع هێزی چەکداری هەبێت. [دووهەم] کاک فوئاد ویستی بناغەی هێزی نیزامی دروست بکات. ئەو دوو شتە بوو بەنەزەری من.
**عەبدوڵڵا:** عەمەلەن ئەوەڵین پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، هەر یەکیەتی جووتیاران بوو، ئیدی ئەو هێزە چەکدارە بوو، کە کاکڵەی ئەسڵی لەوێوە دەستی پێکرد.

**ڕەزا:** کاکە عەبدوڵڵا لەسەر موزاکەرە لەگەڵ جمهوری ئیسلامیدا، کۆچی مەریوان بەکورتی ئەگەر شتگەلێکتان هەیە پێتان وایە لازمە، باسی بکەن.
**عەبدوڵڵا:** بیستوسێی تیر (١٣٥٨/٤/٢٣ واتە ١٩٧٩/٧/١٤) بەسەرهاتەکەی ئاوا بوو. لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە دژی خەڵکی کورد قسە کرابوو، یەکیەتی جووتیاران بنکەی لەناو شاردابوو، بڕیاریاندابوو کە حەرەکەتێک ئیعتیرازی ڕێکبخەین بەوبۆنەوە. جەماعەتی مەکتەب قورعان و مورتەجیعین ساواکیان کردبوو بە بنکەی خۆیان و هێزی چەکداریان تێدا دانابوو. ئەمە ببووە خەتەرێک بۆ خەڵکی مەریوان و ئێمە ئێحساسی خەتەرمان دەکرد لە مەریوان. کاک فوئاد لەوێ نەبوو، لە مەریوان نەبوو. هەتا هاتەوە ماجەراکە تەواو ببوو. . .
هێرشمان کردە سەر ستادەکە و چەکمانکرد و ئەوە بوو ئەو واقیعە ڕوویدا. ڕژیمیش قەستی حەملەی بوو بە کوردستان، ئەمەیان کرد بە بەهانە و دەیانویست لە مەریوانەوە هجووم دەست پێبکەن. کاک فوئاد کە ئەمەی بیست، خێرا هاتەوە بۆمەریوان. چیبکەین و چی نەکەین، بڕیاردرا ئێمە ئەم شارە چۆڵ کەین و با ئەوان بێن. لەگەڵ کاک فوئادا قسەمان کرد، بەیەکەوە بەو نەتیجە گەیشتن کە شارەکە چۆڵ کەین و بچینە دەرەوەی شار، ئەگەر هات و ئەوان حەملەیان کرد، لەگەڵ شارێکی چۆڵ ڕووبەڕووبن. نوێنەری دەوڵەت هات، لەوێ لەگەڵ شوورا خەریکی موزاکەرە بوون لەسەر ئەم مەسەلەیە. شێخ عوسمان خالیدی بوو، کاک فوئاد بوو کە نەقش ئەساسی بوو لە شوراکەدا.
هەموو ڕۆژێکیش دوای گفتوگۆ بانگەواز دەدرا بە خەڵکی شار، دەهاتن بۆ پارکی شار، کاک فوئاد و شورای شار دەهاتن. کاک فوئاد لەلایەن ئەوانەوە، گوزارشی

دەدا بەخەڵک؛ ئاخرین ڕۆژ کە موزاکەرە بە بونبەست گەیشت، کاک فوئاد هات و ئەم باسی کۆچ کردنی شارە لەوێدا ئیدی هاتەپێش.
گوتیان ڕێگە حەلمان ئەوەیە شارەکە چۆڵ کەین، با خەڵک نەکوژرێت. کومیتەیەکمان پێکهێنا، ناردمان لای کانی میران لەویٚ جێگای ئۆردووگاکەیان دیاریکرد. ئێمە یەکیەتی جووتیاران خەڵکەکەمان هیدایەت کرد بەرەو ئۆردووگاکە. دوای موزاکەرە هاتینەوە بۆ ناوشار؛ کاک فوئاد لەوێیشدا دەوری هەبوو. یەکێک دەیگوت نەخێر بوەستین. کاک فوئاد وتی: نابیٚ ماجەراجوویی چەپ ڕەوی بکەین؛ ئەم خەڵکە تواناییەکیان هەیە، ئەگەر لەوە دەرچێت، خۆیان دەڕۆنەوە. جا بۆ ئەوە ئێمە نەهێڵین خەڵک بڵاوەی کەن و خۆیان بڕۆنەوە، ئۆردووگاکە و ئەم دەسکەوتە سیاسیەمان لێی بستێنێت، خۆمان ژیرانە تەواو بوونی کۆچەکە ڕابگەیەنین و تەوافوقاتێک کە لەگەڵ ڕەژیمدا کردوومانە، ئەوە بەڕێوە بەرین. ئێمە چووینەوە بۆناوشار و کاک فوئاد چوو بۆسنە، لە جەمعییەت سنە کۆبوونەوەیان کرد.

**ڕەزا:** کاک عەبدوڵڵا ئاخرین جار تۆ لەو سەفەرەدا، کاک فوئادت بینی کەی بوو؟
**عەبدوڵڵا:** کاک فوئاد هاتە بانە و لەوێوە لەگەڵ جەماعەت تەسمیم دەگرن دێن بۆ مەریوان. بڕیارەکەشی ئەوە دەبێت، قسە دەکەن و دەڵێن ئێمە ئەگەر بکریٚ، دەبیٚ پادگان مەریوان چەک بکەین. کاک فوئاد بەرنامەی ئەوە بوو کە مەریوان بکات بە مەقەڕی ئەسڵی کومیتە مەرکەزی کۆمەڵە. لە قامیشلە و مەنتەقەی شلێر و لای هەنجیران و ئەوانە، جێگەمان دیاری کردبوو. ئەمجارە مەنتقەی دزڵی و سورێن و مەریوان، هەورامانات و ئەمانە ئەگەر پادگان مەریوان بگیرێت، جێگایەکی موناسبە.
کاک فوئاد لە بانەوە کە هاتەوە، برایم جەلال و ئەمانە لەگەڵیدا لەوێوە هاتن. کۆمەڵەش بەداخەوە هێشتا ڕێکخراوەیەکی وا نەبوو، ڕێکوپێک بیری ئەوە بکاتەوە، کە کاک فوئاد دەڕواتەوە دەبیٚ هێزێکی لەگەڵدابێت؛ ئەمە ڕەهبەری ئێمەیە، کومیتە مەرکەزیمانە و کۆڵەکەی ئەم تەشکیلاتەیە و پارێزگاری بۆدابنێت. نە نیرویەکی وابوو لەو دەورەدا، نە ڕێکوپێکی هەبوو.
**مەجید:** نە عەقڵەکەش بەو ئەندازە بوو.

**عەبدوڵڵا:** ئێستا ناکرێ ئەقڵی ئێستامان بخەینە ئەو وەختە، ئەگینا دەکرا وای لێنەیەت مەوزووعەکە، بەڵام ئیدی ئەقڵی ئەو وەختەمان وابوو. کاک فوئاد لەگەڵ ئەوانە هاتەوە بۆ مەریوان. ئەوەڵین کەرەتیش لە پشت هانە شێخانەوە یەکترمان دی. هانەشێخان لە بەین گاگل و هەنجیراندایە. برایم جەلال برێک ئاموزشی نیزامی دابە ئێمە؛ نارنجەک و نارنجەک تەقاندن و فلان و فیسارو ئەمانە. بەشوێن ئەوەدا هاتبوونە دەرەوە.

**مەجید:** لە سەرسێف بووین، لە قامیشڵە یەکمان دی.

**عەبدوڵڵا:** ئەمان لە سەرسێف بوون، هەموویان شاریان چۆڵ کردبوو، ئەو شەوە کە ئەمان شاریان چۆڵکرد، کاک ئەمین و ئەوان چوون لە 'قەبردەرویش'ەوە هاتنەدەرێ؛ ئەمان لەدارسێرانەوە چوونە دەرێ. حەتتا ئەمان بە کاک ئەمین و ئەوانیان گوتبوو لەوێوە مەڕۆن؟ خۆلاسە کاک فوئاد لە هانەشێخان هات بۆلامان، نیگەران و ناڕەحەت، حاڵەتێکی ناخۆش.

**ڕەزا:** ئەوە دوای گەڕانەوەی لەبانە؟

**عەبدوڵڵا:** ئەرێ، زانیبووی کوڕەکان ئێعدامکراون. ئەوان لە شارەوە هاتنە دەرەوە، کاک فوئاد لەو لاوە هاتەوە، لەقامیشڵە یەکان گیربووین. کاک فوئاد زۆرتر خەریکی ڕێکخستن بوو؛ ئەوە کە لە شارەوە هاتبوو، دەی ئەم ماوە قسەمان لەگەڵ کرد، کێ دەمێنێتەوە، کێ دەڕواتەوە، ئەمانە. ئەوەی کە ڕۆیشتەوە نا، ئەوانەی مانەوە ڕێکخران.

ئەمجارە کاک فوئاد لەگەڵ ئێمە باسێکی مەترەح کرد، گوتی ئێمە بڕیارمان داوە کە ئەگەر ئیمکانمان بێت، پادگان مەریوان چەک بکەین.

**ڕەزا:** ئەو باسە بۆ گشتی بوو؟ یا لەجەمعێکی تایبەتدا بوو؟

**عەبدوڵڵا:** لەناو چەپەکان بوو، دەقیقەن لەبیرم نیە، کەپێش ئەوە لەگەڵ گرووپی چەپدا کردبێتی یان نا.

**حیشمەت:** مەنزوورەکەی ڕەزا ئەوەیە کە بۆ هەموو جەماعەتەکەی بوو؟

**عەبدوڵڵا:** نا، نا، خسووسی بوو. بەرلەوە لەگەڵ ئێمە پێموایە لەگەڵ چەند نەفەرێکماندا مەترەحی کرد. کاک فوئاد دیاریکرد کە مەجید و کاک عەتا و من

و ئەسەد نەودینیان، ئەم چوارە بچین لە شار مەریوان، لە هەموو دێهاتەکان، لەگەڵ فەعالین و دۆستانماندا مەوزووعەکە باسبکەین، کە ئیمکانی بۆ فەراهەم بکەین. ئێمە ڕۆیشتین و دەستمان پێکرد و کاک فوئاد قەرار بوو بڕواتەوە بۆ بانە ئەم مەوزووعە ڕوون بکاتەوە لەگەڵ یەکێتیدا، لەوێوە لە قامیشلەوە ئیدی ڕێکەوت.

**ڕەزا:** ئەو وەختە هەر باسی مەریوانی کرد؟
**عەبدوڵڵا:** باسی مەریوان و سەردەشت.

**ڕەزا:** ئەگەر ئەو پێنج کەسە کارەکەیان دیاریکرا، باقیەکەتان قەرار بوو چ بکەن؟
**عەبدوڵڵا:** ئەوانیش قەرار بوو جەولە بکەن و لەو دەوروبەرە خۆیان بحەوێنەوە.

**ڕەزا:** قەراریش بوو مەخفی بچن؟
**عەبدوڵڵا:** بەچەکەوە. ئێمە ئیدی چووین و لە ڕەشەدێ و پێلەوە دەستمان پێکرد.

**ڕەزا:** لەبیرت دێ کە لە بانەوە کاک فوئاد گەڕایەوە لای ئێوە، سەرجەم چەند شەو و ڕۆژ بەیەکەوە بوون؟
**عەبدوڵڵا:** سێ ڕۆژ چوار ڕۆژ بوو.
**مەجید:** وابزانم دوو ڕۆژبوو.

**ڕەزا:** ببوورە، ئەگەر ئەو گرتنی پادگانی مەریوانە باسکرا، کەسێک بوو نەزەری جۆرێکی تر بێت؟
**عەبدوڵڵا:** نانا، هیچ کەس، هەموو حەزیان دەکرد.
**مەجید:** تەنیا یەک شت؛ وتی من، فاتێح و شێخ عوسمان لەگەڵ خۆمدا دەبەم. فاتێحی لەنەزەردا گرتبوو بۆ شوێنێک.
**عەبدوڵڵا:** بۆلای مامۆستا شێخ عێزەدین.

**ڕەزا:** پرسیارێک، ئەو بەشە موهیمە، چون من خۆم لە مەریوان بووم ئەو وەختە. ژنان و جەمعێک زۆر مەریوانی لە دیژبانی تەحەسونیان کردبوو، کە ئەو نۆ نەفەرەی پادگان ئازاد بکرێن، هێشتا ئیعدام نەکرابوون. ئەمە دەکاتە دووی شەهریوەر(خەرمانان)، یەک یان دوو. لەپڕێکدا هاوڕێک، بەجادەی سەقزدا هات، بە تویوتایەکی زەردەوە، هات نامەیەکی پێبوو بۆ ئێوە. ئایا ئەو کەسە هاتە لاتان ئەونامەی هێنا؟

**عەبدوڵڵا:** من ئەوە نازانم.

**مەجید:** من هیچم لەبیرنیە.

**ڕەزا:** ئەو نامە، نامەی کاک فوئادە بۆ جەماعەت مەریوان.

حیشمەت: وەلێ جەعفەر دەڵێ من بردوومە.

**عەبدوڵڵا:** خۆلاسە کاک فوئاد بەرەو بانە ڕێکەوت. ئێمەش لە پێلە و ڕەشەدێ وە دەستمان پێکرد و چووین بۆگوێزە کوێرە. ئەو ڕۆژە لە گوێزەکوێرە بووین، سەعات دووی دوای نیوەڕۆ، ڕادیۆمان کردەوە، گوتی فوئاد مستەفاسوڵتانی ڕەهبەری یەکیەتی جووتیاران شەهید بووە. هەموو وشک بووین، زۆر ناڕەحەت، هەموو ڕیسەکەمان بۆوە بەخوری. حاڵەتێک سەرلێشێواوی، ناڕۆشنی هاتەپێشەوە لە کارماندا.

**ڕەزا:** باشە کاکە عەبدوڵڵا، کاک مەجید، وەختێک ئەو تەقسیم کارانە کراو کە ئێوە ئەو پێنچ کەسە بچن بۆ ئەوێ و ئەو جەمعەی تر جەولەبکەن، کاک فوئادیش وتی دەگەڕێمەوە بۆبانە، هیچ ئەو وەختە مەسەلەن ئێحساس خەتەرتان نەدەکرد لەو جادەدا؟ نەتانگوت با کەست لەگەڵدا بنێرین؟

**عەبدوڵڵا:** نا، نا. ڕژیم لە شار بەولاوە هیچ هێزی نەبوو.

**مەجید:** پێمان وابوو لەو وەختەدا ئەم مەنتەقە زۆر هێمنە. چونکە هیچێکی تێدا نەبوو، لە مەنتەقەی سەرشیوە، جادەیەکی زۆر موهیم نەبوو.

**ڕەزا:** ئەو وەختانە، من و جەعفەر مستەفا سوڵتانی لە ناوشار بووین، کە ئەم مەکتەب قورعان و ئەوانە هاتن خۆپیشاندانیان کرد. ناوشاریش بە تەواوی نا، خیابانە ئەسلیەکان بە ماشین، بە کالیبر پەنجاوە پاسدار دەهات و دەچوو،

مەنزوورم ئەوەیە حەتتا ناو کوچەو کۆڵانیش نەدەچوون.
**عەبدوڵڵا:** ئێمە لە گوێزەکوێرە و ڕەشەدێ ئازادانە بەو چەمەدا دەهاتینە خوارەوە.

**حیشمەت:** دەلیلێکی شک کردنی ئێمە کە ئەوە شتێکی بێخەبەر نەبووە. جادەکان ئەو مەنتەقە بەو هێمنییەوە، چۆن لە کتوپڕێکدا ئەم ستوونە وەڕێ کەوت؟!
**مەجید:** دەزانی چۆنە، من پێموایە ئەو حەرەکەتە وانەبوو موستەقیم بۆ کاک فوئاد بێت. چونکە مەسەلەن هەرلەخۆمەوە دەلێم، تەحلیلی دەلێم.
**عەبدوڵڵا:** ئەوەڵەن جادە هیچ پایەگایەکی تێدانەبوو، دووهەم هیچ کەس نەیدەزانی کاک فوئاد لە کوێوە دەڕوات.
**مەجید:** ئەی چی، خۆ کەس نەیدەزانی، حەتتا نەیەگوت بەئێمەش.

**حیشمەت:** کاکە مەجید، عەبدوڵلای برام (عەبە کەوە) دەڵێ کە وەختی خۆی ئێوە لە کابرایەک لە بەردەڕەشە، یا دووپلوورە مەشکوک دەبن.
**عەبدوڵڵا:** ئەمە کە ئێوە لێی بەگومانن، حەمە نەجیم بەردەڕەشەیە. حەمە کەسێکە سابیقەی هەیە، بۆیە بە ساواک، ژاندارمەری و پالیزبان و خۆلاسە بە ئەرتەش و "زیددی ئیتلاعات" ئەرتەش و ئەمانە، پەیوەندی هەبوو. ڕاپۆرت و شتی دەهێنا. کاک فوئاد و ئەوان کە لێرەوە دەڕۆن، شایەعە ئەوە بوو، کە ئەم حەمە نەجیمە چووە گوزارشی داوە کە ئەم ستوونە کەوتۆتە ئەم جادە. بەڵام خۆ حەمە نەجیم نەیدەزانی کاک فوئاد بەجادەدا دەڕوا و بەچی دەڕواو چۆن دەڕوا. کاک فوئاد لەبەردەڕەشە ڕەد بووە، حەمەنەجیمیش چووە ڕاپۆرتی داوە. کە ئێمە چووین بیگرین، هەڵات و خۆی تەسلیمی دەوڵەت کرد. دوایە چەند ساڵ لەمەو بەر مرد. ئیدی فریای ئەوە نەکەوت، کە ئێمە باس و خواسی لێبکەین.

**ڕەزا:** لە بیرتانە چەند پێشمەرگەی یەکێتی لەگەڵ بووە؟ کاتێک بەرەو بانە هاتەوە.
**عەبدوڵڵا:** برایم جەلال و سیانتر بوون.

**ڕەزا:** ئەی ئەو سیانەکەیتر بۆ دیار نین؟ برایم جەلال هەرباسی خۆی دەکات.

**حیشمەت:** نەگەڕاونەتەوە ئەوانە لەگەڵ برایم جەلالدا؟!
**عەبدوڵڵا:** با، پێشمەرگەی لەگەڵدابوو، بەتایبەت پیاوێکی پیری لەگەڵدابوو. کاک فوئاد زۆری خۆشدەویست. قسەخۆش و بنیادەمێکی سەرحاڵ.
**مەجید:** بەڵام لەبیرمە قسەیەکیش کرا؛ کە کاک فوئاد ئەم دوو سێ نەفەرە چییە، دووسێ نەفەری تریش لەگەڵ خۆتدا ببە. کاک فوئاد وتی، کوڕە نا نامەوێ بەکەژو کێفەکەدا دەڕۆم، کەسم بۆچییە.

**ڕەزا:** تۆ پێتوایە سێ نەفەری تریشی لەگەڵ بوو، بەڵام ئەوە لە هیچ کوێ دیاریان نییە.
**عەبدوڵڵا:** با، دووسێ نەفەر پێشمەرگەی لەگەڵ بوو برایم جەلال.

**حیشمەت:** ڕەوایەتێک هەیە، دەڵێ هەر ئەو پێشمەرگانە گۆیا لەگەڵ ئێوە ماونەتەوە، چونکە بەتەمای ئەوە بوون ئەوان بڕۆن هێز بێنن. وەلێ باوەڕ ناکەم.
**عەبدوڵڵا:** کاکە گیان حەساسیەت مەسەلەکە ئالێرەدایە، ئەگەر هەدەف ئەوەیە بزانین کاک فوئاد لەم ڕێگایەدا چی بەسەر هات. بە بڕوای من هیچ کەس نەیزانی کاک فوئاد بۆ کوێ دەچێ، جگە لە ئێمە. دووهەم، هیچ کەس لە ئێمەیش نەماندەزانی لە کام ڕێگاوە دەچێ، هەر دەمانزانی دەڕوات.
خەڵکێکیش لەگەڵی بوون، لە بەردەڕەشەش فەقەت ئەو کابرای بەردەڕەشە، شایەعە کە ئەو ڕاپۆرتی داوە، ئەویش یەکێکیان لەگەڵ خستوون لە خەڵکی ئاوایی بەردەڕەشە بۆ شارەزایی بردوویانە لەگەڵ خۆیاندا. تا کانیکون و ئەو ملەی بەردەڕەشە کە دەچێ بەرەو قەمچیان، تا ئەوێ بردوویانە. ئەم کابرایە لەگەڵیان بووە، یان ئەم کابرایە کە حەمە نەجیمە، گوزارشی دابێت. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە، کە کاک فوئاد و ئەوان لەم مەسیرەدا بووبن، ئەوان چوون گوزارشیان دابێت؟ تا ئەم هێزە کۆبووەتەوە، هەر بیست و چوار سەعاتی خایاندووە. نەک بۆ کاک فوئاد. ئەم ڕووداوە بە ڕێکەوت بووە.
ڕەزا: باشە یەک شت، ئێوە چۆن هەڵیدەسەنگێنن، کە بۆچی لەو شەرایتەدا کە باسمان کرد، کە ڕژیم زاڵ نییە بەسەر مەنتەقە دا، لە پڕێکدا ئەوشەڕە دەکرێ؟
عەبدوڵڵا: شێخ عوسمان ڕوون قسەدەکات. دەڵێ، کاک فوئاد ڕاوەستاوە، شێخ عوسمانی بەڕێکردووە کە ئەم تەقەبکات ئەو بڕوا. ملەیەک بووە، شێخ عوسمان

و ئەوان چوونەتە ئەو ملە، ویستوویانە لەوێ ڕاوەستن کە کاک فوئادیش بچێت بە شوێنیاندا. لەوەدا ئیدی ئاوا پێش هاتووە.

**ڕەزا:** دەزانی کاکەگیان چۆنە شتەکە، ئەوەی جێگەی پرسیارە بۆئێمە، ئەوەیە کە لە ناکاو ئەوشتە ڕوودەدات. نەک ئەوە بڵێی لە پەنا مەریوان، کە مەسەلەن پادگانی لێیە، کە پایەگایەکی لێیە، یان لەو ناوەڕاستە کە نە جادەکە گیراوەتەوە، نە پایەگای هەیە. من قسەکەم یەک شتە؛ مەنتیق وا حوکمدەکات، کە ئینسان شک بکات لەو جەرەیانەدا.
**عەبدوڵڵا:** دەی شکەکە تەنیا حەمە نەجیمە؟ دەزانی بۆچی، بۆ ئەوە کاک فوئاد و ئەوان چوون هەتا بەردەڕەشە، هەتا بەر بستام، ماوەی دوو ڕۆژ پیادە ڕەویی ئەوان بووە. بە ڕۆژێک نەچوون، ڕێگاکەشیان نەزانیوە، کەوتوونە سەر ئەو جادەش، حەمە نەجیم لەوەدا ڕاپۆرتی دابێت، بە دوو ڕۆژ ڕژیم ئەو ئیمکانەی هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەو هێزەی وا کۆی کردەوە.
**مەجید:** ئێستا شتێک کە مابێتەوە ئەوەیە، کە لەلایەن ئەو ڕفیقانەوە لە بانە بوون، چۆن برایم جەلال و کاک فوئاد و ئەوانە کەوتنە یەک و هاتنەوە؛ لە مەریوانیش ئەو پێشمەرگانە چییان لێهات؟ وەک خۆتان دەڵێن.

**ڕەزا:** ئێوە بیستووتانە فەرماندەی ئەو شەڕە لەلایەن جمهوری ئیسلامییەوە کێ بووە؟
**مەجید:** ئەو وەختە دەیانگوت، چەمران بووە، لەو وەختەدا هەر ئەمەمان بیست.
حیشمەت: من فەقەت ئەوەم بیستووە، کە جاشەکان گوتویانە، چەمران خۆی چووەتە سەر جەنازەکەی و گوتویەتی حەیف فوئاد حەیف.
**عەبدوڵڵا:** من ئەوەم بیستووە کە گوتویە حەیف فوئاد.

**ڕەزا:** دیسان پرسیار دێتەپێش؛ چەمرانێک کە چوار تا پێنج حەفتە پێشتر، لە ئیدارەی فەرمانداری مەریوان لەگەڵ فوئاد دادەنیشێ موزاکەرە دەکەن، ئێستاش فەرماندەی عەمەلیاتێکە کە ئەوی تێدا دەکوژرێت؟ چۆن دەکرێ ئەمانە هەمووی هەڵکەوت بێت؟! من بەشوێن هیچ نەفەرێکەوە نیم! خۆ کاک فوئاد نایەتەوە، فەرز بفەرموو ئیکس ناوێک بێت بڵێت من بووم، تازە تەواوبووە

شتەکە. من حەز دەکەم بزانم ئایا بەڕاستی، بەو هەموو جاش و جاسوس و کۆنەساواکی و دەرەبەگ لەو ناوچەی سەرسنووره خۆت دەزانی، جاشی ئێران و ئێراق، هەموو جۆرێکی تێدابوو. من دەمەوێت بزانم ئایا واقیعەن سەری ئەم گوریسە، دەچێتەوە لای جمهوری ئیسلامی، یان نا؟

**عەبدوڵڵا:** دەی هەردەچێتەوە، حەمەنەجیم چوو ڕاپۆرتی داوە.

**مەجید:** ئیمکانی هەیە حەمە نەجیم ڕاپۆرتی دابێت.

**عەبدوڵڵا:** ئێمە موتمەئین بووین، بۆیە ناردمان حەمە نەجیم بگرن. چون گوتیان پیاوێکیان بردووە لە بەردەڕەشە، هەر فەورەن چووینە سەرحەمە نەجیم.

**مەجید:** فاجیعەکە و تراژدیەکە ئەوەندە گەورەیە، ئینسان هەرنایەوێت واقیعەن هەروا خۆی ڕازی بکا و بە سادەیی لێی بگوزەرێت، کە باشیش دەکەن ئەڵبەتە. ئەوەندە ناڕۆشنی لە دڵتاندا بێت، نەی هێڵنەوە باشە. بەڵام لەو وەختانە پێموایە ئەو ستوونە بەخاتر ڕاپۆرتەکەی حەمە نەجیم نەهاتووە بەشوێن کاک فوئادا. ڕژیم بەرنامەکەی بووە، لەوێوە هاتوون، ئیدی وای لێهات ماجەراکە. ئەگەر نا مەسەلەیان کاک فوئاد بوایە، چوار کیلۆمیتر لەولاترەوە بڕۆیشتایەن، ئەم کارەساتە پێش دەهات؟ خۆ پێش نەدەهات.

❊❊❊❊

ڕەزا و حیشمەت ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.



# گفتوگۆ لەگەڵ کاک عومەر ئیلخانیزادە

**٢٠١٢/٩/١٢**

**مەلەکە:** زۆرسپاس کاک عومەر بۆ ئەو کاتە کە دات بە ئێمە بۆ ئەم چاوپێکەوتنە. کاک فوئادت چۆن ناسی و چۆن کاری سیاسیتان دەستپێکرد؟

**کاک عومەر:** پێش هەموو شتێک سپاس بۆ تۆ کە ئەو دەرفەتەت ڕەخساند کە من بتوانم بیرەوەری و یادەکانی خۆم سەبارەت بە کاک فوئاد بڵێم چونکوو بۆ من بە ڕاستی ئیفتیخارێکی گەورەیە و هەتا ئێستایش پێموایە ئەوەندەی پێویستە کۆمەڵە دەینی خۆی بەرانبەر بە کاک فوئاد ئەدا نەکردووە.

یەکەم جار کە من کاک فوئادم ناسی دوای زیندان لە کۆنگرەی یەکی کۆمەڵە

بوو. بەڵام پێش ئەوەی لە کۆنگرە ببینم ئەو ساڵە کە گیرا ئیتر کاک فوئادم ئەناسی وەک کەسێکی تەشکیلاتی و جایگاکەشی، کە چ کەسێکە. لە ئەسڵدا هەر لەو وەختەوە مەعلووم بوو ڕێبەریی ئەو جەمعە دەکا بۆ کەسانی وەک مەسەلەن کاک حەمە حوسەینی کەریمی، کاک ئیرەج فەرزاد کە ئێمە پێکەوە لە کومیتەیەکدا کارمان دەکرد. دیارە زۆر زەربەیەکی قورس بوو ئەوی کە جەمعێک لە ڕەهبری تەشکیلات گیرابوون.

کاک فوئاد گوشارێکی یەکجار زۆری خستە سەر هەموو کۆنگرە بۆ ئەوەی کە ڕۆشنی کەینەوە و مەعلووم بێ کە ئێمە دەتوانین پێکەوە کار بکەین و بۆ کاری گەورە خۆمان ئامادە بکەین. هەر لەو کۆنگرەیەشدا کاک فوئاد درەوشاوە یەعنی مەعلووم بوو کە ڕێکخەرە و لە عەینی حاڵدا کە ڕەخنەی سەریح و توندی لێدەگیرا، لە هەموو مەسەلەکاندا بە ڕاحەت ڕازی نەدەبوو. بەڵام لە هەمان کاتدا تۆ ئێحساست دەکرد نایهەوێ هیچ کەس ئازار بدا. ئاخر ڕۆژی کۆنگرە دەهاتینە سەر تەسمیمگیری و چ دەکەین و ڕەهبەری هەڵدەبژێرین. بە عادەتی خۆی کە مات دەبوو و چاوەکانی دەهات و دەچوو، لە وەختی وادا درەنگ قسەی دەکرد. زۆری پێ چوو. ئاخرەکەی وتی ڕاستیەکەی من با پێتان بڵێم زۆر لەو جەلەساتە ڕازی بووم و پێم باشبوو. وتی هەر لە ئێستاوە دەست پێبکەین. هەر کەسێک با بزانین دەتوانێت بچێتە نێو دڵی زەحمەتکێشانەوە.

**مەلەکە:** ئایا وەک کومیتە، وەک بەڕێوەبەری تەسمیم بە کۆنگرەی یەک گیرا، یا چۆن بوو بڕیاردرا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کۆنگرەیە؟

**کاک عومەر:** دوای ئەوەی ڕەفێقەکان لە زیندان ئازاد بوون. لە پێش دا کاک عەبدوڵڵا موهتەدی و ئیرەج فەرزاد لە زیندان هاتنە دەرێ. ئەوان ئیختلافاتی نێو زیندانیان بوو کە لەگەڵ ئێمە باسیان دەکرد و بەڕاستیش دوو بەرەی ئیختلافەکە بوون. مەعلووم بوو ئەساسی مەسەلەکە هێندێک ئیختلافاتی نێوان کاک عەبدوڵڵا و کاک فوئاد بوو. (لە کۆنگرەی یەک من ئەوەم وەرگرتووە) کاک فوئاد، کاک ساعدی وەتەندوست، کاک حەمە حوسەینی کەریمی، عەبدوڵڵا موهتەدی، ئەوانە ئەو وەختە دەستەی ڕێبەرایەتی بوون؛ کە هاتنە دەرێ دوای ماوەیەک ئەو باسە کرا کە ئێمە دەبێ کۆنگرە بگرین و ئەو مەسائیلە هەمووی بەلایەکدا بخەین. کۆنگرەکەیش بۆ ئیعلامی ئەوە بوو کە ئەوەی ئەندام

بوو گوتمان بانگی دەکەین بۆ کۆنگرە. کەسانێک نەیانتوانی؛ مەسەلەن کاک شوعەیب نەیتوانی ئامادە بێت. کەسی دیکەیش بوو بەهەرحاڵ کۆنگرە گیرا.

**مەلەکە:** کاک ساعد ئەڵێ حەتتا گیرانی کۆنگرەی یەک بە پێشنیار و شێلگیری کاک فوئاد بووە. دوای ئەوە لە زیندان هاتووتە دەرێ تەشخیسی ئاوا بووە بەو ئیختلافاتی ناو ڕەفێقەکانی زیندان و دەرەوە، بە پێویستی زانیوە کە دانیشتنێک هەبێت، لە سەر ئەوە کە ئایا بەم وەزعیەتەوە و هەلومەرجە تازەی ئێران و کوردستان، چۆن ئەتوانین کارەکانمان بکەین؟

**کاک عومەر:** من وتم ڕەهبەری ئەو کارەی کردووە. بەڵام بڕیاری گرتنی کۆنگرە دوای هاتنە دەری کاک فوئاد لە زیندان بوو. تەبعەن ئەوان واتە کاک ساعد و کاک فوئاد بەشێک لە ڕێبەرایەتی بوون. دڵنیام ئەو قسەی کاک ساعد دروستە. بەڵام من خۆم لە ڕێبەرایەتیدا نەبووم. هەرئەوندە دەزانم کە کاک حەمە حوسەین، کاک ساعد هەموو باسی ئەوەیان دەکرد. وردە وردە ئەو باسە هاتە ناو تەشکیلاتی ئێمە کە دەبێ کۆنگرە بگرین و باس لەوە کرا ئەوەی ئەندامە بەشدار بێت.

**مەلەکە:** لە کۆنگرەی یەک دا دوو دیدگاە دەخرێنە بەرباس؛ واتە هەر ئەو ئیختلافە کە خۆت ئیشارەت پێکرد. ئەو ئیختلافە هەم لە ناو هاوڕێیانی زینداندا هەبووە و هەم لە دەرەوی زیندان. هێندێک بە وردی باسی ئەو ئیختلافانەمان بۆ بکە. ڕیشەی ئیختلافەکە لە چیدا بوو؟

**کاک عومەر:** من لام وایە هەمیشە کە باسی کۆنگرەی یەک دەکرێ و ئەوەی کە ئیختلافی تێدابووە، تەحریفێکی تێدا دەکرێ. ڕاستە کە ئیختلاف لە کۆنگرەی یەک هەبوو لە سەر ئەوەی کە ئایا کۆمەڵگای ئێران سرمایەدارییە یان کۆمەڵگایەکی نیوە فیئوداڵ و نیوە سەرمایەدارییە. بەڵام بە ڕاستی ئیختلافەکانی ئێمە لە سەر ئەوانە نەبوو. ئەساسی ئیختلافەکە سیاسی بوو. ئەوەی کە لە ڕاستیدا خۆێ دەنواند، ڕەخنە لە کار نەکردن، لە شێوە و ڕەفتاری نادروست بوو، لەوەی کە ئێمە دەبێ چ نەوعە ڕەوش و ڕەفتارێکمان هەبێ. بۆچی یەکێک زۆر باش ژیاوە لە حاڵێکدا ئەو کەسە کە لە ڕێبەرایەتی تەشکیلاتدا بووە، ئەرکەکەی خۆی تەواو جێبەجێ نەکردووە. دەچینە نێو خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش یا خۆمان

بانتر لەوان دەبینین؟ حازرین بەوەی دەست لە ژیان و ئاسایش و کار و ماڵ هەڵگرین یا نا؟
کاک فوئاد نووکی تیژی ڕەخنەکانی لەوانە بوو کە لە ڕێبەرایەتیدا بوون. من ڕەخنەم لێگیراوە کە مەسەلەن تووشی ژیانی شەخسی بووم، حەزلێکردوویم کردووە و خەیاڵم هەیە ژن بێنم. کاک حەمە حوسەین هەروا. لە بیرمە کاک فوئاد تەنیا کەسێک بوو کاتێک بەرخورد بە من کرا، دەنگی نەدا. قسەکەشی ئەوە بوو وتی ئێمە چریک نین. ئێمە ژیان دروس دەکەین. ئێمە ناتوانین حیزبێک بین جەرەیانێک بین کە بڵێین تەنها ئەوانەی دەستیان لە ژن ومنداڵ و هەموو شتێکی ژیان هەڵدەگرن دەتوانن بێنە نێو کاری سیاسیەوە. ئەی ئێمە هەزاران کرێکار چۆن بکەین بە ئەندام.
دیارە ئەو کەسەی کە وێکی خستینەوە، ئەو کەسەی بە دوای ئەوەدا ڕەهبەری کردین، کاک فوئاد بوو. لە حەرەکاتی دوایشیدا چاوی لێ بکەی تا شەهید بوونی کاک فوئاد دیارە کە چی کردووە و چۆن بووە دەور و تەئسیری لە سەر هەمووومان.

**مەلەکە:** زۆر هەوڵم داوە ئەو صورت جلسات (ڕاپۆرت و کۆنووسی قسەوباسەکانی) کۆنگرەی یەک ببینم، نەکراوە. بەڵام لە قسەکانی ئێستای ئێوە و لە قسەی ئەو کەسانە کە لە کۆنگرەدا بوون و قسەم لەگەڵ دا کردوون، پرسیارێکم بۆ پێش هاتووە؛ ڕاستە لەباری فکرییەوە ئیختلاف نەزر بووە. بەڵام پێموایە لە کۆنگرەی یەکدا ئیختلافی چۆن کارکردن و چۆن هەڵسووڕان هەبووە؟ کۆنگرەی یەک لە مانگی سەرماوەز (آذر) ١٣٥٧ (پاییزی ١٩٧٨) بەستراوە و ڕژیمی شا بەرەو ڕووخان ئەچێ، ئێران و کوردستان لە سەروبەندی ئاڵوگۆڕی زۆر گەورەدا بوون. ڕەنگە کەس پێشبینی ئەوی نەکردبێ کەی و چ ڕۆژێک، بەڵام وەزعەکە زۆر لە گۆڕاندا بوو. ئایا ئەکرێ بڵێین ئیختلاف لەسەر ئەوە بووە کە تۆ چەندە حازری توانایی و ئێنێرژی خۆت بخەیتە خزمەت ئەو جووڵانەوەیو لە ئێران و کوردستان؟
**کاک عومەر:** ئیختلاف لە سەر شێوازی کار بوو لە سەر ئەوەی کە چۆن دەچینە ناو خەباتەوە. دوای کۆنگرەی یەک ئێمە پەڕ وپۆمان زۆرتر هاویشت؛ ئێمە وەدوای چەک کۆکردنەوەو ڕێکخستن لە دێهاتەوە تا شار کەوتین. ئەی بۆ پێش

ئەوەی کاک فوئاد بێتەدەرێ لە زیندان خۆ تەواوی ڕەێبەری هەمووی لە دەرێ بوو، ئەی بۆ ئەو وەختە کارێکی جیددی نەکرا؟ ئێمە لە کۆنگرەی یەکەم بە نەخشەیەکەوە هاتینە دەرێ. بەرپرسانی هەر جێگەیەک دیاری کران. با بڕۆین نەهێنی بین لە نێو خەڵکدا، با بڕۆین بۆ شۆڕش و خەبات و بۆ جووڵاندنی جەماور کار بکەین.

**حیشمەت:** تۆ ئیشارەت کرد بە کاک فوئاد کە ڕەخنەی لە بەشێ لە بۆچوونە نەزرییەکانی خۆی گرتبوو، ئەوە چۆن خۆی نیشان ئەدا؟
**کاک عومەر:** لە کونفرانسی مەهاباد؛ ئەو کونفرانسەی کە بڕیاریدا کاک فوئاد بچێتەوە و دوای سەر و ساماندان بە وەزعی مەریوان بێتەوە بەرپرسی ناوەندی بێت؛ ئەو بەوە قانیع کرا کە یەکیەتی جووتیاران هەبێت و تەشکیلات حازرە کەسێک یان چەند کەسێکی لەجیاتی ئەو بۆ دابنێت. لەو کونفرانسە دا هەم ئەو بڕیارەدرا و هەم کاک فوئاد گوتی لە سەر ئەم مەسەلەیە من زۆرم بیر کردووەتەوە؛ قبووڵمە پەیوەندییەکانی سەرمایەداری بە سەر ئیقتسادی ئێراندا زاڵە و من بە بیرکردنەوەمدا چوومەتەوە، بەڵام پێموایە پاشماوەی دەرەبەگایەتی، فەرهەنگی دەرەبەگایەتی هێشتا لە ئێران بە هێزە و هەیە.

**مەلەکە:** ئەو کونفرانسە کەی بووە لە بیرتە؟
**کاک عومەر:** من بیرم بێت بەهاری ١٣٥٨ (١٩٧٩) بوو. بەوردی نازانم، پێموایە ئەوکاتە بوو.

**حیشمەت:** بە تەخمین ئەتوانم بڵێم دەور و بەری ٢٣ ی تیر ١٣٥٨ (١٩٧٩/٧/١٤) پێش ڕووداوەکەی مەریوان کاک فوئاد لە مەهاباد کۆبوونەوەی بوو.
**مەلەکە:** کاک فوئاد ڕۆژی ٢١ ی پووشپەڕ (تیر) لە مەهاباد قسەی کردووە و ئەو دوو کاسێتەی لای خۆمان هەیە. کۆنگرەی یەک لە دوو شوێن گیراوە، لە سنە و لە نەغەدە، بۆچی وابوو؟
**کاک عومەر:** نەغەدە لە باری ئەمنیتیەوە جێگایەکی بێ شک بوو، خەڵکی وای تێدانەبوو کە ئێمەمانان بناسێ. هەروەها لە سنە لە چوارباخ لەماڵەکەی باوکی کاک ساعد.

**مەلەکە:** لە کۆنگرەی یەک کێگەل بوون بە ناوەندی و چۆن ئەو کەسانە هەڵبژێردران؟

**کاک عومەر:** بە دەنگدان هەڵبژێردران: کاک فوئاد، کاک ساعد، عەبدوڵڵا موهتەدی ، موحسن رەحیمی، سەید برایم عەلیزادە، ئەم پێنج کەسە بوون بە مەرکەزیەت. زۆر بە سەراحەت کاک فوئاد وەک بەرپرس و بەرێوەبەری تەشکیلات دیاریکرا. جارێکیان کاک فوئاد هات بۆ نەغەدە چاپخانەیەکی نەهێنیمان لەوێ هەبوو نەیدەزانی لە کوێیە. گوتی با بچین بۆ چاپخانەکە، وتم ئەمن نایەم. پێی سەیر بوو وتی بۆ؟ وتم چونکوو من لێم قەدەغەکراوە. کاک فوئاد وتی من مەسئولی تەشکیلاتم من بڕیارت پێدەدەم. منیش وتم کۆنگرە لە تۆ گەورەترە. ئیتر شۆخییەکی کرد و چووم پیشانمدا نەوعی زەنگی درگا لێدان و ئەوانە. بەڵام ئیتر لەگەڵی نەکردمە ناخۆشی؛ وتی من مەسئوولییەتەکەیم قەبووڵ ئەکرد. ئەو وەختە نەماندەگوت کۆنگرە. دواتر گوتمان کۆنگرە.

**مەلەکە:** ماوەیەک دوای کۆنگرەی یەک شۆڕش ئەکرێت؛ لەو سەردەمەدا پەیوەندی کار و چالاکیت لەگەڵ کاک فوئاددا چۆن بوو؟

**کاک عومەر:** دوای شەهید بوونی کاک حەمە حوسەین لە بۆکان بینیم. کاک فوئاد، عەبدوڵڵا موهتەدی، موحسن ڕەحیمی، کاک ساعد، ئیرەج فرزاد، سەید برایم، پێموابێ کاک هاشمی ڕەزایش بوو؛ لەوێ بەحسی ئەوە بوو نێوی ڕێکخراوەکەمان بنێین و بەیاننامەیەک بدەین. قسەی کاک فوئاد ئەوە بوو کە هەر لە یادی کاک حەمە حوسەیندا ئەوکارە بکەین. ئەوە ٢٦ ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ بوو. جوان لە بیرمە ئەو ناوەمان چۆن هەڵبژارد. کۆمەڵەی ژ ک دەورێکی گرینگی هەبووە. کاک فوئاد وتی کۆمەڵەی تێدا بێ. قسە کرا کوردستانی تێدا بێ، ئێرانی تێدا بێ، شۆڕشگێڕێ تێدا بێ.

لە بۆکانماڵێکی نەهێنیمان بوو لە قەراخ شار، لەوێ کۆبوونەومان کرد و لەوێیش کاک فوئادم دیت. دوای ئەوە جارێکی دیکە هاتن بۆ چەک و چۆڵ لەگەڵ کاک عوسمانی ڕەوشەنتودە. کاک عەبدوڵڵا مسئولی ئێمە بوو. کاک عەبدوڵڵا نەهاتەوە. منیش گوتم چەکەکانت ئەدەمێ. کاک فوئاد وتی تۆ حەقی ئەوەت نییە. وتم من ئەتوانم و دەتدەمێ. وتی مەسئولییەتەکەی لە پای خۆتە. ڕاستیشی کرد دواجار تووشی قسە بووم لە سەر ئەوە. چەکەکان بۆ یەکیەتی

جووتیاران بوو. لە بیرمە هەتا کەلی خان لەگەڵیان چووم. ماشینەکەیان خراپ بوو.

**حیشمەت:** نەورۆزی خوێناوی سنە کاک فوئادت نەدی؟
**کاک عومەر:** ئەو کاتە زۆر کەم دیتم. فەقەت ڕاسپاردەکەیم بە کاک ساعد لە بیرە. کاک ساعد وەک مەسئوولی نیزامی وابوو. کاک فوئاد لەوێ بانگی کرد و پێیگوت، دەبێ پارێزگاری تەواو لە کاک سەدیق کەمانگەر بکەین. ئێستا ئەو سیمای کۆمەڵەیە و ڕەهبەری هەموو کەسە. ئەگەر ئەزانیت ئەوە ناکرێت من خۆم دەیکەم. کاک ساعدیش وتی ئەوە ئەو کورانە هاتوون. دەستەیەک پێشمەرگەی زۆر باش لە موکریانەوە چووبووین، هەموو تەشکیلاتی. کاک فوئاد وتی خاتر جەم بم بەتەواوی ئاگاتان لێ ئەبێت. کاک ساعد زۆر ئیتمینانی دایە وتی خۆم ڕادەوستم. لە سنە زۆرتر لەگەڵ کاک ساعد بووم.
دواتر لە کونفرانسی مەهاباد دیمەوە. کاک فوئاد چووبوو بۆ لای یەکێتی نیشتمانی کۆبوونەوەی بوو کە هاتەوە دیتم. هەروەها جارێکیتر لە سەردەشت کاک فوئادم دیت. ئەوکات بەیاننامەی " خلق کرد در بوته آزمایش" (گەلی کورد لە بواری تاقیکردنەوەدا) ئامادەکرا.

**مەلەکە:** ئەوەی مەهاباد کەی بوو؟
**کاک عومەر:** بەهار و هاوینی ساڵی ۱۳۵۸ بوو. لە بەر ئەوە لە بیرمە ئێمە دەعوەت کرابووین بۆ بەشداری کردن لە ۲۵ی گەلاوێژی حیزبی دیموکرات. کاک فوئاد هاتوو وئێمە بەرەوپیری چووین هێنامانەوە. دەستەیەک پێشمەرگە لە دەشتی وەزنێوە؛ لە جەماعتی یەکێتیمان وەرگرت و لەگەڵی هاتینەوە بنکەکەی ئێمە لە "گۆڕەمەڕ" بوو. ئێمە ئەو وەختە بە نێوی کۆمەڵە بنکەی پێشمەرگایەتیمان ڕەسمەن دانابوو کە مەرکەزی فێرکردن و ئەو کارانە بوو. کاک فوئاد پرسی دەعوەتن بۆ کۆبوونەوی حیزبی دیموکرات، چیدەکەن؟ وتم ناچین. وتی جا بۆ ناچن؟ منیش وتم بۆ بچین بۆ جەژنی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات؟ زۆری لەگەڵ من قسە کرد، منی نەرم کرد. ئەوجار چووین کۆبوونەوەمان کرد. لەگەڵ جەماعتەکە قسەی کرد موخالیف بوون . بە ئیستدلالەکانی کاک فوئاد هەموویان ڕازی بوون بچین و قسە بکەین. وتی دەبێ تۆ قسە بکەیت ئەوەیش

هێڵی قسەکان. منیش چووم قسەم کرد. من لە مەنتەقەی میراوێ نەهێنی بووم دوای کاک حەمە حوسەین؛ خەڵکەکە بۆی موهیم بوو کە ئەوە وەستا جەعفەرە، مەسئوولی کۆمەڵەیە و قسە دەکات. هێندێک شتی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتی ڕەواندەوە. ئێمەی ناساند بە خەڵکێکی زۆری هەموو ئەو دەورو بەرە. ڕاستیەکەی من بۆ خۆم مەسەلەن ئێحساسی ئەوەم دەکرد کاک فوئاد چەندە لە هەمان کاتدا کە قاتیعە بەرانبەر بە خەباتی چینایەتی، ڕۆشنە لە سەر سیاسەتەکانی کۆمەڵەی ئەو کات؛ بەڵام چەندە نرم و نیانیشە لەو جێگای کە مەسڵەحەتی گشتی هەیە. و چەندە دەزانێ هەلەکان بقۆزێتەوە. بەڕاستی ئەگەر بڵێم کاک فوئاد مامۆستای قۆزتنەوەی هەل بوو لە بزووتنەوەی جەماوەریدا. نەک هەر لەگەڵ حیزبی دیموکرات، بەڵکوو هەموو جارێک لە کێشەکانی نێو جەمعیەتەکاندا، لە نێوان ئێمە و چریک فیدائییدا، یان پێشمەرگەی زەحمەتکێشان "اتحادیه کمونیستها"، کاک فوئاد هەمیشە ڕێگە حەللی دەدیەوە کە چۆن بتوانین پێکەوە ئیدامەی بدەین. دەیەویست پێکەوە کار بکەین، دوژمنی ئێمە بە هێزە؛ یەکێک لەو کەسانە بوو دەیەویست زۆر حەول بدەین هێرش نەکرێت بۆ کوردستان. و شەڕ وەدوا کەوێ، شەڕ بە زیانی خەڵکی کوردە.

**حیشمەت:** لە شەڕەکەی نەغەدەدا پێوەندیتان پێکەوە بووە ، چونکوو ئەو وەختە لە شەڕەکەی نەغەدەدا تۆ لەوێ بوویت.

**کاک عومەر:** ئەو وەختە کاک فوئاد قسەی لەگەڵ من کرد. مامۆستا شێخ عێزەدین لەگەڵ حاجی مەلا ساڵح ڕەحیمی پەیوەندی هەبوو؛ تەلەفوونی هەموو کوردەکان بڕابوو. ئێمە لە ماڵی حاجی مەلا ساڵح مابووینەوە و دەستمان کرد بە گفتوگۆ، لە هەمان کاتدا گەمارۆ درابووین. دوو جاریش هێرشیان بۆ کردین شەڕمان کرد. دیسان تەلەفوونیان کردەوە کاک فوئاد لەوێ لەگەڵ مامۆستا بوو لە مەهاباد. لەگەڵ مامۆستاشێخ عێزەدین قسەم دەکرد گوشیەکەی لێ وەرگرت و بە ڕەمزی بەینی خۆمان منی حاڵی کرد کە پێشمەرگەیان ئامادە کردووە بۆ دەرباز کردنی ئێمە؛ من بووم کاک موحسنی ڕەحیمی، حوسەین ئازەری هەموو کۆمەڵە بووین.

**مەلەکە:** لە کۆچی خەڵکی مەریوان لە ئۆردووگای "کانی میران" ئەو دەورانە تۆ

نەهاتی بۆ مەریوان؟
**کاک عومەر:** نا، ئەو وەختە من لە "گۆڕەمەڕ" بووم. من لەو یەکەم بنکەی پێشمەرگایەتی ئاشکرا بە نێوی کۆمەڵەوە لە " گۆڕەمەڕ"، بەرپرسی سیاسی بووم. شەڕەکەی "خانگای جووجوو" دوای نەغەدە بوو. ئاڕ پی جی مان وەرگرتبوو. "ظهیرنژاد" [فەرماندەی لەشکری ورمێ] ئیجازەی ئاڕ پی جی‌یەکانی دابوو، من بە ماشین لە نەغەدە هێنامە دەرێ؛ بە ڕێکەوتن لەگەڵ ظهیرنژاد دا حەقی ئەوەمان بوو. لە بۆکان کاک فوئادم دیت و باسی ئەوەی کرد کە ئاڕ پی جی مان دەوێ و موهیمە. گوتم من هەم کارکردنەکەی دەزانم ئەفسەر وەزیفە بووم و ئاموزشی ئەوەم داوە لە مەیدانی تیر بووم هەم ئار پی جیم هەیە. پرسیی تۆ ئاڕ پی جیت هەیە؟ وتم ئا، یەکەم ئاڕ پی جی هەر ئەو وەختە من بۆم برد.

**مەلەکە:** کاتێک خومەینی فەرمانی هێرشی ٢٨ ی مرداد (گەلاوێژ)ی دا، لە بۆکان ژمارەیەک لە کادرەکانی کۆمەڵە کۆبوونەوەیان بووە و لەوێ بەیاننامە بە ناو بانگەکەی کۆمەڵە بە ناوی "خەڵکی کورد لە بواری تاقیکردنەوەدا" نووسراوە، لەوێ بوویت؟
**کاک عومەر:** لەوێ بووم قسەکانی کاک فوئادیشم لە بیرە. ئیتلاعیەکەش لەڕاستیدا بیری کاک فوئادە. نازانم کەسی‌تر یارمەتی کردبێ بەڵام ئەوی بوو بە "خلق کرد در بوته آزمایش" کاک فوئاد نووسیویەتی.

**مەلەکە:** ئاگاداری ئەوە هەیت بۆ چی کاک فوئاد لە بانەوە گەڕاوە بۆ مەریوان؟
**کاک عومەر:** بەڵێ، کاک فوئاد چووەوە کارەکانیان تەحویل بدات و بگەڕێتەوە بۆ مەرکەزیەت. پێشتر لە کونفرانسی مەهاباد ئەو بڕیارە درابوو. یانی کاک فوئاد قەرار وابوو بچێتەوە، وەختێک گەڕاوە بانە کۆبوونەوە بکەن و کەس دیاری بکرێ. مەرکەزیەتی کۆمەڵەیش عەمەلەن لە بانە بوو. من خۆم یەکێک لەو کەسانە بووم دڵخواز بووم ئەگەر لازم بێت بچم بۆ مەریوان.

**مەلەکە:** ئاگاداری ئەوە هەیت چۆن بوو کاتێک کە کاک فوئاد لە بانەوە گەڕاوە بۆ مەریوان هیچ کەسێکی کۆمەڵەی لەگەڵدا نەبوو؟ هەروەها کاتێک بیر

ئەکەمەوە لە دەورەیەکدا کە مەریوان ببوو بە کانگای خەبات و بزووتنەوەی جەماوەری، مەجمووعەیەک کادر و پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی لەگەڵ کۆمەڵە بوون وەک کاک بەکری حاجی سەفەر، کاک مەلا بەختیار، کاک سالار عەزیز، کاک حەمەی حاجی مەحموو، کاک پشکۆ نەجمەدین و کەسانیتر. بەو حاڵەوە کاتێک کاک فوئاد لە بانەوە ئەڕواتەوە بۆ مەریوان کاک برایم جەلالی لەگەڵ ئەبێت. بۆ کەسێک لەوانیتر کە کاک فوئادیان لە نزیکەوە ئەناسی لەگەڵی نەبوو؟

**کاک عومەر:** من بەڕاستی نازانم چۆن بڕیار دراوە برایم جەلالی لەگەڵ بێ. ڕەنگە تەسمیمێک بووبێت لەوێ برادەرانی یەکێتی گرتبێتیان. بەڵام ئەوەی کە کاک فوئاد کەسی لەگەڵ نەبووە و لە مەریوانیشەوە کەسی لەگەڵ نەهاتوەتەوە من لام وایە بێ خەیاڵی و بێ موبالاتی تەواوی کۆمەڵە دەگەیەنێت بە چارە نووسی ئەو. یانی بە ڕۆڵێک کە کاک فوئاد بووی. دەتوانم بڵێم بە داخەوە ڕەخنەیەک کە دەکرێ ئینسان لە کاک فوئادی بگرێ. ئەوە بوو کە زۆر لاسار بوو لەم بابەتانەوە. بەڵام عیلاجی ئەوە بوو کە کەس ببێ لەگەڵ کاک فوئاد بە زۆر. مەسەلەن لە یەکێک لەو سەفەرانەی کە باسمکرد، ماشینی زۆر خراپ و شەق و شڕیان پێبوو دەچوونەوە، زستانیش بوو لەگەڵ کاک عوسمان ڕوشەنتودە من بە زۆر لەگەڵی چووم. ئێمە چەندین جار ئاوا بۆ پاراستنی گیانی ڕەهبەرانمان کەمتەرخەمیمان کردووە. ئیمکاناتی ئەوەش بوو لە بانەوە کەس لەگەڵی بچێ، لە مەریوانیشەوە کەس لەگەڵی بێ. من پێموایە هەموو ئەوانەی مەریوان ئێفتخاریان دەکرد کە کاک فوئاد پێیان بڵێ وەرن لەگەڵم. ئەو بۆ خۆی مەعموولەن ئەوەی نەدەکرد. ئەگەر ئەو بە ئێمەی دەسپارد و بە کاک ساعدی زۆر ڕۆشن دەیگوت کە ئەگەر تۆ ناتوانی یان بە هۆی سەرت قاڵە بووون بۆت نەکرێ، من خۆم پارێزگاری لە کاک سەدیق دەکەم. ئەی ئەوانەی لەوێ بوون بۆ ئەوەیان بۆ کاک فوئاد نەکرد؟

**حیشمەت:** بۆ تەئیدی ئەو قسەی تۆ لە گفتوگۆیەکدا کاک ئیرەج فەرزاد باسی کۆبوونەوەی بۆکانی کرد کە لەوێ " خلق کرد در بوته آزمایش" نووسراوە. کاک ئیرەج ئەڵێ دوای قسە و باسەکەمان نەیهێشت کاک عەبدوڵڵا دابنیشێت. کاک فوئاد وتی ئەوە ڕژیم خەریکە هێرش ئەکات، تۆ دەبێ بڕۆیت مامۆستا شێخ

عێزەدین و کاک سەلاح موهتەدی ڕابگوێزی. ئەوان موشکلێکیان بۆ پێش بێ، کۆمەڵە تاوانبار دەکرێت؛ مەبەستم ئەوەیە خۆی بۆ کەسانی‌تر ئاوا سەرنجی ئەدا، وەڵی بەداخەوە لە لایەکانی‌ترەوە بەو ئەندازە سەرنج بە ئەمنیەتی کاک فوئاد نەبوو.

**کاک عومەر:** پێم سەیرە کاک ساعد، کاک عەبدوڵڵا، ئەوانەی ئەو کاتە لە بانە بوون. بۆ هێشتیان کاک فوئاد ئاوا بڕوات.

**مەلەکە:** کەی خەبەری مەرگی کاک فوئادت بیست؟

**کاک عومەر:** قەرار وابوو من بچم لە سەردەشت لەگەڵ کاک ساعد پێوەندی بگرم و منیش بچمە بانە، لە میراوێوە ڕێکەوتین بەرەو سەردەشت. سەعاتی دوو بوو لە رادیووە بیستم. هێندەی نەمابوو بگەمە سەردەشت، ڕامان گرت. نازانم بە چ حاڵێک چووم، کوڕەکانی دیکە دەیانگوت ئەوە تەبلیغاتی دەوڵەتە. چووم و تەلەفوونم کرد بۆ بانە کاک ساعد هەڵیگرت. گوتم پێش هەموو شتێک پێم بڵێ ئەوە ڕاستە وتی بەڵێ ڕاستە و تۆیش بگەڕێوە. لە پشت تەلەفوونەکەوە وتی قوڕکرا بە سەرماندا. من هەتا ئەو وەختە تەردیدێکم تێدا هەبوو. پرسیم چۆن بووە؟ وتی جارێ هیچ نازانم. خەبەرەکە ڕاستە کاک فوئاد شەهید بووە.

**مەلەکە:** کاک برایم جەلال دەڵێ ڕادیو کرماشان باسی کردووە. و ناو منیشی بردووە. شتی وا سەحەتی هەیە؟

**کاک عومەر:** قەت شتی وام نەبیستووە. ئەو خەبەرە ڕادیو تاران بڵاوی کردەوە. جا ئیتر لە کوێوە تەلەفوونیک کرابێ بۆ جەمعیەتی بانە نازانم. من کە لەگەڵ کاک ساعد قسەم کرد ئەتوانم بڵێم سەعات دوو و نیو بوو، نیو سەعات هەر ئەوندە گوزەرابوو.

**مەلەکە:** ئەو وەختە شەخسی خۆت ئەو خەبەرتە وەک ڕووداوێکی بە هەڵکەوت هاتە بەرچاو یا وەک پیلانێک لە لایەن جمهوری ئیسلامیەوە؟

**کاک عومەر:** پێموابوو چونکوو کاک فوئاد لە هەموو جەرەیاناتدا بوو، چەمرانیش لەو ستوونەدا بووە ئەمە ئاگاهانەیە و ئەمە کارێکە بۆ لە ناو بردنی کاک فوئاد کراوە. ئایا لە نێو خۆیانەوە گوزارشیان لێداوە کە وەڕێ کەوتووە؟ پێموابوو

ستوونەکەش هەر بۆ ئەوە هاتووە. من پێموایە بێ ڕەبت نەبوو بە سەفەری کاک فوئادەوە. بە ڕاستی بە هەڵکەوتی نابینم. من پێموایە جمهوری ئیسلامی بەرنامەی هەبووە یان لێگەڕاون ئەو ستوونەش هاتووە، مەبەستیان ئەوە بووە مەسەلەن ئەگەر ئەو ڕۆژە کاک فوئادیان نەدیبایە ڕەنگە هەموو دێهاتی دەور و بەریان گرتباو هەموو جێگایان پشکنیبایە. من جێ شەڕەکەش چووم تا ئەو جێگەش کە ڕۆیوە حەتا ئاسان نییە بزانی. ئەوان بە نەزەری من بە جۆرێک بە دوایەوە بوون. ڕەنگە لە ئاخر ساتەکاندا تووشی بووبێتن. ئامادە بوون بۆ کوشتنی ئەو. کەم دیومە ستوونێک بە ڕێگەدا بڕوات یەکێک لەو بەری دیکە لە شاخ خێرا تووشی شەڕ بێت.

**مەلەکە:** تۆ خۆت یەکێک لە کادرە بەرجەستەکانی کۆمەڵە بوویت. خۆت لەو پەیوەندەدا هیچ کارێکی عەمەلیت کرد کە ڕوونکردنەوەیەک لە سەر ئەم کارەساتە بێت؟

**کاک عومەر:** نا. من ئەوندە دەزانم کە کومیتەی مەرکەزی کۆمەڵە ناڕەزایەتیمان دەربڕی بەرانبەر بە برایم جەلال و زۆر پرس و جۆ کرا. بەگشتی کۆمەڵە تووڕە و ناڕازی بوو و لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیش کە قسەمان کرد ئەوان برایم جەلال یان هەڵپەسارد لە کار و مەسئولیەت. بە پێچەوانەی ئەوە کە من دەبیستم کە برایم جەلال دەڵێ کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە یا گوایە نێوی منیش دێنێ و کاک سەید برایم و کاک عەبدوڵڵا، کە گوتومانە بێتاوانە. ئێمە قەتمان برایم جەلال خۆش نەویستووە. من بەش بە حاڵێ خۆم نە حازر بووم بیبینم نە ئەو جورئەتی ئەوەی هەبووە ڕوو بکاتە مەقەڕێکی کۆمەڵە. هەمیشەیش لەگەڵ کادرەکانی یەکێتی نیشتمانی کە قسەمان کردبێ بە جۆرێک بێزار و تووڕە بوون لەو. من پێموایە هەڵوێستی هەموو ڕەفیقەکان ئاوا بووە. لە خۆدی مام جەلال، کاک نەوشیروان مەسەلەن کەسی دیکەی یەکێتی نیشتمانیم بیستووە کە زۆر زۆر لێی تووڕەن.

**مەلەکە:** ئێوە خۆتان ڕاستەوخۆ لەگەڵ برایم جەلال دا باس و قسەیەکتان لە سەر ئەم ڕووداوە نەبووە؟

**کاک عومەر:** نا بە ڕاستی لە لایەن ئێمەوە برایم جەلال ناخۆشەویستبوو.

جەسارەتی ئەوەی نەبوو؛ چوونکە دە جار سەحنەی ئەو شەڕە گێڕدراوەتەوە. کاک فوئاد دیفاعی کرد کە ئەوان بگەنە جێی ئەمن. ئەوانیش کاتێک گەیشتنە جێگای هێمن نەگەڕانەوە. یان سەنگەریان نەگرت کە پشتیوانیان لێبکەن لەو و لە تەهموورس.

**مەلەکە:** برایم جەلال ئەڵێ ناوەندی کۆمەڵە نامەی بەرائەتی دا بە من و لە ناو یەکیەتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا و ناوی تۆ، عەبدوڵڵا موهتەدی و سەید برایمیش ئەبات. ئەڵێ ئەم سێ کەسە ئەم نامەیان نووسیووە. ئەڵێ نە تەنها نامەیان نووسیووە و ئەو نامە بەرائەت بوو بۆ من کە هیچ دڵگیرییەکمان لە برایم جەلال نییە، بەڵکوو داوایان کردووە ئێمە زۆر نیازمان هەیە بە وجودی برایم جەلال کە دەورێکیتر لەگەڵ ئێمەدا کار بکات. ئەمە چەندە سێحەتی هەیە؟
**کاک عومەر:** تا ئەو جێگای بە من دەگرێتەوە ئەسڵەن سیحەتی نییە و لەو وەختەشەوە قەت برایم جەلالم خۆش نەویستووە، قەت چاکەی برایم جەلالم نەگوتووە. حەتتا وەفای ئەوەی نەبوو کە کاک فوئاد خۆی خستە خەتەرەوە ئەو بچێتە جێیەکی قایمتر و دیفاعێک لە کاک فوئاد بکات. ناتوانم وەکالەت بکەم، پێشم وانییە کاک عەبدوڵڵاو کاک سەید برایم ئەو کارەیان کردبێ. چوونکە بارها ئێمە قسەمان کردووە برایم جەلال مان وەک ناخۆشەویست وەک کەسێک کە سەرەڕای ئەوە ئینتقادەکە ئەساسەن ئەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵە و حەق نییە یەکیەتی نیشتمانی تاوانبار بکرێت. کۆمەڵە دەبوو پارێزگاری کاک فوئاد بکا، کۆمەڵە بوو دەبوو ئەوندە لە کاک فوئادەوە فێر بێت چۆن کاک سەدیق و دانە دانەی کادرەکانی کۆمەڵەی دەپاراست، کەچی ئێمە نەمانتوانی کاک فوئاد بپارێزین.

**مەلەکە:** من ئەو مەسەلە ئاوا ئەبینم ئێحساس ئەکەم بە عام لە کۆمەڵەدا کەمتەرخەمی بوو بەرانبەر بە پاراستنی کادرەکانی، چ ئەو وەختە و چ دوای کاک فوئادیش. لە گفتگۆکەیدا کاک ئیرەج فەرزاد ئەڵێ من هاتبووم بۆ مەریوان وەختی کۆچەکە. کاک فوئاد پێی ئەڵی ئەم شوێنە ئەمن نییە زەرورەتی نییە و نابێ لێرە بیت. کاک ساعد ئەڵێ نەجاتی گیانم لە پادگانی مەریوان مەدیونی هەوڵدانی بێوچانی کاک فوئادم بۆ ئازاد بوونمان. بەڵام خۆی ئاوا چوو.

**کاک عومەر:** ئەوە ڕاستە بەڵام من یەک شت دەتوانێم بڵێم؛ ئەو کات کاک ساعد دڵنیام هەموو وجوودی خۆی بۆ کاک فوئاد دادەنا. زۆر جاری دیکەیش زۆرێک لە ڕەهبەرانی کۆمەڵە هەر وا نەجاتیان بوو. ڕاستە کاک ساعد گیرا ئەو چیکرد. من عەرزم کردی ئێمە دو سێ کەس کادری کۆمەڵە لە نەغەدە مابووینەوە کاک فوئاد تەرح و نەقشەی ئەوەی بوو کە بەڕێگای نەهێنی دا بێن و ئێمە نەجات بدەن. ئەو وەختە کۆمەڵە هێز و پێشمەرگەیەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ کادرەکانی خۆی بخات. دەرکی مەوقەعییەتی کاک فوئاد لە کونفرانسەکەی مەهاباد ئێجگار زۆر دیار بوو. فشارەکە لە سەر خودی کاک فوئاد ئێجگار زۆر بوو. سەرەتا بە ئیستدلال، بە قسە، بە خواهیش هەتا ئەوەی بوو بە بڕیار و خۆیشی بە قەناعەت گەیشت. هەموو ئەوانەی لەوێ دانیشتبوون پازدە بیست کەس چەندە بۆیان موهیم بوو کە ئەو بپارێزرێت. جیا لەوە هەموو کەس باسی لەوە دەکرد کە ئەگەر تۆ نەبی مەرکەزیەت شکڵ ناگرێ، ئەگەر تۆ نەبی تەسمیم ناگیرێت.

**مەلەکە:** دوای مەرگی کاک فوئاد ئەو ئیختلافانە کە پێشووتر لە قسەکانتدا باست لێکرد ئینسان ئەتوانێ بڵێ هەندێ ئیختلافاتی ئیدئولوژیک و هەندێکیش شێوازی کارکردن کە من خۆم ئاوای ئەبینم؛ پێموایە بۆچوونێک ئەیوت ئەم جامیعەی ئێمە حەرەکەتیکی تێدایە وەک نموونە یەکیەتی جووتیارانی مەریوان لە سەر جووڵانەوەیەکی حەی و حازر لە مەریوان سەریگرت. پێموایە بۆچوونێک ئەچووە سەر ئەو جووڵانەوە حی و حازرە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا. بۆچوونەکە ئاوا بوو ئەوە کار و بڕۆین وئەنجامی دەین و ڕانەوەستین. بۆچوونەکەی تر مەسەلەکانی تەنیا لە ئاستی قسەدا دەدیت. بە دوای ئەوە چی لێهات؟

**کاک عومەر:** ڕاستیەکەی تۆ ئێحساست بە ئیختلاف نەدەکرد. یا ئێحساست نەدەکرد دوو بەرەکییەک هەیە مەسەلەن لەگەڵ کاک فوئاد. کاک فوئاد لە هەموو جێیەک خەت و نەزری کۆمەڵەی گوتوە، لە سەقز، لە مەهاباد، لە بۆکان لە هەموو کۆبوونەوەکاندا هەموو کەس حەولیداوە کاک فوئاد قسە بکات. کردەوەی کاک فوئاد عەمەلەن ئەوی کردبوو بە ڕەهبەرێکی تەواو. تاکتیسیەن و داڕێژەری سیاسەتەکانی ئێمە کاک فوئاد بوو لەو وەختەوە کە دەستمان کردووە بە کار و چالاکی. عەمەلەن بۆ خۆیشی کاک فوئاد وتبووی کە نەزەری گۆردراوە

بەڕاستی ئیختلافێک نەماوە بەڵام نەمانی کاک فوئاد لە ئەسڵدا مێحوەرێکی لە کۆمەڵەدا شکاند کە هەموو سەرەڕای هەر شتێک لە دەوری بوون. ئەوەی کە لە ساڵی ١٣٥٩ شدا وردە وردە بوو بە ئیختلافی دوو دیدگاهی، بە بڕوای من ئەویش کەمتر لەسەربۆچوون بوو. لە ئەسڵدا بیانووی سیاسی بوو بۆ ئیختلافەکە. تۆ سەیرکە ئێمە دوای کاک فوئاد کەسێکمان دانەنا بڵێین ئەوە ڕەهبەرمانە، عەمەلەن کارەکان ئاوا بەڕێوە ئەچوو کە جەمعێک خەریکی کاری نووسین و تەحریریە بوون، جەمعێکی‌تر خەریکی کاری ئیجرایی و کارەکانی دیکە بوون. ئەو جارەکە ئەو ئێعتمادەی بە کاک فوئاد هەبوو، بە نەزەری من لە هیچ شەرایتێکی دیکەدا بەو دەرجە ئێعتمادە نەدرا بە هیچ کەس چ لە نێو تەشکیلاتەکەی خۆی و چ لە دەرەوە. بۆیە نەمانی کاک فوئاد وەلاچوونی مێحوەرێک بوو کە عەمەلەن شکافێکی خستە نێو کۆمەڵەوە.
کاک فوئاد زۆر بۆی موهیم بوو ئەوەی دەیڵێ لەگەڵ واقعییەت چۆن دێتەوە. چەندە پراکتیک دەکرێ. تەنانەت ئەو هەڵوێستەی کە بزووتنەوەکە بەرەو کوێ دەچێ، ئایا حیزبی کۆمونیستی کوردستان یان ئێران، لەم باسەدا کاک فوئاد زۆر ڕیالیست بوو.
بەڵام کاک فوئاد ڕێکخەر بوو، دەیتوانی جەمعەکە ڕاگرێ، چپ و ڕاستی خۆی دەناسی دەبێ چۆن بکا و لە پراکتیکی دیاریکراویشدا جێی متمانەی هەمووومان بوو. خەسلەتێکی کاک فوئاد ئەوەبوو کە تۆ ڕاحەت دەتتوانی قسەی خۆتی لەگەڵدا بکەیت. زۆر ئارام بە ئیشتیا دەتوانی قسە بکەیت.
کاک فوئاد دەرکێکی قووڵی بوو لە بزووتنەوەی کوردستان. هاندەری ئێمە بوو بۆ پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی، لەگەڵ ئاڵای ڕزگاری و ئەوانەی کوردستانی تورکیا. پێش ئەوانە، کاک فوئاد حەولی دەدا لە بزووتنەوەی کوردستاندا ڕێگایەک ببینێتەوە بۆ هاوکاری و پێکەوە ژیان. لە هەمان کاتدا هیچ کات نابینی کاک فوئاد لایدابێ لە پرەنسیپەکانی، لە ڕەخنەگرتن لە لایەن و حیزبی سیاسی دیکە لە کوردستان. لە حاڵێک دا دواتر پێچەوانەکەی بوو. زمانی ئێمە زبرتر بوو بەرانبەر بە حیزبی دیموکرات بەڵام دواجار وایلێهات سات و سەوداشمان زۆر کرد. کاک فوئاد لە ئیئتلاف نەدەترسا لەگەڵ جەرەیاناتی دیکە. کاک فوئاد زۆر نەزەراتی "اتحادیەی کمونیستها" و ئەوانەی پێ هەڵە بوو هەر ئەو کاتە، بەڵام بە ڕاحەتی حازر بوو هاوکارییان لەگەڵدا بکا. من پێموایە

خەتی ئێمە لە سەر مەسەلەی میللی گۆڕدرا دوای کاک فوئاد، تاکتیکی ئێمە بەرانبەر بە ڕێکخستنی خەڵک و بە جەماوەریکردن گۆڕدرا.

**مەلەکە:** کاک فوئاد ڕۆژی ٦ی خەزەڵوەر(مێهر) ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨/٩/٢٨) لە زیندان ئازادبوو و ٩ ی خەرمانان (شەهریوەر) ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩/٨/٣١) گیانی بەختکرد. کاتێک چاو لە کار و کردەوەی ئەو یازدە مانگەی دەکەیت، وەک ڕێبازێکی نوێیە هەم لەسەر مەسەلەی میللی و هەم لەسەر مەسەلەی چینایەتی. بۆ نموونە کاتێک یەکیەتی جووتیاران دروس ئەبێت کە مەسەلەیەکی چینایەتییە، ئەو تێدەگات و خۆی ئەوەڵێن کەسە کە چەکدار ئەبێت بۆ ئەو ئامانجە. ئەوە ڕێبازێکی نوێ بوو لە بزووتنەوەی کوردستاندا و هاوکات هەمەلایەنە بوو، تەرکیبێکی هەمە ڕەنگ ئەندامی شوورای شاری مەریوان بوون. ئەم شوورای شارە ئەچووە وتووێژ لەگەڵ هەیئەتگەلی دەوڵەت. کاتێک گوێ ئەگریت لە قسەکانی کاک فوئاد لە مەهاباد، کاتێک باسی وەحدەت دەکات، ئەڵێت باوەری بە وەحدت لە سەرەوە نییە، کاک فوئاد وەحدەتی لە ڕەوتی کردەوە و لە ناو کۆمەڵدا و بە کاری دیاریکراو و هاوبەشەوە قەبووڵە. بۆ پێکهێنانی حیزب هەروها ئەڵێت دەبێ شەرایتەکە لێک بدرێتەوە و ئەگەر هەلومەرجەکە لەبار بوو، میللەتانیتر وەک تورک و....ئامادەگییان بوو و هەمان وەزنیان بوو کە میللەتی کورد هەیەتی، پێکهێنانی حیزبی کۆمونیستی ئێران لە دەستوری کارماندا ئەبێت، ئەگەر ئەو شەرایتە نەبوو حیزبی کۆمونیستی کوردستان پێکدێنین. هەتا زەمان ئەگوزەرێ هەوڵ بۆ ئەوە بووە ئەو ڕێبازە نوێیە لەناو بچێت؛ گوایە مەسەلەی میللی مانیعی سەر ڕێگای سوسیالیسمە و ئەبێ تێبکۆشین بۆ هەڵگرتنی ئەو کۆسپە نەک مەسەلەی میللی وەک ئەرک و وەزیفەیەک لە بەرچاو گیرابێ. تەنانەت بۆ خەباتی چینایەتیش، ڕاستە دەورانێک شارەکان بە دەستمانەوە بوو. لەو زەمینەدا زیاتر کار کرا تا ئەوە کە فەقەت بە قسە زۆر گوترا و لە عەمەلدا کەم کرا. بەم ڕوونکردنەویە، پێتوانییە ئاگاهانە و عەمدێک لەو لادانەدا بووبێت؟

**کاک عومەر:** مەلەکە من یەک شت دەڵێم ئەویش ئەوەیە ئەم خەتە گۆڕدرا؛ هەر لە مەسەلەی پێکهێنانی حیزبی کۆمەنیستدا کە تۆ ئیشارەت پێکرد کاک فوئاد بۆی موهیم بوو ئەگەر هەموو جێیەک بزووتنەوەی وای تێدا بێ ئەو وەختە

پێکهێنانی ئەم حیزبە دروستە. بە نەمانی کاک فوئاد ڕێبازێک دەگۆڕدرێت. کە گۆڕا و تەبیعیشە کەسی دیکە بیەوێ بە جۆرێکی دیکە ڕێباز و خەتێکی دیکە دروست بکات.

هەوڵدان بۆ گۆڕینی کۆمەڵە بە دوای کاک فوئاددا دراوە و ناتوانی بڵێی نائاگاهانەبووە. وتارەکەی "ایرج آذرین" ببینە، ئەو مەقالە تەسبیتی ئەوە دەکا کە کاک فوئاد پۆپۆلیست بوو. من قەبووڵم نییە. لە تاکتیک و لە عەمەلدا ئەو کۆمەنیست بوو. من پێمخۆشە یەکێک نەقدی ئەو بۆچوونانە بکا کە لەو وەختەی لە بزووتنەوەی جەماوەری و ئاخرین نەزەراتی کاک فوئادە لە سەر خەباتی خەڵک. من دەڵێم بە دوای کۆنگرەی یەک دا لە حەوت هەشت مانگی دواییدا کاک فوئاد قسەی کردووە ئەو دەورانەدا کاک فوئاد ئەسڵەن ئەوە نییە کە دیانەوێ پێوەی بنوسێنن. کاک فوئاد پێیوا نەبوو یەکیەتی جووتیاران هەموو شتە، یەکیەتی جووتیاران زۆر گەورە دەکرێتەوە. بە نەزەری من ئیتلافی شورای شاری مەریوان کە بوو بە نموونەش لە جێگاکانی دیکە و کاک فوئاد حەولیدەدا هەموو کەس بۆ لای ڕابکێشێ؛ مەسەلەن لە سابڵاغ ئینتقادی ئەوە بوو کە خەڵکەکەی ئێمە لە گەڵ جەماعەتی دیکە زۆر ڕێک ناکەون لە شوورای شاردا؛ کە نفوورزێکیان هەیە. من بە سەراحەتەوە ئەوەم لێ بیستووە. ئەوە نیشاندەدا کاک فوئاد بە یەکیەتی جووتیاران نابەسترێتەوە. کاک فوئاد بە کۆچی مەریوانەوە دەبەسترێتەوە، بە شورای شاری مەریوانەوە دەبەسترێتەوە، بە نەورۆزی خوێناوی سنەوە دەبەسترێتەوە کە زۆر بە جورئەتەوە داوای ئەوەی دەکرد بە جۆرێک لەگەڵ موفتیزادە ڕێککەوین و ڕایدەسپارد با مەسئوولیەتێکی لە شوورای شاری بدەینێ. هەموو ئەوانەی لە شوورای شاری سنە بوون سێ نەفەریان چەپ بوون. وەلی جۆرێک رەفتار کرا کە شوورای شاریان بە دەستەوە بوو. بەشێکی زۆری ئیسلامیەکانیشیان هێور دەکردەوە یا لەگەڵ خۆیان خست. ئێمە باسی ژیانی خەڵک دەکەین، شەڕی ئیدئولوژیک نییە. من پێموایە ئەو وەختە خەتی سیاسی ڕۆشن هەبوو.

کاک فوئاد سازشکار نەبوو لە بەرانبەر مەیلە سیاسیەکانی دیکەدا بەڵام هەمیشە ڕێگەی دەدۆزیەوە بۆ تەوافق و بۆ ئیشتراکات بەرجەستە کردنەوە. ئەو خەتە گۆڕدرا. کۆمەڵە خۆ نالێ بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان، کۆمەڵە دەڵێ بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان، حازر نەبوو

لە هیچ کوێیەک بڵێ بزووتنەوەی میللی دیموکراتیک. ئەدەبیاتی ئێمەش گۆڕدرا.

**مەلەکە:** پێتوانیە ئەم برخوردە کە ئەکرا تەنیا لەگەڵ ڕێبازەکەی کاک فوئاد نەبوو لەگەڵ خودی کاک فوئادیش بوو. وەک نموونە ساڵی ۱۳٦۰ (۱۹۸۱) مانگی خەرمانان- شهریور هێشتا بۆکان بە دەست پێشمەرگەوە بوو . کومیتە ناوچەی بۆکان داوای کرد لە ناوەندی کۆمەڵە دووهەمین ساڵیادی کاک فوئاد بگرن، کۆمیتە ناوەندی موخالەفەتی کرد! بە فشاری هاوڕێیانی ناوچەی بۆکان ناوەندی کۆمەڵە ڕازی بوون بەشداری بکەن؛ ئەوەندە درەنگ بڕیاردرا لە ئاخردا وتیان دوکتور جەعفەر بڕوات. دوکتور جەعفەر فریا نەکەوت ڕیشی بتاشێت. پێموایە نەک تەنیا لەگەڵ ڕێباز و سیاسەتەکەی، لەگەڵ خۆیشی بە نەوعێک ئاوا بەرخوردکرا. هەروەها پریشکی ئەو سیاست و بۆچوونە هەموو ئێمە خوشک و براکانی کاک فوئادیشی گرتەوە. ئەو شتانە چۆن ئەبینیت؟

**کاک عومەر:** مەلەکە ئەوە نابێ، لە بۆکان هەر کەس گوتبێتی و وایکردبێ یادی کاک فوئاد نەگیرێ . . . بەڕاستی ئەوە یەکەمجارە دەیبیستم.. بە نەزری من شتێکی زۆر زۆر خراپە.

**مەلەکە:** وابوو

**کاک عومەر:** خۆ موخالفەتەکە لەگەڵ کاک فوئاد خۆم بیستوومە. ئەوەش دروستە، کاک فوئاد نەماوە دەبێ کەسێکی دیکە لە ڕەهبەری کۆمەڵەدا ببێ. ئەوە کوفر نییە.

**مەلەکە:** ئەوە دروستە، ڕاستە.


**کاک عومەر:** بەڵام ئەوە بە شێوەی خۆی دەکرێ، نەک بە شتنەوەی ئاسەواری کاک فوئاد. نەک بە شتنەوەی دەور و تەئسیری لە کۆمەڵەدا. بەڵام من ئەوە بە هەموو کۆمەڵە نازانم. یانی بەڕاستی پێموایە لە هەر کوێی دیکە لە نێو کۆمەڵەدا یان لای کادرەکانی دیکە شتیوا بووایە ئاوریان دەگرت. بەڵام ئەوەی بەرانبەر بە خانەوادەی ئێوە کرا بە سەراحەت بڵێم مەسەلەن لە گۆڕینەوەی ماجد و ئەمجەددا. من ماجدم خۆشدەویست، لە نزیکیشەوە دیبووم. وەختێک کە نێوی نەدرابوو و دوکتور جەعفەریش لەو جەمعەدا بوو لەگەڵ حەمە سوور،

من لەگەڵ دوکتور جەعفەر قسەم کرد. گوتی چەند جارم گوتووە بە قەوڵیان نەکردوم، ئیتر نەمویستووە دووپاتی بکەمەوە. مەعلووم بوو دەبێ ماجد دانرابایە بۆ گۆڕینەوە. یان مەسەلەن من شەڕم کردووە لە سەر ئەوەی حیشمەت و ڕەزا بنێردرێنە دەرەوی وڵات. دوکتور جەعفەر حەولی دا بەڵام وەک من شەڕی نەکرد. من ئەو جوابەم وەرگرتەوە 'خۆیان ئەوەیان ناوێ با خۆیان داوا بکەن'. گوتم دادە بەهیە هاتووە، داوا بکا چییە.

**مەلەکە:** لەو سەردەمەدا ئەگەر خۆیان داوایان بکردایە، دەبوون بە پەڕۆی بۆسۆ. هەزار ئیتهامیان لێ ئەدرا "ڕۆحییەی نەماوە"، "شۆڕشگێر نییە".
**کاک عومەر:** بەڵێ، من ئەو قسانەم بیستووە؛ مەسەلەن هەر وەختێک — خۆم لەوە بێبەری ناکەم — هەموو جارێک دیومە حەمە ڕەشید بەگ باوکیشتان، ماڵێکمان بۆ گرتبا و کەسێکمان بۆ دانابا شتێک بوو. من وەختێ دەڵێم پێش هەموو کەس ئەو ڕەخنە لە خۆم دەگرم. ئاخەر لە بەر چاومە، کەیفی خۆیەتی بیر و بۆچوونی چییە. پێنج کوڕی شەهید بووە. خەڵک بە باوکی کاک فوئادی دەناسن؛ بۆ دەبێ لە نێو مەقەرێک و لە دیوێکدا بێ، هەموو ڕۆژێک و هەر کەسە و شتێک بڵێ. بەڵام دەزانم دوکتور جەعفەر عەزابی دەکێشا بۆ ئەوە بەڵام بە دەلیلی مەوقەعییەتی، لەبەر ئەوە کە هاوسەری مەلەکە بوو، کەم قسەی دەکرد. قسەکەی دەکرد و لە سەری نەدەڕۆیشت، کێشەی نەدەکرد. حەقیش بوو؛ ئەو کێشەیە دەبوو خەڵکی دیکە بیکەن.

❊❊❊❊

مەلەکە و حیشمەت ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.



# پرسیارەکانی مەلەکە* و وەڵامی کاک فاتێح شێخولیسلامی

**پرسیار:** ئاشنایی و هاوکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی ئێوە و کاک فوئاد چ ساڵێک و لە کوێ دەستی پێ کرد؟

**فاتح شێخ:** دەسپێکردنی هاوکاری ڕاستەوخۆی سیاسی و ڕێکخراوەیی من و کاک فوئاد ئەکەوێتە دوای گەرابەستنی ئەو "تەشکیلات"ە کە دواتر "کۆمەڵە"ی لێ پێکهات. دیارە زووتر ئاشناییمان بوو، بەڵام کەم یەکمان دیبوو. یەکەم چاوپێکەوتنی سیاسی و ڕێکخراوەییمان هاوینی ١٣٤٩ (١٩٧٠) دوای گیرانی هاوڕێیان موسلیح و حەمە حوسەینی کەریمی بوو. فوئاد و من و عەبدوڵڵا موهتەدی لە تاران یەکمان بینی. قسە و باسمان لەو دیدارەدا هەر لەسەر

بەربەستی پەرەسەندنی زەربەی پۆلیسی سیاسی و بەرپەرچدانەوەی گیرانی ئەو دوو هاورێیە بوو. من موسلیحم مولاقات کردبوو، دڵنیا بووبووم گیرانی ئەو رەبتی بە رێکخراوەی تازە بنیات نراومانەوە نییە و دڵنیام کردن کە لەوێوە مەترسی تەشەنە کردنی زەربەی پۆلیسی لە ئارادا نییە. بەڵام وتم دیسان هەر پێویستە ئێحتیات بکەین، پێشنیارم کرد هەتا ئەو دوو هاورێیەمان ئازاد ئەبن، پەیوەندی تەشکیلاتی لە 'هەستەیی سێگۆشەوە' بکەینە 'خەتی'، بۆ ئەوەی دڵنیا بین زەربەی ترمان لێ ناکەوێ. دوای دوو مانگێک حەمەحوسەین و موسلیح ئازاد کران و پۆلیسیش مەعلووماتێکی لە بابەت تەشکیلاتەوە دەست نەکەوتبوو. هاوکاری راستەوخۆی سیاسی و رێکخراوەیی من و فوئاد لەم دیدارەی بەهارستانەوە دەستی پێ کرد. لاوێکی خوێنگەرم و وریا و دیدارێکی گەرم و سەمیمانە بوو.

**پرسیار:** پرۆسەی پێکهاتنی مەحفەل (کۆڕ، حەوزە) سەرەتاییەکانی کۆمەلە چۆن پێش چوو؟

**فاتح شێخ:** کاتێک جووڵانەوەی چەکدارانەی ساڵانی ١٣٤٧-١٣٤٦ (١٩٦٨-١٩٦٧) لە کوردستان بە دەستی رژیمی شا شەڵاڵی خوێن کرا، ئیسماعیلی شەریفزادە و مەلا ئاوارە و ژمارەیەک لە هاورێکانیان گیانیان بەخت کرد و ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسووراوانی سیاسی لە کوردستان گیران، جارێکی تر پێویستی رێکخراوەێکی مارکسیست بە شێوەکاری سیاسی — تەشکیلاتی بە جیددی خۆی نیشان دا. من بە وردی ئاگادار نەبووم لە ناو هاورێیانی تاراندا چ جۆرە باسێکی تازە ئەگەڕا و ئاست و مێحوەرەکانیان چۆن بووە. هەر لەگەڵ چەند هاورێ مەجالی بیرورا گۆڕینەوە و باسی موشەخەس لە سەر پێکهێنانی عەمەلی تەشکیلاتم هەبوو. هاوینی ١٣٤٨ بە لێکدانەوەی تەجرەبەی بە بنبەست گەیشتووی "سازمان انقلابی حزب توده" کە هەر لە بازنەی بەتاڵی "ئیجاد"ی حیزبێکی کۆمۆنیستی یا "ئیحیا"ی حیزبی توودە دا ئەخولانەوە، بیرۆکەیەکم بۆ گەڵاڵە بوو، کردم بە نووسراوەێک بەو مەبەستە کە لەگەڵ باقی هاورێیان باسی لێ بکەین و بە جێیەکی بگەیەنین. جەوهەر و میحوەری نووسراوەکە لێکدانەوەیەکی سیاسی تەبەقاتی و نەتیجەگیرییەکی تەشکیلاتی بوو. ئەو کاتە ئێمە هەر دوو تەجرەبەی حیزبی توودە و مەشیی (رێبازی) چریکیمان نەقد

کردبوو "سازمان چریکهای فدایی" هێشتا پێکنەهاتبوو بەڵام مەشیی چریکی و کتێبەکەی ڕێژی دێبره: "انقلاب در انقلاب"مان نەقد کردبوو. بە جێگای ئەوانە، مەشیی سیاسی تەشکیلاتی و خەتی فیکری مائۆمان هەڵبژاردبوو. نووسراوەکەی من پشتی بەستبوو بەو نەقد و تەجرەبانە و بە تێپەڕ بوون لە حیزبی توودە و مەشیی چریکی. بە وردی خوتووتی لێکدانەوەکەیم لە بیر نەماوە بەڵام نەتیجە گیرییەکەی ئاوا بوو: "ئیجادی تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی مەنتەقەیی لە کوردستان لە پرۆسەی تەشکیلی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا". موسلیح نووسراوەکەی لەگەڵ خۆی برد بۆ تاران. دوای ماوەیەک گەڕایەوە وتی باقی هاوڕێیانیش لەوێ موافیقن. بەو جۆرە یەکەم خشتی "تەشکیلات" دانرا. ئەوان بوون بە هەستەی مەرکەزی و منیش لەگەڵیان ئیرتیباتم بوو. هەستە مەرکەزییەکە بریتی بوون لە: فوئاد، حەمە حوسەینی کەریمی، موسلیح و عەبدوڵڵا موهتەدی. چەند هاوڕێی تریش بە دەوریانەوە بوون کە لە دامەزراندنی "تەشکیلات"دا بەشدار بوون.

من پاییز و زستانی ۱۳٤۸ (۱۹٦۹) لە مەریوان دوو هەستەی کۆمۆنیستیم پێکهێنا: یەکەمیان لەگەڵ هاوڕێیان مەجید حوسەینی، ڕەئوف کۆنەپۆشی و عەلی کۆنەپۆشی (عەلی فایەق)، دووهەمیان لە پەیوەند بە موبارەزەی جووتیارانی "داسێران"ەوە لەگەڵ هاوڕێ عەلی ناسرئابادی و دوو هەڵسووراوی تری ناو موبارەزەکە (با ناویان بمێنێ). هەستەی یەکەم لە ناو ڕووناکبیران و هەڵسووراوانی کۆمۆنیست و کرێکاران و جووتیاراندا گەشەی سەند و ریشەی داکوتا و پەلوپۆی بڵاو کردەوە، بەرە بەرە بوو بە ڕێکخراوەیەکی خاوەن نفووز لە شار و لادێکانی مەریواندا. فەعالییەتی بەرین و بەردەوام و بەرهەمداری ئەو ڕێکخراویە کە ناحەزانی کۆنەپەرست ناوی "شیرین بەهارە"یان لێ نابوو، بوو بە زەمینە و هۆکاری ئەوە کە لە دەورانی ئینقیلابی ۱۳۵۷دا نەقشی گەورە و دیاری هەبێ.

**پرسیار:** زستانی ساڵی ۱۳٤۹ لە تاران کۆبوونەوەیەکی گەورە و فراوانتان بووە. باسەکانی ئەو کۆبوونەوە چی بوو و بە چ نەتیجەیەک گەیشتن؟

**فاتح شێخ:** لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوەندەی لەبیرم بێ زۆرترین کاتمان بەوە چوو کە بە شێوەی پۆپۆلیستی باوی ئەو سەردەمە، "ئینتیقاد لە خۆ"مان بە جێ

هێنا. نەتیجەیەک کە لە سەری هاوڕا بووین هەر لە چوارچێوەی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسووڕانی ئەو تەشکیلاتەدا بوو کە بنیاتمان نابوو و کارمان تێدا ئەکرد. بە بیرەوەری من هیچ نەتیجەیەک لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە لە کۆبوونەوەکە نەهاتە دەر.

**پرسیار:** لە سەر لێکدانەوی هەل و مەرج و شێوەی کار و خۆ ڕێکخستن ئیختلافتان بووە. ئەو گرفتانە چی بوون و چۆن خۆی ئەنواند؟

**فاتح شێخ:** لە چەند لایەنەوە من و فوئاد هەر یەکە خاوەنی بۆچوونی جیاوازی خۆمان بووین. بەڵام تەوافوق و وەحدەت و هاوکاری پراتیکیمان زۆر زیاتر بوو لە ئێختلافمان لە سەر ئەرم مەورید و ئەو مەورید هەڵسەنگاندنی سیاسی و تاکتیکی یا شێوەکاری تەشکیلاتی. کە فوئاد لە جەنگەی ئینقیلابی ١٣٥٧دا، لە زیندان هاتە دەر، لە ژێر تەئسیری فەزای پڕشوور و شەوقی دەورانێکی ئینقیلابیدا کە هەرتکمان لە جوغرافیای سیاسی کوردستان و مەریوان شانبەشان و چاوبەچاو لە پراتیکی شۆڕشگیرانەی عەلەنیدا هەڵسووراو بووین، ئیتر بۆچوونی جیاواز و ئێختلافی تاکتیکی کەوتبوونە پەراوێزەوە. مەواقیعێک لە سەر ئەم شت و ئەو شت ئێختلافی نەزەرمان لێ پەیدا ئەبوو کە لە کەس شاراوە نەبوو. بەڵام هەر دوو لامان جێگا و ڕێگای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەویترمان لە بەرچاو بوو. بەرجەستەترین نموونەی، مەقتەعی دوا ٢٣ی تیری ١٣٥٨ و کۆچە مێژووییەکەی خەڵکی شاری مەریوان بوو. لەو ماوەیەدا و دوای تەواو بوونی کۆچەکەش ئیتیحاد و هاوکاریمان وا پتەو بوو، ئەتوت ئێختلافی نەزەرمان لە سەر مەسەلەی پەلە پێشمەرگەی جووتیاران هەر لە ئارادا نەبووە. دوایەش تا ئاخر دیدارمان نزیکی و ئیتیحادمان بەردەوام و بێخەوش چووە پێش. فوئاد لە جەرەیانی کۆچی مەریواندا بە ڕای من گەیشتە ئەوجی ئینقلابیگەری و ڕابەری سیاسی جەماوەری خۆی. فوئاد بە نەقشی ڕابەری خۆی ڕێگایەکی شۆڕشگێرانە و پێشرەوانەی نایە بەر پێی کۆمەڵە کە توانی لەو بوارە سەختە و ئەو ئەزموونە مێژووییەدا سەربەرز و سەرکەوتوو عوبوور بکا.

ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١) ماوەی شەش مانگ لە زیندانی کۆمیتە و قەسر هاوزیندانی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕابەری و کادر و ئەندامی چریک فیدایی (بیژەن جەزەنی، مستەفا مەدەنی، بێهروز سولەیمانی و ...) بووم و بەردەوام جەدەلم لەگەڵیان

ئەکرد و رخنەم لە نارۆدنیزمی بۆچوون و کردەوەکانیان ئەگرت. جیاوازیەکی تر ئەوە بوو کە لە دیدگای فوئاددا لادێ و فەلا زۆرتر بەرجەستە بوو تا لە دیدگای مندا. ئینقیلابی ئێران ئینقیلابێکی تەواوەن شاری بوو. لادێ لە باشترین حاڵدا بە شوێن شاردا ئەهات. لە خودی مەریوانیش شار بوو دەستی دایە هەستان و پەیوەست بوو بە ئینقیلابی ئێران. ٢٣ی تیر و کۆچی شاری مەریوان ئەوجی خستنە کاری هاوئاهەنگی زەرفییەتی ئینقیلابی شار و لادێ بوو کە پچووکترین ئیختیلافمان لە سەری نەبوو. پێشتریش لە پێکهێنانی "یەکیەتی جووتیاران"دا پچووکترین ئیختیلافمان نەبوو. بەڵام لە سەر پێویستی پەلە پێشمەرگەی جووتیاران من و بەشێکی بەرچاو وەک کاک فوئاد بیرمان نەدەکردەوە. ئەوە بۆ ماوەیەک بوو بە هۆی ئیختیلاف لە بەینماندا.

لە سەر پێویستی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش هاوڕا بووین.

دوای گیانبەخت کردنی کاک فوئاد و تا ماوەیەکی بڕێک درێژیش، کەسان و جەرەیاناتێک هەوڵیان داوە وا نیشان بدەن کە ئیختیلافی من و فوئاد زۆر بووە. واقیعییەت وا نەبوو. ئەو هەوڵدانە مەبەستی سیاسی لە پشتەوە بوو. جگە لەوەش لە جیهەت ڕێز لێنانی ژیان و تێکۆشانی کاک فوئاددا نەبووە. بە عەکسەوە بووە.

**پرسیار:** ساڵانێک جودایی کەوتە بین جەنابت و باقی کادرەکانی کۆمەڵە هۆکاری ئەو جوداییە چی بوو؟

**فاتح شیخ:** ئەو کاتە ڕێکخراوەکەمان ناوی "کۆمەڵە" نەبوو. هەر بە "تەشکیلات" ناومان دەبرد. ئەو جیاییەش لە بەینی من و بەشێک لە تەشکیلات هاتە پێش نەک من و "باقی کادرەکانی کۆمەڵە". ئەو بەشە لە کادرەکانی تەشکیلات کە ڕاستەوخۆ لە مەریوان پێکەوە فەعالییەتی ڕێکخراوی نهێنی و عەلەنیمان دەکرد هیچ جیاییەک لە بەینماندا نەهاتە پێش. جگە لە مەریوان، نەوعێک بێ تەحەڕوکیش بە سەر کوللی تەشکیلاتدا، زاڵ بوو کە کاک فوئاد لە قسەوباسەکانی مەهابادیدا وەک "رکود و ئینحیلال و ئینحیتات" ئیشارەی پێ کردوە.

لە بارەی ئەو جیاییشەوە، ماوەیەک من ئەسڵەن ئاگاداری نەبووم. یانی بە جۆرێکی تر ئاگادار کرابووم. سێ کادری قەدیمی تەشکیلات کە هەر سێکیان ڕەفیقی سەمیمی و شەخسیم بوون، لە چاوپێکەوتنێکدا لە خەسراوای شاری

سنە، هاوینی ١٣٥١، باسی ئەوەیان داهێنا کە بە هۆی تەعقیبی پۆلیسییەوە بەو نەتیجە گەیشتوون کە پێویستە بۆ ماوەیەک فەعالیەتی تەشکیلاتی رابگرین و ئەو بڕیارە دراوە. من لام وا نەبوو ئەو کارە پێویستە و ئەو بڕیارە دروستە. بەڵام شکم بۆ ئەوە نەچوو قسەکانیان واقیعی نییە. ماوەیەک جەدەلمان کرد. ئەوان هەر لەسەر "بڕیار"ەکەی خۆیان رۆیشتن. ئیتر پێم وتن چیتان پێ باشە وا بکەن، ئێمە لە مەریوان کاری خۆمان ئیدامە ئەدەین ئەگەر موبارەزە بکەین هەمدیسان بە یەک ئەگەینەوە. سەرەنجامیش هەر وای لێ هات.
لە دیداری یەکێک لەو سێ رەفیقەدا حەقیقەتەکە دەرکەوت و ئاشکرا بوو. بۆیە هەر دەسبەجێ بەو رەفیقەم ڕاگەیاند کە ئەو کارەیان بێ ئەملاو ئەولا "توطئە" بووە و ئەبێ بە زووترین کات رۆشن بێتەوە و هەڵوەشێتەوە. کە لە تاران گەڕامەوە مەریوان، فوئادم بینی و باسم کرد کە ئاگاداری ماجەرا بووم و پێم سەیر و باوەڕنەکەردەنی بووە. یەکەم جار و دواجار بوو لە یەک گرژ بووین، بەڵام بۆی دەرکەوت مەسەلەکە زۆر جیددیە، بۆیە خێرا پێکهاتین کە بە حوزووری هاوڕێیانمان لە مەریوان بنج و بناوانی ماجەراکە دەرکێشین و کۆتایی پێ بێنین.
چەن رۆژ دواتر، گیرانە گەورەکەی ١٣٥٣ ڕووی دا. فوئادیش و ئەو رەفیقەش کە لە تاران دیبووم و حەقیقەتی ماجەراکە بە حوزووری ئەو ئاشکرا بوو لە ناو گیراوەکاندا بوون. خێرا چووم ئەو دوو رەفیقەکەی ترم بینی کە داستانە سێ قۆڵیەکەیان پێشکەشی من کردبوو. دوای دەربڕینی تووڕەیی، پێم راگەیاندن کە باسی ئەم مەوزووعە ئەنێمە لاوە تا ئەو رەفیقە گیراوانە ئازاد ئەبن و تا ئەو کاتە داوای هیچ تەوزیحێک ناکەم.

**پرسیار:** دوای ئازاد بوونی کاک فوئاد لە زیندان و ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ ئێوە هەر دووکتان هەڵسووڕاوی جووڵانەوە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی شار و دێهاتی مەریوان بوون. لە باری فیکری و نەزەری، هەڵبژاردنی سیاسەت و تاکتیک و شێوەکاری سیاسی و ڕیکخستنی رێکخراوە جەماورییەکان لە شار و لادێ، بۆچوونەکانتان یەک نەبوو. تکایە بفەرموون فەرقی بۆچوونەکانی خۆت و کاک فوئاد لەم ڕووداوانەی خوارەوەدا چی بوو؟
ـ تحصن خەڵکی ئاوایی بێلوو بۆ وەرگرتنەوەی زەوییەکانیان و ئازادی جووتیارە

زیندانییەکان لە دادگوستەری شاری مەریوان.
- دەستگیر کردنی فەرمایشیی رەئیسی ئیدارە دەوڵەتییەکانی ڕژیمی شا دوای ڕاپەڕین لە شاری مەریوان،
- چەکداربوونی یەکیەتی جووتیاران بۆ دیفاع کردن لە خۆ لە بەرانبەر هەڕشە و پیلانەکانی ئاغاواتی کۆنە پەرست و ساواکی و مەکتب قورئان و قیادە، کە هاوکار و داردەستی رژیمی شاە و خومەینی بوون،
- ناردنی چەک و تەقەمەنی لە "ستاد حفاظت"ی شاری مەریوان بۆ یارمەتی خەڵکی سنە لە نەورۆزی خوێناوی سنە.

**فاتح شێخ:** لە پشتیوانی کردنی تحصن و موبارەزەی خەڵکی بێلوودا جیاوازییەک لە بەینی بۆچوونی ئێمە دا نەبوو. من و هەموو ئەو هاوڕێیانە کە لێک نزیکتر بووین و ساڵەها پێکەوە کارمان کردبوو گەرم و گوڕ تێدا بەشدار بووین. سەرچاوەی ئەم پرسیارە نازانم! بە داخەوە لەم ساڵانەی دواییدا بڕێک کەس و لایەن کە ڕێبازی سیاسی ئێستایان لەگەڵ من جیاوازە، لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا دەستیان داوەتە تاریخسازی. بە تایبەت لە سەر جیاوازی بۆچوونی من و کاک فوئاد، نابەرپرسانە شتی دوور لە واقیع و بێ بەڵگە یا پێشداوەری خۆیان بڵاو کردوەتەوە. لە حاڵێکدا ئەو هەموو ساڵە لە ریزی کۆمەڵە دا پێکەوە موبارەزەمان کردوە و هیچ باسێک لەمانە لە ئارادا نەبووە. چەن مانگ دوای گیانبەختکردنی کاک فوئاد کۆمەڵە منی وەک کاندیدای خۆی بۆ ئینتیخابات لە مەیوان دیاری کرد و لە ناو کاندیداکانی کۆمەڵەشدا هەر تەنیا من سەرکەوتنم بەدەس هێنا. ئەو کاتە ئەو کەسانە و بەرپرسانی ئەو لایەنانە هەموو یا لە ناوەندی کۆمەڵە بوون یا کادر و ئەندامی کۆمەڵە بوون! عەجەبا بۆ ئەم باسانەیان نەکردوە! تەنانەت لە کاتی نووسینی ئەوانەشدا زۆر بە ئاسانی ئەیانتوانی پێش ئەوەی حوکمەکانیان بدەن، خۆم ببینن و پرسیارم لێ بکەن و بەو جۆرە لانی کەمی ستانداردی وەفاداری خۆیان بە حەقیقەت نیشان بدەن. ئەو کەس و لایەنانە بەرپرسیارن لەو کارانە کە بە دوور لە ئینساف و حەقیقەت کردوویانە. ئەگەریش لایان وا بێ بەو کارە ڕێزیان لە ژیان و تێکۆشانی کاک فوئاد گرتووە سەخت لە هەڵەدان.

هەروەهاش باسی بۆچوونی جیاوازی من و فوئاد لە سەر "دەستگیر کردنی فەرمایشی رەئیسی ئیدارە دەوڵەتییەکانی رژیمی شا دوای قیام لە شاری

مەریوان" بێ ئەساسە و وجوودی نەبووە. لە سەر ناردنی چەک و تەقەمەنیش ڕیوایەتەکە وا نییە و بە ئاشکرا مەبەستی سیاسی ناڕەوای لە پشتە.
بەشی مەربووت بە "چەکداربوونی یەکیەتی جووتیاران"یش لە پرسیارەکەدا نادەقیقە و پێشداوەری پێوە دیارە. من و فوئاد لە سەر چەکداربوونی یەکیەتی جووتیاران سەرە دەرزیەک ئیختیلافمان نەبوو. لە سەر تاکتیکی پێکهێنانی پەلە پێشمەرگەی جووتیاران من و کۆمەڵێک لە هاورێیان نەزەری جیاوازمان بوو. پێمان وابوو چەکداربوونی جووتیاران لە دێیەکاندا بە بەشداری سازماندراوی جەماوەری بەرینی جووتیارانی میانە حاڵ و فەقیر و بێ زەوی، دیفاعێکی موئەسیرترە لە چاو جەولەی پەلە پێشمەرگە کە زۆربەشیان یا جووتیاری مورەفەهن یا هەر جووتیار نین. بەوحاڵەش دوای بڕیاری پێکهاتنی پەلە پێشمەرگە بە گەرمی پشتیوانیمان لە جەولەکانیان کرد و لە تەنگانەکاندا بە دەنگیانەوە چووین، گەرچی نەزەریشمان جیاواز بوو.

**پرسیار:** ڕۆژی ۲۸ ی گەلاوێژ ۱۳۵۸ کە خومەینی دەستووری هێرشی بۆ سەر کوردستان دا ئێوە لە کوێ بوون؟ خەبەر ئیعدامی ۹ نەفەرەکی مەریوانت لەکوێ بیست؟

**فاتح شێخ:** لە مەریوان بووم. دەستبەجێ بڕیارمان دا تا ئێوارە خۆمان ئامادە بکەین و شەو لە شار بچینە دەر. خۆمان ساز کرد و شەو درەنگان لە شار دەر کەوتین. بە داخی زۆر گرانەوە هەم ئەو ئێوارەیە و هەم بەیانی ڕۆژی ۲۹ دوو کۆمەڵ لە ئازیزترین ڕەفێقە بەرجەستەکانمان لە تەنگەڕێی "قەبرە دەروێش"ی پشت زرێبار کەوتنە دەستی پاسداران و بەکرێگیراوانی رژیم و کارەساتی جەرگسووتێن و دلتەزێنی ئیعدامی ئەو ۹ گیانبەختکردوەی لێ کەوتەوە.
دوای چەن ڕۆژ کەوتینە ڕێ بەرەو سەرشیو. ئێوارەی ڕۆژی سێی شەهریوەر لە ڕێگا گوێمان لە رادیۆ بوو خەبەرەکەی بڵاو کردەوە. شەو گەیشتینە بەرانبەر ئاوایی قامیشڵە و لەوێ ماینەوە. بەیانی نان و خواردنمان لە ئاواییەوە بۆ هات و دوای نان و چایی من هەستامە سەر پێ و لە فەزایەکی سەنگین و خەمگیندا کە نمە نمە بارانیش ئەباری بە خوێندنەوەی ئەم شێعرە دەستم بە قسە کرد:
*دەنک دەنک مەگری عاسمانی کوردستان*
*دەخیلی بەختەکەم سا رەهێڵە بارانێ!*

لە ئاخری قسەکانمدا وتم رژیمی جینایەتکار بە ڕشتنی خوێنی ئەم شەهیدانەمان خەتێکی سووری لە بەینی خۆی و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا کێشاوە و ئێمە لێرەوە رایدەگەیەنین کە بە تەواوی توانامانەوە بەرامبەر بە شەڕفرۆشی رژیم ئامادەی شەڕی شۆڕشگێرانەین و بەڵێن ئەدەین کە تا سەرکەوتن نەسرەوین.

**پرسیار:** چ ڕۆژێک کاک فوئاد لە بانەوە هاتووە بۆ ناوچەی مەریوان و چەند رۆژ لە مەریوان مایەوە؟ لەگەڵ چەند کەس و لە گەڵ چ کەسانیک گەڕایەوە بۆ مەریوان؟

**فاتح شێخ:** پێنج یا شەشی شەهریوەر بوو کە لە بانەوە گەڕایەوە. ئەوەندەی حەتم لە بیرمە کاک برایم جەلال و یەک یا دوو پێشمەرگەی یەکێتی لەگەڵ بوو. بەڵام فەزاکە ئەوەندە سەنگین و خەمگین و جەماعەتەکە ئەوەندە زۆر و تێکچرژاو بوو کە لەوانەیە کەسی تریش بووبێ و من نەمدیبێ. لە سەرشیوی مەریوان و دەوروپشتی ئاوایی قامیشلە من هەر شەوێک لەگەڵ کاک فوئاد مامەوە. ئاگادار نیم دواتریش لەو شوێنە ماونەوە یان چوونەتە شوێنێکی تر.

**پرسیار:** لەو ماوە کورەتەدا کۆبوونەوەی زۆر کراوە، سەبارەت بە چی بوون و لە کوێ و لە چ دێیەک لە ماڵی کێ؟ گشتی بوون یان تایبەتی؟

**فاتح شێخ:** لای ئێوارە بوو کاک فوئاد گەیشتە لامان. لەو فەزا پڕسۆز و خەمەدا قسە و باسێکی کورتی کرد وڕوونی کردەوە کە دوای فەرمانی خومەینی، ڕابەری کۆمەڵە بڕیاری لە سەر مقاومەتی چەکدارانە داوە. لە بیرمە دواتر کاک برایم جەلال وتارێکی بە حەرارەتی دا لە بارەی سازمانی نیزامی هێزی پێشمەرگەوە. کاک فوئاد چەن کۆبوونەوەی جیاجیای لەگەڵ چەن کۆمەڵ لە هاوڕێیان کرد. کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ من و هاوڕێ عەتای ڕوستەمی بوو. کاک فوئاد وتی لە لایەن کۆمەڵەوە لەگەڵ مامۆستا شێخ عێزەدین باسی زەروورەتی پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردی کردووە بۆ موزاکەرە لەگەڵ رژیم ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بێتە پێش و بەم وەزعە شڕەی رژیمەوە حەتمەن دێتە پێش. وتی ئەویش موافیق بووە و کۆمەڵەش ئامادەگی خۆی بۆ یارمەتی دانی مامۆستا لە باری سیاسی و پراتیکی و ئەمنییەتییەوە پێی راگەیاندوە. تۆ خۆت نەزەرت چیە هەم لە سەر خودی پڕۆژەکە و هەم لە سەر نەقشی خۆت لە پڕۆژەکەدا؟

منیش و هاوڕێ عەتاش هەم پرۆژەکەمان بە زەرووری زانی و هەم بە عۆدە گرتنی بەرپرسایەتی پرۆژەکە لە لایەن منەوە. کاک فوئاد وتی مادام وایە تۆ ئەبێ هەر سبەینێ زوو دەرچی. هەرچی زووتر لە بانە بی باشترە با پرۆژەکە دوا نەکەوێ مەبادا پەکی بکەوێ. چونکە ڕێی تێ ئەچێ تەگەرەی تێ بخەن.
ئەو شەوە تا درەنگان هەر بە کۆبوونەوە گوزەرا. بەیانی دوای نان و چا من ماڵئاواییم لە کاک فوئاد و لە هاوڕێیان کرد و بە داخی گرانەوە ئەوە بوو بە دوا دیدار و دوا ماڵئاوایی لە کاک فوئاد.

**پرسیار:** ئایا ئەو ڕۆژانە هەستتان بە هیچ شتێکی مەشکووک لە دەوروبەری خۆتان نەدەکرد؟ کاتی ڕۆیشتنی ئێوە بۆ بانە، لە مەسیری ڕێگەدا کەس یان هاتوچوویەکی مەشکووکتان بینی؟
**فاتح شێخ:** موتڵەقەن نە ئەو ڕۆژانەی پێش هاتنی کاک فوئاد و نە ئەو ڕۆژەی هات، لە دەوروبەری خۆمان هەستمان بە هیچ شتێکی مەشکووک نەئەکرد. خەڵکمان لەگەڵ بوو، خەیاڵمان ئاسوودە بوو! بەڵام ئایا ئەو ئاسوودە خەیاڵییە موجاز بوو. موتڵەقەن نا!
هەر لەو فەزای ئاسوودە خەیاڵییەدا منیش لەگەڵ کۆمەڵێکی دە کەسی نەخۆش، بەیانی زوو دوای ماڵئاوایی بەرەو جادەی بانە کەوتمە ڕێ. لەو کاروانە یازدە کەسیەدا تەنیا من چەکم پێ بوو. کڵاشینکۆفێک و ڕیزە خەشاب و چواردە خۆرێک. نە خۆم بە پێویستم ئەزانی یەک دوو هاوسەفەرێکی چەکدارم لەگەڵ بێ، نە کەسی تر باسی کرد.
کە گەیشتینە نزیک جادە، خاوەرێک [لۆرییەک] دەرکەوت. خۆم پێ گەیاند. شۆفێر و شاگرد هەر دوو ناسراوی نزیک و دۆستی قەدیمی بوون. شۆفێرەکە بە تەعەجوبەوە پرسی ئەوە تۆ لێرە چی ئەکەی؟ لە باتی جواب لێم پرسی تۆ بۆ کوێ ئەچی؟ وتی سەقز. وتم ئەمانە نەخۆشن ئەبێ فەوری بگەنە بانە. وتی بەسەرچاو. ئەی خۆت؟ وتم خۆیشم. سوار بووین و بە فڕە گەیاندینی و یەکسەر بردمانیە مەقەری کۆمەڵە. کاک ساعیدی وەتەندوست هات بە پیریمانەوە و هەواڵی کاک فوئادی پرسی و منیش بۆم باس کرد. بەڵام دیسان کەسمان بیری بە لای لایەنی ئەمنییەتیدا نەچوو.

**پرسیار:** کەی و لەکوێ خەبەری گیانبەختکردنی کاک فوئادت بیست؟
**فاتح شێخ:** دوای نیوەڕۆ بوو لە حەوشی مەقەڕی کۆمەڵە لە بانە بوو کە ڕادیۆی ڕژیم خەبەرەکەی بڵاو کردەوە، هەموو یەکسەر شۆکە بووین.

**پرسیار:** بۆچوونی تۆ لەسەر ڕووداوەکە چی بوو؟ پیلانی دوژمن بوو یان ڕووداوێکی بە هەڵکەوت؟
**فاتح شێخ:** ناچێتە عەقڵی هیچ کەسەوە کە ئەوە ڕووداوێکی بە هەڵکەوت بووە. دوای ئەم هەموو ساڵە لە ناسینی ڕژیمێکی وا کە لە ڕۆژی ئەوەڵەوە لانی کەم بەشێک لە میراتی ماشینی دەوڵەتی سەرکوت و دەزگای ئیتیلاعاتی ڕژیمی شای پێ بڕابوو، لە ئاستی مەحەللیشدا فەورەن کۆمەڵێک کۆنەپەرست و بەکرێگیراوی جینایەتکاری لە دەور کۆوە بووبوو، ڕۆشنە کە پیلانی ڕژیم و بە موشەخەسی پیلانی سازماندراوی چەمران لە پشت ئەو ڕووداوە بووە. ئەگەر ئاسوودە خەیاڵی ئەو سەردەمەی خۆمان بنێینە لاوە، زۆر ئاشکرایە کە بۆ چەمران ئاسان بووە لە هاتنی کاک فوئاد بۆ مەریوان و ئەو مەسیرە موشەخەسە ئاگادار بێ. زۆریش بۆ چەمران موهیم بوو دوای ڕووداوی ٢٣ی تیر و کۆچی مەریوان فرسەتی وای بۆ هەڵکەوێ و تۆڵە نەک هەر لە خەڵکی شار و لادێی مەریوان بەڵکوو لە ئینقیلاب و لە ئیرادە و جەسارەتی ئینقیلابی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێران بکاتەوە. خەڵخالی هات و بە تیرباران کردنی ٩ ئینسانی ئینقیلابی تۆڵەی ٩ کوژراوەکەی ٢٣ی تیری بۆ بەکریگیراوەکانی ڕژیمە جینایەتکارەکەی کردەوە. بە داخەوە ئەو ئاسوودە خەیاڵییە مەجالی تۆڵەی گەورەی بە چەمران دا بێ ئەوەی خۆیشی بە دار و بەرددا دابێ!

**پرسیار:** بۆت هاتووەتە پێش لەو کەسانە کە هاوسەفەری کاک فوئاد بوون، چۆنێتی دەستپێکردنی شەڕ و گیانبەختکردنی کاک فوئاد و هاوڕێ تەهموورس ئەکبەری بپرسیت؟
**فاتح شێخ:** نا هەرگیز پێش نەهاتووە.

**پرسیار:** ئایا ئاگات لە کۆبوونەوە و بڕیارەکانی ئەو کاتی ناوەندی کۆمەڵە لە بانە بە گشتی و ڕووداوی گیانبەختکردنی کاک فوئاد بە تایبەتی هەیە؟

**فاتح شێخ:** من ئەو کاتە لە بانە نەمامەوە، لەگەڵ مامۆستا شێخ عێزەدین چوومە تووژەڵە و ناوزەنگ. لە هیچ بڕیارێکی ناوەندی کۆمەڵەش نە ئەو کات و نە دواتر ئاگادار نەبووم.

**پرسیار:** ئایا ئاگاداری ئەوە هەیت کە ناوەندی کۆمەڵە سەبارت بەو سەفەرە و مەرگی کاک فوئاد لە کاک برایم جەلال پرس و جۆیان کردبێت؟
**فاتح شێخ:** نا، بە داخەوە هیچ ئاگادار نیم.

**پرسیار:** ئاڵوگۆڕەکانی کومەڵە دوای کاک فوئادچۆن ئەبینی؟
**فاتح شێخ:** تا بگات بە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئاڵوگۆرەکانی کومەڵە لە مەسیری گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوی کاک فوئاد و هاتنە دی خەونی "خورشید را بجنبانیم"ی ئەودا چووەتە بەرەوە. ئاڵوگۆڕەکانی دواتر ئاڵۆزتر و دوور و درێژتر لەوەن کە لەم مەجالەدا بگونجێ باسی بکەم.

❊❊❊❊

❋ مەلەکە ئەم پرسیارانەی نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر ناردبوو و چەند جارێکیش بەدواداچوونی بۆ کرد. کاک فاتێح مانگی یەکی ٢٠١٤ لە وەڵامەکەیدا ئەڵێ: "...
. بە هۆی گەلێک ناخۆشی و نەخۆشی و گیرۆدەیی چاوەڕوان نەکراو زۆر تەئخیر بووم، ببوورن". ئەوەی لێرەدا هاتووە بەشێکە لە وەڵامەکانی کاک فاتێح.



# گفتوگۆ لەگەڵ کاک حەمەی شافیعی

**سلێمانی٢٢/٤/٢٠١٢**

**مەلەکە:** تکایە باسی یەکەمین ئاشنایی خۆت لەگەڵ کاک فوئاددا بکە بۆمان.
**کاک حەمە:** من کاک فوئاد لە زیندانەوە دەناسم و لەوێوە لەگەڵی ئاشنابووم، دوایە ئاشنایەتییەکەمان کە وەکوو هاوتەشکیلاتی پێکەوە کاربکەین بەداخەوە زۆر کەم بوو.
لە شەڕەکەی کەرەفتوودا، کە جووتیاران لەگەڵ ئاغاکان بوویان، داوایان کرد کە ئێمە بچین بە کۆمەکیانەوە، من خۆم لەگەڵ چەند کەسێک لە جەمعیەتی بانەوە چووم. ئێمە کەچووین بۆ کەرەفتوو، شەو گەیشتین. دوای بەینێک لەدوورەوە

گوێمان لە تەقەکان بوو. ڕۆژی دوایی کاک فوئاد هات، منیش بە هۆی ئاشنایی پێشووەوە چووم بۆلایان و هێندێک قسەمانکرد.

ئیتر من کاک فوئادم نەدییەوە، هەتا ئەوکاتەی کە پێموایە، فەرمانی حەملە بە کوردستان درا. من ئەو وەختە مەسئوولی جەمعیەتی بانە بووم. خەڵکێکی زۆر ڕژابووە بانە. منیش زۆر سەرقاڵی ڕێکخستن و پێشمەرگە و ئەوانە بووم. لە ماڵی یەکێک لە ڕەفێقەکان لە بانە کۆبوونەوەمان بوو. ئەوکاتەبوو کە ئەو ڕووداوانەی مەریوان هاتبووە پێش. لەکۆبوونەوەکەدا، کە تەبعەن کاک فوئادی تێدابوو، لەسەرئەوە کەچی بکەین، چۆن بەرەنگاری ببینەوە، قسەی عموومی کرا. بەڵام لە جەلەسەکەدا چونکوو حیزبی نەبوو، جەمعیەتەکانیش سەربە هەموو حیزبەکانی تری تێدابوو. لەوێ زۆر قسەی تایبەتی نەکرا لەسەر ئەوە کۆمەڵە چی بکات. حەتتا لەبیرم نایە، کە ئایا لەو جەلەسەیەدا باسی ئەوە کرا، کە کاک فوئاد بگەڕێتەوە بۆ مەریوان. ڕۆژی دوایی لە کاک ساعد وەتەندووستم بیست کە کاک فوئاد گەڕاوەتەوە، پێشم ناخۆش بوو. گوتی: ئێمەش زۆرمان ئیسرار کردووە نەچێتەوە بۆ مەریوان. کاک ساعید ئیسراری بووە نەچێتەوە، بەڵام تەسمیمی بووە بڕواتەوە.

ئیتر من بەڕاستی ناتوانم هیچ شتێک بڵێم. چونکوو نەبووم تێدا. چۆنیش خەبەرکەمان زانی، لە ئەخباری سەعاتی دوودا، گوێم لە ڕادیۆ بوو، وەک خەبەری موهیمی ئەوساتی ڕادیۆ تاران باسیکرد. باسی کاک فوئادی کرد کە تێداچووە لەوشەڕەدا، ئەوە جەنازەکەی بەدەستمانەوەیە.

بە عەقیدەی من زۆر دەگەڕێتەوە سەر کەم تەجرەبەبوونمان، ئاستەم بوونی مەوقعیەتەکە و کارەساتەکە، یەک لەدوای یەک شت دەهاتە پێشەوە. ئێمەیەکی کە هێشتا بۆخۆمان تەجرەبەمان نییە، ڕێکخراوەکەمان، زۆر ئامادەنین بۆ وەزعێکی ئاوا، لە ناردنەوەشیدا لەو باوەڕەدا نیم، کە دیققەت کرابێت لەگەڵ کێ بڕواتەوە؟ من برایم جەلالم ئەوکات وەک پێشمەرگەی یەکێتی دیبوو. بەڵام هەر ئەوەندە، وەک کەسێک کە پێشمەرگەیە، تەجرەبەی لە ئێمە زۆرترە، ئەوەندەم لەسەر دەزانی.

ئەو حادیسە کە ڕوویدا، لە نێو جەمعی کۆمەڵەدا، نەوعێک ئەنتیپاتی، نیسبەت بەهەموو ئەو کەسانەی لەگەڵ کاک فوئاد بوون، هاتەپێش! چۆن هێشتیان؟ بۆ هاتە پێش؟ بەخاتری چیبوو؟ ئەوە تەبعەن لۆمەکردنی خۆمان بوو؛ بۆهێشتمان،

بۆ کەسی خۆمانی لەگەڵ نەبوو. دوای ئەوە، کەسایەتیەکی وەک ئەو کاک برایم جەلالە، لە ناو کۆمەڵەدا خۆشەویست نەبوو. ئەمن موتڵەقەن لەبیرم نایە، لە هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکدا – ئەو وەختە من مەسئولی ناوچەی بانە بووم – باسی ئەوە کرابێت، کە گومانێکمان لەسەر هەر کەسێک بووبێت لەو جەمعەدا. گومان نەبوو، حەدی ئەکەسەر شتێک کە دەهاتەوە، وەک ڕەخنەیەک ئەوە بوو کە ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون، نەپێشمەرگەبوون و نە دەرکی کەسایەتی کاک فوئادیان کرد و نە هەوڵیاندابوو بۆ ئەوە کە کاک فوئاد نەجاتی بێت. ئەوەی کە ئێمە بیستمانەوە، کاتێک کەحەملەیان پێکردوون، تەنیا کەسێک کە دەستیداوەتە مەقاومەت، کاک فوئاد بووە. ئەوانی دیکە هەڵاتوون، یان مەقاومەتیان نەکردووە.

دەنا ئەوەی کە تەوتیئەیەک لە گۆڕێدا بووبێت، کە گومانێک هەیە لەسەر ئەوانە، من لەبیرم نایەت شتی وا بووبێت. زۆر دواتریش کە کومیتە مەرکەزی کۆمەڵە بووم، تەبعەن ئەو باسە هاتە پێشەوە، لە هیچ کەسێکم نەبیستووە، نیسبەت بە هیچ کەسێک هیچ گومانێکی هەبێ، نەخشەو پیلانێکی داڕێژراو بووبێ. وەلێ دەزانم تەئسیری زۆر مەنفی لە سەر کەسایەتی ئەو کاک برایم جەلالە دانا لە ناو ئێمە ماناندا. تەبعەن ئەو کەسانەی تریش کە لەگەڵی بوون. بەڵام برایم جەلال تەنیا کەسێک بوو کە تەجرەبەی پێشمەرگایەتی بوو.

**حیشمەت:** تۆ هیچ ئیتلاعێکت نییە، و ئەسڵەن نەتبیستووە کە نامەی بەرائەتی برایم جەلال بۆ یەکێتی ناردرابێت؟

**کاک حەمە:** نا لەبیرم نایە کۆمەڵە نامەی وای نووسیبێت. یان بە ئێمە گوترابێت کە ئەمە گومانێکی لەسەرە، دەبێ بەرائەتێک بنووسین بۆ ئەوان. ئەو دەمانە کومیتە مەرکەزی نەبووم، بەڵام دوایەش لەبیرم نایە قسەیەکی ئاوا کرابێ.

**مەلەکە**: کاک حەمە چەند مانگێک بەر لە شەهیدبوونی کاک فوئاد، زۆرشت ڕوویدا لە مەریوان، کۆچی ئیعترازی خەڵکی مەریوان، ڕێپێوانی شارەکانی کوردستان بۆ مەریوان، ئەمانە و هاوکاری ئێجگار زۆر لە نێوان کۆمەڵە و یەکێتی؛ ئەو وەختە من خۆم ئەوانەم لەبیرە، بەڕێزان مەلابەختیار، بەکری حاجیسەفەر، سالار عەزیز، جەماڵ حەمەی خواکەرەم، زۆر کادریان بوون. تۆ هیچ خەبەرت

نییە بەو هاوکارییە نزیکە لە نێوان کاک فوئاد و ئەم مەجمووعە کادرەی یەکێتیدا،چۆن بوو برایم جەلال دیاریکرا، کەسێکی‌تر لەوان هەڵنەبژێردرا؟
**کاک حەمە:** بەڕاستی ناتوانم هیچ بڵێم لەو بابەتەوە، هیچ خەبەرێکم نیە. بەڵام ئەزانم بانە جەمعێکی زۆر پێشمەرگەی یەکێتی‌نیشتمانی لێبوو، کە مەسئوولەکەیان کاک بەکری حاجی‌سەفەر بوو. بەڵام بۆ ئەو هەڵبژێردرا؟ بە ڕاستی خەبەرم نیە.

**مەلەکە:** هیچ شک و گومانێک لە برایم جەلال لەلایەن کۆمەڵەوە هەبوو؟
**کاک حەمە:** نا. لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵەوە کومیتەی مەرکەزی کۆمەڵەدا بووم، هەتا ئێستا لەبیرم نایە لە هیچ جەمعێکی کۆمەڵەدا باسی شک و گومان لە سەر ئەوە کرابێ.

**مەلەکە:** برایم جەلال لە کتێبەکەیدا دەڵێ، کۆمەڵە نامەی بەرائەتیان دا بە من. ناوی کاک عەبدوڵڵا، کاک عومەر و کاک سەید برایم دەبا کە نامەکەیان پێداوە. دەڵێ ئەوە بوو بە سەبەب، کە من توانیم لە کۆنفرانس و کۆنگرەدا بەشداری بکەم.
هەروەها ئەڵێ کۆمەڵە داوای کردووە برایم جەلال بنێردرێتەوە بۆ هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵە!
**کاک حەمە:** شتی وام قەت نەبیستووە.

**حیشمەت:** مەسەلەیەکی عومدەی ئێمە ئەوەیە، لەو وەختەتدا کە شاری مەریوانیان گرتەوە، پاسدارەکان بە دۆشکەوە لە ناو شاردا دەگەڕان، ئەو ئەمنییەتە کامڵەیان هێشتا نەبوو. چۆنە لە کوت وپڕێکدا ستوونێک ڕی دەکەوێ، دەچێتە کانێعمەت و بستام، عەمەلیاتێک دەکا. دوای ئەوەش خۆ موستەقەڕ نابێت، دەگەڕێتەوە. دیارە ئەوان بۆ هەدەفێکی دیاریکراو هاتن، کارێکیان کردووە و گەڕاونەتەوە. بۆیە ئێمە ئێستاش پێمان وانییە کە بەڕێکەوت بێت. کوڕەکانی مەریوان شک دەکەن لە کابرایەک، بەناوی حەمە نەجیم، خەڵکی بەردەڕەشە و دووپلوورەیە، هەر ئەو وەختە دەچن بیگرن بەڵام ڕایکردووە، نەگەڕاوە کوردستان. کابراکە قەدیم چریکی ژاندارمەری بووە دواتر لە هەمەدان

مردووە. لەو وەختەدا، دەتوانێ کەسانێک شناسایان کردبێت، ئیتلاعاتیان دابێ. بەهەر حاڵ ئێمە زۆر زیاتر شتەکەمان، بە ڕێکەوت نەدەدەی.

**کاک حەمە:** من دەستی تەسادووفی زۆرتێدا دەبینم، هاتووە بە ڕێکەوت شتێکی ئاوا ڕوویداوە. وەسیلەی ئیرتیباتاتی زۆر ئەمڕۆیی بەدەست ئەوانەوە نەبوو، بۆیە زۆر کەم مەجالی ئەوە هەبوو کە بتوانن نەخشەیەکی ئاوا ڕێکوپێک کۆبکەنەوە.

**مەلەکە:** یەک شت لە قسەکانی کاک برایم جەلال و شیج عوسماندا موشتەرەکن. دەڵێن دوو ڕۆژ ئەو جادەیە گیرابوو، نەیانهێشتووە هیچ ماشێنێکی شەخسی پێدابێت. بەڵام ناکۆکییەک لە قسەکانیاندا هەیە؛ شێخ عوسمان دەڵێ چەند ماشینی زیل و جیبی ئەرتەشی هاتن. دەڵێ جادەکە لەولاوە بوو، ئێمە لە قەراخ چۆمەکەوە ئەچووین، ئەم زیل و ئەرتەشیانەمان بینی کە چوون و دوای ساتێک گەڕانەوە. هاتنە بان جادەکە؛ لەبان جادەکە ئیستی ئەمانیان داوەو دەستیان کردوە بەتەقە. بەڵام برایم جەلال دەڵێ بە هەلیکۆپتەری کوبرا بەردەوام هاتوون؛ لە پایەگاکە هێزیان دابەزاندووە کە ئەمان لەوێدا بوون و گەیشتوونەتە سەریان.

**حیشمەت:** ئەوانە بەشی تەکنیکی قەزیەکەن، کە شتێکی زۆر نادات بەدەستەوە، وەلێ شک و گومانەکە لەوەدا بووە، کە چۆن عەمەلییاتێکی ئاوا بەو خێراییە دەکرێ و دەگەڕێنەوە؟

**مەلەکە:** کەمتەرخەمی کومیتە مەرکەزییە، لەو شەرایتەدا کە لە بانەوە دەچێت بۆ مەریوان یەک پێشمەرگەی کۆمەڵە، لەگەڵ کاک فوئاددا نییە؟

**کاک حەمە:** هیچ فاکتێکم نییە بۆئەم قسەیەم، بەڵام ئەو وەختەی لە بانە گەڕاوەتەوە، حەتتا پیانگوتبێ با پێشمەرگەت لەگەڵ بنێرین، یەکێک لەو کەسانەی بەتوندی موخالیفەتی کردوە، کاک فوئاد خۆی بووە. لەبەر ئەوە دەیدی لە بانە دەرگیرین، لەمەریوان دەرگیرین، ئەم بۆخۆی پێشمەرگەیە، بەجەمعێکەوە دەڕواتەوە و ڕێگا بەڵەدە. بۆچی ئەوانە بەخۆیەوە خەریک کات. ئێمە کاتی کۆچەکەی مەریوان، بە پێشمەرگەوە، وەک کۆمەک هاتین بۆ مەریوان. تازە گەیشتبووین، هەیئەتێک لە تارانەوە هاتبوو بۆ موزاکەرە. ئەمنیش کە گەیشتمە ئەوێ، گوتیان هەیئەتەکە خەریکی گفتوگۆن لەگەڵ شووڕای شاری مەریوان. گوتم کاک فوئاد لەوێیە، گوتیان نا چووە بۆدێهات. من زۆر پێی توڕەبووم، لە کاک فوئاد، لەو خەڵکە، توڕەبووم لەهەموویان. پێموابوو کاک

فوئادی تێدا نەبێ، مەعلووم نییە ئەو کۆبوونەوەیە بەرەو کوێ ئەچێ. کاک فوئاد هاتەوە تەپوتۆزاوی، خۆم بۆ نەگیرا، ئاخر لەگەڵ کاک فوئاد ڕەفیق بووین لە زیندان و هەمیشە بە ڕەهبەری خۆمم زانیوە. بەرەوڕووی چووم، گوتم لە وەختی ئاوادا تۆ نابێ بچی بۆ ئەملا و ئەولا، لێرەدا دەبێ حوزوورت هەبێ. ئەوە هەر ئەو شناختەیە کە شەهید حوسەینی پیرخزرانی هەیەتی.

**حیشمەت:** خۆنەویستییەکەی زیادە لە حەد بوو. بە بڕوای ئێمە وانە بوو، کە ئەو نەزانێ چ پێگە و دەورێکی هەیە، وەلێ هێچ وەختێ حەزی نەدەکرد ئەوانە، ببێ بە نموونەیەک. مەسەلەن پێیوابێ خۆ بەزل زانینە، یان فەرهەنگێکی خراب پەرەپێبدا.

**کاک حەمە:** ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵە، لەو وەختانەدا، ئێمە پێشتر کۆمەڵە بووین و دوایە بووین بە کادری کۆمەڵە. ئەسڵەن ئەمە نموونەیەک بوو لە ڕەفتار، کە کاک فوئاد ڕەنگە زێدەڕۆیی بووبێ لەڕفتاردا. تۆ وەختێک مەسئوول بووی لە کۆمەڵەدا، خۆنەویستی نموونە بوو لەڕەفتاردا، کادری کۆمەڵە بەوە دەبووە کادر! بە خۆنەویست بوون، بە خۆ فیداکردن. بۆیە من بەدڵنیایەوە دەڵێم، ئەگەر هاتوو بڕیاریش لەسەر ئەوە درابێت، کە پێشمەرگە لەگەڵ کاک فوئاددا بنێرن، کەسێک کە لە پێش هەموویانەوە، بەجیددیەت موخالیفەتی لەگەڵدا دەکرد، کاک فوئاد بوو.

**حیشمەت:** کاکە گیان یەک مەفرەزە پێشمەرگەی لەگەڵ بووە، لە بانەوە چوونەتەوە، کە مەسئوولەکەیان برایم جەلال بووە. باشە، ئەو مەفرەزە پێشمەرگەیە، لە مەریوان دایانناون، نەیان هێناوەتەوە لەگەڵ خۆیان. ئەگەر لەسەری بچی، دەتوانی دیسان تاوانەکەی بخەیتە سەر برایم جەلال، چونکە ئەو بۆ ئەو کارە لەگەڵ کاک فوئاد چووبوو. کە بە یەکەوە بن، تەنیا نەبن و بە یەکیشەوە بگەڕێنەوە. ئەگەر لەباتی ئەوانە مەفرەزەیەک پێشمەرگە بوایە، قەتعەن زۆر فەرقی دەکرد.

**مەلەکە:** کاک عوسمان ڕەوشەن توودە، نموونەیەک باسدەکات، لە گەرمەی ئەو هەموو ماجەرای مەریوانەدا، لە لایەکەوە هەیئەتی دەوڵەت دەهات، لە

لایەک کۆبوونەوەی تەشکیلاتی، لە لایەکەوە کۆبوونەوەی ئەحزاب بوو، لە لایەکەوە ئێواران دەهاتەوە ناو ئۆردووگا گوزارشی دەدایەوە. ڕۆژێک دیار نەبوو، هەرگەڕاین دیار نییە! کەوتە بیرمان شتێک بووە. تەپەی شێخ حەسەن لە نێوان پادگان و ناو شاردا بوو، دەڵێ وەختێک دیمان لە سەنگەردایە، لەتەپەی شێخ حەسەن. ئەو خۆنەویستیە، هەزار جار کاک فوئاد نیشانیداوە. بەڵام یەک مەسەلە هەیە، تۆ ببینە کاک سەدیق کەمانگەر دەچێت بۆ موزاکەرە لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەتدا لە سنە، کاک فوئاد پێگەی کاک سەدیق دەزانێت، دەڵێ ئەبێ ئێمە پارێزگاری لە کاک سەدیق بکەین. ئەو تەشخیسە بە بڕوای من لە لایەن مەجمووعەی کۆمەڵەوە، بەنیسبەت کاک فوئاد کەم بووە.
یا نموونەی تر، حیشمەتیش بوو؛ لە ماڵی کاک حوسێن برام ژوورێکی بوو، لە سەر گاراجەکەبوو تۆزێک بەرزبوو، بەڵام گۆشە بوو، لە دوولاوە پەنجەرە بوو. شەوێک کاک فوئاد هاتەوە ماندوو بوو، هێشتا کاک حوسێن پیرخزری و کوڕەکان خۆمان، لە ژووری دانیشتن بوون، گوتی زۆر ماندووم دەچم دەخەوم. کاک حوسێن پیرخزرانی گوتی هەقت نییە لێرە بخەوی، چۆن لەوێدا دەخەوی! وەزعی مەریوان ئا بەم جۆرەیە، هەر لەم پەنجەرانەوە، یەک نارنجەک بەسە. گوتی نا ماندووم لێمگەڕێن، دەخەوم، هیلاکم و ئەم ژوورە فێنکە. کاک حسێن کێشایە سالۆنەکە، گوتی لەوێ دەخەوی بخەوە، ناخەوی مەیلی خۆتە! مەبەستم ئەوەیە بەڕاستی ئەو ئیشکالە گەورە لە ناو کۆمەڵەدا بوو. کاک ئیرەج فەرزاد دەڵێ هاتم بۆ مەریوان، کاک فوئاد گوتی لێرە مەبە، مەریوان خەتەرە، نابێ تۆلێرەبیت...

**حیشمەت:** کاک حەمە لە دەورانی زیندان، شتێکی جالب هەیە لەسەر کاک فوئاد؟

**کاک حەمە:** من تازە لە زیندانی ئیسفەهانەوە گەڕابوومەوە. چەند مانگێک بوو گوێزرابوومەوە بۆ زیندانی سنە. دوای بەینێک "تەیب عەباسی ڕۆحوڵڵاهی" هات. من کاک فوئادم نەدەناسی، ئەو تاریفی دەکرد. کاک فوئاد هاتەوە، ئیتر لەوێوە ئاشنایی ئێمە دەستیپێکرد. ئێمە دەرگیریمان لەگەڵ پۆلیس و ساواک، ئێجگار زۆربوو، یانی ماوەی زیندانێکی پڕماجەرامان هەبوو. بۆ گفتوگۆ لەسەر خواستەکانمان، من و کاک فوئاد وەک نوێنەری زیندانییەکان دەچووین؛ لەگەڵ

بەرپرسانی ئەوێ؛ ڕەئیسی زیندانم لەبیر دێ، کە سەرهەنگێک بوو. من لەو کاتانەدا، قودرەتی ڕەهبەری و مەنتیق و چۆنیەتی دوان لەگەڵ بەرامبەرەکەی خۆت، یانی دوژمنم لە کاک فوئاد بینی. هیچ کاتێک نەبوو، کە پاش بەینێک قسەکردن، هەست نەکەم کە ڕەئیسی زیندان، یان ئەو کەسەی لەگەڵ ئێمە خەریکی گفتوگۆ بوو، چۆتە گۆشەیەکی دیوار، گیری خواردووە هیچ ڕێگەیەکی تری بۆ نەماوەتەوە، لەباری ڕۆحییەوە نەک چەک کراوە، بە بچووکی و حەقارەتی خۆی گەیشتووە. لەبیرم دێ سیگارێکی دەپێچاوە و دەستی دەکرد بە سیگار کێشان و قسەکردن لەگەڵمان. ئەوەبوو مانی بیست وچوار ڕۆژەمان گرت لەخواردن. پێموابێ بیست و یەک ڕۆژی مانگرتنی تەڕمان بوو، کە ژەمی یەک چای شیرینمان دەخوارد. لە هەموو داواکانماندا سەرکەوتین. خاجی سووری جیهانی هاتن، کتێبمان داوا دەکرد، ڕادیۆی دوو مەوجمان داوادەکرد، ڕۆژنامە بەبێ ئەوەی هەواڵەکانی لێ ببڕن، هەموویمان وەرگرت.
بەو شناختەی بووم لە کاک فوئاد، وەک ئیسانێکی ڕەهبەر، ئینسانێک کە دەزانێ چی بکا. پێموایە هەموو ئەوانەی لەکاک فوئاد نزیک بوون، ئەو هەستەیان بووە.

**مەلەکە:** دەتوانم بڵێم، کۆمەڵە لەو دەگمەن ڕێکخراوانە بوو، کە ڕفاقەت و سەمیمیەت و خۆشەویستیەکی قورس و قایم بوو لەناو ئێمەدا. لەوەدا هیچ شک و تەردید ناکەم، فەقەت ئەوەی جێی داخە بۆمن، تەنها مەسەلەی کاک فوئاد نییە، هەر ڕەهبەرێکی گەورەی کۆمەڵە تێداچوو، نازانم ناوی بنێم کەم تەرخەمی، سەهل ئەنگاری. مەسەلەن کاک حەمەحوسێن کەریمی بۆ دەبێ ئەو لە ڕیزی پێشەوەی گرتنی شارەبانیدا بێت! زۆر کەس لە تۆفیق گرژاڵی واقیعەن شکی کرد، من ناڵێم هەڵیانواسیبایە، بەڵام دەچێ لە پارێزگاری کومیتەی ناوەندیدا دەمێنێتەوە! مەرگی دوکتور جەعفەر، دوکتورێک پێشمەرگەی ناو یەکێتی بوو دەوڵەتی بەعس دەیزانی ڕابیتەی کۆمەڵە و یەکێتی چۆنە، بۆ بەوشێوە بەڕێکرا، کە ئاکامەکەی ببێ بە تیاچوونی. ناڵێم کەسێک قەستێکی خراپی هەبووە. بەڵام بەڕاستی هەمیشە دوای ئەوەی بەداخەوە کەسەکان تێدادەچن، ئەو وەختە دەزانین ئەو کەسە کێ بوو، چ پێگەیەکی هەبوو، چەندە گرینگ بوو.
**کاک حەمە:** وایە، بەهەر حاڵ بەهای زۆرماندا تا فێربووین.

**مەلەکە:** زۆر سپاس کاک حەمە گیان، زۆر زۆر مەمنون بۆ ئەو کاتەی پێتداین.

❊❊❊❊

مەلەکە و حیشمەت ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.



# گفتوگۆ لەگەڵ کاک مەلا بەختیار سەبارەت بە مەرگی کاک فوئاد

**٢٠١٢/٤/١٨**

**مەلەکە:** جەنابی کاک مەلا بەختیار زۆر سپاستان دەکەین بۆ ئەو دەرفەتە کە بە ئێمەتان دا.

**مەلا بەختیار:** بەخێر بێن سەرچاو، لە خزمەتدام.

**مەلەکە:** ئێمە بەڕاستی بە درێژایی ئەو سی ساڵە ، ڕووداوی مەرگی کاک فوئاد مەسئەلە بووە بۆمان. هیچ وەخت جوابمان وەر نەگرتووەتەوە. ئەوانەی لە سەفەرەکەدا لە گەڵ کاک فوئاد بوون، سێ کەسیان ماون. جۆرێک دژگوتن

هەیە لە گێڕانەوەکانیاندا. ئەوەی کاک برایم جەلال باسی دەکات لە گەڵ قسەی ئەوانی تر، وەک یەک نییە.
**مەلا بەختیار**: ئیسرار مەکەن لە قسەی ئیبرایم جەلال. ئیبرایم جەلال هەموو شتەکانی هەڵگێڕاوەتەوە. یانی لە حەیبەتی خۆی، ئەزانێت کە دەوری نەبووە و نەیتوانیوە کارێک بکا، بۆ ئەوەی بتوانێ ئێستا باسی بکا، شتەکانی هەڵگێڕاوەتەوە.

**مەلەکە:** ئێمە ڕاستیەکەی زۆرتر ئەمانەوێت جواب بۆ خۆمان وەربگرینەوە، نەک ئەوە کەسێک تۆمەتبار بکەین، یا شتێک بە کەسێک بڵێین.
یەکێک لە پرسیارەکانمان ئەوەیە کە مانگی هەشتی ١٩٧٩ ئێوە لە بانە بوون؟
**مەلا بەختیار:** ماوەیەکی کەم لە بانە بووم. زۆر نا! پێموابێت چوار پێنج ڕۆژێک لە بانە بووم.

**مەلەکە:** چیبوو ئەو تەسمیمە گیرا، ئەو هاو کارییە لە نێوان کۆمەڵە و یەکێتی لە گەڵ کۆمەڵەی ئێراندا ببێت؟
**مەلا بەختیار:** مەسەلەی هاوکاری یا پشتیوانی لە لایەن ئێمەوە مەسەلەیەکی ئایدئۆلۆژی بوو. مەسەلەیەکی مادەیی بوو بۆ ئێمە. کە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەرپا بوو، بڕیاری کۆمەڵە و مەکتەبی سیاسی و جەنابی مام جەلال ئەوە بوو کە هەموو قودرەتی خۆمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی، ئەو ڕاپەڕینە لە سەر سەتحی کوللی ئێران سەرکەوتن بە دەست بێنێت و کوردستانی ئێرانیش لەم ڕاپەڕینەدا ئەو پەڕەکەی سود وەر گرێت. کاتێک شا ڕووخا و ڕووداوەکان بەو شێوەیە شکانەوە کە ئێوە دەزانن بە بێگومان، ئێمە وەک کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان چەپ بووین بە تەبیعەتی حاڵ ڕێکخراوەیەک کە لەو دیو، هاو شێوەی ئێمە دروست دەبێت، چەپ دەبێت، ساڵێکیش دەبێت دامەزراون، ئێمە لە ڕووی بابەتیەوە یەک دەگرێنەوە و دەچینە سەنگەرێکەوە. لە بەر ئەوە، بە بەردەوامی ئێمە هەوڵمان داوە کە هەم بزووتنەوەی دێموکراسی ئازادیخوازی کورد سەر کەوێت و هەمیش لە ناو ئەو بزووتنەوەیەدا کۆمەڵە بە هێز بێت. مەعلوومە ئەم قسەیە!
**حیشمەت**: لەو سەردەمەدا دەڵێن کە جەنابی مام جەلال ومامۆستاشێخ

عێزەدین حوسەینی و دوکتور قاسملو و کاک فوئاد و چەند حیزبی پچووکیتر کۆبوونەوەیەکیان بووە، دوای هێرشەکە. ئایا ئاگاداری ئەو کۆبوونەوە بوویت لە بانە؟

**مەلا بەختیار:** نەخێر، من لەوێ نەبووم.

**مەلەکە**: ئێوە ئاگاداری ئەوە هەن، ئەو سەردەمە مانگی هەشتی ١٩٧٩ کام هێزی نیزامی کۆمەڵەی ڕەنجدەران قەرار بوو بێتە یارمەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێر لە ئێران؟

**مەلا بەختیار:** هەرچی هێزی ئێمە هەبوو یانی هەموو هێزەکانی شارەزوور، هەموو هێزەکانی شارباژێڕ و هەورامان و ئەوانە، بڕیاردرا بچن بۆ کۆمەکیان.

**مەلەکە:** من خۆم لە مەریوان بووم. لە کاتی کۆچی مەریوان و ڕووداوەکانی ناو شار و خەباتێک کە لە مەریوان دەکرا باش لە بیرمە زۆر لە کادرەکانی یەکێتی لەوێ بوون. کاک بەکر حاجی سەفەر،کاک حەمەی حاجی مەحموود، کاک جەماڵی حەمەی خواکەرەم بوون.

**مەلا بەختیار:** مامۆستا سەرکەوت بوو، بابە تاهیر، مامۆستا پشکۆ، جەماڵی حەمەی خواکەرەم، غەفوور دەرەشیشی و زۆرێک لە فەرماندەکانی ئێمە لەوێ بوون. ماموستا شاهۆ بوو.

**مەلەکە:** پرسیارەکە بۆ ئێمە ئەوەیە ، ئەمانە زۆرترین هاوکاری و نزیکایەتیان لە گەڵ کاک فوئاد هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، چۆن بوو بڕیاردرا کە کاک برایم جەلال لە بانەوە لە گەڵ کاک فوئاد بچێت بۆ مەریوان؟

**مەلا بەختیار:** شەڕی بانە کاک بەکر سەرپەرەشتی دەکرد. لە حەقیقەتدا من ئەو کاتە لە بانە نەبووم. من لە ڕێپێوانی شاری سنە و شەڕی قەڵای مەریوان و ئەو موشکیلاتە کە لەوێ بوو، ئەو هیزانەی یەکێتی کە لەوێ کۆببوونەوە، من سەرپەرەشتیم دەکردن. هەموو ئەو ماجەرایە دەزانم. بەڵام ئەوەی کە کاک فوئاد ڕۆیشت ، کاک برایمی لە گەڵ ڕۆیشتوە ، بۆ کاک برایم ڕۆیشتوە و کاک هین نەڕۆیشتوە، من ئەمە نازانم. تەنها ئەوەندەم بیستووە لە کۆنفرانسێکی کۆمەڵەو لە چەندین جار کە باس کراوە، کاک فوئاد ویستوویەتی هەندێ لە

پێشمەرگە کانی کۆمەڵە کۆ کاتەوە و بروا بۆ ئیشێک. کاک برایم جەلال پێی گوتوە، پێشمەرگەی بۆ چیە؟ خۆم و مەفرەزەکەم لێرەین، جامن لەگەڵت دێم. کاک فوئاد ئێتر بە قسەی ئەو ئێعتمادی لە سەر کردووە و بردوویەتی لە گەڵ خۆی. من ئەوەندەم بیستووە لە ماجەراکە.

**مەلەکە:** کاک برایم جەلال لە کتێبەکەیدا دەڵێت من دە پێشمەرگەم لە گەڵدا بووە، لەگەڵ کاک فوئاد لە بانەوە چووم بۆ مەریوان. بەڵام کاتێک لە مەریوان دەگەڕێتەوە بۆ بانە ئەو مەفرەزە ناگەڕێتەوە، ئێوە هیچ خەبەرتان هەیە، بۆچی ئەو مەفرەزە نە گەڕاوە؟
**مەلا بەختیار:** نا من ئاگام لی نییە.

**حیشمەت**: لە بیرتە چۆن مەرگی کاک فوئادت بیست؟
**مەلا بەختیار:** بەڵێ لە بیرمە ، لە بیرمە لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵەش باسمان کرد، کە کاک برایم جەلال تەقسیری هەبووە لەو کارەدا. لە کۆبوونەوەی یەکێتی و کۆمەڵەش هەر باسمان کردووە کاتی خۆی، برایم جەلال ئەبوا دەورێکی باشتری بگێڕایە، هیممەتی باشتری بکردایە. قسەکەمان ئەوە بوو، یا نەتگوتایە من ئەو دەپارێزم، یان کە گوتووتە لە کاتی تێکەوتنەکەدا، ئەگەر شەهیدیش بویتایە نەدەبوو، بە جێی بهێلیت. ئاوامان قسە بووە.

**مەلەکە:** ئایا هیچ لێپرسینەوەیەک، .هیچ کۆبوونەوەیەک و هیچ باسێک کرا؟
**مەلا بەختیار**: لە کۆنفرانس وەک مەحکەمە، مەحکەمە کرا.

**مەلەکە:** کاک برایم جەلال لە کتێبەکەیدا دەڵێ کە، کاک سالار عەزیز دوای مەرگی کاک فوئاد، ڕقی لە من بووە. ئێتر بە نەوعێک ناسازگار بووە لە گەڵ مندا. ئێوە هیچ خەبەرتان هەیە، کە ئەمە چۆن بوو، لە سەر چی بوو؟
**مەلا بەختیار:** کاک برایم قسەی زۆر کردووە. بەڵام هیچی ڕاست نییە لە حەقیقەتدا. من بۆ مێژوو دەڵێم. هیچی ئەو قسانە ڕاست نییە. خۆزگا ڕۆژنامەنووسێک یا ئێوە لێی بپرسن تۆ لە گەڵ کی ساز بوویت؟ ئەوە کاک سالار لەگەڵت ساز نەبوو. لەگەڵ کی ساز بووی؟ لە جەنابی مام جەلالەوە تا

ئاخر کەسی سەرکردایەتی کۆمەڵە. خۆ مەعلوومە کاک برایم جەلال بەڕاستی تەبیعەتێکی هەیە کە دۆست بۆ خۆی ناهێڵێتەوە. موشکیلەکەی ئەوەیە کاک برایم. کاک سالاریش ئەو کاتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە، ڕووداوێکی وەک شەهید فوئاد دەبێت، بێگومان ئەویش قسەی تێدا دەکات، ئەویش تووڕە دەبێت، ئەویش ئەپێچێتەوە. تۆ سەیری ئێستا مەکە، سەیری ئەوسا بکە.

**مەلەکە:** ئێمەیش بەڕاستی دەمانەوێ شتەکە وەک خۆی و لە زەمان و مەکانی خۆیدا جێی هەبێت. نەک لە ڕوانگەی ئەمڕۆ و ئێستاوە. کاک برایم جەلال لە کتێبەکەیدا دەڵێ کۆمەڵە و یەکێتی وایان لە گەڵ من هەڵس و کەوت کرد، کە من نەمدەتوانی بچمە کۆنفرانس و بەشدارییبکەم. تا کاتێک کە وەک خۆی ئەڵێ، کۆمەڵەی ئامۆزا ، نامەیەکی بەرائەتی دابە من. جەنابتان هیچ خەبەرتان هەیە لەم نامەیە؟

**مەلا بەختیار:** نا نامەی وا، نە گەیشتوتە ئێمە. من نامەی وام نەخوێندوەتەوە.

**حیشمەت:** جا هەر دەڵێت کە دوای ئەو نامەی بەرائەتە کە درا بە من، ئەو جار ئاسانکاری بۆ من کرا، و حەتتا کۆمەڵەی ئامۆزا داوای کردووە کە من وەک شارەزا و کارزان بێمەوە و یارمەتی کۆمەڵە بدەم.

**مەلا بەختیار:** ئەوەیشم نەبیستووە. ئەگەر نامەکەی لابێت ، یا ئەو کەسانەی لە برادەرانی کۆمەڵەی ئامۆزا ، نامە یەکیان بۆ نوسیبێت، مابن و شاهیدی بۆ بدەن ئەمە مەوزووعێکی ترە. بەڵام من خۆم هەم لە ناوندی کۆمەڵە بووم، هەم لە سەرکردایەتی کۆمەڵە بووم ، نامەی وا بەڕەسمی نەگەیشتوتە ئێمە.

**حیشمەت:** یەکێک لەو شتانە کە بە تەشخیس و بە تەجروبە ئێمە بۆی دەگەڕین، هەرچەند بەڵگەیشمان بۆی نییە،ئەوەیە ئایا بە ڕاستی ئەم ڕووداوە شتێکی بەڕێکەوت بوو، یان نا؟ ئێوە وەک ئەزموونی خۆتان چۆنی هەڵدەسەنگێنن!

**مەلا بەختیار:** من با شتێکتان بە حەقیقی پێبڵێم، هەرچی بکۆڵنەوە لە برایم جەلال لە سەر تەقسیر و ترسنۆکی و ئەوانە حەقی خۆتانە، بەڵام دوور و نزیک بیر لەوە مەکەنەوە ئەم پیاوە گومانی لێ بکەن. چەند کەللەڕەق و ترسنۆکە

ئەوەندەش پاکە لە نیشتمان پەروەریدا. با بۆ تاریخ پێتان بڵێم. گومانتان لە پاکیەتیەکەی نەبێت. یانی تا بڵێی دوورە لە دەست خستنە ناو دەستی دوژمن لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان. ئەمە لە منی وەر گرن، لەوە دڵنیا بن. بە موتڵەقیەتی پێتان بڵێم ئەم پیاوە لەو بارە یەوە زۆر پاکە!

**مەلەکە:** ئەمە ئەزانی واقعەن دڵنیایی بە ئێمە دەبەخشێ. کاک فوئاد دوای ئەوە لە زیندان هاتە دەرەوە یازدە مانگ ژیا. لەو یازدە مانگەدا لە کوردستانی ئێران ئەو شتانەی کاک فوئاد کردی، لە گەڵ ڕێز و ئیحترامم بۆ دانە دانەی ئەو کەسانە کە لە سەر کردایەتی کۆمەڵەدا بوون، بۆ ڕەنجیان بۆ زەحمەتیان بۆ فیداکاریان، ئەوان کاری زۆر گەورەو بەرچاویان کردووە. ئەو شتەی کە هەمیشە مەشغەڵەی مێشکی ئێمەیە، ئەمەیە، ئەو سەردەمە بە دوای کۆچی خەڵکی مەریوان بۆ ئوردووگای کانی میران، زۆرێک لە مەقاماتی دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی هاتنە مەریوان و موزاکەرەیان کرد، ئەو کەسانە زۆر لە نزیکەوە کاک فوئادیان ناسی و دەور و پێگەی ئەویان لە کوردستان بۆ دەرکەوت. شک و گومانی ئێمە ئەوەیە کە ئایا ئەمە پیلانێکی ڕژیم بوو یان نا؟

**مەلا بەختیار:** ئەوندەی من دەیزانم، ئەوەندەی من بیستوومە، ئەوەندەی من برایم جەلال بناسم پیلانی هیچ ڕژیمێک نە بووە.

**حیشمەت:** قسە لە سەر کاک برایم جەلال نییە. خاڵێکی تر هەیە لێرەدا، ئەو کات شارەکان گیراوەتەوە، پاسدارەکان بە دۆشکە و کالیبر پەنجا بە ناو شاردا دەگەڕان، یانی زۆر ئەرخایەن نەبوون لە خۆیان. هێشتا دەستیان بەسەر شارەکەدا نەگرتبوو. جادەکان تەواو نەگیرابوون، هیچ ڕبایە و پاسگایەک دانەنرابوو، لە کوت وپڕێکدا لەو جادەوە ستوونێک ڕێ دەکەوێ دەچنە پاسگای بستام، لەوێ پاسدار دادەبەزێنن، دێنە خوارەوە و دەستدەکەن بە تەقەکردن. ئەمە نیشاندەدات کە حکوومەت کۆمەڵێک زانیاری هەبووە. یان بە ڕێکەوت بووە. زیاتر شتەکان وا ئەنوێنن کە ئەمان بۆ هەدەفێکی دیاریکراو، بۆ مەقسوودێک هاتوون و گەڕاونەتەوە. خۆ دوای ئەویش پایگاکەیان دانەناوە. جاران ڕژیم دەهات شوێنی دەگرت ڕبایەی دادەنا، پایگای دادەنا و جێگیر دەبوو.

**مەلا بەختیار:** ئەمە مومکینە، لە بەر ئەوەی دووربینیان هەیە ، لە گردێک

دیبێتیان، ئەخباری کرابێت، جاسووسێک ببێ، ناوچەکە هەمووی خەڵکی پاک نەبووە ئەو کاتە. ئەمەیان مومکینە. لە تەحقیقات شتێک دەرکەوێ کە ئێوە و ئێمەش هەر بیرمان لێنە کردبێتەوە. من ئەوەی کە پەیوەندی بە من و پەیوەندی بە یەکێتی و پەیوەندی بەوانەوە هەیە ئایا ئەم پیاوەی ئێمە، ئەم کەسەی ئێمە کە ناوی برایم جەلالە لەگەڵ ئەم شەهیدەی ئێوە ئایا ئەمە دەستی هەیە لەو قەزیەدا کە باسی دەکەی یا لە هیچ گومانێکدا لە هیچ مەسەلەیەکی تری ئەم پیاوە هەیە، من بە ویجدانەوە پێتان دەڵێم نا شتی وانییە.

**مەلەکە:** شێخ عوسمان خالیدیش دەڵێ ئەو شەوەی ئێمە لە دێیەکماینەوە خەڵکی دێیەکە پێیان گوتین دوو رۆژە ئەم جادە گیراوە و ناهێڵن هیچ ماشینێک بڕوات. پێم وایە کاک برایم جەلالیش ئیشارە بەمە دەکات. بەڵام لەپڕێکدا ئەم ستوونە دێت. هەڵبەت قسەی ئەم دوو کەسە فەرقی هەیە. شێخ عوسمان خالیدی دەڵێت ستوونێک هات و ڕۆیشتن، ئێمە خۆمان حەشاردا، خۆماندا پەناگا، دوور کەوتنەوە، دوو بارە گەڕانەوە. هاتنەوە سەر ئەو مەوقیعیەتە کە باسی دەکات لە سەر جادەکە بۆ خوارەوە ئێتر ئیستیان دەدەن. دەست دەکەن بە تەقەکردن لێیان. بەڵام کاک برایم جەلال دەڵێ بە هەلیکۆپتەر ئەمانەیان هێنا دایانبەزاندن. دوای ئەم دەرگیریە ئەم هێزە دەوڵەتییە نە لەوێ مایەوە و نە پاسگایان داناوە. ئەمە ئەو شکەی بۆ ئێمە دروست کردووە کە ڕاپۆرتیان لێدابێتن.

**مەلا بەختیار:** ڕەنگە، ڕەنگە!

**مەلەکە:** ئەڵبەت یەک شتی تر کە کاک برایم جەلال لە کتێبەکەدا دەڵێ ئێمە ئەو شەوە لە ماڵێک بووین، دوو کوڕی ئەم ماڵە جاشی جەمهوری ئیسلامی بوون. بەڵام شێخ عوسمان خالیدی دەڵێ شتی وا نەبووە.

**حیشمەت:** چونکوو ئێمە لە گەڵ بەڕیوەبەرانی کۆمەڵە لە ناوچەی مەریوان بە تازەگی قسەمان کردووە. ئەوان دەڵێن قسە و باس کراوە لە گەڵ کادرەکانی کۆمەڵە و گەلاڵەی گرتنی پادگان لە گەڵ یەکێتی هەبووە. ئەو قسانە لە دەرەوەی ماڵەکان کراوە. لەم حاڵەتەدا ئەوانە گرینگ نین کە چەندە جوزئیاتی

شتەکە ڕاستە یان نا. یەکێک لە پرسیارە سەرەکیەکانی ئێمە ئەمەیە: ئەو مەفرەزە پێشمەرگە کە لە گەڵ خۆی بردی بۆ نەگەڕایەوە؟

**مەلا بەختیار:** بە خودا هیچ ئیتلاعێکم نییە. تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەم پیاوە دەزانێ کاریگەریی کارەساتەکە زۆر گەورەیە لە مێژوودا، بە هەموو ڕێگا و شێوە نووسینێک هەوڵیداوە خۆی پاک کاتەوە، گومان لە سەر خۆی نەهێڵی. دەزانم لە سەدا، ٩٥ی قسەکانیشی هەڵبەستووە. بەڵام پاڵدانەکەی چییە، هی ئەوە نییە کەخۆی پیاوێکی خائینە، پاڵدانەکەی ئەوەیە کە خۆی تەقسیرێکی گەورەی هەیە لە کارەکەدا.

**مەلەکە:** ئێمە پرسیارەکانمان تەواو بوو. پێم خۆشە ئەگەر خاترەیەک، بیرەوەرێک، شتێکت لە کاک فوئاد هەیە، باسی بکەیت.

**مەلا بەختیار:** چەندین خاترەم هەیە. خاترەی هەرە گرینگ ئەوەیە، ئەو ڕێپێوانەکەی سنە لە ناوچەی مەریوان بووم. پازدە شازدە ڕۆژ لەو مەنتەقەیە بووم. هەموو ڕۆژێک یەکترمان ئەبینی. ئەوە یەکەمین تێکەڵاوبوونی زۆرم بوو لە گەڵ کاک فوئاددا. ئەمبینی کە پیاوێکی زۆر خاکی، شۆڕشگێڕ هەموو گیانی حەماسەت بوو. زۆر زۆر باوەڕی بە ڕێبازی خۆی بوو. باوەڕی بە کرێکاران، بە زەحمەتکێشان، بە بزووتنەوەی ئەو کاتەی جووتیاران هەبوو، بە شووراکان هەبوو. قسەی دەکرد بۆ پێشمەرگە گوێم لێ بوو. قسەی دەکرد بۆ خەڵک گوێم لێبوو. خەڵک زۆر ڕووی تێدەکرد. خەڵکی مەریوان ئەو کاتە لە سەدا هەشتای ڕوویان لە کاک فوئاد بوو. یانی ئەوەندەی من ئەمبینی کەسێکی تریان لە کۆمەڵە بە عینوانی سەرکردەی گەورە، لە حیزبی دێموکرات و ئەوانەش بە ڕاستی هەستم پێنەدەکرد کەس شان لە شانی کاک فوئاد بدات. لە بەر ئەوە دەورێکی گەورەی هەبوو. کەسێک بوو دیار بوو پاشە ڕۆژێکی باشی دەبێت بۆ کۆمەڵە، بۆ دێموکراسی و بۆ مەسەلەی چەپ. لە بەر ئەوە قسەکانیشم هەمووی لە بیرە. کە خەڵکی بۆ مەقاوومەت هان دەدا، خەڵکی بۆ خۆڕاگری هان دەدا، خەڵکی هان دەدا کە " برسیەتی تەحەموول کەن. نەهامەتی تەحەموول کەن. ئەمە سەرەتای خەباتە". ئەو کاتە قسەی لە سەر جەمهوری ئیسلامی زۆر بوو. "ئەمە سەرەتای حەملەی جەمهوری ئیسلامیە. بەردەوام دەبێت ئەم حەملەیە، دەبی ئێمە خۆمان، میللەتەکەمان، هێزەکانمان هەموو ئامادە بین.

هێزی پێشمەرگە دروست کەین. وا بکەین". هێشتا هێزی پێشمەرگە دروست نە ببوو. ئیتر خەڵک لە سنەوە هاتبوون. ماڵ بەماڵ تاک بە تاک دەگەڕا بە سەریاندا. سوپاسی دەکردن، ئاوی بۆ دەبردن و یارمەتی دەدان. وەک پەیامبەرێک دەهاتە بەر چاو بە ڕاستی. ئەو ڕوحیەتەم لێدا دەبینی. تەبعەن ئێمەش لەوێ بۆ کومەکی ئەوان چووبووین. ئەو کاتە ئێمە لە بیرمە دووسەد تا دووسەد و پەنجا پێشمەرگەیەک دەبووین ، کە چووبووین بە هانایانەوە. ئەم بەر و ئەو بەر خەڵکەکەی ڕاگرتبوو، کە ئێمە گەیشتینە مەنتەقەکە. دووسەد سێ سەد کەسی ڕاگرتبوو، ئێمە بە ناوەڕاستیاندا دەڕۆیشتین. خۆیشی لە گەڵیان بوو. شیعارەکەیان ئەمە بوو:

*یەکێتی نیشتمانی پشتیوانی گەلانی!*

هەر ئەمەیان بۆ دەگوتینەوە. پەیوەندیەکی خۆش دروست ببوو لە بەین من و ئەودا. دوایی من نەمبینیەوە، من ڕۆیشتمەوە بۆ کوردستانی خۆمان. بۆ کۆبوونەوەیەک هات بۆ خڕی نێو زەنگ.(خۆی خڕی نێر زەنگە، بەڵام بە هەڵە دەڵێن خڕی ناو زەنگ. زەنگێکی نێرانەیە دەنگەکەی) هات دوو شەو و دوو ڕۆژ لای ئێمە بوو ، میوانی ئێمە بوو لەوێ. موزاکەرە لە سەر زۆر شت کرا. لەسەر وەزعی ئەو کاتە. جەنابی مام جەلال و جەنابی کاک نەوشیروان و هەموومان لە گەڵی دانیشتین. وەفدێکی گەورەی لەگەڵ بوو. ئێتر قسەی زۆرمان کرد. لەبیرمە هەوەڵ شەو هات بۆ لای من، من هەندێ فیشەکی دەمانچەم پێ بوو. ئەویش دەمانچەیەکی بوو وتم کاکە من فیشکم هەیە و دەمانچەم نییە و تۆش دەمانچەت هەیە و فیشکت کەمە. فیشەکەکانم دایە. هەر لە ژوورەکەی من بوو ، لە بارەگاکەی من بوو ئەو شەوێ کە گەیشت تا بەیانی . بەیانیش کۆبوونەوەکان دەستی پێکرد. هەر قسەوباس لە سەر ئەوە بوو کە، ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەڕوات. دیموکرات چیدەکات؟ کۆمەڵە چی بکات؟ جمهوری ئیسلامی چیدەکات؟ ئەو قسانە دەکرا. لە تاران ئەنواعی قسە دەکرا. لە تاران حکوومەت نەبوو. جارێ هەڵبژاردن نەببوو. هێشتا ویلایەتی فەقییە هەڵنەبژێردرا بوو. بەنیسەدر نە ببوو بە رەئیس جەمهور. هەر کەسێک بۆ خۆی بوو. هەر شەقامێک حکومەتێکی هەبوو لە تاراندا. ئێتر ئێمە ڕەئیمان وابوو کە ئەگەر دەوڵەت دەرگای موزاکەرەی کردەوە، ئێوە دای مەخەن. موزاکەرە بکەن. خۆتان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کە موزاکەرە بکەن. بەڵام چیشتان

پێدەکرێت بۆ ڕێکخستنی خۆتان، خۆتان ڕێک بخەن، خۆتان ئامادە بکەن بۆ هەموو ڕووداوێک، بۆ هەموو ئەگەرێک لەو ئەگەرانە کە دێتە پێش. کاک فوئاد پیاوێکی بە پڕنسیب بوو. تازە دەرکەوتبوو کاک فوئاد. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا، شەخسیەتی خۆی جوان دەپاراست لە کۆبونەوەکەدا. بەڕیک و پێکی قسەی کرد. بە پڕنسیبەوە قسەی کرد. بە دیپلۆماسی قسەی دەکرد. " ئیتیکتی" کۆبوونەوە، بە ئوسووڵ قسەی کردن، بە ڕێک وپێکی قسەکردن، ئەیزانی ئەمە کۆبوونەوەی حیزبەکانە، موزاکەرە لە لەگەڵ دەولەتدا، دەبێ شێوەی قسەکردن چۆن بێت، شێوەی دەربڕین چۆن بێت! هەستم نەکرد هەڵەیەکی کردبێ لە کۆبوونەوەکەدا. جارێکی تریش بینیم. چاک لە سەر خەیاڵ نیم لە کوێ. هەروا سەعاتێک بە یەکەوە بووین. ئێتر قسەمان لە سەر کۆمەڵەکان، کۆنگرە دەبەستن یا نایبەستن! ئیدئۆلۆژیەتی کۆمەڵە و مائویزم دەمێنێت یا نامێنێت. قسە هەمووی لە سەر ئەوە بوو ئەو کاتە. یانی ئایدئۆلۆژیەت مەسەلەیەکی مەترەح بوو لە ناو کۆمەڵەی ئێراندا.

ئێتر تا ئەو ڕووداوە ناخۆشەمان بیست بەڕاستی. یانی من خۆم ئێستاش دەڵێم بۆ مێژوو، کاک فوئاد بمایە بێگومان ئێستا دەبوو بە شەخسیەتێکی زۆر زۆر گەورە، ئینجا کۆمەڵەش ناتوانم پێش بینی بکەم بڵێم هیچ موشکیلەی نەدەبوو. بەڵام دڵنیام دوو شت نەدەبوو. یەکێکیان نەدەبوو بە حیزبی کۆمونیستی ئێران و یان ئەگەر خەڵکێکیش لە کۆمەڵە ببوایە نەیدەتوانی کۆمەڵە ببا بۆ ناو حیزبی کۆمونیست. جەماعەتی بچووکی توندڕەو دەچوون لە گەڵ ئەوان ئیشیان دەکرد. بەدڵنیاییەوە کۆمەڵە بە کوردستانی دەمایەوە. دووهەمیش ئەم ئینشعابانە کە ئێستا ڕوویداوە بە خودا ئەمە زۆر زەحمەت بوو، بەم نەوعە ڕووبدا. من ناتوانم زەمانەت بدەم کە بڵێم هەر هیچ ڕووی نەدەدا، بەڵام لە سەدا هەشتای ئەمە ڕووی نەدەدا کە ئێستا دەیبینین. دەتوانم ئەوەندە بڵێم بە ڕاستی خەسارێکی گەورە بوو. بە داخێکی زۆرەوە. پاشە ڕۆژ بزانین چۆن هەڵدەستیتەوە وەزعەکە.

**مەلەکە:** سپاسی بێ پایان و زۆر مەمنون.

**مەلا بەختیار:** نا نا ، مەلەکە خانم ، سەر چاوەکانم!

❊❊❊❊

مەلەکە و حیشمەت ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.



# گفتوگۆ لەگەڵ کاک موحسین ڕەحیمی

**٢٠١٣/١/١**

**حیشمەت:** کاک موحسن تکایە سەبارەت بە ئاشنایی خۆت و چۆنییەتی ناسینی کاک فوئاد قسەمان بۆ بکە.

**کاک موحسن:** بەداخەوە ماوەی ناسینی کاک فوئاد بۆمن زۆر کورت بوو؛ هەرچەند تەئسیراتی درێژ خایەنی هەبوو؛ لەوانەیە بەشێک لەگرینگترین دەورانی ژیانی من بووبێت، بەڵام ماوەکەی زۆرکورت بوو. یەکەم ئاشنایەتیمان لەگەڵ کاک فوئاد، لە کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەدابوو.

کە ئەوەڵین کۆنگرەمان بەست، نیوەی لە نەغەدە بوو، نیوەی لە ماڵی کاک

ساعد وەتەندوست لە سنە، کاک فوئادیش تێیدا بەشدار بوو. من پێشتر کاک فوئادم نەدەناسی، هەر سابیقەیشیم نەبیتسبوو، چونکوو لەبەر شێوەکاری نەهێنی ئەو سەردەمە، هیچ کەس سەبارەت بە ئەو زانیاری بە من نەدابوو. منیش بۆخۆم کەسێکی کونجکۆڵ نەبووم؛ لەباری ئەمنیەتییەوە دەستەبەر ببووم و ئەوەم نەدەکرد. بۆیە من تەقریبەن هیچم نەبیستبوو. دواتر کە باسی مەریوان و ئاواییەکان کرا، وەبیرم هاتەوە کە من چوومەتە ئەو مەنتقە، چوومەتە ماڵی ئەوان، بەڵام نەمدەزانی ئەو کێیە.

من هەروا زۆر بەهەڵکەوت لەگەڵ یەک دوو خوێندکاری خەڵکی دەوروبەری ئاوایی ئاڵمانە ئاشنا ببووم، لەگەڵ ئەواندا چبووین. کە خۆپیشاندان لە شارە گەورەکان بوو، تەشکیلاتی نەهێنی ئەودەمی کۆمەڵە، زۆر بە پرژو بڵاویی و بێ بەرنامە کاری دەکرد. مەسەلەن ئەو دەم کەسانێکی وەک کاک حەمە حوسەین کەریمی و کاک حەمەسوور لە دێیەکی پەرتی مەنگوڕان دانیشتبوون. کاک حەمە حوسەین هەر خەریکی کۆڵ کێشی بوو، یان مەسەلەن من ماوەیەک ناردمیان بۆ کرێکاری لە سنە، کە ماوەیەکی کەم توانیم کاربکەم، نەخۆش کەوتم. ئەمە لە کاتێکدا کە شارەکان جەنگەی خەبات و خۆپیشاندانبوو، بەڵام ئێمە لەو سۆنگەوە کەمێک پەرت بووین. هەرچەند زۆرێک لە کادرەکانی ئەو دەمی کۆمەڵە، کەسانی بە نفووز بوون لە شارەکەیان، خۆشەویست بوون، لاوانێکی شۆڕشگێڕی زۆریان بە دەورەوە بوو. بەڵام لە عەینی حاڵدا، بەگشتی لەوەدا کە تەشخیسی ئەو دۆخە سیاسییە بدەین و کارێکی موشتەرەک لە سەر ئەو وەزعە بکەین، زۆر لە دوابووین.

بە هەرحاڵ، لە جەلەسەکەدا ئێمە ئاشنا بووین. بەڵام ئەو کەسەی ڕەخنەی هەبوو لەسەر ئەو شێوە کارە و دەیگوت دەبێ کادرەکان بێنەوە شارەکان، شارەکان مەرکەزی خەباتە، ئەوە کاک فوئاد بوو. ڕەخنەی زۆری هەبوو لەو وەزعەی کە ئێمە بوومان. من هیچ نەمدەزانی ڕابردووی ئەو لە گەڵ ئەویتر کە لە شوێنێکی ترەوە هاتووە فەرقی چییە. بەڵام لەو جەلەسەیەدا مەعلووم بوو کە کاک فوئاد ڕێبەری ئەسڵی ئەو جەرەیانەیە. هەڵبەت کاک فوئاد سەرەتا لەگەڵ ئەوەی ڕێزی بوو بۆ هەمووی ئەندامانی کۆنگرەکە، بۆ زەحمەت و تێکۆشانی هەمووان، بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەو بۆ خۆی ساخ نەبوو کە ئایا ئەو جەمعە دەبێ دیسان پێکەوە کار بکەن و لە ئیدامەیدا دەبێتە مەرکەزی

کۆمەڵە یان نا. دەیگوت من لە زۆرشت ڕازی نیم و پێموایە زۆر شت ئەوجۆرەی کە دەبوو بکرێت، نەکراوە. لەعەینی حاڵدا دەزانم تواناییگەلێکی دیاریکراو هەیە لەو جەمعەدا، لەو کۆنگرەیەدا. دیارە ئەوە دواتر ناوی لێنرا کۆنگرە، دەنا سەرەتا هەر وەک کۆبوونەوەیەکی گشتی ناوی لێ نرابوو. بەڵام پرۆسەی کارەکە واچووە پێشێ، لەئاخرەکەیدا ئەو ڕازی بوو و گوتی سەرەڕای ئەو کەم و کوورییەی هەمووومان، دیسانیش موناسبترین جەمعێکین کە پێکەوە کار بکەین. هەر لەوێشدا کۆمیتەیەک هەڵبژێردرا.

**حیشمەت:** لەبیرتە ئەندامانی کومیتەکە کێ بوون؟

**کاک موحسن:** وەک من لە بیرم بێت، کاک فوئادبوو، سەیدبرایم و عەبدوڵڵا. جێگریش هەبوون؛ یەکێکیان من بووم. ئەوی تریان لەوانەیە کاک ساعد بووبێت. لەو جەلەسەیەدا سەرەتا زۆر کەس ئیختیلافیان هەبوو لەگەڵ یەک. خۆی ڕێکخراوەی نەهێنی لە زۆرشتدا سەراحەتی نییە، ئەو فەرهەنگەی ئێمەیش لێی هاتووینە دەرێ، کولتوورێکی دێموکراتیک نییە. زۆرجار مەسائیلی سیاسی سەریح باس ناکرێت. مەسائیلی چکۆلە دەبێتە موشکیلە و ئیختیلافاتی ناوخۆیی. من لە بیرمە لە کومیتەگەلێکدا، لە کۆبوونەوەیەکدا ئیختیلافی توند لە سەر شتێکی چکۆڵە دەهاتە پێش. جاری وابوو ئەو شتە چکۆلانە هێندە دووبارە دەبوونەوە، متمانەی ئینسانەکانی بەنیسبەت یەک کەم دەکردەوە. بەڵام دیسان ڕووڕاستی و لێبڕاوی هەمووومان بۆ ئەو خەباتە وابوو کە ئەو دەمیش تەردیدی لە مندا دروست نەدەکرد.

لەو جەلەسەیەدا ئەو ئیختیلافات و دەستەگەرییە بە شێوەی جۆراوجۆر هەبوو. ئەو دەم کەسانێک یەکتریان خۆش نەدەویست، هی وابوو لەسەر شتی چکۆلە نێوان ناخۆشییان هەبوو. لێرەدا کاک فوئاد دەورێکی زۆر زۆر موسبەتی نواند، کە چکۆلە بوونی ئەو ئیختیلافانە و گەورەیی ئامانجەکەی خستە بەر چاوی هەمووان، و بۆ هەر کامەی بە شتێکی موشەخەس، جاری وابوو بەشۆخی، جاری وابوو بەشتی جیددی، بە باسێکی توند قسەکەی دەکرد. وابوو لە ئاخرەکەیدا، تەقریبەن هەمووومان ئەو وردە ئیختیلافاتانەمان وەلا نا. یەکێک لەوانە من بۆخۆم بووم لەگەڵ هاوڕێیەک، کە دوایە هیچ نەما و زۆر بووین بە هاوڕێی نزیک.

تایبەتمەندییەکی کاک فوئاد لەوێدا ئەوەبوو کە ئەو ڕەهبەری ئەوە بوو کە ئەو ئیختیلافاتە کەم بکات و ئەو یەکگرتووییە دروست بکا. بەگشتی نەخشە ڕێگایەک دانرا هەر لەوێ، کە چی دەبێ بکەین، هەر کەس بچێتەوە شارەکەی خۆی چی بکات. لە هەموو ئەوانەدا من پێموایە ئەو دەوری ئەسڵی هەبوو، و ئەگەر ئەو نەبوایە، بێگومان ئەو ئاکام و یەکدڵییە، هەم لە باری بەرنامەیەکی سیاسی کە دبوایە بیبەینە پێش، هەم لە باری ئەوەی کە پێکەوە بە هاودڵییەوە کاربکەین، قەتعەن پێش نەدەهات. دەتوانم بڵێم کەسی دیکە نەبوو بێتە پێش؛ ئەو تەنیا کەسێک بوو هاتە پێشێ. دیارە هەموو پێشوازیمان لێکرد. بەڵام باقییەکەمان کەم و زۆر بەشێک بووین لە پایەی ئیختیلافاتەکە، کە دەبوو جێبەجێی کەین. بەڵام ئەو لەوێدا بە منی نیشاندا کە دڵێکی زۆر گەورەتری هەیە و ئامانجەکانی زۆر گەورەترن لەوەی شتی چکۆلە بتوانن مانعی بن. لە نەتیجەدا دەیتوانی ڕازیمان بکات کە ئەوانە فەرامۆش بکەین و لەسەر شتی ئەساسیتر یەکگرتوو بین.

ئەو دەوری یەکگرتنەوەیە کە لە کاک فوئادا هەبوو، یەکەم جار من لەناو خۆماندا دیتم. دوایی مەعلووم بوو لە ئاستی کۆمەڵگایشدا ئەو دەورەی هەبوو. ئەو نەیدەویست دوژمن زیادبێت، دەیویست ڕیزەکانی خەڵک بە باشترین شێوە یەکگرتوو بن.

دوای ئەوەش چەند جارێک کۆبوونەوەمان هەبوو. جارێک هاتە مەهاباد کۆبوونهوەی هەیئەتی ئیجرایمان بوو، لە سەر زۆرێک لە مەسائیل، کە زۆر بە باشی لە بیرم نییە، بەڵام مەسائیلی گرینگ بوون، قسەو باسمان کرد. دوای شەری نەغەدە من لە شەڕەکەدا گیرم کردبوو. کە هاتینەوە، لە جەلەسەیەکدا ئەومان لە مەهاباد بینی. دوایە لە مەهاباد لەسەر شەڕی نەغەدە کۆبوونەوەیەک بوو، پرسیار و وڵام بوو، کاک فوئاد نەزەراتی خۆی گوت.

**حیشمەت:** لە جەرەیانی کۆچەکەدا تۆ هیچ هاتی بۆ مەریوان و ئەو دەوروبەرە؟

**کاک موحسن:** نا، من مەشغوڵ بووم بەکاروباری خۆم لەنەغەدەو دەوروبەر. بەتایبەت کە شەڕی نەغەدە پێشهات مەجال نەبوو. بەڵام هەموو ئاگامان لێ بوو چی دەگوزەرێت لە مەریوان و مەسەلەی یەکیەتی جووتیاران و مەسائیلی دوای ئەو. لە کۆبوونەوەکانی کە دەمان بوو، کاک فوئاد باشی ئەوەبوو، گوزارش و

تەجرەبەکانی بە وردی بە ئێمە دەدا. شێوەیەک لەکاری عەمەلی کە باوەڕی پێی بوو، بۆئەوەی هەم هاوڕێکانی ئەو تەجروبانە وەربگرن، هەم بەو جۆرە هاو نەزەر و موتەحید پەیدا بکەن، ئەوەی بەکاردەبرد. تەجروبەی یەکیەتی جووتیاران بوو بە هۆی ئەوەی کە ئێمەش لە شوێنەکانیتر هەوڵمان دا ئەوە دروست کەین. هەڵبەت بەو ئەندازە لە هیچ کوێ سەرکەوتوو نەبوو.

**حیشمەت:** پرسیاری ئەسڵیمان لە جەرەیانی شەهید بوونی کاک فوئاد دایە، کە تا ئێستا لە نووسراوەکانی کۆمەڵەدا هەروەک ڕووداوێکی بە ڕێکەوت باسکراوە. بەڵام شتگەلیک نیشاندەدا، کە دەتوانێت تەوتیئەیەکی داڕێژراو بێت. ئەگەر شتێکت لە بیربێت لەو سەردەمە. تۆ چۆن ئەو ڕووداوە هەڵدەسەنگێنی. ئەسڵەن بووی لە جەرەیاندا؟

**کاک موحسن:** ئەمن لە جەرەیانەکەیدا نەبووم. کاتێک کەخەبەرەکە لە ڕادیۆی جمهوری ئیسلامی بڵاوبۆوە، من لە قەڵاتان بووم. ڕادیۆ ئەو خەبەرەی خویندەوە لە ئەوەڵی بەرنامەکەوە، وەکوو فەتحێکی زۆر گەورەیان کردبێت. من ڕاستیەکەی ئەژنۆم شکا. من ئەو دەم ئێحساسم کرد، (ئەو کەسانەی لە وێ بوون، کە ئەو دەم کادری لاو بوون و تازە دەستیان پێکردبوو، لەوێ لە گەڵم باسکردن)، ئەوان وەبیرم دێننەوە کاتێک نیگەرانی منیان دی، گوتیان بۆ نیگەرانی؟ بۆم باسکردن. گوتم ئێحساسی هەتیوی دەکەم ئێستا، قەت ئەو ئێحساسەم نەبووە، وەک منداڵێک باوکی لە دەست بدا چ حاڵەتێکی دەبێ لە باری نائومێدیەوە، لە باری سیاسییەوە، منیش ئەو حاڵەتەم لێ پەیدابوو. چونکە ئەودەم تەنیا کەسێک کە من ئێحساسم دەکرد دەتوانێ ڕەهبەری کۆمەڵە بە دەستەوە بگرێ و قسەیەکی زیاتر لە خەڵکی دەزانی، کاک فوئاد بوو. کاتێک ئەو نەما، نمدەزانی چی ڕوودەدا، ئەوە فاجیعەیەکی زۆر گەورە بوو هەر بۆ شەخسی خۆشم.

کە ئەو خەبەرەم بیست، چووم بۆ ناوچەی بانە جەماعەت لەوێ کۆببوونەوە. ئەوەندەی ئاگام لێی بێت، پێداچوونەوە نەکرا. دەلیلەکەی، شایەد وەزعەکە ئەو دەم وابوو. مەجال نەبوو، ئەرتەش لە هەموو لایەکەوە پێشڕەوی دەکرد، ئێمە لە هەموو جێگایەک لە پاشەکشێدا بووین، مومکین بوو هەر زەمان خەڵکی تر تێدا بچن. یان ئەودەم جەماعەتێک کە لەوێ، لە مەنتەقەی بانە بوون زۆرتر ئەوان لێیان کۆڵیبێتەوە، نازانم.

**حیشمەت:** یانی قەت نەبووە بە پرسیار بۆچی تەنانەت یەک پێشمەرگەی کۆمەڵەی لەگەڵ نەبووە، چۆن بووە چۆتەوە، ئەسڵەن ئەو باسانە نەکراون؟

**کاک موحسن:** من لە باسێکی فەعالی ئاوادا نەبووم، بۆیە دەڵێم تێگەیشتنی گشتی ئەوە بوو کە بە ڕێکەوت بوو، کە کەمتەرخەمی بوو لە لایەن هاوڕێکانیەوە، لە لایەن خۆشیەوە. لە عەینی حاڵدا ئەهمیەتی ئەوەمان بۆ دەرنەکەوتبوو کە جمهوری ئیسلامی چەندە پێی حەساسە. واقیعەن ئەودەم هەر زیاتر بۆمان مەعلووم بوو کە جمهوری ئیسلامی ئەوی بە ڕەهبەری واقیعی کۆمەڵە دەناسی و لە بەین بردنی ئەوی ئێجگار زۆر بۆ موهیم بوو.

بەڵام ئیدی من وەبیرم نایەت کە ئەوە بووبێت بە باسێک. دیارە گوتمان دەبێ ئاگامان لەباقی کادرەکان بێت، ئەوە بەسەرهاتووە و تازە جوبران نابێتەوە. لەو وەزعەیشدا بەعزێک کەس خەتای دەخستە سەر ئەوە، بۆ فلان کەسە بەجێی هێشت، فلان کەسە فلان بوو. بەڵام من پێموایە ئەساسی شتەکە دەبێتە سەر ئەوە، نە کاک فوئاد ئەهمییەتی خۆی دەزانی لە بزووتنەوەی کوردستاندا، نە ئێمە ئەهمییەتی ئەومان دەزانی.

کوللەن ئەوەی ئێستا من خۆم باوەڕم پێیەتی، یەک ڕەهبەر زۆر جار دەتوانێ مێژوو بگۆڕێت. ماندێللایەک تاریخی گۆڕی. یەکی وەک مام جەلال چاو لێبکەی، سەردەمانێک دەوری زۆر گەورەی هەبووە. یان مەسەلەن لە دەوری یەک ئۆپۆزیسیون وەک گۆڕان چاولێبکەین، کەسێکی وەک کاک نەوشیروان توانی کولتوری ئۆپۆزیسیون دابمەزرێنێت، سەرەڕای هەر بۆچوونێک کە هەیبێت، بەڵام کارێکی زۆر گەورەبوو. من دەمێکە بەوە گەیشتووم، کە یەک نەفەر دەتوانێت تاریخ بگۆڕێت. شایەد ئەو دەم ئەو ئەقڵەم بوایە، جۆرێکی دیکەم کردبایە، فشارێکم بهێنایە باشتر پارێزگاری لێبکرایە، چەندەش موەفەق دەبووم، نازانم. بەڵام ئەودەم ئەو ئەقڵییەتە نەبوو. ئێمە زۆر شۆڕشگێڕ بووین و لە هەمووان زۆرتریش کاک فوئاد. بەگشتی ئێمە زۆر گرینگیمان بە خۆمان نەدەدا، ئەوەش ڕاستییەک بوو. جا بۆیە لەو بۆشایی تێنەگەیشتن لە نەقشی ئەو کەسە لە لایەن خودی کاک فوئاد و لەلایەن ئێمەمانانەوە، لە بەرامبەردا لێزانانی جمهوری ئیسلامی گرینگییان بەو داوە و دەیانویست کە ئەو تێدابچێت.

**حیشمەت:** بەڵام تۆ خۆت لە وردەکارییەکانی ئەو باسەی کە چۆن تەسمیم گیرا

و بۆچی چووەتەوە مەریوان و چۆن بووە ئاگادار بوویت؟
**کاک موحسن:** نا من ئەسڵەن بێخەبەر بووم لەوانە. تا ئەوەی شەهیدکرا و خەبەرەکەیم لە ڕادیۆ بیست جا زانیم.

**حیشمەت:** تۆ خۆت ئەو نەبوونە، ئەو بۆشاییەت چۆن دەدی؟
**کاک موحسن:** ئەو بۆشاییە بوو بەوەی کە ئەو متمانە بە خۆیە لە ناو ڕەهبەری کۆمەڵەدا نەما. ڕەهبەری کۆمەڵە پێی وا نەبوو ئیدی دەتوانیت ڕەهبەری بکات. ئارەزوم دەکرد کەسانێک هەبن، شتێک هەبێ بیکەن، کەسانێک توودارتر بوون و مومکین بوو نەی کەن، بەڵام ئەو بێ باوەڕییە لە ئاستی تەشکیلاتی کۆمەڵەدا هەبوو. ئەوە بوو کە ڕەهبەری کۆمەڵە بە شیددەت لە فکری ئەوە دابوو، هاوپەیمانێک پەیدابکات، لە هاوڕێیەک دەگەڕا کە ئەو ڕەهبەرییەی خۆی بە سەریاندا بشکێنێت. کە لەو بەینەدا بە داخەوە جەماعەتی ئیتیحادی موبارزانی کۆمونیست و مەنسوورحیکمەت و ئەوان، توانیان تەشخیسی ئەو بۆشاییەی ڕەهبەری کۆمەڵە بدەن. هاتن زۆر زیرەکانە توانیان ئەو بەتاڵاییە پڕ بکەنەوە و دوایە بەو جۆرەی کە بۆ خۆیان باوەڕیان پێبوو، یان ویستیان هانی بدەن.
من دەزانم دوای ئەوە بۆچوونی جۆر بە جۆر هەبوو، کە زۆر هێزی یەکگرتنیان نەما. دوای ماوەیەک گرینگی نەدان بەخەڵک زیاتر بوو، لە ژێر ناوی ئەوەی پێشتر زۆرمان بەقسەی خەڵک کردووەو نەوعێک پۆپۆلیزم و ئەو جۆرەشتانە، دەبێ ئەوە نەبێ. وابوو دوایی ئاکامی پێچەوانەی لە خۆی نیشاندا. بەڵام ئەساسی شتەکە ئەوە بوو، ئێمە لە ڕەهبەر دەگەڕاین، ڕەهبەرمان پەیداکرد. ئیدەی دروست کردنی حیزبی کۆمونیست وەکوو بۆچوونێکی درێژ خایەن هەبوو، تەسەورمان نەدەکرد ئاوا خێرا بکرێت؛ هاتن و هەموومانیان بەو قەناعەتە گەیاند، ئەوەش دروستکرا.
بۆیە من پێموایە لەو دەمەوە کە کاک فوئاد نەما، ئەو ڕێبەرایەتییە کە دەبوو بزانێت کۆمەڵە چۆن بمێنێت و چ بکات، ئێحساس نەکرا. ئایا ئەو بمایە چۆن دەبوو، بە چ لایەکدا دەچوو؟ لەوشەرایتە تازەدا کە دەهاتە پێشێ، کە جەمهوری ئیسلامی وڵاتی گرتبۆوە، کاک فوئاد کاردانەوەی چۆن دەبوو، ئەوە شتێکی زەحمەتە ئینسان بیڵێت.
بەڵام یەک شت دەتوانم بڵێم، کاک فوئاد متمانە بەخۆی زۆر بوو. بۆ خۆی

هێندێک پرنسیپی هەبوو کە زۆر بە پتەویی لەسەری دەڕۆیشت. یەکێک لەوانە ئەوەبوو کە دەبێ خەڵک یەکگرتوو بکات، بە بێ یەکگرتوویی خەڵک سەرناکەوین. من زۆر جار تەسەوری ئەوە دەکەم، ئەگەر ئەو بمایە، زۆر حادیسە پێش دەهات، ئەو نەیدەهێشت تەشەنە بکات. یەکێک لەوانە ئەو دوژمنایەتییە توندەی نیوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات بوو. زۆر لە کادرەکانی دێموکرات، کە هەموو بە نەوعێک ئاشنامان بوون، دەمان توانی تەئسیریان لەسەر دابنێین. وا خۆمان بێگانە نەدەکردەوە. دیارە حیزبی دێموکرات ئەوەی پێخۆش بوو، وەک حیزب وابێت، کە ئێمە لێک نزیک نەبینەوە لەگەڵ کادرەکانیان. بەڵام لە نێو ئێمەشدا کەس ئەوەی نەدەگوت! مەسەلەن لە نەغەدە، هەموو کادرەکانی حیزبی دێموکرات بە نەوعێک ئاشنای ئێمە بوون، دۆستی خۆمان بوون. ئێمە ئەگەر ئەو دوورییەمان لێ نەکردبایەن، زۆر هێزمان پەیدا دەکرد کە نەهێڵین ئەو دوژمنایەتییە وا گەورە بێتەوە.

ئەو هێزە لە کاک فوئاد دا بوو، کە نەهێڵێت وای لێبێت. بەڵام هیچ کەسێکی تر نەبوو بە توانایەکی هاندەر کە نەهێڵین وای لێبێت. یان هێندێک سیاسەتی ڕەقابەتی نەکەین لەگەڵ حیزبی دێموکرات، ئەوان چ دەکەن، ئێمەش عەینەن بچین ئەوە بکەین. وەک ئەوان یارمەتی کۆکەینەوە. هێندێک شت بوو کەمێک منداڵانە دیار بوو.

من پێموایە کاک فوئاد، بەو بۆچوونانەی لەوم هەیە، دەیتوانی پێش بەو شتانە بگرێت. بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەو دەم لاو بووین، تەمەنمان لە نێوان۲۰ تا ۲۷ساڵ بوو. ئەگەر کەسێک بوایە بڕێک دنیای دوورتر دیبا، ئەو دەم دەیتوانی تەئسیری زۆری هەبێت.

**حیشمەت:** لێرەدا تۆ بە دوو خاڵی زۆر گرینگ ئیشارەت کرد؛ یەکەم ئەوە کە کاک فوئاد ڕەهبەری کۆمەڵە بوو، باوەڕی بەخۆی هەبوو، لە سەر پێی خۆی ڕادەوەستا، کە لە نەبوونی ئەودا بە دەرەجەیەک لاواز بوو، یان نەما. دووهەم ئەوە کە هێزی یەکگرتوویی یان لانی کەم ئەوە کە گەورەترین هێزەکان کۆبکاتەوە، بۆ خەباتێکی هاوبەش. من خۆم لە تەئیدی ئەو قسانەی تۆدا، شاهیدی ئەنواع و ئەقسام حەرەکەتی وا بووم، لە مەریوان، کە ئاغاوات و قیادەی موەقەت گەمارۆی شاریان دا، حیزبی دێموکرات بە دیفاع لە یەکیەتی

جووتیاران و شار دەهات، ئەو ئیختیلافە نەبوو. دوای شەهیدبوونی کاک فوئاد، حیزبی دێموکرات وێنەی کاک فوئادی لە مقەرەکەی خۆی دانابوو.

**کاک موحسن:** خوسووسیەتێکی دیکەی ئەوە بوو کە کاک فوئاد تەنیا کەسێک بوو لە کۆمەڵە، هەر کەسێکی دیبوو، تەئسیری لە سەر دانابوو. دیارە هەموو کادرەکانی تریش بە نیسبەتی خۆیان تواناییان هەبوو، بەڵام مەسەلەن بڵێین توانایی خۆمان موقایسە بکەین لەگەڵ کەسێکی وەک مام جەلال. ئەو دەم کە ئێمە گەنج بووین، مام جەلال ڕەهبەرێکی بە تەجرەبەی ئەو دەم بوو. زۆر شتی دەزانی، وەک ئەو دەم لەبیرم بێت، خودی مامجەلال، زۆر کەوتبووە ژێر تەئسیری کاک فوئاد. هەر کام لە کادرەکانی یەکێتی نیشتمانی، لە ڕەهبەرانیان، کە کاک فوئادیان دیبوو هەر وابوون. لە حاڵێکدا ئەوە لەگەڵ باقیەکەماندا وا نەبوو. ئەوانیتر ئینسانگەلێکی شۆڕشگێڕ و لە ئاستێکدا تێگەیشتوو بوون، بەڵام لە زۆر مەجلیسدا هەر ئەودەم کە لە ژیاندا بوو، شتیان لە ڕا و بۆچوونەکانی کاک فوئاد دەگێڕایەوە..

بۆیە من پێموایە ئەو کەمێک لە سەرەوەی کەسەکانی تربوو؛ جا ئایا لە گەشەی ئایندەدا چۆن دەبوو، چۆن نەدەبوو، ئەوە کەس ناتوانێت پێش بینی بکات. ئەگەر کاک فوئاد بمایە، مێژووی شۆڕشی کوردستان لە ئێران لانیکەم وا نەدەبوو. دە کەسی وەکوو منیش نەمابایە، هیچ فەرقی نەدەکرد لە روانگەی منەوە. هەر ئاوا دەهات، چۆن دەیان کادری لە ئاستی وەک مندا شەهیدبوون، ئاڵوگۆڕێکی وا پێک نەهات. بەڵام کاک فوئاد بمایە، مێژوو وا نەدەڕۆیشت. کاک فوئاد بمایە جەماعەتی مەنسوور حیکمەت نەیان دەتوانی بێن ببن بە خاوەنی کۆمەڵە و ئەو بزووتنەوەیە. کاک فوئاد بمایە مەسائیلی چکۆلە و ئیختیلافات و مەقام تەڵەبی کە دیارە لە هەموو بزووتنەوە و لەهەموو جێگایەکدا هەبووە، بەو شکڵە نەدەبوو. بەرژەوەندێکی گەورەتر دەهاتە بەر چاو، ئەوە تەسەورێکە، دەرەنجامێکە کە من بۆ خۆم وەری دەگرم، لەو ماوە کورتەدا، وەنەبێت مەسەلەن من بتێک دروست بکەم. بەڵام دەتوانم بڵێم کاک فوئاد ئەو دەم تەنیا کەسێک بوو زیاتری دەدی، ئەوانەی دیکە هەموو لە ئاستێکدا بوون. بۆیە من پێموایە ئێمە کە کاک فوئادمان لە دەست دا، ڕەهبەرمان لەدەستدا. دوای ئەو کەوتینە بەر بای حەوادیس کە ئێمەی گەیاندە ئەو حاڵەتی ئێستا.

**حیشمەت:** ڕۆژی ۲۰ی پووشپەڕی (تیرماه) ۱۳۵۸ کاک فوئاد لە جەمعییەتی مەهاباد کۆبوونەوەی کردووە. لە کتێبەکەی کاک ڕەشاد دا هەمووی چاپکراوە، کاسێتەکانی هەیە لەسەرسایتی کاک فوئاد. تۆ لە بیرتە باسی پێکهێنانی حیزبی کۆمونیست و شتی وای کردبێت. لە سەر ئەوە خەڵکی کورد حەقی خۆیانیان هەیە، دەبێ بەو مافە بگەن. وەک چەپێک، وەک سوسیالیستێک زۆر ڕۆشن بوو، تۆ لە سەر مەسەلەی میللی، لە ڕابیتە لەگەڵ کاک فوئادا خۆت شتێکت لەبیرە؟

**کاک موحسن:** ئا. بەداخەوە بزووتنەوەکانی ئەودەم لە هەموو دنیا تەقریبەن وابوون. ئەگەر ئەو دەم چوار نەفەر لە ئێمە سەفەرێکی دەرەوەی بکردایە، چوار وڵاتی ئورووپای ڕۆژئاوا و چوار وڵاتی سوسیالیستیان دیبایە، جۆرێکی دیکەمان بیر دەکردەوە.

تەنانەت مام جەلال ئەوانەی دیبوو دەیگێڕاوە بۆمان، ئێمە باوەڕمان نەدەکرد، دەمان گوت ئەوە مام جەلال بۆخۆی بورژوازیە بۆیە وا بیر دەکاتەوە. دەنا وەهایش نیە.

ئێمە ڕۆژی ئەوەڵ کە بووین بە هەستەیەکی چەند نەفەری، گوتمان حیزبی کۆمونیست دروست دەکەین. یانی لە بناغەی فکریماندا بوو. بەڵام زۆر کاڵ بووین لە هەوەڵەوە. ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتی هەمیشە دەیتوانی بمانگۆڕێت، زۆر گەنج بووین. بەڵام کاک فوئاد هەمیشە زۆر ئاواڵە بوو کە خۆمان بە هیچ شتێکەوە نەبەستینەوە. بۆیە من پێموایە لەو نەزەرەشەوە ئەو تەعەسوبێکی تایبەتی نەبوو بۆ حیزبی کۆمونیست. جا لە کوردستان بوایە، لە هەر جێگایەک بوایە بۆ ئەو زۆر ڕاحەت بوو. جوزئیاتی باسەکەم لەبیر نییە.

بەداخەوە، عومری کاک فوئاد زۆر کورت بوو. مەجالی پێنەدا شۆڕش و خەڵکی کورد لە تواناکانی ئەو ئیستفادەی خۆی بکات. بەڵام ئیدی هەر بەو ماوە کەمەش کە بوو، جێی خۆی کردەوە لە مێژوودا.

حیشمەت: زۆر سپاس.

****

حیشمەت ئەم گفتوگۆیەی ئەنجام داوە.



# گفتوگۆ لەگەڵ کاک نەوشیروان

**سلێمانی ٢٠١٢/٤/٢٤**

**مەلەکە:** جەنابی کاک نەوشیروان پێشەکی زۆر سپاستان دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان بە ئێمەدا.
**کاک نەوشیروان**: زۆر بەخێر بێن، سەر چاوەکانم.

**مەلەکە:** ئێمەچەند پرسیارمان هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو سەردەمەدا. یەکێک لە پرسیارەکان ئەوەیە ئێوە هاوینی ١٩٧٩ تەشریفتان لە کوردستان بوون؟ مانگی هەشت، مەجموعەیەک لە کادرەکانی هەر دوو کۆمەڵە و یەکێتی

لە بانە کۆبوونەوە سەبارەت بە ئەو هێرشە کە جمهوری ئیسلامی هێنای بۆ سەر کوردستان. ئایا ئێوە لە بانە بوون؟

**کاک نەوشیروان:** نەخێر من لە بانە نەبووم، ئەو ماوەیە من ئەسڵەن لە کوردستان نەبووم. ئەو کاتە زنجیرەیەک گفتووگۆ هەبوو لە بەینی حیزبە عێراقیەکاندا بۆ ئەوەی کە بەرەیەکی یەکگرتوو پێک بێنن حیزبی شیوعی عێراقی تازە ڕیزی جەمعی عێراقی بە جێ هێشتبوو لە گەڵ حیزبی بەعسدا. ئەو دەمە لە سووریا زنجیرەیەک کۆبوونەوە کرا، بۆ ئەوەی کە بناغەی بەرەیەکی یەکگرتوو لە بەینی هێزە ئوپۆزیسیونەکانی عێراق بە عەرەب و کوردەوە دابمەزرێت من چووبووم بۆ ئەوێ.

**مەلەکە:** ئێوە لە جەرەیاندا بوون کە لەسەر چیبوو کە قەرار بوو ئەو هاوکارییە لە بەینی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و کۆمەڵەی شۆڕشگێردا هەبێ؟ سەبارەت بەو هێرشە کە جمهوری ئیسلامی هێنابووی بۆ سەر کوردستان؟

**کاک نەوشیروان:** من لە ڕاستیدا ئەو زەمانە مەسئولی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی نەبووم. من خەریکی کاروباری ناوخۆی کوردستانی عێراق بووم. بەڵام چون ماوەیەکی زۆری بە سەردا تێپەڕیوە، یانی لە سەر زاکیرە و بیرەوەری ناتوانم مەسەلەن تەئریخەکان و ڕووداوەکان باسکەم. ئەوەندە من لە بیرم بێت هەم کۆمەڵەی ئێران، هەم حیزبی دیموکرات و هەموو ئەو ڕێکخراوە سیاسیانەی کە لە کوردستانی ئێراندا بوون، تەجروبەی ڕێکخستنی سیاسی و پێشمەرگەیی و کاری جەماوەرییان کەم بوو. داوایان کردبوو کە هەندێ کادیریان بدەنێ. جا ئەو زەمانە نەک کۆمەڵە هەر یەکێتی نیشتمانی کادیری ناردبوو بۆ هاوکاری کردن لە گەڵ کۆمەڵەی ئێران، ئەو زەمانە کۆمەلەی ئێرانیش سازمانێکی یەکگرتوو نەبوو لە هەر شارێک پێموایە ڕێکخراوەیەکی جیاوازی هەبوو.

لە هەر شارێک جەمعییەتێک یا ڕێکخراوەیەکی تایبەتیان دروست کردبوو. کە هێشتا نەببوون بە یەک ڕێکخراوەی سەرتاسەری یەکگرتوو لە کوردستانی ئێراندا. ئەوەندەی من لە بیرم بێت وا بوو.

**مەلەکە:** ئێوە هیچ ئاگادارن کام بەش لە هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی قەرار بوو کە ئەو هاوکارییە بکات لە گەڵ کۆمەڵەی ئێراندا؟

**کاک نەوشیروان:** ئەوەندەی من بزانم هەر یەکێتی بە گشتی بوو هیچ پەیوەندی بە وەوە نەبوو کە کۆمەڵە یا خود بزووتنەوە بێت یا لایەکی دیاری کراو بێت. بە عەکسەوە ئەو زەمانە کۆمەڵە تەشکیلاتێکی تایبەتی خۆی هەبوو. بەڵام یەکێتی نیشتمانی وەک ڕێکخراوەیێکی فیدراتیڤ سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییەکانی هەمووی یەکگرتوو بوو. یانی کۆمەڵە بۆ خۆی پەیوەندییەکی تایبەتی نەبوو، یا بزووتنەوە پەیوەندییەکی تایبەتی نەبوو. هەموو پەیوەندییەکان یەکێتی نیشتمانی دەیکرد.

**مەلەکە:** ئەو سەردەمە مەریوان ببوو بە کانگای خەبات و موبارزە، کۆچی ئیعترازی خەڵکی شاری مەریوان، ڕێپیوانی خەڵکی شارەکانی کوردستان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەریوان، هاتنی چەند هەیئەتێکی دەوڵەت بۆ گفتوگۆ. ئەو کاتە مەجمووعەیەک لە کادیرەکانی یەکێتی نیشتمانی لە مەریوان بوون، بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵە وەک کاک بەکری حاجی سەفەر، کاک مەلا بەختیار، کاک جەماڵ حەمەی خواکەرەم؛ ئەوان زۆرتر پەیوەندی و هاوکارییان لە گەڵ کاک فوئاددا هەبوو. ئێوە ئاگادارن سەرەڕای ئەو ئاشناییە کە لە نێوان کاک فوئاد و ئەو کادرانەی یەکیەتیدا هەبوو، بۆ کاک برایم جەلال ئینتخاب کرا کە لەو سەفەرەدا هاوڕێی کاک فوئاد بێت لە بانەوە بۆ مەریوان و ئەوانیتر نەبوون؟
**کاک نەوشیروان:** من وەکوو عەرزتانم کرد ئەو کاتە لە کوردستان نەبووم . ئەو کەسانەی کە ناوەکانت هێنا هەموویان زیندوون پرسیاریان لێبکەن.
**حیشمەت:** خەریکین لە گەڵ ئەوانیش گفتوگۆ دەکەین!

**مەلەکە**: کاتێک کە مەرگی کاک فوئاد پێش هات، ئێوە چۆن بیرتان دەکردەوە؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە کاک فوئاد یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و یەکێک لە سەر کردە هەرە موهیمەکانی کۆمەڵە بوو، ئایا وەک ڕووداوێکی بەڕێکەوت چاوتان لێکرد، یان وەک پیلانێکی جمهوری ئێسلامی؟ ئایا لێکۆڵینەوەی لەسەرکرا لە ناو یەکێتیدا؟
**کاک نەوشیروان:** نا هیچ لێکۆڵینەوەیەک نەکرا، نەمبیستووە، لە ناو یەکێتیدا. لەو کاتەشدا من هەر وەک عەرزم کردن مەوزووعی گفتوگۆم لە گەڵ حیزبی شیوعی عیراقی، حیزبی بەعسی عیراقی و لە گەڵ حەرەکەی ئیشتراکی عەرەبی

بوو. ئەو کاتە ئەو حادیسەیە ڕووی دا زیاتر من لە دیمشەق بووم خەریکی گفتوگۆ و ئەوانە بووم. ئەوەی منیش لە بیرم بێت، تەبعەن ئێمە هەموومان پێمان ناخۆش بوو، چونکوو کاک فوئاد بێجگە لە وەی کە کادیری کۆمەڵە بوو دۆستی شەخسیشمان بوو. کۆمەڵێک لەوانە لە سەردەمی شا، هێشتا شا نەڕووخابوو هاوکاریی ئێمەیان دەکرد، یارمەتی ئێمەیان دەدا. لای ئێمە ڕێزێکی زۆر زۆریان هەبوو و شەهید بوو زۆرمان پێ ناخۆش بوو.

**حیشمەت:** چونکوو کاک برایم جەلال ڕەبتی دەداتەوە بە کونفرانسێکی کۆمەڵە وە. یانی قسە لە سەر تەنیا ڕووداوەکە و ئەو کاتە نییە.
**کاک نەوشیروان:** دەمەوی یەک شت عەرزی جەنابت کەم، قسەکانی ئیبرایم جەلال جێگای ئێعتبار نییە.

**مەلەکە:** کاک برایم جەلال لە کتێبەکەیدا دەڵێ کاک سالار عەزیز زۆر شتی لە دژی من کرد، لە دوای ئەو ڕووداوە. هەر ئەو کردەوانە بوونە باعیس ئەوە کە من نەمەتوانی لە کۆبوونەوەکانی ناو یەکیەتیدا بەشداریم ببێت. ئێوە ئاگاتان لە شتی وا هەیە؟
**کاک نەوشیروان:** پێموایە هیچ ڕەبتێکی بەوەوە نییە. کاک برایم جەلال خۆی ئەو کەسایەتیە نەبوو لە گەڵ یەکیەتی نیشتمانی و لە گەڵ کۆمەڵە پلەیەکی گەورە وەربگرێت. نە پەیوەندی بە کاک سالارەوە بوو نە پەیوەندی بە شەهید بوونی کاک فوئادەوە بوو.

**مەلەکە:** کاک برایم جەلال لە کتێبەکەیدا دەڵێت من وەها لە لایەن یەکیەتی و کۆمەڵەوە وەلا نرابووم کە نەمدەتوانی لە هیچ کۆبوونەوەیەک، کۆنگرە و کۆنفرانسێکدا بەشداریم هەبێ. تەنانەت نامەیەکم لە لایەن سەرکردایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە پێدرا بۆ بەرائەت ونامەکەیان ناردووە بۆ یەکێتی. ئێوە هیچ ئاگاداری ئەم مەسەلەیە هەن؟
**کاک نەوشیروان:** من نامەی وام نەبینیوە و نەشمبیستووە!

**مەلەکە:** ئەمە پرسیارەکانی ئێمە بوو. ئاخرین پرسیار ئەوەیە: بۆ خۆتان هیچ

له نزیکەوە ئاشنایەتیتان لە گەڵ کاک فوئاد هەبووە؟
**کاک نەوشیروان:** بەڵێ من چەند جار لە ناوزەنگ بە خزمەتی گەیشتووم. پێکەوە دانیشتووین و گفتوگۆمان کردووە لە سەر شەرایەتی ئێران و لە سەر وەزعی کوردستان. تا ئەو زەمانە بۆچوونی ئێمە جیاواز بووە لە گەڵ ئەواندا. لە هەندێ مەسەلە ئێمە جیاوازیمان هەبوو. یانی ئەوان پێیان وابوو تەجروبەی کوردستانی عێراق زۆر سەر کەوتوو نییە و ناکرێ چاوی لێبکرێ. خۆیان تەجروبەی تایبەتی خۆیانیان هەیە بەڵام زۆر لە لای ئێمە خەڵکی بەڕێز و تێکۆشەر بوون. لای ئێمە زۆر خۆشەویست بوون.

**مەلەکە:** زۆر سپاستان دەکەم!
**کاک نەوشیروان:** من سپاسی ئێوە دەکەم !

****

مەلەکە و حیشمەت ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.



# گفتوگۆ لەگەڵ کاک یەدوڵڵا بیگلەری

**٢٠١٢/٥/١٨**

**مەلەکە:** زۆر سپاس کاک یەدیَ گیان بۆ ئەوەی ئەم کاتەت پێداین. یەکێک لە پرسیارەکانم ئەوەیە: چۆن کاک فوئادت ناسی؟ دیارە تا ئەو جێگەی بیرەوەرییەکانت مەجال ئەدات.

**کاک یەدیَ:** من ئەوەڵ جار کاک فوئادم رۆژ ٢٧ شهریور (خەرمانان) ساڵی ١٣٤٧ دیت (١٩٦٨). ئەو ڕۆژەیش بۆ ئێمە بۆیە موهیم بوو کە ئێمە جەماعەتێک بووین کە خەیاڵمان بوو وەسڵ بین بە ڕەوتی ساڵەکانی ٤٧ — ١٣٤٦ (٦٨ - ١٩٦٧)ی کوردستان و قەراریشمان وابوو لە مەریوان بە بۆنەی شایی کاک فاتێح

شێخولیسلامی‌یەوە کۆببینەوە؛ بوونمان لە زەماوەندەکەدا عادیتر بێت و لە سەر ئەو مەسئەلە بڕیار بدەین کە ئایا بڕۆین یا نەڕۆین؟
بەر لەوە ئێمە چەند کۆبوونەوەمان کردبوو. موهیمترین کۆبوونەوە شەوی نەورۆزی ساڵی ١٣٤٧ بوو. پێشتر بڕیارمان دابوو بە یەکدەنگی تەسمیم بگرین دیارە تا ئەو کاتە یەکدەنگیمان نەبوو . بەڵام ئیتر ئەمجارەمان دانابوو بۆ بڕیاری کۆتایی. بەو بۆنەوە لە زەماوەندی کاک فاتێح دا زۆر کەس لە ڕەفێقەکان هاتبوون و من لەوێ یادی بە خێر هەم کاک حوسەین مستەفاسوڵتانیم دی هەم کاک فوئاد.
لەگەڵ کاک فوئاد بەیەک ئاشنا بووین. بەڵام پێشووتر لە موسلێح (شێخ الاسلامی)م ئەبیست ئەیگوت ئیمڕۆ لەگەڵ کوڕەکانی حەمە ڕەشید بەگ بووم. یا بۆ لای ئەوان ئەچم. هەندێ جار ناوەرۆکی قسەکانی ئەهێناوە چوونکە لەگەڵ موسلێح دا ڕەفێق بووین. ئێمە جەمعێک ڕەفێق بووین کە لە زووتر و تەقریبەن هاوینی ١٣٤٦ یان ١٣٤٥ (٦٧- ١٩٦٦) لە ماڵی کاک سوارەی ئیلخانیزادە کۆببووینەوە لە سەر مەسایلی کوردستان قسە و باسمان کرد؛ کە چ بکەین ئێمە وەکوو خوێندکاری دانشگا، وەکوو ڕوشنبیر چ وەزیفەگەلێکمان لە سەرشانە؟ ڕەخنەمان لە رابردوومان گرت و هاتینە سەر ئەوە کە کارگەلێک بکەین.
کارەکەیشمان لە واقیعدا ئەوە بوو کە ئەبوا تەشکیلاتمان دروست بکردایە. بەڵام هەندێ لە ڕەفێقەکان موخالیفی ڕێکخستن بوون، پیانوابوو ئەگەر باسی ڕێکخراوە بکەین مومکینە ساواک پێمان بزانێ و بمانگرن. حەتتا لەبیرمە ناومان نا "شبهه تشکیلات"[شێوە ڕێکخراوە] بۆ ئەوە نەڵێن ئەمە تەشکیلاتە. ئەو وەختە زۆر کەس لەو کۆبوونەوە دا بەشدار بووین کاک فاتێح شێخ‌الاسلامی، کاک سەلاح موهتەدی، کاک ساعد وەتەندووست، کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، کاک خالید موهتەدی ئامۆزای کاک عەبدوڵڵا، خۆم و دوو ڕەفێقی‌تر کە ئێستا لە شاری سنەن ناویان نابەم.
ئێمە لەو جەلەسەدا بڕیارماندا سەبارەت بە ڕووداوەکانی ٤٧ — ١٣٤٦ (٦٨- ١٩٦٧) کە هێشتا هیچی مەعلووم نەبوو، بەرخوردی مسئوولانەمان هەبێت. وردە وردە بەوە گەیشتین کە ئەبێ پێیان پەیوەست بین. چون هەموومان ڕەفێقی کاک فاتێح بووین وتمان باشترین جێگا بۆ کۆبوونەوە بەشداری کردن لە زەماوەندەکەدایە کە ئاسایی بوو. ئیسماعیلی شەریفزادە و سولەیمان موعینی

شەهید ببوون و ئێمە لە ڕێگای دۆستانمانەوە لە مەنتەقەی گەورکی مەهاباد لەگەڵ عەبدوڵڵا و مینە شەم تەماسمان هەبوو. بەداخەوە ڕۆژی بیست وشەشەم خەبەر هات کە ئەوە ئاخرین گوڵەکان کە مەبەست عەبدوڵڵا و مینە شەم بوون پەڕ پەڕ بوون. عەبدوڵڵا موعینی و مینە شەم کە دوو کەسی ئەسڵی ئەو جەریانە بوون و مابوون، شەهید کران. ئێمە لە زەماوەندەکە دیمان کەسانێک نەهاتوون. کاک سەلاح قەرار بوو بە نەهێنی بێت، هەر چی مەحتەل بووین نەهات. دەرکەوت ڕۆژی بیستوحەوتەم گیراوە. ئەوە بوو گیرانەکان دەستی پێکرد. نائۆمێد گەڕاینەوە، چونکوو مەعلووم بوو ئەوان کوژراون و ئێمەیش هیچمان پێنەکرا.

کاک فوئاد هاتەوە تاران. وردە وردە هاتوو چوومان دەستی پێکرد. لە تاران دەستمان کرد بە ڕەخنەگرتن لەو جەریانە. ئێمە دوو گروپ بووین: گروپێک کاک فوئاد، کاک شوعەیب زەکەریایی، کاک حەمە حوسەین بوون؛ ئێمەیش من، کاک ساعد، کاک عەبدوڵڵا، کاک سەدیق کەمانگەر، کاک ئیرەج فەرزاد. کاک موسلێح، کاک فاتێح، سەید م. م. و کاک عەتای ڕۆستەمی گروپێکیتر بووین. وردە وردە ئەم دوو گروپە تێکەڵ بوون، تێکەڵ بوونەکە چون بوو؟ هەر ڕۆژێک بە بۆنەیەکەوە مەسەلەن لە بیرمە ڕۆژێک سمینارێکیان دانابوو بۆ "عەلی ئەسغەراصغر حاج سەید جەوادی" لە "دانشکدەی کشاورزی کرج". کاک حەمە حوسین هەمووومانی دەعوەت کردبوو. ڕۆژێک قەرار بوو شاملوو لە انجمن ایران و امریکا قسە بکات گشتمان چووین بۆ ئەوێ. مهدی اخوان ثالث شیعری ئەخوێندەوە. کلاسەکانی "دکتر آریانپور". هەر جێگەیەک ئەمانزانی کلاسی هەیە ئەچووین. لە دانشسەرای عالی بووین، لە "دانشکدە علوم اجتماعی" بووین، لە "دانشکدە الاهیات".

ماڵی کاک موسلێح نەوعێ مەرکەزیەتی بوو؛ ئەچووین و لەوێ کۆ ئەبووینەوە و باسەکانیش تۆزێ جیددیتر ببوو. ئێمە هەڵسەنگاندنمان ئەوە بوو یەکێک لە هۆکانی شکستی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ ئەوەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر ڕێبازی چریکی- چەکدارییان بوو و جووڵانەوەیەکی خەڵکی نەبوو. بە بێ بەشداری چالاکانەی خەڵک دەستیان بەو کارە کرد. ئەو کاتە کاک فوئاد لەگەڵ مەجید یا مەسعوود ئەحمەدزادە نازانم کامیان، پەیوەندی هەبوو کە ئەندامی سازمان "چریکهای فدایی خلق" بوو. بەردەوام کۆبوونەوەی ئەکرد و بۆچوونی

ئەوانی بۆ باس ئەکردین و ڕەخنەشی لێدەگرت کە ئەم ڕێبازە چی هەڵەیە چی بەکار ناخوا.

ئێمە بەوە گەیشتین کە ئەبێ کارێک بکرێت بەڵام نەک وەک ڕابردوو. یەکێک لە ڕەفێقەکان ڕۆمانێکی بچکۆلەی نووسیبوو بە ناو "باوەلێ". باوەلێ بە کوردی بوو شەرحی قارەمانەتی سەید فەتاح بوو. سەید فەتاح یەکێک لەوانە بوو کە لە بزووتنەوەی چەکداری ساڵی ٤٦ - ٤٧ دەرباز ببوو لە ناوچەی سابلاغ، ئێمە نەماندەناسی. سەید فەتاح زۆر دیفاعی کردبوو لە کەسێکی قارەمان وەک چریکێک، لە جێگەیەکدا ئەیقیڕاند بەسەر جاش و ژاندارمدا: ئەوە منم، سەید فەتاح، خۆتان بگرن ئێستا لێتان ئەدەم. ئێمە ئەو بۆچوونەمان دایە بەر رەخنە و نەتیجەکەی بوو بە رەخنە لە رێبازی چریکی- چەکداری دوور لە خەڵک، کە پێمانوابوو دوور لە رێکخستن و وریا کردنەوە خەڵک ناتوانێت سەرکەوێت.

لە لایەکیترەوە لە دانشگاکاندا بیر و بڕوای چەپ روو لە گەشە بوو. فیکری چەپ ئاڵوگۆڕی پەیدا کردبوو و رەخنە لە رێبازی سازشکارانەی حیزبی توودە ئەگیرا کە سەرەنجام دەبوو بە پەرەپێدانی رێبازی چریکی و گەشەی فیکری چریکی. بەڵام بیری ئێمە بە بۆنەی تەجرەبەی کوردستانەوە تۆزێک پێشکەوتووتر بوو. یانی ئێمە بەوە گەیشتبووین کە ئەبێ کاری رێکخراو، کاری جەماوەری بکەین. بەردەوام جەلەساتی گەورەمان ئەگرت. کاک فوئاد ئەتوانم بڵێم ڕۆڵی دەرەجە ئەوەڵی هەبوو. ئەو دەستپێشخەر بوو و عومدەی بۆچوونە ئینحیرافییەکان ئەو تەشخیسی ئەدا. هەڵبەت هەرکام لە ڕەفێقەکان رۆڵی خۆیانیان هەبوو.

ئێمە ئەوکاتە چوار نووسراوەی مائۆ تسە تۆنگمان زۆر ئەخوێندەوە کە بریتی بوون لە "درباره تضاد"، "درباره عمل"، "حل صحیح تضادهای درون خلق" و "علیه لیبرالیسم". تێدەکۆشاین رێنموونییەکانی بەکار بێنین. کتێبێکیتری رئیس جمهورەکەی چین هاتبوو بە ناوی "چگونه میتوان کمونیست خوبی بود" بەڕاستی عالی بوو. وەزیفەگەلێکی کامڵەن ئینسانی و ئینقلابی ئەخستە بەردەست. کاک فوئاد نووسراوەیەکی بۆ ئەهێنایەنەوە کە لە لایەن سازمان ئینقلابی حیزبی توودەی ئێران (لە حیزبی توودە جیا بوونەوە، جەماعەتی کورش لاشایی و پارسانژاد و ئەوانە).

کاک فوئاد عەقیدەی زۆر بەوە بوو کە ئەبێ ئێمە یارمەتی یەکێتی نیشتمانی بدەین و مەخسووسەن ئەو کاتە کە لەگەڵ قیادەی موقەتەدا لە شەڕدا بوون.

لە بیرمە حەتتا وەسیلەی پەیدا کردبوو بۆ ناردنی کۆمەک. من دەرزی خاڵی و حەبی ویتامین C و دەرزی ویتامین C و ئاسپرین و شتیترمان ئەکڕی. ئەویش ئەینارد بۆیان. هەڵبەت زووتریش ئەومانە کردبوو، یارمەتیمان بەڕێکردبوو.

کاک فوئاد لە بەهمەن ساڵی ۱۳٤۹ (مانگی دووی ۱۹۷۱) بۆی دەرکەوت کە کاک فاتێح لە گۆڤاری فەرهەنگی مەریواندا وتارێک ئەنووسێت بە ناوی " آنک سپیده دمید" (وا بەری بەیانە). ئیتر یا بە مەجبووری بووبێت یا هەر چی، بە هەرحال ئەو وەختە ئێمە ئەوەمان پێ کارێکی زۆر خراپ بوو. کارێکی ناشیرین بوو. دیفاعی کردبوو لە شەشی بەهمەن و شۆڕشی سپی شا لە ئێران. ئێمە هەر لەو مانگەدا کۆبوونەویەکی گەورەمان کرد ئەتوانم بڵێـم یەکەمین کۆبوونەوەی گەورە و گشتی بوو کە چەند ڕۆژی کێشا. کۆبوونەوەکە لە دوو بەش (دوو شوێن) بوو، بەشێکی ئەو کەسانە بوون کە هەموو یەکتریان ئەناسی، بەشێکی بۆ ئەو کەسانە بوو کە کەس ناناسن. ئەو کۆبوونەوە لە تاران بوو و بەردەوام قسەکانی ئەم کۆبوونەوە ئەبرا بۆ ئەو کۆبوونەوە و قسەکانی ئەو ئەهێنراوە بۆ ئەم کۆبوونەوە. کاک فوئاد وتارەکەی کاک فاتێحی پێبوو، بەتەما بوو کە کاک فاتێح خۆی باسی بکا؛ ئەو خۆی باسی نەکرد، ئیتر کاک فوئاد هیچی نەوت، بەڵام بە ئێمەی وت کە کاک فاتێح ئەم وتارەی نووسیوە و هەمووما‌ن خوێندمانەوە.

هەموو کۆبوونەوەکەمان پێ باش بوو. کاک فوئاد وتی کاک فاتێح سەمیمانە بەرخوردی نەکردووە، خۆی باسی ئەو زەعفەی نەکردووە، خۆی باسی ئەو نووسراوەیەی نەکردووە. ئەبێ بە جۆرێک ڕەخنەی لێبگیرێت.

ئێمە هەموو ئەو کتێب و نووسراوانە کە ئەکەوتە دەستمان نوسخەمان لێ هەڵدەگرت. من کتێبی "تاریخی موعاسیر"م ئەنووسیەوە. هەموو ڕۆژێک کاک فوئاد ئەهات یارمەتی ئەدام. شێوەیەکی شاردنەوەی کتێب و نووسراوەکانمان ئەوە بوو کە هەموویانم بە چەمەدانێک ئەبردە موسافیرخانەی دۆستێکمان یەک شەو لەوێ ئەبووم و چەمەدانەکەم لە عەمباری موسافیرخانەکە لای دۆستەکەم دادەنا تا کاتێکی پێویست ئەمهێناوە.

زۆرجار کۆبوونەوەکانمان لە ناو ماشیندا ئەگرت؛ من و کاک ساعد ماشینمان نەبوو کاک ساعد ماشێنی براکەی ئەهێنا و ڕێ دەکەوتین لە ناو ماشینەکە دا کۆبوونەوەمان بوو. زۆر جار چەندین سەعات بە ماشین ئەسووڕاینەوە تا

کۆبوونەوەکەمان تەواو ئەبوو.
کاک فوئاد زۆر جیددی بوو لە سەر ئەوە کە ئەبێ ژیانی حیرفەیی [پرۆفێشناڵ] بگرینە بەر، بڕۆینە ناو خەڵک وەک موعەلیم، وەک کرێکار؛ هەندێکمانی هان دەدا ببینە بە موعەلیم و هەندێکی‌تر بە خوێندن. یەکێک لەوانە کە من وکاک فوئاد شەوێک تا سەعات چواری بەیانی دانیشتین قسەمان لەگەڵ کرد بۆ خوێندن، کاک ئەدیب وەتەندووست بوو حازر نەبوو بخوێنێت.

**ڕەزا:** ئەوە جالبە حەز ئەکەم بزانم پێوەرتان چی بوو؟
**کاک یەدێ**: پێوەرێک نەبوو بڵێیت کێ بخوێنێت و کێ چی بکات.

**ڕەزا:** من پرسیارەکەم ئەوە بوو چۆن بوو بە هێندێک کەستان ئەوت بخوێنە بە هێندێک کەس نە.
**کاک یەدێ:** هەڵبەت تەبلیغی نەخوێندن نەکرا. ئێمە بە ئەدیب وەتەندووستمان ئەوت ئەگەر شۆڕش بکرێت تۆ دوکتور بیت باشترە.

**ڕەزا:** شایەد خودی کەسەکە لێکدانەوی وابووبێت ئەو کارەی باشتر لێدێت تا کارێکی‌تر.
**کاک یەدێ:** مومکینە وا بووبێت.

**مەلەکە:** من نامەیەکی کاک فوئادم لە بیرە لە زیندانی قەسرەوە نووسیبووی: "ئەم منداڵانە ئەبێ بخوێنن و خوێندنی باڵایان هەبێت نەک ئەوە بە شتی چکۆلە قایل بن."
**ڕەزا:** کاک ئەمین ئەو وەختە هێشتا کلاس یازدە بوو کە دەستی لە دەرس خوێندن هەڵگرت. چووە جۆشکاری لە سنە لە "خیابان ناصرخسرو". لە ماڵ ئێمەدا گەورەکان پێیان وابوو کە ئەمە لەژێر کاریگەری یان بە نەسێحەتی کاک فوئادە. لە زینداندا ئەمەیان لەگەڵ کاک فوئاد مەترەح کردکە تۆ بە ئەمین و عەبە بڵێ با دەرس بخوێنن. ئەویش وتبووی من زۆرم پێخوشە و موافقم ئەگەر ئەوان پێیانخۆشە با دەرس بخوێنن.
**کاک یەدێ:** ڕاستەوخۆ نەیاندەگوت دەرس مەخوێنە، بەڵام ئەوەیان ئەوت

یەکەم نزیک بکەونەوە لە خەڵک، دووهەم هەوڵبدە حیرفەیی [پرۆفێشناڵ] بیت. ئەگەر کەس بچوایەتە دانشگاه کەس نەیدەگوت مەچۆ یا مەخوێنە. بەڵام ئیتر ڕەفێقەکان حەزیان ئەکرد زووتر لە خەڵک نزیک ببنەوە.

لە بیرمە لە کرماشان کاک فوئاد پێش گیرانی ئاخرین جارێک کە دیم لە ماڵی خۆمان بوو، ئەچوو بۆ شاری دزفول ڕەفێقەکانی خۆمان "تەیب عەباسی ڕۆحوڵڵاهی" و "مەحمود فارس" لەویَ بوون، ئەوان ببینێت وتی ئیتر مومکینە من بگیرێم. خۆی ئەیزانی مومکینە بگیریت، وابزانم ئیرەج فەرزاد گیرابوو. کاک شوعەیبیش گیرابوو بەڵام ئەو بە بۆنەیەکیترەوە گیرابوو. شۆخییەکی کاک فوئاد لەگەڵ من ئەوە بوو ئەیوت کاک یەدیَ ئەگەر بگیرێم باسی تۆ ئەکەم بۆ ئەوە تۆیش بگیرێیت و ئیتر دەست لە دونیا ببڕیت، بەڵام بەڕاستی ئەسڵەن باسی نەکردبوو؛ هەمووماني پاراست. حەقیقەتەن زۆر کەسیان پاراست هەر هەموویان وابوون ئیرەج ،عەبدوڵڵا، کاک فوئاد.

**ڕەزا:** وەلیَ سەرجەم زۆر باش توانیان نەهێڵن گرتنەکان پەرە بستێنێت و کەسیان بەدەمەوە نەدا. زۆر لە ڕەفێقەکان پارێزران.

**کاک یەدیَ:** پێش ئینقلاب بە ڕاسپاردەی "صارم خان صادقوزیری" قەرار بوو لەگەڵ کاک عەبدوڵڵای بابان کەسێک ببینین کە نەماندەزانی کێیە و سەر بە کام جەریانی سیاسییە. بەڵام خۆم پێموابوو حیزبی دیموکراتی بێت. مەسەلەکەم بۆ کاک فوئاد باسکرد؛ وتی ئەگەر لە حیزبی دیموکرات بوو بۆ ئێمە گرینگە بزانین بەرانبەر بەم سیَ مەسئەلە هەڵوێستیان چییە. یەکەم بەرانبەر بە حیزبی توودە، دووهەم بەرانبەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سێهەم بەرانبەر بە دەوڵەتی بەعس لە ئێراق.

دیدارەکە لەگەڵ یەکێک لە کادرەکانی حیزبی دێموکرات بوو و هەڵوێستیان ئاوا بوو؛ بۆ حیزبی توودە وتی: ئەگەر حیزبی توودە ئەم قسەی خۆی وەربگرێتەوە کە حیزبی دیموکرات وەک سازمان کوردستانی ئەوانە، ئێمە لەگەڵیان هاوکاری ئەکەین. بۆ یەکێتی نیشتمانیش وتی ئێمە لەگەڵ رەسووڵ مامەند زۆر دۆستین. ئەو وەختە یەکێتی نیشتمانی لە سیَ شاخە تەشکیل ببوو یەکێکیان خەتی گشتی بوو کە مام جەلال سەرۆکی بوو، یەکێکی کۆمەڵەی ڕەنجدران بوو کاک نەوشیروان سەرۆکی بوو وسێهەمیان بزووتنەوی سوسیالیستی بوو کە ڕەسووڵ

مامەند مەسئوولی بوو. سێهەمی سەبارەت بە بەعسی عێراق وتی هەندێ یارمەتیمان ئەکات. مەسەلەن لە بەغدا ئێمە کۆنگرەمان گرتوو وە ڕێگرمان نەبوون و کارئاسانییان بۆ کردووین.
کاتی ڕێپێوانی مەریوان من دادستان [داواکاری گشتی] ئوستانی کوردستان بووم. ڕەفێقەکان لە بەر دادستانی شاری سنەدا بڕیاریاندا ڕێپێوان بۆ مەریوان دەست پێبکەن. چووم بۆ لای ئوستاندار کوردستان ئاغای شەکیبا، پیاوێکی زۆر باش بوو. وتم تۆ ئوستانداری ئەم وڵاتەی و ئەوە کەسانێکی زۆریان گرتوو وە لە مەریوان و خەڵک بە ڕێپێوان بەرەو مەریوان ئەچن. وتی چ بکەین؟ وتم ئێمەیش ئەگەر بتوانین بچین. وتی باشە بابچین. داوایکرد هەلیکۆپتەریان هێنا و ئـێمە چووین بۆ مەریوان. ڕەفێقەکانمان هێشتا نەگەیشتبوونە ئارێز لەو سەرەوە دیتمان. ئێمە یەکراست چووینە پادگان و دوای ئەوە شورای شاری سنە هاتن. ئەوانیش هەر بە هەلیکۆپتەر هاتن؛ یوسف ئەردەڵان و هادی مورادی و فوئاد ڕۆحانی. کاک یوسف لەوێ ماوە ئەوانیتر چوونەوە.
لە مەریوان ئەسڵی کار گفتوگۆ لە نێوان کاک فوئاد و "چمران" دا بوو لە لایەکەوە و چمران و کاک یوسف ئەردەڵان لە لایەکیترەوە. چوونکو یوسف لە لایەن شورای شاری سنەوە هاتبوو، ئێمە لە لایەن دەوڵەتەوە هاتبووین دەبوو بێ تەرەف بووینایە و زۆرتر دیفاعمان لە حەق یان لە قانوون بکردایە. من چووم لە زیندان لێپرسینەوەم لەگەڵ هەموو ئەو هاوڕێیانە کرد کە گیرابوون.
کاک فوئاد لە وتووێژەکاندا واقیعەن ڕۆڵی گرینگی بوو هەم ئەو و هەم کاک یوسف. ئەو کۆبوونەوانە لە پادگاندا بوون. کاک فوئاد و کاک یوسف نەزەریان یەکێک بوو؛ ئەویش ئەوەی کە خەڵکی شار بێنەوە ناوشار بە شەرتێک کە بنکەی پاسدار و ئەوانە نەمێنێ.
وێنەیەکی کاک فوئاد هەیە کە سەری ناوەتە بان دەستی. ئەوە لە داڵانەکەدا لە کاتی پشوودان دا گیراوە. دیار بوو چەندە ماندووە، فشاری ئەو وتووێژەی زۆر لەسەر بوو. کاک فوئاد بە ڕاستی دیفاعی ئەکرد لە خەڵکی مەریوان و لە داخوازییەکانیان و لە چوونە دەرەوی سپای پاسداران. کاک یوسفیش بە جۆرێکیتر وەک نوێنەری شورای شاری سنە فشاری ئەهاورد بۆ "چمران".
سەعات سێ و چواری نیوە شەو بوو "چمران" ڕازی بوو زیندانییەکان ئازاد بکات. منیش خێرا وتم بۆ ئەوە نەکەوێتە بەیانی و جاش و پاسدار بێن و

دەخاڵەت بکەن ئێستا ئەڕۆم خەبەریان ئەکەمەوە. چووم بانگم لێکردن وتم ئێوە ئازادن. لیباس بکەنە بەرتان و بێنە دەرەوە.

**مەلەکە:** دوای ئەو جەریانانەی مەریوان تۆ کەی کاک فوئادت دییەوە؟
**کاک یەدێ:** لە مەریوانەوە کاک فوئادم نەدییەوە، دوای مەریوان لە بیرم نییە کاک فوئادم دیبێت. چوونکوو ئەو نەهات بۆ سنە و منیش بۆ هیچ کوێ نەچووم.

**مەلەکە:** لە کوێ تۆ خەبەری شەهید بوونی کاک فوئادت بیست؟
**کاک یەدێ:** لە تاران لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە. لەگەڵ برایەکم بە تەلەفوون قسەم کرد وتم ئەو خەبەرە ڕاستە؟ وتی ئەرێ. دوایی هاتمەوە بۆ سنە کاک ئیرەج فەرزادم دیت گشت جەریانەکەی بۆ باس کردم.

**مەلەکە:** ئەو سەردەمە ئەو ڕووداوەت وەک ڕووداوێکی عادی و بە هەڵکەوت ئەهاتە بەرچاو یا پێتوابوو پیلانێک بێت لە لایەن جمهوری ئیسلامییەوە؟ ئێمە لە سەفەری سلێمانیدا کاک برایم جەلالمان دیت. ئەو یەکێک لە کادرەکانی یەکیەتی نیشتمانی بووە کە لەگەڵ کاک فوئاد دا بوو. کتێبێکی نووسیوە هەم لە کتێبەکەدا و هەم لە گفتوگۆیەک کە لەگەڵمان کرد، ئەڵێ لە سەدا سەد ئەمە پیلانی جمهوری ئیسلامی بوو. ئەڵێ ئیتلاعم نییە کە چۆن، بەڵام ئەوان بوون. زانییان کاک فوئاد بەو ڕێگادا ئەچێت هێزیان نارد بۆ ئەو مەبەستە.
**کاک یەدێ:** ئەوە مومکینە؛ بێگومان ئەوان پێیانخۆش بوو کاک فوئاد لە بەین بچێت. چونکوو ئەو هەڵوێستە بەرانبەر بە چمران و ئەوانیتر و ئەو وتووێژانە من پێموایە حکوومەتی بەو قەناعەتە گەیاند کە کاک فوئاد بۆ ئەوان عونسورێکی خەتەرناکە. من پێموایە ڕۆڵی شەخسیەت گرینگە. لە زۆر جێگەدا ڕێبەرایەتی کەسێک، ڕۆڵی تاکە کەسێک ئەتوانێ موهیم بێت. کاک فوئاد کە توانی تەواو شاری مەریوان بنێرێتە دەرەوە بە نەزەری من ڕۆڵی ئەو زۆر لە سەرەوە بوو تا نەقشی باقی ئەو کەسانەی لە شووراداا بوون. باقی شووراکە مومکین بوو عادی بەرخورد بکەن. ئێمە لە سنە کەسی وامان نەبوو. ئەو دەوری بوو لە وتووێژی پادگانی مەریوان لەگەڵ چمران. کەسێک کە بتوانێت شارێک ئاوا بجووڵێنێ، بتوانێت لەم وتووێژانەدا ئاوا بەشدار بێت و لە سەر داخوازییەکان ئاوا سوور

بێت، ئەمە زۆر گرینگە. بە چەکیشەوە ئەهاتە ناو پادگان و ناو وتووێژەکان. یەک دوو پێشمەرگە زیاتری لەگەڵ نەبوو، لە حاڵێکدا سەد جاش لە حەوشەدا بوون بەڵام بە هەر حاڵ رژیم حسابی ئەکرد لە سەری. بەڵام گوزارشی چمران لە سەر ئەو جەریاناتە و دوایە نەتیجەی کارەکان ئەوانی قانع کردبوو کە بوون و مانەوەی کاک فوئاد بە زەرەری ئەوانە؛ دەگونجێ نەخشەیەکیان چنیبێت بە جۆرێ بووبێت لەو ڕێگە دا پەیدای بکەن، یان لەوانەیە زانیارییان بووبێت کە لەو جادە بیانخەنە داو، ئەوە مومکینە.

**مەلەکە:** هەر بۆ پێداگرتن لەسەر ئەو قسانە، ئێمە بۆ مەراسمەکەی یادی کاک فوئاد، "عبدالرضا کریمی"مان دەعوەت کردبوو چریک فدایی و لە شورای شاری مەریوان بوو. ئەویش لەو مەراسمەدا زۆر جالب ئەمە باس ئەکات ئەڵێت لەو ئەوزاعەدا کە لە کوردستان هاتە پێش چون مەریوان بوو بە کانگای ئەو حەرکەتە و نارەزایی و خەبات کە تا ئەو سەردەمە بێوێنە بووە. چەندین هەیئەتی دەوڵەت هاتن و مەجبوور بوون بگەرێنە دواوە (لە پێشدا "گلستانی" هات، دواتر "لاهوتی" و دوایش "چمران")؛ ئەڵێ ئەمانە بوون بە باعیس ئەوە کە ئەوان بزانن موتوری ئەم حەرەکەتانە کاک فوئادە.

**کاک یەدێ :** ڕاستە. چونکو پێشینەیەکیشیان بوو لە زیندانی سنە؛ بەر لە ئازاد بوونەکەی ئەو بوو مانگرتنی خستە ڕێگا و زۆر مقاومەتی کرد لە مانگرتنەکەدا. هەموو ئەوانە بەو قەناعەتەی گەیاندبوون کە کاک فوئاد ئەبێتە بەربەستێکی گەورە لە سەر ڕێگایان و ئەو بەربەستە نەمێنیت باشترە.

**مەلەکە:** کاک برایم جەلال لە کتێبەکەیدا ئەڵێ دوای مەرگی کاک فوئاد لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکیەتی نیشتمانیدا زۆر لەگەڵم بەد بەرخوردیان کردلە سەر مەرگی کاک فوئاد. ئەڵێ من نەمدەتوانی لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا بەشداربم تا لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە نامەی بەرائەتی پێدراوە؛ دوای ئەوە ئەو توانیویەتی بەشداری کۆبوونەوەکان بکات. تۆ خۆت کە لەگەڵ ناوەندی کۆمەڵە لە نزیکەوە کارت کردووە، هیچ زانیارییەکت لەسەر وەها نامەیەک هەیە؟

**کاک یەدێ:** قەت نەمدیوە؛ مومکنە نامەیەک بێت هەروا ناردبێتیان بە بێ تۆمار کردن و یا مومکینە بەرلەوە بێت دەبیرخانەمان [نووسینگەی ناوەندی]

دامەزراند.

**کاک یەدیّ:** نالّیّ تاریخەکەی کەی بووە؟


**مەلەکە:** تاریخەکەی نالّیّ، بەلاّم کاتێک ئێمە لەگەڵی قسەمان کرد وتی هاوڕێیان عەبدوڵلا موهتەدی، برایم عەلیزادە، و عومەر ئیلخانیزادە ئەو سێ کەسە ئەو نامەیان بۆ نووسیوم.

پرسیارەکان تەواو بوو؛ زۆر زۆر سپاس کە ئەو وەختەت پێداین.

**کاک یەدیّ:** تکا ئەکەم، من زۆر شت لە کاک فوئادەوە فێربووم. هەر ئینسانێک خاڵی لاوازی هەیە و خاڵی بەهێزیش، بەلاّم من بەڕاستی خاڵە بەهێزەکانی زۆر لە بەرچاوم بەرجەستە بوون.

****

مەلەکە و ڕەزا ئەم گفتوگۆیان ئەنجام داوە.



# وەڵامەکانی کاک یوسف ئەردەڵان

**مانگی سێی ٢٠١٣**

**پرسیار:** ئاشنایی و هاوکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی ئێوە لەگەڵ کاک فوئاد چ ساڵێک و لە کوێ دەستی پێکرد؟

**کاک یوسف:** ئاخر جار کە گیرام زستانی١٣٥٢ [١٩٧٣] بوو. سەرەتای پاییزی ١٣٥٣ [١٩٧٤] نێردرام بۆ زیندانی قەسر و هێشتایش محاکەمە نەکرابووم؛ لەوێ بۆ یەکەم جار لە گەڵ کاک فوئاد ئاشنا بووم. هەر لەوێ ئیرەج فەرزادیشم دییەوە کە لە دەورانی دەبیرستانەوە ئەمناسی. ساڵی ١٣٥٠ [١٩٧١] لە گەڵ کاک ئیرەج و کاک ساعید کۆڕێک بووین. بە دیتنی ئەو و ئەوانی تر، زانیم کە

زۆربەی کوڕەکان گیراون؛ کاک تەیب رۆحۆللاهی و کاک برایم رەنجکەشان لەوێ بوون.

من لە ڕابیتە لە گەڵ ئەوان نەگیرابووم، بەڵکوو بە بۆنەی هاو کۆڕ بوون لەگەڵ ئیرەجدا بوو. ڕاستە لە دوو قۆناخی جیاوازدا گیرابووین، بەڵام هەر یەک جەوهەرمان هەبوو. وەکوو ئەوەبوو کە لە مێژە یەکترمان دەناسی. دیارە ساواک بە پەیوەندی نێوانمانی نەزانی. کاک فوئاد زۆر کراوە و زیرەک بوو، لە گەڵ کەسی نا ئاشنایشدا ئەیتوانی زوو پەیوەندی بگرێت.

**پرسیار:** باسی بیرەوەرییەکانی خۆتمان بۆ بکە لەگەل کاک فوئاد لە زیندان؟

**کاک یوسف:** من زستانی ١٣٥٢ لە رابیتە لە گەل کۆڕێکی کۆمونیستیدا گیرام. ئەو کۆڕە سەرەڕای کار لە ناو کرێکاران و هەڵسووڕانی رووتین و عەمەلی، گۆڤارێکی بڵاو ئەکردەوە بەناوی "بسوی انقلاب" [بەرەو شۆڕش] کە هەم بەرهەمی تیئۆریکی کلاسیکی بڵاو دەکردەوە و هەم ڕەخنەی لە بۆچوونی چریکی دەگرت. ماوەیەکی کورت نزیکەی دوو مانگ لە زیندانی قەسر لە گەڵ کاک فوئاد وهاوڕێکانیتردا بووین.

لەو ماوەیەدا هەموو ڕۆژێک یەکترمان ئەبینی، ئاڵوگۆڕی بیروڕا و لێکۆڵینەوەی سیاسیمان ئەکرد. زەینێکی وشیاری هەبوو. جگە لە بەرخوردی هەوەڵ کە گوتم کراوە و زیرەکانە بوو، لە جاری دووهەم و سێهەمەوە هەستت بە لێبڕاوانە بوون و وشیاربوونت لە قسەکردنیدا دەکرد. بەو مانایە کە ڕێزی بەرامبەرەکەی ڕادەکێشا. نامەوێ هێمایەک دروست بکەم، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە ئەوەندە بەرچاو بوو کە بەزاندنی هێڵی سووری دادەپۆشاند.

لەدەورانی شادا زیندانی سیاسی بۆ خۆی خاوەنی فەرهەنگێکی تایبەتی بوو؛ کە سەرەڕای خۆ ڕاگری، نزیکایەتی نەکردن لەگەڵ زیندانبان و. . . بەشداری نەکردن لە ڕێو ڕەسمی حکوومەتی بوو. کەس بۆی نەبوو وەکوو تاکتیکیش بەشداری ئەو ڕێورەسمە بێت. کاتێ کە بردمیان بۆ زیندانی قەسر لەبەر ئەوەی کە جاری هەوەڵم نەبوو برێک لەزیندانیەکانم ئەناسی. کەسێک باسی بەشداری کردنی کاک فوئادی کرد لە ڕێورەسمی ٢٨ مورداد [ساڵرۆژی کوودیتای ٢٨ی گەلاوێژی١٣٣٢ واتە١٩٥٣/٨/١٩] کرد. لە خودی کاک فوئادم پرسی هەستم کرد پیخۆش نەبوو، بەڵام بە هێمنایەتییەک کە تایبەتی خۆی بوو وتی: "پێموابوو

ئەگەر بەشداری بکەم هەر لێرە ئەمهێڵنەوە و ئەتوانم هەموو ئەو هاوڕێیانە کە گیراون ببینم و تێبگەم تا چ ڕادەیەک نەهێنییەکان پارێزراون". من بەو دەلیلانە قانیع نەبووم.

**پرسیار:** دوای ئازادیتان لە زیندان و دواتر بەتایبەت کاتێک شۆڕش کرا و ئێوە وەک نوێنەری شۆرای شاری سنە هەڵبژێردران، پەیوەندیتان لەگەڵ کاک فوئاد چۆن بوو؟

**کاک یوسف:** من کە لەزیندان ئازاد بووم و گەڕامەوە بۆ سنە، کاک فوئادم نەبینی. دواتر چەند جار یەکترمان بینی، بەڵام باسی درێژە پێدان بە کاری تەشکیلاتی لە بەینماندا نەکرا. ئەو سەردەمە سەرقاڵی کاری شوورای گەڕەکەکان بووین لە گەڵ کاک سەدیق کەمانگەر، کاک عەبدوڵلای بابان و کاک ئیرەج فەرزاد و... بە بێ ئەوەی باسی هەبوون لە ڕێکخراوێکی تایبەتیدا بکەین. کە کاک شوعەیب لە زیندان ئازاد کرا پێداگرتن لەسەر کارکردنی نەهێنی بەردەوام بوو. من لە گەڵ ئەو بۆچوونە موافق بووم. بەڵام لەسەر پەیوەندی ڕێکخراوەیی قسەو باسێک نەبوو.

وەک ئاماژەم پێکرد لە شوورای گەڕەکەکان بەشداریم ئەکرد، دیارە هیچ بڕیارێکی دیاریکراوی لە سەر نەدرابوو. پێموابێ بۆ کاک سەدیق کەمانگەر و کاک عەبدوڵڵا بابان و هەروەها فرەیەک لە هاوڕێیانی تریش هەر وابوو. پەیوەندییەکان هەر لە سەر ڕەواڵی ڕابردوو بوو، نەک بەشێوەی دیاری کراوی ڕێکخراوەیی. جارو باریش بە ڕێکەوت کاک فوئادم ئەبینی.

دوای کارەساتەکەی نەورۆزی سنە و لە کاتی وتووێژەکان لەگەڵ "شوورای ئینقلاب" دا کاک فوئاد بە ئیرەج فەرزاد دا سفارشی کردبوو کە من بەشداری بکەم لە هەڵبژاردنی شوورای کاتی شاری سنە. ئەو کات ڕاستەوخۆ کاک فوئادم نەدیت. من بەشداری لیستێک بووم کە لە لایەن جەمعییەت و ڕێکخراوەی چریکەکانەوە بەناوی لیستی 'پێشرەو' پشتیوانی لێکرا و من وەکوو ئەندامێکی شوورای شاری سنە هەڵبژێردرام.

لەم دەورانەش ڕاستەوخۆ کاک فوئادم نەبینی هەتا کارەساتەکەی "خانەگای جووجوو".

لە هەوەلین جەولە کانی یەکیەتی جووتیاران چەکدارەکانی مفتی زادە (مەکتەب

قۆرعان) لە "خانەگای جووجوو" دامەزرابوون و بەریان بە دەستەی یەکیەتی جووتیاران گرتبوو؛ ئەوەش بوو بە هۆی تێکهەڵچوونی چەکدارانە و لەناو مەکتەب قۆرعانییەکاندا کوشتەی لێکەوتەوە.
حکوومەتیەکان لە ژاندارمەری و ئوستانداری شڵەژابوون، بۆ خۆیان نەیاندەوێرا ڕاستەوخۆ بڕۆن و لە کارەساتەکە بکۆڵنەوە. ئەوە بوو داوایان لە شوورای شاری سنە کرد کە هاوکارییان بکات. لە لایەن شوورای شارەوە من رۆیشتم بۆ مەریوان. کاک فوئاد بە نەهێنی لە شاربوو سفارشی ناردبوو کە یەکتر ببینین. لە بیرم نییە لە ماڵی کێ بوو بە ڵام بە دوور لە چاوی دووکەس کە لە ژاندارمەری و ئوستانداریيەوە لە گەڵم بوون، ڕۆیشتم و کاک فوئادم بینی. کەمێ شەکەت ئەهاتە بەرچاو؛ دیاربوو کەم خەوتبوو، بەڵام کە بە وردی باسی ڕووداوەکەی کرد، بینیم هەستی بە پێویست بوونی پشتگیری لەو زەحمەتکێشانە کردەوە کە ساڵانی پێشوو لە گەڵیان ژیاوە و پێیانەوە ماندوو بووە.

**پرسیار:** کاتی کۆچی خەڵکی مەریوان و هاتنی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی و گفتوگۆ لەگەڵ شوورای شاری مەریوان لەگەڵ ئەوان، تۆیش وەک نوێنەری شوورای شاری سنە لەو بەشدار بوویت. تکایە باسی دەور و ڕۆڵی کاک فوئادمان لەو شێوە خەباتەدا بۆ بکە.
**کاک یوسف:** حەوت کەس لە هاوڕێیانی کۆمەڵە کە لە سنەوە یارمەتیدەری کۆچ بوون، کەوتبوونە کەمینی پادگانی مەریوان و لەوێ زیندان کران و مەترسی گواستنەوەیان بۆ شوێنێکیتر و لەبەین چوونیان هەبوو. شوورای شاری سنە لە سەر شانی بوو کە بۆ رزگار کردنی ئەو ئەسیرانە هەوڵی خۆی بدات. لەو ڕابیتەدا لەلایەن شوورای شار سنەوە سێ کەس (من و فوئاد رۆحانی و هادی مورادی) و لەلایەن ئوستانداریشەوە ئوستاندار کە ئاغای شەکیبا بوو (نزیکەی مانگێک بوو کە بەجێگەی ئاغەی یونسی هاتبوە سنە)، لە گەڵ کاک یەدێ بیگلەری کە ئەو کات قازی دادگای ئینقلابی کرماشان بوو و ئەو سەردەمە لە سنە بوو، بەهێلیکۆپتر چووین بۆ پادگانی مەریوان. کە گەیشتینە بەرەوە چەمرانمان دیت؛ پاش چەند دەقێقە چەمران لە گەڵ فوئاد رۆحانی و هادی مورادی رۆێشتنە ژوورێکی تر و بە جیا لەگەڵیان قسەی کرد. ئەو دوو نەفەرە لە خۆیان و لە دەوروبەری مفتیزادە بوون.

دیار بوو چەمران بۆ شەڕ هاتووە. ئەیەویست زیندانیەکان بگۆزێتەوە بۆ شوێنێکیتر. ئەو شەوە تا درەنگانێکی نیوەشەو چەند جار بە تەلەفوون لەگەڵ نووسینگەی سەرۆک وەزیران قسەمانکرد؛ ئەوە تەنیا شوێنێک بوو لە حکوومەت کە ئەمانتوانی قسەیان لەگەڵ بکەین و فشار بێنین کە زیندانیەکان نەگوێزنەوە. دوای نیوەشەو بوو کە چەمران هاتە سەر ئەوە کە بەندییەکان ئازاد بکرێن. ئیتر نەخەوتین سەعات سێ ونیم و چواربوو کە هەموو هاوڕێیان ئازادکران و پێکەوە ڕۆیشتین بەرەو ئەو شوێنە کە ڕێپێوانەکان دوای شەش ڕوژ گەیشتبوون وشەو لەوێ حەسابوونەوە.

من گەڕامەوە بۆ شوێنی وتووێژەکە. دیسانەوە کاک فوئادم بینی، فرە شەکەت بوو دیار بوو، شەو نەخەوتبوو. لەگەڵ چەمران وتووێژیان کردبوو. لەو کاتەدا وێنەگەری بەناوبانگ "ڕەزا دیققەتی" لەوێ بوو کە وێنەیکی لە کاک فوئاد هەیە کە سەری ناوەتە سەردەستی.

قەرار بوو کە کاک فوئاد لەگەڵ شوورای شاری مەریوان دابنیشن و بڕیار بدەن. کاک فوئاد پێشنیاری کردکە منیش وەکوو ئەندامێکی شوورای شاری سنە بەشداری کۆبوونەوەکە بم. ئەندامانی شوورا لەگەڵ پێشنیارەکەی موافەقەتیان کرد و منیش دیارە بە فەخرم زانی کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربم. کاک فوئاد بەوردی قسەو باسەکەی لەگەڵ چەمران و فەرماندەی پادگان کردبووی گێڕایەوەو وتی بە قسە فرەیەک لە داخوازییەکانیان قبووڵ کردووە. . . بە قسە قبووڵیان کردوە بە ڵام ئەزانم ڕاست ناکەن. لەم حەرەکەتە دیاریکراوەدا سەرکەوتوو بووین و خەڵک بە باشی تا ئاخر هاتوون. ئەبێ بە سەربەرزییەوە دوایی بە کۆچەکە بێنین.

**پرسیار:** ڕۆژی ٢٨ ی گەلاوێژ کە خومەینی فەرمانی هێرشی بۆ سەر کوردستان دا ئێوە لە کوێ بوون؟

**کاک یوسف:** ئەو ڕۆژە هێشتا فرەیەک لە هاوڕێیان لە ناو شاردا بوون کە خومەینی حوکمی جیهادی دا. من و کاک عەبدوڵڵا بابان بە بێ ڕێنوێنی یان تەرحێکی دیاریکراو بە ماشینێکی جیپ کە کاک عەبدوڵڵا تازە کڕیبووی بەرەو سەقز کەوتینەڕێ. ڕۆژی دوایی بەرەو بانە کەوتینە ڕێ. من هەر لە بانە بووم کە خەبەری دڵتەزێنی ئێعدامەکانی مەریوانمان بیست. هێشتا ڕێک و پێک نەببووین

و هەر لەبانە بووم کە خەبەرە کەمان بیست، کە کاک فوئاد بە جێمانی هێشت.

**مەلەکە:** زۆر سپاس

# باقی هاوڕێیان

بۆ دەوڵەمەندتر کردنی بابەتەکانی ئەم کتێبە و هەروەها بۆ وێناکردنی دیمەنێکی هەرچی ڕوونتر و بەرینتری ڕووداوەکان و مێژووی ئەو سەردەمە، هەوڵماندا بەبێ هیچ چەشنە پێشداوەری کردن و یان سەرنجی ئەوەی کە کێ ئەمڕۆ چ بیروباوەڕێکی هەیە و یان گرێدراوی کامە رێکخراوەیە، لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی ئەو سەردەمەی کاک فوئاد و کۆمەڵە پەیوەندی بگرین.
گفتوگۆیەکی کاک عوسمان ڕەوشەن توودە لە ڕێورەسمی یادی سی‌ساڵەی گیانبەخت کردنی کاک فوئاددا بڵاوکرایەوە. بەڵام لەبەر هاوکاریی نزیکی ئەو لەگەڵ کاک فوئاد و بەتایبەت چەند سەفەرێکی گرینگ کە پێکەوە کردبوویان، پێمان باش بوو بۆ ئەم کتێبەیش قسەوباسێکی لەگەڵدا بکەین کە بەداخەوە ئامادە نەبوو.
کاک حەمە سوور (حوسەین مورادبەیگی) ئامادەبوونی خۆی بۆ هاوکاری ڕاگەیاند. مخابن بە هۆی سەرقاڵ بوون بە چارەسەری نەخۆشییەوە دەرفەتی نەبوو وڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە.
لە قسەوباسی ژمارەیەک لە هاوڕێیانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵەدا باسی چەندین کەس و لەوانە کاک موسلیح شێخولیسلامی هاتووەتە پێش. ئێمەیش بەلامانەوە گرینگ بوو لە زمانی خۆیەوە لێکدانەوە و گێڕانەوەی ڕووداوەکان ببیستین. کاک موسلیح سەرەتا ڕازی بوو گفتوگۆی لەگەڵدا بکەین، بەڵام دواتر ڕایگەیاند کە ئامادە نییە بۆ وڵامدانەوە.

## هەڵوێستی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی

هەر وەک لە پێشەکی ئەم کتێبەدا باسکراوە، ئێمە تێکۆشاوین لە گەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ کاک فوئاددا کاری هاوبەشی سیاسی و ڕێکخراوەییان کردووە، وتووێژ و چاوپێکەوتنمان هەبێت. ئەمەش بەبێ هەڵاواردن و بەبێ ئەوەی کە ئەم کەسانە ئێستا چۆن بیردەکەنەوە و لەکوێی نەخشەی سیاسی کوردستاندا ڕاوەستاون.
یەکێک لەم کەسانە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بوو کە خۆی یەکێک لە دامەزرێنەران

و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە بووە. کاک عەبدوڵڵا دەوری کاریگەری لە هەڵس و کەوتەکانی کۆمەڵەدا هەبووە.
ئەو کەسانە کە تارادەیەک ئاگاداری کۆمەڵە و مێژووەکەی هەن، دەزانن دوو کەس لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە کاک فوئاد و کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بوون.
لە چەندساڵی ڕابردوودا ئێمە خوشک و براکانی کاک فوئاد بۆ نیشاندانی دەور و تەئسیری کاک فوئاد لە بزووتنەوەی رادیکاڵ، سوسیالیستی و شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی کوردستان و کۆمەڵەدا کارگەلێکمان کرد کە لە حەقیقەتدا ئەو ئەرکە دەکەوتە سەر شانی کۆمەڵە و هاوڕێیانی کاک فوئاد.
سالی ٢٠٠٩ [١٣٨٨] بە بۆنەی سیهەمین ساڵیادی گیانبەختکردنی کاک فوئادەوە، بە نامەی ڕەسمی کاک عەبدوڵڵامان بانگهێشت کرد و کاتیشمان بۆ دانابوو کە لە سەر کەسایەتی و دەوری کاک فوئاد قسەبکات. بە داخەوە دوای چەندین جار پەیوەندی گرتن بە نامە، ئیمەیل و لە ڕێگای هاوڕێیانی کومیتەی ڕێکخراوەکەیانەوە لە سوئێد، هیچ جوابمان وەرنەگرتەوە.
بۆ پرۆژەی ئەم کتێبەیش هەموو تێکۆشانێکمان لەم ڕێگایەدا بێ ئاکام بوو. دیسان بە چاک و خراپ جوابمان وەرنەگرتەوە.
ئێمە ئێستایش لەو هەڵوێستە تێنەگەیشتین و نەمانزانی بۆچی کاک عەبدوڵڵا خۆی لەو چاو پێکەوتنانە لادا. لەحاڵێکدا کە لە زۆر بۆنە و کۆبوونەوی فەرمیدا گوێمان لێدەبێت "سەری ڕێز و پێزانین" بۆ بنەماڵەی گیانبەختکردووان دادەنەوێنێت. گەلۆ ئەوە نییە هەشت شۆڕەسواری هێژا و گیانبەختکردووی کۆمەڵە و ئەم شۆڕشە نوێیەی کوردستان سەر بە بنەماڵەی ئێمەن؟ (کاک فوئاد، حوسەین، ئەمین، ماجید، ئەمجەد مستەفا سوڵتانی، دوکتور جەعفەر شەفیعی، کاک ناسر و ئەحمەد مستەفا سوڵتانی)
وتووێژ لە گەڵ کاک عەبدوڵڵا تایبەتمەندییەکی تریشی بۆ ئێمە هەبوو. کاک برایم جەلال لە کتێبەکەی خۆیدا ((چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە)) نووسیوویەتی کە کۆمەڵە نامەی بەرائەتی بۆ نووسیوە و داوای لە یەکێتی نیشتمانی و کۆمەڵەی ڕەنجدەران کردووە کە واز لە برایم جەلال بێنن و لێی خۆش بن. کاک برایم جەلال لە گفتوگۆکەی لەگەڵ ئێمەدا — کە لەم کتێبەدا چاپکراوە — ئەڵێ یەکێک لەوانەی کە دوای تەحقیق کردن و سەلماندنی گێڕانەوەی من لە ڕووداوی گیانبەختکردنی کاک فوئاد و بێ تاوان بوونی من، پەیوەندی بە یەکێتی و

شەخسی مام جەلالەوە کردووە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بووە. ئەمە جێگای سەر سووڕمان و ناباوەڕی ئێمە بوو و بەلامانەوە گرینگ بوو بزانین کاک عەبدوڵڵا چۆن لەگەڵ ئەم پرسیارە بەرەوڕوو دەبێتەوە.
لێرەدا دەقی ئەو نامە بڵاو دەکەینەوە کە ڕەزای برامان لە چەند کاناڵی ڕێکخراوەکەیانەوە بۆ کاک عەبدوڵڵا موهتەدی ناردووە، تێیدا باسی هەنگاوەکان وهەوڵەکانی ئێمە کراوە. ئەو هەوڵانەی کە بێ وڵام مانەوە.

بەڕێز کاک عەبدوڵڵا موهتەدی!
لە گەڵ ڕێز و سڵاوی زۆر.
هەر لە سەرەتای گیانبەختکردنی کاک فوئادەوە تا ئێستا پرسیارێک بە سەر مێشکی ئێمەدا قورسایی کردووە و دەیکات. ئایا بەڕاستی بە لە بەرچاو گرتنی دەور و نەخشی کاک فوئاد لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان و کۆمەڵەدا و ناسیاوبوونی کاک فوئاد لە لایەن سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، چ لە زیندانی ڕژیمی شادا و چ لە دەورانی ١١ مانگەی دوای زیندان، لە وتووێژی ڕاستەوخۆدا و هیتریش، ئایا گیانبەختکردنی کاک فوئاد ڕووداوێکی بە هەڵکەوت بوو یان بە نەخشە و پیلانێکی لە پێشەوە داڕێژراوی کۆماری ئیسلامی؟
بە هۆی هێرشی دڕندانە و هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و ڕاوەستان و خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کورد و لە پێشیانەوە کۆمەڵە، ئێمە مەودای بەدوادا چوونی ئەم پرسیارەمان پێ نەدرا و پێشمان وابوو کارێکی ئاوا گرینگ ئەرکی سەر شانی کۆمەڵەیە نەک ئێمە.
هەروەک ئاگادارن لەم دوو سێ ساڵەی رابردوودا دوو کتێب لە لایەن دوو کادری لەمێژینەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەران، بەڕێزان کاک برایم جەلال و کاک مەلابەختیارەوە بڵاوبوونەتەوە. باسکردنی چۆنیەتی شەڕی لەناکاوی رۆژی ٩ خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی لە جادەی مەریوان بۆ سەقز و بانە و ڕووداوی گیان لەدەستدانی کاک فوئاد لەو شەڕەدا و ڕاگەیاندنی بەپەلەی هەواڵکە لە خەبەری سەعات دووی دوای نیوەڕۆی رادیۆ تارانەوە وەک سەرکەوتنێکی گەورە بۆ کۆماری ئیسلامی و ئاسەواری ئەو ڕووداوە لە سەر چۆنییەتی هەڵس و کەوتی یەکێتی نیشتمانی و کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە گەڵ

کاک برایم جەلال، و ئاسەواری ئەو ڕووداوە لە سەر پێوەندی ئەوان لە گەڵ کۆمەڵەی خۆمان لەو دوو کتێبەدا و بە واتای کاک برایم جەلال نووسینی نامە لە لایەن ئێوەوە ( جەنابتان ، کاک برایم عەلیزادە و کاک عومەر ئیلخانیزادە) بۆ مام جەلال و یەکیەتی سەبارەت بە بەرائەتی کاک برایم جەلال، هەموو ئەوانە وایانکرد کە گەڕان بە دوای وڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە لە ئێمەدا بە هێزتر بوو.

بۆ ئەم مەبەستە ئێمە خوشک و براکانی کاک فوئاد لە دەرەوی وڵات لە ڕێگای وتووێژ لە گەڵ هێندێک لە کادرەکانی یەکێتی نیشتمانی و کۆمەڵەی ڕەنجدەران و کۆمەڵەی خۆمانەوە دەستمان کردووە بە کۆکردنەوەی زانیاری لەو بابەتەوە. بێجگە لەوەش زانیاری سەبارەت بە کەسایەتی کاک فوئاد لەو کەسانەی وا لە نزیکەوە لە گەڵ ئەودا کاریان کردووە، کۆ دەکەینەوە.

جەنابت یەکێک لەو کەسانەن کە پێمان وایە دەتوانن لە هەر دوو بوارەکەدا زۆر یارمەتیدەرمان بن.

مانگی ئاڤریل ساڵی ٢٠١٢ مەلەکە و حشمەت بۆ دیدار و وتووێژ لە گەڵ هێندێک لە کادرەکانی یەکێتی نیشتمانی و کۆمەڵەی ڕەنجەدەران و کۆمەڵەی خۆمان سەفەریان کرد بۆ سلێمانی. بەداخەوە جەنابت ئەو کات لەوێ نەبوویت. بەڵام توانییان لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە پێمان وابوو یارمەتیدەر دەبن، دیدار سازبکەن. یەک لەوان کاک حەمەی شافێعی بوو. لای کاک حەمەیش داوای دیداری جەنابتیان کرد لە کوردستان یان لە هەر وڵاتێکی ئورووپا کە بۆ ئێوە موناسیب بێت.

هەر بۆ ئەو مەبەستە من هاوینی ٢٠١٢ لە شاری ستوکهۆڵم لە ڕێگای کاک حەمەی موهتەدی (کوڕی کاک سەعدی موهتەدی)یەوە بە تەلەفوون داخوازیەکەمانم بۆ کەڵک وەرگرتن لەو فرسەتە کە ئێوە لە سوئێد بوون بۆ وتووێژ لەگەڵ جەنابت باس کرد. ئێوە لەو پەیوەندییە تەلەفوونیەدا وتتان دەچنە شاری یوتەبۆری بۆ کۆنفراسی حیزبی و پێتان ناکرێت بەڵام لە فرسەتێکی دیکەدا ئامادەن بۆ گفتوگۆ.

جارێکیتر ڕۆژی ٢ی دیسامبر ٢٠١٢ لە ستۆکهۆڵم لە مەراسمی سەرەخۆشی دایکی باجە ڕەخشەندە بلوریدا، حوزووری داوکارییەکەم لە گەڵتان باس کردەوە. ئێوە وتتان کە جارێ لێرەن و خەبەرمان لێ ئەگێڕیتەوە.

ئێستا ئێمە لە ئاخر ی کارەکەماندااین و تەنیا ئێوە ماون وتووێژی لە گەڵدا بکەین. لە ڕێگای ناردنی ئەم نامەوە ویستمان بزانین ئایا دەکرێت پرسیاەکانمان بنێرینە خزمەتت و ئێوەش بە نووسراوە وڵامەکان بنێرنەوە بۆ مان؟
ئەگەر دەتانەوێت وڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە تکایە لە زووترین کاتی مومکیندا ئاگادارمان بفەرموون تا پرسیارەکان بنێرینە خزمەتتان.

بژین بە شادی

ڕەزا مستەفا سۆڵتانی

٢ مارس ٢٠١٣ ستۆکهۆڵم

# دەقی نامەی کاک فوئاد
# بۆ کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

**هاوڕێیانی تێکۆشەر و کۆڵنەدەرم!**
**سڵاوێکی شۆڕشگێرانەتان پێشکەش،**

ئێمە شەوی یەکەم کە ڕێکەوتین تەنیا سێ جووتیار لەگەڵماندا بوون. ئەو شەوە تا ئێوارەی ڕۆژی دواتر ڕێ ڕۆیشتین. بۆ هەموومان بە تایبەت بۆ ڕووناکبیرەکان زۆر سەخت بوو ڕێگەکە. زۆرتری سەرەو ژووری و سەخت بوو، نەخەوتن و تینوویەتی و ماندوویەتی زۆری بۆ هێنابووین. کەم بوونی جووتیارەکانیش ببوو بە هۆی دڵساردی هێندێک. بەڵام یەکەم تاقی کردنەوەی بۆ ئێمە ئەوە بوو کە لە ناو شاردا قسەی پێشمەرگانە خۆشە بەڵام ژیان و یاسای پێشمەرگایەتی جگە لە شەڕ هاسان نییە. شەویش زۆر سارد بوو، شنە بای کوێستانی کوردەواری لە جەرگەی شەوەزەنگی چڕدا دوو دڵی و نەتوانینی فەلاقە دەکرد.
لە نیوە شەودا دوو شێرە کوڕی جووتیار تاریکی شەوەزەنگیان بە بەرقی تیژی چاوی گەشیان دادڕی و هاتنە ریزمانەوە، گەشەمان پێی کرد. شەش شەو بەم چەشنە بە دزییەوە ڕێگامان بۆ بڕی و بە ڕۆژدا ڕێ ڕۆیشتن بە کۆڵ و چەک و فیشەک و سەرەو ژوور و سەرەو خوار، وردە وردە ڕاهاتین. لەم ماوەیەدا تەنیا هاوڕێیانی ناو شار و برایانی جووتیاری ئەو دێیە کە کردوومانە بە بنکە ئەهاتن بۆ لامان. بەڕاستی جووتیارەکان هۆی دڵگەرمی ئێمە بوون و هانیان ئەداین. ئەیان گوت ئامان سەد ئامان سارد نەبنەوە، غیرەتتان هەبێ، مەترسن. شەو قەڵای مەردانە، ئەوان بە جوانی ئێمەیان ئەپاراست. هەر نەناسیاوێ ڕووی بکردایەتە ئەو کوێستانە ئەکەوتنە شوێنی، تەنانەت برادەرێکی خۆمانیان گرتبوو، لەم ناوچەیە دەریان کردبوو.
سێ جووتیاریتر هاتن بۆ لامان و بووین بە حەڤدە (١٧) کەس هاوڕێیانی ناو شاریش کۆبوونەوەیەکی گەورەی یەکیەتی جووتیارانیان پێکهێنا، زۆربەی خەڵکەکە لە قسەدا لایەنگری هاتنەدەرەوە بوون. ئێمە لە شەوی ٨ / ٣/ ١٣٥٨ دا کەوتینە جەولە تا ئێستا دوو دێ چووین، زۆر بە گەرمی ڕێزیان گرتووین. دوو

جووتیاری تریش هاتوونەتە ریزمانەوە لە چەند جێی تریش بەڵێنیان داوە پێمان پەیوەست بن. هیوامان ئەوەیە زۆرتر بین. ئەو جووتیارانەی لەگەڵمانن زۆر وریا و باشن. بەڕاستی ئەوانە زۆرتر ئێمە هاندەدەن. ڕیش سپییەک لەگەڵمانە زۆر وریا و زانایە.
کەم و کووڕی سیاسی و سەربازیمان زۆرە بەڵام پلە بە پلە باشتر ئەبین. کۆبوونەوەکانمان باشە. ڕەخنە لە چەوتی و نالەباریەکانمان ئەگرین. پێشمەرگەمان لە ڕۆژدا لە مووچە و مەزرادا لەگەڵ جووتیارەکان کار دەکەن و لە شەویشدا لە ماڵان و لە مەزگەوتدا لەگەڵ خەڵکی کۆ ئەبینەوە و وتووێژ ئەکەین.
ئێمە بڕوامان ئەوەیە کارێکی باشمان دەست پێکردووە. لە ناو خۆماندا کادری ڕووناک بیر و جووتیار پەروەردە دەبێت و لە ناو خەڵکدا کاری سیاسی و ڕێکخستن ئەکەن. بەرنامەی سەربازی ئێمە جارێ بە بۆنەی بیر و ڕای جووتیارەکانەوە دیفاعییە. بەرنامەی ئێمە درێژەدان بە جەولەیە و بڕیار وایە تا دوژمن پەلاماری جووتیار نەدات، ئێمە هێرش نەکەین. دەنگ و باسی خۆتان و هەموو شتێک زۆر زۆر پێویستە.
هاوڕێتان فوئاد
٩ / ٣ / ١٣٥٨ (١٩٧٩/٥/٣٠)

# قسەکانی کاک فوئاد* لە مەهاباد
# هاوینی ساڵی ١٣٥٨(١٩٧٩)

**(کاسێتی ژمارە یەک)**

**بەشی یەکەم؛**
**سەبارەت بە چۆنییەتی پێکهاتنی یەکیەتی جووتیاران**

ئیتیحادیەگەلی دێهقانی[جووتیار، فەلا]: تەجرەبە و توانایی ئەوەم نییە کە بە گشتی لەسەر ئیتیحادیەی دێهقانی زۆر وردی بکەمەوە؛ وەلێ یەکیەتی جووتیارانی مەریوان کە چەند مانگێکە پێکهاتووە هەندێ تەجرەبەم هەیە؛ ئەو تەجرەبانە تا ئەوجێگا دەستگیرم بووە، ئەیگێڕمەوە.
نەختێک بڕۆینە دوواترەوە. یانی بەر لە پێکهاتنی یەکیەتی جووتیاران. یەکیەتی جووتیاران ئەوەڵ کەڕەت لە مەریوان دروست بوو، تا ئیسەیش بەو نەوعەکە من بیستوومە نەختێک قورس و قایمە و وەزعی باشە. هەڵبەت بەو مەعنا نییە کە رێک و پێکە، نالە باری و کەم و کووڕی هەیە. وەلێ من پێموایە بۆ ئەوە پێک بێت بە دوو عامڵ مەربووتە. یەکێکیان ئێستا لە هەموو جێیەکی کوردەواری و ئێران کەم تا فرە هەیە. لە دوای٢٢ ی بەهمەن [ڕێبەندان] و هاتنەسەرکاری خومەینی وایان ئەزانی دەرەبەگ دووبارە ژیاوەتەوە. ئێستایش هەروان. وەلێ عاملێکی‌تر کە بە ڕابردوو مەربووتە سابیقەی خەباتی فەلای ئەو ناوچە بوو. لەوە پێش لە دەورەی شا لانیکەم دە دوانزە دێ بوون لەو ناوچەیەدا کە خەباتی دژە دەرەبەگیان ئەکرد. یەکێکیان زۆر مەشهور بوو. دارسێرانی ناوە تەقریبەن هەشت ساڵ خەباتیان کرد. و لەو هەشت ساڵەدا ناڕەحەتی زۆریان کێشا. ئاخریشی سەرکەوتن. گوێزە کوێرە، گاگل، سەرنژمار، بێلوو، بندۆڵ ئەوانە چەندین دێ بوون کە ئەو خەباتەیان کردبوو. لە بیرمە ساڵی ١٣٥٣ (١٩٧٤) لە دارسێران سێ چوار ساڵ شکایەتیان کرد و ڕێگای قانوونی ڕۆیشتن و خەباتیان کرد.
ئەوان ئاخری مەجبوور بوون هەر لەو کاتەدا پەنا ببەنە بەر زۆر. زۆربەیشیان

چەکیان نەبوو زەوییەکانیان لێ داگیر کرابوو. ئەوانە ئەچوون بیکێڵن، ژاندرمەو جاش بەریان ئەگرتن. دەستەیەکیان ئەبردن بۆ زیندان دەستەیەکیتریان ئەچوون و زەویەکانیان ئەکێڵا. پیاوەکانیان ئەگرت، ژنەکان ئەرۆیشتن. هەر لەو کاتەدا لە شازدە دێوە هاتنە یارمەتی خەڵکی دارسێران کە بۆ ئەو کاتە لە واقیعدا زۆر بوو.
فەلای مەریوان بەو نەوعە سابیقەیەکی ڕابردووی لە خەباتدا هەبوو، هەر بەو دەلیلە من پێموایە لە خەباتی ئەمساڵدا بە مەبەستی یەک گرتن زووتر کەوتنە خۆیان. ئەگەر ئەو سابیقە هەبێت، نەک تەنیا بۆ جووتیار، بۆ هەر چینێکیتر بەو نوعە یەک کەوتن و پێشەوە چوون ئاسانترە و پتەوتریشە. لەوە دوا هەر ئەو مەسەلە بوو بە باعیس ئەوە ئەو دیهاتەی کە سابیقەی خەباتیان هەبوو، لە جەرەیانی شۆڕشدا بەپێچەوانەی بڕێک لە دێهاتەکانی تری مەریوان ئەوندە بێ لایەن نەبوون. یانی جوان سەرنجی مەسەلەکەیان ئەدا، ئەهاتن ئەیان پرسییەوە بەتایبەت هێندێکیان بەپێچەوانەی زۆربەی دێهاتەکان لە خەباتەکەدا بەشدارییان ئەکرد. زۆربەی فەلای ئەو مەنتەقە لەو جووڵانەوەدا بەشدارییان ئەکرد و ناڕازی بوون. دەلیلیشیان ئەوە بوو کە ئەگەر شا بڕوات، دەرەبەگ ئەژێتەوە. وەلێ ئەوان چاوو گوێیان کردبووەوە و تێگەیشتبوون و بەشدارییان ئەکرد. هەڵبەت شتێکیتر بڵێم هەر بەبۆنەی ئەو سابیقەی خەباتی فەلاوە، لە مەریوان ئاڵ و گۆڕی تریش پێکهات. ئەویش ئەوە بوو لە ناو ڕووناکبیراندا لە واقیعدا کەسانێکی پەروەردە کرد، کەسانێک نە تەنیا بەرهەمی خەباتی ڕەوشەنفیکری بوون، بەڵکوو بە بۆنەی بزووتنەوەی جووتیار و فەلاوە هەندێ تەجرەبەیشیان پەیدا کرد. تێکەڵ ببوون لە گەڵیان و چووبوونە ناویان. ئەو وەختە زبان و فەرهەنگی ئەوان جوانتر فێر ببوون. هێندێک کوڕە فەلا پەروەردە ببوون و سوننەتێک پێکهاتبوو؛ مەخسووسەن پارەکە تەقریبەن هەر ئەم کاتانە بوو کە فەلای دارسێران بۆ دوایین جار بە ژن و منداڵەوە خەباتیان کرد و باریان کرد کە بڕۆن بۆ ئێراق.
لەو جەرەیانەدا ڕووناکبیری شار لانیکەم ژمارەیەکیان زۆر کۆمەکیان پێکردن. ئەڕۆیشتنە ناویان و کاری تەداروکاتی ئەوانیان دەکرد. خۆیان باریان کردبوو و چووبوونە مەرز، ئەوان زەوی و زارەکەیان چاوەدێری ئەکرد و گەنمەکانیان ئەڕنییەوە وئاگادارییان لێ ئەکرد. لە دێیەکە نیگابانییان ئەدا. ئەوە بووە هۆ

کە ژمارەیەک ڕووناکبیر بە خەباتی فەلا ئاشنابن و پەروەردەبن. لە ناویاندا هی وایش هەیە کە لە باری تێئوریک و موتالعە وە تەقریبەن شتێک مایەی نیە وەلێ چون لە ناو خەباتەکەدا بووە، تەجرەبەی گرتووە و شارەزایە. ئێستا ئەتوانێت لە ناو فەلادا کار بکات. ئەوانە گشتی عەوامڵێ موسبەت بوون. ئەوە کە لە خەباتی ئەمساڵدا هێندێک لەو فەلایانە بەشداری ئەکەن و دیدیان بەرینتر ئەبێت و دوورنمای جەریانەکەی ئەم کاتە لەبەر چاو بگرن. هەروەها پەیوەندی ڕۆشەنفیکر و فەلایش لانیکەم لەو دێهاتانەدا کە سابیقەی خەباتیان بوو، هەر لە پەسا پتەوتر بوو.

بەو زەمینەوە کە تەقریبەن هاوکات لەگەڵ سەرنێگونی بەختیار [شاپوور بەختیار دوایین سەرەکوەزیری شای ئێران] چەند ڕووداو لە مەریوان ڕوویدا و بوو بە باعیس ئەوە وردە وردە چوار دێ لەو دێهاتانە کە سابیقەی خەباتیان بوو کەوتنە فیکرەوە کە ئەبێ کارێک بکەن. هەڵبەت دەرەبەگ هەتا لێیان یەقین نەبوو کە شا حەتمەن ئەڕوا و کاری تەواو بووە، هەر لایەنگری شا بوون و تا ئەوجێگا ئەیانتوانی لە شۆڕشدا بشێوییان ئەکرد. وەلێ دوای ئەوە بۆیان مەعلووم بوو کە ڕۆیشتنی شا حەتمییە بایان داوە و گشتیان بوون بە ئایەتۆڵا و وەک موریدی خومەینییان تێدا دەرهات. وەلێ لە عەینی حاڵدا بۆیان دەرکەوت کە تەنیا ئێعلام وەفادارییەکی سادە بە جمهووری ئیسلامی کافی نییە و کەوتنە خۆ ڕێکخستن و ناکۆکییەکانی ناو تایفەکانیان لابرد. سندووقی هاوبەشیان دانا و چەکیان کڕی و لە مەریوان بەپێچەوانەی جێگاکانی تر کە شاردراوە بوو، ئێعلامیان نەکرد بەڵام لە واقیعدا شورای عەشایەری خۆیانیان دروست کرد. ئەتوانم بێژم بەر لە ٢٢ی ڕێبەندان [ڕووخانی ڕژیمی شا]، ئەوەڵین هێزێک کە تەقریبەن ئاشکرا هێزی چەکدار خۆی نیشاندا دەرەبەگ بوو. هیچ هێزێکیتر کە بتوانێت ئەسڵەحە نیشان بدا بەئاشکرا نەبوو. هێشتا شاپور بەختیار مابوو، ئەوان ئاشکرا ئەسڵەحەیان حەمڵ ئەکرد.

مەخسووسەن تفەنگچیەکانی حەمە خانی کانی سانان ماڵەکەی لە شاردایە، وردە وردە خۆیان ڕێکخست و خۆیانیان چەکدارکرد. بوون بە ئایەتۆڵا و هەر لە پەسا کە دۆخێکی تازە ئەهاتە پێش دەستیان ئەکرد بە پێشڕەوی. لە بیرمە دروست ئەو شەوە کە شاپوور بەختیار لاچوو، وەزعی نەفت لە مەریوان نالە بار و زۆر کەم بوو و بە ناو ماڵەکان دابەش دەکرا، هەر ئەو حەمە خان

کانی سانانە تفەنگچیەکانی بە زۆر ناردبوو ئەو شەوە نەوتیان دزیبوو. خەڵک ئیعترازیان کرد بە خۆپیشاندان چوونە بەرماڵەکەیان و شیعاریان ئەدا " نەوت نییە بۆ شار ودێ، خان بە شەوا ئەیدزێ!" خەڵکەکەی دایە بەر تەقەی تفەنگ. هەڵبەت لەملاوە بە دەمانچە جوابی دراوە و دوو سێ نارنجەک خرا ماڵەکەی وەلێ هەر لەوێدا جوان دیار بوو ئەو چەکانیانە بۆ چی هەڵگرتووە. شەوی دوایی دێی دارسێران لە لایەن تفەنگچیەکانی ئەوانەوە درا بەر تەقەی تفەنگ. کاردانەوە ئەوە بوو کە خەڵکی شاریش و فرەتر رووناکبیر بە چەکەوە چوون بۆ دیفاع لە دارسێران ئەوەیش خود بە خود پەیوەندی دارسێرانی و رەوشەنفیکری موحکەمتر کرد. لە دێهاتیشدا دەنگیداوە کە تفەنگ چی حەمە خان دارسێرانی داوەتە بەر تەقەی تفەنگ. رووداوێکی تریش هاتە پێشەوە؛ یەکێک لە بەردەستەکانی هەر ئەو حەمە خانە لە خیابانی شاردا هەڵمەتە دەمانچەی لە کوڕە دارسێرانییەک کردبوو و دەمانچەی پێوە نابوو، هەڵبەت نەیپێکا و یەکێکیتری بریندار کرد وەلێ هەرئەوە بووە هۆی ئەوە فەلا زووتر بجووڵێت. ڕێک ئەو ڕۆژە تەقریبەن سەعات نۆی بەیانی بوو، کە ئەوکاریان کرد. هەر شەوەکەی چوار دێ کۆبوونەوە و تەسمیمیان گرت چونکوو بەگزادە وای پێهاتوە ئەبێ ئێمەیش کارێک بکەین.

یانی هەر ئەو ڕۆژە لە دارسێرانەوە چوونە شوێن نوێنەری ئەو سێ دێی ترە هاتن و بە دزییەوە لە دارسێران کۆبوونەوە و هێندێک باسی ئەو ڕووداوانە کرا وتەسمیمیان لەسەر ئەوە گرت کە چۆن تایفەکانی دەرەبەگ یەکیان گرتوە، جووتیاریش لە دێهاتەکاندا یەکبگرن. ئەساسەکەیشی ئەوە بوو: دیفاعی موشتەرەک. واتە هیچ هەدەفی هێرشبەرانە و هەڵمەت بردن لە کاری ئەواندا نەبوو، بەڵکوو ئەوە کە لە موقابل هێرشی دەرەبگەوە دیفاعی هاوبەش بکەن، هەر ئەو کاتیشە وەکوو قسەی خوسووسی لە بەینی خۆیاندا مەترەح بوو. کە ئەبێ ئێمەیش ئەسڵەحە پەیدا بکەین ئەگینا بەبێ چەک کارێکمان بۆ ناکرێت. هەندێ ئەسڵەحەیان بوو بەڵام کەم بوو، مەخسووسەن دارسێرانی تەجرەبەی ئەوانەیان پەیدا کردبوو؛ ئەو شتە کە پێی ئەڵێن جەنگی ڕەوانی[دەروونی] ئەوانیش ئەیان کرد. دیعایەیان بڵاو ئەکردەوە ٧٠ تفەنگمان هەیە! واقیعەن نەیان بوو. هەروها دەرەبەگ دیعایەی بڵاو ئەکردەوە کە ١٠٠ تفەنگیان هەیە لە ڕاستیدا نەیان بوو. وەلێ بە هەرحاڵ لە باری عەمەڵیەوە کەوتنە ئامادەکردنی

تفەنگ و لە پەسا ئەو جەریانە پەرەی سەند. هەڵبەت هەر لە ئەوەڵەوە یەکێک لەو دێهاتانە بە ناوی بێلوو چەند نەفەریان هاتبوون لە جەرەیانەکەدا بەشداری کردبوو.

گشت دێیەکە بەوە ڕازی نەبوون و ئەوەیان بە کارێکی خەتەرناک ئەزانی، ژمارەیەکیان هاتن. دارسێرانی گشتیان بوون، گاگلی گشتیان بوون. سەرنژمار تەقریبەن گشتیان بوون. بەدوای ئەوەدا دووبارە وەعدەیان دانا و کۆبوونەوەیەکیتر دیسان بە نهێنی کرا ئەمجارە بوو بە حەوت دێ. سێ دێیتری پێ زیادبوو. هەر بەو چەشنە نەک ئەوەی کە نوێنەری دێیەکە مولحەق بێ، ئەوانە کە لە دێکەدا موافقی جەرەیانەکە بوون نیوە عەلەنی بە یەکەوە تەگبیریان ئەکرد. نوێنەریان نارد و بەیەکەوە کۆبوونەوە و لە سێهەمین کۆبوونەویان لە ١٦ی [ڕەشەممە] ئەسفەنددا بوون بە ١٠ دێ، ئیتر خۆیان ڕاگەیاند وعەلەنی بوونەوە. لە ئێعلامیەیەکی سادەدا بوو ڕایان گەیاند یەکیەتی جووتیاران لە هەرکوێ زۆڵمێک لە فەلا بکرێ موشتەرەکەن دیفاعی لێ ئەکەین. ئەو وەختە ئاشکرا موخالفەتیان لەگەڵ دەرەبەگ و لەگەڵ ئەو مامۆستا و مەلایانەی کە سەر بە دەرەبە گ بوون، کردبوو. موخالەفەت لە گەڵ ئەو شایەعانە کە ئەوانیان بە کۆمونیست موعەرەفی ئەکرد کردبوو لە عەینی حاڵدا ئەوەیان وتبوو کە ئەگەر کەسێ بیهەوێت بە دین و مەزهەبی ئێمە تەوهین بکا سەرکوتی ئەکەین. لەو کۆبوونەوەی دە دێیە بەولاوە هەر لە پەسا زیاد بوون. هەوڵیشیان ئەوە بوو خۆیشیان تەبلیغیان ئەکرد کە لە کۆبوونەوەکاندا هەر چی بۆیان بکرێت بە چەکەوە بچن.

یانی نوێنەری ئەو دێهاتەکە ئەچوون هەوڵبدەن حەتمەن چەکیان ببێ و یان هەر چەکدارێکیان گیر ئەکەوێ بیبەن و لەوە بەولاوە ئەچوونە جێگای تر. بوون بە ١٣دێ و هەر چی تفەنگیان گیر ئەهات ئەیان برد کە نەوعێک مانۆڕ و نمایشی نیزامی لە بەرامبەر دەرەبەگدا بوو. هەڵبەت ڕۆڵی ڕەوشەنفکر لەو جەرەیانەدا یانی لە پێکهێنانی ئەو یەکیەتیەشدا تەبعەن یارمەتیدەر بوو. بەڵام هەر لە ئەوەڵەوە بە وشیارییەوە هەوڵدرا کە ئەو جەرەیانە زۆر ئاڵۆز نەبێ هەر کەسە بۆ خۆی نەبێ بەو دەلیلە تەگبیری لێکرا کە ژمارەیەکی کەم کە تەجرەبەی ئەو کاریانە هەیە و مەخسووسەن فەلا بڕوای پێی هەیە و لە نزیکەوە ئەیناسێ، ئەوانە بەشداری بکەن و وا نەبێت هەر کەسێک بۆ خۆی دەخاڵەت بکا و سەر

لە ئەوانیش بشێوێنێت. ئەوە جەرەیانێک بوو کە لەلایەکەوە بۆخۆی ئەچوو؛ دواتر کە شۆڕش کرا کاناڵی زۆر ئاشکراتر پەیدا بوو؛ شورای ئینقلابی شار و کومیتەیەک بە ناوی کومیتەی شار و دێ دانرا. بۆیە لەو کاناڵەشەوە یەکیەتی جووتیاران بەهێز ئەکرا. یانی ئەچوونە دێهات شورایان پێک ئەهێنا و تەبلیغ دژی دەرەبەگ و ئەو کارانەیان ئەکرد.

بەڵام کاری ئەو کومیتەی شار و دێ زۆر ئاستی بوو و خەڵکی دێ وەکوو جەرەیانێکی ئیداری بەرخوردیان ئەکرد. وایان ئەزانی ئەوە کارێکی دەوڵەتیە شوراکەیان پێکدەهێنا وەلێ وەک ئەنجومەنی دێ چاویان لێدەکرد. پێشتر وابوو، تا ئێستایش نەماندیوە شورایەک کە بەو نەوعە پێکدەهات ئەسڵەن کەڵکی بووبێ وەلێ بەش بە حاڵی خۆی لە ئاستی تەبلیغاتدا کۆمەکی یەکیەتی جووتیارانی ئەکرد.

دژایەتی دەرەبەگ و ئێرتجاع لە گەڵ یەکیەتی جووتیاراندا بەو نەوعە سەرەتا حەملەیەکی تەبلیغاتی بوو بە ناوی کومۆنیست بوون و کە بێ دینن و هەزار نەوع قسەیتر. لە پەسا یەکیەتی جووتیاران پەرەی سەند. دێهاتی پێ زیاد بوو تا جەرەیانی شەڕی نەورۆزی ١٣٥٨ (١٩٧٩)ی سنە هاتە پێشەوە کە وردە وردە چەک کردنی پاسگاکان مەترەح بوو [بنکەی چەکداری جەندرمە (ژاندارم) لە دێهات]. ژمارەیەک لە ڕووناکبیران کە لە کاری یەکیەتی جووتیاراندا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستیان بوو تەسمیم ئەگرن بەعزێک لە پاسگاکان چەک کەن. ئەڕۆن ئەو کارە بۆ یەکیەتی جووتیاران ئەکەن، نەوعێک فێڵ ئەکەن. لە ڕێگای شورای شارەوە نامە بۆ ژاندارمەری و پاسگاکان ئەنووسن کە ئەوانیش خەبەریان نابێ، کە ئەو چەکانە تەحویل ئەمانە بدەن. لە یەک دوو پاسگا بە مەقاومەتەوە ڕوو بە ڕوو نابن، بەڵام لە پاسگایەک مەقاومەت ئەکەن کە ئەویش لە خودی ژاندارمەکانەوە نەبووە بەڵکوو لە تەرەف دەرەبەگەوە بوو. کاتێک ئەمانە ئەچن چەکەکانیان وەربگرن، چەکداری دەرەبەگ دەورەیان ئەدەن. بە قسە ئەیان خەڵافێنن، یەکێکیان ئەنێرنەوە بۆ ناو شار و پاشان لە یەکیەتی جووتیاران٢٢ کەس بە تفەنگەوە ئەڕۆن، ئەوان موحاسرەیان ئەکەن بە هەر حاڵ بە زۆر دەرەبەگەکان وادار ئەکەن کە چەکەکان بێنن، ئەو چەکانە هاتەوە و لەناو خەڵکدا دابەشکرا.

هەڵبەت هەر ئەوکاتە چەند ڕەوشەنفکریتر حەملەیان بەو جەرەیانە کرد کە

ئەوە لە شێوەی کاری حیزبی دیموکراتە و دزییە لە شورا و لەو قسانە. ئێمە قسەمان ئەوە بوو کە ئەسڵەن وانییە چەند دەلیلی هەیە، یەکێک حیزبی دێموکرات لە پادگانێک کە تەسلیمی شورایەک ببوو دزی کرد لە حاڵێکدا لەمەی ئێمە دا کامڵەن پێچەوانە بوو. کابرا چووە پاسگای چەک کردوە، ئەبێ و دیارە لە مەوریدێکدا پەنای بردووەتە بەر فێڵ و حیلە، لە شوێنیتردا مومکین بوو بکوژرێت. جگەلەوە لانیکەم حیزبی دیموکرات ڕابردووی ڕەهبەرییەکی مەعلوومی هەیە، ئەمان مەعلوومە چۆن لە ئاسمانەوە تا زەوی فەرقیان هەیە ئەوان ئەو چەکە چۆن بە کار دەبەن و ئەمان چۆنی بەکار دێنن؟ ئاشکرا دیارە و بە بەرچاو خۆتەوە ئەیدا بە کابرای فەلا، وانییە کە بیهێنێت و مامەڵەی پێوە بکات.

جا بە هەرحاڵ فەلا چەکدار بوون و زۆرتریش چەکدار بوون، یەکیەتی جووتیاران بەگزادە و دەرەبەگی زۆر ترساند هەر ئەو کاتە خۆیان دوو شتیان بۆ دەرکەوت و مەترەحیان کرد. دوای ئەوە مەخسووسەن کە گەیشتە نزیکەی ١٣ دێ و لە لایەن پێشکەوتووترین فەلاکانەوە مەسەلەکە مەترەح بوو. لە کۆبوونەوەدا ئەیانگوت ئینسان ناتوانێ هەر قسەیەک بکا و دروستیش نییە ئاوا دانیشین و قسەکان ئەگەیەتەوە لای دوژمن. لە واقیعدا پێشنیاری ئەوەیان دەکرد کە هەندێ کار ئەبێ لە کۆڕی چکۆلەتر و مەحکەمتر یا لانیکەم نیوەنهێنی و نهێنیدا بکرێت. کە جەرەیانەکە دەستی پێکردبوو لە ئەوەڵەوە تەقریبەن نهێنی دەستی پێکرد. نەدە کرا ڕابگیرێت کامڵەن عەلەنی بوو. دواتر بۆیان دەرکەوت ئاوەها عەلەنی و بەربڵاو زیانیان پێ ئەگەیەنێت. مەجبوور بوون بە بارێکیتردا ئیسڵاحی بکەن. جگە لەوە لە لایەن خویانەوە دیسانەوە مەترەح بوو کە ئەبێ بنکەیەکمان هەبێت و لە دێ داینین! ئاخری هاتنە سەر ئەوە نەخەیر ئەبێ بنکەمان لە شار بێت و یەکێک لە موشکڵاتیان ئەوە بوو کە چاکە بنکەمان لە شار بێ بەڵام کێمان هەیە تا ماوەی فەسلی کار لەوێ دانیشێت، تا سەرەتای بەهار کاری کشت و کاڵ نەبوو کارەکە ئاسان بوو، لە فەسڵی کاردا چۆن ئەکرا بێن؟ پاشان لەگەڵ گیروگرفت بەرەوڕوو ئەبوونەوە وەلێ بەهەرحاڵ تەسمیمیان گرت بنکەیەک لە شار دانێن و دەفتەرێکیان بە ناوی بنکەی یەکیەتی جووتیاران کردەوە.

هەر ئەوە تەئسیری دانا. ئەوەی کە بۆ یەکەم جار جووتیار دوو ژووری بە ناوی خۆیەوە گیر کەوتبوو بۆمان دەرکەوت کە واقیعەن لە سەر ڕوحیەی فەلا

تەئسیری دانابوو. "ئیدارەکەمان ها لە فلآنە جێگا"، "ئیدارەی خۆمانە" تا ئەو کاتە بە خۆیانەوە نەیاندیبوو شتێک کەم تا فرە هی خۆیان بێ. واتە حەتتا ئەو مەوریدە چکۆلەیە لە ڕۆحییەی فەلا بەرەو یەککەوتن تەئسیری هەبوو. هەروا مەسەلەی چەکدار بوونی فەلا تەئسیری زۆر بوو. کە ئەچوون بۆ دیهات کاتێک بەیەکەوە ئەچوون، وەختی وا بوو ئەو ئاخریانە تەقریبەن جووتیار٧٠ تفەنگیان هەبوو. کە ئەچوونە دێ، بە ئەندازەی خودی تەبلیغەکە تەئسیری لە سەر خەڵکی ئەو دێهاتە هەبوو. ئەمانە هێزی جووتیارن و قسەیان ئەکرد کە ئەگەر بەگزادە قسەبکا وا ئەکەین. لە دێیەک ئەیان کرد بە نیشانە شکێنی و تیر ئەندازی و هەڵپەرکێ و مەخسووسەن ئەگەر دێیەکە دەرەبە گی تیدا بووایە قودرەت نمایی یان ئەکرد. ئەمکارە لە هوشیاری خەڵکەکە و لە یەک کەوتنیاندا تەواو تەئسیری هەبوو.

لە دوای ئەوانە جەرەیانی سۆما و برادۆست هاتە پێشەوە. کۆمەڵەکان لە شارەکان داوای خۆپیشاندان و کۆمەکیان کرد. یەکیەتی جووتیاران بە بێ خەبەر لەوە لە مەریوان عەینەن ئەو کارەی کرد. لە لایەکەوە لە خەڵکی دێهات دەعوەتی کردبوو بێن بۆ خۆپیشاندان لەو لایشەوە داوای یارمەتی لێکردبوون. یارمەتیەکەیان کۆ کردەوە و گەورەترین خۆپیشاندان لە مەریوان تا ئەو سەردەمە بوو کە یەکیەتی جووتیاران کردی چونکوو لەخۆپیشاندانی لەوە پێشدا جووتیار بەشداری نەکردبوو. لەوێ جووتیارێکی زۆر هاتن و مەخسووسەن چەکداریان زۆر هاتبوو. چەکداری شاریشیان پێ مولحەق بوو نمایشی هێز لە مەریوان دەستپێکرد. هەڵبەت مەریوان بچووکە و چوار پێنج خیابانی هەیە. جگە لەوە هێزی چەکدار لە بەر خەڵکەکەوە ئەڕۆیشتن، سەر خیابانەکانیان گرتبوو، فرەتر مەنزوور خۆپیشاندان بوو، دواتریش کەوتنە ڕێگا و لەگەڵ جەرەیانی قیادە موەقەت و مەلا ئەحمەد موفتیزادە و دەرەبەگ بەرەوڕوو بوون. خۆتان بیستووتانە ئیتر شیاوی ئەوە نیە بیگێڕمەوە.

لە سنە ئەو جەرەیانە لەباری سیاسییەوە لە ڕێگەی یەکێک لە فەلاکانەوە ژمارەیەکی ترساند کە بوو بەهۆی ئەوە بکشێنەوە و بترسن. ژمارەیەکیشی دڕتر کرد مەخسووسەن نیسبەت بە مەلا ئەحمەد موفتیزادە. برایەکی فەلامان کە خەڵکی دارسێرانە و ناوی ئەحمەدە گرتبوویان و لە دوای ئەوە لە کومیتەی موفتیزادە بەر ئەبێ ئەچێتە جەمعیەت قسە ئەکات. قسەکەی ئەوە بوو کە

من ناوی خۆم دەگۆڕم چونکوو موفتیزادە ناوی ئەحمەدە، لە ئێستاوە ناوی تازەی من حەمەیە؛ ئەو کارە لە ناسینی ماهییەتی موفتیزادەدا زۆر تەئسیری هەبوو. بەدوای ئەو جەرەیاندا بە تەوتیئەی موفتیزادە و دەرەبەگ و قیادە موەقەت کەوتنە چەک کردنی جووتیار. قیادە موەقەت بە ٦٠ تا ١٠٠چەکەوە ئەچوو دەوری دێیەکەی ئەدا دوو تفەنگی لێبوو، دەوری ماڵەکەیان ئەدا و بە زۆر کابرایان ئەکێشا دەرەوە و ئیهانەت بە خۆی وژن و مناڵی ئەکرا و چەکیان ئەکرد. هەر لەوێدا یەکێک لە زەعفە کانی یەکیەتی جووتیاران دەرکەوت. لە بڕیارنامە و ئەو نمایش و شتانەی دابوویان، ئینسان ئەیتوانی تەسەور بکا هەر کە دوو دێ، ئەو پەڕەکەی سێ دێیان چەک کرد ئەمان بەرەنگاری بنەوە، وەلێ واقعییەت ئەوە بوو ئەو کارانەیان نەکرد. دوای ئەوە سێ چوار دێیان چەک کرد، تفە نگیان هەبوو بەڵام فەقەت لە فێکری ئەوەدا بوون دیفاع لە دێیەکەی خۆیان بکەن. یەکێک لەو پیاوانە چەکی یەکیەتی جووتیارانی پێ بوو ١٨ ڕۆژ لە کێو بوو لەبەر ئەوە ئەو چەکە نەدا بەدەستەوە. لەباتی ئەوە بڕوات ئەوانیتر ببینێ و بەیەکەوە تەگبیریکی لێ بکەن، نەک دیفاعێکی ئینفرادی. لە چەند دێیتر عەینەن ئەو حاڵەتە پیش هاتبوو و ئامادە بوون و نیگابانیان دانابوو. کە ئەگەر قیادە هات چەکەکە نەدەن بە دەستەوە. ئەوە هەم ڕەخنە لە کاری خۆیان بوو، هەم نیشانیدا ئەو ڕێکەوتنانە کە بوویانە ئەوەندە پتەو نەبووە. هەڵبەت هەر لەو کاتەدا واقیعەن تیایاندا بوو کە سەخت تەرەفداری ئەوە بوو کە ئەبێ بڕوینە سەریان و ئەو چەکانەیان لی بستێنین بەڵام گشتی نەبوو. واتە ڕۆحییەی عمومی ئەوە نەبوو و ئەترسان. تەقریبەن ڕەوشەنفکریش بەو نەوعە بوو. دوای ئەو چەک کردنە و دوای ئەوە حەتمەن خەبەرتان هەیە کە قیادە مەوەقەت ئەسڵەن لە ئەوە گوزرا و دەور شاری مەریوانی گەمارۆدا. گەرەکی بوو شاری مەریوان بگرێت و حەتمەن دەنگ و باسەکەیتان بیستووە. نزیکی یەک هەفتەی پێچوو و خەڵکی مەریوان لە سەنگەردا بوون. زۆر مومکین بوو جەرەیانی نەغەدە پێش بێت. دواتر ئەوان کشانەوە و یەکیەتی جووتیاران کە تا ئەوکاتە بە٣٢ دێ گەیشتبوون، دەعوت کران. لەباتی ٣٢ دێیەکە پانزە دێ هاتن، باقییەکەی نەهاتن و بەشدارییان نەکرد. هەڵبەت شتێک کە من بەلامەوە سەیربوو، ئەوە بوو کە ئەو دێهاتە کە قیادە چەکی کردبوون و ئەزیەتی کردبوون و من چاوەڕوان بووم ئەوان ترسابن و نەیەن، ڕێک بەپێچەوانە ئەوانە زۆرتر

هاتبوون! لە جەلەسەکەیشدا هەر ئەوانە توند و تیژتر لە باقیی دێهاتەکان بوون. لەوێ وتووێژی زۆر کرا. لە پەیوەندی ڕەوشەنفکر لە گەڵ ئەواندا ئێمە هەوڵمان ئەوە بوو کە هیچ دانەسەپێنین، یانی قەتعنامە بە ناوی ئەوانەوە نەنووسین؛ داخوازێک کە واقیعەن لە ناویاندا مەترەح نییە، یا لانیکەم لەو جەلسەدا لە بیریشیاندا نییە نەبێت. نەیخەینە دەمیان. با ئەوان شتێک بێژن کە لە سەری دیفاع بکەن نەک شتێک بێژی کە ئەسلەن حاڵیش نەبن. جوانم لە بیرە کە لە ئەوەڵین ئێعلامیەکەیاندا باسی حەقی کوردیان نەکردووە؛ کە ئێمە حەقی کوردمان دەوێت و ئەوانە، چەند مەوزوع بە خاتریان گەیشتوە عین ئەوانیانە مەترەح کردووە. هەڵبەت لە جەلەسەی دوایدا ئاوا بوو کە ئەو بڕیارانە کە لە جەلەسەی پێشوودا بووە پێدا ئەچوونەوە وهەوڵ ئەدرا بە کۆمەکی ڕەوشەنفکر پێداچوونەوەی تێدا بکرێ و کامڵ بێت.

ئەو ١٥ دێ کە هاتن بۆ کوبوونەوەکە وتم ئەو دێهاتە توندو تیژتر بوون و دوو نەزەر لە ناو خۆیاندا مەترەح بوو. یەکێک وتیان دەعوەت کەین لە ژن و پیاو و خەڵکی ئەم دێهاتە بە ڕێپێوان بڕۆین بۆ دزڵی کە مەرکەزی قیادە مەوەقەت بوو. بڕۆین و بەو نەوعە لە ئێران دەریان کەین. نەزەرێکیتر ئەوە بوو فایدەی نییە ئێمە ئەبێ پێشمەرگە بدەینە دەرەوە وئاخری ئێمە ئەوەمان پێیان وت. ئەم دوو نەزەرە هەیە برۆن و لە ناو خەڵکدا مەترەحی کەن خەڵک هەرکامێکی قبووڵ کرد ئێمەیش لەگەڵتانین. چوونەوە لە پانزە دێ؛ کە وەختێک هاتنەوە بوو بە هەشت دێ! حەوت دێی تر نەهاتن. ئەوە نیشان ئەدا کاتێک فشار بە سەر ئەو کارەوە بوو وردە وردە ئەوانەی کە مەحکەم نەبوون کشانەوە. ئەوانەیش کە مەحکەم بوون مانەوە و تەسفیە بوو، جەرەیانەکە تۆزێک سەختەوە بوو. من پێموایە لە جەرەیانی ڕووناکبیریشدا هەر بەو نەوعەش شەرایەت سەختەوە بوو. جەرەیانی ڕووناکبیریش تەسفیە ئەبێ. لەو هەشت دێیە وتیان قسەی ئاخری ئێمە ئەوەیە کە خۆپیشاندان و ئەوانە بەکەڵک نایە، ئەبێ پێشمەرگە بنێرینە دەرەوە. ئیستدلالیشیان ئەوە بوو ئەیانگوت ئەو یازدە تفەنگە کە بردیان ئەگەر بەیەکەوە بوایەن چارەساز بوو. یازدە تفەنگیان برد و ئەیانگوت جگە لە تفەنگەکانیتر کە هەمانە، هەر ئەو یازدە تفەنگە پێکەوە بوایەین قیادە مەوەقەت بە سادەگی نەیدەتوانی ئەو تفەنگانە لە ئەوان بستێنێ؛ شەڕیان دەکرد و یەکێکیش لەم ناوەدا بکوژرایە دە نەفەری تر لە سەرئەم چەکانە

کە  هەمانە هەڵ ئەستایەوە. ئێمە بەیەکەوە بین ئەوەڵەن بە دێهاتدا ئەگەڕێن و ئەو جەلەساتە کە بوومان درێژەی ئەدەین. دوایە ئەوان ناتوانن ئیتر ئەو چەکانە بە ئاسانی لە ئێمە بستێنن. ئەگەر ئەوە نەکەین وردە وردە وای لێدێت گشت چەکەکانمان لێبستێنن و دەرەبەگ بەسەرماندا زاڵ دەبن. ئەوەیش باش دەرکەوتبوو دوای ئەو چەک کردنانە دەربە گ زۆرتر زاڵ ببوون و لە چەندین جێگا دەستیان کردبوو بە هێرش و هەڕەشە کردن، جەریمە کردن و تەورانە ئەستاندن. خولاسە قسەی ئاخریان ئەوە بوو کە پێشمەرگە بنێرینە دەرەوە.
ئەو وەختە لە ناو جەرەیانی ڕەوشەنفکری مەریواندا بەو مەسەلەیە دوو بەرخورد کرا: کەسانێک موخالفی ئەوە بوون کە پێشمەرگە بچێتە دەرەوە بەو ناوە کە ماجەراجووییە و مەسائیلێک دێنێتە پێش و کونتڕۆڵ نەکراو ئەبێت و ئەبێتە هۆی دەخاڵەت کردنی دەوڵەت و تێک ئەشکێت و تێکشکانیشی ئەبێتە باعیس ئەوە بزووتنەوەی فەلا زیانی لێدەکەوێت و بە زەرەریانە.
هەڵبەت ئەوانە لە ئەقەڵییەتی ڕەوشەنفکرانی مەریواندا بوون. وەلێ زۆرینە پێیانوابوو مادام ئەوان ئەیانەوێ بەرەو پێش بچن ئێمە ئەبێ لە گەڵیاندا بین.
یەکە یەکەی ئەو جەرەیانانە جواب ئەدراوە کە ماجەراجویی نییە چونکوو واقعیەتیش ئەوە بوو خودی فەلا ئەوەی مەترەح کردبوو. ئەوە نەبووە ڕەوشەنفکر زۆری بۆ بێنێ. لە ناو پێشرەوانیاندا ئەو مەسەلە مەترەح بوو ئەوەی کە ئەیانگوت دەوڵەت دەخاڵەت ئەکا دەوڵەت تا ئەو وەختە دەخاڵەتی کردبوو. قیادە مەوەقەت ئاشکرا بە لایەنگری لە دەوڵەتەوە ئەو کارەی دەکرد بە بەرچاو خەڵکەوە بە چەکەوە ئەچووە ناو پادگان مەریوان. ئەمە دەخاڵەتی دەوڵەت نییە، چییە؟ ئەو وەختە لە نەزەر تێکشکانیشەوە تەزمین نەدەکرا کە ئەو جەرەیانە تێکناشکێت. ئێستایش ناکرێت بەڵام لانیکەم ئەو فایدەیەی بوو ئەوەڵەن تەجرەبەیەکی موسبەت بوو کە بە ئیبتکاری خودی فەلا و ڕەوشەنبیر بەیەکەوە و بۆ یەکەم جار لەو مەنتەقەدا هێزێکی تایبەتی خۆیان پێک بێنن. ئەگەر هاتو تێکێش بشکێن شتێکێ عەجایب نەبووە، ئەو پەڕەکەی دە پازدە نەفەر لە شەڕێکدا دەرگیر ئەبوون. لەهەر خۆپیشاندانێکی ناو شاردا دە ئەوەندە کوژراوە. با بە شێوەی مەقاومەتی چەکدارانە هەر چەند پەراکەندەیش چەند نەفەر بەو نەوعە بکوژرێن. خولاسە ئەو دوو جەرەیانە ڕەوشەنفکرییە بەرانبەر یەک وەستان و یەک نەکەوتن. کەسانێک موعتەقید بوون کە غەڵەتە ژمارەکەیتر

پیانوابوو ئەبێ بکرێت.
سەرەنجام بە یارمەتی ئەوانە کە موافق بوون پێشمەرگە چووە دەرەوە. شەوی یەکەم قەرار بوو ٢٠ تفەنگ بڕۆینە دەرەوە دەکەس لە ئێمە و دە لە ئەوان؛ واتە دە ڕەوشەنبیر و دە لە خۆیان. هەر ئەو شەوە مەسیرمان هەڵبژاردبوو و پێشمەرگەکان ئەیانزانی لە کوێوە ئەچینە دەرەوە. بەڕێکەوت دوو ماشینی قیادە مەوەقەت ئەو ڕێگایان گرتبوو. قیادە بەو ڕێگادا چوو و هەر ئەوە بوو بە باعیس ئەوە کە تەقریبەن سەعاتێک، نیو سەعات بەر لە حەرەکەت چەند نەفەر پەشیمان بوونەوە؛ ڕەوشەنفکر دوو سێ نەفەر، فەلا ئەسلەن نەهاتن. یەک دوو نەفەریش لە سەر ڕێگادا دەبوو لەگەڵ بکەون، ئەوانیش نەیانتوانی پێمان مولحەق بن. خولاسە بە ١٢ تفەنگەوە حەرەکتمان کرد و شەوی دواتر ئەوانی تر هاتن. ئێمە لە ئەوەڵەوە زەعیف بووین، تەبعەن هێشتا خەڵکەکەیش جەوان بوون، بەویانە نەدەزانی. یانی حەملەی قیادە مەوەقەت بە شار نە تەنیا لە تەرەف یەکیەتی جووتیارانەوە، لە ناو شاریشدا مەترەح ببوو کە ئەبێ بدەینە کێو.
حەملە بە شار تەنیا ڕێگای دیفاعیمان پێدەدا. پێویستە کە ئێمە بدەینە کێو چونکوو شەڕ لە ناو شاردا بە ئێمە ناکرێ. ئەو نەزەرە بە گشتی لە مەریواندا هەبوو و لە لایەن یەکیەتی جووتیارانیشەوە لەبەر مەسایلی خۆی مەترەح بوو. ئێمە ماوەی حەوت هەشت ڕۆژ لە کوێستانێکدا بووین بە نهێنی. بە ڕوژدا ڕێگا روێشتن و خوار و ژوور ئەچووین و تەقەمان دەکرد لە لای ئاوایییەیەکدا بووین لەو دێ مەحکەمانە کە خەڵکەکەی یەکیەتی زۆر باشیان هەبوو. تفەنگچیان ناردبووە ناومان هێنانی نان و وەسایل لە ئەستۆی ئەوان بوو. بۆ ئێمە جگە لەوە لەو ماوەیەدا وایان پارێزگاری لە ئێمە ئەکرد هەر بێگانەیەک هاتبایە ئەوێ، لە دوورەوە کۆنتڕۆڵیان ئەکرد. ڕۆژێک کوڕێک لە ناو شارەوە بۆ لای ئێمە هاتبوو و دۆست بوو. بەڵام ئەوان نەیان ناسیبوو دەوەن بە دەوەن کەوتبوونە شوێنی تا دەستگیریان کردبوو. حەتتا ویستیان زیندانی بکەن. تا ئاخری یەکێک لە خۆیان پەیدا ئەبێت و ئاشنا ئەبێ و ئێژێ بابە ئەوە لە خۆیانە و سەرەڕای ئەوە وتبوویان ئەوە لە خۆیانە ڕێگایان نەدابوو وتبوویان برا گیان ئێمە ناهێڵین جێگاکەیان فێربی تا ئەو ڕابیتە ئەسڵیە پەیدا نەبێت ئێمە ناهێڵین بڕۆیت . ئا بەو نەوعە چاودێریان ئەکرد. بە شەویشدا پێنج تا بیست کەسیان بۆ لامان

ئەهاتن و دائەنیشتین کوێستانێکی بەرز بوو جەنگەڵ و چڕ. قسەیان ئەکردو بەردەوام هانی ئێمەیان ئەدا بە موقاومەت. نموونەی بچووک لەوانە ئەگێڕمەوە: ئێمە مەسەلەن چوار پێنج سەعات پیادە ڕەویمان بوو لەوە دوا ئەگەیشتینە سەر کانی و ئاوێک و دائەنیشتین ڕەوشەنفیکر بەهۆی نەکردوویی زووتر ماندوو ئەبوون مەسەلەی نیگابانی بۆ ئێمەیش لەو ئەوەڵەوە مەسەلەیە کی زۆر موهیم بوو. کە غافڵگیر نەکرێن ئەهات بە کۆڵە پشتییەکەیەوە خێرا دائەنیشت لە فکری ئەوەدا نەبوو ئەسڵەن نیگابان هەیە یان نییە؟ وەلێ هەر لە ناو ئەو فەلایانەدا بوو لە ڕێگاوە لەباتی ئەوە حەتتا ئاوێک بخواتەوە خێرا سەرنجی ئەدا کام شوێن بەکەڵکی نیگابانی دێت ئەچوو لەوێ ئەبوو بە نیگابان بەبێ ئەوەی پێی بڵێن. ئەوانە تەبعەن بەقەدەر ئێمە ماندوو نەدەبوون.

خولاسە لەو ماوەیەدا کە ماینەوە چەندکەسێکمان پێ مولحەق بوو. دوای حەوت هەشت ڕۆژ بەڕای گشتمان هاتینە سەر ئەوە کە ئێمە جەولە دەست پێبکەین. یانی بەو بەرنامەوە ئەساسی کاری ئێمە ئەوە بوو هەر لە ئەوەڵیشەوە هەم فەلا هەم ڕەوشەن فیکر پێمان وابوو مەخسوسەن بۆ شەڕ لەگەڵ دەوڵەت ناچینە دەرەوە و بەپێچەوانەی ئەوەی کە شایەع ببوو ناچینە کێو و تەنیا بۆ دێ ئەڕۆین. خۆ ورچ نین بدەین بە کێودا. بەڵام وەزع وای پێهاتبوو لە ژێر فشاری دەرەبەگ و قیادە موقتدا و بە پشتیوانی دەوڵەت ئیدامەی ئەو کارە سیاسییە کە پێشتر لە ناو فەلا لە مەریواندا دەکرا، بەو شێوە ئاشکرایە ئیتر ئیمکانی نەبوو. ئەوە بوو دێهاتەکان نەدەهاتن خۆیشیان ئەیان گوت کۆبوونەوە فایدەی چییە؟ ئێمە بێینە جەلەسە و ئەوان بێن بدەن بە ملماندا فایدەی چییە؟ بۆ کار کردن هەڵبەت ڕێگایەک هەبوو کە پێشتر لە مەریوان و لە جێگای‌تر کرابوو لە لایەن ڕەوشەنفیکری شۆڕشەوە، ئەویش ئەوە بوو دووبارە بەو شێوە نهێنییەی ڕابردوو بێت. وەلێ ئەوە بۆ شەرایەتی تازە بەڕاستی شێوەیەکی دواکەوتوو بوو؛ وەزع گۆڕدرابوو، ڕاستە قیادە و دەرەبەگ بەو نەوعە هێرشیان دێنا وەلێ لەولاوە ئامادەگی خەڵکیش فەرقی کردبوو. سەرەڕای ترسی کەسانێک، ئیمکانی بوو بتوانی نەهێڵیت ئەو سەرکوتی ڕابردووە بەرامبەر بە فەلا ببەنە پێشەوە. کە دووبارە پەنا ببەنە بەر کۆنترین شێوە، واتە لە وەزعێکدا کە ئەوان چەکیان هەیە و بە زۆر ئەیانەوێت نەهێڵن فەلا فەعالیەت بکا، فەلایەک بگیرێت.

لەو لاشەوە بۆ دیفاع لەو یەکگرتنە لانیکەم هەر ئەوە فەلا چەکدار بێت کە

بتوانێت ڕێکخراوەی خۆیٚ پێکبهێنێت و لە واقیعدا هەدەفی ئەسڵی بریتییە لە کاری سیاسی و تەشکیلاتی لە ناو خەڵکدا. بەڵام بۆ خودی ئەو کارە چونکوو کەوتووەتە بەر هێرش و ئیمکانیشی بوو هێزێکی چەکدار دیفاعی لێبکات و هەر بەو مەبەستەوە بوو چووینە دەرەوە و دیسانیش بڕیاری گشتی فەلا و جەماعەتەکە ئەوە بوو، مادام شەڕمان لەگەڵدا نەکەن، مادام هێرش نەکرێتە سەر فەلا، ئێمە حەتتا هوجوم ناکەینە سەر دەرەبەگ. یانی ئەگەر دەرەبەگێک هەبێت و هێرشی نەکردبێتە سەر فەلا ئێمە لەباری نیزامییەوە کارێکمان بە سەریەوە نییە، وەلیٚ لەباری سیاسییەوە ئێمە بەردەوام تەبلیغات دژی دەرەبەگایەتی ئەکەین. بۆ یەکخستنی فەلایش تێدەکۆشین و ئەوە مەنزووری ئەسڵی لەو جەولە بوو. ئەو کاریشمانە لە دێهاتدا دەست پێکرد. سەرەتا کەمتر بەرەوپیری هاتن. وەلیٚ کە ئێمە بەردەوام چووین خەڵکەکە زۆرتر ئەیانناسین و زۆرتر کۆمەکیان ئەکردین.

هەڵبەت هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە کە کەوتینە جەولە ئێمە چەند بڕیارمان بەیەکەوە بوو. یەکێک ئەوە کە ئێمە بە ڕۆژدا ناچینە ناو دیٚ چونکوو پیاو لە ماڵەوە نییە لە ناودیٚ، ئەچن بۆ کار کردن لە دەشت و بە سوننەتی لای ئێمەش دروست نییە ژمارەیەک پێشمەرگەی پیاو بڕۆنە دێیەک کە تەنیا ژن و منداڵی تێدایە. بڕیارمان هاتە سەر ئەوە بە ڕۆژ لە دەشت بین وتا ئەو جێگا ئەتوانین لە کاردا یارمەتی خەڵکەکە بدەین هەر ئەوەڵ ڕۆژ کە چووینە ناو دێکە شتێک سەرنجمانی راکێشا؛ لای ئێمە کارێک هەیە کۆکەنی پیٚ ئەڵێن. کەما و لۆ ئەوانە نەوعێک ئاڵفن ئەیکەنن. پێش ئەوەی بڕۆینە ناو دێکە چووین بۆ کۆکەن کردن چەند نەفەرمان بوون بە نیگابان و باقییەکەمان کۆکەنی ئەکرد. شەوەکی چووینە ناو دیٚ لەوە بەولاوە ئێتر ئەوە بوو بە یاسامان. هەڵبەت لە ئەوڵەوە لە هێرشی قیادە موقت مەترسیمان هەبوو. ئەوان بە هێزتر بوون، کە ئێمە کەوتینە جەولە ١٦ تفەنگ بووین، حەوت فەلا و نۆ ڕەوشەنفیکر. ئەوان تا ئەوکاتە بە جاشە ئێرانییەکانیانەوە نزیکەی سەد تفەنگ بوون. ئەوان تەجرەبەی نیزامیان بوو، ئێمە نەمان بوو. ئەوان ئاڕ پی جیـیان بوو ئێمە نەمان بوو، ئەگەر بهاتایەنە سەرمان دەرەقەتیشیان نەدەهاتین. مەگەر ئەوی بە دەسیانەوە دەرچووباین. هەر بەو دەلیلە لە ئەوەڵەوە بۆ ئەو مەزرا نەئەچووین. جێگایەک ئەچووین هەم بتوانین کار بکەین و هەم ئیمکانی دیفاعیشی هەبێت. مەسەلەن ئەگەر جێگاکە

زۆر دەشت بوایە و ئێمکانی دیفاعی نەبوایە نەدەچووین، وەلێ بە هەر حاڵ ئەو کارمانە دەکرد. ڕۆژانە کەم تا فرە کارمان ئەکرد بە شەویشدا ئەچووین بۆ دێ و خەڵکەکەمان لە مزگەوت کۆ ئەکردەوە.

بۆ ئەوەی باسی چی بکەین لە ناو خۆماندا بەتەوافق گەیشتبووین کە بە کورتی ئەمانە بوون: ئێمە لەوە پێشیش تێگەیشتبووین کە لە دوای دەرچوونی شا ولا چوونی بەختیار رۆحییەیەک لە ناو فەلادا هەبوو. لەوە پێشیش لە ڕقی دەرەبە گ لایەنگری شا بوون. لای ئێمە وابوو جا نازانم لەم مەنتەقەیە چۆن بوو. دەرەبە گ ژیابووەوە، ئەوانیش پاشایەتیان پێ باشتر بوو. بۆیە ئێمە بە لازمان ئەزانی لە گەڵ ئەو وەزعە خەبات بکەین. فەلا تێبگەیەنین کە شا باش نەبوو، ئەگەر ئەم وەزعە تازە باش نییە بەو مەعنا نییە شا باش بوو. باسی ئیسلاحاتی ئەرزیمان دەکرد کە کراوە، کە ئەو ئیسلاحاتە ڕاستە قینە نەبووە، زوڵم و زۆری بە سەر فەلاوە بووە. ئیجارەدان دەبوو نەبوایە، جوچین[جوچین واتە قەرە یا ڕەشایی" ئەو کەسەی کە خاوەنی زەوی نەبێت"] زەوی پێ نەدراوە، بەعزە زوڵم و زۆریتری دەورەی پاشایەتی، جەنگەڵبانی، شکاربانی و فلان و بەهەمان ئەوانیشە بۆخۆیان زوڵم بوون. هیچ کام لە ئەوانە نابێ بمێنێت.

باسی شۆڕشمان ئەکرد کە دەستکەوتی چ بووە، زەرەری چ بووە؟ کە قسەمان ئەکرد مەسلەن لە جەماعەتمان ئەپرسی ئەم شۆڕشە باش بووە؟ لە زۆر جێگا جەماعتەکە ئەیانگوت نەوەڵڵا باش نەبوە! ئێمە دەمانگوت وانییە هەم باشی هەبووە هەم خراپی. بۆ نموونە ئەمانپرسی لە جەماعتەکە پارەکە ئەم کاتانە ئێمە ئەمانتوانی لەم مزگەوتەدا کۆ بینەوە بێ ئیجازەی ژاندەرمە قسە بکەین؟ ئەیانگوت نا! ئەمانگوت دەی ئەوە یەکێک لە دەسکەوتەکانیەتی. ئەتوانین ئێستا قسە بە خۆمەینیش لەم مەزگەوتەدا بێژین، وەلێ پارەکە نەتدەتوانی قسە بە رئیس پاسگاکەیش بێژی! پارەکە ئەمانتوانی ئەسڵەحەمان بێ یا نا؟ ئەیانەوت نا بەڵام ئێستا هەمانە. پارەکە جەنگەڵبانی چی ئەکرد، شکاربانی چی ئەکرد ئەو وەزعە نەماوە،کەوابێت شۆڕشەکە دەسکەوتی هەبووە. بەگشتی چاو و گوێمان کردووەتەوە هوشیارتر بووینەتەوە، داوای حەقی خۆمان ئەکەین، خەڵکی کورد داوای حەقی خۆی ئەکات.

زەرەریشی ئەوە بووە دەرەبەگ ژیاوەتەوە و لە ژیانەوەی دەرەبەگدا دەوڵەتەکە تاوانبار بوو. دەوڵەت سیاسەتێکی دژی دەرەبەگی نەبوو بەڵکوو لایەنگریشی

لێکردوون. زەرەری تریشی لە ئاستی کوردستاندا ئەوەیە کە گوێ بە حەقی میللەتی کورد نادات و لە سەر مەسەلەی مافی میللەتی کوردیش تا ئەو جێگا پێمان ئەکرا ڕوونمان ئەکردنەوە. حەقی میللەتی کورد لە نەهایەتدا ئەساسە ن حەقی جووتیار و زەحمەتکێشی کوردە. هەم لە باری نفووسەوە هەم لە باری زەحمەتکێش بوونییەوە و باسی ئەو مافانەمان ئەکرد. بۆ دەستخستنی ئەوەیش ئەبێ یەکبگرین. یەکگرتنەکەیش لە دیدی ئێمەوە ئاوا باسدەکرا. سەرەتا لە ئاستی دێدا یەکگرتن بە شورایەکی شۆڕشەوە دوایە لە ئاستی مەنتەقەدا یەکیەتی جووتیاران و مولحەق بوون پێیەوە. دوایە باسی ئەوەمان دەکرد چون دەوڵەت نییە لەو ناوەدا و دەورەیەکی عەشایەری ژیاوەتەوە، دەرەبەگ چەکدارە و زۆڵم و زۆر ئەکات، فەلایش مەجبوورە ئەو هێزە چەکدارەی هەبێت. کەوابێت پێشمەرگەیش لازمە بۆ دیفاع و بۆ پێشگرتن لە ژیانەوەی دەرەبەگ.

وەزعی دەوڵەت ئێستا بەو نەوعەیە و پێشم وایە فەقەت لە سەر ئەو هێزە سیاسیانە حیساب دەکات کە کەم تا فرە هەن و چەکدارن. بۆ نموونە موقایەسەیەکی سادە ئەکەین. "جبهه ملی" سەرەڕای ئەو گشتە پاڕانەوە و چاپلوسییە کە بە خومەینی هەیەتی گوێی نادەنێ. وەلێ "سازمان مجاهدین" یا "سازمان چریکهای فدای" و حیزبی دیموکرات و هەر هێزێک کە چەکدارە دەوڵەت مەجبوورە لە سەری حیساب بکات. جەمعییەتی سنە و ئەو شەڕەی سنە تووشی بوو پێشتر ئەسلەن بە ڕەسمیەتی نەدەناسی، هەر بە ژمارەیەک مناڵە وردەی دادەنا. وەلێ لە دوای ئەو شەڕە ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و وەزیری ناوخۆ مەجبوور بوون لەگەڵیدا تەرەف بن و لە سەر مێزێک دانیشن و لە گەڵی قسەبکەن. مەسەلەن شورای یازدە نەفەری قەبووڵ کەن سەرەڕای هەر تەوتیئەیەک کە گێڕایان ئەو کارە یەکەم جار بوو لە سنە کرا. ئەو شتە سەرەڕای وەحشیگەری ئەوان لە شاری گونبەد (لە تورکمەن سەحرا) دووبارە بووەوە. کاتێک خەڵکی گونبەد چەکیان هەڵگرت و موقاوەمەتیان کرد ئەوان مەجبوور بوون بەهەر حاڵ لە گەڵیاندا قسە بکەن. لە خوزستانیش هەروا بوو.

بۆمان ڕوون دەکردنەوە مادام فەلا بەو بەشخوراویەوە ئەگەر یەک نەگرێ و بە تایبەت لەم وەزعەدا هێزی چەکداری نەبێ، هیچ کەسێک لە سەری حیساب ناکا. کەوابوو بۆ ئەوەی بتوانێ لە حەقی خۆی دیفاع بکات و نەهێڵێ دوژمن بێتەوە سەری و مافەکانی بسەلمێنێ، ئەوانەی لازمە. ئەوە خولاسەی تەبلێغی ئێمە

بوو. هەڵبەت تەبعەن باسی ئەوەیشمان ئەکرد کە بە ئێمە ئەڵێن کۆمونیست و خولاسە قسەکەمان ئەوە بوو گوێمان بۆبگرن، کردەوەمان ببینن بزانن وایە یان نا؟ لە چەند ئاواییشدا ئێمە هەوڵمان ئەدا مامۆستاکان و مەلاکان بێن و لای ئەوان قسە بکەین. زۆربەیان لەبەر ئەو تەبلیغاتەوە کە پێشتر کرابوو نەدەهاتن، وەلێ چەند جارێک مەلاکان ئەهاتن و هەر لەبەر ئەوە ئێمە ئەو قسەمانە لەگەڵ ئەکردن کە مامۆستا بە ئێـمە ئەڵێن کۆمونیست. تۆیش منەتت نەبێ دانیشتویت و ئەوەیش خەڵکەکە قسەێ ئێمە ئەبیستن و هەر کامێکی خەلاف شەرع بوو هەر کامێکی خەلاف دیانەت بوو بیڵێ! ئێمە ئەو شێوەمان بەکار ئەبرد لە پێشدا ڕوو بە خەڵکەکە مەورید بە مەورید قسەمان ئەکرد. ئەمانگوت خەڵکینە ئەوە دروستە؟ ئەوان تەئیدیان ئەکرد. ئەمانگوت مامۆستا شەرعییە؟ خەڵکەکە تەئیدیان کردبوو. تەبعەن دەیگوت بەڵێ ئەوەیش بۆ ئێمە فایدەی هەبوو. ئێستا چەند مەلای سەر بە یەکیەتی جووتیاران پەیدا بووە.

هەرچی جەولەکە پێشتر چوو، زۆرتر ناسرا و زۆرتر یارمەتی ئەدرا. لەو جەرەیانە هەڵبەت تەوتیئەیەک لە لایەن ماڵێک و دژبە یەکێک لە فەلاکان کەوتەڕێ. ئەویش ئەوە بوو جاشێک لە مەریوان هەیە کە خۆی ڕەعییەتە، هەر لە کۆنەوە جاشی بەگزادە بووە و بۆ خۆی هێزی چەکداری هەیە. یەکەم جەولەیەک کە لە مەریوان کرا ئەو کردی، بە نزیکەی پازدە تفەنگەوە. بەو دێهاتەدا تێکەوت بەناوی بەگزادەکان تا لای شێخ عوسمانی دووڕو چوو. کوڕی ئەو جاشە تەجاوەزی بە کچی یەکێک لەو فەلایانە کردبوو کە ئەو فەلایە لەگەڵ ئێـمەدا بوو. هەڵبەت ئەو شایعە داکەوت کە وابوو. خەبەر درا بە ئێمە و ئێمە تەسمیمان گرت حەتمەن تۆڵەی ئەوە بستێنین چونکوو جوان دیار بوو ئەو کارە کارێکی سیاسیە و بۆ بێ ئابڕوو کردنی ئەو فەلایە بوو. بۆ ئەوە نەهێڵن کەسی‌تر بەو جەرەیانەوە بنووسێ. ئێمە لە ناوچەیەکی تردا بووین، گەڕاینەوە بۆ ئەو ناوچە کە ماڵی ئەو کابرایەی لێبوو. کەوتینە شوێن ئەو کەسە کە گوایە ئەو کارەی کردووە. ڕۆژێکیش دە تفەنگمان ئامادە کرد تا بەر ماشینەکەی بگرین. ماشینەکە هی باوکی ئەو کوڕە بوو کە شوفێری بوو. بەڵام دەستمان نەکەوت و ئەو جاشە نەوعێک ملهوڕی ئەو ناوچەیە بوو وەزعەکەی وا دیبوو ئەمجارە کەوتە شفا ولاڵە و چەند کەسی بۆ لای ئێمە نارد. بۆ خوا بۆ پێغەمەر و درۆ ئەکەن و خولاسە خۆی خستە ماڵی کابرای فەلاکە. بە یاسایەکی عەشایەری چەند مەلای برد و

خۆی وکوڕەکەی سوێندیان بە قورئان خوارد کە کاری وا نەبووە واتە جوابی ناردبوو من دێم قورئان ئەخۆم ئەگەر بە سوێند وقەسەمەکەی خۆم بڕوای نییە تفەنگەکەی خۆمی پێ ئەدەم بیکوژێت. ئەو مەسەلەیە بوو بە باعیس ئەوە کە جاشێکی بەهێز یەکەمین جار ئابەو نەوعە لە بەرامبەر فەلایەکی پا پەتیدا سەری دانەواند.

ئەو وەختە ئێعتباری ئێمە بڕێک چووە سەرەوە. جگە لەوە دەرەبەگی بەهێزی مەریوان تایفەیەکن بە ناوی حەیدەربەگی کە هەڕەشەیان کردبوو ئەگەر بێنە دێیەکانی ئێمە، ئەیانکوژین و ڕێگایان نادەین و ئەیانکەین بە بووک! ئێمە شەوێک چووینە ئەو دێیە کە هەڕەشەیان کردبوو؛ بەر لەوەی بچینە ئەو دێهاتە، خەڵکی چەنددێ ئەویانە پێ وتبووین کە هەڕەشەیان کردبوو ئێمە بەکردەوە ڕێگامان نەدا پێشمان پێبگرن و چووین. سەرنجی ئەو کارە بدەن. تازە بە هێزی چەکداریشە وە تۆ ئەڕۆیت بۆ تەبلیغی سیاسی ئەو پێشت ئەگرێ، جا ئەگەر چەکدارەکەیشت نەبووایە و بۆ تەبلیغی سیاسی بڕۆیشتبای، ئەو چەکی هەبوو و بێگومان بە شەق تێی هەڵدەدایت. واقعیەتە عەینیەکە ئەوەیە کە ئەوان بەر فەعالیەت سیاسیان ئەگرت. بەر ئەوەیان ئەگرت کە فەلا چاو و گوێی بکاتەوە حەتتا ئەگەر بە هێزی چەکداریشەوە بچیت هەڕەشەت لێدەکەن کە نایەڵم بێت. خۆ ئەگەر بە تەنیا بڕۆیت خەڵکەکە بانگ کەیتە مزگەوتێک وسوخەنرانیان بۆ بکەیت لەو کاتەدا ئەسڵەن خەڵکەکە نەدەهاتن. بیشهاتایەن بە شەق دەریان ئەکردن.

ئێمە بە هەڕەشەیان گوێمان نەدا و چووینە ناو دێکە. دەنگێک نەبوو؛ نەختێکی مابوو بە مەغریب کە خەبەریاندا وتیان تفەنگچی بەگزادە دەوری ئێوەیان داوە و خولاسە شەڕە. ژمارەیەک لە خەڵکی دێیەکە ترسابوون هاتن و بە ئێمەیان وت برا ئەو شەڕە بە مل ئێمەدا مەسەپێنن با ژن و منداڵی ئێمە نەکوژرێن. وتمان کاکە گیان تازە ئێمە هاتووین. ئەوەتا ئەوان دەوری ئێمەیان داوە. خۆ ئێمە ناتوانین لەم دێ بڕۆینە دەرەوە. با ئەوان بێن شەڕی خۆمان ئەکەین ئێوە ژن و منداڵتان بەرنە ژوورەوە. هەر لەو کاتەدا لە سێ دێی ترەوە تفەنگچی بۆ یارمەتی ئێمە هاتن. خەڵکەکە هەر کە ئەو خەبەرە ئەبیسن و تەنانەت پێشمەرگەیشیان بۆ ناو ئێمە نەناردبوو، ( دوو دێیان مەخسووسەن دوو شەو لەوە پێش چووبووین، داوایان لێکردبووین حەتمەن ئەو دێیانە بچین). کاتێ دیتیان ئێمە چووبووین و

بەگزادە دەوریان داوین، خۆیان بە ئێمەیان گوت کە کردەوەی ئێوەمان دیوە، ئەمجارە خۆیشیان بێ کردەوە دانەنیشتن بە چەکداریانەوە بۆ یارمەتی ئێمە هاتن. لە یەکێ لە دێیەکانەوە جادەیەک ئەهات بۆ ئەو دێیەی ئێمەی تێدا بووین. سەیتەرەیان دانابوو و هەر ماشینێک ئەهات کۆنترۆڵیان ئەکرد. دڵنیا نەبوایەن کە لایەنگری ئێمەن، نەیاندەهێشت بێن. خولاسە تفەنگچی جووتیار هاتبوو و دەوری تفەنگچی بەگزادەی دابوو. لە شار مەریوان و دارسێرانەوە دیسان یارمەتی بۆ ئێمە هات. هەر کە بەگزادە ئەو جەریانە ئەبیستێ تفەنگچیەکانیان لە پەسا ئەکشێنەوە ودەرئەچن. وەلێ هەڕەشەیان بۆ ئەو دێیەکەیتر ناردبوو کە ئەگەر بێن لەوێ ئەتان کوژین. بەگزادە ئەسڵەن فیکریان نەدەکردەوە و ئێمەیش واقیعەن بە خەیاڵماندا نەدەهات کە لەو دێهاتەی ترەوە بێنە کۆمەکمان. هیچ وەختێ لە بان ئەو هێزەوە حیسابمان نەکردبوو. ئەوە بەگزادەی ترساند و ئێمەی دڵگەرم کرد. هەڵبەت بە عەقیدەی من ئەوە بۆ خۆی تەجرەبەیەکی بە کەڵک بوو. حیزبی دیموکرات لە ڕووداوی ئامێد و ئەوانەدا زیرەکانە لەو هەڵە ئیستفادەی کرد و بەداخەوە ئەم جەمعییەتانە ئەو کارەیان نەکردووە. واتە هیچکام لە هێزە سیاسیەکان نەیان کردووە. چەندە چەک لە خەڵک دیفاع بکات، خەڵک هێزی خۆی پێوە ئەنووسێنێت و لە واقیعدا ئێمە لەو کاتەدا کە مەسەلەن ٣٠ تفەنگ بووین لەو شەوە دا نزیکەی ٥٠ تا ٦٠ تفەنگیترمان پێ زیادبوو. سەرەتا بە هێزی کەمەوە ڕۆیشتین وەلێ چونکوو دیفاع لە ئامانجێکی خەڵکی وعادڵانە ئەکرا، ئەبینی کە هێزت زیاد ئەکات.

من پێموایە ئەوە تەجرەبەیەکی گەورەیە، سەرەڕای ئەوەی کە جەرەیانی مەریوان هەر چییەکی بە سەر بێت ئەو واقعییەتە نیشان ئەدا کە خەڵک لە کارێک کە بەرحەق بێت و بەرژەوەندی ئەوانی تێدا بێت، دیفاع ئەکەن. فەقەت ئەوە لازمە ڕەوتی شۆڕشگێڕ جورئەتی ئەوەی هەبێت کە بە مەوقیع لە چەک ئیستفادە بکات. هاتنی ئەو کۆمەکانە لە سەر ڕۆحیەی خەڵکی خودی ئەو دێیەدا کە ترسابوون تەئسیری دانابوو. ڕۆحیەی خەڵکی گۆڕدرا بوو مەخسووسەن دیتیان بەگزادە ترساوە و کشاوەتە دواوە، زۆرتر بۆ مەقاومەت تەشویق بوون. ئێمە بەو نەوعە بەو دێهاتەدا جەولەمان ئەکرد تا سەرەنجام شەڕێک بوو بە تووشمانەوە.

موختەسەر جەرەیانی شەڕەکەیشتان بوو بگێڕمەوە.

ئەو دێیە لە ناوچەی مەریوان نەبوو بەڵکوو لە ناوچەی کەلاتەرزانی کۆماسییە.

هەڵبەت ئەو تەجرەبانەی کە مەربووت بە باری نیزامی مەسەلەکەن مەسایلی وردن و ئەبێ نەوعێکیتر قسەی لێبکرێت و لە جێگای خۆیاندا ئەهمییەتی هەیە. وەلێ لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە پێکهاتەی پێشمەرگەکانی وەهان کە ژمارەیەکیان هاتوونەتە دەرەوە بە قەوڵی خۆیان وتوویانە ئێمە بۆ ماوەی ڕۆژێک و دوو ڕۆژ بۆ پێشمەرگایەتی نەهاتووین، بەڵکوو هاتووین دوو، سێ تا دە ساڵ بخایەنێت و حەقی کوردمان ئەوێت. بەشێکیتریان وا نییە؛ لە دێیەکانەوە بە نۆبە ئەیان نێرن واتە خەڵکی دێکە کۆبوونەتەوە لە سەر ئەوە ڕەزایەتیان داوە کە ئەبێ هەموو کەسێک پێشمەرگایەتی بکا لە بەر ئەوە بە نۆبە ئەیان نێرن. ئەوانەی کە ڕازین بە نۆبە دێنە ناو ئێمە، حەفتە دە ڕۆژ تا یەک مانگیش بە گوێرەی وەزعی دێیەکە لەوێ ئەمێننەوە. دوایە جێگرەکەیان دێت وئەوان دەڕۆن بەڵام وەزعی بزووتنەوەی ئێستا لە نەزەر هەڵوێستی ئەو جەماعەتەوە لە مەنتەقەی ئێمە ئەوەیەکە لە باری سیاسییەوە ڕەهبەری بە دەست فەلا و جووتیاری خاوەن سامانەوەیە. واتە لە موخالەفەت لەگەڵ ژیانەوی دەرەبەگ و دژایەتی خومەینیدا لە باری سیاسییەوە عەمەڵەن ڕەهبەری لەدەست ئەواندایە. هەر لە سەرەتای ئیسڵاحات ئەرزی [ئیسڵاح زراعی ساڵی ١٩٦٢ واتە١٣٤١] یەوە تا ئێستا ئەو وەزعە لە مەنتەقەی ئێمە دا هەیە. پێم وایە هۆکارەکەی ماهییەتی ئیسڵاحاتی ئەرزی لە ئێراندا بوو کە زۆرتر بەرژەوەندی جووتیارانی دارای ئەپاراست. ئێستا کارمان نییە بەوەی کە تا چ ڕادەیەک بەرژەوەندی فەلای لەبەرچاو ئەگرت وەلێ تەبعەن بۆ فەلای ساماندار زۆرتری تێدا بوو، تا بۆ فەلای قەرە و هەژار. ئێستایش ئەگەر دەرەبەگ بژیێتەوە دیارە فەلای دارا زۆرتر زەرەری تێدا ئەکات تا قەرەکان. قەرە ڕۆحیەی هێرشبەرانەی هەیە و تەبێعیشە و واقعییەتە عەینییەکە وایە کە ئەو دیفاع لەچی بکات کە لەدەستی نەدا. چەند جارێک پێش هاتوە کە با هێرش بەرین، بەرەی جووتبەندە تەواو دژ بوون، وەلێ بەرەی قەرە لە سەری سوور بوون کە ئەبێ بیکەین. ئێستا زۆرینەی ئێمە بە قەرەیە. لە بار سیاسی و کار و قسە کردن هەڵئەهاتن بەملا و ئەولادا لە ناو شار، فەلای خاوەن سامان فرەتر بەشدارن، وەلێ کاری نەختێ سەختری پێشمەرگایەتی بۆ جووتیاری بێ زەوییە. لە لایەن بەعزێک لەم ڕێکخراوە سیاسیانەوە ئەو مەسەلەیە باسکراوە کە ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەی جووتیاری دارایە و نابێت زۆر پێداگیری لە سەر بزووتنەوەی جووتیاری دارا

بکات وموتڵەقەن ئینحیرافە. بەڵام ئینسان واقعییەتە عەینییەکە تەماشا ئەکات. ئەگەر بەو نەوعە ئیستدلال بکەین خۆ ئەوانە بە هەر حاڵ شۆڕشگێڕانەتر فیکر ئەکەنەوە. ئەگەر بەو نەوعە بڵێین کە چونکوو بزووتنەوی جووتیاری دارا نابێ تەکیەی لە سەر کەیت، ئەبووا لە دەوری ئەوەڵی ئەو شۆڕشەدا کە لە شارەکان بوو و فرەتر کارمەند و کاسبکار و موعەلیم و خوێندکار بوون، ئیتر نەدەبووا تەکیەی لە سەر بکەیت. خۆ ئەوان لە جووتیاری خاوەن سامانیش خراپتر نەبن خاستر نین! وەلێ واقعییەت ئەوەسە ئەو دەورە لە کوردەواریدا بە تایبەت لە شارەوە دەستی پێکرد، شاریی کەم تا فرە کارێکیان کرد، ئێستا شەپۆلی خەبات هەڵگەڕاوەتەوە بۆ دێهات . ئەڕوانی شارەکان ئێستا کش و ماتن، وەلێ لادێ بووەتە مەیدانی خەبات. لە جەریانی ئیسلاحات ئەرزیشدا ئەوە بوو شار هەر بێدەنگ بوو، دێ ئاڵۆز بوو.

بەو نموونانەوە کە وتم، کاتێ خەبات لە سەتحی سیاسیەوە بۆ سەتحی تەبلێغی چەکدارانە گەشەدەکا، ڕۆڵی قەرە خێرا دەردەکەوێت. نەختێکیتر بڕواتە پێشەوە حەتمەن قەرە ڕۆڵی موهیمتر ئەبینن. لە واقیعدا جەرەیانەکە خەتی تەکامولی خۆی ئەبڕێت واتە ئەچێت بەرەو ئەوە کە شۆڕشگێڕترین توێژی فەلا بتوانێت ڕەهبەری بگرێت بە دەستەوە. لە ناو ئەو جەماعتەدا کە پێکەوەین بە ناوی هێزی پێشمەرگە، ئێمە جگە لە کارکردن لەگەڵ خەڵکدا، بەشێکیش کاری سیاسی لە ناو خۆماندا ئەکەین. دادەنیشین، قسە ئەکەین هەم سەبارەت بە وەزعی مەنتەقە، هەم سەبارەت بە وەزعی کوردەواری و هەم وەزعی ئێران. سیاسەتی حکوومەت لەو ناوچەدا بۆ ئێمە گرینگە، باسی قیادە مەوەقەت و یەکیەتی نیشتمانی و مەسائیلێک دەکەین کە لەسەر ئێمە تەئسیری هەیە. قیادە کە ئاشکرا دوژمنتە، یەکیەتی نیشتمانیش لە نزیک ئێمەن ئەبێ بیانناسین. ڕۆڵی دەوڵەتی ئێراق. بەتایبەت هەوڵمان ئەوە بووە کە پێشمەرگایەتی تەنیا چەکدارێک نەبێت کە بڕواتە سەر شاخێک بووەستێ یان تفەنگێک بتەقێنێت، بەڵکوو لە باری سیاسییەوە پەرورده بکرێت.

ئەم هێزەی ئێمە ئەگەر قەرار وایە پەرە بستێنێت، مەجبوورین هەر کاری سیاسی بکەین نابێت بە تەمابین فەرماندەکانی ئەوانە لە شارەکانەوە بێن. ئەبێ فەرماندەکان لە ناو جووتیارانەوە هەستن. فەلای دێ ئەبێ تێبینی سیاسی و نیزامی وای هەبێ کە بتوانێت فەرماندەیی بکا. کاتێ ئەو مەسەلە بێتەپێش

زۆرتر ئەکێشرێنە ناو کاری سیاسی و زۆرتر سەرنجی خۆیان ئەدەن و ئاگا دەبنەوە. کە بڵاوکراوەیەک لە شارەوە دێت بە دەستیەوە ئەگرێت، ئەگەرچی نەخوێندەوارە ئێژێ بیخوینەوە بۆم.
بەم جۆرە کەم تا فرە، خەریکی کاری سیاسین لە ناو ئەواندا. بە تەجرەبەیش بۆ خۆم دەرکەوتووە لە دە تا پازدە ڕۆژ شەرایەتی ئاوادا فەلایەک و ڕووناکبیرێک ئێجگار زۆرتر ئەگۆڕدرێ و پەروردە ئەبێ، هەتا دوو مانگ سێ مانگ لە شەرایەتی عادی دا. جا خۆلاسەی کەمەوە ئەو جەولە تەنیا کارێکی تفەنگچی گەری سادە نییە کە تفەنگەکەت بەشانتە وە بێت لەملاو ئەولا، بەڵکوو لە هەمان کاتدا کارێکی سیاسی تەشکیلاتی و پەروردە کردنە. ئەو پێشمەرگانە کە دایم ئەمێننەوە تەبعەن ئەوە بە جێگای خۆی کارێکی بەبەرنامە لە گەڵیاندا ئەچێتە پێشەوە. ئەوانەیش کە دە تا بیست ڕۆژ یا مانگێک دێن و ئەمێننەوە، ئێمەیش بەرنامەیەکی تایبەتیمان بۆ ئەوانە هەیە و کاتێک خودی ئەوانە ئەڕۆنەوە ئەبن بە موبەلیغی جەرەیانەکە. واتە وا پەروردە ئەبن کە زیاتر لە ڕابردوو تەبلیغ بۆ خەبات و ڕێکخستنی جەرەیانەکە بکەن.

## شەڕی خانەگای جووجوو

ئێستا زۆر بە کورتی جەرەیانی شەڕەکە ئەگێڕمەوە؛ مالیکی دێ بە پیلانێک چەند ساڵ لەمەوبەر نیوەی زەویی یازدە ماڵ بە بیانووی ئەوەی ئاو ئەگێڕێتەوە، نیوەی زەوییەکانیان لێ ئەسێنێتەوە و ئەیداتەوە بە خۆیان بە نیوەکاری. دێیەکە ناوی 'خانەگای جووجوو'ە. ئەوان دوای ماوەیەک ئەکەونە شکایەت کردن و لە ساڵی١٣٥٣ [١٩٧٤] بەم لاوە بەردەوام بوون و وتوویانە کە زوڵمان لێ چووە، کەس گوێیان لێناگرێت. کە ئەم شۆڕشە دێ بەسەردا، زەوییەکە بە نیوە کاری بە دەست خۆیانەوە بووە. ئەو مالیکە بە کۆمەکی خاوەنە ئەسڵییەکەیان کە لە شاری سنەیە هەرلە عەینی دێەکە بە پیلان لەگەڵ ئەو مالیکەدا ئەیانەوێت ئەو زەوی و زارە کە بە نیوە کاری بەدەست خەڵکەوە بووە لێیان بستێننەوە و بیبەن بۆ خۆیان. خەڵکەکەیش موقاومەت ئەکەن. مالیکەکە بە تفەنگ و هەڕەشە و لێدان هەر لە پەسا زۆریان بۆ دێنن کە زەویەکانیان لێ بستێنن. ئاخریەکەی ئەوان لە پێشدا ئەچنە سنە لای مەلا ئەحمەد موفتیزادە و کارێکیان بۆ ناکات، ئەچنە جەمعییەتی سنە. نامەیان بۆ نووسیبوون بۆ

یەکیەتی جووتیاران مەریوان.
ئەوان پێش ئەوە بێنە یەکیەتی جووتیاران چووبوونە دادگوستەری، لەوێ وتبوویان ئێمە کارێکمان بۆ ناکرێت چونکوو دەسەڵاتی ئیجراییمان نییە، بڕۆنە لای یەکیەتی جووتیاران. یازدە ماڵەکەیان هاتنە ئەوێ و ئێمە تەحقێقمان کردو خۆلاسە دوای ماوەیەک مەسەلەکە بە ئاشتی و سەڵاحەت تەواو نەبوو. ئێمە هەستاین بە نزیەکەی پەنجا تفەنگەوە چووین بۆ خانەگای جووجوو. مەبەستمان ئەوە بوو بە هەڕەشە مەسەلەکە حەل کەین. وەلێ کاتێک کە چووین هەندێ بەگزادە و دەرەبەگ بە تفەنگەوە دامەزرابوون؛ ئێمەیان دایە بەر تەقە و ئێمەیش قسەمان ئەوە بوو کە ئەگەر لەم تەقەدا بگەڕێنە دواوە، ئیتر لە هیچ جێگایەک جێمان ناکەنەوە و بێگومان لەپێشدا لە چاو خودی جووتیارەکانەوە ئەشکێین. ئەڵێن پێشمەرگەیان بوو نەیشیان توانی هیچ کارێک بکەن. تەسمیمان گرت شەڕ بکەین؛ چەند سەعاتێک شەڕ بوو دوو بەگزادە کوژران و دووانی تریان بریندار بوون. دوای ئەوە شەڕەکە تەواو بوو تەئسیری زۆر بوو. هەڵبەت دێیەکیتر لە پەنای ئەو دێدا بوو کە مالیکەکانی هەر ئەو مالیکانە بوون کە لەو شەڕەدا زۆر یارمەتی ئێمەیاندا. نان و ئاویان بۆ سەنگەری شەڕ دەهێنا. تەئسیراتی ئەو شەڕە ئەوەڵەن لە سەر جەماعەتی پێشمەرگە کەم نەبوو. ڕێک ئەو شەوە کە شەڕەکە تەواو بوو، چەند نەفەر لە فەلاکان کە لەگەڵ ئێمەدا بوون، ترسابوون. مەخسووسەن یەکێکیان بە سەراحەتەوە وتی برا من زاتم نییە لەم مەنتەقەدا بمێنمەوە و ئەڕۆم. 'خانەگای جووجوو' لە کەلاتەرزانە و لە مەریوانەوە دوورە، خۆ بە زۆریش ڕاینناگریت. دوای ئەو، دوو سێ کەسی تریان بەهانەی جۆراو جۆریان هێناوە کە نۆبە ئاومە و زەویەکەم واسە و لەو قسانە و ڕۆیشتن. بەو شێوە ژمارەیەکیان ترسا بوون، کەسانێکی تریان واقیعەن ڕێک بە پێچەوانە تەحریک ببوون. لە مەجموعدا لە شەڕەکەدا سەرکەوتوو بووین وجەماعەت پێشمەرگە تێیدا قورس و قایم ببوونەوە بە جۆرێک کە ئەیانگوت ئەبێ هێرشەکە ئیدامە بدەین.

**کاسێتی ژمارە دوو**

لە نێوان ئەو دوو نەزەرەدا وتووێژی زۆر کرا و سەرەنجام هاتینە سەر ئەوە کە ناوچەکە دوور بوو لە مەریوانەوە، ئێمە ئەگەر ئەوێ چۆڵ بکەین، وەکوو هەڵاتن

وایە و دەرەبەگی ئەو مەنتەقەیش هەندێ بە هێزن و دەستدەکەن بە هێرش بردن. خولاسە لەو ناوچە ماینەوە.

لە ناو خۆماندا مەسەلەکە حەل نەبوو. من خۆم ئێژم نەمزانی تەئسیری ئەو شەڕە لە ئەوەڵەوە لە مەریوان چۆن دەبێ؟ لە ناو فەلاداچۆن دەبێ؟ ئەیان ترسێنێ یا ئەبێتە باعیس ئەوە مولحەق نەبن. فرەتر ڕاستییەکەی تەسەورم ئەوە بوو ئەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆ ماوەیەک پێشمەرگە پێمانەوە نەنووسێ. دەلیلیشم ئەوە بوو کە لە ئێمە ئەترسێ؛ بێم شەڕێک دەبێت و ئەکوژرێم، گیان خۆشەویستە! بەڵام هەر شەوی دووهەم ڕۆشنەوە بوو ئەو تەسەوری منە هەڵەیە. چونکوو ئەگەرچی فاسڵەکە دوور بوو و ئێمە بە کوێستانێکی بەرزەوە بووین، دۆزینەوەی زۆر سەخت بوو. دیتمان شازدە تفەنگ هاتن و گەیشتنە لامان، بیستبوویان شەڕە بۆ یارمەتی ئێمە هاتبوون زۆربەیان فەلا بوون. زۆر گەرم و گوڕ بوون هەر ئەوەڵ مەورید من یەکێکیان خۆم ئێژم غەڵەت بوونی تەسەور و فیکری منی نیشاندا! ماینەوە و کەوتینە جەولە لەو مەنتەقە کە بە پێچەوانەی مەریوان کەمتر کاری سیاسی تێدا کراوە. سەرەڕای ئەوە ئێمە بەرەو ڕووی دوو بۆچوون بووین؛ کەسانێکی کۆنخواز مەخسووسەن لە دێیەکەدا کە زۆر ئەترسان ئەیانگوت ئێوە هاتن ناوچەکەتان شێواند و ئاورێکتان ناوەتەوە، بەگزادە لەمەولا گشتمان ئەکوژن. وەلێ واقعیەتی ئەوە بوو کە زۆرینە موخالیفی ئەو بۆچوونە بوون. ئەیانگوت دەستان خۆش بێت! بە خوا ئیتر زاتیان نییە سەر ڕاستەوە کەن. ئەگەر ئەم کارەتان نەکردایە، ئیتر لەمەولا بەگزادە دونیای ئەخوارد.

ئێمە بۆ ئەوە مەوزووعەکە بە چ بارێکدا بخەین سەرەتا خۆمان دادەنیشتین قسەمان لێدەکرد. خەبەرمان بوو کە دەرەبەگ دەرچووبوون بۆ شار و لە لایەن خەڵکی دێکانەوە خەبەرمان بۆ ئەهات کە چی ئەکەن و چی ناکەن. خودی ئەوە دڵگەرمی بوو بۆ ئێمە. چەندین نەخشەمان کێشا کە لە ڕاستیدا فرەتر ئەساسەن جەنبەی نیزامی بوو. سەرەتا ئێمە فرەتر لایەنگری ئەوە بووین مەسەلەکە لە ڕێگای چەکدارییەوە حەل بکەین. دوای بەینێک وتووێژی ناو خۆمان بەو نەتیجە گەیشتین کە خەڵکی ئەم دێهاتە ئاگا ببنەوە. شەوانە ئەچووینە لادێکان جەولەمان ئەکرد. خەڵکی تێگەیشتوو هەیە با یارمەتی لە ئەوان بخوازین و خۆیان بکێشینە ناو جەرەیانەکەوە. ڕاستە لە یەک دێدا بوو، بەڵام با بیکەینە

جەرەیانی هەموو مەریوان. بۆچی بێلایەن بن. نوێنەرانی چوار دێمان دەعوەت کرد. چووینە ناویان، وتمان برا گیان وەزعەکە خۆتان ئەزانن چی لێبکەین تەنیا شتێک  کە ئێمە هەمانە بە ئێوە بڵێین ئەوەیە، کە ئێمە پێشمەرگەی جووتیارین، موتڵەقەن دەست لەوە هەڵ ناگرین و ڕێگانادەین بە زەرەری جووتیار تەواو بێت. تائێستایش دوان لەوان کوژراوە، ئەگەر سەدی تریشیان لێ بکوژرێت ولە ئێمەش بکوژرێت دەستی لێ هەڵ ناگرین. بەڵام چونکوو ئەو قسەمانە لە هەندێک لە جووتیارەکان بیستووە کە ئەڵێن مەنتەقەکەیان شێواندووە، ئێمە بە سەڵاحی ئێوە ئەزانین کە ڕێگایەکمان بۆ دابنێن کە چی بکەین؟ بێ پرس و ڕای ئێوە کارێک ناکەین.

ئەو چەشنە بەرخوردە زۆر تەئسیری لە سەر خەڵک دانابوو. هەر ئەوکات مەخسووسەن یەکێکیانم لەبیرە من ئەیناسم کە زۆر موحافزەکار بوو، وتی ئاگرتان ناوە بە مەنتەقەکەوە و پاشان بەرخوردی لە گەڵ ئێمە گوڕدرا. خودی ئەوەی کە پرسی پێ ئەکەیت و ئەوەی کە کەسانێک نین بە زۆری چەک سواری سەری خەڵکەکە بین. ئاخری تەگبیری ئەوان هاتە سەر ئەوە وتیان براگیان ئەوان هێشتا پرسەیان تەواو نەبووە، تۆزێک سەبر کەن ئێمە خۆمان دەخاڵەت ئەکەین. دواتر جوابتان لێ ئەنێرین. ئێمەش لێمان قەبووڵ کردن. وتمان باشە. ئاخرین شت ئەوەیە کە خەڵکی دێیەک لەنزیک ئەو دێیە کە شەڕەکەی تێدا بووە، هەر ئەو ڕۆژە کە من هاتم جوابیان ناردبوو کە ئێمە ٢٠٠ کەس ئەچین بۆ ئەو دێ بۆ ئەوە کار و بارەکە دروست بکەین و کاری ئەو جووتیارانە هەیە بیکەین، داوا ئەکەین لە هێزی پێشمەرگەیش کەسانێکیان بێن هەر لە دوورەوە لەوێ بن. ئێمە خۆمان کارەکە ئەکەین. یەکەم نەتیجەی ئەوەیە کە بەو کارە ئێستا کەسانێکی تریش کێشراونەتە ناو کارەکە. واتە تەنها جەماعەت پێشمەرگە دەخاڵەتی نییە.

جگە لەوە ئێمە دوای ئەو چەند شەوە گەڕاینەوە بۆ مەریوان بەپێچەوانەی ئەو تەسەورە کە هەر لە ئەوەڵەوە من بووم،  خەڵک  ئەمجارە فرە گەرم  ئەهاتن بەرەو پێشمەرگە. چەندین جار ئەوەمان بیست "برا ڕاست ئەکەن؛ کەسێک کە بۆ فەلا خۆی بە گوللەوە ئەنێت، ڕاست ئەکا ئیتر درۆ ناکات" دواتر واقیعەن گەرمتر بەرخوردیان ئەکرد. ئێمەیش بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو مەسەلە کە ئەو شەڕە چ تەئسیرێکی هەبووە، بەگشتی خەڵک چۆنی بەرخوردی پێدەکەن،

بڕیارماندا دەعوەتێکی گشتی لە دێهاتەکان بکەین، کۆببنەوە و تەگبیرێک لە مەسەلەی یەکیەتی جووتیاران بکەین و مەخسووسەن مەسەلەی پێشمەرگە بخەین بە بارێکدا. لایەنێکی ڕەوشەنفیکری موخالیف بوون و لە دژی ئێمە تەبلێغیان ئەکرد؛ کە ئەوە ماجەراجوویيە و حەتتا چەتەییە! دەعوەتەکەمان کرد کە نوێنەرانی ٦٢ دێ هاتبوون، جەمعێکی زۆر و مەخسووسەن تفەنگچی فرە هاتبوون؛ لانیکەم دووسەد کەس لەوێ کۆبوونەوە. پێشمەرگەکانیش چوون بۆ ئەوێ. کۆبوونەوەیەکی زۆر گەرم بوو تا نزیک سەعات دووی دوانیوە شەو ئەو خەڵکە قسەیان کرد کە بوو بە بڕیارنامەیەک کە پێم وایە گەیشتوەتە ئێرەیش [مەهاباد]. بە ناوی کۆبوونەوەی ئاوایی "ولەژێر". هەڵبەت و مەخسووسەن لەوێ ئەوە سەلمێندرا کە ئەبێ هێزی پێشمەرگە بەهێز بکرێت.

**تەجرەبەیەکی تازە**

هەر لەو جەلەسەدا یەکێک لە تەجرەبەگەلی تازە، بە عەقیدەی من ئەوە بوو، وەکوو گوتم دوو جەرەیان ڕەوشەنفیکری بوو: یەکێکی ئێمە کە لە ناو پێشمەرگەکاندا بووین و عەقیدەمان بەو کارە بوو، یەکێکیش جەماعەتێکیتر کە موخالیفی ئەو کارە بوون و ئەو کارەیان بە ماجەراجوویی ئەزانی. هەڵبەت هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە کاتێک ئەو موخالەفەتانە دەستی پێکرد، ئێمە لە ناو خەڵکدا ئەو دوو بۆچوونەمان باسکرد. بە کردەوە ڕۆژ بە ڕۆژ دەرکەوت کە کاری ئێمە پەرە ئەستێنێت. لە ناو ئەو جەماعەتیشەدا هەر دوو بۆچوونەکە و هەر دوو تەرەفەکە لەوێبوون و دیفاعیان لە بۆچوونی خۆیان ئەکرد. دوای ماوەیەک وتووێژ لە ناو خۆیاندا، سەرەنجام نەزەری ئەوانیان ڕەتکردەوە و بۆچوونی ئێمەیان تەئیید کرد. مەسەلەکە بووبە هۆی ئەوە بەعزێکیان کە ئەسڵەن نائاشنا بوون ئاگا ببنەوە کە ڕەوشەنفیکر هەموویان یەک پارچە نین و بۆچوونی جیاوازیان هەیە و خۆیان لەسەری قەزاوەت کەن. لە ڕاستیشدا ئەو مەسەلە سەرەنجام بە نەزەری خەڵک حەل کرا. ئەگەرنا ئێمە دوو لایەنی ڕەوشەنفیکری بە تەنهایی نەماندەتوانی حەللی بکەین.

هەڵبەت پشت سەر ئەوە کە لایەنی موخالیف تێگەیشت کە هەڵەیان کردووە، هاتنە لای ئێمە وتیان گەرەکمانە کۆمەک بە جەرەیانەکە بکەین. ئەو کارمانە ئیشتباه بووە. ئێمەیش مەرجمان بۆ دانان؛ وتمان یەکە یەکە بە لای ئەو

خەڵکەوە و بە لای پێشمەرگەوە ئەبێ ڕەخنە لە خۆتان بگرن. بە لای ئەو برادەرانەوە کە لە ناو شار یارمەتی یەکیەتی جووتیاران ئەدەن، ڕەخنە لە خۆتان بگرن. لەو دێهاتەیشدا کە دژ بەم جەرەیانە تەبلیغتان کردووە، بڕۆن ڕەخنە لە خۆتان بگرن کە ئێوە هەڵەتان کردووە. ئێمە بۆمان دەرکەوتبوو کە زۆربەیان لەو دوو دەستەگییە لە ناو ڕەوشەنفیکردا ناڕەحەت بوون ئەیانگوت بۆ خوا، بۆ پێغەمبەر دەست کەنەوە مل یەک و یەکبگرن. ئێمەش قسەمان ئەوە بوو کە جەماعەتێک لە ئێمە لە گەڵ جەماعەتێک لە ئەوان پێکەوە بچنە ئەو دێهانە هەم باسی ئەوە بکەن کە هەڵەیان کردوە و هەم ڕایگەیەنن کە ئێمە ئاشتەوە بووین. لە هەر دوو بارەکەیەوە بە نەفعی خەڵکە و ئەوەڵین جار بوو کە جەماعەتی ڕەوشەنفیکر لەلای ئەو پێشمەرگانە دانیشتن و ڕەخنەیان لە خویان گرت. قسەوباسی خۆشی هاوردە بەرەوە لە پەیوەندی ڕەوشەنفیکر و خەڵکدا. چەند نەفەر فەلا وتیان بە ڕەوشەنفیکر برا خەیانەتمان پێ نەکەن! یەکێکیان بە منی گوت سبەی کە دەوڵەت هاتەوە کارێکی داپێت شوغڵی باش و مەقامی باشی داپێت، جێمان نەهێڵی! هەڵبەت کورێکیتر ڕەوشەنفیکر لە جوابدا وتی ئەگەر سبەی دەوڵەتیش هاتەوە جاشی گرت و چریکی گرت، تۆیش نەچیت سێ هەزار تمەن بستێنی و بەجێمان بهێڵی!

من وتم ئەوە زۆر موهیمە هەر لە ئێستاوە ئێمە جەرەیانەکە وا بەرینە پێشەوە کە خەیانەتی کەس یا کەسانێک نەتوانێ تێکی بشکێنێت. هەوڵمدا بە زبانێکی سادە ڕوونی بکەمەوە کە حەرەکەتەکە وابەستە بە تاکەکەس یان کەسانێک نەبێت. ئەبێ وا پەروەردە بکرێت کە جەمع بتوانێت بیباتە پێش و بو ئەوەیش ئەبێ شعووری سیاسی بچێتە سەر. دوای ئەو کۆبوونەوە کە یازدەی مانگ بوو (ئیمڕۆ نازانم بیست یا بیستویەکە)، لە بنکەی یەکیەتی جووتیاران کارەکان دەستی پێکردبوو. کە من هاتمە ئێرە چەند کەسێک نوێنەری فەلا لەوێ دانیشن کار و باری ئەو کەسانەی ئەچنە لایان ڕاپەڕێنن. لەم بەینەدا بەتایبەت دوای ئەو شەڕە وردە وردە واقعیەت ئەوەیە کە یەکیەتی جووتیاران خەریکە ئەبێتە ئۆرگانێکی ئێجرایی لە مەریوان. هەر چەند لای دەوڵەت ومەوڵەت قانونی و ڕەسمی نییە. لە چەند جێگاوە بۆ کێشە و شەڕ و ئێختلافی ناو خۆیان بەردەوام دێنە لای پێشمەرگە و بنکەی یەکیەتی جووتیاران. جاری وایە ئەوندە زۆرە کە پێدا ڕاناگەن.

جەماعەتێک لەو کوڕانە لە بەیانی زوو تا شەو درەنگان کار ئەکەن. وای لێ هاتووە جگە لەوە کە پێشمەرگە جەولە ئەکا، لە شاردا بەتایبەت کاری ئەوەیە لە فلانە دێ فلانە کار هەیە چەند چەکدار ئەچن وحەللی ئەکەن. ئێمەیش هەوڵمانداوە کە ئەو جەرەیانە تەشویق کەین سەرەڕای ئەوە کە موشیکلاتی هەیە. با وای لێبێت کە ئەسڵەن یەکیەتی جووتیاران بۆ خۆی ببێت بە دەسەلاتی ئێجرایی. ئەمە کە وردە وردە پەرە بستێنێ، خود بە خود ئەبێتە هۆی پێک هاتنی دەسەلاتی خەڵک. بەو چەشنە ئیتر ژاندارمەری فەلسەفەی وجوودی خۆی عەمەڵەن لە دەست ئەدات. ئەگەر ئەو جەرەیانە شکڵ بگرێت و پەرە بستێنێت، دەکرێ بە مەعنای واقیعی تەبلیغ بکرێت کە ئیحتیاجمان بە ژاندارمەری نییە و ئێمە خۆمان دەیگرین بەدەستەوە.

بەڵام دەوڵەت دوای شەڕەکە خەریکە لە دژی ئەو جەرەیانە تەوتیئە ئەکات. بەرەی دەرەبەگ چوونەتە لای دەوڵەت بەو ناوەوە کە ژمارەیەک کۆمونیست گێرەشێوێنی دەکەن، داوای چەکیان لە دەوڵەت کردووە. دەوڵەتیش ئەیەوێت چەکیان بداتێ. حەتتا قەولی یارمەتی پێداون کە بەگزادە چەکدار بکات و دەرەبەگ بچنە سەر پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران و ئەگەریش پێویست بوو، خۆیشیان بێن بۆ ناوبژی کردن! ئێمە توانیومانە هەم لە ناو پێشمەرگە و هەم لە ناو خەڵکدا باسی بکەین کە تەوتیئەیەک بە دەسیانەوەیە. ئەوەندەی شارەزایمان لە مەریواندا هەبێت، دەرەبەگی مەریوان جورئەتی ئەوەیان نییە مەگەر تەواو دڵنیا بن دەوڵەت ئەرتەش و ژاندارمەری بە پشتیانەوەن. دەنا ئەگەر دوو بەرابەری ئێمەیش هێزی چەکداریان هەبێ جورئەتیان نییە بێنە سەرمان. نەک تەنها لە بەر هێزی چەکداریمان، بەڵکوو من پێموایە وەزعی سیاسی مەنتەقەکە وای لێ هاتووە کە هیچ بەگزادەیەک ناوێرن حەملە بە ئێمە بکەن. ئەوەڵەن خێرا حەتمەن لە دێهاتەوە پشتیوانی لە ئێمە ئەکرێت، لە شارەوە پشتیوانیمان لێ ئەکرێت. لە داهاتوی جەرەیانەکە ئەترسن مەخسووسەن مەسایلی چکۆلە هەیە ئینسان لە کردەوەدا بۆی ڕوشن ئەبێتەوە. ئەگەر بەگزادە بە تەنهایی جورئەتی ئەو کارەیشان هەبێت، حەتمەن تۆڵەی بەرامبەر بە سەریەوەیە. هەندێک دەرەبەگ هەموو ئاژاوە بۆ ئەوە ئەنێنەوە کە بە هەرحاڵ زیندەگی بکەن ئەو ڕابیتە زاڵمانە بپارێزن. ئێمە پێمانوایە ژمارەیەک دەرەبەگ بە تەنهایی جورئەتی ئەوەیان نییە ئەو کارە بکەن مەگەر بە یارمەتی قیادە مەوەقەت و

هەڵبەت تێکەڵ لەگەڵ بەگزادە، دەوڵەتیش توتیئەی وا ئەکات. ئێمەش داوامان لە جەمعییتەکان ئەوەیە کە لە باری سیاسییەوە ئەوەندەی ئەتوانن یارمەتی ئەو جەرەیانە بدەن. دیارە ڕۆڵی دەوڵەت ئەوەیە ئەو پیلانە هەر دەمێک و لە گۆشەیەکی کوردستاندا بگێڕێت.
قیادە لە دوای ئەو شەڕە واتە لە دوای ئەوە کە دەوری مەریوانیان دا، تەبلیغاتێکی سیاسی زۆر لە دژی کرا. ماوەیەکە لەباری چەکدارییەوە کشاونەتەوە. تەنیا یەک جار لەم ماوەدا جەولە کراوە. ئێمە چووینە دێیەک پشت سەری ئێمە شەوی دواتر قیادە چووبوو تەبلیغاتی لەدژی ئێمە کردبوو. وەلێ ئێتر وەکوو جاران کە ئەهاتنە دێهاتەکان جەولەیان ئەکرد، ماوەیەکە نین و وان لە هەورامانی ژووروو. وەلێ زانیاری ئێمە ئەوەیە کە کەسێکیان هاتووە و لەگەڵ بەگزادەی ئەو ناوچە چەند کۆبوونەوەیان لە هەورامان بووە. چی لە کوبوونەوەکەیان گوزەراوە نازانین، وەلێ ئەو پێوەندی سیاسییانە بە جێگای خۆی هەرماوە، بەڵام کاری چەکداریمان ئێستا ماوەیەکە لەو مەنتەقەدا نییە. مەخسووسەن دێهاتێک بوو کە لە ژێر زەبری ئەواندا بوو، ئەو دێهاتەیش چووین.
ئیتر سەرم ئێشاندن ئەوە وتەی من بوو.

**بەشی پرسیار و وڵام**

**پرسیار:** نابیسرێت .........؟

**کاک فوئاد:**.. مەسەلەکە وایە تەرەف لە ئەوەڵەوە لە داخی بەگزادە، یان فەلایەکی سادە لە قینی دەرەبەگ چووە لای ئەوان، وەلێ وەزع مەریوانیش وهایە قیادە بەو هێزەوە کە ئێستا لە هەورامان و مەریوان هەیەتی، ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا بەشەڕ بێت حەتمەن شکست ئەخوا، مەگەر دەوڵەت ڕاستەوخۆ لە گەڵی بێتە ناوشەڕ. مەخسووسەن هەورامی تەواو بۆ شەڕ لە گەڵ قیادە ئامادەن. قیادە تەنها هێزێکی عەشیرەتی سادە نییە و لەباری سیاسیشەوە دەست ئەدەنە تاکتیک گەلی سیاسی. . . مەگەر بە پشتیوانی بەهێزی دەوڵەتەوە بتوانن کارێک بکەن، ئەگێنا بێگومان بەو گشتە کارەی پێشتر کردوویانە، خەڵک لە گەڵیاندا بە شەڕدێن.

**پرسیار:** کە نابیسرێت ....؟

**کاک فوئاد:** نا من وتم مەخسووسەن لە مەریوان ئەو بۆچوونە سیاسییە لەسەر ئەساسی تەجەرەبەی ڕابردووی خەبات هەبوو. من پێموایە بۆیە زووتریش یەکیەتی جووتیاران لە مەریوان دروست بوو لە ناوچەکەدا بزووتنەوەی جووتیاران هەبوو. دە دوازدە دێ بوون کە دارسێران بەرجەستە و پێشکەوتووترینیانە، زۆر بەناوبانگ بووە و درێژماوەترین خەباتیشی کردووە.

**پرسیار:** . . . نابیسرێت . . . ؟

**کاک فوئاد:** بەڵێ بەڵێ تەواو دژی شا بوون. کابرایەکیان هەیە مومکینە لەم ڕۆژانەیشدا بێت بۆ سەقز. هەر لەو کاتەدا دەورەی شا هەزار دەفعە جوێنی بە شا داوە؛ لەسەر ئەوە بردوویانەتە ساواک لێیان داوە، ئەزیەتیان کردووە. یەکەم خۆپیشاندانی دژبە خومەینی دارسێرانی کردیان و ئاشکرا بە دژی خومەینی شیعاریان ئەدا.

**پرسیار:** . . قەرە بە چ هیوایەک لە گەڵتانە؟

**کاک فوئاد:** بەعزێکیان کەم و فرە ئاگاهی سیاسیان هەیە، ئێژن بۆ حەقی کورد پێشمەرگەین. ئەوەم لە بیر چوو؛ قەرە لە مەریوان مەسەلە نیە. واتە سەرجەم ئێمە نزیکەی دە دێمان پێ شک دێت کە مالیکی دێکە ئەوەندە زەوی هەیە کە بتوانی لێی بستێنیت و بیدەی بە قەرە! شتێکی وا نییە، واتە بەگشتی ناتوانیت ئەو شیعارە لە مەریوان و لە هەورامان بدەی چونکوو لە هەورامان زەوی نییە و شاخ و کێوە لە مەریوانیش ناتوانیت وەکوو شیعارێکی گشتی بیدەیت کە زەوی لە دەرەبەگ بستێندرێتەوە و بدرێت بە قەرە. چونکوو مالیکی گەورەی وا لە مەریواندا نییە کە زەوی و زارێکی گەورە و زۆری هەبێت. سەرجەم دە دانەی گەورە و پچووک پەیدا ئەبن کە بتوانی ئەو کارەی تێدا بکەێت. لە مەریوان و لە هەورامان لە واقیعدا بە شیعاری زەوی کێشەی قەرە حەل نابێت. ئێمە لە قسەکانماندا باسمان کردووە کە لە ناوچەکەدا ئەبێ کار بۆ جووتیار و قەرە پەیدا بکرێت. نموونەی ئەوەمان هێناوەتەوە کە بۆ کاری خانوو دروستکردن خەڵک هەڵساون چوون بۆ بەندەر عەباس و کوێ و کوێ. ئەبێ ئەو کارانە لە خودی مەنتەقەکەدا دابنرێت و ئەمان لە سەری کار بکەن. ئێمە قەرەمان دەعوەت کردووە کە ئەوانیش یەک بگرن. بەتایبەت کە لەگەڵ مەسەلەی بێکاری

بەرەوڕوون و لەو یەکگرتنەدا بەخۆپیشاندان و شتیتر بە پشتیوانی جووتیار فشار بێنن بۆ دەوڵەت کە ئەوەڵەن لە مەنتەقەدا کاریان بۆ پەیدا بکات، دوایەش ئەگەر کار پەیدا نەبوو وەکوو کرێکاری بێکار قەرزیان بداتێ. هەروەهاباسی بیمە و ئەو شتانەیشمان بۆ کردوون.

**پرسیار:** قەرەکە لەگەڵ پێشمەرگەیە چۆن دەژی؟ مەعیشەتیان چۆنە؟
**کاک فوئاد**: مەعیشەت، ئێمە گشتمان لە دێ دەژین. شەو لە دێ نان ئەخۆین و لەوێ دەنووین و بەیانیش هەر وا و بۆ نیوەڕۆیش کە بەیانی لە ماڵ ئەچینە دەرەوە هەر کەسێک کە لەو ماڵە هەیە دوو سێ نان هەڵئەگرێ وئەچینە دەرەوە و لە دەرەوە ئەیخوین.

**پرسیار:** مەنزوورم خانەوادەکەیان بوو!
**کاک فوئاد:** خەڵکی دێ کۆمەکێک ئەکەن ئێمە بەتایبەت هەوڵمان داوە ئەوە پەرە پێبدەین. واتە وای لێبێت کە خەڵک پێشمەرگە بەخێو بکەن و بیژیێنن. بەگشتی پێموایە ئەویشە بە قازانجە.

**پرسیار:** حیزبی دیموکرات وەزعی چۆنە لەوێ؟
**کاک فوئاد:** ئەمڕۆ بیستم کە دوێنێ ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات چوونەتە مەریوان بۆ سەر ئەو دەرەبەگانەی ئەوێ. حیزبی دیموکرات لەوێ زەعیفە.

**حیزبی دیموکرات**
**پرسیار:** حیزبی دیموکرات بنکەی هەیە؟
**کاک فوئاد**: بنکەی هەیە. نموونەیەکتان بۆ بگێڕمەوە؛ یەکێک لەو دێهاتانە کە یەکیەتی جووتیارانی تێدا بەهێزە، حیزبی دیموکرات بە ژمارەیەک چەکدارەوە ئەچنە مزگەوت و مەسئوولەکەیان دەست دەکا بە سوخەنڕانی کردن و تەبلیغ بۆ حیزب و دەعوەت لە خەڵک ئەکا کە بێنە ناو حیزبەوە. کەسێکی خەڵکی دێ هەڵ ئەستێتەوە بێ روودەربایستی قسەی لەگەڵدا ئەکا. ئێژێ ئێمە هاینە ناو یەکیەتی جووتیاراندا ئێوە ڕاست ئەکەن بێنە ناو یەکیەتی جووتیارانەوە.

مەسووله حیزبییەکه له بەرامبەر ئەو وەزعه گشتییەی خەڵکەکەدا مەجبوور ئەبێ تەئیدی یەکیەتی جووتیاران بکات. هەڵبەت یەک واقعیەتیش بڵێم ئەسڵەن ئەفرادی حیزبی دێموکرات له مەریوان له گەڵ ڕەهبەرییاندا فەرقیان هەیه. یەک دووانێکیان نەبێ، ئەوانیتریان ئینسانی باشن. پێشتر ئێمه له گەڵیاندابووین، بەرلەوه حیزب بنکه بکاتەوه به یەکەوه بووین. هەیه لەناویاندا که سیاسەتی ڕەهبەرییان لەسەر قیاده موقت قبووڵ نییه و دڵنیام ئەگەر ڕۆژێک له گەڵ قیاده شەرێک له مەریوان دەرگیر بێت، ئەگەرچی کومیتەی ناوەندی بڕیار بدەن و لەگەڵ دەرەبەگدا سازش بکەن، ئەو نایکات. به بۆنەی ئەو خۆپیشاندانەی که دوێنێ یان پێرێ بووه من له مەریوان بووم. دیتم جەماعەتی حیزبی دیموکرات له بنکەی یەکیەتی جووتیاران دانیشتوون. من له دەرەوه بووم، که هاتمەوه بنکه چەند دەقیقەیەک مەسئوولەکانیانم بینی. ئێعلامیەی لقی سنەیان له گەڵ ڕاگەیاندنی ئێره زۆری فەرق هەبوو. هی ئەوێ بەڕاستی توندتربوو. مەسەلەن حەملەی به دەوڵەت تێدا بوو، داوای یارمەتیان له یەکیەتی جووتیاران ئەکرد. له هیچ جێگایەکی ئێره حیزبی دیموکرات ئەو کارەی نەکردووه. مەخسووسەن له مەهاباد هیچ وەخت نایەن بۆ کۆمەڵه یا جێگای تر و ڕێبەرانیان داوای هاوکاری بکەن.

ئەوه له دوو شتەوه سەرچاوه دەگرێت؛ یەکێک به عەقیدەی من بەرپوەبەرانی حیزبی دیموکرات له مەریوان له گەڵ ڕەهبەری ئێره زۆریان فەرقه، هەروەها ئەوان زەعیفترن واته ئەیانزانی به بێ یارمەتی یەکیەتی جووتیاران و ئەوانه ناتوانن خۆپیشاندانێکی بچووکیش بخەنەڕێ. با چەند نموونه بگێڕمەوه؛ چەند دەرەبەگ چوونەته لایان که ببن به ئەندام، به ئاشکرا جوابیان کردوون وتوویانه حیزب دەرەبەگ قبووڵ ناکات. مەخسووسەن چەند کەسی زەحمەتکێش ئەناسم چوونەته حیزبی دیموکرات ڕایانگەیاندووه ئەگەر یەک دەرەبەگ ڕێگا بدرێت، ئێمه لەگەڵ نابین و ئەچینه دەرەوه. هەڵبەت وەزعی ئەوێ [مەریوان] فەرق ئەکات.

**پرسیار:** له بارەی کۆمەڵەی شۆڕشگێر وەزع لەوێ چۆنه؟

**کاک فوئاد:** کاکه به ناو خودی کۆمەڵەوه له ناو خەڵکەکەدا ئاشکرا فەعالیەتی نییه. وەلێ بەگشتی و ئەساسەن له کاری یەکیەتی جووتیاران و ئەوانەدا

ئیبتکار ها بەدەستیەوە.

**پرسیار:** بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ماهییەتی حیزبی دیموکرات باش دەناسن، بۆ ئیفشاگەری ناکەن؟
**کاک فوئاد:** کاکە ئیفشاگەری یەکێک بە ڕاگەیاندنە و یەکێکیش بە کردەوەیە. لە ناو خەڵکدا بە عەقیدەی من بە کردەوە موهیمترە.

**پرسیار:** دروستە بە کردەوە موهیمە، وەلێ بە ڕاگەیاندن و بیروڕا دەربڕین ئەوەیش بۆ خۆی نەوعێک خەباتە.
**کاک فوئاد:** ئەوە ئەبێ باسێکی لە سەر بکەین؛ مەسەلەن بۆ نموونە بڵێم من پێموایە بەشداری نەکردنی کۆمەڵەکانی مەهاباد و بۆکان لە خۆپیشاندانەکانی دوێنێدا ئیشتیباهـ وهەڵە بوو! لە حاڵێکدا زۆربەی برادەرانی ئەم کۆمەڵانە پێیانوایە کارێکی چاکیان کردوە! ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ هێندێک ئیختلافاتی بۆچوون سەبارەت بە ماهییەتی حیزبی دیموکرات.
من پێموایە ئەوەڵەن حەتتا جیا کردەنەوەی سەفەکە لە بەشداری نەکردن باشتر بوو. دەلیلیشی ئەوەیە مەسەلەی حیزب دیموکرات نییە. ئێمە دەبێ سەرنج بدەینە یەک مەسەلەی ئەساسی کە ئەویش خەڵکە. ئێمە پێمان وایە هەر جێگایەک خەڵکی تێدابوو و خەڵکی لێ کۆبووەوە ئەبێ بڕۆین، جا ئەو خەڵکە بە ئێبتکاری هەرکەسێک کۆبووەتەوە.
با نموونەی دەورەی شا بێنینەوە ئەترِوانی خۆپیشاندانێکی گەورەیان خستبوە ڕێگا و بە زۆر خەڵکەکەیان ئەهێنا. من پێموایە وەزیفەی هێزی ئێنقلابی ئەوەیە لە هێزەی خەڵکی چاوپۆشی نەکات، بڕواتە ناوی و هەر لەوێدا وەکوو دەورەی ئێستا ئیفشاگەری نەدەکرا وەلێ لە پچووکترین جەمعدا ئەتوانی ئیفشاگەری بکەی. یەکێک لە گەورەکان ئەڵێ " تەواو فەعالیەتی ئیرتیجاع بۆ ئەوەیە کە نەهێڵێت هێزی ئێنقلابی بچێتە ناو خەڵک". بۆ نموونە بەهۆی ساواک و شتیترەوە ناهێڵێ ڕەوشەنفیکر بچێتە ناو خەڵک. ئێستا وەزعێک بێتە بەرەوە، ئەو خەڵکە کۆکاتەوە، بەرگریت لێنەکا تۆ خۆت ئێژی ناچم؟! ئەوە ئیشتبایە. من لەبەر ئەوە کێ دەعوەتی کردووم نییە، لەبەر ئەو خەڵکە ئەچم و لەوێ ئەو ئیفشاگەرییە ئەکەم. ئیفشاگەرییەکە چۆن ئەکرا؟ یەکێک

شیعاری موشەخەسی خۆتان بوایە. کۆمەڵە بۆ خۆی جەماعەتێک هەواداری هەیە یا نییەتی؟ بەو هەوادارانیەوە ئەیانتوانی شیعارێک کە بەدڵی خەڵکەکەوە ئەنووسێ ئەو شیعاریانە بدایە؛ بۆ نموونە لە مەریوان پێشتر خۆپیشاندانێک بووە. شیعاری" خومەینی خومەینی حەقی کورد نەفەوتێنی" دراوە. ئەوان دوێنێ ئەسڵەن شیعاری ئاوایان نەبووە، وانییە؟ وێنەی خومەینی‌یان هەڵگرتبوو، زۆر جوان دیارە خەڵکی مەهاباد هەر ئەوانە کە هاتبوون بۆ خۆپیشاندان واقیعەن خومەینیان خۆش ناوێت، وانیە مەگەر؟ ڕۆحیەی گشتی ئەوەیە خومەینیان خۆش ناوێت. کەوابوو ئەگەر تۆ شیعارێکی نەرم دژبە خومەینیش بدەی، هەر ئاوا حەقی کورد نەفەوتێنی، خۆ ئەهانەت بە خومەینی نییە، پێموایە حەتمەن خەڵک تیکراری ئەکردەوە. جا باشە ئەو وەختە ئەوەت بە بڵیندگۆ ئەگوت. مەڵێ ئەو وەختە تۆ و خەڵکەکە لە بەرامبەر حیزبدا دەوەستانەوە. قەی ناکا! ئەو پێشی دەگرتی، تۆ بە دەستەیەکی پچووکیشەوە شیعاری خەڵکەکەت ئەدا" بازرگان بازرگان سەر بە خۆیی بۆ کوردان!" مەخسووسەن ئەکرا چەند شیعاری دژی دەرەبەگ و ئەوانە بگوترێت کە مەسەلەن موخالەفەت لە گەڵ چەکدارکردنی دەرەبەگ. ئەوانە دەگوترا، حەتتا لەوانەبوو ئەوان حەملە بکەن و جنێو بدەن و فلان، وەلێ بە لای خەڵکەکە ئەوان وەکوو ئاژاوەچی دەناسران.
من پرسیوومە لە برادەرانی ئێرەی حیزبی دیموکرات، خۆی پرسی کردووە کە ئێوە جێگاتان بۆ دانێین؟ ئێوە پەیام بنێرن! وتوویانە نا؟ جا کاکە بەفەرز شیعاری موخالفیشت نەدەدا، هەر لە ناو ڕێپێوانەکەدا ئەڕۆیشتم. یان هەمووماں نەدەڕۆیشتین، ئەمگوت ئەرێ جێگام بۆ دابنێن، چەند نەفەر لە جەماعەتەکەمان دێن، ئەچوون شیعاری وایشت نەدایە، لە بەر ئەوە ئاژاوە نەبێ چیت ئەکرد؟ پەیامەکەی خۆت ئەخوێندەوە. ئەوان هەموویان هەشت نۆ پەیامیان هەیە کە گشتی یەک پەیامە. دانەی ئەوەڵی خوێندرایەوە باقی پەیامەکان خەڵک ماندوو دەکات، چون گشتی ناوەرۆکی یەکێکە و فەرقی زۆری نییە. مەخسووسەن بەرامبەر بە دەوڵەت توندوتیژ نییە، لە حاڵێکدا ڕۆحیەی خەڵکی ئێمە وانییە و بەرامبەر بە دەوڵەت هێرشبەرانەیە. تۆ لەو پەیامەتدا ئەو حاڵەتە و ئەو ڕۆحیەی خەڵکەکەت بەیان دەکرد.
واتە لە ئیجتماعێک کە لە واقیعدا بە ئیبتکاری مامۆستا و حیزبی دیموکرات پێکهاتبوو دە پازدە هەزار نەفەر کۆبوونەتەوە، تۆ لە جەمعێکدا کە ئەو

فەراهەمی كردبوو تەبلیغی مەرامی خۆتت ئەكرد و لێت یەقین بێت ئەوەڵەن كاتێک نمایەندەی حیزبی دێموكرات بانگ ئەكا كۆمەڵە بێت پەیامەكەی بنێرێ، بەو مەعنایە تۆی بە رەسمیەت ناسیوە، سانیەن لەوەها كاتێكدا ئەبینن ئەوان بەردەوام تەبلیغاتی دژی كۆمەڵە ئەكەن، ئیتر لە ناو خەڵكدا وانییە؟ وەلێ لە پەیامەكەتدا وەختێک ئەبینن تۆ قسەی حەسابیتر ئەكەیت بە دڵی خەڵكەوە ئەنووسا و بۆ داهاتوو زۆرتر تەئیدیان ئەكردی. وەلێ ئێستا دروست بەپێچەوانە. بە عەقیدەی من ئەم كۆمەڵانە ئیشتبایەكیان كردووە، ئیمكانیان داوە بە حیزبی دیموكرات كە عەوام فریبانە حەملەیان پێ بكا. كە ئەمانە درۆ دەكەن بۆ نەهاتن لەو خۆپیشاندانەدا شیركەت بكەن.

من دوێنێ بیستوومە عەینەن وتبوویان ئەوانە جیهان وەتەنن، ئەسڵەن مەسەلەی كوردیان بۆ گرینگ نییە، ئەگەر ڕاست ئەكەن بۆ نەهاتن؟ ئەوە لایەنگری لە دەوڵەتە لە خۆپیشاندانەكەیاندا. ڕیک پێچەوانەیە. ئەسڵەن شیعاری دژی دەوڵەت نادەن وەلێ بۆ قانیع كردنی خەڵک ڕێک لەو ڕۆحیەی خەڵكە ئیستفادە ئەكەن. ئەوانە لایەنگرییان لە دەوڵەت كردووە چیان كردووە، ئەوانیش مەخسووسەن سەرنجی ئەو ڕۆحیە ئەدەن لە ناو خەڵكدا.

كە ئەو ڕۆحیە زۆر موهیمە، خەڵک كە ئاگا نەبوونەتەوە مەعلووم نییە كە ڕەهبەری حیزبی دیموكرات چییە، ئەحزابی هەلپەرەست چین؟ زۆر لایەنگری یەككگرتنی هێزگەلی موخالیفن. تەشخیسی نادەن و ئەبێ ئاوا بە خەڵک بسەلمێندرێت كە ئێمە لایەنگری یەككگرتنین و كێ لایەنگری یەككگرتن نییە و بۆ لەگەڵ فلانە كەسدا یەک ناگرین؟ ئەوە نەسەلمێندرێت واقیعەن لە سەر خەڵک تەئسیری خراپ دائەنێت. ئەبێ بە كردەوە نیشان بدەیت كە كێ موخالیفی یەككگرتنە و بۆ ئێمە لایەنگری یەككگرتنین.

پرسیار: من پێموایە ئەبێ بە خەڵک سابیت بكەین كە ئەو یەككگرتنەی كە ئەوان دەیانەوێ ئەسڵەن پێک نایەت. ئەو یەككگرتنەی ئەوان ئەیانەوێت شتێكی مەحاڵە.

كاک فوئاد: ئەبێ بە عەمەڵ بیكەیت. لەبەر ئەوە ئەو ئەچێت وێنەی خومەینی هەڵئەگرێ و لە دژی ڕادیو و تەلەڤیزیۆن شیعار ئەدا. تۆ ئەڕۆی دژی دەوڵەت شیعار ئەدەیت. ئەو وەختە لەسەر ئەوە حەملەت پێدەكا. ئەڕۆیت بۆ خەڵكەكە روونی دەكەیتەوە كە من ئاوام وتووە، خراپم وتووە؟ دەوڵەت بۆچی وا دەكا؟

ئەی بۆ ئەو لە سەر دەوڵەت دەکاتەوە؟ وەلێ ئێستا ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە، ئەو قسە ئەکات ئێژێ ئەمان لە سەر دەوڵەت دەکەنەوە بۆیە لە خۆپیشاندانەکەدا بەشدارییان نەکرد.

**پرسیار:** . . . ئەمما یەک شتیش هەیە. ئەگەر هێزەکان هەڵسەنگێنین وەزعیەتی کۆمەڵە . . . وەلێ باوجوودی ئەوە هەوادارانی کومەڵە زیاتر لە جارانە . . .
**کاک فوئاد:** خۆ ئەتان توانی پەیامەکە بنێرن.

**پرسیار:** پەیامەکە بەڵێ، لە سەر ڕادیۆ حەتتا هەڕەشەیشیان کرد کە جگە لەو شیعارانەی کە دەگوترێ، کەس حەقی نییە شیعاری دیکە بڵێتەوە و لە ڕادیۆ ڕایان گەیاند.
**کاک فوئاد:** زۆر چاکە ئەوەیشم موراعات ئەکرد. وەلێ پەیامەکەی خۆم دەنارد، جا ئەو وەختە مومکین بوو پێش بە پەیامەکەیان بگرتایە. ئەوەیش ئەوانی ئیفشا دەکرد.

**پرسیار؛** نا پەیامەکە دەمانخوێندەوە.
**کاک فوئاد:** دەتتوانی گەورەترین ئیفشاگەری لەبەردەم ئەو جەماعەتەدا بکەیت.

**پرسیار:** ئەمما ئەو مەسەلە کە کۆمەڵە ئیشتبایەکی کردووە یان نەیکردووە لە گەڵ ئەو پرسیارەی کە من کردم کە کۆمەڵە فشار ناخاتە سەر حیزبی دیموکرات ئیشتبایەکە کە کۆمەڵە کردوویەتی.
**کاک فوئاد:** جوابی ئەو پرسیارە نییە نە . . . بە عەقیدەی ئێمە خەبات لە گەڵ فرسەت تەڵەبەکاندا، خەبات لە گەڵ دەوڵەت ئەبێ لە پێشدا لەسەر بناغەیەکی خەڵکی بکرێت؛ یانی ئەگەر تۆ پێگەیەکی خەڵکیت هەبوو کە لەو ڕێبازەی کە هەتە پشتیوانیت لێبکەن، ئەو وەختە ئەتوانی قورس و قایم خەبات بکەی. ئەتوانی ئێعلامیە بدەی، مەحکووم بکەیت. وەلێ مادام ئەو دۆخەت بۆ نەیەتە پێش، هەر ژمارەیەک ڕەوشەنفیکر وەکوو لە ئەوروپا دانیشتبێتن ئێعلامیە بدەن وایە.

**پرسیار:** کاک فوئاد حیزبی دیموکرات ئێستا لە سابلاغدا پێگەیەکی هەیە، ئایا ئەوە لە کردەوەدا کاری لە گەڵ خەڵک کردووە کە ئەو پێگەیەی هەیە؟ تۆ بتهەوێت سەبارەت بە حیزبی دیموکرات ئیفشاگەری بکەیت، . . ئەمما کار کردن لە ناو خەڵکی شاردا بە چ سورەتێکە کە تۆڵەی ئەوەیشی لێ بکەیت، جا دوایە بە ئێعلامیە وەدەری خەیت؟

**کاک فوئاد:** بۆ بەتایبەت بۆ ئەم کۆمەڵانە کار کردن لە ناو شاردا هێندێک موشکیلە، بە عەقیدەی من [لەبەر] نەرم نەبوون، کەم ئینعیتافییە. بەرەی خوێندەوار و ڕووناکبیر زۆرتر لە کۆمەڵەدان، وانیە؟ نازانم لە مەهاباد وابێت، خۆ بەشێکی ئەو بەرەیە هاتوون بەملادا. زۆرتریشی ئەمێنێتەوە سەر بازار. ئەوە خۆی سەرنجڕاکێشەرە کە ئەبێ تو شیعارێک و ڕێبازێ بگریتە بەر کە بتوانی لانیکەم کەسی ناوبازار ئەگەر لایەنگرت نییە، موخالیفت نەبێ. من پێموایە بە ئیشتباهاتێک کە لە خۆپیشاندانی ڕابردووی شارەکاندا کراوە هەر لە ئەوەڵەوە بە شیعارگەلێکی بێ مانا، بوونە هۆی ئەوە کە بازارییەکان لە جەرەیانی چەپ دوور کەوێتەوە و پشتیوانی لێ نەکات."داس و چەکوش سەر نێزە مەحکووم ئەکا!"، "سەرمایەدار بۆ دەرۆ – کاریگەر بۆ بەرۆ!" بە بێ ئەوە پێویست بوونی ئیجتماعی مەسەلەکە لەئارادابێت. حەقیقەتی ئەوەیە ژمارەیەک جەوان شیعارەکەیان پێخوش بوو، سەرنجی زەمینە ئیجتماعیەکەیان نەئەدا. ئاخەر هەر تاجرێکی مەهابادی خۆ تۆ ناتوانی ناوی بنێیت سەرمایەدار. وەلێ لە باری تەبلیغاتەکەیدا من بیستوومە لە گرتنی ئەو چوار نوێنەرەی یەکیەتی جووتیاراندا شورای شار و حیزبی دیموکرات ڕایانگەیاندووە کە لادێیی دێن دووکانەکانتان تالان ئەکەن، ئەمانە کۆمونیستن! تێدەگەی. تەبلیغاتێکی پێچەوانە و شیعارێکی خراپی ئاوا کە ئەسڵەن موناسبەتی نییە، ئەگوترێت، بووەتە هۆی ئەوە هەر لە ئەوەڵەوە لە واقیعدا جەریانە چەپەکە لە بازاڕی جیا بووەتەوە. ئەوە تایبەتی مەهاباد نییە، لە تەواوی شارەکانی کوردەواری وای لێهات. ماوەیەک ئەخایەنێت کە قەرەبوو بکرێتەوە. ئێستا لە مەریوان ئەو جەریانە خەریکە ئەگۆڕدرێت. ئەویش چونکوو کۆنەپەرەست و دەرەبەگ لە شارەکەدا زۆر ئاژاوەیان نایەوە، قیادە مەوەقەت زۆر شلوقیان کرد و بەینێکە ئەم مەسەلەی یەکیەتی جووتیاران و ئەوانە بەو بارەکەدا ژیاوەتەوە.

بۆ نموونە ئێستا بازاڕی مەریوان هێندێک پشتیوانی لە ئێمە ئەکەن. تەنانەت

کۆمەکی مادی. چەند جارێکە ئەبینین چەند نەفەر بازاڕی ئەکەونە یەک، ئێمە بە کەژەوە بووین هاتن بۆ لامان. وتیان هاتووین بۆ دیتنتان، قەزاتان لە باوکم وابکەن و وابکەن. بازاڕی کاری تەجەسوسیمان بۆ ئەکەن کە ناو شارا وردە وردە ئەوەیە. ئەگەر لێی حاڵی بێت کە تۆ لەدژی ئەو نیت، بە عەقیدەی من کۆمەک ئەکات ولانیکەم کۆمەکیش نەکات موخالەفەت نییە. هەر لە ئەوەڵەوە بڕێک ئیشتباهاتی چەپڕەوانە بووە هۆی ئەوە کە ئەوان لە جەماعەتی چەپ بتارێنێتەوە. هەڵبەت مەخسووسەن ڕەهبەری کردنیشی لە سەرەوە شەرتە. ڕەهبەریش لە سەرەوە ئەو زەمینەی فەراهەم کرد. وەلێ من پێموا نییە ئەوە بەو مەعنا بێت ئیتر تەواو بووە. لە وەزعی تایبەتی مەهاباد دا ئینسان ئەبێ بزانێت بەرژەوەندی ئەوان چلۆنە، لەو جیهەتەدا کار بکات. من شتێکم بیستووە کە گوایە کۆمەڵەی بوکان کردوویەتی. بە عەقیدەی من ئیبتکارێکی زۆر جالبە. تا ئێستا دوو دەفعە دەعوەتی کردووە لە بازاڕی بۆکان کە هاتوون و قەسەیان بۆ کردوون. خۆیان بە بازاڕی ناساندووە و تەئسیری بووە. جەمعییەتێک لە مەریوان بوو ئەویش دوو سێ جار دەعوەتمان لە بازاڕی کرد؛ کەڕەتی ئەوەڵ چەند نەفەرێک هاتبوون، کەڕەتی دووهەم زیاتر هاتبوون. هەڵبەت جەمعییەتی ئەوێ عەمەڵەن لەبەر مەسەلەی یەکیەتی جووتیاران هەڵوەشاوەتەوە؛ واتە تەقریبەن تەواو جەمعییتەکەی لە خزمەت یەکیەتی جووتیاراندایە. وەلێ ئەبێ هەنگاو لەو جەهەتەوە هەڵبگیرێت. تەبلیغاتێک هەیە، ئەمانە خراپن. مەخسووسەن هەندێک لە برادەران واقیعەن لە گەڵ خەڵکدا بەرخوردی خراپ ئەکەن.

**پرسیارێک**. . . ؟

**کاک فوئاد:** دەلیلێکی کە بووەتە هۆی ئەوە حیزبی دیموکرات ئەو پێگە و نفووزە پەیدا بکات، بە عەقیدەی من بە ڕابردووی مەهاباد مەربووتە. ڕابردووی مەهاباد و ڕابردووی حیزبی دیموکرات لە لایەکەوە، ئەم کۆمەڵەیش لە چ کاتێکەوە پێک هاتوە؟ زۆر دێر پێکهات. وەلێ لە سەقز وانییە لە مەریوان و لە سنە و لە زۆر جێگای تر وانییە. واتە بە داخەوە مەخسووسەن کۆمەڵەی مەهاباد ئەو مەسەلە لە بەرچاو ناگرێت. ئەبینێت حیزبی دیموکرات لە مەهاباد گەورە بووە، وا ئەزانێ لە تەواوی کوردستان وایە. زۆر لی ئەترسێت. بە عەقیدەی من زۆرتر لەو ئەندازە کە هەیە حیسابی لە سەر ئەکا. بەڵام وانیە برا. مەخسووسەن ئەگەر لە دێهاتدا

ئەو پێگەیەکی نەبێت، شار با بەدەستیەوە بێت. ئێستا بۆ نموونە یەک تەجرەبە ئەوەی سابیت کردووە مەسەلەی گرتنی ئەو چوار نەفەرە و بەربوونیان. ئەو وەزعە خۆتان باشتر ئەیزانن شتێکی وانییە کە حیزبی دیموکرات بتوانێ بێژێ ئەم خەڵکە هەوسار ئەکەم! ئەو پەڕەکەی نیسبەت بەم هێزەی کۆمەڵە کە هەیە لە باری نیزامییەوە بەهێزترە. ئینسان بێ ئینسافی نەکات هەر کامێک لە برادەرانی کۆمەڵە بگرە بەر چاو لەگەڵ قاسملو و هەر کام لە کادرەکانی ڕەهبەری ئەوان موقایسەی کەین کامیان واقیعەن دڵسۆزترن؟ کامیان زۆرتر وەخت دادەنێن؟ پێموایە ئەسڵەن قابیلی موقایسە نین. دەی ئەوانە حەتمەن نەتیجە ئەدا بە شەرتی ئەوە لەگەڵ سیاسەتێکی سەحێحدا بیبات بەڕێوە. هەڵبەت ئێمەیش کەوتینەتە ڕێگا کە تازە تەجربەین. ئەوان هیچ کارێکیان خۆ نەکردوە وەلێ چەندین ساڵ بەشوێن بەند و بەستی سیاسیدا بوون، تەجرەبەیان هەیە. تەبێعییە لە زۆر بواردا فیعلەن کڵاو بنێنە سەر ئێمە! وەلێ هەروا نامێنێ.

**پرسیار:** بە عەقیدەی من . . . لەوە بەو لاوە وەختی ئەوە هەیە ئەو ئیفشاگەرییانە بکرێ.

**کاک فوئاد:** وایە و من قەبووڵمە. مەخسووسەن کە لە سەر شتی موشەخەس بکرێت . . . ئەساسەن ئیفشاگەری نیسبەت بە حیزبی دیموکرات بۆ ئەو کەسانەن لە حاڵەتی بەینا بەینیدان. بۆ کەسانێک کە ئێمکانی ئەوە هەیە ئەو ئیفشاگەرییە تەئسیر بکا بۆ پەشیمان کردنەوەیان. جا هەر بەو دەلیلە من پێموایە لە ئەوەڵەوە نابێ دەربڕینەکان توند و زەنەندە بێت و ڕواڵەتی شۆڕشگێڕانەی هەبێت، وانییە. بەپێچەوانە هەرچی مەنتیقیتر و ئوسووڵیتر بێت کە بە دڵ ئەو خەڵکەوە بنووسێت، بۆی ڕۆشن بکەیتەوە کە لەم مەسەلەی چەک کردنەدا و ڕۆڵی ئەوان لە گرتنی ئەو چوار نەفەرەی یەکیەتی جووتیاران، بەبێ ئەوەی شتی توند وەکوو فرسەت تەڵەب و خائین بەکار ببەین و بە زمانێکی زۆر سادە بڕوات و هەر لە پەسا ژێر پای ئەوان شل ئەکا. ئەویش نە بۆ سازشکاری لەگەڵ ڕێبەرەکانیان نەبا ئەوان تووڕە بن، بەپێچەوانە بۆ کەسێک کە کەمێک مەیلی بۆلای ئەوان هەیە، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە تۆ زللەت لێدا بڕێک مەسەلەکە حەساس ئەبێت. بەڵام کە ببینێت قسەکەت مەنتیقییە گوێ ئەداتێ.

**باسێک لەسەر یەکیەتی کرێکاران**

**پرسیار:** باسی بازاڕییەکانت کرد. ڕاستە تەبەقەیەکی کارگەری ڕێکخراو نییە بەڵام زەحمەتکێش و فەعلا، بەننا و سەنعەتکار و تەنەکەساز و ئاسنگەر و ئەنواع و ئەقسامی ئەوانە هەن. . . ڕەخنەی زۆرتر بە عەقیدەی من ئەوەیە کە کۆمەڵە لە نێو ئەوانەدا کاری نەکردووە. سەرەڕای ئەوە کە ڕاستە لە ناو بازاڕیدا کاری نەکردووە.

**کاک فوئاد:** من لێرەدا تەجرەبەیەکی پچووکی مەریوان ئەگێڕمەوە. کرێکاران لەوێیش دیارە لەگەڵ بێکاری بەرەوڕوو بوون. زۆر ناڕەحەت بوون چەند جار خۆپیشاندانیان کرد کە بە ئیبتکاری خۆێشیان بوو. لەگەڵ چەند کەسێکیان نزیک بووینەوە؛ یەکەم موشکڵ ئەوە بوو هەر قسەیەکت دەکرد، کابرا وەزعی ئاوا بوو کە ئەسڵەن نانی نەبوو بیخوا. من بە چاوی خۆم ئەوەم دیوە؛ ئەیگوت بە زاتی خوا بەم چەقۆیە ئەچمە بەر نانەواخانە، هەر کەسێک نان بکڕێت ئەیکەم بەسکیدا! ئاخەر برسیمە، چۆن ئەو نان بستێنێ و من هیچم نەبێ! ئاوای لێهاتووە. زۆر ناڕەحەت بوون. لەوێدا دەهەزار تەبلیغی سیاسی بۆ بکەیت، نازانم ئەمە لە خومەینیە و ئەو قسانە، زۆر گوێ نادا. مەسەلەی ئەسڵی بۆ ئەو ئەوە بوو کە بە نەوعێ نانی شەوی ئامادە بکات. ئەوە قەدەمی ئەوەڵ بوو. کەوتینە فیکری ئەوە چیبکەین، چی نەکەین. کەوتینە شوێن کار بزانین لە کوێ ئەتوانین کار پەیدا کەین، شارەداری و چەند شیرکەتی ساختمانی و ئەمانە بوون بە هەر حاڵ توانیمان چەند کار لە شارەداری بخەینە ڕێگا. وەلێ چارەی نەدەکرد. ئاخری هاتینە سەر ئەوە مەجبوورین سندووقێک بۆ کرێکاران دانێین. ئەو وەختە ئیتر باری سەدەقە و ئەوانە پەیدا ناکات. سندووقێکمان دانا بەو نەوعە کە قەرز بە سندووقەکە بدرێت و ئەو سندووقە قەرز بدا بە کرێکارەکان. ئەمە بەر لەوە بوو کە ئەم قەرزی دەوڵەتە بێتە بەرەوە و ئێمە تێکەوتین و خەریکی ئەو کارە بووین. مەکتەبی قورعان کە خەبەری زانی، خۆ دیارە پێگەی ئەوانیش دەوڵەمەندەکانە و دەرەبەگە، ئەوانیش تێکەوتن پووڵێکی یەکجار زۆرتر لە ئێمەیان کۆ کردەوە و دەستەیەک لە ئەوان و دەستەیک لە ئێمە لە هەر دوولا لە ناو کرێکارەکاندا خەریک بووین. پووڵێ زۆریان کۆکردەوە و چونکوو پووڵەکەیشیان زۆر بوو و لە سەر یەکیش ئایەتی قورئانیان ئەخوێندەوە زۆرینەی هەرەزۆری کارگەرەکانیان بە شوێن خویاندا کێشا. بردنیان و لە

مەکتەبی قورعان پووڵیان پێدان. ئێمە لە پەنای ئەو سندووق و ئەمانەدا بەردەوام خەریکی ئەو مەسەلە بووین کە ئەبێ یەکیەتی کرێکاران پێک بێنین. ئەوان تەواوی هەوڵیان ئەوە بوو نەیەڵن یەکیەتی کرێکاران دروست کەین هەر قەرزەکەیان کە دابوو وتبوویان بە شەرتی ئەوە یەکیەتی کرێکارانیش ئەبێ وابەستە بە مەکتەبی قورعان بێ.

هێندێک لە کوڕەکان لەو مەسەلەیە دڵسارد بوونەوە و حەتتا بە شۆخییەوە ئەیانگوت بابە پووڵت نەبێ کارت چون بۆ دەکرێ! بەڵام چەند کەسێکیان تێگەیشتووتر بوون ماهییەتی مەکتەبی قورعانیان دەناسی، لە واقیعدا مەکتەب بەگزادە بوو. ئێمە درێژەمان دا بە کارەکەو پووڵەکەمان هێنا. یەکەم پێشنیارمان ئەوە بوو وتمان ئێمە پووڵ نادەین ئەگەر ئەخرێتە سندووقێک کە هی خۆتانە و چوار پێنج نوێنەری کارگەر و بەننا پێکەوە هەڵبژێرین و ئەوان ئیدارەی کەن. با ئەو سندووقە درێژەدار بێت و مەوەقەت نەبێت. چونکوو کار کەمەو و کرێکار زۆرە ئەم یەکیەتی کرێکارانە بە نۆبە کرێکارەکان بنێتە سەر کار فشار بێنێت بۆ ئەو ئیدارانە کە کاریان هەیە وەک ئیدارەی ڕێگا و شارەداری و ئیدارەی ئاو کاریان پێبدەن. مەکتەبی قورعان ئەو کارەی کرد وەلێ زۆری نەخایاند وردە وردە ئێمە پەیگیری کارەکەمان کرد. سەرەڕای هەر موخالەفەتێک کە بوو یەکیەتی کرێکارانمان دامەرزاند. کرێکار هاتن و دەستیان کرد بە ناو نووسین و کارتیان وەرگرت. بۆ کارتەکە دوو دانە وێنەیان لێ وەرگرتن، یەکیان لای یەکیەتی کرێکاران ئەمایەوە دانەیەکیش بۆسەر کارتەکە. تەبلیغیان کردبوو کە ئەم وێنە لێتان ئەستێنن، دانەیەکی ئەنێرن بۆ رووسیا، ئەمانە کۆمونیستن! لە یەکیەتی کرێکاران دانیشتبووین چەند کەسێک هاتن ملێکیان کز ئەکرد و ئەیانگوت "بەخوا قوربان ئەو وێنانە بدەنەوە. . . ئێمە خێرا وتمان یەک وێنەمان گەرەکە، دووانمان گەرەک نییە. بیهێنە لە بەر چاوی خۆت ئەیدەین لە کارتەکە و بیخە باخەڵت!

ئێمە کەوتینە شوێن کار. مەوزووعێک هاتە پێش؛ ئیدارەی مالاڕیا بۆ سەمپاشی کەسانێکی ئەنارد بۆ دەرەوە. دیمان خۆیان لە ژێرەوە ١٤٠ نەفەر کارگەریان گەرەکە حەتتا کەوتوونەتە پووڵ ئەستاندن. یەکیەتی کرێکاران خەبەری زانی، چەند نەفەر لە کرێکار و بەننا باشەکانیان کەوتنە ڕێ و لەگەڵ چەند کەس چوون یەخەیان گرتن و خولاسە ئاژاوەیەکیان ساز کرد. ئەوانە کە هەڵیان

بژاردبوو، پێانیان هەڵوەشاندنەوە. یەکەم جار بوو، ئیدارەی مالاڕیا ڕەسمەن نامەیەکی بۆ یەکیەتی کرێکاران نووسی. ئەوە ئەوەڵ جار بوو نامەی ڕەسمی لە تەرەف ئیدارەیەکەوە بۆ یەکیەتی کرێکاران دەنووسرا. واتە یەکیەتی کرێکارانی مەریوان بەڕەسمیەت ناسراوین. نووسیبوویان کە ١٤٠ نەفەر کارگەرمان بۆ دێهات گەرەکە، ئێوە تکایە ئەو ١٤٠ کەسەمان پێ بناسێنن. هەر وایشی لێهات. هەر بەهۆی ئەوەوە ئەو کرێکارانەیش کە بە بۆنەی وێنەوە ڕۆیشتبوون، هاتنەوە و دووبارە ناو نووسیان کرد. لە شارەداری کاری سەد نەفەر کرێکار هەبوو، وەلێ چونکوو بێکار زۆر بوون ئێمە زۆرمان بۆ شارەداری هێنا. لە واقیعدا بەزۆری خودی کرێکارەکان چوارسەدیان چوونە سەر کار. ئەو یەکیەتی کرێکارانە نەزمێکی پێ دا. سێ ڕۆژ ٤٠٠ نەفەری ئەنارد لە ڕووی ناو و کارت و ئەوانەوە سێ ڕۆژ دوایی ئەوانەی بێکار ئەکرد ٤٠٠ کەسی تری ئەنارد. ئەوانە بووە هۆی ئەوە تا ئێستا بە دەور یەکیەتی کرێکارانی مەریواندا کۆبوونەتەوە. ئەگەر تۆ بڕۆیتە ناویان واقیعەن ئەتوانی بیانکێشی. تەحەسونێکیان لە فەرمانداری کرد جەلەسەیەک بوو لە ئەوکاتدا هەر ئەو یەکیەتی و جەمعیەتە، ئێمە لە جێگایەک دانیشتبووین چەند نەفەر لە کارگەرەکان هاتن وتیان برا مەترسن لەمانە، ئەمانە ئێژن کۆمونیست بێن بۆ ناومان ئەوە ئێمە تەحەسون دانیشتوین. ئەبێ حەتمەن بێن و دەعوتیان لە ئێمە ئەکرد. ئێمەیش چووین لە ناویاندا بووین و ئێستا وای لێهاتوە هەرچی ئەوان فیتنەگەریان کرد کارگەرەکان لە جەریان چەپ پشتیوانی ئەکەن. ڕێکخراوەی 'پیشگام'یش هەیە بۆ خۆی فەعالیەت ئەکا.

### لەسەر ڕێکخراوەی کۆمەڵە

**پرسیار:** کاک فوئاد ئەکرێ بفەرمووی بۆچی کۆمەڵە بە نهێنی فەعالییەت دەکا؟

**کاک فوئاد:** پێدەکەنێ و ئەڵێ: نهێنی خۆشە کاکە! مەسەلەی نهێنی بوون لە واقیعدا هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆ سەر دیدی کۆمەڵە بەرامبەر بە ڕەوتی ڕووداوەکان. ئێمە پێمانوایە هەر وەزعێک بێتە پێشەوە، واتە حەتتا ئەگەر دەوڵەتێکی زۆر لیبراڵتر لەمەیش بێتە سەر کار، بە باوەڕی ئێمە، سازمانێکی شۆڕشگێڕ ئەبێ حاڵەتی نهێنی بوونی خۆی بپارێزێت؛ چەند ڕووداوی تاریخی ئەوەی نیشانداوە کە ئاشکراکردنی گشت کارەکان [بەقازانج نییە]، چون سەرەنجام ئەم حاڵەتە ئارام و ڕێگاپێدراو و دیموکراتیکەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە تێکدەچێت.

جا ئەبێ ئینسان بچێتەوە بنج و بنەوانەکەی. ئێمە پێمانوایە [ئەم وەزعە] تێکدەچێ و هەروا نامێنێتەوە. نموونەی سادەیشی کاکە ئەوەیە کە مەسەلەن "چریکهای فدایی" و هەندێک لەو سازمانانەی دەرەوەی کوردستان کردیان و. . . عەلەنی بوونی بەعزێک لە کادرەکان یان گشت کادرەکان حەتمەن ئەو زەربە ئەوەشێنێ. هەڵبەت عەلەنی نەبوونیش زەربە ئەدات. عەلەنی نەبوون ئەبێتە هۆی ئەوە ئینسان بەعزە ئێمکاناتێکی عەلەنی لە دەستبدات. بە هەر حاڵ هەر سازمانێ ئێحتیاجی بەوە هەیە عەقیدە و بیروڕای خۆی تەبلیغ بکا و هێز کۆ بکاتەوە. کاتێک بە شێوەی عەلەنی فەعالییەت نەکرا حەتمەن تۆزێک ئەوە لە دەست ئەدا. وەلێ شێوەی ئاشکرایش مەخسووسەن بۆ شەرایەتی سەخت ئەو ئێمکانە ئەستێنێتەوە. ئێمە ڕاستییەکەی لە ئیستفادە کردن لە شێوەی کاری ئاشکرا تووشی هێندێک هەڵە بووین. واتە لە فرە ئیمکاناتی عەلەنی تر ئەمانتوانی ئیستفادەی زۆرتر بکەین، وەلێ حەقیقەتی هەندێ تووشی دوگم بووین لەو مەسەلەدا. ئەساسەن گەرەکمانە پێداچوونەوەیەک بکەین لە کاری مەخفیدا؛ ئەوە لایەکی، لایەکی تریشی بەشێک هەڵئەگەڕێتەوە بۆ بیروڕاکەمان. مەسەلەن سەیر کە لە شەڕی شاری سنەدا. لە شەڕی سنەدا ئێمەی کۆمەڵە بە خۆی و جەماعتی دۆست و نزیکەکانییەوە تا ئەو جێگایە توانی بەشداری کرد. وەلێ بە ناوی خۆیەوە نەبوو. هەر لە گەڵ 'جەمعیەت'دابوو. هیچ ئیسراریشی لەسەر ئەوە نەبوو. هەڵبەت ئەوە زەرەرێکی هەیە وەلێ یەک فایدەیشی هەیە کە ئامانجی حەرکەتە خەڵکیەکەیە. یا مەسەلەن یەکیەتی جووتیارانی مەریوان ئێمە هیچ هەوڵمان ئەوە نەبووە ئارمێکی پێدا بدەین کە ئەمە مەخسووسی کۆمەڵەیە. لەبەر ئەوە پێمانوایە حەرکەتە خەڵکیەکە موهیمە؛ مادام ئەوە پێکهاتووە خەڵک بۆ خۆی ئەزانێ کێیە بەکەڵکی دێت. حەتمەن ئەوە ئێنتخاب ئەکات. وەلێ ئەگەر ئەویشە زیاد لە حەد بێت زەرەر ئەدات. ئێژن ئەمە هەر دەنگی هەیە و ڕەنگی نیە! واتە ئەکا بەوە کە بەین بەین ئێعلامیەیەک بڵاو بکاتەوە. کە ئەڵێن ئەوە دوو نەفەر و سێ نەفەریش ئەتوانن ئەو کارە بکەن و ئێعلامیە بدەن. هەرکەس چوار کتێبی خوێندبێتەوە ئەتوانێ ئێعلامیە بدا. بەهەر حاڵ بیروڕای ئێمە ئەوەیە وەزع بەم نەوعەیش بێت، ئەساسەن تەنها بەشێک لە هێزەکانی ئەتوانێ عەلەنی بێت. ئەویتری دیسان ئەبێ نهێنی بێت وەلێ تا ئێستا ئێمە پێمانوایە لەوەدا کە دێرتر لە بەعزێک ئیمکاناتی عەلەنی ئیستفادەمان کردوە،

زەرەرمان کردووە.

**پرسیار:** کومەڵە بۆ سەبارەت بە بەعزە شتێک هێشتاکانێ هەڵوێستی نەگرتووە؟ مەسەلەن یادنامەیەک کە سەبارەت بە کاک خانە و کاک حەمە حوسەین بڵاوی کردەوە، بەعزە شتێکی تێدابوو پچووک بوون، بەڵام زۆر مەسایلی دیکە هەن. مەسەلەن عەقیدەی کۆمەڵە نیسبەت بە ئەحزاب و رێکخراوەکان، بە وڵاتانی دەرەوە، تەحلیل لە ئەوزاعی ئێران و کوردستان، رێنموونی بۆ داهاتووی وڵاتی کوردەواری و ئەوانە، زۆر مەسائیل هەن هێشتا کۆمەڵە لە کاتی خۆیدا هەڵوێستی نەگرتووە. . .

**کاک فوئاد:** کاکە ئێمە لێکدانەوەی خۆمان سەرەتا لە ساڵی ١٣٥٠ [١٩٧١] لە نامیلکەیەکدا بە ناوی " چرا پراکندەایم؟" [بۆ پرژو بڵاوین] کردووە. هەڵبەت زۆر کەم بڵاو بووەوە ئەوکاتە. ئەوکات بەو بیروڕاوە و لەبەر مەسائیل ئەمنیەتی، هیچ ناومان هەڵنەبژارد. لە واقیعدا هەر بێ ناو ئەو نامیلکەی"چرا پراکندەایم و چگونە متحد شویم؟"[بۆ پرژوبڵاوین و چۆن یەکبگرین؟] مان بڵاوکردەوە. تەقریبەن هەڵوێستی ئێمە لەوێ ڕۆشن بووە. بە کورتی بێژم؛ یەکێک سەبارەت بە وەزعی ئیقتسادی- ئیجتماعی ئێران بووە، باسی ئیسلاحات ئەرزی [ئیسلاح زراعی] کراوە، کە دەرەبەگایەتی ئەساسەن لە ناو نەچووە و کۆمەڵگای ئێران لە نەزەر ئێمەوە لەوکاتەدا نیمە موستەعمەرە[کۆلۆنیال] نیمە فێئوداڵە. هەڵبەت لێرەدا ئەوە بێژم ئەو هەڵوێستە لە گەڵ هی "سازمان انقلابی حزب تودە" تا ڕادەیەک فەرقی هەیە. واتە ئەچینە سەر بەرخورد بە ئەحزاب و گرووهی سیاسی لە ئاستی ئێراندا؛ حیزبی توودەمان بە حیزبی خائین و فرسەت تەڵەب ئەزانی. لەو کاتەدا کە تەقریبەن کەم کەسیان ئەیانزانی ئێمە ڕەوتی چریکیمان قبووڵ نەبوو. ئەمانگوت ماجەراجوویییە. شوورەویمان [سۆڤییەت] لە سەتحی دونیادا بە سوسیال ئەمپریالیسم دەزانی. ئەو کاتە تێزی سێ جیهان هێشتا نەبوو. من ئەو کاتە ئێژم؛ بۆ ڕێنوێنی هەر ئەوکاتە ئێمە ئەوەمان باسکردبوو کە بۆ کار لە ناو خەڵکدا باشترین ڕێگا بەشداریکردن لە کاری تەولیدی[بەرهەمهێنان] دایە. خولاسە ئەبێ بەرەو زەحمەتکێشان بچین. لە دوایدا ماوەیەک بیرمان لەوە کردەوە کە ئەو نامیلکە دیسانەوە بڵاو کەینەوە. وەلێ حەقیقەتی ئەوەیە ئێمە بڕێک ئینتقادمان لێی هەیە. هەڵبەت بڕێک دژایەتی دەروونی خودی کۆمەڵەیش،

مەخسووسەن پێش ئەوانەیش، بوو بە هۆ کە ئەو کارە بکەوێتە دواوە. جگە لەوە، واتە جگە لەو کەموکوورِییە ناوخۆییە، مەسەلەیەکی‌تر هەبوو، ئەویش ئەهمییەتدان بەوەوی کە لەپێشدا بەهەر حاڵ تۆ پێگەیەکی خەڵکی پەیدا بکەیت. بەو دەلیلە حەقیقەتی ئەوەیە کە تا ئێستا چەند جار ئێمە بۆ خۆمان لەوکاتەوە کە ئێعلام مەوجوودیەت کرا، کەوتینە فیکر ئەوە کە ئەو هەڵوێستانە ڕابگەیەنین. چەند ئیشکاڵی هەبوو؛ یەکێک ئەوە گەرکمان بوو زۆر موفەسەڵ ئەو کارە بکەین، مەسەلەن حەتتا لەسەدەی نۆزدەوە بێن و لێکی بدەینەوە. ئەوەیش ئیحتیاجی بە تەحقیقی زۆرتر هەیە. بەتایبەت پێداچوونەوە و ئینتقاد لەو هەڵوێستانە کە لە ڕابردوودا بوومان، بەشێکی ئامادە کراوە. وەلێ ئەوانە کە خۆیان مەسئوول بوون ئەو کارە بکەن، بە نەوعێک لە ژێر کارەکە دەرچوون! مەسەلەن نەک ئەوە بێژن نەیانەوێت ئەو کارە بکەن. بەڵکوو فرەتر مەسەلەن بە کارێکی عەمەڵییەوە خەریک دەبوون. کە ئیتر واقیعەن نەیاندەپەرژا بەو کارەی ترەوە. ئەوە بەگشتی تاڕادەیەک زەرەری لە ئێمە داوە. بەڵام من پێموایە تا ئەو جێگەی ئەو ڕەفێق گەلە بە کاری ناو خەڵکەوە سەریان قاڵ بووە، واقیعەن زەرەریان نەکردوە. بە عەقیدەی من لە مەجموع دا نەفعیان کردوە. ڕاستە ئەوکارانە نەکراوە بەتایبەت ئەو بەشەی ڕاگەیاندنی هەڵوێستەکان، کە ئێستا فرەتر ڕەوتی ڕۆشەنفیکر بۆیان موهیمە، دەنا بەڕاستی لە ناو خەڵکدا ئەوندە مەترەح نییە. . . ئیعلامیە بۆ شتی موشەخەس و مەسائیلی دیاریکراوە. . . لەو زەمینەدا کەم و کورتیمان هەیە.

**پرسیار:** کاک فوئاد، مەگەر ئەوە نییە ئێوە مەسەلەن سەبارەت بە وەزعی کوردستان. . .

**کاک فوئاد:** شتێکم لە بیر چوو بێژم؛ ئێمە لەسەر مەسەلەی هەڵوێست و دید و ڕێنوێنی وئەوانە لە هەر کوێدا کە کارمان کردووە، ئەندامان بە جێگەی خۆی، هەڵبەت بە تەفاوەتگەلێکەوە لەگەڵ دۆستانێک کە لە نزیکەوە کارمان کردووە ئەو بیروڕایانە مەترەح بووە. لە سەر هەر مەسەلەیەک بەوردی باسکراوە و ڕێنوێنییەکەیشی کە ئەبێ چۆن بکەین. هەردووکی، هەم بیروڕاکەی مەترەح بووە، واتە تیئۆرییەکەی و هەم عەمەلییەکەی. بەیەکەوە و موشتەرەک. هەم ڕاستەوخۆ کارەکە کراوە، شێوەی غەیرە موستەقیمیش کە هێشتا بە نووسراوە

نەکراوە و بە دەستەوەیە و گەرەکمانە بەم زووانە ئەو کارە بکەین.

**پرسیار:** ئەوەی کە ئێوە ئەندامەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ فەعالیەت لە نێو خەڵکدا دەکەن، ئەوانە فەقەت هەر بۆ ئەوەیە لە نێو خەڵکدا پێگە وەدەست بێنن. بەڵام خەبات مەسەلەن لە گەڵ حیزبی تودە، لە گەڵ حیزبی دیموکرات وئەوانە، ئەندامەکانی کۆمەڵە ئەو کارانە دەکەن؟ واتە لە جەرەیانی کاری خۆیان لە گەڵ خەڵکدا ئەوانە بە خەڵک بناسێنن، یا بە هەر نێوێکی دیکە شایەد بێ نێو یا بە نێوی خۆیان؟

**کاک فوئاد:** بەڵێ وادەکەین.

**پرسیار:** جا وەختێ ئەو کارە دەکەن بۆ لە سەر کاغەز وەدەری ناخەن؟

**کاک فوئاد:** وتم کە بەدەستەوەیە و خەریکین ئەیکەین. واتە لەوێشدا دیسان کۆتاییمان کردووە.

**پرسیار:** ئەساسنامە. . . . ؟[نابیسرێت]

**کاک فوئاد**: کاکە ئەساسنامەی هەر حیزب و تاقمێک چیە؟ واتە لە واقیعدا ئەکا بەو خەتە فیکری و عەقیدەییە کە ئەو شوێنێ ئەگرێت. واتە لە واقیعدا ئەساسنامە و مەرامنامە [پەیڕەو پرۆگرام] ئەکا بە ستراتێژی و تاکتیکێک کە ئەو ڕێکخراوە ئەیگرێتە پێش. جا لە جوزئیاتەکەی کە چی ئەکات ئەبێتە بەرنامە. مەسەلەن بۆ مەرحەلەی فیعلی کوردەواری ئێمە وەزعە گشتییەکە ئاوا ئەبینین. بۆیە ئەبێ ئەم کارانە بکەین. من دیوومە مەسەلەن حیزب دیموکرات ئەساسنامەیەکی لەسەر مەسائیلی ئەینزیباتی جیایە. بەشێکی دێتە سەر کاری ڕێکخراوەیی، ئەوە بە جێگای خۆی. مەسەلەن شەرتی ئەندامەتی مەنزوورتان ئەوەیە ئیتر وانیە.

**پرسیار:** . . . . ؟[نابیسرێت]

**کاک فوئاد:** هی ئەساسنامە؟ باشە مەسەلەن بۆ نموونە یەکێکی ئەوەیە شەرتی ئەندامەتی چییە؟ وانییە؟ ئێمە ئەوەمان هەیە بە شێوەی پێوانەگەلێک، بۆ نموونە هەر لە ئەندامەتیدا بێجگە لە باری بیروباوەڕەوە، واتە لە باری

ئیدئۆلۆژیەوە، ئەبێ ئێمە لە باری سیاسی و شێوەی کارەوە وەکوو یەک کار بکەین. پێوانەکان مەسەلەن لە باری چینایەتیشەوە ئیتر بۆمان فەرق ئەکا. دێتە سەر ئەو برادەرە کە لە گەڵیدا کار دەکەین؛ کرێکارە، جووتیارە یان خوێندەوارە. پێوانەکە بۆ خوێندەوار برێک قورس و قایمترە؛ بۆ ئەوانی تر سووکترە. یەکێکی تری ئەوەیە کە حیرفەیی [پرۆفێشناڵ] لە خزمەت ڕێکخراوەدا بێت. بیروڕای ڕێکخراوە قەبووڵ بکات و لە یەکێک لە بەشەکاندا مەسئوولییەت قبووڵ بکات. دەبێ یارمەتی مادی و مەعنەوی بدات و مەخسووسەن بە شێوەی حیرفەیی لە خزمەت تەشکیلاتدا بێت. ئەوەش شێوەگەلی موختەلیفی هەیە. مومکینە وەکوو کرێکارێک لە کارخانەیەکدا لازم بێت کار بکات. یان وەک فەلایەک لە دێهاتێکدا یان وەکوو پێشمەرگەیەک بێت. یان بە شیوەی کەسێکی حیرفەیی سیاسی. واتە فەقەت خەریکی خەبات بێت و ئیتر هیچ قەید و بەندی ژیانی خسووسی نەبێت.

**پرسیار:** باشە ئەوانە قبووڵ وەلێ . . . بە فەرز مەسئوولییەتی سازمانی . . .؟

**کاک فوئاد:** کاکە لەوەدا حەقت هەیە و ڕاست ئەکەی. مەخسووسەن بۆ تەواوی ڕەوشەنفیکران ئێمە ئەزانین ئەو مەسەلە مەترەحە و بەگشتی لەو بابەتەوە کەمکاری لە لایەن ئێمەوە بووە. جا من لێرەدا نموونەیەک ئەگێڕمەوە، کە بۆچی برێک ئینحرافاتی دوگم کە واقیعەن ئێمە بوومانە. .

هیشتا . . . [نابیسرێت!] نەبووە کە ئەوەی پێ ڕاگەیەنم بەڵکوو فرەتر ئەوەم بۆ مەترەح بووە کە لە جەرەیانی کاری موشتەرەک و خەباتی موشتەرەکدا وەها یەکبگرین کە لەوەدوا ئەوەندە نزیک بین کە . . . تێیدا دیار نەبوو. . . [نابیسرێت!] مەسەلەن بەعزێک لە برادەران بنکەیان داناوە لەم جەرەیانەدا لەوەدوا لە مەریوانیش هەر بەو نەوعە لە سنەیش هەڵبەت دیسان ڕەفیقی عەلەنی و ئاشکرامان هەیە.

**پرسیار:** لە مەورید تێزی سێ جیهاندا ئەڵێن چی؟

**کاک فوئاد:** کاکە تێزی سێ جیهانمان قبووڵ نییە. بە تێزێکی ئیرتجاعی ئەزانین.

**کاک عەبە دەپرسێت:** کاک فوئاد سەرەڕای ئەوشتانەی کە بۆ خۆت کوتت . .

. تا وەختێک تۆ بە کاری موستەقیم ئەهمیەت دەدەی، لە گەڵ دوو سێ یان دە برادەر موستقیمەن خەریکی و بەردەوام پێکەوە لە شاخ و کێو و دەچنە دێهات پێکەوە کاری موستەقیم دەکەن، بۆ ئەوەی کە ئەخلاقتان چۆنە و ڕەفتارتان چۆنە لەگەڵ خەڵکی... وانییە! بەڵام ئێمە ئەزانین زەرفییەتی بەشەر مەحدوودە، ئیدی ناتوانین موستەقیم لە گەڵ دە هەزار نەفەر مەربوت بێت و ئەخلاقی هەر هەموویشیان بناسین. دەی جا وەختێک تۆ بە کاری غەیرە موستەقیم ئەهمیەتت نەدا، ئەمن ئەو نەتیجە دەگرم کە لێرە ئەو سازمانە هێشتا ئامادەگی ئەوەی نییە لانیکەم لە عەمەلدا کە بیهەوێت توودەی خەڵک جەلب بکا. چونکە ئەگەر هەر لەو مەوریدەوە کە تۆ بتەوێ خەڵک واتە پێنج نەفەر و دە نەفەر نا، ئەگەر بتەوێت هەزار نەفەر جەلب کەی مەلزوومی کاری غەیرە موستەقیمە. چون هەزار نەفەر بە کاری موستەقیم جەلب نابێ، هەر پێنج نەفەر جەلب ئەبێ.

**کاک فوئاد:** بڕێکی وایە و بڕێکیشی وانییە. هەڵبەت تەوزیحێک بدەم لە مەسەلەی ئەندام گیریدا. ئێمە پێشتر یەکجار دوگم و سەختگیر بووین. بۆ نموونە من ئەتوانم میسالی ئەوە بێنمەوە برادەرمان بووە و هەیشە کە شەش ساڵ، حەفت ساڵە لە گەڵ ئێمەدا کار ئەکا دوو سێ ساڵی ئەسڵەن کاری تەولیدی [بەرهەمهێنان] کردوە، وەلێ دوگمێکی عەجیب بووە کە ئەو کەسە هێشتا نەکراوە بە ئەندام. بە عەقیدەی من ئەوە کامڵەن لە سەر ئەو کەسانە بێ ئینسافی کراوە. زۆر سەختگیری لەو مەسەلەدا کراوە و حەتمەن ئەبێ کەسەکە زۆر تاقی بکرێتەوە تا ببێت بە ئەندام. لە حاڵێکدا بەکردەوە بە جورئەت ئەتوانم بێژم بووە لەو نەوعە کەسانە کە لە ئەندامەکان باشتر بوون! لەو مەسەلەی کاری غەیرە موستەقیمەدا کە کاک عەبدوڵڵا وتی، ئینعکاسی پەیدا کردوە، واتە فرەتر بەهۆی ئەو سەختگیریە و بەس و نەوعێک حاڵەتی دوگم کە هاتووەتە بەرەوە کە ئەبێ کەسەکە زۆر قورس و قایم و مەحکەم و پاڵێوراو بێت هەتا ببێتە ئەندام.

**کاک عەبدوڵڵا:** بە عەقیدەی من نەتیجەکەی هەر ئەوەیە و هەتا وابێت ناتوانێ کاری تودەیی بکا.

**کاک فوئاد:** مادام دوگم بێ بەڵێ، بڕێکی هەڵئەگەڕێتەوە بۆ ئەو لایەنە دوگمە

تێیدایە کە حەتمەن لە گەڵ شتێکدا بەرەوڕوو بێت کە ئیتمینانی پێی بێت. یان ئەوەی فرەتر و زیادە لە حەد ئەهمییەتدان بە کەیفییەت[چۆنایەتی].

**پرسیار:** کاک فوئاد سوئالەکەم ئەوەیە، کاری غەیرە موستەقیم لە نێو خەڵکدا بە وەسیلەی ئەو ئەندامانە کە هەتانە دەکرێت بە بڵاوکردنەوە، بە هەزار و یەک شتی دیکە. مەسەلە ئەوەیە بیر و ڕای سازمان دەربڕین. سەبارەت بە هەر شتێکی بچووک و گەورە. شایەد سازمان زۆر پێشکەوتوو بێت، شایەد زۆر دواکەوتوو بێت. هەڵبەت بۆ میسال ئەڵێم نەک هەر کۆمەڵە، هەر تاقمێکی سیاسی کە بتوانن لە عەمەلدا لە نێو خەڵکدا نفووز بکا و خەڵک بۆ لای بچن، بەڵام مەعلووم نەبێ تێئۆریەکەی واتە بیروباوەڕەکەی، . . . دەڕوات یان نا؟ ئەوە زۆر موهیمە. . . کاری عەمەلی کوتت پێی لەسەر دادەگری بۆ نێو خەڵکی زەحمەتکێش لە وڵاتی کوردەواری. . . لە گەڵ ئەوانیش تەنها کاری عەمەلی پێویست نییە، کاری غەیرە موستەقیم ئەتوانێ موئەسیر بێت، کاری تەبلێغی ئاوانە زۆر موهیمەن. ئەمن نازانم کۆمەڵە پێی لەسەر داگرتووە . . ؟
**کاک فوئاد:** کاکە گیان لە ئەوەڵەوە وتم ئەو تەبلیغات غەیرە موستەقیمە چی ئەدات مەسەلەن فەرز کە . . . [جواب دانەوەکەی کاک فوئاد دەبڕن و پرسیاری تر دەپرسن بەڵام نابیسرێت]
**کاک فوئاد:** ئەوە وایە و لە ناو ئێمەدامەترەح بووە و کامڵەن ئەوە لازمە. مەسەلەن هەر ئەو ئۆرگانە؛ بەڵام هێشتا نەکراوە و موهیمترین لاوازی ئێمە هەر لەو مەوریدەدا بووە و بۆ ئێمە تەقریبەن ئێستا ئەتوانم بێژم بووەتە مەسەلەیەکی مەرکەزی کە ئەبێ حەللی بکەین. هیوادارم بەزوویی بتوانین حەلی کەین. بەڵێ هەڵوێستگەلێک ڕادەگەیەنێت و ئەو وەختە بۆ هەر مەسەلەیەکیش کە دێتە پێش، هەڵوێست ئەگرێت.

**پرسیار:** . . . . ؟[نابیسرێت]
**کاک فوئاد:** قەبووڵم کرد، عەین قسەی ئەو برادەرە بوو. ئیتر کەم و کووڕی کاری ئێمە بووە. لەو مەسەلەی تەبلیغ غەیرە موستەقیمەدا موهیمترینی هەر هەڵوێست ڕانەگەیاندنەیە، نەبوونی ئەو ئۆرگانەیە کە کاری غەیرە موستەقیم بکات. ئەونەی من تێگەیشتووم کاری غەیرە موستەقیم دوو نەوعە؛ یەکێک ئەوە

مەسەلەن کە لە مەریوان ماوەیەک کارم کردووە ئەو شێوە کار و بەرنامە و ئەوانمە پێش بردووە بە بێ ئەوەی ئەسڵەن بێژم من کۆمەڵەم. کە بۆ ماوەیەک تەبعەن لازم بووە مادام عەقیدەم بە کاری مەخفی هەیە ئەوە شێوەیەکە، یەکێک شێوەی هەر ئەوە نەشرییە کە خۆی سازماندەرە[رێکخەرە]. ئێمەیش بەشی ئەوەڵیمان کردووە، وەلێ کاری نەشرییەیەکی غەیری ئێعلامی نەبووە و ئەوە کەمایەتی کاری ئێمە بووەو واقیعەتیش زیانی پێگەیاندووین.

**پرسیار:** ئەوەتان لە مێژە قەبووڵ کردووە کە زیانی پێگەیاندوون، واتە کۆمەڵەی شۆڕشگێر لە نێو خۆیدا ئەوەی قەبووڵ کردووە؟
**کاک فوئاد:** بەڵی وایە.

**پرسیار:** ئەی بۆ هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵ نەهێناوەتەوە، واتە ئینتقاد لە خۆی بکات و هەنگاوی بۆ هەڵهێنێ!
**کاک فوئاد:** لە مێژە، مەسەلەن ئاخر چلۆنە.

**پرسیار:** تازەگی ئەوەتان زانیوە یان مەسەلەن ماوەیەکی زۆرە کە بەوە گەیشتوون سەبارەت بەوەی کە ئیشتبا بووە؟
**کاک فوئاد:** یەکە یەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە ئەسڵەن ئێعلام مەوجوودییەتمان نەکردبوو. ئەوکاتە ئەسڵەن مەسەلەمان بۆ مەترەح نەبوو لە دەورەی شا. ئەو مەسەلەیەش هەڵئەگەڕێتەوە مەخسووسەن با لێرەدا بڕێک تەوزێح بدەم. ئەوەڵەن هەر سازمان و حیزب و دەستەیەک بەرهەمی کۆمەڵگایە و ناتوانێ شتێکی مافەوقی ئەو کۆمەڵگایە بێت. خاس بێ و خراپ بێ هەر لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا پەروەردە ئەبێ. ڕێکخراوەی ئێمەیش هەر بەو نەوعە شتێکی عەجایب و غەرایب نیە. حەقیقەتی ئەوەیە کە مەخسووسەن بە ڕابردووی دوو سێ ساڵ لەمەوبەریەوە ڕێکخراوەی ئێمە تووشی ناکۆکییەکی ناوخۆیی بوو. واتە ئەسڵی کارەکان دێنە سەر ئەوە کە لە واقیعدا لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا دەورەی ڕکوود[وەستان] و هەڵوەشانەوەی بۆ هاتە پێشەوە کە ئەویش بریتی بوو لە زەربە گەلێک کە هەم لە تەرەف دوژمنەوە و هەم لە ناو خۆیدا لێمان کەوت و بووە هۆی ئەوە کە داڕمانێک لە کارەکەیدا هاتە پێشەوە. بەو شێوە کار لە

ناو ڕەوشەنفیکردا گەیشتبووە لانیکەمی خۆی. شیعاری ئەوەی کە ئەبێ بڕۆین حیرفەیی لە ناو خەڵکدا بین باسکرا، وەلێ ماوەیەکی زۆر ئەو کارە نەدەکرا. ڕۆژ بە ڕۆژ دواخرا، بەڵام نەدەکرا و لە واقیعدا عەمەڵەن و مەخسووسەن لە ئاستی ڕەهبەریدا بوو؛ ئینحرافی ڕەهبەری لەوەدا بوو کە شیعارەکەی ئەدا، ئەفرادی سادە کارەکەیان ئەکرد. خۆیان نەیاندەکرد. ئەوە بووە هۆی دارمانێک کە لە ناوخۆی ڕێکخراوەکەدا هاتبووە پێش. حەتتا لە باری فەعالییەتی تەبلیغاتی، سیاسی و خەباتی ناوخۆیشەوە تووشی دارمان ببوو. دارمان بە نەوعێک کە بەعزێک لە کەسانی ڕەهبەری ئەسڵەن لە باری عەمەڵیەوە کاری سیاسی نابووە کەنارەوە. ئەو پەڕەکەی قسەی ئەکرد. ئەو دارمانە لە دوای ماوەیەک سەرەنجام بوو بە خەباتی ناوخۆیی و دەبوو ئەو ڕێبازەی بگۆڕیایە. ئەگەرچی پێش ئەوە مەسەلەی زەحمەتکێش باسکرابوو- مەخسووسەن لە دەورەی شادا — کە ئەبێ بڕۆینە ناویان و لێبڕاو بین.

ئەسڵەن لەباری چینایەتییەوە شوێن گۆڕین بکەین. لە باری عەمەلیەوە سەرەنجام کاک حەمە حوسەین لێ بڕیا و ئەو کارەی کرد و کەسانێکیتریش هەر بەو نەوعە. ئێمە هاتبووینە سەر ئەوە (هەڵبەت لەو کاتەدا من لە زیندان بووم) و بەو نەتیجە ئەگەن برادەران کە بەر لەوەی مەسەلەی نەشرییە و نازانم فڵانە شت موهیم بێت، ئەوەیە کە ئەساسەن کەسەکان پەروەردە بن، بە کۆمەکی کارکردن لە ناو زەحمەتکێشاندا. دواتریش کە من لە زیندان هاتمە دەرەوە، عەینەن ئێمە بەو نەتیجە گەیشتین. بە سەرنجدان بەو ئینحرافاتە کە هەبووە، ئەگەر ئێمە لە پێشدا بە خەبات لە ناو خەڵکدا خۆمان ئیسلاح نەکەین، هیچ کارێکیتر فایدەی نییە. خودی ئەو مەسەلە بوو بە بەرنامە بۆ ئێمە کە ئەساسەن هەموومان لە ئاستی جیاوازدا ئەهمیەت فرە بەو کارە عەمەڵیە بدەین. عیللەتی ئەسڵی ئەوە کە هەر کامێک لەو کارانە کەوتە دواوە، مەسەلەی ئۆرگان، مەسەلەی ڕاگەیاندنی هەڵوێستمان، ئەساسەن ئەگەڕێتەوە سەر ئەو مەسەلە کە ئێمە خەیاڵمان هەیە خودی ئەوانە موفەسەڵ باسی بکەین. واتە ئینحرافەکان چین و لە چیدا بوون. هەڵبەت بە موختەسەری لە یادنامەی ئەو ڕەفێقانەدا باسکرابوو؛ ئەو مەسەلەی لادانی ڕاست نیسبەت بە ژیانی خوسووسی و نازانم. . . ئەگەر خوێندبێتانەوە، کە موفەسەڵتری ئەوانە مەترەح ئەبێت و جەوهەری ئەسڵی مەسەلەکە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، بەڵام تەنها ئەوە نەبوو. ڕووداوەکانی ئێران و کوردستان بە گشتی

ئەوەندە بەرین و گەورە بوو، ئەوەندە کار و ئیمکانات فرە بوو، لانیکەم بە نیسبەتی ڕێکخراوەی ئێمەوە کە کەمبوودی عومدە ژمارەی کەمی کادر بوو. مەخسووسەن کادرێک کە تەجرەبەی بێت. ئێستا من میسالێک دێنمەوە؛ هەر لە مەریوان، ژمارەیەک بووین هاین لە ناو ئەو جەماعەتەدا بە شەودا ئەڕۆینە دێ لە مزگەوتدا قسە ئەکەین. هەمانە لێبوردووە، بەشێوەی حیرفەیی کەوتووەتە شوێن کارەکە. وەلێ ئەوەندە لە ناو خەڵکدا نەبووە کە بتوانێ بە زمانی ئەوان قسەی سادە بکا یان بتوانێ ڕێکخستن لە ناو خەڵکدا بکات. ئێمە لەگەڵ موشکلێکی گەورەی ئابەو نەوعە بەرەوڕوو بووین. کەسانێ کە بتوانن لە حاڵێکدا کە ئیمکاناتی کار یەکجار بڵاوە و بەو شێوەی کارکردنەوە کە ئێمە هەمانە، بەو دوگم بوونەیشەوە کە ئیشارەم پێ کرد، سەختگیری لە سەر کەسەکان بووە هۆی ئەوە. مەجمووعەی ئەو کارانە، مەخسووسەن هەڵوێست گرتن و نەشرییە و ئەوانە کەوتە دواوە. واتە ڕیشەی ئەسڵی مەسەلەکە لە واقیعدا لە ئینحرافی ناوخۆوە سەرچاوە ئەگرێت. کە من پێموایە سەرجەم تا ئێستا بە باری باشدا چووەتە پێشەوە. نموونەی موشەخەسی ڕەفێق گەلێ کە تووشی ئەو ئینحرافە شەدیدە بوون، تووشی وەستان و داڕمان بوون، بە عەقیدەی من، بە هیممەتی ئەو چوونە ناو خەڵکە، تەواو ژیاونەتەوە و لە دۆخی ئێستادا لە دیدی منەوە ئەسڵەن وەزعێکی تەواو شۆڕشگێڕانەیان پەیدا کردووە. جا وەختێک لەو داڕمانەوە دەورەی گەشەکردن پەیدا بووە، ئەو وەختە کار دووبارە ئەکەوێتە سەر دەور و خودبە خود ئەوانیتر ئەتوانن ڕێک و پێک بن. من بۆ نموونە لە مەوریدی شەخسی خۆمدا ئێژم وەختێک لە زیندان هاتمە دەرەوە بەرنامەم ئەوە بوو ( هەڵبەت هێشتا بە قەولی عێراقی تەقینەوەکانی ئێران وانەبوو)، وەلێ عەقیدەی شەخسی و بەرنامەم ئەوە بوو بێمە دەرەوە، ئەو پەڕەکەی چەند ڕۆژێک ئەبم و دوایە ئەڕۆم. ڕۆیشتن بۆ ناو خەڵک؛ وەکوو زەحمەتکێشی و بمێنمەوە، واتە ئەو کارەی کە کاک حەمە حوسەین و برادرانیتر کردیان. بەڵام لە موقابیڵ ئەو وەزعەدا دیتم وەزعێکی تازە هاتووەتە پێش، ئیمکاناتێکی تر هاتووەتە پێش، (ئەوە تەنیا لە مەورید من دا نەبوو لە مەورید فرە لە ڕەفێقەکاندا وابوو ) من بە دەلیلی مەسایلی شەخسی مەخسووسەن لە زینداندا ئەوەم بۆ مەترەح بوو ئەبێ بڕۆمە ناو جەرگەی ژیانی زەحمەتکێشانەوە. گەرەکمە ئەو کارە بکەم، وەلێ زەروورەتی ڕێکخراوەیی شتێکی تر بە من

ئەسەلمێنێ. ئەوەتا کەم تا فرە من پێموایە بۆ زۆربەی ڕەفێقەکانمان مەسەلە ئاوەها مەترەح بوو کە ئەبێ بۆ خەبات لە گەڵ ئەو ئینحرافاتەدا کە لەمەو پێش بووە دانە دانە ئەبێ بڕۆن بەرەو خەڵک و خەریکی ئەو فەعالییەتە عەمەلییە بن. ئەوە لایەنی موسبەتە [ئەرێنی] کە لە لایەنی مەنفی[نەرێنی]یەوە سەر چاوەی گرتووە. واتە لە واقیعدا ئەو کەمایەسییە کە ئێستا ئێمە هەمانە گورزی ئەو دەورەیە کە دەیخوێن، ئەو دەورەی دارمانە. وەلێ سەرجەم پێموایە برێک ژیاوەتەوە و ڕێک و پێکتر بووە و ئەو هەڵوێست ڕاگەیاندن و ئەوانیشە ئەدەن بەدەستەوە. بەڵکوو بتوانین بە زوویی ئەوانە بکەین.

پرسی 'وەحدەت' لەگەڵ هێزە چەپەکان

**پرسیار:** ڕێکخراوەکەتان بۆ ناوچەی کوردستان تایبەت دەکا، یان لە شوێنی دیش. ئەگەر لەو ناوچەیدا تایبەت دەکا، کۆمەڵە دەبێ بۆ خۆی تەشکیلی بدا دەنا لە گەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە بە دەبێ وەحدەت بکا. . . ؟

**کاک فوئاد:** کاکە ئێمە ڕەفێقی وامان هەیە کە لە کوردستان کار دەکات. لە نەزەر بیروباوەڕەوە عەقیدەمان بەوەیە کە نە تەنیا لە کوردستان و مەخسووسەن لە ڕابیتە لە گەڵ چینی کرێکاردا ئەبێ کار بکەین، ڕاستەوخۆیش کار بکەین، بەڵکوو واقعییەت ئەوەیە زۆربەی هێزی ئێمە لە کوردستان فەعالییەت ئەکا.

**پرسیار:** . . . وەحدەت؟

**کاک فوئاد:** بۆ وەحدەت لە گەڵ سازمانەکانی تر من نموونە بێرمەوە؛ ئەوە گشتمان ئەزانین کە ١٢دانە سازمان وگرووپ بە ناوی کۆنفرانسی وەحدت لە تاران دانیشتوون و کۆبوونەتەوە. ئەمانە ئەو چەشنە وەحدەتە لە نەزر ئێمەوە وەحدەتێکی ئوسووڵی ناتوانێ ببێت. بەڵام وەحدەتە لە بانەوە و مەخسووسەن وەحدەتە لە سەر بیرورا، نەک کردەوە. هەڵبەت بەداخەوە تا ئەو جێگا من بیستبێتم ئەو کۆنفرانسی وەحدەتیشە برێکی زۆری فرەتر سەبارەت بە خارج لە ئێرانە. مەسەلەن تێئوری سێ جیهان و سوسیال ئەمپریالیسم وفلان و بە هەمان، ئەوانە هەر کامێکی مەسەلەیەکن، لە حاڵێکدا مەسەلەی وەحدەت بە عەقیدەی من ئەساسەن ئەبێ لە سەر مەسایلی موشەخەسی شۆڕش لە ئێران بێت. تا ئەو جێگایە بە مەسایلی ئیدئۆلۆژی مەربووتە ئەگەر لە سەر شتی موشەخەسی

شۆڕشی ئێران یەکدەنگی بوو، حەتمەن لە سەر مەسایلی خاریجیەکەیشی تەوافق سادەترە. لە یەک کەلامدا ئەو وەحدەتە ئابەو نەوعە کە لە بانەوەیە بە عەقیدەی من ناتوانێت پایدار بێ، ناتوانێ ئوسووڵی بێ. وەحدەتێکیشە لە پایەوە لە خوارەوە، واتە هەر دوو لا لە جەرگەی خەڵکدا فەعالییەت ئەکەن و لە ڕێگای ئەو فەعالییەتەوە بە یەک دەگەن. ئێمە دۆخی ئاوامان بۆ هاتووەتە پێشەوە. مەسەلەن ڕەفێقێکی ئێمە خەریکە لە ناو خەڵکدا فەعالییەت ئەکا. لەگەڵ سازمانێکی تر و کەسانی ئەواندا بە یەک گەیشتوون. لەوێدا هەر دوولا کە کاری یەکتر ئەبینن، کردەوەی یەک ئەبینن و ئەتوانن بە یەکەوە هاوکاری بکەن و لە ڕێگەی ئەوانەوە ئەکرێ بە عەقیدەی من وردە وردە زەمینەی وەحدەت فەراهەم بکرێت. زۆرتریش بەو چەشنە وەحدەتە عەقیدەمان هەیە نەک ئەوە کە ڕەهبەرانی دوولایەن و یان نوێنەری ئەوان دانیشن موزاکەراتێک بکەن و تەوافقنامە ئیمزا کەن و بێژن تێئۆری سێ جیهانمان قەبوول نییە و سۆسیال ئەمپریالیسم دروست نییە و تەبەقەی کارگەر لە ئێران و حیزبی کۆمونیست و فڵان و بەهەمان. ئەوە فرەتر وەحدەتێکی قسەیە و بەعەقیدەی ئێمە ئەو وەحدەتە ئەبێ ئاوا بڕواتە پێشەوە کە لە پایەوە، لە دەروونی خەباتی خەڵکییەوە ئەو سازمان و ڕێکخراوانە یەکبگرن کە تەبعەن مەسەلەیەک نییە زوو ئەنجام بدرێت. واتە فەرقی مەسەلەن سازمان پەیکار لە کوردستان ئەگەر فەعالییەت بکا لە سەر مەسایلی کوردستان، وەختێک ئێمە ئەتوانین وەحدەتی لە گەڵدا بکەین کە ئەو بۆ خۆی لە مەسایلی کوردستاندا پێگەیەکی ببێ و ئەسڵەن لە کوردستاندا پێگەی هەبێت، نەک ئەوە بەعزێک تەحقیقاتی سادەی کردبێت و ئێعلامیە یا نەشرییەی لە سەر کوردستان دابێت. . .

**پرسیار:** . . .

**کاک فوئاد:** نەخێر نە تەنیا ڕابیتەی نییە، بە شیدەتیش نێوانمان ناخۆشە.

**پرسیار:** لە ڕابردوودا چی؟

**کاک فوئاد:** لە ڕابردوویشدا ڕابیتەی موستەقیم ئەسڵەن نەبووە. واتە بڕێک پەیوەندی ئێمە و ئەوان ناڕاستەوخۆ لەم ئاخرەدا مەربووت بوو بە ئیرتیباتی ئێمە لە گەڵ کۆمەڵەی ئەو دیو و پەیوەندی ئەوان. وەلێ ئەسڵەن لە باری

بیرورِا و کردەوە و ئەوانەوە یەک ناکەوین. مەخسووسەن لەو نەزەرەوە لە ئێمە نارِەحەتن. لە دوای رِووداوی سنە بوو یەکێک لەوان هاتبوو لە گەڵ برادەرێکی ئێمە تەماسی گرتبوو، یەکبگرن و فلاّن و بەهەمان و ئا لەم قسانە لە سەردەمی رِیفرِاندومدا بوو. ئەویش نموونەیەکی سادەی هێنابووەوە؛ وتبووی ئێمە واین لە کوردستان، ئەم دەوڵەتە و ئەم رِژیمە ئەوەی بە سەر هاوردین کە لە سنە بە سەری هاوردین. سیاسەتی ئێوەیش ئەبینین کە نیسبەت بە مافی خەڵکی کورد چییە! ئێمە چۆن ئەتوانین بە جمهوری ئیسلامی دەنگ بدەین لە حالێکدا ئێوە بوون بە ئایەتوڵلا. لە سەر ئەوە ئێمە ناتوانین یەک کەوین. ئیتر مەسائیلی تری باس نەکردبوو. کە ئەوە ئەوان لە دیدی ئێمەوە نوکەری حەڵقە لە گوێی چینن. هەر چی لە چینەوە وتراوە ئەوە تیکرار و دووپات ئەکەنەوە. پیاو نۆکەری بکات هەر نۆکەری خەڵکەکەی خۆی بکات خاسترە!

**پرسیار:** لە ئاستی ئێرانێدا وەکوو کۆمەڵە سازمانی وا هەیە بە شێوی ئێوە کار بکا؟

**کاک فوئاد:** نازانم واتە ئاخر شێوەی چ جۆرێک ئێژی. ئەوە کە مەسەلەن برِۆنە ناو کارخانە و ئەوانە؟

**پرسیار:** برِۆنە ناو خەڵکی کرێکاری بکات.

**کاک فوئاد:** هەیە؛ من یەک دوو سازمانم بیستووە کە بەو نەوعە کار ئەکەن.

**پرسیار:** رِابیتەتان هەیە؟

**کاک فوئاد:** لەگەڵ یەکێکیان رِابیتەمان هەیە.

**پرسیار:** کێیە؟

**کاک فوئاد:** لازمە بێژم؟

پرسیار: ئەرێ!

**کاک فوئاد:** جا بۆ ئاخر؟

**سەبارەت بە حیزبی کۆمونیست**

**پرسیار:** نەزەرت سەبارەت بە حیزبێکی کوردستانی؟

**کاک فوئاد:** حیزبێکی کوردستانی حەقیقەتی ئەوەیە کە ئەو مەسەلە بە تەواوی لە ناو خۆماندا حەل نەبووە. حاڵی هەی؟ واتە دوو نەزەر لە ناو خۆماندا وجوودی هەیە. من بۆ خۆم ( واتە لێرەدا عەقیدەی شەخسیم ئێژم برا) عەقیدەم ئەوەسە کە ئەساسەن ئەبێ حیزبی کۆمونیستی ئێران دابمەزرێت. بەڵام حەققی موسەللەمی خەڵکی کوردیشە کە حیزبی کۆمونیستی کوردستانی هەبێ. ئەوە ئاڵوگۆڕەکان و شەرایتی تاریخی دیاری دەکات کە حیزبی سەربەخۆی کۆمونیستی کوردستان دروست بکات یا نەیکات. کە وایە مەسەلەن ئەوە یەکێکە لەو مەوزووعانەی لە بەینماندا هەیە. ئەبێ ئێتر لە ناو خۆماندا بە نەوعێک حەل بکرێت.

**پرسیار:** ئەوە نەزەری خۆت بوو ، نەزری دیکە؟

**کاک فوئاد:** نەزەری تریش هەیە کە فەقەت موعتەقید بە حیزبی کۆمونیستی ئێرانە.

**پرسیار:** کاک فوئاد ئەندامانی کۆمەڵەی شۆرشگێر دەبێ هەر فەعالییەت و سازماندهی سیاسی شەڕ. . . وەکی دیکە دێتە پێش سازماندەهی سیاسی لە گەڵ نیزامی ... یان ئەوەی کە. . . ؟

**کاک فوئاد:** یەکێک بۆ نموونە ئەوەی یەکیەتی جووتیاران لە مەریوان، یەکێ لە مەنزورەکانیشی ئەوەیە ئەگەر شەڕ هاتە پێشەوە خەڵک ئامادەگی‌یان هەبێ. لە جێگایتریش بووە کە ئەو کاریانە کردووە.

**پرسیار:** مەقەڕێکی وا پێک هاتووە . . . کۆمەڵەی شۆرشگێر و ئەندامەکانی؟

**کاک فوئاد:** کاکە سەرەتا ئەوە بێژم ئێمە مەخسووسەن لە باری نیزامییەوە بۆ خۆمان تەجرەبەمان نییە. ئینسان وەختێ تەجرەبەی هەیە کە شەڕ بکات. ئەمە وەزعی ئێرانە و ئێمە هیچ کامێکمان لە ئورووپا و چینەوە نەهاتینەتەوە دەورەی تایبەتی پارتیزانی و ئەوانە ببینین. بە قەوڵی مەشهوور ئینسان ئەبێ شەڕ لە شەڕدا فێربێ. بۆ خۆمان ئەساسەن ئەو تەجرەبەمان نییە. وەلێ

عەقیدەمان بووە مادام شەڕ بکەیت فێری ئەبی و تەڵەفاتێک ئەدەی. فێر ئەبیت شتێکی عەجایەب نییە. بڕێک تێئۆری خەباتی چینایەتی و جەنگ بزانی و عەمەلی پێ بکەی فێر ئەبی. وەلێ هەر هەوڵمان ئەوەیە کە زانست و موختەسەر تەجرەبەیەک خەریکین بە دەست بێنین. تا ئێستا تا ئەو جێگا خەبرم بێت لە دوو شوێن ئێمە شەڕمان تووش بووە: یەکێک لە تازە قەڵا و یەکێکیش لە مەریوان لە گەڵ دەرەبەگدا. تەجرەبەی ئەو شەڕانە تەبعەن لە ناو خەڵکدا دووبارە ئینسان بەکاری دەبات. ئا لەوە فێری شەڕ ئەبین. ئەگینا لە باری نیزامییەوە تەجرەبەیەکمان نییە.

**پرسیار:** بە نەزەری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ ئایا وڵاتی کوردەواری ئەسڵەن ئەو دەوڵەتە. . . بەو ڕادەیە دەگا مەسەلەن خەڵک دەس بدەنە چەک. یان دەوڵەت مەجبور دەبێ بە شێوەی نیزامی کوردستان سەرکوت بکات؟

**کاک فوئاد:** ئێمە پێمانوایە شەڕ حەتمییە. لە عەینی حاڵدا هەوڵ بدەین تا ئەو جێگای بکرێ شەڕ بخرێتە دواوە بە نەفعمانە. هەڵبەت ئا بەم ڕژیمەوە. ئیتر کوتوپڕ ڕووداوێکی تر بێتەپێش کە ئێمە نەتوانین پێش بینی بکەین، نازانم.

**پرسیار:** کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ ئێستا سەبارەت بە تاکتیکی خۆی لەو مەرحەلەیەدا چ شیعارێکی قەبووڵە. هیچ لە سەر ئێعلامیەکانی نابینین. شیعار نانوسرێت دەلیلی چیە؟ لە نێو خۆیدا چ شتێکی قەبووڵ کردووە؟ مەسەلەن جمهووری دیموکراتی خەڵک یان حاکمییەتی خەڵک یا ئەوانە؟ کامیان؟

**کاک فوئاد:** من لە حاکمییەتی خەڵک تێ نەگەیشتووم. ئێمە جمهووری دیموکراتیکی میللیمان بە ڕەهبەری تەبەقەی کارگەر قەبووڵە.

**پرسیار:** کاک فوئاد لە مەورید ئەو شەڕەی ئامێد لە گەڵ ئاغاوات کە حیزبی دیموکرات کردوویەتی، ئایا نەدەکرا کۆمەڵەکانی دەور و بەری ئێرە و ئەو مەنتەقەیە بە یارمەتی یەکیەتی جووتیارانی مەنتەقە بیکردایە؟

**کاک فوئاد:** بە نەزەری من ئەگەر کۆمەڵەی ئێمە و کۆمەڵەکانیتر بەیەکەوە و گشتیان جورئەتیان بوایە، دەکرا. بەداخەوە لەوەدا کەم جورئەتی هەبوو. هەڵبەت حەقیقەتی مەخسووسەن لە مەورید کۆمەڵەی ئێمەدا بڕێک مەترسی

دەخاڵەتی حیزبی دیموکرات هەبوو. مەترسی ئەوە لە گەڵ حیزبی دیموکرات تووشی شەڕ بین. وەلێ حیزبی دیموکرات دڵنیا بوو لەوە کە ئەگەر لە گەڵ دەرەبەگ شەڕ بکات ئێمە لەگەڵی شەڕ ناکەین. لە حاڵێکدا ئێمە دڵنیا نەبووین لەوە کە ئەگەر لەگەڵ دەرەبەگدا شەڕ بکەین مومکینە مەجبوور بین لە گەڵ حیزب دیموکرات شەڕ بکەین. هەر بەو دەلیلە بڕێک ئیحتیاتیان ئەکرد، سەبریان ئەکرد.

**پرسیار:** من شتێکم بیستووە گوایە سەید ڕەسوڵی بابی گەورە ئاغاواتی شکاکی تەهدید کردووە کە ئەگەر ئەو جووتبەندانە نەبەنەوە سەر جێگا و ڕێگای خۆیان و خەسارەتیان نەدەنێ ئەمن لە جیاتی ئەوەی لە گەڵ دەوڵەت بە شەڕ بێم لە گەڵ ئێوە بە شەڕ دێم. جا بە نەزەری من ئەگەر بکرێت، ئەگەر ئیمکانی هەیە مەسەلەن کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و کۆمەڵە و یەکیەتی جووتیاران ئەو کارە لە جیاتی سەید ڕەسوڵ بکەن باشترە.
**کاک فوئاد:** ئەگەر بتوانن سەربەخۆ بیکەن زۆر باشە بەڵام ئەوەی کە دیسان عەقیدەی شەخسیمە بە عەقیدەی من ئەگەر حیزبی دیموکرات بیەوێ لە گەڵ دەرەبەگدا شەڕ بکات ئەبێ بە هاوکاری بکرێ، بەڵام سەربەخۆ، بەو نەوعە کە تۆ هێزی سەربەخۆی خۆت بنێری ئەویش هێزی خۆی بنێرێ بۆ شەڕ، ئەوە لە مەجمووعدا بە نەفعی خەڵکە و بە زەرەری خەڵک نییە. دیارە حیزبی دیموکراتیش ویجهە پەیدا ئەکا، ئێعتبار پەیدا ئەکا. وەلێ واقعییەت ئەوەیە لە نێوان حیزبی دیموکرات و دەرەبەگدا، دەرەبەگ هێزی ئیرتیجاعییە؛ مادام ئەوان حازر بن، پێم دروستە کە لە گەڵیاندا بۆ ئەو کارە یەکبگرین. وەلێ ئەگەر بتوانی هێزێکی وات هەبێ سەربەخۆ بیکەیت تەبعەن زۆر باشترە.

**پرسیار:** ئێستا حیزبی دیموکرات بەو کارانەی خۆی کڕیوەتەوە. ئەو ئابڕووچوونەی کە بووە لێرە ئابڕۆی چووە یان لە جێی دیکە. مەقسوودم ئەوەیە مەسئوولەکەیان پێموایە . . . کۆمەڵەکانی ئێرە و یەکیەتی جووتیاران بڕێک ئاوا تەماشا دەکەی، تووشی نازانم بڵێم سەرلێشێواوی یا ترسەنۆکی بوون. مەسەلەن ئەوە لێرەدا لە شەڕی ئامێد ئیشتباهـ کرا. یان دوێنێکە ئەو خۆپیشاندانە بوو و دیسانەوە ئیشتباە کراوە؛ جورئەتی ئەوەمان نەبوو کە بڕێک

ئیبتکار لە خۆمان نیشان بدەین. باشە با لێرەڕا. . . بێین لە خۆپیشاندانی حیزبی دیموکرات. . . [نابیسرێت]

**کاک فوئاد:** وایە ئەو ئیشتباهانە بووە. هەڵبەت مەخسووسەن بۆ خەبات لە گەڵ دەرەبەگدا حیزبی دیموکرات هەڵوێستی دیارە چۆنە. هەڵبەت گوایە بەر لە شەڕەکەیش لەگەڵ برادەرانی ئێمەدا تەماسیان گرتووە کە بەیەکەوە لە گەڵ دەرەبەگدا شەڕ بکەین. ئەمانیش پێیان وتوون کە ئێوە نییەت و دوژمنایەتیتان لە گەڵ دەرەبەگدا واقیعی نییە. ئەمە مەسەلەیەکی تایبەتە، وەلێ ئێمە لەگەڵ هەر هێزێک کە دژی دەرەبەگ و دژی ئەمپریالیسم بێ، حازرین، بەڵام سەربەخۆ نەک ئەوە کە لە ژێر پەرچەمی ئەواندا ئەو کارە بکەین. پێموایە لە شەڕی تازەقەڵایش‌دا هەر وابوو.

**پرسیار:** کاک فوئاد ئەتۆ لە قسەکانتدا وتت کە ئێمە شیعاری جمهوری دیموکراتیکی میللی‌مان بە ڕەهبەری تەبەقەی کرێکار قەبووڵە. تەبەقەی کرێکار لە کوردستاندا. . . تۆ لە قسەکانتدا وتت کە حیزبی کۆمونیستی کوردستان‌مان قەبووڵە.

**کاک فوئاد:** نەء! وتم ئەو مەسەلە بۆ خۆمان هێشتا ساخ نەبووەتەوە. بۆ شەخسی خۆم. وتم مومکینە ئەوە دروست بێت. بەستەگی بە ئاڵوگۆڕەکان و خەباتی تەبەقەی کرێکار لە ئێراندا هەیە. ئەگەر ئاڵوگۆڕەکان و خەباتی سەرانسەری لە ئێران ئەساسەن بەرەو وەحدەت بڕوا، پێویستە حیزبی کۆمونیستی ئێران هەبێ. وەلێ من مەسائیلی ترم لەبەرچاوە. مەسەلەن کۆمەڵەی ڕەنجدران لەودیو هەتا پارەکە ئەم کاتانە و حیزبی شیوعی عیراقی یان 'وحدت القاعده' هەر کامێکیان خۆیان بە کۆمونیست ئەزانن، وەلێ دوو ڕێبازی جیاوازیان نیسبەت بە حکوومەت هەیە. دەی چۆن مومکینە سازمانێک کە لە کوردستاندا خۆی بە نوێنەری تەبەقەی کرێکار ئەزانێ و ئەوانیش خۆیان بە نوێنەری تەبەقەی کرێکار ئەزانن و دوو ڕێبازی تەواو دژبەیەکیان هەیە، چۆن ئەتوانن ئەو دووانە بکەن بە یەکێک؟ ئەگەر ڕووداوی وا لە کوردستاندا بێتە پێشەوە هەر لەسەر ئەساس و ئوسووڵی مارکسیسم کە حەتتا میللەتێک حەقی هەیە جیابێتەوە، حەقیشی هەیە حیزبی سەربەخۆی هەبێ. وەلێ ئەگەر بار بەرەو وەحدەت بڕوا، تەبعەن مەجمووعەی ئاڵوگۆڕەکان ئەبێ بەیەکەوە بێت، واتە فرەتر خودی ئەو ئەسڵە

مارکسیستییە تابیعی شەرایتەکەیە.

**پرسیار:** . . . مارکس باسی ئەوە ئەکا کە حیزبی تەبەقەی کرێکار لە دەوڵەتدا دەبێ یەک دانە بێت. ئێمە ناتوانین. . . شتێکی وا دەکرێ تەبەقەی کرێکار لە یەک بڵاو کەینەوە؟
**کاک فوئاد:** وەختێک میللەتێک... ئەوەڵەن نموونەی ئەو کارەمان لە ئیتحادی شوورەویدا[سۆڤییەت] هەبووە. حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجانی شوورەوی نەک دەورەی خرووشچۆف و ئەوانە لە دەورەی ڕابوردوویشەوە هەبووە.

**پرسیار:** پێش ئەوەی دەوڵەتی تێزار برووخێت؟
**کاک فوئاد:** دوای ئەوەی دەوڵەتی تێزار ڕووخا.

**پرسیار:** دوای ئەوە دەوڵەت فەرق دەکا.
**کاک فوئاد:** نا، هەر دەورەی شوورەوی. پێش ئەوە خۆ مەترەح نییە.

**پرسیار:** . . . بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ئێستای ئێران بۆ تەبەقەی کرێکار وا باشتر نییە کە تەواوەتی کارگەرانی ئێران یەک بن.
**کاک فوئاد:** بەڵێ زۆر باشە. واتە ئەگەر هەلومەرج وابێ، تەبعەن . . وەزیفەی مارکسیستەکانی کوردە کە لەو جەهەتەوە بڕۆن. وەلێ ئەگەر ئاڵوگۆڕەکان وابوو کە مەسەلەن لە ئازەربایجانی ئێران یان لە فارسستان سازمان یا حیزبێکی وەها هەبێ کە لەو جەهەتەوە نەڕواتە پێشەوە، واتە نیسبەت بە مەسەلەی شۆڕشی ئێران سیاسەتێکی غەڵەتی هەبێ و بەرامبەر بە ئەمیتر یەک ناکەوێ، نابێت خۆی ببەسێتەوە بەوەوە. وەلێ ئەگەر لە مەجموعدا بەرەو یەک ئەچن ئەبێ هەوڵ بدا، واتە سازمانێکی شۆڕشگێڕ لە کوردستان لە سەر شانیەتی کە عەمەڵەن لەوێوە بڕوا. نەک تەنیا شیعارێک بدات، نازانم "مستحکم باد پیوند خلقها" [پتەو بێت پێوەندی گەلان!] و فلان و ئەمانە. بەڵکوو لە باری عەمەلییەوە و ڕاستەوخۆ بۆ کارکردن لە ناو خودی تەبەقەی کرێکاردا ئەبێ ئەو کارە بکات. مەخسووسەن هەوڵ بدا کە ئیمکاناتی بەرەو ئەو جەهەتە بڕوا. بۆ نموونە سەبارەت بە ڕێکخراوی ئێمە، لە ناو کارگەرانی تورکدا فەعالییەت

بکات کە نزیکیەتی. لە ناو کارگەرانی فارسدا فەعالییەت بکات و ئەگەر بتوانێت مەسەلەن لە ناو کارگەرانی عەرەبیشدا. . . وەلێ بارە عەمەڵییەکەی واقیعەن سادە نییە کە کادری کافی بۆ ئەو کارە پەیدا بکات. مەسەلەن من نموونەیەکی پچووک دێنمەوە؛ بیستوومە گوایە کۆڕێکی کارگەری تورک حەز ئەکەن لە گەڵ ئێمەدا کار بکەن. دەی ئەوە تەواو تەنگ نەزەرییە ئەگەر لە گەڵ ئەوانەدا تۆ کار نەکەیت. تۆ بە پەیوەند لەگەڵ ئەو کارگەرانە وردە وردە . . . نە ئەوە بێت کە ڕەهبەری کارگەرانی تورک بگریتە ئەستۆ. وەلێ تۆ لە گەڵ بزووتنەوەکەدا پەیوەند پەیدا ئەکەی و لە ڕێگای ئەوانەوە لە گەڵ جەماوەری تەبەقەی کارگەری تورکدا پەیوەندی پەیدا دەکەیت. وەختێک تەشکیلات و تەنزیماتی خۆی پەیدا کرد بە ڕێکخستنەکەی . . . وەحدەتەکەت پێکدێت. ئەوە لایەنە عەمەڵییەکەی کە لەو جیهەتەوە بڕوێتە بەرەوە. وەلێ وا داینێ کە وای لێبێت نەزەراتی کارگەری مەسەلەن لە ئازەربایجان لە مەجمووعدا لەگەڵ بیر و ڕای ئەم ڕێکخراوە نەکەوێتە یەک. واتە لە سەر بڕێک مەسائیل نەکەوێتە یەک. مەسەلەن ئێستا نازانم چ مەسائیلێ بێتە پێشەوە، وەلێ لە داهاتوودا ئەوە شتێکی عەجایب و غەرایب نییە.

مەخسووسەن ئێمە تەجرەبەی تاریخی لەو مەسەلە لە نەزەر بگرین. مەگەر ڤییەتنام و کامبۆج ولائۆس جەبهەی واحید و موحکەمیان پێک نەهێنا؟ ماوەیەکی زۆر خەباتی موشتەرەکیان بەیەکەوە ئەکرد. ئەسڵەن تێکەڵ بوون و فەرماندەی موشتەرەکیان هەبوو. وەلێ دیمان دواتریش بەشەڕ هاتن! ئا لەو نەزەرەوە بەعەقیدەی من نابێ دوگم لەگەڵ مەسەلەکە بەرەوڕوو بین. هەروەها شوورەوی و چین بەینێکی زۆر بەیەکەوە بوون، دیمان لەوەدوا بەشەڕ هاتن. ئاڵبانی چی؟

**پرسیار:** کاک فوئاد کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لە گەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەران و ئەوان ڕابیتەیەکی هەیە؟

**کاک فوئاد:** بەڵێ هەیەتی!

**پرسیار:** کۆمەڵە لە گەڵ فەلەستین ڕابیتەی هەیە؟

**کاک فوئاد:** لەگەڵ فەلەستین نا.

**پرسیار:** لەگەڵ تورکیا چی؟
**کاک فوئاد:** لە تورکیاش چەند ڕێکخراوەیەک هەیە وەلێ هێشتا ئێمە تەماسێکی وامان لە گەڵیان نییە. موختەسەر ڕەوابیتێک هەبوو.

**پرسیار:** کاک فوئاد دەکرێ بڵێین کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لە ریزی جەرەیانی سێهەمی ئێراندایە؟
**کاک فوئاد:** باش نازانم جەرەیانی سێهەم. . . هەڵبەت لە زاهیردا بەو نەوعەیە.

**پرسیار:** لە باری ئیختلافاتی سازمانییەوە دەڵێم لە گەڵ ئەو گرووهانەی کە جەرەیانی سێهەمن، یان بە جەرەیانی سێهەم دەناسرێن؟
**کاک فوئاد:** کاکە لە سەر جەریانی سێهەم، من پێموانییە ئاوا بێ. پێموایە لە برێک مەسائیلدا ئیختلافمان هەیە، مەسائیلی ئێران نەک هی دەرەوەی ئێران؛ مەسەلەن چین و فلان و ئەوانە. یان مەسەلەن ئیختلاف لە سەر چریکەکان و حیزبی توودە و ئەوانە، نەک لە سەر مەسائیلی شۆڕشی ئیجتماعی و ئەوانە، پێموایە ئیختلافمان هەیە.

**پرسیار:** کاک فوئاد من لێرە نەبووم! لە باری نەشریاتیشەوە باست کردووە. لە سەر ئەوەی کە لەو لەحەزەوە کە سازمانی شۆڕشگێڕ تەشکیل بوو، هەر لەو دەمیرا ڕێبازی تەشکیلاتی هەبوو یان...؟
**کاک فوئاد:** ڕێباز هەر لە ئەوەڵەوە ڕێکخستنی هەبوو؛ یانی لە ساڵی ١٣٤٨ [١٩٦٩] وە کە پێکهاتوە، ڕێکخستنی هەبووە. هەر ئەو کاتە ئێمە ڕێبازی چریکی و ئەوانمانە رەد کردەوە.

**پرسیار:** لە ساڵی ١٣٤٨ەوە سازمان هەبوو؟
**کاک فوئاد:** لە ئەوەڵەوە بە غەڵەت بە خۆمان ئەگوت سازمان[ڕێکخراوە]، لە حاڵێکدا گرووهـ بووین. بەڵام لە ناو خۆدا بوو، شتێک نەبوو ڕاییگەیەنین. لە ناو خۆماندا ئەمانگوت سازمان.

**پرسیار:** . . . ئاشکرا بوون؟

**کاک فوئاد**: لە بەعزە جێگایەکدا بەڵێ. . . کە بنکە دانرا، بۆ گشت کەسێک ئاشکرایە. دیموکرات لەو مەوریدەدا ئەسڵەن چووە موزاکەرەی کردووە، لە گشت جێگایەک تەبعەن یان مەسەلەن لە مەریواندا ئیحتماڵەن ئێستا . . . .

**پرسیار:** کاک فوئاد لە قسەکانتدا فەرمووت ئەو تەجرەبەزۆر باش بوو کە ئێمە بە دەستمان هێنا. وتمان لە عەمەلدا هێزێکی چەکداری چکۆلە ئەگەر هەبێ لە بەرامبەر دەرەبەگدا ئەو وەختە لە عەمەلدا دەبینین کە خەڵک پشتیوانیمان لێدەکەن. وەلێ بۆ لەو تەجرەبەیە ئیستفادەیان. . . ؟

**کاک فوئاد:** حەقیقەتی من هێشتا ئیتلاعاتێکی دەقیقم نییە، چون نەبووم. من ئا لەم یەک دوو ڕۆژەدا لە مەریوان بووم بۆ خۆی . . . بەڵام خودی ئەو تەجرەبە بە عەقیدەی من لە مەسەلەی ئامێدیشدا سەحیحە. مەسەلەن ئێمە جەماعەتی مەریوان ئەو تەجرەبەمانە بۆ هاتە پێش. سەرەتا ئەسڵەن بە عەقڵیشم نەدەگەیشت، تێدەگەی؟! پێموایە ئەو برادەرانە لەوێ عەینەن بەو تەجرەبە گەیشتوون. واتە هەر وەختێک زەمینەی ئیقتسادی و ئیجتماعییەکە بوو، زەمینەی سیاسی بوو، خەڵکەکە لە مەجمووعدا ئامادەگیان هەبوو، ئەگەر هێزێکی پێشڕەو کە ئیقدامێکی کرد بە شەرتێ تەشخیسی ئەو زەمینەیە بدا، ئەتوانێ موتمەئین بێ کە خەڵک پشتیوانی لێدەکا. تەنها تەشخیسەکەیشی کافی نییە، لەو جیهەتەوە ئەبێ جورئەتی بێت هەنگاو هەڵبگرێت. وەلێ مەخسووسەن لە مەوریدی ئەو مەنتەقەیەدا من پێموایە برادەرانی ئێمە بڕێک مەترسی حیزبی دیموکراتیان بووە، ئەگێنا لە زووەوە ئەو بەرنامە بە دەستیانەوە بوو. مەترسی ئەوەیان بوو تووشی شەڕێک لە گەڵ حیزبی دیموکراتدا بن. ئەو شەڕە ئێستا زووە.

**پرسیار:** . . . لە شەڕ دا؟

**کاک فوئاد:** حەز ناکەین بەشەڕ بێین. مەگەر ئەوان شەڕمان پێ بفرۆشن. هەڵبەت کاکە یەک شت بڵێم، مەخسووسەن بۆ ئەم کۆمەڵانە؛ ئەوەی کە نەختێک لە ناو خەڵکدا دیومە برادەرانی ئێمە لە ناو خەڵکدا دیومانە – هەڵبەت بەقسە زۆر ئەوە ئێژین گشتمان– ئەفرادە سادەکەی حیزبی دیموکرات، پێشمەرگەی واقیعەن زۆری فەرقە لە گەڵ ڕەهبەریەکەیدا. ئینسان ئەو دووانە بە یەکەوە ئیشتبا نەکات. پێشمەرگەیەک کە لە ئامێد شەڕی کردووە یان لە جێگاکانیتر

بە دڵ و گیان شەڕی دژی دەرەبەگ ئەکا، وەکوو ڕەهبەرەکەی نییە کە زەدو بەند لەگەڵ دەرەبەگ ئەکا و ئەبێ ڕێگا بۆ ئەوە بدۆزیتەوە، کە ئەو ژێر پایی خاڵی بێت. . .

ئەگەر پرسیارێکی دیکە لە کاک فوئاد هەیە بیڵێن، دەنا لێرەدا کۆبوونەوە تەواو ئەبێ.

****

*** تێبینی سەبارەت بەم گفتوگۆیەی کاک فوئاد:**

ئەم گفتوگۆ دوابەدوای پلێنۆمی کۆمەڵە لە ڕۆژی ٢٠ یان ٢١ی پووشپەڕی ١٣٥٨ [١١یان ١٩٧٩/٧/١٢] دا لە "جمعیت راه رهایی زحمتکشان" (کۆمەڵەی ڕێگای ڕزگاری زەحمەتکێشان) لە مەهاباد کراوە؛ دەنگەکە خراپە و لە کاسێتێکی کۆنەوە کراوە بە دیجیتاڵ و نووسراوەتەوە. ئەم گفتوگۆیە بەدەنگ لەسەر سایتی کاک فوئاد هەیە و بۆ یەکەم جار لە کتێبەکەی کاک ڕەشاد مستەفا سوڵتانیدا بە نووسین بڵاوکراوەتەوە. لەو کتێبەدا لەبەر 'ئامانەتداری و گواستنەوەی دەقاودەقی هەموو وشەکان و دەربڕینەکان' بە تەواوی و بەبێ هیچ دەستکاریکردنێک نووسراوەتەوە.

ئێمە لەبەر گرینگی قسەکان و ئەو ڕاستییەی کە ئەمە تەنها بەڵگەیەکە ڕاستەوخۆ بەدەنگی خۆی گوتراوە و بە درێژایی ئەم ساڵانەیش کۆمەڵە هیچ کات ئامادە نەبووە بڵاوی بکاتەوە، بەلامانەوە گرینگ بوو قسەکان بە شێوازێکی تازەوە بخەینە بەر دیدی خوێنەران. لەبەر ئەوەی ئەم گفتوگۆ لە گوتارەوە بگوێزرێتەوە سەر نووسراو؛ لەبەر ئەوەی کاک فوئاد بەشێک لە قسەکانی بە زاراوەی مەریوانییە؛ لەبەر ئەوەی قسەکان لەهەلومەرجێکی دیاریکراوی نزیکەی سیوچوار ساڵ پێش ئێستادا گوتراوە؛ لەبەر ئەوەی هەر گوتاربێژێک پێخۆشە پێش بڵاوبوونەوەی قسەکانی بە نووسراو چاوێکی پێدا بخشێنێت و تۆزێک ڕێک وپێکی بکات؛ . . . ئێمە بە باشمانزانی لەباری زمانەوانی و داڕشتنەوە پێداچوونەوەیەک بەسەر دەقە نووسراوەکەدا بکەین بە شێوەیەک کە بۆ خوێنەری ئێستا — چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە باشووری کوردستان — تێگەیشتنی ئاسانتر بێت. سەرەڕای ئەوەیش، دەربڕینەکان، هەڵوێستەکان و ناوەرۆکی باسەکان وەکوو خۆیان ماونەتەوە و هەڵبەت هەر کەسێک کە پێی خۆش بێت گوێ لە دەنگە ئەسڵییەکە بگرێت، دەتوانێت سەردانی ماڵپەڕی کاک فوئاد بکات.

# دەقی وتارەکەی کاک فوئاد لە ئوردووگای کانی میران سەبارەت بە دەسکەوتەکانی کۆچی خەڵکی شاری مەریوان

**سیزدەی گەلاوێژی ١٣٥٨ (١٩٧٩/٨/٤)**

ئەگەر ڕێگام بدەن، منیش باسی ئەم ڕووداوە ئەکەم. بزانین ئایا تا ئێستا بە قازانجمان بووە یان بە زەرەر؟ لە برێک دۆستانم بیستووە کە ئەڵێن "بریا هەر لە سەرەتاوە کۆچمان نەکردایە، ئەوە نییە ئاخری هەر قەرارە ئەرتەش بێتە ناو شار". وای دابنێین کابرایەک ماڵێک ئەکاتەوە، لەم بابەتەوە لەوانەیە برێکیش قەرزدار بێ، یان زەرەر بکات. بەڵام لەولاوە لە کرێ نشینی ڕزگار ئەبێ و ئەمە بە قازانجیەتی! من ئێستا لە قسەکانمدا ڕوونی ئەکەمەوە کە ئێمە لەم کارەی کە دەستمان داوەتێ، تا حاڵی حازر یانی تا گەڕانەوەمان بۆ شار سەرکەوتوو بووین. بۆچی؟ چیمان دەسکەوت بووە؟

یەکەم دەسکەوتمان سەرکوت کردنی جاشەکانی ناوخۆ بوو، ئێمە ئەوانمان سەرکوت کرد. ئایا کەسێک هەیە پێی وابێ ئەوە وانیە؟

دووهەم دەسکەوتمان ئەمەیە کە پاسدارەکان بۆ هەر کوێیەک چوون، نەغەدە، گومبەدکاووس و خورەمشەهر، . . ڕژاونەتە ناو شار و کوشتاریان کردووە. بەڵام لێرە بە هۆی قارەمانەتی خەڵک و پێشمەرگەکانیانەوە نەمان هێشت بێنە ناو شار. ئەوان بە تەمابوون بە شەڕ بێنە ناو شار، بەڵام تەڵەفاتیان دا و نەیانتوانی. بۆیە لەم بابەتەشەوە سەرکەوتوو بووین.

سێهەم دەسکەوتمان یەکیەتییە، کە ئێستا لە ناو خەڵکدا پێک هاتووە. یەکیەتییەک کە تا ئێستا وێنەی نەبووە. ئێمە لە دوا ڕۆژدا بۆ هەموو کارە کانی ترمان پێویستیمان بەو یەکیەتییە هەیە. ئەمڕۆ لە گەڵ چەند کەس لە باوک و براکان سەبارەت بەوە قسەمان ئەکرد، کە ئەم یەکیەتییە، بە هەر جۆرێک بووە بیپارێزین. تەنانەت برێکیان پێشنیاریان ئەوە بوو کە پێش گەڕانەوەمان بۆ شار سوێند بۆ یەکتر بخۆین. ئەمە بە دەربەست بوون بۆ یەکیەتییەوە کە یەکجار بەنرخە. ئەبێتە هۆی ئەوە کە زوڵم و زۆر لە هەر کەس کرا، لە جیاتی خزم و کەس، هەموو خەڵکی شار لە سەری بێنە جواب و دیفاعی لێ بکەن. ئەم

یەکیەتییە ئەبێ بە دڵ و بە گیان بپارێزین. بەڵام لەم بابەتەوە شاري مەریوان بە تەنیا نەبوو.

یەکێکي تر لە دەسکەوتەکانمان کە بە چاوی خۆتان دیتان، پشتیوانی برایانی لادێ و زەحمەتکێشانی دێهات بوو. لە هەموو شوێن و لە هەموو ڕێگایەکەوە، هاتنە یارمەتیمان. نان و پێخۆر هێنان و هەر چەشنە یارمەتییەک کە لە دەستیان هات و لێیان خێزیا کردیان. (ئێمە بەرە بەرە ئەو شتانەی ماونەتەوە دابەشیان ئەکەین.)

لێرە دیارە کە یەکیەتی خەڵکی شار و دێ لە مەریوان زۆر پتەوتر بووەتەوە و ئەمە دەسکەوتێکی ترە بۆ دوا ڕۆژ. بەڵام ئەم یەکیەتییە، تەنیا لە ناوچەی مەریوان نەبوو. کام لە ئێوە ئەو خۆشک و برا سنەیی‌یانە لە بیر ئەبەنەوە کە چەک بەدەست، شەش ڕۆژ پیادەڕەوییان کرد و هاتن بۆ پشتیوانی و پشتگێریتان! هەر ئێستا نزیکەی هەشت سەد کەس لە دۆستانی سەقز و بانە و بۆکان و مەهاباد و سەردەشتیش بەڕێوەن! ئەم یەکیەتییە ، هەتا ئێستا لە پانایی کوردستاندا بێوێنە بووە. بۆ دوا ڕۆژی خەباتی گەلی کوردیش، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە هەموو شتێک پێویست ترە. هەموومان دەزانین کە گرینگترین چەکی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی شا هەر یەکیەتی بوو. ئەگەر ئێمەش ئەو یەکیەتییە بپارێزین، هێزي ئەرتەش دوو لانەش بێتەوە، دەرەقەتمان نایە. ئەمەش دەسکەوتێکی دیکەمان بووە لەم خەباتەدا.

ئەو ڕۆژەی دۆستانی سنەیی‌مان گەیشتنە بەرەوە، ئێوە بە چاوی خۆتان هەر لەم ئوردووگایەدا دیتان کە سەرەڕای خەڵکی کوردستان، لە شارەکانی تری ئێرانیشەوە، گەلێک نوێنەر هاتبوون؛ لە خوڕەمشەهر و شیراز و تارانەوە نوێنەر هاتبوون. لە بیرتانە شیعاریان ئەدا "ئێران سەرانسەر، وەک کوردستان لێ ئەکەین!" ئەمە قسەیان بوو. ئەوان پشتیوانی ئێمە بوون. هەر وەک ئاگادارن هەر ئێستا چەند دوکتورێک میوانمانن. ئەمانە لە کوێوە هاتوون؟ ئەمانە هەموو ئەوە نیشان ئەدەن کە ئێمە خەڵکی مەریوان بەم کارەی خۆمان توانیومانە پشتیوانی گەلانی ئێران بۆ لای خۆمان ڕاکێشین. وە لەمە بەدوایشەوە ئەم پشتیوانییە، درێژەی ئەبێ. لە ڕۆژنامەدا خوێندتانەوە کە خەڵکی سیستان و بلووچستان، یانی لەو پەڕی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە لەپێناو هاوپشتی ئێمەدا، فیداکارییان کردووە. ئێمە قەت نابێ ئەوەمان لە بیر بچێتەوە. ئەبێ ڕۆژی خۆی

ئەوەندەی لە تواناماندا بێ، فیداکارییان بۆ بکەین. یەکێکي تر لە گرینگترین دەسکەوتەکانمان ئەوە بوو کە داخوازی گەلی کورد بەرامبەر بە دەوڵەت هێنرایە کایەوە! لەو لایشەوە، جەوهەر و ماهییەتی دەوڵەت کە ئەیەوێ زۆڵم و زۆرمان لێ بکا، شەڕمان لە گەڵدا ئەکات و تانک و تۆپ ئەنێرێتە سەرمان، لە پێش چاوی گەلی کورد و گەلێک لە خەڵکی ئێران ڕوون بووەوە. تەبلیغاتی ڕادیۆ تەلەڤیزیۆن بە ئێمە ئەڵێ کافر، پێمان ئەڵێ یاخی و وەحشی. بۆ نموونە ئەو شەوە سەرەتای قسەی چەمران جێگری سەرۆک وەزیر ئەوە بوو کە ئەیوت: "کاتیک ئەبینم ئێوە نوێژ ئەکەن و ڕۆژوو ئەگرن پێم سەیرە!" ئەو دۆستانەی لەوێ بوون بیستیان کە چەمران وای گوت. هەر ئەم قسانەش لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانیانەوە ئەڵێنەوە.

ئێنسانێکی ئاسایی خەڵکی تاران، یان قوم و شیرازیش باوەڕ بە قسەیان ئەکا. ئێمە ئەبێ کارێک بکەین کە زەینی ئەو خەڵکە ڕۆشن بێتەوە. کە دوا ڕۆژ وەکوو موجاهید و داوتەڵەب بۆ شەڕ کردن نەیەنە سەرمان. ئێمە ئەبێ ددان بە خۆماندا بگرین و کارێک بکەین ئەوان ڕوون ببنەوە. ئایەتوڵا لاهوتی ئەیوت، ئەو موجاهیدانە کاتێک لە ماڵی خۆیان دێنە دەر خوداحافیزی شەهید بوون لە دایک و خۆشکی خۆیان ئەکەن. یانی بە غەرەزێکی ئاواوە ئەیاننێرن. زۆربەیان ئەگەر ڕوون ببنەوە نایەن. هەڵبەت دیارە ئەگەر هاتنە شەڕمان، شەڕیان لە گەڵ ئەکەین و چلۆن جاشەکانمان تەفرو توونا کرد ئەوانیش تەفروتوونا ئەکەین.

یەکێکي تر لە دەسکەوتەکانمان ئەمە بوو کە دەوڵەت شووراکەمانی بە ڕەسمی نەدەناسی و ئەیانگوت شوورا ئاژاوەگێڕ بووە. (لە حاڵێکدا هەمووان ئەزانین ئەوە درۆیە و خەڵک بە تێکڕا لەم خەباتەدا بەشدارن و بە تایبەت شەڕەکە ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕ ڕوویدا؛ شوورا ڕۆژی ٢٦ی پووشپەڕ پێکهات!) بە سەر هەموو ئەوانەدا، ئەوان ناچار بوون دان بەوەدا بنێن کە شوورا هەیە و بیسەلمێنن کە ئەبێ لە گەڵ شوورا دابنیشن و قسە بکەن و پەیمانی لە گەڵدا مۆر بکەن.

لە کاتي ڕووخانی ڕژیمی شاوە هە تا ئێستا کامە کاربەدەستی دەوڵەت، گەورە تا بچووک ملی بەوە داوە کە بێت و لە گەڵ نوێنەرانی خەڵکی مەریوان قسە بکا؟ قەت نەدەهاتن! بەڵام ئێمە کردمانە کارێک کە سەرەتا، ڕەئیسی سپای پاسداران و پاشان ئاغای" لاهوتی" و نوێنەرانی وەزارەتی کیشوەر ناچار بن و بێن. یانی کەسانێک لە پایەبەرزترین کار بەدەستانی حکوومەت ملیان بەوە

داوە کە بێن و قسەمان لە گەڵدا بکەن. گوێ لە قسەمان بگرن. پاش هەموو ئەوانەش جێگری سەرۆک وەزیرمان ناچار کرد کە بێتە ئێرە. ئەویش نەک وەها کە ئێمە بڕۆین بۆ لای ئەوان، بەڵکوو ئەوانمان ناچار کردووە بێن و وت وێژمان لە گەڵدا بکەن. ئەمەش دسکەوتێکی ترمان بوو.

بێجگە لەمانە، ئەگەر ئەم بەینە گوێتان لە ڕادیۆکانی دەرەوە گرتبێ، بیستووتانە کە دەنگوباسی مەریوان و کوردستان لە جیهاندا بڵاو بووەتەوەو ئەمە خۆی بووەتە هۆی ئەوە کە بیروڕای خەڵکی دونیا دەر حەق بە مەسەلەکەمان ڕوونتر بێتەوە.

ئەمانە هەموو دەسکەوتن! نابێ لە پێش چاومان ون بن. پێتان وا نەبێ کارێکی بچووکمان کردووە. ئەوانەی لە سنەوە بە پیادە هاتبوون شیعاریان ئەدا

*"مەریوان، مەریوان ! سەنگەری ئازادەگان!"*


ئێمە ئەبێ قارەمانانە و شان بە شانی ئەوانەی لە هەموو لایەکی کوردستان و ئێرانەوە پشتگیریمان لێ ئەکەن، دەسکەوتەکانمان بپارێزین. "مەریوان ئەبێ هەر سەنگەری ئازادەکان بێ!"

بەڵام هەر وەک لە سەرەتای قسەکانمەوە وتم؛ کەسێک کە ماڵیک ئەکاتەوە لەوانەیە لەم کارەدا تووشی زەرەریش ببێت و لە پێیدا قەرزدار بێ. کارەکەی ئێمەش وابووە. زەرەری کارەکەمان ئەوە بووە کە ئەرتەش دێتە ناو شار و نایەڵێت هێچ کەس لە ناو شاردا چەکی پێ بێت. ئەڵبەت لە دەرەوەی شار وا نییە. سەبارەت بە چەک هەڵگرتنیش هەر کەسە لە ویژدانی خۆی بپرسێ، ئەگەر بە ڕاستی خاترجەمی و هێمنایەتی بوایە، ئەگەر جاشەکان تەقەیان لە خەڵک نەکردایە و لە خیابانەکاندا خەڵکیان نەدایەتە بەر تەقە، ئێتر کەی پێویستی دەکرد کەسێک لە شاردا چەکی پێ بێت؟ ئەگەر کاربەدەستە دەوڵەتیەکان درۆ نەکەن و بەڕاستی نەهێڵن جاشەکان سەر بەرز کەنەوە. ئێمە نیگەبانمان بۆ چییە؟ ئەگەریش پەیمانیان شکاند. هیچکەس نابێ ئەوەندە ترسەنۆک بێت کە چەکی خۆی لە شوێنیک دابنێت کە ئەوان بێن و بیبەن. بەڵکوو ئەبێ جێگایەکی بۆ دیاریکات و قایم ڕاي بگرێ. دیارە، ئەگەر لە جیاتی ئەرتەش ئێمە خۆمان ئەو کارانەمان بکردایە زۆر باشتر بوو. بەڵام هەر وەک برێک لە دۆستانیش پێشتر وتیان ئێمە نەمانتوانی ئەوەیان بە سەردا بسەپێنین. چەندین ڕۆژە کە ئێمە بێ پشوو خەریکی قسەو وتووێژین، ئەوان چەند جار وتووێژەکەیان


بەجێهێشت. چەندین هەیئەتی جۆراوجۆر هاتوون و ڕۆیشتوون. ئەگەر ئێمە لە سەر ئەو داخوازییە زیاتر پێمان دابگرتایە ئەبوایە خۆمان بۆ شەڕکردن ئامادە بکردایە. ئێمەش وەکوو شوورا هەرچي هێنامان و بردمان بەوە گەیشتین کە ئەم شەڕە ئێستا بە قازانجمان نییە و جارێ نابێ خۆی لێ بدەین.
ئەوەشتان لە پێش چاو بێ، کە ئەگەر ئێمە ئەو ڕێککەوتنەمان نەکردایە جەماعەتێک تاقەتیان نەدەما و لێمان جیا ئەبوونەوە. بۆ ئەوەی ئەم یەکگرتنەمان تێک نەچێت، بە پێویستمان زانی شێوەی کارەکە بگۆڕین. جگە لە وەش ڕژیم بە ڕادیو و تەلەڤیزیۆن لە ناو خەڵکی ناوچەکانی تری ئێراندا تەبلیغاتێکی زۆری لە دژی ئێمە وەڕێ خستوە. ئێمە پاش ئەم یەک کەوتنە بەرانبەر بەو درۆ و دەلەسانە، خەبات ئەکەین. ئەوان قەولیان داوە، قەولی شەرەف (ئەگەر شەرەفیان هەبێ!) کە ئەرتەش هەتا مانگێکیتر لە شاردا ئەمێنێتەوە و لەو ماوەیەشدا بە بێ چەک بە ناو شاردا ئەگەڕێن. پاش ئەو یەک مانگەش شوورا شارەبانی دادەمەزرێنێت و ئەرتەش ئەگەڕێتەوە بۆ پادەگان.
دیارە هەموومان لەوەی کە ئەرتەش دێتە ناو شار ناڕەحەتین، بەڵام بە ڕاستی پێموایە ئەگەر سەرجەم حیسابی بکەن لە سەدا هەشتا سەرکەوتووین. وا نەزانین کە تێک شکاوین! ئەوان ناچار بوون کە زۆربەی داخوازییەکانی ئێمە بسەلمێنن. بەڵام یەک شتمان لە بیر نەچێتەوە، ئەویش ئەوە کە دەوڵەت هێزی هەیە. ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان یەک ڕێگای ئەساسیمان هەیە ئەویش، یەکگرتوویی خۆمانە. یەکگرتوویی لە گەڵ دێهاتی دەور و پشت، یەکگرتوویی لەگەڵ باقی ناوچەکانی کوردستان و یەکگرتوویی لە گەڵ گەلانی ئێران و هێزە پێشکەوتوو خوازەکانی ئێران.
خەباتي ئێمە هەتا ئێستا تا ڕادەیەک بەو مەبەستە گەیشتووە. ئەبێ لەمە بەو لاوەش لە سەری بڕۆین.
ئەمە بوو ئەو شتانەی کە سەبارەت بە دەسکەوتی باش و تەجرەبەی تاڵی ئەم خەباتەمان بە نەزەرم گەیشت. ئێستا مەسەلەیەکی تر هەیە، سەبارەت بەو دۆستانەی خەڵکی سەقز و بانە کە بەڕێوەن و بەتەمان هەر لە سەر ڕاپەیماییەکەیان بڕۆن و بگەنە مەریوان. ئەبێ ساخ بینەوە و بزانین ئایا لێرە بمێنینەوە و پێشوازییان لێ بکەین، یان بگەڕێینەوە و لە شار بە پیریانەوە بچین؟ من لام وایە شار باشترە! ئێوە ئەڵێن چی؟ داخوازێکی تریشم هەیە؛ داوا

ئەکەم ئەگەر ئەم پەیمانە و ئەم سوڵحەتان پێ باشە، ئەبێ بەڕێوەی ببەین، با دەرکەوێ کێ پیلانگێڕە، کێ جاشە و ئاژاوەگێڕی دەکا!

**بژي برايەتيمان!**



ڕێپێوانی خەڵکی کوردستان بۆ هاوپشتی کۆچی مێژووی خەڵکی مەریوان



ساڵی ١٣٥٨ کاک فوئاد لە ئۆردوگای کانی میران کاتێک نەتیجەی وەتووێژەکانی خۆی و نوێنەرانی دەوڵەتی بۆ خەڵک باس ئەکرد

# دەرەنجام

ئەم کتێبەمان بە پرسیارێک دەستپێکرد؛ ئایا گیانبەختکردنی کاک فوئاد بە ڕێکەوت بوو، یان ئەوەی پیلانێکی داڕێژراوی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. ڕاوبۆچوونەکانی هەموو ئەو کەسانەی کە لەم کتێبەدا هاتوونەتە قسە و وڵامی پرسیارەکانی ئێمەیان داوەتەوە، هەر وەها خوێندنەوەی چۆنییەتی ڕووداوەکە لە زمان دوو شاهیدحاڵی ئەو کارەساتە دڵتەزێن و جەرگبڕەوە، درگای لێکدانەوە و توێژینەوەی بۆ ئێمە ئاوەڵا کرد. دوای هەڵسەنگاندن و سەرنجدانە سەر هەموو ئەو وردەکارییانەی کە لە گفتوگۆکان و هەروەها لە گێڕانەوەکاندا هاتوون، ئێستا دەتوانین تا ڕادەیەکی زۆر بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ئێمە وڵامی خۆمانمان وەرگرتووە. ئەوەی کە لە ماوەی ئەم سی و چوار ساڵەدا بەردەوام وەکوو پرسیارێکی تازە لە مێشکی هەمووماندا هاتووە و چووە و بە شوێن وڵامدا گەڕاوین، ئێستا دەتوانین وای دابنێین کە کاری خۆمان بە سەرەنجام گەیاندووە و دڵ ئاسوودەین بەوەی کە ئەم پرۆژەیەمان بە سەرکەوتووییەوە گەیاندووەتە ئەنجام.

ئەگەر لە چەند مەیداندا بەراوردی کەسایەتی کاک فوئاد و کاردانەوەکان و ڕووداوەکانی دەوروبەری بکەین، ڕەنگە ئاسانتر بتوانین دەرەنجامەکەمان بخەینە بەر دیدی خوێنەری ئەم کتێبە.

• کاک فوئاد لە زیندانی شا دا کەسێکی بەرجەستە بووە لە ناو زیندانییە سیاسییەکاندا. هەڵسوکەوت و ڕێبەرایەتی کردن و کاردانەوەی چالاکییەکانی لەناو زینداندا بێ گۆمان بەوردی لەلای زیندانبانەکان تۆمار کراوە.

• لە ناو تێکۆشەرانی چەپ و کۆمونیست و بزووتنەوەی سوسیالیستی ئێراندا وەکوو کەسێکی بەرجەستە و خاوەنی بیروبۆچوونی سەربەخۆ و مرۆڤێکی بیرمەند دەناسرا و ڕێزی لێدەگیرا.

• لە کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەدا بەتەواوی دەردەکەوێت کە ئەوە فوئادە قسەی کۆتایی دەکات و هەمووان چاویان لەوەیە بزانن ئەو لەگەڵ کامە بۆچووندایە و دژ بە کامە هەڵوێستە، ئایا ئەو ئامادەیە درێژە بەم ڕەوتە بدات یان ڕێکخراوەیکی تر دابمەزرێنێت.

• لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕاپەڕیندا پێگەی تایبەتی خۆی دەردەخات

و بەردەوام جێ پەنجەی لە ڕووداوەکاندا دیار و ئاشکرایە. نزیکەی هەفتەیەک پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لە کۆبوونەوە گەورەکەی مەهاباد و لەناو نوخبەی سیاسی کوردستاندا ڕۆڵی ئەو بەرجەستەیە و یارمەتیدەرە لە دارشتنی بڕیارنامەی هەشت خاڵی مەهاباد کە درایە دەست یەکەم دەستەی نوێنەرانی ڕەسمی حکوومەتی تازەی ئێران.

• لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا کاک فوئاد زۆر چالاکە و زۆر لێبڕاوانە و بە بڕشتەوە قسەوباسەکان دەگەیەنێتە ئەنجام.

• لە ڕووداوە گرینگەکانی کوردستاندا وەکوو نەورۆزی خوێناوی و شەڕی سنە، شەڕی نەغەدە و دواتریش لە شوێنەکانی تری کوردستان ڕۆڵی بەرجەستەی هەیە و جێ پەنجەی دیارە.

• لە هەموو ئاڵ و گۆڕەکان و ڕووداوەکانی ناوچەی مەریوان و بەتایبەت لە کۆچی خەڵکی شار و گفتوگۆکانی شۆرای شاردا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و دەوڵەتی ئێران، کاک فوئاد لایەنی سەرەکییە وەکوو نوێنەری خەڵک.

• کەسی بەرامبەر بە کاک فوئاد لە گفتوگۆکانی مەریواندا سەرانی ناسراو و ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی وەکوو مستەفا چەمران، ئایەتوڵڵا لاهووتی، سەرهەنگ دەستغەیب، گوڵستانی و چەند کەسێکیتر بوون کە هەم ئەزموونی تێکەڵ بوون لەگەڵ شەڕی چەکدارییان هەبوو (لە فەلەستین و لوبنان)، هەم لە کۆبوونەوەکان و گفتوگۆکاندا بەتەواوی بۆیان دەرکەوتبوو کە فوئاد کەسایەتییەکە بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە و بەو بیروباوەڕ و بۆچوونانەی کە هەیەتی، لەو پێگەدایە کە ببێتە ڕابەری بزووتنەوەکە و ئەمەش بۆ دوارۆژی کۆماری ئیسلامی مەترسیدار دەبێت و بارودۆخەکەیان زۆر لێ ئاڵۆز دەکات.

• ڕاستە پێش فەرمانی جیهاد بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا [١٩٧٩/٨/١٩] ماوەیەکی پێچوو هەتا کۆمەڵە لەناو خەڵکدا ڕاستەوخۆ وەکوو ڕێکخراوە خۆی ناساند، بەڵام هەر لە پێش نەورۆزی ئەو ساڵەوە دەسەڵاتداران و دام و دەزگای ئاسایش و ئەمنیەتی ئێران بە وردی هەڵسوکەوتی کۆمەڵەیان خستبووە ژێر چاوەدێری وردەوە.

• نامیلکەی "گەلی کورد لە بواری تاقیکردنەوەدا" (خلق کرد در بوته آزمایش) کە بیرۆکەی کاک فوئاد بوو دوا بەدوای فەرمانی جیهاد لە شاری بۆکان نووسرا، بە کۆماری ئیسلامی سەلماندبوو کە ڕێکخراوەی کۆمەڵە نەک هەر بڕیاری داوە

بەرەنگاری هێرشی ڕژیم بۆ سەر کوردستان بێتەوە، بەڵکوو بانگەوازی بۆ گەلی کورد و کرێکاران و بزووتنەوەی چەپ و هەموو گەلانی ئێران، پشتیوانی و هاوکاری کردنی چڕوپڕ بوو لە دژی ڕژیمی ئیسلامی.

• کاتێک کە کاک فوئاد و بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە و هێزەکانی‌تر لە بانە بوون، یەکێتی نیشتمانی و چەندین حیزب و ڕێکخراوەی تریش کۆببوونەوە و خەریکی خۆئامادە کردن بوون بۆ شەڕ. هەر لەو کاتەدا شەڕی زۆر قورس لە ناو شاری سەقزدا کراوە کە هێزێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشداری گەرموگوڕی تێدا کردووە و ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون.

• ڕاستە ئەو سەردەمە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە چاو ئەوەی کە ئێستا هەیە زۆر سەرەتایی و ساکار بوون، بەڵام هەواڵگری و جاسووس و وەگەڕخستنەوەی دەزگای ترسناک و بەربڵاوی ساواک بەتایبەت لە کوردستان بۆ کەسانێک کە ئەزموونی چەندین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان هەبوو (چەمران و ئەوانی‌تر) کارێک نەبوو کە بیخەنە پشت گوێ. هەر زۆر زوو دام و دەزگای سیخوڕی ڕێکخران، ساواک و ڕوکنی دووی ئەرتەش چالاک کران و بەتایبەت دژ بە گەلی کورد کەڵکیان لێ وەرگیرا.

• نابێت ئەو ڕاستییە نەبینین کە بەتایبەت لە ساڵ و مانگەکانی کۆتایی ڕژیمی شا دا کە ئۆپۆزیسیۆنی چەپ بەتایبەتی و هەروەها بەرەی میللی و مەیلەو سوسیال دیموکراتەکانی ئێران لەژێر زەبروزەنگ و زیندان و ئەشکەنجەدا بوون، دەزگایەکی زەبەلاحی هیرارشی (سلسله مراتب) ئیسلامی شێعە خەریکی خۆتەیار کردن بوون بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

لە وەها زەمینەیەکدایە کە کاک فوئاد لە بانەوە دەگەڕێتەوە بەرەو مەریوان. بە سەرنجدان وتێگەیشتن لەو خاڵانەی سەرەوە هۆکار زۆر بوو بۆ ئەوەی پیلانێک بۆ لەناوبردنی کەسایەتییەکی وەکوو کاک فوئاد دابڕێژن. ئێمە پێمان وایە ئەم خاڵانەی خوارەوە نە بە هەڵکەوت بووە و نە ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لەناکاو بیری لە زەربە لێدان لە کاک فوئاد کردووتەوە:

١) لەوانەیە کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک لە ڕێگای دەست و پێوەندەکانی خۆیەوە بە بیرۆکە و گەڵاڵەی گیرانی پادگانی مەریوانی زانیبێت و هەر بۆیە بە جیددی ڕوانیویەتە ئەو مەسئەلەیە و بۆ سەرچاوەی ئەو بڕیارە گەڕاوە.

٢) لە دیدی دوژمنانی گەلی کوردەوە لێدانی زەربەیەکی قورس لە مەریوان دەیتوانی ببێتە گورزێکی کاریگەر لە بزووتنەوەی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەی کوردستان. ئەوانەی وەها بیر بکەنەوە ئاساییە کە لە کەسی سەرەکی و هەڵسووڕێنەری ئەو بزووتنەوەیە بگەڕێن. شایانی باسە کە ڕژیم پێشتریش خەریکی پیلانگێڕان بوو بۆ زەربەدان لە بزووتنەوەکە و لە بەین بردنی شۆڕشگێران و ئازادیخوازان؛ بۆ ئەو مەبەستە و یەکەم جار لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٨ دا بە ئاشکرا مەقەڕی پاسدارانیان لە مەریوان دانا و ئەوە بوو کە لە ڕووداوەکەی٢٣ی پووشپەڕ (تیر) دا [١٩٧٩/٧/١٤] کارتی پێناسەی تێرۆریان لێ دەرکەوت.

٣) زانیاری تەواو لەلایەن دەست وپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کۆکراوەتەوە لە سەر هاتوچووەکانی ئەو چەند هەفتەیەی دوایی ژیانی کاک فوئاد؛ سەفەری بۆ لای یەکێتی نیشتمانی، کردنەوەی بنکەی فێرکردنی پێشمەرگە لەناوچەی سەردەشت کە کاک فوئاد هەم لەوێ بووە و هەم بەوێدا چەند جار تێپەڕیووە بۆ لای یەکێتی. لە مانگرتن و دانیشتنەکەی قۆڕی قەڵای ناوچەی پاوەدا کاک فوئاد دیارە، لەوێوە چووە بۆ شەڕی کەرەفتووی ناوچەی دیواندەرە و لە دوایین ساتەکاندا خۆی و هێزیک لەوناوچەیە بوون. کۆبوونەوەی جەمعییەتی سەقز کە لەوێ بەشی زۆری جەمعییەتەکان و سەرانی کۆمەڵە و هەروەها هێزێکی یەکێتی نیشتمانی ئامادەی بوون. سەفەری بۆکان و دواتر بانە و دارشتنی گەڵاڵەی بەرەنگار بوونەوەی هێزەکانی ڕژیم لە کوردستان.

٤) ئەوە بە ڕێکەوت نەبوو کە دوو برای ئێمە لە ناو ئەو نۆ تێکۆشەرەدا بوون کە لە پادگانی مەریوان ئێعدام کران. ئەوان ئەمەیان هەم وەکوو وەشاندنی گورزێک داناوە و هەم دەکرێت وەکوو تەڵە نانەوەیەکیش بەکار بهێندرێت. بە واتایەکیتر لەوانەیە دەسەڵاتداران بیریان لەوەش کردبێتەوە کە فوئاد دوای ئێعدامی دوو برای دەگەڕێتەوە مەریوان و سەردانی دایک و باوک و کەس و کارو هاوڕێیانی خۆی دەکات! لەکاتی ئێعدامەکاندا چەمران و ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی لە پادگانی مەریوان دەبن.

٥) ڕۆژی ٢ی خەرمانان ئێمە لە زیندانی پادگانی مەریوان سەردانی دوو براکەمان کاک حوسەین و کاک ئەمین‌مان کرد، واتە ڕۆژێک پێش ئێعدام کردنیان. کاک ئەمین گوتی "زۆر زۆر سەبارەت بە کاک فوئاد لێمان ئەپرسن، تکایە خێرا ئاگاداری بکەن!"

٦) چوونی کاک فوئاد بۆ ناوچەی مەریوان تەواو ئاشکرا بووە، چ کاتی ڕۆیشتنی لەبانەوە و چ ئەو کات کە لە ناو تێکۆشەران و پێشمەرگەکاندا لە نزیکی شار یەکتر دەبیننەوە. ئێمە گومانمان نییە لەوەدا کە ئەو ڕۆژانە هەموو بنەماڵەی ئێمە و بەتایبەتی هەموو هاتوچوو کردنێک بۆ ئاوایی ئەڵمانەی مەریوان لە ژێر چاوەدێری وردی جاسووسەکاندا بووە.

٧) ئەو کاتەیش کە کاک فوئاد هێزەکەی مەریوان بەجێدێڵێت، ڕژیم گومانی ئەوەی کردووە کە لەوانەیە پێش گەڕانەوە بۆ بانە سەردانێکی ماڵی خۆمان لە ئاوایی ئەڵمانە بکات. فڕینی پەیتا پەیتای هەلیکۆپتەر بە سەر ئەڵمانەدا بەتایبەت ڕۆژی تێکهەڵچوونەکە و گیانبەختکردنی کاک فوئاد بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەوەی کە پیلانێکی وردی هەمە لایەنە هەبووە بۆ لەداو خستنی کاک فوئاد.

٨) ئێستایش لێمان ڕوون نییە کە چۆن کاک برایم جەلال کە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی و بە هێزێکی پێشمەرگەوە بۆ پارێزگاری لە کاک فوئاد لە بانەوە چووبوون بۆ ناوچەی مەریوان، لەبەرچی لە گەڕانەوەدا ئەو هێزە لەگەڵیان ناگەڕێنەوە؟!

٩) ڕۆژی پێش شەڕەکەیش هەر لەو ڕێگایەدا بە هەلیکۆپتەڕ خەریکی دابەزاندنی هێز بوون لە کۆنە پاسگای سەر گەردەنەی قەمچیان (لە سەرجادەی مەریوان — سەقز — بانە). ئەمە لەکاتێکدا کە دوای ئەو ڕووداوە ئیتر پەلەکردن لە ئاوەدان کردنەوەی ئەو شوێنانە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە.

١٠) شەوی پێش دەرگیربوون، بە وتەی بەڕێز شێخ عوسمان خالیدی هاوسەفەری کاک فوئاد، لە ئاوایی ئاگجە کوێخا شەریف کەسی ناردووە کە خەبەر بهێنێتەوە بزانن چ باسە. ئەو کەسە هەتا بوونی کاک فوئاد و هاوڕێیانی لە ئاگجە نەگەڕاوەتەوە . . . ئایا هەر ئەم کەسەش ناتوانێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ببێتە هەواڵنێرێک و خەبەری هەبوونی کاک فوئاد لەو شوێنە بدات؟ بێ گومان کەسانێکیش نێردراون بۆ هەڵگرتنی شوێن و ڕەوتی ڕێگابڕینی ئەوان و بۆ ئەوەی بزانن لەکوێن و بەرەوکوێ دەچن؟ ئەگەر وانەبێت ئەوە ساویلکەیی دەسەڵاتێک ناگەیەنێت کە ماوەیەکی زۆر بوو گیری خواردبوو بەدەست شووڕای شار و تێکۆشەرانی مەریوان و بەتایبەتی خودی کاک فوئادەوە؟!

١١) دیسانەوە بەپێی گێڕانەوەی شێخ عوسمان، سەرلەبەیانی ڕۆژی شەڕەکە

کەسێک لە ڕێگادا دەبینن، " چەکدارێک بە ناوی ساڵح کە خۆی بە پێشمەرگەی دیموکرات ناساند و وتی هەموو جادە تا بانە بە دەست دیموکراتەوەیە و بەردەوام ماشینی پێشمەرگە هاتوچوو دەکات." ئەمە لەکاتێکدا کە نە جادەکە بە دەست حیزبی دیموکراتەوە بووە و نە هیچ ماشینێک، هی پێشمەرگە یان کەسیتر نە ئەو ڕۆژە و نە ڕۆژی پێشتریش لەو جادەیە بینراوە!

١٢) کاک برایم جەلال لە کتێبەکەی خۆیدا باسی کەسێک دەگێڕێتەوە کە کەمێک پێش دەستپێکردنی شەڕەکە بەوێدا ڕۆیشتووە؛ " کابرایەک لە ناو چەمەکەوە بەرەوڕووی ئێمە هات. گەیشتە من وتی کاکە ئەوە ئێوە چەند نەفەرن، وتم ئێمە زۆرین بۆ؟ وتی هەر ئەوەندەن؟ وتم نەخێر قووەتەکەمان لە دواوەیە."

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو چەند خاڵەی سەرەوە ئێمە پێمانوایە پرسیارێکی گرینگ دێتەپێش بەتایبەت لەوانەی کە ئەم کارە بە ڕێکەوتێک دەزانن: ئایا بۆ ڕژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی ئێران و کەسانێکی وەکوو چەمران و باقی سەرانی هێزە چەکدارەکانیان لە ناوچەی مەریوان، شیاوە کە بکەونە شوێن پێنج کەس کە نازانن کێن و سێ چوار چەکی پچووکیان بەدەستەوەیە و لەو دۆڵەدا ڕێگەدەبڕن؟ ئایا ئەوە دەهێنێت کە جادەی نێوان سێ شاری کوردستان واتە مەریوان و سەقز و بانە بەتەواوەتی دابخەن و هێز بنێرن و بە هەلیکۆپتەر بچنە سەریان و دوای تەواو بوونی تاوانەکەیان تەرمی کاک فوئاد و کاک تەهموورس بگوێزنەوە نزیکی جادەکە و دوای دڵنیابوون لە پێناسەی ئەوان، ئەو شوێنە بەتەواوەتی چۆڵ بکەن؟ ئاشکرایە کە هیچ توێژەرێکی جیددی کاروباری شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکدارانە و هەروەها کەسێک کە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوێک دەکات کە تێیدا کەسایەتییەکی گرینگ و بەرچاوی وەکوو کاک فوئاد گیانی بەخت کردووە، ئەو چەشنە هەڵسەنگاندنە و ئەو شێوە ئاسانکردنەوەی ڕووداوەکە بە هێند وەرناگرێت.

ئەزموونی پیلانی کوشتن لە وڵاتانیتر نیشانی داوە کە لە سەر تێرۆری کەسایەتی سیاسی ناودار و یان کەسانی لەو چەشنە ئەنواعی تیئۆری و گێڕانەوەی جۆراوجۆر دەکرێت. تەنانەت زۆرجار دوای ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیەک بەئاکام گەیشتووە، دیسانەوە کەسێک یان کەسانێک کە ئەو دەرەنجامە بە ڕاست نازانن دەکەونە توێژینەوەی تازە و بە ئاکامی جیاواز دەگەن.

سەیر لەوەدایە کە لە ڕووداوی گیانبەختکردنی کاک فوئاددا کۆمیتەی ناوەندی

کۆمەڵە هەر لە یەکەم ڕۆژی بیستنی خەبەرەکەوە دەیسەلمێنێت کە بە ڕێکەوت بووە و هیچ گومانێکی ناخەنە سەر و ئەگەری ئەوەی کە مومکینە وەها نەبێت لەبەرچاوناگیرێت. تەنانەت هەر بۆ باشتر تێگەیشتن لە ڕووداوی گیانبەختکردنی کەسێک کە ڕێکخراوەکەی ساخ کردووەتەوە و ڕۆڵێکی زۆر بەرجەستەی لە ژیانی سیاسی کۆمەڵە و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا گێڕاوە، کۆمیتەیەک یان نوێنەرێک یان کەسانێک دانانێن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو سێ کەسەی کە لەو سەفەرەدا لەگەڵ کاک فوئاد بوون و بە سڵامەت دەربازببوون، کۆبوونەوە بکەن. پرسیاریان لێ بکەن، بەوردی سەفەرەکە و چۆنییەتی ڕەوتی ڕێگابڕین و پێشهاتەکان لە زمانی ئەوانەوە ببیستن و بیکەن بە بەڵگەیەکی مێژوویی و لە ئارشیڤی کۆمەڵەدا ڕایگرن. ئەگەر ئەو کارەیان بکردایە و هەر ئەودەم کاتێک کە ڕووداوەکە و ڕەوتی کارەکان لای ئەو کەسانە تازە بوو و تەپوتۆزی زەمان هیچ بەشێکی دانەپۆشیبوو، دەکرا هەم زۆر زووتر و هەم بەشێوەیەکی زۆر کونکرێت‌تر بگەنە نەتیجە سەبارەت بە چۆنییەتی گیانبەختکردنی کاک فوئاد.

سەرەنجام ئەوەی کە ئێمە پێمانوایە ئەم ڕووداوە بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو، زانیاری وردی بۆ کۆکرابووەوە، ئامادەکاری بۆ کرابوو. گومانیشمان نییە لەوەی کە ئێعدام کردنی ئەو نۆ تێکۆشەرەی شاری مەریوان و لەوانە دوو برامان کاک حوسەین و کاک ئەمین بەشێک بووە لەو پیلانە. کۆنەپەرستانی ناوچەکە و ئەو هێزانەی مانەوەی خۆیان لە پتەوبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەدیت هەموو هەوڵێکیان دا بەمەبەستی ڕێگا خۆش کردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پیلانەی کە ئاکامەکەی لەناو بردنی کاک فوئاد و بێبەری کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بوو لە ڕێبەرێکی زانا، بەتوانا و لێهاتوو.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانین ئەو ڕاستییەش بخەینە پێش چاو کە:

یەکەم، ئەم کارە و دەرەنجامی ئەم کتێبە بۆ مەحکووم کردن و خەتابارکردنی هیچ کەس و هیچ کۆمیتەیەکی تەشکیلاتی نییە، بەڵکوو بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتنە لە بێ دەربەستبوون، کەمتەرخەمی، شێوە کار و بۆچوونێک کە بە داخەوە نەک هەر بایەخ و گرینگی بە پارێزگاری کردن لە کاک فوئاد نەدا، بەڵکوو بە درێژایی تەمەنی کۆمەڵە دامێنگیری بووە و زەربەی زۆر قورس و گورچک بڕی لێداوە. ئاشکرایە ئێمە لەگەڵ هیچ کەس و هیچ کومیتەیەک کێشەی شەخسیمان نییە و هیچ کەس و لایەنێک لەم ڕووداوەدا بە جێ گومان

و تاوانبار نازانین.

دووهەم، زۆر بەداخەوە ئەوەی کە ڕێبەرایەتی کۆمەڵە و کەسانی تریش پێیان وایە گیانبەخت کردنی کاک فوئاد بەڕێکەوت بووە و یان ئەوەی کە ئێمە ئێستا بە دڵنیاییەوە هاتووینەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەمە بەوردی نەخشەی بۆکێشراوە، هیچ لە جەوهەری مەسئەلەکە و گەورە بوونی خەسارەتەکە ناگۆڕێت. ئەویش لەدەستدانی کاک فوئادی کوڕ، کاک فوئادی برا، کاک فوئادی تێکۆشەری ورە پۆڵایین، کاک فوئادی بیرمەند و ڕێبەر، کاک فوئادی فیداکار و هەمیشە ئامادەی تێکۆشانە. ئەو کەسەی کە بەردەوام بەرەوپێش چوونی شۆڕش، ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، باش بوونی ژیانی بەشمەینەتان و سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان ئامانجی بەرزی بوو، بۆ هەتا هەتا بەجێی‌هێشتین.

وەکوو نێرگز ساڵی جارێ
بە سەردانێ
ئەو دێتەوە
بە زرێباردا دێتەوە
خەونە و لەپڕ پەیدا ئەبێ
ئەگاتە جێ و ورد چاوێکمان پیا ئەگێڕێ.
....
هەموو ساڵێ
لە سەرانسەری نەخشەدا
دوو تاقممان ئەبینێت و
دوو تاقممان ئەناسێت و
یەک یەک دەستیان
ئەگوشێت و
لەگەڵیاندا ئەدوێ و
ئەخوا و پێئەکەنێ و
ئەڕوات و دێ ..
ئەوانەی وەختی خۆی
نەیدیبوون و ئێستە لێرەن
ئەوانەیشمان کە وەکوو
ئەو
ماونەتەوە و ، هەر
بروسکەی خێرای ڕێگەن!



شێرکۆ بێکەس

# بنەماڵەی ئێمە، تراژێدی، بێ مێهری، کەمتەرخەمی!؟

برای گەورە و ئازیزمان کاک فوئاد، هەر لە منداڵییەوە تا ڕۆژی ٩ خەرمانانی ١٣٥٨ [١٩٧٩] کە بە یەکجاری و لە تەمەنی ٣١ساڵیدا بەجێیهێشتین، بەردەوام لە هەموو بوارێکدا تایبەت، تاقانە، بە توانا و لێهاتوو بوو؛ هەر لە دەرس خوێندن و تێگەیشتن و شارەزایی لە ئەدەبیاتی فارسییەوە بگرە هەتا ئاشنایی بە شێعری کوردی و زمانی ئینگلیسی، مەسەلە ئاڵۆزەکانی فیزیک ، شیمی و ریاضیات [ماتماتیک]، هەتا گیرو گرفتی گەورە و ئاڵۆزی ناو کۆمەڵگا بە زمانێکی سادە و ڕەوان ئیستیدلالی دەکرد. بەشێوەیەکی مەنتیقی و مەعقوول لە گەڵ کەسانی نەخوێندەوار، کەمخوێندەوار و خوێندەواردا تێکەڵ دەبوو و دەکەوتە گفتوگۆ و لێکدانەوە. کاتی گوێگرتن، بە ئەهوەنی و لەسەرەخۆ، ئەوپەڕی ڕێز و ئیحترامی هەبوو چ بۆ موافیق و چ بەرامبەر بە موخالیفی خۆی. ئەو ئەهوەنی ، میهرەبانی، لێهاتوویی و بە توانا بوونە بێجگە لە هەست و سۆز و خۆشەویستی، لای هەموو ئەو کەسانە کە لە نزیکەوە کاک فوئادیان دەناسی، ئێعتبار و ئۆتۆریتەیەکی تایبەتیشی پێدابوو.

ئێمەی خوشک و براکانی کاک فوئادیش چ لە کاتی دەرس خوێندمان لە مەدرەسە و دانشگاکانی تاران، تەورێز، شیراز، کرماشان، ورمێ و سنە و چ لەو چوار ساڵەی زیندان بوونی کاک فوئاد و چ لە دەورانی ئەو یازدە مانگەی ژیانی کاک فوئاد دوای ئازادی لە زیندان و پێش گیان لەدەستدانی، بە ڕادەیەکی بەرچاو لەگەڵ تواناییەکان و شێوەی بیرکردنەوە ولێکدانەوەی ئەو لە زۆربەی بوارەکاندا ئاشنا ببووین.

ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٥٨ کاک حوسەین و کاک ئەمینی برامان لە گەڵ حەوت خۆشەویستی تری خەڵکی مەریوان لە پادگانی شار تیرباران کران و شەش ڕۆژ دواتر واتە ٩ ی خەرمانان کاک فوئادیش لە شەڕێکی لە ناکاو و زۆر گوماناوییدا لە بەینی دێهاتی کانێعمەت و بستام لە سەر جادەی مەریوان — سەقزبانە گیانی لە دەستدا.

لەدەستدانی کاک فوئاد بێجگە لە هەست و سۆز و عاتیفەیەکی زۆری برایانە، بۆشاییەکی یەکجار قووڵی ڕۆحی و فیکری لە دەروونماندا دروست کرد. سەرەڕای

ئەوەش بە هەستی بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە خەباتی گەلی کورد و بەدەربەست بوون بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی زەحمەتکێشان و بێبەشان، ئێمەش بۆ خستنەگەڕی هەموو هێز و توانای خۆمان تێکەڵاوی خەبات و شۆڕش بووین. بە چوونە ناو جەرگەی خەبات و تێکۆشان، دڵەڕاوکێ و نیگەرانی ئێمەی لەوە کە کێ جێگای کاک فوئاد دەگرێتەوە لە مێشکماندا کەوتە پەراوێزەوە. بەڵام ئەو پرسیارە و نیگەرانییەکەمان هەر مایەوە و قەت لە مێشکماندا لانەچوو. لە هەموو هەل و مەرجێکی حەساسدا لە خۆمان ئەپرسی: ئەگەر ئێستا کاک فوئاد مابایە، چۆنی هەڵوێست دەگرت و چۆن بڕیاری دەدا؟

قورسایی خەمی لە دەستدانی سێ برای خۆشەویست بەو ئاستە لە توانایی و لێبڕاوییدا، بۆ ئێمە تاقەت پڕووکێن بوو. دوای داگیرکرانی شار و دێهاتی کۆردستان لە لایەن ڕژیمەوە فەزای ئازاد و دێموکراتیک لە کوردستان بوو بە فەزایەکی ترس و تۆقاندن و ئێعدام.

زۆر کەس لە خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان سەرەڕای ئەو گوشار و ترساندن و تۆقاندنی کۆماری ئیسلامی، بۆ سەرەخۆشی کردن و دەربڕینی هاودەردی خۆیان بە هەرجۆرێک بۆیان ڕێک دەکەوت بە ڕۆژ و شەو بۆ دڵنوایی و هاوپشتی دەهاتنە ماڵی ئێمە لە ئاوایی ئەڵمانەی مەریوان.

لە هاوڕێیانی لە مێژینەی کاک فوئاد ڕێزداران دوکتور سەعید یەزدیان، تەیبب عەباسی ڕۆحوڵڵاهی، عەبدوڵڵا هوشیاریان و حەمید فەرشچی و ئەدیب وەتەندووست و چەند هاوڕێیتر (کە بەداخەو ناوەکانیانمان لە بیر نەماوە) هاتن و سەردانی ئێمە و دایک و باوکی سێ جارجەرگ سووتاوی ئێمەیان کرد. هاوڕێ ئیرەج فەرزادیش زەحمەتی کێشا و هات و دواتریش بۆ دروست کردنی گۆڕی گیانبەختکردوان لە تاڵەسوار زۆر یارمەتی کردین.

کات و ساتەکە بۆ ئەوە نەدەبوو ئێمە لە هیچ کەس گلەیی بکەین کە بۆ نەهاتوون بۆ لامان. ڕۆژی چلەی کاک فوئاد زۆربەی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە مەریوان و ژمارەیەکی بەرچاوی پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی رەنجدەران بە بەرپرسایەتی مامۆستا پشکۆ نەجمەدین، دوکتور قادر و نوێنەری زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکان هاتنە ئەڵمانە کە ئەو هاتنە کاریگەری باشی لە سەر هەموومان هەبوو.

دوای کەم بوونەوەی میوانانی سەرەخۆشی ئێمەش دەستمانکردەوە بە چالاکی

لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا. کاک ڕەشاد، کاک عەبە، مەلەکە و حیشمەت لە کوردستان لە بەشی ئاشکرای ڕێکخستنی کۆمەڵەدا ڕێکخران. هاوکات کاک ماجید نێردرایە شاری تەورێز، ئەمجەد بۆ شاری ورمێ و ڕەزا بۆ ئەهواز بۆ هەڵسووڕان لە تەشکیلاتی نهێنی کۆمەڵەدا.

نزیکەی سێ مانگ دوای فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ کوردستان (٢٨ی گەلاوێژ ١٣٥٨) [١٩٧٩/٨/١٩] هەموو شارەکانی کوردستان ئازاد کران و پێشمەرگە لە شاخەوە گەڕانەوە بۆ شار. ئەوکات کەش و هەوای ئازادی سیاسی شار و دێهاتی کوردستانی داگرتبوو وخەڵکێکی زۆر زیاتر ڕوویان لە کۆمەڵە کردبوو؛ لەو کاتەدا هەم لە باری ئیحساسی و عاتفییەوە و هەم لە باری دەور و نەخشیان لە خولقاندنی ئەوهەلومەرجە دا زۆر هەست بە بۆشایی جێگای خاڵی کاک فوئاد و هەموو گیانبەختکردووانی کۆمەڵە دەکرا.

لە نێوان پاییزی ١٣٥٨ [١٩٧٩] و بەهاری ١٣٥٩ [١٩٨٠] دا کە زۆربەی شار و دێهات و جادەکان ئازاد و بە دەست پێشمەرگەوە بوون، ڕەهبەرانی کۆمەڵە کە بە هۆی کار و باری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە دەهاتنە مەریوان و جاری وابوو بە چەند هەفتە دەمانەوە، تەنیا بۆ چەند دەقیقەش سەردانی ماڵی ئێمەیان لە ئەڵمانە نەکرد.

مامۆستای بەڕێز و تێکۆشەر، مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی لە دیدارەکەی خۆیدا بۆ مەریوان لە بەهاری ١٣٥٩ [١٩٨٠] دا، پێش ئەوەی بچێتە ناوشاری مەریوان، بەتایبەتی سەردانی ئەڵمانەی کرد و هاوکات لەگەڵ دڵنوایی کردنی دایک و باوک و بنەماڵەی ئێمە، بۆ ڕێزگرتن لە کاک فوئاد و براکانی ترمان، تەشریفی چووە تاڵەسوار و سەر گڵکۆی ئازیزەکانمان.

لە سەرو بەندی نزیک بوونەوەی یەکەمین ساڵڕۆژی گیان بەختکردنی کاک فوئاددا، ڕەزا لە ئەهوازەوە و ئەمجەد لە ورمێوە لای کاک ماجید لە تەورێز یەک دەگرنەوە و دێنەوە مەهاباد. دواتر لە ڕێگای ڕەبەت و بە جادەی سەردەشت-بانەدا بەرەو مەریوان دەڕۆن و خۆیان دەگەیەننەوە لای هاوڕێیانی کۆمەڵە لە مەریوان و دەچنەوە ئەڵمانە. لەوێ چاوەڕوان بووین لانیکەم چەند کەسێک لە هاوڕێیانی ڕێبەرایەتی کۆمەڵە و یارانی لە مێژینەی کاک فوئاد لە ساڵڕۆژی کاک فوئاد دا سەردانی دایک و باوک و هەموو بنەماڵەکەمان بکەن و بچنە سەر قەبران. بەڵام لە ناو سەرسووڕمانی ئێمە و هەموو خەڵکی ئەوێدا هێچکامیان

نەهاتن!

لە بواری سیاسی و ڕێکخراوەییدا ئێمە هەستمان بە ئاڵوگۆڕی بەرچاو دەکرد. هەروەکوو یەکێک لە بەشداربووانی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە لە وتووێژێک لەم کتێبەدا دەریدەبڕێت:"کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە کە دوای گیان لە دەستدانی کاک فوئاد بەڕێوە چوو، موحاکەمە کردنی کاک فوئاد بوو بەڵام بۆ خۆی لەوێ نەبوو".

هەوڵدان بۆ سڕینەوەی شوێنەواری کاک فوئاد بە سەر کۆمەڵەوە بەتەواوی دیاربوو؛ ئەم کارە بە تایبەت لەلایەن چەند کەسی سیاسەت داڕێژی کۆمەڵەی دوای کاک فوئاد، بە شێوەی جۆراجۆر بەر دەوام بوو. دووکەڵەکەیشی دەچووە چاوی خوشک و براکانی کاک فوئاد لە ڕیزی کۆمەڵەدا.

ماجید [ڕێبەندانی ١٣٥٩، ١٩٨١] و چوار مانگ دوای ئەو، ئەمجەد [جۆزەردانی ١٣٦٠، ١٩٨١] لە تەورێز لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە گیرابوون و لە زینداندا بوون. کە ماجید گیرا، دەبوو کۆمەڵە دڵەڕاوکێی بۆگرتنی ئەمجەدی لەلا زۆرتر بوایە و ئەویان هێنابایەوە کوردستان! دوای لە دەست دانی سێ برامان واتە کاک فوئاد، کاک حوسەین و کاک ئەمین، جگە لە ئێعدام هیچ چاوەڕوانییەک لە کۆماری سێدارەی ئیسلامی نەدەکرا و هەموومان زۆر نیگەران و بە پەرۆشی چارەنووسی ئازیزانمان ماجید و ئەمجەد بووین. هەموومان ئەو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەمان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ سێ چوار کەسی بەرپرس و بڕیاردەری ئەوکاتی کۆمەڵە باسکرد.

ئەو کات کۆمەڵە و کۆماری ئیسلامی زیندانیەکانیان لە گەڵ یەکتر دەگۆڕییەوە و بەم چەشنە ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی کۆمەڵە و کەسانی تریش کە زیندانی سیاسی بوون، لەگەڵ زیندانیانی ڕژیم کە لە زیندانی کۆمەڵەدا بوون ئاڵوگۆڕیان پێکراو و گەڕانەوە ناو شۆڕشی کوردستان. ئاساییترین و مەعقوولترین چاوەڕوانی لە بەرپرسان و بڕیاردەرانی کۆمەڵە ئەوە بوو کە بە بێ ئەوەی کەسێک ئەم باسەیان لەگەڵدا بێنێتە گۆڕ، بۆخۆیان هەرچی زووتر ماجید و ئەمجەد بخەنە ناو لیستی گۆڕینەوە و لە دەست کۆماری ئیسلامی ڕزگاریان بکەن. ڕەزا کە لە شاری ئەهواز لە ڕێکخستنی نهێنی کۆمەڵە کاری دەکرد، چەند جار پێویست بوونی پەلەکردن لە گۆڕینەوەی ماجید و ئەمجەدی لە گەڵ ناوەندی کۆمەڵە کە بۆ کاری تەشکیلاتی و لێپرسینەوە دەچوونە ئەهواز، باسکرد و ئەوانیش قەولی

پەیگیری کردنی داواکاریەکەیان دابوو.
ڕەزا ساڵی ١٣٥٩ [١٩٨٠] بۆ کارێک دەچێتە شاری بۆکان و بۆ یەکەم جار کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لە گەڵ کاک ئەدیب وەتەندووست لە مەقەڕی کۆمەڵە دەبینێت. کاک ئەدیب خەبەری خانەوادە دەپرسێت و ئەویش ئەڵێ ماجید گیراوە و لە زیندانە (ئەمجەد هێشتا نەگیرابوو). کاک ئەدیب زۆر بە پەرۆشەوە لە گەڵ کاک عەبدوڵڵا باسی دەکات و ڕەزایش پێیوایە فرسەتێکی باشە بۆ وەبیرهێنانەوەی پەلە کردن لە گۆڕینەوەی ماجید؛ بەڵام بەداخەوە کاک عەبدوڵڵا یەک کەلیمەش سەبارەت بەو گرفتە نەدوا و دەڕوات!
لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاردەرانی کۆمەڵە لە مەقەڕی قەڕەڵی نزیکی شاری بۆکان دادەنیشن و گفتوگۆ لەسەر گۆڕینەوەی زیندانیەکان دەکەن. دوکتور جەعفەر شەفیعی و مەلەکە [هاوسەری دوکتور جەعفەر] لەو دێیە دیوێکیان بۆ ژیانی پێشمەرگانە هەبوو. ڕۆژێک بڕیاردەران بۆ تاوتوێ کردنی لیستی زیندانیان لەو دیوەی مەلەکە و دوکتور جەعفەر کۆبوونەوە دەکەن. پێش دەست پێکردنی کۆبوونەوەکەیان مەلەکە، کە میوانداری کردبوون، پێیاندەڵێت: "تکایە لە گۆڕینەوەی ئەمجەد و ماجید دا پەلە بکەن با جەرگسووتانی ئێمە و دایک و باوکمان نەبێت بە پێنج جار". یەکێک لەو برادەرانە لە وەڵامی مەلەکەدا دەڵێ: "تۆ سوسیالیسم هەرلە ماڵی خۆتان و ئاوایی ئەڵمانەدا دەبینیت!"
دوکتور جەعفەریش وەک ئێمە زۆر بە پەرۆش بوو و چەند جار پێیان دەڵێ، بەڵام گوێیان نەدایە. ئەویش چونکوو هاوسەری مەلەکە بوو، ئیتر زۆر پڕکێشی نەدەکرد لەوە زیاتر لەسەری بڕوات. سەیر ئەوەیە کە کاک عەبدوڵڵا مستەفا سوڵتانی برامان لە گەڵ دوکتور جەعفەر لە ماڵی دۆستێکی کۆمەڵە (م) لە شاری بۆکان کابرای ڕابیتی نێوان کۆمەڵە و کۆماری ئیسلامی دیبوو. کابرای ڕابیت لەوێ بە ئاشکرا دەڵێت کە ئاغای "صادق خدادوست" (ناوی نهێنی کاک ماجید) بۆ کۆماری ئیسلامی ناسراوە و هەتا لە گۆڕینەوەیدا پەلە بکەن درەنگە! بۆ ئەوجارە بەرپرسان و بڕیاردەران لە ناو چوار لیستی ئامادەکراودا کە لە سێ لیستدا ناوی کاک ماجیدی تێدا بوو، ئەو لیستە هەڵدەبژێرن کە ناوی ماجیدی تێدا نییە! لە کەسانی ناو ئەو لیستە کە لە زیندانی کۆماری ئیسلامی ڕزگاریان بوو، سێ کەسیان زۆری پێنەچوو بوون بە چەکداری کۆماری ئیسلامی! کەسێکی تریش (خ.ر ئەندامی سازمانی چریکە فیداییەکان) لەو

لیستە کە هاوکەلاس یان کۆنە دۆستی یەکێک لە هاوڕێیانی کۆمەڵە بوو، دوای گۆڕینەوەکەی زۆر بێ ئەمەگانەلە دەبیرستانی کەماڵ لە بۆکان بۆ خەڵک قسەی کرد. لە ناو قسەکانیدا وتی "کۆمەڵە منەتی نەبێ من بە ئیمکاناتی چینی کریکار لە ئێعدام بوون ڕزگارم بووە."

زۆری پێنەچوو لە ڕۆژی ٨ی مانگی پوشپەڕی ١٣٦٠ [١٩٨١/٥/٢٨] کاک ماجید و کاک ئەمجەد و چەند ئەندامی‌تری کۆمەڵە لە تەورێز تیرباران کران. ڕەزایشیان لە ئەهوازەوە ناردەوە بۆ ناوچەی بۆکان. زیاتر لە دوو هەفتە ئێمە لە شاری بۆکان لە ماڵەکەی کاک هاشم ڕەزایی و لە مەقەڕی کۆمەڵە لە دێی قەڕەڵی فرمێسکی خوێنینمان داڕشت بەڵام هیچکام لەو برادەرانەی ڕێبەرایەتی کۆمەڵە نەهاتن بڵێن شەریکی خەمتانین، تەنانەت بە نامەیەکیش بەسەریان نەکردینەوە! ئیتر دوای ئەوانە هەمووومان لە بەشی عەلەنی ڕێکخراوەی کۆمەڵە بەشدار و چالاک بووین. پێمان وانییە لە هیچ کەس کەمتر لێهاتوو و بەتوانا و چالاک و دڵسۆز بووبین، بەڵام زۆر درەنگ کراین بە ئەندامی کۆمەڵە. ناڕاستەوخۆ بۆ هەڵبژاردنمان بۆ کۆنفرانس و کۆنگرەکانی کۆمەڵە موخالفەت دەکرا. ئاکامەکەی بوو بەوە کە هیچکام لە خوشک و براکانی کاک فوئاد و چوار قارەمانی‌تر کە لە دروستکردن و گەشەی کۆمەڵەدا ڕۆڵی حاشاهەڵنەگریان بوو و خۆیشمان بەش بە حاڵی خۆمان لەو پەڕی دڵسۆزیدا بۆ کۆمەڵە و خەباتی بێ بەشان و ستەم لێکراون زۆر چالاک بووین، سەرەڕای پێخۆشبوون و چەندین جار داواکردنی ڕەسمی و بە نووسراوە، لە تاقە یەک سمینار، مەدەرسەی حیزبی، کۆنفراس، کومیتەیەکی خاوەن دەسەڵات، یان لە کۆنگرەیەکی کۆمەڵەدا بەشدار نەبووین! لە کاک فوئاد و زۆرێک لە هاوڕێیانی گیانبەختکردوو و زیندووی کۆمەڵەوە فێربووین کە هەموو هێزمان بۆ بەرەو پێش چوونی خەبات و کۆمەڵە تەرخان بکەین. ئەوە وای لێکردین کە هەر تەنیا بیر لە ئەرکەکانمان بکەینەوە و تا ڕادەی زێدەڕۆیی لە مافەکانی خۆمان گوزەشت بکەین و چاوەڕوانی پاراستن و سەلماندی مافەکانمان لە لایەن خەڵکی ترەوە بین. بەداخەوە زۆر درەنگ هاتێنە سەر ئەو قەناعەتە کە داکۆکی لە مافی خۆمان لە ناو کۆمەڵەشدا هەر وەک ناو کۆمەڵگا لازم و پێویستە. فەرق ناکات لە کۆمەڵگادا بێت یا لە ناو ڕێکخراوەیەک وەک کۆمەڵەدا کە پڕ بوو لە ئینسانی دڵسۆز و فیداکار، ئەگەر خۆت داکۆکی لە مافی خۆت نەکەیت، کەسانێک هەر چەند بە ژمارەیش کەم بن هەر پەیدا

دەبن کە مافەکانت پێشێل بکەن.
لە فەزای سیاسی کراوەی دوای ڕووخانی ڕژیمی شادا کۆمەڵە بە گشتی و کاک فوئاد بە تایبەتی زۆر بە باشی بۆ ڕێکخستنی ڕێکخراوە جەماوەریەکان و هێز کۆکردنەوە کەڵکیان وەرگرت. پێویست بوونی پێداچوونەوە بە بنەمای فیکری و سیاسییەکاندا و داڕشتنی پێڕەو و پرۆگرام بۆ کۆمەڵە زۆر ئاشکرا بوو. ڕۆژی ٢١ی پوشپەڕی ١٣٥٨ کاک فوئاد وەک کەسی یەکەمی کۆمەڵە لە قسەوباسەکانیدا لە جەمعیەتی دیموکراتیکی شاری مەهاباد، بە ئاشکرا باسی ڕێکخراوەی کۆمەڵە دەکات و لە سەر هەلومەرجی ئەو کاتی ئێران و کوردستان قسەدەکات. وڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و بە تێر و تەسەلی باسی پێویست بوونی ئەو ئەرکانە دەکا کە لە بەردەم کۆمەڵەدا بوون.
بەداخەوە ساحیب نەزەرانی سەرەکی کۆنگرەی دووهەم، دوای بیست و چەند ساڵ بەوە گەیشتن ڕەخنە لە بۆچوونەکانی خۆیان بگرن، ئەویش بە شێوەیەک کە چکۆلەترین بەرپرسایەتی نەکەوێتە سەر شانی خۆیان. ئەو دەم و ئێستایش هەموو کار و تێکۆشانی ئەو یازدە مانگە کە کاک فوئاد ڕێبەری کۆمەڵە بوو، جێگای شانازی و سەربەرزی هەمووانە. هەڵبەت بۆ چەند کەسێک لە کاربەدەستانی کۆمەڵەی دوای کاک فوئاد، زۆر خۆشتر ئەبوو ئەگەر ناوی فوئاد لە گەڵ ئەو کارە گرینگانەی کۆمەڵە وەکوو هێزی سەرەکی بەرەی چەپ و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تێکەڵ نەبوایە. یان لانیکەم بە جۆرێک توانیبایەن ناو و قورسایی و سێبەری کاک فوئاد لە سەرئەو کارە گرینگانە ی کۆمەڵە و شەخسی خۆشیان پاک بکەنەوە. تا ئێستا هەوڵی ناسەرکەوتووشیان بۆ ئەو مەبەستە کەم نەبووەتەوە.
نموونەکانیان ئەمانەن:
١- گیانبەخت کردنی کاک فوئاد بۆ کۆماری ئیسلامی سەرکەوتنێکی گەورە و زەربەی گەوریش بوو لە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران و کوردستان بە گشتی و خەڵکی کورد بە تایبەتی. کاک فوئاد لەو یازدە مانگەدا زۆر بە پەرۆشی پاراستنی کادر و پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو. وتووێژەکانی ئەم کتێبە بەباشی چەند بەشێکمان بۆ دەردەخەن. بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێیانی دیلکراو لە پادگانەکانی سنە و مەریوان، هاوڕێیانی گەمارۆدراو لە شاری نەغەدە و دوورخستنەوەیان لە خەتەر، لە کاتی ئاڵۆزی شاری مەریوان و مەترسی

هەڵگیرساندنی شەڕ لە لایەن دەستوپێوەندی کۆماری ئیسلامی و سپای پاسدارانەوە، لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەکرد. لە ڕزگار بوونی هەمووشیاندا دەوری کاک فوئاد حاشا هەڵنەگرە. ڕۆژی چواری مانگی خەرمانانی ١٣٥٨ لە شاری بانە بوو کە خەبەری تیرباران کردنی ٩ نەفەرەکەی مەریوانی پێدەگات کە دوانیان کاک حوسەین و کاک ئەمین برامان بوون. کاک فوئاد کە پلانی گرتنی پادگانی مەریوانی بە یارمەتی یەکیەتی نیشتمانی و هێزەکانی تری لە سەردابووە و هاوکات زۆر نیگەرانی وەزعی پێشمەرگەکانی مەریوان دوای ئێعدامی ئەو ٩ هاوڕێیە لە پادگانی مەریوان دەبێت، بۆ ئامادەکاری گرتنی پادگان و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی مەریوان بەپێویستی دەزانێت کە بگەڕێتەوە ناوچەی مەریوان. هاوڕێیانی ناوەندی کۆمەڵە کە لە بانە دەبن، بۆ پاراستنی بەپێی پێویست هەوڵیان نەدا؛ بۆ نموونە هەر بۆ هاودەنگی و دڵنوایی دوای تیرباران کردنی دوو برا و حەوت هاوڕێیتری یەک کەسی کۆمەڵەی لە گەڵدا نانێرن.

٢- لە سەر چۆنییەتی گیانبەخت کردنی کاک فوئاد کەمترین بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە ناکەن. بەو هەموو چالاکی و دەستەو یەخەبوونەی کاک فوئاد لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەگشتی و ڕووداوەکانی مەریوان بەتایبەتی و ناسراوبوونی لە لایەن بەشێک لە کاربەدەستانی باڵای ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، گیانبەختکردنەکەی وەکوو ڕووداوێکی بە هەڵکەوت باس دەکرێت و بۆ یەکجاریش بیری ئەوەی کە ئەم تاوانە پیلان بووبێت و بە گەڵاڵەیەکی داڕێژراوی کۆماری ئیسلامی ئێران کرابێت، بە مێشکیاندا نەهاتووە و باسی نەکراوە.

٣- ساڵی جارێک باسکردنێکی ئاسایی لە ڕۆژی گیان لەدەستدانی کاک فوئاد لە ٩ی خەرمانانی لێدەرچێت، ئیتر بێدەنگی کردن سەبارەت بە کاک فوئاد لە کۆمەڵە دا زاڵ ببوو. تەنیا کاک ئیرەج فەرزاد وتارێکی نووسی بە ناوی "بە یادی فوئاد" کە ڕێبەرایەتی کۆمەڵە بڕیاری کۆکردنەوە و بڵاونەکردنەوەی لە سەردا. لە دەورانی دەسەڵاتی مەنسوور حیکمەتدا دووری کردن و لە بیربردنەوە و باس نەکردنی ڕێبازی کۆمەڵەی دەورانی کاک فوئاد ببوو بە پێوانەی نزێک بوونەوە و قەبووڵبوون لە لایەن ڕەهبەرەوە!

٤- ئیرەج ئازەرین کە کاک فوئادی نەدیبوو، هەستی بە سۆز و خۆشەویستی

ژمارەیەکی زۆر کادر و پێشمەرگەی کۆمەڵەی بۆ کاک فوئاد کردبوو. بۆ ئەوەی ئەو کادر و پێشمەرگانەیش - وەکوو ڕێبەرانی کۆمەڵە — ڕابکێشێت و لە پشت مەنسوور حیکمەتدا بە ڕیزیان بکات، لە گۆڤاری پێشڕەوی کۆمەڵەدا وتارێکی لە سەر کاک فوئاد نووسی. ناوەرۆکەکەی هەر ئەوە بوو کە ئەگەر فوئاد مابایە، ئەویش ئێستا بە سەری ڕێبەر سوێندی دەخوارد. لەو وتارەدا دێڕێکی تێدایە: "شورش بە بێ فوئاد سەر ئەکەوێ بەڵام بە بێ ئامانج و ورەی فوئاد سەرناکەوێت". ئەم دێڕە لە کۆمەڵەدا ناسراوە. سەیر ئەوەیە کە قەڵەم بەدەستانی کۆمەڵە ئەو سەردەمانە تەنیا یەک وتاریشیان لە سەر کاک فوئاد نەنووسی. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە ئێستا میدیاکانی حیزبی کۆمەڵە ئەو دێڕەی سەرەوەیان کردووە بە هی خۆیان!

٥- چەندین نووسراوەی ناوخۆیی کۆمەڵە کاک فوئاد نووسیویەتی کەچی لە هیچ کوێیەک دیارنین. قسەکانی کاک فوئاد لە "جەمعیەتی" مەهاباد لە ناو کۆمەڵەدا بڵاو نەکرایەوە. دوای ئەوەی ئەم قسەو باسانەی کاک فوئاد بە دەنگی خۆی و بە نووسراوە لە سەر سایتی کاک فوئاد لە لایەن ئێمەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ دا دانرا، زۆرێک لە هاوڕێیانی کۆمەڵە بۆ ئەوەڵین جار بوو ئەو نوسراوەیان دەدی! ئەم بێدەنگییەی کۆمەڵە زۆر لە سەر دڵمان قورسایی دەکرد. بەڵام ئەوەیشمان بەخشی بە بەرژەوەندی خەبات و کۆمەڵە.

٦- دایە بەهیەی دایکمان دوای لە دەستدانی پێنج کوڕی و فشاری زۆری داموودەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژیم، ساڵی جارێک لە هەر کوێیەکی کوردستان بوایەین، دەهات و سەردانی دەکردین. لە شەڕی هەشت ساڵەدا مەقەڕەکانی کۆمەڵە دەکەوتە نێوان هێزەکانی ئەرتشی ئێران و ئێراق. دایکمان کە دەهات و دەیدی ئۆردووگای کۆمەڵە بومبارانی شیمیایی کراوە، یان تۆپباران کراوە و ژمارەیەکی زۆری هاوڕێیانمان گیانیان لە دەستداوە، زۆر دەترسا کە بۆ جاری شەشەم و حەوتەم، یان زیاترجەرگی بسووتێت. بەو حاڵەوە تەنیا یەکجاریش داوای لە ئێمە نەکرد دەست لە خەبات هەڵگرین. دایکمان بۆ خۆی دوو جار ڕاستەوخۆ و بە بێ ئاگاداری ئێمە داوای لە هاوڕێیانی ناوەندی کۆمەڵە کردبوو کە ئێمە بنێرنە ئوورووپا بۆ کار لە ڕێکخراوەی دەرەوەی وڵاتی کۆمەڵە. جاری دواتر کە دایکمان گەڕایەوە و پرسیاری کرد بۆچی ئەو کارەتان نەکردووە، وەڵامیان ئەوە بوو کە بۆخۆیان داوای ڕۆیشتن بۆ ئوورووپایان نەکردووە. لەو کاتەدا زۆر

کەسی بریندار و نەخۆش هەبوون کە پێویستیان بە چوونە ئورووپا هەبوو. ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا کە تا ڕادەیەک تێگەیشتنمان بۆ هەست و دڵەڕاوکێی دایکمان هەبوو، بەڵام داوای چوونە دەرەوەمان بە مەسڵەحەت نەدەزانی و ئەو کارەمان نەکرد. لێرەدا مەبەست گلەیی کردن لە سەر درەنگ هاتنی ئێمە بۆ دەرەوەی وڵات نییە، بەڵکوو بەڵێنێک بە دایکی پێنج گیانبەختکردووی کۆمەڵە دەدرێت و جۆرێکیتر عەمەل دەکرێت.

٧- باوکمان (حەمە ڕەشید مستەفا سوڵتانی) دوای پێنج جار جەرگ سووتان وەک پۆڵا قایم ڕاوەستا و حازر بوو لە دۆخی دژوار و سەختی پێشمەرگانەدا بژی بەڵام سەر بۆ دڕندەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دانەوێنێت. هەربۆیە هاتە لای ئێمە کە پێشمەرگەی کۆمەڵە بووین و ژیانی خۆی تێکەڵ بە ژیانی ئێمەکرد. ئێمە هەڵبەت دایک و باوکی خۆمان بە زیاتر لە هیچکام لە دایک و باوکی شەهیدە سەربەرزەکانی کۆمەڵە نازانین. بەڵام کەم نەبوون خانەوادە و کەس و کاری پێشمەرگە کە لە پەنای مەقەڕەکانی کۆمەڵە لە دێهات و ناوچە چۆڵکراوەکانی باشووری کوردستان شوێنێکیان بۆ بەکرێ دەگیرا و لە ماڵی خۆیان بە ئیمکاناتی کۆمەڵەوە دەژیان. بەڵام باوکی ئێمە کە ئەو هەموو موسیبەتەی بەسەردا هاتبوو، تەمەنێکی زۆری لێ گوزەرابوو، کەسێکی ئایینی بوو، مەجبوور بوو لە مەقەڕەکان و لە گەڵ پێشمەرگەی گەنجدا ژیان بباتەسەر کە.

هەم بۆ باوکم زۆر موشکیل بوو و هەم بۆ ئەو بەشە لە پێشمەرگەکان کە نەیاندەزانی ئەم ئینسانە تەنیا پیرە پیاوێکی مەزهەبی نییە، بەڵکوو پشتی لە ژێر خەمێکی زۆر قورسدا چەماوەتەوە و باوکی پێنج خەباتکاری گیانبەختکردووی کۆمەڵەیە.

٨- ئێمە برا و خوشکەکانی کاک فوئاد پێمان وابووە ئەو جۆرەی کە پێویست بێت کاک فوئاد و دەور و نەخشی ئەو لە شۆڕش و کۆمەڵەدا نەناسێندراوە، هەربۆیە ساڵی ٢٠٠٩ بە بۆنەی تێپەڕبوونی سی ساڵ بە سەر گیانبەختکردنی کاک فوئاددا، بەپێویستمان زانی لە مەراسمێکدا ڕێز لە خۆی و خەبات و تێکۆشانی بگیرێت. ماوەی نزیکەی پێنج مانگ پێش ڕێوڕەسمەکە، خۆمان تەرتیبی هەموو کارەکانماندا. داوامان لە هەر چوار بەشەکەی کۆمەڵە کرد کە بەشداری مەراسمەکەمان بکەن؛ وەکوو شەخسیش، داوامان لە هاوڕێیان و

هاوخەباتەکانی کاک فوئاد کرد کە بەشداربن و ئەو جۆرەی پێیانخۆشە و بە باشی دەزانن، کاک فوئاد بە بەشداربووانی مەراسمەکە و لە ڕێگای میدیاکانەوە بە خەڵکی کوردستان بناسێنن.
خەڵکێکی زۆر بەشدارییان کرد و ڕێوڕەسمێکی زۆر شکۆدار و گەورە بەڕێوەچوو.
هەموو هاوڕێیانی لە مێژینەی کاک فوئاد بێجگە لە کاک سەید برایم عەلیزادە و کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بەشداری گەرم و گوڕیان کرد. ئەو دوو بەڕێزە نەک هەر بەشدارییان نەکرد، تەنانەت وڵامێکی کورتی داوەتنامە و چەندین نامەی شەخسی ئێمەیشیان نەدایەوە.
ڕێوڕەسمەکە لە کاناڵی ئاسۆساتەوە بڵاو بووەوە و کاردانەوەی زۆر باشی لە نێو خەڵک دا هەبوو و پێشوازییەکی گەرم و گوڕیان لێ کرد. بە نامە و تەلەفوون و ئێمەیل چ لە کوردستانەوە و چ لە دەرەوەی وڵاتەوە کەسانێکی زۆر پەیوەندییان گرت و پێخۆش بوونی خۆیان و هاودڵی و پیرۆز بوونی بیر و باوەڕی کاک فوئاد و باقی گیانبەختکردوانی ئەو ڕێگایەیان بە ئێمە ڕاگەیاند.
شایانی باسە ئەم بەشە لە قسەکانی ئێمە ڕەخنە گرتنە لە سەر کەمتەرخەمی و کەم وکووڕییەکانی ڕەهبەری ئەو سەردەمی کۆمەڵە بەرامبەر بەو هەموو کارەساتەی کە بە سەر ئێمەدا هات. ئەگینا ئێمە لە لایەکەوە لە دایک و باوک و ئازیزانی گیانبەخت کردوومان دەرسی ڕاوستان و خۆڕاگری فێر بووین و بەبێ لە خۆ بایی بوون شاگردی بە ئەمەگی مامۆستاکانی ئەو دەرس و ئەزموونەین.
دەنا قورسایی ئەو کۆستانەی لە ئێمە کەوتووە، کێو لە بن دێنێت.
لەلایەکی تریشەوە بەردەوام و هەموو کاتێک چ لە ئێران و کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵاتەوە پشتیوانی و هاوخەمی و دەربڕینی ڕێز و خۆشەویستی بێ سنووری خەڵک، هاوڕێیان، خزمان و دۆستان بەرامبەر بە بنەماڵەکەمان پێگەیشتووە. بەرین و بەربڵاوبوونی ئەم پشتیوانی، لێ پرسینەوە و هاوخەمییە هەمەلایەنە کە هەمیشە بوومانە، هێز و توانای پێ بەخشیوین و وزە و تواناییەکی زۆری لە ئێمەدا کۆ کردووەتەوە بە چەشنێک کە ئەو مێژووە وئەو ڕابردووەی ئێمە بە هەموو دەرد و ڕەنج و ئازارەکانیەوە جێگای سەربەرزیمانە و شانازی پێوە دەکەین. چونکوو ئامانجەکانی ئەوان و ئێمەیش پیرۆزن.

# سپاس و پێزانین

بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەم کتێبە، بەبێ یارمەتی ژمارەیەک لە هاوڕێیان و دۆستانی بەڕێز کارەکانمان بۆ نەدەچووەنەسەر. لێرەدا بە پێویستی دەزانین سپاس و پێزانینی زۆری خۆمان بۆ ئەو بەڕێزانە ڕابگەیەنین و دەستخۆشییان لێبکەین کە ئەرکیان کێشا و کاتی خۆیان تەرخان کرد بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئەم کتێبە.

کاک ئەحمەد بەهرامی (تورجان) بۆ دابەزاندنی بەشێکی زۆری گفتوگۆ تۆمارکراوەکان؛

کاک تاهیر بۆکانی بۆ پێداچوونەوە و ئێدیت کردنی دەقەکان؛

کاک سەیوان سەعیدی بۆ دیزاینی سەربەرگی کتێبەکە و ماندووبوونی لەگەڵمان؛

کاک جەعفەرئەمینزادە، کاک سیامەند شاسواری و کاک عەتا ناسر سەقزی بۆ یارمەتیدان لە کاروباری چاپخانە و داڕشتنی لاپەڕەکانی کتێبەکە.

# کورتەیەک لە مەراسمی سی ساڵەی یادی کاک فوئاد




ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٩ بە بۆنەی تێپەڕبوونی سی ساڵ بەسەر گیانبەخت کردنی کاک فوئاد، ڕێوڕەسمێکی شایستە لە ساڵۆنێکی زانکۆی ستۆکهۆلم بەڕێوە چوو. لەم ڕێوڕەسمە شکۆدارەدا سەدان کەس لە شارەکانی سوئێد و هەروەها لە وڵاتانی تریشەوە بە شێوەیەکی زۆر گەرموگوڕ و زۆربەیان بە چەپکە گوڵی ڕازاوە بەشدارییان کرد.

بۆ بەڕێوەبردنی ئەم مەراسمە، لە نزیکەی شەش مانگ پێشترەوە کومیتەیەک پێک هێنرا و وردە وردە ئامادە سازی بۆ کراو بە چەند ڕاگەیاندن ڕای گشتی ئاگادار کرا و ڕۆژی و شوێنەکەی دیاریکرا. ئەندامانی ئەو کومیتەیە بریتی بوون لە حشمەت مستەفا سوڵتانی، سەعدیە نەسیمی، جەلال حوسەینی، غولام زەبەردەست و ئەحمەد ئەسکەندەری. ئەم کومیتەیە لە مانگی مارسی ٢٠٠٩یەکەمین ڕاگەیاندنی خۆی بڵاوکردەوە و بە شێوەیەکی چڕوپڕ و زۆر

لە نزیکەوە هەموو چەشنە ئامادەکارییەکی کرد بە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و هەر وەها بە پەیوەندی گرتن لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کاک فوئاد دا لەگەڵ ئەو ئاشنا ببوون، یان هاوکارییان لەگەڵدا کردبوو. لێرەدا مەبەست ئەوە بوو وێنەیەکی بالانوێن لە کاک فوئاد بدرێت و کومیتەی بەڕێوەبەری مەراسمەکە جگە لە هاوڕێیانی ریزەکانی کۆمەڵە، پەیوەندی گرت بە کەسانی دیکەشەوە کە یان لە ڕێکخراوەیەکی‌تردا هەڵسووڕاوبوون و یان لەگەڵ هیچ ڕێکخراوەیەکدا نەبوون.

ئێمە بۆ ئەو مەبەستە و بەبێ هیچ جیاوازی دانانێک لە نێوان لایەنەکانی کۆمەڵەدا بە نامە بانگهێشتی هەموو بەرپرسانی کۆمەڵەمان کرد. جێگای سەرسووڕمان بوو بۆمان کە سەرەڕای چەندین جار نامە نووسین لە ڕێگای کەسانی ڕێکخراوەکەیانەوە و ناردنی ئیمەیلی دووبارە کە تێیدا داوای بەشداری کردنی ڕاستەوخۆمان کردبوو، لە لایەن بەڕێزان کاک سەید برایم عەلیزادە و کاک عەبدوڵڵا موهتەدی‌یەوە هیچ وڵامێکمان پێ نەگەیشتەوە و لە مەراسمەکەدا بەشدارنەبوون.

بەرنامەی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە یادی سی ساڵەی گیانبەخت کردنی کاک فوئاد چوار تەوەری جیاوازی دەگرتە خۆ؛ بەشی وتار خوێندنەوە، بەشی قسەوباسی هێندێک کەسایەتی و دۆست و هاوڕێی کاک فوئاد لە ڕێگای ڤیدیۆ- فیلمەوە و هەر وەها بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە و دەنگی خودی کاک فوئاد و بەشی هونەری، شێعر، موسیقا و گۆرانی.

لە بەشی فیلم و بەڵگەنامە و وتاری بنەماڵەدا، پەیامی کردنەوە و ڕاگەیاندنی چۆنییەتی کاری کومیتەی ئامادەکار لە لایەن حشمەتەوە پێشکەش کرا. دواتر کورتە فیلمێک پێشکەش کرا بە دەنگی کاک ڕەشادی برامان کە بەشێکی وێنە بوو بۆ ناساندنی کاک فوئاد. پەیامی بنەماڵەو ڕۆڵی کاک فوئاد لەسەر ئەوان لە لایەن مەلەکەوە خوێندرایەوە. فیلمێک نیشان درا کە بەشێکی فیلمی ئەو شوێنە بوو کاک فوئاد لەوێدا گیانی بەختکرد، هەروەها سەفەری جەنابی مامۆستا شێخ عێزەدین بۆ ئەڵمانە بۆ سەر گۆڕی کاک فوئاد و براکانی‌ترمان و دیداری لەگەڵ دایک و باوکمان و بەشێکیشی لەسەر گۆڕستانی تاڵەسوار بوو. پەیامی ڕێزگرتن لە یادی تەهموورس ئەکبەری [کە لەگەڵ کاک فوئاد گیانی بەختکرد] و هەروەها ئەو نۆ تێکۆشەرە ئازیزەی لە پادگانی مەریوان ئێعدام

کران (ئەحمەد و حوسەین پیرخزری، بەهمەن ئەخزەری، جەلال نەسیمی، عەلی دەستانی، ئەحمەد قادرزادە، حوسەین و ئەمین مستەفا سوڵتانی) لەلایەن عەبدوڵڵای برامان و سەرەنجام پەیامی کۆتایی بنەماڵەی مستەفا سوڵتانی و سپاسی بەشداربووان و کۆتایی بەرنامە لەلایەن ڕەزا مستەفا سوڵتانییەوە پێشکەش کرا. لەبەشێکی بەرنامەکەدا گۆرانی — سروودی چێ گێڤارا بە زمانی ئیسپانیۆلی و لەگەڵ نیشاندانی فیلمی شوێنی گیانبەختکردنی کاک فوئاد و گۆڕستانی تاڵەسوار لە ئەڵمانەی مەریوان بڵاوکرایەوە. (سەرجەم وتارەکان و فیلمەکان لە سەر سایتی کاک فوئاد دانراوە.)

بەشێک لە بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ بڵاوکردنەوەی وتاری تۆمارکراوی ئەو بەڕێزانەی کە وتارەکانیان بە ڤیدیۆ — فیلم ئامادە کرابوون. ئەم بەڕێزانە بریتی بوون لە مامۆستای گەورە و هێژا شێخ عێزەدین حوسەینی، هاوڕێ نەسرین زەکەریایی، بەڕێزان شێخ عوسمان خالیدی، بەکر حاجی سەفەر، ڕەشید ئەحمەدی، ئاغای ڕەزا دیققەتی، عوسمان ڕەوشەن توودە، دوکتور داریوش نەویدی و ئەحمەد بەهرامی.

لە بەشی خوێندەوەی وتاردا ئەم بەڕێزانە سەبارەت بە ژیان و خەبات و بیرەوەرییەکانی کاک فوئاد قسەوباسیان کرد؛ بەڕێزان ساعد وەتەندووست، شوعەیب زەکەریایی، عومەر ئیلخانیزادە، یۆسف ئەردەڵان، عەبدولڕەزا کەریمی، تاهیر خالیدی، ڕەزا کەعبی.

لە بەشی هونەرییەکەیدا، شاعیری هێژا و مەزن کاک شێرکۆ بێکەس — کە هەر بە مەبەستی بەشداری کردن لەو ڕێوڕەسمەدا سەفەری ستۆکهۆڵمی کردبوو- دەقێکی شێعری والای خوێندەوە کە چەندین لایەنی ژیان و خەبات و بیروباوەڕی کاک فوئادی بەرجەستە دەکردەوە. شاعیرانی بەڕێز کاک ئەحمەد بازگر و کاک ناسر حیسامی بە خوێندنەوەی شێعری خۆیان بەشداری مەراسمەکەمان بوون. هونەرمەندانی بەڕێز و ناودار شەهین تاڵەبانی، ناسر ڕەزازی، نەجمەدین غوڵامی، فەریبورز فەخاری، کاڵێ ئاتەشین، چیا مەدەنی، موکریان و فەریبورز کرماشان بە خوێندنی سروود، گۆرانی و ژەندنی چەند ئامێرێکی موسیقا، کۆڕەکەیان ڕازاندەوە. بەڕێوەبەری بەرنامەکە شەهین خانم شەهلایی بوو. لە چەندین بڕگەی مەراسمەکەدا (بەتایبەت لە کاتی پێشکەش کردنی پەیامی کردنەوەی مەراسم لەلایەن حیشمەتەوە، کاتی پێشکەش کردنی وتارەکەی مەلەکە لە ژێر سەردێڕی



پرۆگرام

1- پیانۆ فەریبورز فەخاری
2- کردنەوەی بەرنامە، بەخێر هێنان لەلایەن شەهین شەهلایی
3- سروودی کاک فوئاد ئەحمەدین غولامی
4- پەیامی کردنەوە و راگەیاندنی چۆنییەتی کاری کومیتەی ئامادەکار - حیشمەت مستەفا سوڵتانی
5- ناساندنی کاک فوئاد، کورتەیەک لە ژیانی بە فیلم و وێنە - بەدەنگی رەشاد مستەفا سوڵتانی
6- شەهین تالەبانی
7- ووتاری ساعد وەتەندووست
8- مامۆستا شێخ عزالدین حوسەینی
9- فەریبورز فەخاری پارچەیەک موسیقا
10- نەسرین زەکەریایی
11- شێرکۆ بێکەس
12- شێخ عوسمان خالیدی
13- ناسر رەزازی
14- بەکر حاجی سەفەر
15- پەیامی بنەماڵەو رۆڵی کاک فوئاد لەسەر ئەوان - مەلەکە مستەفا سوڵتانی
16- فیلم بۆ ماوەی نزیکەی 26 دەقیقە

ووچان بۆ ماوەی 45 دەقیقە

17- رێزگرتن لە ظهورث اکبری و 9 شەهیدەکەی پادگانی مەریوان؛ عەبدوڵڵا مستەفا سوڵتانی
18- کاتی ئاتەشین
19- ووتاری شوعەیب زەکەریایی
20- ئەحمەد پاژگر
21- ووتاری عومەر ئیلخانیزادە
22- ئەحمەدین غولامی
23- رەشید ئەحمەدی
24- ووتاری یوسف ئەردەڵان
25- ناسر رەزازی
26- ووتاری عبدالرضا کریمی
27- عوسمان رەوشەنتوودە

ووچانێکی 10 دەقیقەیی

28- ووتاری تاهیر خالیدی
29- رضا دقتی
30- ناسر حیسامی
31- شەهین تالەبانی
32- ووتاری رەزا کەعبی
33- داریوش ئەویدی
34- ئەحمەد توورجان
35- پەیامی کۆتایی بنەماڵەی مستەفا سوڵتانی و سپاسی بەشداربووان و کۆتایی بەرنامە - رەزا مستەفا سوڵتانی

"پەیامی بنەماڵەو رۆڵی کاک فوئاد لەسەر ئەوان" و هەروەها دوای پەیامی کۆتایی مەراسم لەلایەن رەزاوە، بەشدارانی رێورەسمەکە هەستاونەتە سەرپێ و بۆ ماوەیەکی زۆر بە چەپڵەلێدان، هەستی گەرم و دۆستانە و پێزانینی خۆیان دەربرپیوە).

ژمارەیەکی زۆر لە دۆستان و ئاشنایان و هاورێیانی دوور و نزیکی کۆمەڵە و کاک فوئاد بە درێژایی ئەو ماوەی ئێمە خەریکی ئامادەکاری ئەم مەراسمە بووین، بە هەموو چەشنێک یارمەتی و پشتیوانییان لێکردین و کەسانێکی زۆریش لە رۆژی مەراسمەکەدا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کاریان کرد و ئەرکیان کێشا و ئێمەیان گەورە کرد.

دوای تەواوبوونی مەراسمەکە، ژمارەیەک لە میوانەکان و بەتایبەت ئەوانەی لە رێگای دوورەوە هاتبوون، بانگهێشت کران بۆ خواردنی نانی ئێوارە لە رێستورانێک لە شاری ستۆکهۆڵم. لەوێیش چەند کەسێک و لەوانە بەڕێز کاک ئەحمەد ئەسکەندەری کە لە کومیتەکەدا دەوری زۆر کاریگەری هەبوو، لەلایەن کومیتەی ئامادەکاری رێورەسمەکەوە قسەیان کرد. هەر لێرەدا بوو کە دادە فایزە لە لایەن بنەماڵەی ئێمەوە کریستاڵێکی جوانی پێشکەش کرد بە هەر کام

لە ئەندامانی کۆمیتەکە. کریستاڵەکان بەتایبەتی دروستکرابوون و وێنەیەکی جوانی کاک فوئادی تێدا هەڵکەندرابوو.

چ ڕۆژی بەڕێوەچوونی مەراسمەکە و چ دواتریش لە ڕێگای دیدار و بە تەلەیفوون و ئیمەیل و یان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ژمارەیەکی زۆر پەیوەندییان لەگەڵ ئێمە و یان کومیتەی ئامادەکارەوە گرتەوە و پێزانین و سپاسی خۆیان دەردەبڕی بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێکی زۆر شایستە. کەسانێکی زۆر پێیان وابوو کە هەتا ئەو کات مەراسمی وا ڕێک و پێک و پڕ ناوەرۆکیان نەدیبوو کە لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە چووبێت.

کانالی تەلەڤیزیۆنی ئاسۆسات مەراسمەکەی بە تەواوی بڵاو کردەوە. هەر وەها لە ڕێگای تەلەڤیزیۆنی ئاسۆساتەوە چ پێش مەراسمەکە و چ دواتریش، چەندین بەرنامەی وتووێژ و گفتوگۆی تایبەت ساز کرا بە مەبەستی باسکردن لە ئامادەکارییەکان، چۆنییەتی ڕێوڕەسمەکە و دواتریش سەبارەت بە وردەکارییەکانی بەرنامەکان و هەڵسەنگاندنی ئەوڕۆژە. دوای هەموو ئەمانە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە دیدار و لە پەیوەندی تەلەیفوونی و بە ئیمەیل و لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سپاس و ڕەزامەندی خۆیان لە بەڕێوەبردنی شکۆمەند و زۆر شایستەی ئەم ڕێوڕەسمە دەربڕی کە ئەمەیش بوو بە شانازییەکی تر بۆ بنەماڵەی ئێمە و دیسانەوە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە تێکۆشەران و خەڵکی بە ئەمەکی کوردستان بەوپەڕی پێزانینەوە دەڕواننە ڕۆڵە گیانبەخت کردووەکان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان.

# بیبلیۆگرافی


## ئ

ئاگجە٢٦، ٢٧، ٣٠، ٣١، ١٠٦، ١٠٨، ١١٢، ٣٩٠، ٤١٢
ئەحمەدزادە، مەسعوود ١٧٧، ١٧٩، ٢٣٩، ٤١٢
ئەحمەدزادە، مەجید ١١٧، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ٢٩٣
ئەخزەری، بەهمەن ١٢، ٢٦، ٤٠٩، ٤١٢
ئەسفەهان ٦٤، ١٠٨، ١٨١، ٤١٢
ئەڵمانە ٥، ١٨، ١٩، ٢٧، ٣١، ٣٢،٩٧، ٢٠٠، ٣٩٠، ٣٩٦، ٣٩٧، ٣٩٩، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١٢
ئەمجەد، مستەفا سوڵتانی ١٧٤، ٢٤٣، ٣٠٩، ٣٩٧، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٠٠، ٤١٢
ئەمین، مستەفا سوڵتانی ٥، ١٢، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٩٨، ١٠١، ١٢٥، ١٤٤، ١٤٥، ٢٩٦، ٣٠٩، ٣٨٩، ٣٩٢، ٣٩٨، ٤٠٢، ٠٦، ٤٠٩، ٤١٢
ئیلخانیزادە، عومەر ٣، ١٠، ٢٥، ٧٩، ٨٢، ١١٠، ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٢٩، ٢٣١، ٢٣٣، ٢٣٥، ٢٣٧، ٢٣٩، ٢٤١، ٢٤٣، ٣٠١، ٣١١، ٤١٢
ئیلخانیزادە، سوارە ٢٩٢

## ب

بابان، عەبدوڵڵا ٦٠، ١٧٩، ١٨٦، ٢٩٧، ٣٠٤، ٣٠٦
بانە ١٨٣، ١٩٥، ١٩٧، ٢٠٧، ٢٢٢، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٧، ٢٦٨، ٢٦٩، ٢٨٨، ٣١٠، ٣١٥، ٣٢٢، ٣٣٤، ٣٨٠، ٣٨٣، ٣٨٤، ٣٨٦، ٣٨٨، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٥، ٣٩٧، ٤٠٢، ٤١٢
برایم جەلال ٣، ٩، ١٣، ٢٦، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١،٣٥، ٧٣، ٧٤، ٧٥، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ٨٨، ٨٩، ٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١١٠، ١١١، ١٤٣، ١٤٤، ١٥٠، ١٦٩، ١٧٠، ١٩٨، ٢٣٥، ٢٣٦، ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٥٣، ٢٥٦، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٦٩، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠٩، ٣١٠، ٣١١، ٣٩٠، ٣٩١، ٤١٢
بروجرد ١١٨، ٤١٢، ٤١٦
بستام ١٣، ٢٧، ١٠٨، ١٥٧، ٢٠٩، ٢٢٤، ٢٦٠، ٢٧١، ٣٩٥، ٤١٢
بەردە ڕەشە ٤١٢
بەکر حاجی سەفەر٣، ٨٤، ٨٥، ٨٧، ٨٩، ٩١، ٩٣، ٩٥، ١٤٣، ٤٠٩، ٤١٢
بێکەس، شێرکۆ ٣٩٤، ٤٠٩، ٤١٢

## پ - ت

پیرخزری، ئەحمەد ٢٦، ٤٠٩، ٤١٢
پیرخزری، حوسەین ٢٦، ٩٨، ٩٩، ١٣٤، ١٤٥، ٢٠٣، ٢٠٧، ٢٦٣، ٤٠٩، ٤١٢
تاران ١١، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢٧، ٣١، ٤٤، ٤٩، ٥٣، ٥٥، ٥٩، ٦١، ٦٣، ٦٤، ٦٩، ٩٨، ١١٧، ١١٨، ١٣٢، ١٣٥، ١٥٦، ١٦٩، ١٧٢، ١٧٨، ١٨٣، ٢١٥، ٢٣٦، ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٥٠، ٢٥٨، ٢٦١، ٢٧٤، ٢٩٣ , ٢٩٥، ٢٩٩، ٣١٠، ٣٦٧، ٣٨٠، ٣٨٢، ٣٩٥، ٤١٢
تاڵەسوار ٢٧، ٣٩٦، ٣٩٧، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١٢
تەوریز ٤١٢
تەهموورس، ئەکبەری ٧، ٩، ٢٦، ٢٧، ٣١، ٧٣، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٣٩١، ٤٠٨، ٤١٢

## ج - چ

جەعفەر، دوکتور ١٣، ٦٣، ٦٤، ٧٤، ٨٥، ٨٦، ١١١، ١٢٦، ١٢٧، ١٣٨، ١٤٩، ١٩٤، ٢٣٣، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٦٤، ٣٠٩، ٣٩٩، ٤٠٦، ٤١٢
جەمعییەتی مەهاباد ٤، ١٦٥، ١٩٤، ٤١٢
چەمران، مستەفا ١١، ١٢، ٢٧، ٣١، ٧٥، ٩٢، ١٤٤، ١٩٣، ٢٥٥، ٣٠٥، ٣٠٦، ٣٨٢، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٨٩، ٣٩١، ٤١٢، ٤١٩

## ح

حوسەین، مستەفا سوڵتانی ٢٩٢، ٣٠٩، ٣٨٩، ٣٩٢، ٣٩٥، ٣٩٨، ٤٠٢، ٤٠٩، ٤١٢
حیزبی دیموکرات ٢٥، ٢٦، ٣٠، ٣٠، ٧٤، ٧٥، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٨٢، ٨٦، ٩٤، ١٠٠، ١٠٤، ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١١٢، ١٢٢، ١٨٣، ١٩٧، ٢٠٧، ٢٣٣،٢٣٢، ٢٤٠، ٢٧٣، ٢٨٣، ٢٨٧،

٢٩٧، ٣٢١، ٣٣٣، ٣٤٥،
٣٤٦، ٣٤٧ , ٣٤٨، ٣٤٩،
٣٥٠، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٦٠،
٣٧١، ٣٧٢، ٣٧٣، ٣٧٧،
٣٩١، ٤١٢
حیزبی کومونیست ١٦، ٢٣،
٦٦، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧١،
١٦٦، ١٦٧، ١٩٩، ٢٠٠،
٢١١، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٧٥،
٢٨٢، ٢٨٥، ٣٦٨، ٣٦٩،
٣٧٠، ٣٧٣، ٣٧٤، ٤١٣
حەسەنپوور، ئەمیر ٦٢، ١٩٢
حەسەنزادە، عەبدوڵڵا ١٩٧
حەسەنی، فایەق ١٤١
حەمە ڕەشید بەگ ١١٦، ٢٤٤،
٤٠٤، ٤١٣

## خ

خالیدی، تاهیر ٣، ١٠، ٥٨،
٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠١، ١٠٢،
١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧،
١٠٩، ١١٠، ١١١، ١١٢، ١١٣،
١١٤، ١٤٥، ٢٠٣، ٢٦٨، ٤٠٦،
٤٠٩، ٤١٣
خالیدی، شێخ عوسمان ٣، ٩،
٢٦، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٥، ٣٦،
٣٧، ٣٩، ٤١، ٧٦، ٧٧، ٧٩،
٩٠، ٩١، ١٠٠، ١٥٥، ١٥٦،
١٩٣، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١٠، ٢٢٠،
٢٢٣، ٢٦١، ٢٧٢، ٣٩٠، ٤٠٩،
٤١٣
خالیدی، ناسیح ٣٧، ٣٩،
١٥٥، ٢١٠، ٤١٣
خانەگای جووجوو ٢٢، ٢٠٦،
٣٣٦، ٤١٣
دارابی، عەبدوڵڵا ٣، ١٠٦،
١٤٠، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٠٥،
٢٠٦، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١٠،
٢١١، ٢١٢، ٤١٣

## د

دایە بەهیە ١٨، ٣١، ٢٤٤،
٤٠٣، ٤١٣
دزفول ١٢٠، ٢٩٧، ٤١٣
دووپلوورە ٤١٣
دەستانی، عەلی ٤٠٩، ٤١٣
دەوەنداری، یەحیا ٢٤

## ر - ز

ڕۆحانی، رەئوف ١٨٦
ڕۆحانی، فوئاد ٢٩٨
ڕۆستەمی، عەتا ٦٢، ١٢٤،
٢١١، ٢٩٣، ٤١٣
ڕەحیمی، موحسین ٣، ٢٣١،
٢٣٣، ٢٧٦، ٢٧٧، ٢٧٩،
٢٨١، ٢٨٣، ٢٨٥، ٤١٣
ڕەشاد، مستەفا سوڵتانی ١٦،
٣٧٨، ٤٠٨، ٤١٣
ڕەوشەن توودە، عوسمان
٢٥، ٣٠٨، ٤٠٩، ٤١٣
زەکەریایی، جەمیل ٢٢، ١٢٥،
١٨٦، ٢٠٠
زەکەریایی، فەریدە ٢٢، ٢٠٠

## س

سالار عەزیز ٣، ٨٠، ٨٤، ٩٣،
٩٤، ٩٥، ١٤٣، ١٥٠، ١٥١،
١٥٢، ١٥٣، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٦،
١٥٧، ١٥٨، ١٥٩، ٢٣٥،
٢٦٠،٢٦٩، ٢٧٠، ٢٨٩، ٤١٣
سنە ١٠، ١١، ١٨، ١٩، ٢٠،
٢١، ٢٢، ٢٤، ٢٦، ٤٣، ٥٢،
٥٣، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٦٢،٦٣،
٧٥، ٨٨، ١٠٢، ١١١، ١١٦،
١١٨، ١١٩، ١٢٠، ١٢٤، ١٢٥،
١٢٦، ١٢٧، ١٣٠، ١٣٢، ١٣٣،
١٣٨، ١٣٩،١٤٠، ١٤١, ١٤٤،
١٤٥، ١٤٦، ١٤٨، ١٤٩، ١٨٧،
١٨٩، ١٩٠، ١٩١، ١٩٢، ١٩٣،
٢٣٠، ٢٣٢، ٢٤٢، ٢٥١، ٢٦٣،
٢٩٢، ٢٩٦، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠٠،
٣٠٤، ٣٠٥، ٣٠٦، ٣٣٠، ٣٣٦،
٣٤٦، ٣٨٠، ٣٨٣،٣٨٧،
٣٩٥، ٤٠١، ٤١٣، ٤١٥، ٤١٧
سەجادی، جەمیل ٢٢
سەقز ١٢، ٢١، ٢٤، ٢٥، ٢٧،
٣١، ٥٦، ٦٠، ٦٢، ٦٣، ٨٧،
١١١، ١٢٠، ١٢٥، ١٢٨، ١٣٥،
١٤١، ١٨٩، ٢٣٩، ٢٥٤، ٣١٠،
٣٨٠، ٣٨٤، ٣٨٨، ٣٨٩،
٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٥، ٤١٣
سەید مەجید، حوسەینی ٣،
٢١٣، ٢١٥، ٢١٧، ٢١٩، ٢٢١،
٢٢٣، ٢٢٥، ٢٧٤، ٤١٣

## ش

شەعبانی، حەسەن ٢٤
شێخ عێزەدین حوسەینی ٢٢،
٦٣، ١٩٠، ١٩٧، ٢٣٣، ٢٣٥،
٢٥٣، ٢٥٥، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١٣
شێخولیسلامی، فاتێح ٣، ٩٩،
١٠١، ١٢٣، ١٢٤، ١٧٨، ١٨٠،
٢١٤، ٢٢٠، ٢٤٧، ٢٤٩، ٢٥١،
٢٥٣، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٩٢، ٢٩٣،
٢٩٥، ٤١٣
شێخولیسلامی، موسلیح
(ریبوار) ١٢٣، ١٢٤، ١٣٤،
١٨٠، ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٤٧،
٢٩٢، ٢٩٣، ٣٠٨، ٤١٣

## ع

عەباسی ڕۆحوڵایی تەیوب
٣٩٦، ٤١٣
عەبدوڵڵا مستەفا سوڵتانی
٤٠٩، ٤١٣
عەلیزادە، سەید برایم ٣، ٧،
١٦، ٢٥، ٧٤، ٧٩، ٨٢، ٩٥،
١١٠، ١٢٧، ١٣٠، ١٦١، ١٦٣،

١٦٥، ١٦٧، ١٦٩، ١٧١، ٧٣، ١٩٨، ٢٣١، ٣٠١، ٣١١، ٤٠٥، ٤٠٨، ٤١٣
عەلیپەنا، ئیسماعیل ٢٢
عەزیزی، فایەق ١٢، ٢٦

## ف - ق

فایزە، مستەفا سوڵتانی ٤١٠، ٤١٣
فەرزاد، ئیرەج ٣، ١٠، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦١، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٧٢، ١١٧، ١٢٠، ١٢٤، ١٢٨، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٦، ٢٢٧، ٢٣٥، ٢٣٨، ٢٩٣، ٢٩٩، ٣٠٢، ٣٠٤ ، ٣٩٨، ٤٠٢، ٤١٤
فەرشچی، حەمید ٢٤، ١٢٧، ١٤٧، ١٤٥، ٣٩٦
قوبادی، گوڵڕێز ٢٢
قادرزادە، ئەحمەد ١٢، ٤٠٩، ٤١٤
قاسملو، عەبدولرحمان (دوکتور) ٨٦، ١١٢، ١٩٧، ٢٦٨، ٣٥٣
قوتبی، فایزە ٢٢
قۆڕی قەڵا ٦٢، ٣٩٨، ٤١٤
قیادە ١١، ٦٠، ٧٥، ٢٥١، ٢٩٤، ٣٢٤، ٣٢٥، ٣٢٦، ٣٢٧، ٣٢٨، ٣٣٥، ٣٤٢، ٣٤٣، ٣٤٦، ٣٥١، ٤١٤

## ک - گ - ل

کانیعمەت ٣٠،٢٧، ٧٧، ٣٩٥، ٤١٤
کرماشان ٧٨، ٨١، ١١٨، ١٢٠، ١٨٦، ٢٩٧،٢٣٦، ٣٠٥، ٣٩٥، ٤٠٩، ٤١٤
کۆمەڵەی ڕەنجدەران ١٣، ١٤، ٣٥، ٨٦، ١١٠، ٢٣٨، ٣٠٩، ٣١٠، ٣١١، ٤١٤
کۆنەپۆشی، رەئوف ١٠٢
کۆنەپۆشی، عەبدوڵڵا ٣، ١٠١، ٢١٣، ٢١٥، ٢١٧، ٢١٩، ٢٢١، ٢٢٣، ٢٢٥، ٤١٤
کۆنەپۆشی، عەلی (عەلی فایەق) ٢٤٧
کەرەفتوو ٢٥، ٥٨، ٦٢، ١٤١، ٣٨٩، ٤١٤
کەریمی، رەئووف ١٣٥
کەریمی، حەمە حوسەین ٢١، ١١٧، ١٢٤، ١٢٥، ١٣١، ١٣٢، ١٣٤، ١٣٥، ١٤٥، ١٤٨، ١٨٧، ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٣١، ٢٣٣، ٢٤٧، ٢٩٣، ٤١٤
کەریمی، عەبدولرەزا ٤٠٩، ٤١٤
کەمانگەر، رەئوف ٢٢
کەمانگەر، سەدیق ١٠، ٢٢، ٦٠، ١١٧، ١٢٠، ١٢٥، ١٣٢، ١٤٦، ١٨٤، ١٨٧، ١٨٩، ١٩٠، ٢٣٢، ٢٩٣، ٤١٤
گۆگجە ١٠٧، ١١٢، ٤١٤
لوتفوڵڵا نژادیان، فەتحوڵڵا (دوکتور) ٢٢

## م

ماجید، مستەفا سوڵتانی ١٠١، ١٣٤، ١٦٧، ١٧٤، ٣٠٩، ٣٩٧، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٠٠، ٤١٤
مام جەلال ٢٤، ٢٦، ٧٤، ٧٥، ٧٨، ٧٩، ٨٢، ٨٦، ٨٨، ١٢٧، ١٢٩، ١٩٦، ١٩٧، ٢٣٧، ٢٩٧، ٣١٠، ٣١١، ٤١٤
ماملێ، عەزیز ١٩٧
مامۆستا پشکۆ ٢٣٥، ٢٦٨، ٣٩٦، ٤١٤
مورادبەیگی حوسەین (حەمە سوور) ٢٥، ٧٢، ١١٨، ١٢٤، ١٢٧، ١٣٤،١٩٧، ٢٤٣، ٣٠٨، ٤١٤
مەولەوی، عەبدوڵڵا ١٤٥
موعینی، بیهروز ٢٠
موعینی، سولیمان ٢٩٢
موعینی، سەعید (خانە) ٨٧، ١٢٥، ١٤٥، ١٤٧
موعینی، عەبدوڵڵا ١٢٥، ٢٩٣
موهتەدی، عەبدوڵڵا ١٠، ١٤، ٥٩، ٦٣، ٧٩، ٨٢، ١١٠، ١١٧، ١٣٢، ١٤٩، ١٦٩، ١٧٢، ١٩٨، ٢٢٧، ٢٣١، ٢٣٥، ٢٣٨، ٣٤٥، ٢٤٧، ٢٩٢، ٣٠١، ٣٠٨، ٣٠٩، ٣١٠، ٣١١، ٣٩٩، ٤٠٥، ٤١٤
مەدرەسە ١٨، ٤٤، ١٤٣، ٣٩٥
مەردۆخی، جەمیل ٦٢
مەریوان ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٦، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٤٣، ٥١، ٥٧، ٥٩، ٦١، ٦٢، ٧٥، ٧٦، ٨٠، ٨١، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٠، ٩٢، ٩٤، ٩٥، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠١، ١٠٢، ٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٨، ١٠٩، ١١٠، ١١١، ١١٢، ١٢٨، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٤٠، ١٤١، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧، ١٤٨، ١٨٠، ١٨٩، ١٩٠، ١٩١، ١٩٣، ١٩٦، ١٩٧، ٢٠٦، ٢٢٠، ٢٣٠، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٣٨، ٢٣٩، ٢٤١، ٢٤٢،٢٤٧، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٥٣، ٢٥٥، ٢٨٨، ٢٩١،٢٩٥، ٢٩٧،

٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠٥، ٣١٠، ٣١٥، ٣١٦، ٣٢٢،٣١٧، ٣٢٣، ٣٤٣، ٣٤٦، ٣٥٦، ٣٧٨، ٣٧٩، ٣٨٧، ٣٨٨، ٣٨٩، ٣٩٠، ٣٩١، ٣٩٢، ٣٩٥، ٣٩٦، ٣٩٧، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٨، ٤-٩. ٤١٤
مەلا بەختیار ٣، ٨٤، ٨٨، ٩٤، ٢٣٥، ٢٦٦، ٢٦٧، ٢٦٨، ٢٦٩، ٢٧٠، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٣، ٢٧٥، ٤١٤
مەهاباد ٤، ١١، ١٦، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٥١، ٦٣، ٨٦، ٨٨، ١٢٥، ١٢٧، ١٣١، ١٣٤، ١٦٥، ١٦٦، ١٧٣، ١٩٤، ٢٣٠، ٢٣٢، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٣٩، ٢٤١، ٢٤٩، ٢٧٩، ٢٩٣، ٣١٥ ٣١٧، ٣١٩، ٣٢١، ٣٢٣، ٣٢٥، ٣٢٧، ٣٢٩، ٣٣١، ٣٣٣، ٣٣٥، ٣٣٧، ٣٣٩، ٣٤٠، ٣٤١، ٣٤٣، ٣٤٥، ٣٤٧، ٣٤٩، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٥٥، ٣٥٧، ٣٥٩، ٣٦١، ٣٦٣، ٣٦٥، ٣٦٧، ٣٦٩، ٣٧١، ٣٧٣، ٣٧٥، ٣٧٧، ٣٧٨، ٣٨٠، ٣٨٧، ٣٩٧، ٤٠١، ٤٠٣، ٤١٢، ٤١٤
مینە شەم ٢٩٣

## ن - و - ه - ی

نابت، بهروز ٤٦
نەغەدە ١٠، ٢٠، ٢٢، ٦٢، ١٢٨، ٢٣٠، ٢٣١، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٩، ٣٧٩، ٣٨٧، ٤٠١ ٤١٤
نەبەوی، ئەیوب ١٣٤، ١٤٥، ١٩٠
نەسیمی، جەلال ٤٠٧، ٤١٤
نەوشیروان مستەفا ٣، ٢٨٦، ٢٨٧، ٢٨٩، ٤١٤
وەرزێری، ئەسعەد (دوکتور) ٢٢
وەتەندووست، ئەدیب ١٤٧، ٢٩٦، ٣٩٦، ٣٩٩
وەتەندووست، ساعد ٥٣،١١٥، ١١٧، ١١٩، ١٢١، ١٢٣، ١٢٥، ١٢٧، ١٢٩، ١٣١، ١٣٣، ٣٥، ١٣٧، ١٣٩، ١٤١، ١٤٣،١٤٥، ١٤٧، ١٤٨، ٤٠٩، ٤١٤
هوشیاریان، عەبدوڵڵا ٣٩٦
یەکێتی نیشتمانی ١٤، ٢٤، ٢٥، ٢٦




کاک فوئاد ساڵی ١٣٥٢ له برووجرد




ساڵی ١٣٥٨ ئۆردووگای کانی میران



ساڵی ١٣٥٨ وتوویژ لەسەر وەزعی کوردستان



کاک فوئاد ساڵی ١٣٤٦




کاک فوئاد ساڵی ١٣٤٥



کاک فوئاد ساڵی ١٣٣٩ سنە



کاک فوئاد ساڵی ١٣٤٥ ساڵی ئاخری دەبیرستان




سالّی ٢٠١٢ تابلۆی هونەرمەندێک لە کوردستانەوە بۆ پێنج برای گیانبەختکردوو



کاک فوئاد سالّی ١٣٥٨



ساڵی ١٣٥٨ سنە، نەورۆزی خوێناوی



ساڵی ١٣٥٧ ڕۆژی ئازادبوونی لە زیندان




ساڵی ١٣٤٨ لەڕاستەوە: کاک فوئاد.ن-ب، سەعید، حەمەحوسەین کەریمی، ڕەشاد، شوعەیب زەکەریایی، ئولفەت




ساڵی ١٣٥٨ کاک فوئاد لە ناو جەماوری خەڵکی ئۆردووگای کانی میران



ساڵی ١٣٥٨ لەکاتی ئیستراحەت لە بەینی  وتووێژ لەگەڵ چەمران





ساڵی ١٣٤٧ عەکسی کاک فوئاد و نووسراوەی خۆی لە پشت عەکسەکە